## هەڵوێستە

یەکێک لەو پرسیارە گرنگانەی بەردەوام ڕووبەڕووی هەر کۆمەڵگایەک دەبێتەوە، مەسەلەی چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا و سبەینێیی ئەو کۆمەڵگایەیە. لە هیچ شوێنێکیشدا چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە ئەوەندە ئاشکرا نییە، وەک لە پەیوەندی نێوان نەوەکاندا بەدەردەکەوێت. لەسەرانسەری دنیای ئەمڕۆدا کۆمەڵگایەک شکنابەین چەندان دەزگا و دامەزراو و کۆڕ و کۆمەڵ و پلان و نەخشە و تاکتیک و ستراتیژیەتی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە تێدانەبێت. زیادەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین، یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیادەکاتەوە، چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانەیە کە ڕابردووی ئەو کۆمەڵگایە بە ئێستایەوە و نەوەکانی دوێنێی بە نەوەکانی ئەمڕۆیەوە گرێدەدات.

بۆ کۆمەڵگایەک خۆی بە کراوە بزانێت و بیەوێت دیموکراسییەت بنیادبنێ و بپارێزێت، لەزۆر ڕووەوە ئەم بنیادنان و پاراستنە، وابەستەی ئەوەیە تاچەند پەیوەندی نێوان نەوەکان کراوە و تاچەند ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە لەسەر بناغەی قبووڵکردنی یەکدی ڕاوەستاوە و تاچەند پانتایی کراوە لەبەردەم نەوە نوێکاندا ئامادەیە، بۆئەوەی بتوانن دیدی خۆیان لە واقیعی خۆیاندا پیادەبکەن و ئەو فۆرمە بە ژیان و ئەخلاق و مامەڵەی خۆیانبدەن کە دەیانکاتە بوونەوەری بەختەوەر و بەرپرسیار و ئەکتیڤی ناو ئەو دنیایەی تێیدا دەژین. هیچ شتێک بەقەد ئەوە زیان لە دیموکراسییەت و مۆدێلی دیموکراسییانە ناگەیەنێت کە دەسکاریکردنی ئەو پەیوەندییانە و ڕێکخستنەوەی دیموکراسییانە، تەنها لەئاستی کۆمەڵێک وادە و بەڵێن و قسەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و کۆبوونەوە حیزبییەکاندا بمێنێتەوە. لەڕاستیشدا هەر دەسکاریکردنەوەیەکی ئەم پەیوەندییانە بەبێ ڕێکەوتن لەسەر ئەو مافەی، کە ئایندە مۆڵکی هەمووانە و هەرکەس مافی ئەوەی هەیە لەسەر فۆرمی ئەو ئایندەیە بدوێ و ئەو وێناکردنەی بۆ ئایندە هەیەتی بێترس دایڕێژێت و بەرگری لێبکات و پراکتیکیشیبکات، شتێکی بێمانا و بێناوەرۆکە. بێگومان کەس ناتوانێت لە سەر ئایندەی خۆی و نیشتیمان و کۆمەڵگاکەی بدوێت، گەر لە ئێستادا مافی قسەکردنی لێسەندرابێتەوە، یاخود بەشێوەیەک پەراوێزکرابێت کە قسەکانی هەموو قوورساییەک و هەموو هەلێکی پیادەکردنیان لەناو واقیعدا لێسەندرابێتەوە. بەبێ بوونی فەزایەکی کراوە، هەموو قسەکردنێک لەسەر گوێگرتن لە دەنگی نەوە جیاجیاکان و بانگێشەکردنی گۆڕانی پەیوەندییەکان، جگە لە کۆمیدیایەکی بێئەنجام

شــتـێکی دیکەی لێناکـەوێتــەوە. تەنهــا لەفـەزایەکی کـراوەی پـڕ لە گـوێگرتن و ئاڵوگـۆڕی ئەرگومێنت و بەرپرسـیارێتیدا دەشـێت خەیاڵی نەوەیەک لـە نەوەکان ببێتـە بناغـەی کارکردنە عەقـڵانییـەکـانی نەوەیەکی دیکە و مـژدەکانی یەکێکیـان ببێـتـە سـەرزەمـینی بەرهـەمـهـێنانی ئینتیمای پتەوی ئەوانی دیکەیان.

بێگومان وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی داخۆ ئەم فەزایە چ فەزایەکە و ئەم کرانەوەیە چییە و چۆنە و لەکوێی کۆمـەڵگا و سیاسـەت و فیکردایە، کات و شـوێنـێکی زۆری ئەوێ و گۆڤارەکەی ئێـمـەش، گـۆڤـاری ڕەهـەند، بەدرێژایی تەمـەنی خـۆی هـەوڵی دەسـتنیشـانکردنی چوارچێـوە گشـتییـەکانی ئەو فـەزایەی داوە و خـۆشی بەیەکێک لە گەمـەکـەرە ئەکـتیڤ و چالاکـەکانی خـوڵقـاندنی ئەو فـەزایە زانیـوە و دەزانێت. بەڵام لێـرەدا جـارێکی دیکە ئەو ڕاسـتـیـیـە دووبارەدەکـەینەوە کـە زەحـمـەتە بتوانین قـسـە لە بـوونی فـەزایەکی کـراوە بکەین بـەبێ بوونی ئیـرادە و ئامـادەگـیـیـەکی سـیـاسـی و کـولتـووری و مـەعـریفی بەردەوام بۆ سـەرلـەنوێ پێناسـەکردنەوەی بەشـێکی زۆری ئەو بنەمـا و شـوێنگە (مـوقـع) کـۆمـەڵایـەتی و سـیـاسی و فەرهەنگی و ئەخلاقی و مەعریفییانەی لـەم ساتەدا لە کوردسـتاندا ئامادەن. ئەگەر خوازیاری ئەوەین کۆمەڵگایەکی کراوەمان هەبێت کەتێیدا نەوە جیاوازەکان بەشێکی ئۆرگانییانەی ژیانی کۆمـەڵایەتی و سـیـاسی و فـەرهـەنگی و ئەخلاقی ئەو کـۆمـەڵگایە بن و کـار بۆ بەرهـەمـهـێنانی ئێسـتـا و ئایندەیەک بکرێت کـە هەمـووان بە مـوڵکی خـۆیانی بزانن، ئەوا دەبێت ئـامـادەبین بە کۆی ئەو ڕێککەوتن و پەیمانە (اتفاق ـ عقد) کۆمەڵایەتییانەدا بچینەوە کە کۆمەڵگای ئێمە لە ڕەوتی مێـژوویی خـۆیدا بەرهـەمـیـهـێناون و لە ئێسـتـادا بۆتە چوارچێـوەیەکی گشـتی، کە لە دووتوێدا دەسـتنیشـانی هێـز و دەسـەڵاتی نەوە و هێزە جیاوازەکانی کۆمـەڵگای ئێمـەی تێدا دەکرێت. ئەم سـەرلـەنوێ پێـداچوونەوە و پێناسکردنـەوەیە ئەمـڕۆکـە یەکـێک لە گـرنگـتـرین کارەکانی سیاسـەت و فیکر و ململانێی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمەدا پێکدەهێنێت.

لەجەوهەردا هەمـوو پێداچوونەوەیەک بە پەیمانە کۆمەڵایەتییـەکاندا پێداچـوونەوەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسـەڵاتی مادی و ڕەمزی نێوان هێز و نەوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکـانی ناو ئەو کـۆمــەڵگایەیە. لـەم پرۆسـەیـەدا یەکـێک لـەو گـۆڕانە گـرنگـانەی کـە ڕوودەدات، سـەرلـەنوێ داڕشـتنەوەی ڕەگـەزەکـانی ئەو سـەرمـایە ڕەمزییـەیە کە لەو کۆمـەڵگایەدا باڵادەسـتـە. ئێـمـە دەزانین بەشـێکی گـەورەی سـەرمـایەی ڕەمـزی باڵادەست لەمڕۆکەی کوردسـتـاندا وابەسـتـەی ئینتـیـمـای حـیـزبی، ناوچـەیـی، خـێـڵـەکی، خـێـزانی و ئاینییـە و دوورە لە پرنسـیـپـەکـانی عەدالەتخوازی کۆمەڵایەتی و بەهرە و توانا و سەلیقەی دیاریکراوی تاک و گروهە جیاجیاکانی

ناو کوردستـان. سـەرمـایەی ڕەمـزی لای ئێمـە سـەرمـایەیەکـە لە ڕابردوویەکی دێرینی نادیموکراسی و نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و باڵادەستی سەلەفییەتی سیاسی و ئەخلاقی و مـەعریفـیـیـەوە هاتووە و وابەسـتـەی هـەلومـەرجـێکی تـایبـەتە کـە ئەمـڕۆ لەزۆر ڕووەوە لە کوردستـاندا بوونی نەماوە. لەدوای ئازادی و کـۆچ و شـەڕی ناوخـۆ و دەسـاڵـی حـوکـمکردنی کورد خـۆی و دابەشـبـوونی کوردسـتـانەوە، جیـهـانێک لـە کوردسـتـاندا ئامـادەیە کە جیـهـانی ساڵانی بەر لە ڕاپەڕین نییە. لەم جیهانەدا نەوەیەک یان چەند نەوەیەک هاتوونەتە کایەوە، کە سـادەترین داواکـارییـان بـریتـییـە لە سـەرلەنوێ پێناسـەکـردنەوە و پێـداچوونەوەی کـۆی ئەو پێناسـانەی کـە نەوەی پێشـوو بۆ جیـهـان و کۆمـەڵگا و ئەخـلاق و سیـاسـەت و کولتـوور و فیکر و ڕابردوو و ئێسـتـا و ئایندە هـەیەتی. ئەم نەوەیە چیـدی نایەوێت لـەنێـو ڕابردووی حـیـزبی هێـزە باڵادەسـتـەکانی کوردسـتـاندا بەندکرێت و ناتوانێت پێناسـی بۆ سیـاسـەت گفـتوگـۆی شـاراوە و ژێرپەردەی چـەند حـیـزب و گـروپ و سـەرکـردەیەک بێت لەنـێـو کـۆمـەڵێک ژووری داخـراوی پڕنهێنیدا. ئەم نەوەیە خوازیاری ئەوەیە سیاسەت بێتە سەرجادە، بچێتە ناو کۆڕ و کۆبوونەوە گشـتییـەکـان، ببێت بە بەشێک لە گـفتوگۆیەکی کۆمـەڵایەتی بـەردەوام و بەرفـراوان، زیاد لە میدیایەک هەبێت بۆئەوەی لەخۆیگرێت، واتە مشتومڕێکی کۆمەڵایەتی گەورە فۆرمولەیکردبێت، فۆرمی ڕاپرسین و ڕیفراندۆم و دەنگدان وەرگرێت و ئەو بەڵێنانەی کە دەدرێن ببنە پراکتیک و جێبەجێبکرێن. بە کورتی سیاسەتێک کە بخوازێت زیاد لە نەوەیەک و زیاد لە هێزێک و زیاد لە دیدێک ئەکتیڤبکات. لە سەرەتاکانی ئەم هەزارە نوێیەدا ئەو کۆمەڵگایەی ئامادەنەبێت لەبەردەم گـۆڕانە گـەورەکان و لەبەردەم نەوە تازەکانیدا بەم پرۆسـە بەرفـراوانەی پێداچوونەوەی مـانا و پێنـاس و میکانیـزمـەکـانی دابەشکردنی دەسـەڵاتی ڕەمـزی و ناڕەمـزیدا بچـێـتـەوە، جگە لە بنیـادنـانی دنیـایەکی پڕ لە ناکـۆکی کـۆمـەڵایەتـی و سـیـاسـی و فـەرهـەنگی، هیـچی دیکە دروستناکات. لە مێژووی کۆمەڵگاکانیشدا نموونەی گەشەسەندنی ئەو کێشە و ململانێیانە بۆ قەیرانی سیاسی و ڕاپەڕین و شۆڕش پێکدادانی توندوتیژانە زۆرن.

یەکێک لە جیاوازییە هەرە گەورەکانی نێوان کۆمـەڵگا کراوەکـان و کۆمـەڵگا داخراوەکـاندا لەوەدایـە کـە یـەکـەمـیـان بـەردەوام لەبەردەم پێـداچوونـەوە و سـەرلەنوێ پێناسـەکـردنەوە و ڕیزکـردنەوەی شـوێنگەکانی ناو کایە جیـاجیاکانی هەناوی خـۆیدایە، لەکاتێکدا لە دووهـەمدا شتەکان بۆیەکجار دابەشکراون و بۆیەکجار ناونراون و بۆیەکجار پێناسکراون و پێداچوونەوە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوە و ڕیزکردنەوەی شوێنگەکان بەریانپێدەگیرێت.

گـەر سـەرنجێکی ورد بدەینە دونیـای پڕ لە مـژدە و دژایەتی و ناکـۆکی خـۆمـان، دەبینین لە کوردستـانی ئەمڕۆدا چەندان حیزب و فـەرمـانڕەوایی ناوچەیی ئامـادەن، ئابووری کـوردسـتـان

ئەمڕۆکە لەزۆر ڕووەوە لە قۆناغەکانی بەر لە ئێستا چالاکتر و دەوڵەمەندتر و کراوەترە و ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوانەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا دەردەچن لە مێژووی کوردیدا بێوێنەن. دەسەڵاتداران کوردن و توانای پەیوەندی و هاتوچۆیان بۆ ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی لەناوچەکە و جیهاندا لە هەمووکات گەورەتر و کراوەترە. کوردستانی باشوور بەپێی بڕیارێکی نێونەتەوەیی شێوە پارێزراوە و تائەم چرکەساتەش هیچ ئاماژەیەک لەئارادانییە کە ناپارێزرێت. کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمڕۆکە لەزۆربەی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئەخلاقییەکاندا داخستنێکی گەورە و بەرچاو دەبینین، هەڵهاتنێکی بێوێنەی نەوەی نوێ دەبینین، بە دەگمەن نەبێت گۆڕانێک نابینین کە ئاماژەبێت بۆ جۆرێک لە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی. تا ئێستاش کۆی ئەو پەیمان و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییانەی لە کوردستانی ئێمەدا باڵادەستن، بریتیین لە ڕێککەوتنی نەوە کۆنەکان. دنیای ئێمە لە وێناکردنەکانی ئەو نەوانەوە دەبینرێت و لە دیدی ئەو نەوانەوە پێناسدەکرێت و لە بۆچوونی ئەوانیشەوە ڕێکدەخرێت. تا ئێستا لە هیچ کایەیەک لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە سیاسەتەوە بۆ ئەخلاق، لە کولتوورەوە بۆ میدیا، لە حیزبەوە بۆ خێزان پێداچوونەوەیەکی ڕاستەقینە بە پەیمان و ڕێکخستنە کۆنەکاندا لە ئارادا نییە و تا ئێستا نەوە کۆنەکە پێناس و مانا و دیدی خۆی بەسەر کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئەخلاقی و کولتووری ئێمەدا سەپاندوە. ئەم سەپاندنە بە ئەندازەیەکە تا ئێستاش سیستمی خوێندن لە سەرەتاییترین ئاستییەوە بۆ باڵاترین پلەی کە زانکۆیە لە میتۆدەکانی سیستمی خوێندنی بەعسیزم ڕزگاری نەبووە، میدیای ئێمە و لاپەڕەی گۆڤارەکان لەسەر هەمان مۆدێل ڕێکخراون و ڕێکدەخرێن، مەسەلەی دۆزینەوەی کار و وەرگرتن لە دەزگا گشتییەکاندا بەهەمان مۆدێلی حیزبی بەڕێوەدەچێ و زۆربەی دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ گرێدراون بە ئینتیمای حیزبی و خزمایەتییەوە. بێگومان ئەم قسانە مانای بێفەڕکردنی ئەم ئەزموونەی کوردستان نییە، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیڵێین بچوکی ئەو کارانەیە لەچاو ئەو هەموو خراپەکارییە ستراتیژیانەدا کە کوردستان کورتدەکاتەوە بۆ ماڵی حیزب.

بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین «سیستمی سیاسی کوردی» لەم دەساڵەی دواییدا بە پلەی یەکەم بریتیبووە لە ئیدارەدانی ئەو ناکۆکییە کوشندە و وێرانکەرەی، کە لە نێوان پارتی و یەکێتی و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا هەبووە. لەم دەساڵەدا مانا سەرەکییەکانی سیاسەت لە کوردستانی ئێمەدا ئیدارەدانی ئەم ناکۆکییە ناوەکییە ناعەقڵانییە بووە کە ئەم دوو حیزبە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردیان کردۆتەوە. ئەم سیاسەتە نەک نەیتوانیوە گەنج و کەرتە لاوەکانی کۆمەڵگای ئێمە بدوێنێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ ناکۆکییە کۆنەکانی مێژووی ئێمەی

بەسەر نەوە نوێکانی کوردستانیشدا سەپاندووە. بێگومان ئەم ناکۆکییانە نەک ناکۆکییەک نیین نەوە نوێکان لە کوردستاندا بەرهەمیانهێنابێت یان لێی بەرپرسیاربن، بەڵکو بۆماوەی ناکۆکی نەوە کۆنەکانی کۆمەڵگای ئێمەن و ڕاستەوخۆ نەوە نوێکانی کوردستانی تێوەگلاوە. هێزێکی ڕاگەیاندن و ئابووری و چەکداری گەورەش لە کوردستاندا بۆ سەپاندنی ئەم ناکۆکییە دێرینانە بەسەر نەوە نوێکانی کوردستاندا خراوەتەگەڕ و لەهەر خانەیەکی کۆمەڵایەتییدا هەوڵیداوە ئەم ناکۆکییە بکاتە ناکۆکی نەوەی نوێ.

گەڕاندنەوەی هەر مانایەک بۆ سیاسەت، بەتایبەتی سیاسەتێک بخوازێت لەگەڵ نەوە نوێکانی کوردستاندا بدوێت، دەبێت ماڵئاوایی لەم مانا کۆنە بکات، کە هیچ ڕەهەندێکی نەتەوەیی و ئینسانی تێدانییە. ئەوەی کوردستان پێویستێتی سیستمێکی پەروەردەیی نوێیە، کە بتوانێت لە زمانی نەوە نوێکانی کۆمەڵگای ئێمە تێبگات و بە میتۆدی زانستی نوێ گۆشیانبکات، سیستمێکی سیاسییە کە ئامادەیی والاکردنی سنوورەکانی خۆی تێدابێت بۆ کۆمەڵێک پەیمان و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی تازە. سیسمێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە نەوەی نوێ لەهەناوی هەموو دەزگا و دامەزراو و پلان و وێناکردنانیدا بەشدار و ئامادەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە سیستمێکی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کراوە هەیە کە تێیدا هەر گروە و لایەن و تاکێک بتوانێت دەربارەی خۆی و کێشە و خەونەکانی بدوێ و فەزایەکی سیاسی کراوەیان لەبەردەمدابێت کە کێشەکانیان لە قسە و ئاخاوتنەوە بکەن بە بەرنامە و پراکتیکی چارەسەرکردنیان. ئەمڕۆکە کوردستان پێویستی بە زمانێک هەیە کە بە چەمکەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و قازانج و بەرپرسیارێتی گشتی بدوێت. زمانێک کە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی دروستکات و تێیدا نەوە نوێکان هەستبکەن کە کاری ئەوانە جیهانی دوای دەهەیەکی دیکە بەڕێوەبەرن و بەردەوامییەک بدەن بە مێژوویەک، کە ئەوان لە ئێستاوە یەکێک لە گەمەکەر و بکەرە سەرەکییەکانی ناوین.

گەر ئەم خاڵە وردتر بکەینەوە، دەکرێت بڵێین، کۆڵەکەی سەرەکی ڕێکخستنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کراوە لە کوردستانی سبەینێدا دواندنی ئەم نەوەیەیە و تێگەیشتنە لە کێشە و خواست و خەونەکانی. ئەرکی گوتاری سیاسی نوێ ئەوەیە کە ببێتە زمانی قسەکردنی دەسەلاتێکی شەرعی لەگەڵ هاوولاتییەکانیدا؛ ئێمە لێرەدا زۆر بە توندی پێ لەسەر چەمکی هاوولاتی دادەگرین و دەیکەینە ئەلتەرناتیڤی ئینتیمای حیزبی و ناوچەیی و خێڵەکی. کە دەشڵێین هاوولاتی، مەبەستمان هاوولاتیی ئازادی خاوەن ئیرادە و خەون و توانای هەڵبژاردنی سەربەخۆیە. غیابی چەمکی هاوولاتی لە گوتاری سیاسی کوردیدا غیابێکی

ترسناکە و لەپشتییەوە پرۆسەیەکی گەورەی بێبەریکردن و دابڕاندنی نەوەی نوێ لە بەشداربوون لە بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئامادەیە. بەردەوامبوون لە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەدا دەرەنجامی کارەساتاوی لێدەکەوێتەوە و ململانێی چاوەڕواننەکراو بۆ دەسەلاتی سیاسی دروستدەکات. گەر ئەمڕۆکە بە کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری نەوەی نوێ ئەم قەیرانانە بەتاڵبکرێنەوە، سبەینێ ئەم دەرگایە بەکراوەیی نامێنێت و گۆی ئەو کێشانە دەگەڕێنەوە بۆ ناو وڵات.

بێگومان هاووڵاتی و هاووڵاتیبوون چەمکەلێکی گرنگی فەلسەفەیەکی سیاسیین، کە کۆڵەکەکانی لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی ڕاوەستاوە. بەبێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ناکرێت قسە لە چەمکی هاووڵاتی و لە خەونی بەهاووڵاتیبوون بکرێت. عەدالەتی کۆمەڵایەتیش پێویستی بە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی سەرمایەی ڕەمزیی و شوێنگەی کۆمەڵایەتی و بناغەی هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناوی هەیە. لە کوردستانی ئێمەدا ناعەدالەتییەکی کۆمەڵایەتی و حیزبی و ناوچەیی و خێڵەکییانەی هێجگار گەورە هەیە، بنەبڕنەکردنی ئەم ناعەدالەتییانە لەڕێی دەسکاریکردنێکی ڕاستەقینەی یاسا و ئەخلاقیاتی سیاسی و سیستمی پەروەردە و میکانیزمەکانی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی شێوازە جیاجیاکانی دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات. لەم ئاستەشدا کوردستان پێویستی بە سیستمێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی هەیە بە زمانێک بدوێت کە تەواو نوێ بێ؛ زمانێک کە بەناو لێپرسینەوەیەکی ئەخلاقی و سیاسی و نەتەوەیی بەرفراواندا تێپەڕێ و ڕووی لە ئایندەیەک بێت کە هەمووان بە ئایندەی خۆیانی بزانن. هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە بە دەرئەنجامێکی زۆر سانا دەگەین: سیاسەت بۆئەوەی بتوانێت بەزمانی لاوان و گەنجانی وڵاتی ئێمە بدوێت، دەبێت خۆی گەنجبێتەوە.

سیستمی سیاسی دەبێت ئەو هەستە بە بەرپرسیارێتی لای لاوان دروستکات کە پاراستنی ئەم ئەزموونە پاراستنی کۆمەڵێک سود و دەسکەوت و قازانجی کۆمەڵایەتی و تازەکردنەوە و بەرفراوانکردن و بەختەوەرەکردنی جیهانی ئەوانە. نەوەی نوێ دەبێت ئەو هەستەی لادروستببێت کە بەرگریکردن لەخۆی مانای بەرگریکردنە لەم ئەزموونە، نەک بەپێچەوانەوە لەنێوان بەرگیکردن لە خۆی و بەرگریکردن لەم ئەزموونە ناکۆکییەکی گەورە ببینێت و تاقە چارەسەریشی سەرهەڵگرتن بێت. مرۆڤ ڕۆحی هاووڵاتیبوونی تێدا دروستنابێت گەر هاتوو چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەئارادانەبێت، پێشوەخت کۆمەڵێک ماف و دەسکەوت و هەلومەرجی عەدالەتخواز و مژدەی واقیعییانەی بۆ دروستنەکرابێت. چونکە دروستبوونی

هەست بە بەرپرسیاریّتی بەرامبەر ئەو دنیایەی تێیدا دەژین بە نەسیحەت و وەعز و بەڵێن و مژدەی ئایدیۆلۆژییانە نایەتەدی، بەڵکو بە ئامادەگی چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دێتەکایەوە کە مرۆڤەکان لەناویاندا بتوانن بەپشتئەستووربوون بە کۆمەڵێک ماف و پێدراوی پێشین، ژیانی خۆیان ڕێکخەن و مانایەک بەبوون و بەختەوری خۆیان ببەخشن. هاوولاتیبوون چەند ئەرک و قورساییەکی مەعنەوییە کە مرۆڤ ووشیارانە دەیخاتە سەرشانی خۆی، بەهەمان ئەندازەش دەرەنجامی بوونی کۆمەڵێک مافی مەدەنی سەرەتایی و پێشوەخت پێدراوە لە فۆرمی چوارچێوەیەکی تایبەتدا بۆ ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی. تەنها لەهەلومەرجێکی تایبەتی لەم بابەتەدایە گەنجان دەتوانن گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆیان ڕاستەوخۆ ببەستنەوە بە پاراستنی ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە کە لەناویدا دەژین.

خاڵێک کە دەبێت لای هەر حیزبێکی سیاسی لە کوردستاندا ئاشکرابێت، بەتایبەتی دوو حیزبە گەورەکە، ئەو ڕاستییە کە لە پشتی چوونی ژمارەیەکی بەرێژە گەورەی خەڵک بۆناو ڕیزەکانی ئەم دوو حیزبە، لەپاڵ پاڵنەرە ئایدیۆلۆژی و عەقایدییەکاندا، جۆرێک لە ناچاری و جەبری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی ئامادەیە. مۆنۆپۆڵکردنی ئابوری و دەسەڵات و هەلومەرجی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و میهەنی و هتد... وایکردوە ژمارەیەکی گەورەی خەڵک لەناو دەزگاکانی حیزبدا دەسبەکاربن، ئەمەش بۆ حیزبێکی سیاسی کە خەمی ئایندە و نەوەکانی دواتر و خەمی ڕاستەقینەی خۆشی بخوات، نەک جێی دڵخۆشی نییە، بەڵکو دەبێت سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێ و خولیای گۆڕانی گەورە گەورەبێت. هەر لەم سیاقەشدا با جارێکی دیکەش پێ لەسەر ئەو خاڵە داگرین، کە هیچ حیزبێکی سیاسی کوردی چیدی ناتوانێت تەنها لەسەر ڕابردووی خۆی و گەورەیی گۆڕستانی شەهیدەکانی بژی. زۆربەی ئەوانەی لە سەرەتای هەشتاکاندا لەدایکبوون نە بەعس و نە ڕابردووی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ناناسن. لەڕاستیدا ناسینی ئەم دووانەش بۆ ئەم نەوە نوێیە بەس نییە بۆ ئەوەی بیانکاتە بوونەوەرێکی بەرپرسیار و وایانلێبکات هەست بە هاوولاتیبوونی خۆیان بکەن. ئەم نەوەیە خەیاڵێکی سیاسی و خەیاڵێکی کۆمەلایەتی و تاڕادەیەک مەعریفی جیاوازی هەیە. ئەو ڕووداوانەی کە لە دەساڵی ڕابردوودا، خەیاڵی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئەم نەوەیەی داڕشت، بریتیین لە ڕووداوە کوشندەکانی شەڕی ناوخۆ و ئەو سیاسەتی پاکتاوکردنی سیاسییەی بەجێیهێشتوە؛ لەپاڵ ئەمانەشدا ئەو ناعەدالەتییە گەورەیەی کە پرۆسەی بە حیزبیکردنی کۆمەڵگای لە کوردستاندا بەرهەمیهێناوە و، نەمانی زۆر حەرامی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دیکەش وێنەکە تەڵختر و ترسناکتر دەکات. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت

لێرەدا جەغتی لێبکەین ئەو ڕاستییەیە، کە ئەم نەوە تازەیە هاتۆتە سەر ئەم پاشخانە تایبەتە، نەک ڕابردووی سیاسی بەعس و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان.

لێرەوە فرۆشتنی ڕابردوو بەم نەوەیە تاقە شتێکە کە کارناکات و، پڕکردنی میدیاکانی حیزب لە حیکایەتی سەروەری خودی حیزب و سەرکردە و ئەندامەکانی، جگە لە گەورەکردنی مەسافەی دابڕانی نێوان ئەم نەوە نوێیە و دەسەڵاتدران و نەوەی کۆن لە کوردستاندا هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نابێت. ڕابردووی حیزبەکان تەنها لە کاتێکدا مانا پەیدادەکات کە ئێستا و ئایندەی ئەو نەوەیە بە کۆمەڵێک مژدەی سیاسی و کۆمەلآیەتی ئابووری بارگاویکات. تەنها لەبەردەم کۆمەڵێک مژدەی واقیعیدا بە ئایندەیەکی جوان، ڕابردوو مانایەک پەیدادەکات. حیزبێکیش گرەوە سیاسی وکۆمەلآیەتییەکان دەباتەوە، کە دامەزراندنی شەرعییەتی خۆی لەسەر مولکایەتی ڕابردوویەکی خەباتگێڕەوە بگوازێتەوە بۆ خەبات لەپێناوی بنیادنانی ئایندەیەکی ئاسودەی فرەدەنگ و ڕەنگ. جگە لەم خاڵە هەر حیزبێک بخوازێت ئایندە بباتەوە، دەبێت ببێتە دەرهێنەرێکی نەتەوەیی و ڕابردوو لەوە دەرکات کە ڕابردوویەکی حیزبی بێت. بەبێ ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی یادەوەری و بەبێ بەدیموکراتیزەکردنی یادەوەری نەتەوەییمان و ریفۆرمی کۆی سیستمی ڕێکخستنی کۆمەڵگاکەمان، زەحمەتە سەرەتاکانی سیاسەتێکی ڕاستەقینە و عەقلآنی لە کوردستاندا دامەزرێنین، کە نەوە نوێکانیش خۆیان بە درێژکراوەی بزانن و بەشێوەیەک لەشێوەکان وەک موڵکی خۆیان ببینن. سیاسەت لە ولآتی ئێمە ئەبێت ئیدی پرسیارێکی ڕۆشنگەرانە بکات و لەدوای ئەو هەموو کارەساتەوە بپرسێت: چۆن بتوانین بەختەوەری و سەربەخۆیی و عەدالەت بۆ هەمووان دەستەبەرکەین؟ تەنها لە وەلآمدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارەدایە نەوە نوێکان دەتوانن خۆیان بە بەشێک لەو دنیایە بزانن کە ئەمڕۆ ناوی کوردستانە، نەک بە لێشاو ولآت بەجێبهێڵن و لە جوگرافیاکانی تردا بەدوای بەختەوەری و شوناس و هاوولآتیبووندا بگەڕێن.

لێپرسراوانی ژمارە (بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح)

# کۆنفرانسێک بۆ ئەنفال لە زانکۆی ئەمستردام

## ئامادەکردنی: ئینگا ڕۆگ

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (05.06.1989) کۆنفرانسێک بۆ یادی دە ساڵەی ئەنفال لە زانکۆی ئەمستردام بەناونیشانی «دە سال دوای ئەنفال: هۆکارەکان و ئەنجامەکانی سیاسەتی جینۆساید لە عێراقدا»، سازدرا. کۆنفرانسەکە بەرهەمی کاری پێکەوەیی ڕێکخراوی (FRAME) «Foundation for Reasearch and Advice on the Middle East» و گۆڤاری «ڕەهەند» بوو. کۆنفرانسی ناوبراو لە سێ بەش پێکهاتبوو. لە بەشی یەکەمیاندا، کە لە سەعات «نۆ»ی بەیانییەوە تا سەعات «یەک»ی دوانیوەڕۆی خایاند، سێ باسی تیۆری خوێندرایەوە. یەکەمیان لەلایەن ڕۆشنبیری عێراقی و مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئەمستردام (د. عیسام خەفاجی)یەوە پێشکەشکرا. خەفاجی لە بابەتەکەیدا لە پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی ـ نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دواو و لە نموونەی چۆنیەتی دروستبوون و بنیادنانی دەوڵەتی عێراقیشدا بەرجەستەی بۆچوونەکانی کرد. خەفاجی لەباسەکەیدا گرنگییەکی زۆری بەو کێشانە دا، کە ئەم دەوڵەتانە لەهەناوی خۆیاندا، وەک پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی هەڵگریدەگرن. ئەو ڕای وابوو ئەم شێوە دەوڵەتانە بەرهەمی ناوچەکە خۆیەتی، نەک بەرهەمی کۆلۆنیالیزم وەک ناسیۆنالیزمە عەرەبەکان دەیانەوێت پێمانی بسەلمێنن. ئەو وایدەبینێت کە داواکردنی دەوڵەتێکی یەک نەتەوەیی، بە پلەی یەکەم داوای ئایدۆلۆژیای پان ــ ناسیۆنالیستەکانە، چونکی خواستی ئەوان لە پێکهێنانی دەوڵەتێکدا بەرجەستەدەبێت کە کۆمەڵگاکەی لەڕووی ڕەگەزییەوە کۆمەڵگایەکی هاوئاهەنگ بێت. ئەو گووتی، قەیرانی ئێستاکێش لەو دەوڵەتانەدا لە کەوتنی (فەشەلی) ئەو پرۆژەیەدا بەرجەستەدەبێت، چونکی ئایدیای دروستکردنی دەوڵەتێکی تاکڕەگەزی گەلێک ئەزموونی خوێناوی لە مێژووی نوێدا دروستکرد، وەکی لە نموونەی نازیزمدا بە بەرجەستەکراوی بینیمان. خەفاجی ڕای وابوو کە دەوڵەت مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت نوێنەری یەک نەتەوە بێت، بەڵکو دەشێت لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ڕەگەزی فرەکولتووری و ئایینیش بێت. بەداخەوە «ڕەهەند» نەیتوانی تێکستەکەی خەفاجی وەرگێڕیتە سەر کوردی، چونکی خەفاجی بۆچوونەکانی لە کۆنفرانسەکەدا بە شەفەهی دەربڕی، ئەمەش وایکرد کە ڕەهەند تێکستە نوسراوەکەی دەستنەکەوێت.

بابەتی دوەهەمیان لەلایەن دکتۆر (سامی زوبەیدە)وە بە ناونیشانی «بناغەکانی ئۆتۆنۆمی لە کۆمەلگای عێراقیدا: چەپاندنیان و هەلی سەرلەنوێ دروستبوونەوەیان»، پێشکەشکرا. سامی زوبەیدە لە باسەکەیدا، کە لەم ژمارەیەدا بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی کوردی دەخرێتە بەردەست خوێنەران، بە ووردی باسی پرۆسەی بێدەنگکردن و لەناوبردنی هەموو ئەو هێزو دەزگا و لایەنە کۆمەلآیەتی و سیاسییانەی کرد لە عێراقدا، کە لەدەرەوەی دەولەتدا تا ڕادەیەک خاوەنی سەربەخۆییەکی کۆمەلآیەتی بوون. زوبەیدە ڕای وابوو کە پلورالیزمی دەسەلآت ئەو کایەیە کە دەولەتی تۆتالیتێر (شمولی) ناتوانێت لەگەلیا تەبابێت. لێرەوە زوبەیدە بناغەکانی دیکتاتۆریەتی عێراقی بەستەوە بە پرۆسەی بەردەوامی تێکشکاندن و لەناوبردنی هەر هێزو لایەنێکی سیاسی و کۆمەلآیەتی کە لەدەرەوەی دەولەتدا بەرگری لەهەر مافێک لەمافە سیاسی و کۆمەلآیەتی و کولتووریەکانی خۆی کردبێت. سامی زوبەیدە جولەکەیەکی عێراقییە و لە سالی ١٩٦٣ عێراقی بەجێهێشتوە و ئێستا مامۆستای سۆسیۆلۆژییە لەزانکۆی (بێرکبێک کۆلێج) لە لەندەن.

بابەتی سێهەمیان لەلایەن دکتۆر (یۆست هیلتەرمان)ـەوە پێشکەشکرا. هیلتەرمان لە ڕێکخراوی «Human Rights Watch/ Middel East» سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەمریکا کاردەکات. شایانی باسە هیلتەرمان سەرپەرشتیکەر و نووسەری ئەو کتێبە بەناوبانگەیە کە بەزمانی ئینگلیزی لەسەر عەمەلیاتەکانی ئەنفال نووسراوە. هیلتەرمان لەم کتێبەدا زۆر بەووردی و لەڕێی دۆکۆمێنتە گیراوەکانی حکومەتی عێراقییەوە (ئەو دۆکۆمێنتانەی دوای ڕاپەڕین بەدەستکەوتن) مێژووی ڕووداوەکانی ئەنفالی نووسیوەتەوە و هەولیداوە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەنفال تاوانی جینۆسایدە دەرهەق بە کورد ئەنجامدراوە. باسەکەی هیلتەرمان لە کۆنفرانسەکەدا بە ناونیشانی «جینۆساید، ئالۆزی، بێدەنگی: نمونەی عێراق و کوردەکان» بوو. هیلتەرمان لەباسەکەیدا ڕووبەڕووی دوو پرسیاری سەرەکی کردینەوە: ئایا دەکرا ئەنفال ڕێبلێبگیرێت؟، کۆمەلەی نێونەتەوەیی چ هەلویستێکی بەرامبەر بە عێراق وەرگرت؟ هیلتەرمان گرنگییەکی تەواوی بە ئەنفال دا، وەکی بابەتێکی سیاسی. ڕاشی وابوو کە دەبێت ئەنفال لە هەلەبجە و هێرشی کیمیابارانکردنی کوردستان جیابکرێتەوە و، پێویستە وەکی دوو پرۆسەی جیاواز لە سیاسەتی بەعس تەماشابکرێن. داکۆکی ئەم بۆچوونەشی پشتئەستور بە ناوەڕۆکی ئەو بەلگەنامانەی کە لە دوای ڕاپەڕیندا وەدەستکەتبوون، دەکرد. هیلتەرمان وایدەبینێ کە کیمیابارانکردنی کورد یەکێک بوو لەو میتۆدانەی کە بەعس بەکاریهێنا، بۆئەوەی کە خەلکی کورد بخاتە هەراسانییەکی ئەوتۆوە کە دانیشتوانی گوند و شارۆچکەکان خۆیان بگەیەننە سەر شەقامەکان و پاشانیش ئەوە ڕوویدا

کە ئێمە بە جینۆسایدکردنی کورد لەقەڵەمیدەدەین و ناوی هێرشەکانی ئەنفالی لەخۆگرت. پێش هێرشەکانی ئەنفال چەندان نیشانەی ترمان لەبەردەستدایە کە دەوڵەتی عێراق دژ بە گەلی کورد پێیهەڵسا، وەکی ڕاگوازتنی گوندەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە بەرەکانی جەنگ و پاشانیش لە هەڵەبجە. ئەمانە بە دیدی هیلتەرمان هیچ پەرچەکرداریکی نێونەتەوەییان لە دونیا دروستنەکرد، چونکی ئاشکرا بوو کە ئەمریکا و ئینگلستان چەندان ملیارد پارەیان دا بە ڕژێمی عێراق، بۆ پڕچەککردنی لەشکرەکەی، ئەمە لەپاڵ بەردەوام ناردنی چەک بۆ ئەو دەوڵەتە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتیشەوە، لەپاڵ ئەمانیشدا دەوڵەتە عەرەبییەکانیش هاوکاری جۆراوجۆریان دەکرد. خۆرئاوا لەو کارەساتەی بەسەر کوردا هات بێدەنگ بوو، ئەگەرچی هەموو ڕاستییەکان لەبەردەستیاندابوون. ئەم سیاسەتەی کومەڵگای نێونەتەوەیی زەمینەی ئەوەی خۆشکرد کە ڕژێمی عێراقی بەبێ سزادان لەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کوردی کردی، دەربچێت. دیارە ڕێکخراوی «Human Rights Watch» لە کۆششی ئەوەدایە کە ئەم تاوانە بێ سزا دەربازنەبێت، چونکی ئەنفال جینۆسایدێکە وەکی جینۆسایدەکانی تری ئەم سەردەمەمان و دەبێت تاوانبارانی ئەنفالیش، لەپێش هەمووشیانەوە سەدام حوسەین لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە بە دادگابدرێن. لە چاوپێکەوتنێکیشدا لەگەڵ گۆڤاری «ڕەهەند»دا، کە هەر لەم ژمارەیەدا بڵاودەکرێتەوە هیلتەرمان لە کۆی هەوڵەکانی ڕێکخراوەکەیان بۆ ئەم مەبەستە بە درێژی دەدەوێت. هەر لەم ژمارەیەشدا دەقی ئەو لێکۆڵینەوەیەی هیلتەرمان کە لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەشیکرد، بە کوردی بڵاودەکرێتەوە.

بەشی دوهەمی کۆنفرانسەکە، کە لە کاتژمێری دوو تا کاتژمێری چواری پاشنیوەڕۆی خایاند، بریتی بوو لە دروستکردنی سێ (گروپی کار)ی جۆراوجۆر بوو. لە هەریەکێک لەم گروپانەشدا بابەتێک پێشکەشکراو پاشانیش لەگەڵ بەشداربووانی ئەو بازنەیەدا گفتوگۆی بەرفراوانی لەسەر کرا. بازنەی یەکەم لەلایەن دکتۆر (میشێل لێتزنبێرگ)، کە مامۆستای بەشی فەلسەفەیە لە زانکۆی ئەمستردام، سەرپەرشتیکرا و تیایدا بابەتێکی بە ناونیشانی «جینۆساید و بەرپرسیارێتی» پێشکەشکرد. لەم بابەتەدا، لێتزینبێرگ هەوڵیدا جەوهەری تاوانی ئەنفال، وەک تاوانی کوشتنی بەکۆمەل و پلانرێژ و سیستماتیزەکراو دەستنیشانبکات. لە دووتوێی گفتوگۆکانیشدا مشتومڕ لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هۆکارە ناوەکییەکان کرا. شایانی باسە کە بەشداربووانی ئەم بازنەیە ڕووبەڕووی چەندان پرسیار بوونەوە، بۆ نموونە: پرسیارێکی بەراووردکردنی ئەنفال بە هۆلۆکۆست، ڕاسیزم و بەعس، شوناسی ئەو دەزگایانەی کە لە ئەنفال بەشدار بوون، بەرپرسیارێتی سیاسەتی کوردی... بابەتی دووەمیان لەلایەن (باربارا ستاپلەتۆن)، ئەندامی ئۆرگانی مافی مرۆڤ لە لەندن و

ڕۆژنامـەنوسـی (بی بی سی)، پێـشـکەشکرا. چەقـی ئەم باسـە تایبـەت بوو بـە لێـدوان لەسـەر بارودۆخـی ئابوری و کۆمـەڵایەتی ئێسـتای کوردسـتـان و عێراق و کـاریگەرییە وێرانکارییـەکانی بەعس لەلایەک و کـاریگەرییـەکانی گەمـارۆی ئابووری لەلایەکی دیکەوە بـۆ سـەر مـەدەنییەکـان. بابەتی سێهەمـیشیان لەلایەن (مەریوان وریا قانیع)ـەوە، کە دەرچووی زانکۆی ئەمستردامە بە پلەی ماجستێر لەبواری زانستە سیاسییەکان، پێشکەشکرا. باسەکەی مەریوان بەناونیشـانی «ئەنفـال و مـۆدێرنیـزم» بوو. لەم بـاسـەدا مـەریوان هـەوڵیـدا وەڵامـی ئەو پرسـیـارە بداتەوە، ئایا ئەنفال ڕووداوێکە تێپەڕیوە، یاخود ئەگەری کـارەساتێکە و لە پێشـمانەوەیە. دەقی ئەم بابـەتەی مەریوان لەم ژمارەیەدا بڵاودەکرێتەوە.

دواهـەمین بەشـی کۆنفرانسـەکە بریتـیبوو لە ئێوارەکۆڕێک لەسـەعات هەشـتەوە بۆ دە و نیـو. ناونیشـانی ئەم ئێوارەکۆرە بریتیبوو لە «ئایندەی کوردسـتـان». بەشـدارانی ئەم کۆڕە بریتی بوون لە دکتۆر مارتین ڤان برونیسە، یۆست هیلتەرمان، کامەران قەرەداغی. کۆرەکەش لەلایەن دکتۆر گێرد باومـان، مـامۆسـتـای ئەنترۆپۆلۆژیای ئیسـلام لە زانکۆی ئەمسـتردام، بەڕێوەبرا. هـەر یەکـێک لە بـەشـداربووانی ئـەم ئێـوارەکـۆڕە، لە دیدی خـۆیەوە لەسـەر مـانای ئەنفـال و دەرئەنجامەکانی بۆ سـەر دواڕۆژی سیاسی قسەیکرد. هیلتەرمـان ڕای وابوو کە ئەنفال دەبێت وەکی خـاڵێکی وەرچەرخـاندن لە مێژووی عێراقدا تـەمـاشـابکرێت، چونکی ڕژێمی عێراق بە تێکشکـاندنی هەمـوو بنـەمـای گـوندی کـوردی، کـۆی ئـەو بونیـادە کـۆمـەڵایەتی و ئابووری کـوردییـەی وێرانکرد، کـە بەشـێکی گـەورەی کـۆمـەڵگای کوردی دروسـتـدەکات. هیلـتـەرمـان هـەربەمەشـەوە نەوەسـتـا و ڕۆڵی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەو ڕاسـتییـەیدا دەرخست، کە ئەنفال نەدەکرا بەو ڕەهـەندە پیادەبکرێت، گـەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی یارمەتی سیـاسـی و دارایی و سـەربازی دەوڵەتی عێراقی نەدایە. کامـەران قەرەداغیش ڕای وابوو، کە ئەنفـال تا ئێسـتـا لە یادەوەری فـەردی کوردیداجێگای خـۆی بەتەواوی نەکردۆتەوە. قـەرەداغی هۆکـارەکانی جـەنگی ناوخۆی کوردستانیشی هـەر بۆ ئەم هۆیە گەڕانـەوە. ڕێکخراوە کوردییەکان تەنها بۆ ماوەیەکی کـەم توانییـان باز بەسـەر بەرژەوەندییـە تەسکەکانی خـۆیان بدەن. لە بری ئەوەی بگـەنە ئەو بڕاوایەی کـە بڵـێن: نەخـێـر بۆ جـەنگ! دەبینین هـەر یـەکـێک لەوانە گـەڕایەوە بۆ ئەو مـۆرکـە کـۆنانەی کـە لـەسـەری سـیـاسـەتی خـۆی بنیـاتنابوو. دکـتـۆر (برونیـسـە)یش تاووتـوێی ئەو پرسـیارەی کرد، ئایا ئەنفال لە تـورکیا و ئێرانیش ئەگەرێکە یاخـود نا؟ بە بۆچوونی برونیسـە دەکرێت زۆر لەیەکچوون لە نێوان تورکیا و عێراقدا ببینرێت. واقیعی سیاسی لە کوردستانی تورکیـا لەم سـاڵانـەی دوایيدا ئـەوەمـان پێـدەڵێت، کـە وێرانکـارییـەکی گـەورە لەسـەر دەسـتی لەشکری تورکی لە گوندەکانی کـوردسـتـان پیـادەدەکرێت. برونیسـە لە دووتوێی قسـەکانیدا

هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەنفال بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کوردان، بێجگە لە زیمبۆلێک هیچی تر نییە. ئەو ڕای وابوو کە کوردێکی زۆری کوردستانی تورکیا نەیاندەزانی ئەنفال چیبوو! لەئەمرۆشدا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، هەروەکو حاڵەتی ئەوسای کوردستانی عێراق، بێدەنگە لە وەحشەتگەریی دەوڵەتی تورکی بەرامبەر بە گەلی کورد. هەرسێکیان بە گشتی لەسەر ئەو ڕایە یەکیانگرتەوە کە ڕێکخراوە کوردییەکان تاوەکو ئەمرۆ هەنگاوی جیدییان نەناوە، بۆ ئەوەی مەسەلەی ئەنفال بگەیەننە سەر مینبەری نێونەتەوایەتی.

گرنگێتی ئەم کۆنفراسە بە تەنها لەوەدا نەبوو، کە یەکەم کۆنفرانس بوو لەسەر ئەنفال بگیرێت، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا ئەوەی ڕوونکردەوە کە چەندە کاری گەورە لە لێکۆڵینەوە و پشکنین لەبەردەم ڕۆشنبیرانی کورد و بێگانەدایە، بۆئەوەی هەموو لایەنە شاراوەکانی کارەساتی ئەنفال تاووتوێبکرێن. دیارە کارەکانی یۆست هیلتەرمان و هاوڕێکانی، وە هەندێ کاری کوردان خۆشیان زەمینەیەکی باشیان بە تایبەت لە ڕووی یاساییەوە بۆ دروستکردووین کە لە هەندێ لایەنی جینۆسایدی ئەنفال بگەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئەمرۆ چەندان پرسیاری گەورە لەبەردەمماندایە، کە چاوەڕوانی وەڵام دەکەن.

# جینۆساید، هاوتاوانی بێدەنگبوون (عێراق و کوردەکان)

## نووسینی: یۆست هێلتمان

### وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: کاوە سالح

ئەگەر خەڵک ئاماژە بۆ تاوانەکانی رژێمی عێراق دژ بە کورد بکەن، باس دێتە سەر بۆمبارانکردنی کیمیاوی شاری هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨ و ڕەوە بە کۆمەڵەکەی ساڵی ١٩٩١. بەڵام بەدەگمەن ئاماژە بۆ«ئەنفال» ئەکەن، کە بەهۆیەوە ١٠٠،٠٠٠سەد هەزار ئینسانی کورد ژیانی لەدەستدا و زۆر دڕندانە لە لایەن ئەو رژێمەوە بە کۆمەڵ کوژران. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زۆر کەمتەرخەمانە وەڵامی ئەم تاوانە جینۆسایدیانەی عێراقی دایەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە... بۆ و ئایا ئەتوانرا پێشوەخت رێگا لەم جینۆسایدە بگیرێت و نەهێڵرایە رووبدات؟

دە ساڵ دوای رووداوە جەرگبڕەکانی باکووری عێراق «ئەنفال و زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکی بۆمبارانی کیمیاوی» پێم باشبوو کە بتوانم ئەم ووتارە بەناوی رۆمانە بەناوبانگەکەی «دستۆیفسکی»ـەوە ناو بنێم: «تاوان و سزا». بەڵام داخەکەم واقع رێگای ئەوە نادات. لە دوای یەکەمین شاڵاوی دڕندانە بۆ سەر شارۆچکەی هەڵەبجە و بەدوایدا جینۆسایدی دێهات و گوندەکان و شارۆچکەکان، جیهان گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهات. دیواری بەرلین رووخا، جەنگی سارد کۆتاییهات، لەلایەن ئەمەریکاوە سیستەمێکی دامەزراوتری جیهانی ئەهاتە کایەوە کە تا ئێستاش لە سەر ئاستی جیهان دانەمەزراوە و هێشتا هەر ئاڵۆزکاوە کەهەوڵئەدا ناکۆکییە ناوخۆییەکانی وەک جیاوازی کەمایەتیە نەتەوەییەکان چارەسەربکرێن. بۆنموونە «رواندا» و «یۆغوسلاڤیا» کە گرنگی یەکەمیان پێ دەدرێت. لە هەندێ شوێنی تریش وەک «کەمبۆدیا» و «سەلڤادۆر»، تەنانەت فەلەستینیش شێوازێکی ئاشتیانەی چارەسەری کێشەکان و مەسەلەی رێکەوتن لە گۆڕێدایە. لە تەموومژی ئاسمانی ئەم گۆڕانکاریانەدا جینۆسایدی کوردی ساڵی ١٩٨٨بیرەوەریەکی ونبووە. ئەو راستیەش کە صدام حسێنیش، وەک «پۆڵ پۆت»، لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و بمرێت، پێش ئەوەی راپێچبکرێ بۆ دادگای نێودەوڵەتان، هەڵێکە رۆژ بەرۆژ بەرەو ئەوە دەچێت کە بەرجەستە بێت. هەر

لەبەرئەوەش باوەڕ بەوەی دادگایەک دروستبێت ڕژێمی عێراق داوەرییکات بەرەو بێهێزی و لە ناوچوون ئەچێ. بۆ ئەمەش چەند هۆیەکی باش هەیە، یەکێ لەوانە ئەوەیە کۆتایی جەنگی سارد، و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئاکامیدا دێنەگۆڕێ، تا ئێستا هەرە گرنترین ڕووداو نین.

مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە سستی بزاوتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بناسێنم و ڕۆشنایی بخەمە سەر ئەو تاوانە گەورەیە؛ تاوانی جینۆساید لە عێراقدا. هەروەها ئەم پرسیارەش ئاڕاستە بکەم: ئایا ئەتوانرا نەهێڵرێ جینۆسایدی کورد ڕوویدات؟

جینۆسایدی کورد دواهەمین جینۆسایدی جەنگی سارده، لە کاتێکدا ئەو مۆدێلە کۆنە چل ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو، خەریکبوو بەرەو نەمان و لەناو چوون دەچوو. لە دوا مانگەکانی جەنگی ئێران و عێراقیداو لەو هەلومەرجە سیاسییەدا بوو کە ڕووداوەکان لە ناوچە کوردییەکاندا ڕوویاندەدا.

بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی سەبارەت بە جینۆساید لەساڵی ١٩٤٨دا نووسراوە، جینۆساید ئەم واتەیە ئەبەخشێت: لە ناو بردنی تەواوی یان بەشێکی نەتەوەیەک، کەمایەتییەک، ڕەگەزێک یان کۆمەڵێکی ئاینی، کە خۆیان لە شێوازی گروپێکدا دەبیننەوە. شێوەکانی لەناوبردنیش بریتیین لە:

١- لە ناو بردنی ئەندامانی گروپێک.

٢- گەیاندنی زیانی گەورەی گیانی یان سایکۆلۆژی بە ئەندامانی سەر بەو گروپە.

٣- هەڵبژاردنی شێوازێکی دیاریکراوی ژیان بۆ گروپێک کە بە هۆیەوە دەسەڵات بەسەریاندابەمەبەستی لەناوبردنیان ئاسانبێت.

٤- دەستور دانان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی لە دایکبوون لە ناو گروپەکەدا.

٥- نەوە نوێکانی گروپێک بەزۆر دوربخرێنەوە لە خودی گروپەکەو لەلای گروپێکی بیانی نیشتەجێبکرێن.

خاڵە سەرەکییەکانی پێناسەی جینۆساید بێجگە لە لایەنی لەناوبردن، بە شێوە گشتییەکەی بریتییە لە: پێشوەخت نەخشەکێشان و بەنهێنی جێبەجێکردنی؛ تەواوی گروپێک یان بەشێکی گروپەکە لە شێوازێکی جیاوازدا بە هۆشیاری و مەبەستەوە دەستنیشانبکەی بۆ لەناوبردن. ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨هەموو خاڵە سەرەکییەکانی ئەو پێناسەیەی تێدایە و دەلیلیش بۆ ئەوە ئەتوانرێ لەو دۆکیومەنتانەی "Human Rights Watch" ـەوە وەرگیرێت کە لەساڵەکانی ١٩٩١ تا١٩٩٤دا بە دەستیانکەوتبوو. لەو دۆکیومەنتانەدا چەندەها گوزارەش هەن، لە لایەن کەسووکاری ئەو خەڵکانەوە کە لەکاتی ئەنفالەکاندا ونبوبوون، هەروەها حەوت کەس لەوانەی کە لەکاتی بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکەکەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان توانیویانە

رابکەن و دەربچن و ژیانی خـۆیان رزگـاربکەن. سـەرەڕای ئەمـانەش سـەرجـەمی چۆنیـەتی ڕووداني ڕووداوەکـان لە لایەن پۆلیـسی ئـاسـایشی رژێمی عێـراقـیـەوە لەناو فـایلدا وەک بەڵگەنامـە نووسراوەتەوەو روونکراوەتەوە. قـەبارەی ئەو فایلانە ئەکاتە هـەژدە مەترسێجا، «کە نزیک ئەکرێەوە لە چوار تا پێنج ملیۆن لاپەڕە». لەپاڵ ئەمـانەشدا بەڵگەی عـەدلی هـەن بۆنمونە لاشـەی ئەوانەی لەناو گۆڕی بەکۆمـەڵدا دۆزرانەوە، هـەروەها ئەو گۆڕانکاریـە بنەڕەتیـانەی کە بەسەر سروشتی خاکی ئەو ناوچانەدا هاتووە کە بۆمبای کیمیاویان پێدادراوە.

ئەو بـەڵگانـە زۆر بە ئاشکرا ئـەوە نیـشـــان دەدەن کـە جـینۆسـایدی کـوردی، هـەروەکـو جینۆسایدی ساڵی ١٩٩٠ لە یۆغۆسلاڤیا و رواندا «بە هـەمـان شێوە لە کـاتی جەنگدا» لەلایەن رژێمی عێراقیـەوە پێشـوەخت دیراسەکراوەو نەخشـەو پلانی بۆدانراوە، ئەوجا لەلایەن خـەڵکی هەڵبژاردەی خۆیانەوە ئەنجامدراوە.

ئەنفـالـەکـان هـەشت قـۆناغ بوو، هـەر جـارێک یەکێ لە نـاوچە کـوردیەکـان وەک نیـشـانە هەڵبـژێراوە. لـە قـۆنـاغی یەکـەمـدا سـوپای رژێم لەژێر فـەرمـانی تووندوتیـژدا کـارەکـەیان بە ئەنجامگەیاندووەو خـاڵە سـەرەکیـەکانی دەست بەکاربوونیـان بەم شـێوەیە بووە: یەکـەم جـار تۆپبـاران و بۆمبارانکرنـی کیمیاوی ناوچەکە، تا خـەڵکەکە دێکانی خۆیان بەجێبـهێڵن، ئەوجا گرتنی ئەو خـەڵکە هەڵهاتووە بە کۆمەڵ و گواسـتنەوەیان بۆ ئۆردوگا کـاتیەکان. لەدوای ئەمـە سـوپا کارەکـەی خـۆی ئەسپارد بە پۆڵیـسی نـهێنی یان ئاسایشی رژێم . نێرینە لە ١٥ بۆ ٧٠ سـاڵی جـیائەکرانەوە، منـاڵیش لـە دایک و باوکیـان جیائـەکرانەوە. ئەم گروپانەش بەمـاشـینی داخـراو ئەگـوێزرانـەوە بۆ ناوچە زۆر دوورەکـانی تری وولات کـە چیـتـر ناوچـەی کـوردی نـەبوون، لە تاریکی شـەودا هـەموویان ئـەخـرانە چاڵی گـەورەوە و لەلایەن چەکدارەکانەوە دەسـتـرێژیان لێدەکرا و دەکوژران و ئەوجا بە بلدۆزەر سـەری چاڵەکان دادەپۆشران. خـەسڵەتـی ئەم شێوە تاوانە، یـەکێ لە خـاڵەکـانی پێنـاسـەی جـینۆسـاید ئـەگـرێتـەخـۆ، ئەویش: لەناوبـردنی تـەواوی گروپێک بە مەبەستێکی تایبەتی و بەشێوەیەکی نهێنی.

ئەنفالەکـان بەشـی زۆری هـەمـوو دانیـشـتوانـی گوندەکوردییـەکان دەگرێتـەوە، خـەڵکی ئەو ناوچانەی کـە رژێم پێشـووتر پێی چۆڵکردبوون و ناوچەکەیان بە نـاوچەی قەدەغەکراو دائەنرا، ئەو خـەڵکە کوردەی کـە لە ئۆکـتـۆبەری١٩٨٧ دا وەڵامی لێبـوردنی گشـتـی رژێمـیان نەدایەوەو نەگــەڕانەوە ناو ئۆردوگــا زۆرەملێکان، هـەمــوو بـە تێکدەر ســەیردەکــران و مــافی هـەبوونی شـوناسنـامـەی عێـراقـیـان دۆڕاندبوو، بێجیـاوازیکردنی ئـەوەی کە پێشـمـەرگەن یـان خـەڵکی راکــردوون لەســوپاو ســەربازی، یـاخـود ئـەوانەن کــە گــەڕاونـەتەوە ناوچـەکــانی خــۆیان و ئاوەدانیـانکردۆتەوە لە ژن، منداڵ و پیرو بێتـاوان. ئەمانەش ئەو کوردە گوندنشینانە بوون کە

بەدەستپێکردنی ئەنفال لە شوباتی ١٩٨٨دا لەلایەن رژێمەوە دەستنیشانکران بۆ لەناوبردن. ئەم شێوەیەش خەسڵەتێکی تری پێناسەی جینۆسایدی لەخۆگرت: میللەتێک هەمووی، یان بەشێکی دەستنیشانبکرێت بۆ لەناوبردن. بەگشتی ناوەڕۆکی پرۆسێسەکەش مانای خەسڵەتێکی تری پێناسەکە روونەکاتەوە: ئەوانەی کەدەبێت لەناوببرێن کوردن.

بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردی لەناوچەکانی خۆیاندا فشاریانهێنابووە سەر رژێمی عێراقی، بەتایبەتی ئەوکاتانەی رژێم هێزی هەرەگەورەی سوپاکەی ناردبووە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئێران. وویست و ئارەزووی رژێم ئەوەبوو هەر چۆنێک بێت کۆتایی بە بزوتنەوەی چەکدارانەی خەڵکی کورد بهێنێت. بەلاّم ئەوەی کە دەبێ سەرنجیبدەین ئەو میتۆدە تایبەتەیە کە رژێم هەڵیبژاردوە بۆ لەناوبردبن و کۆتاییپێهێنان بە یاخیبوونەکانی کورد.

من بەڵگەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە ئەنفال خەسڵەتێکی دژە کوردی هەبوو، ناوچە دەستنیشانکراوەکان بۆ لەناوبردن هەموویان ناوچە کوردیەکان بوون. ئەبێ لێرەشدا ئەوە بڵێم ئەوانەی لە ناوچەی ئەنفالەکاندا هیچیان بەسەردا نەهات و رژێم نەیکوشتن پەیوەندی نەبوو بەوەوە کە باوەڕپێکراوی رژێمبوون یاخود نا، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە کورد نەبوون. لەکاتی ئەنفالەکاندا تاکە کەسێکی عەرەب نەگیراوەو نەکوژراوە، لەکاتێکدا ئەو گوندانەش کە بڕواپێکراوی رژێم بوون لەتەک گوندەکانی تردا تێکدران و خەڵکەکەشی لەناوبران. تەنها ئەو کوردانەی کە لەو ناوچانەدا ئەژیان کە وەک ناوچەی ئەنفال دەستنیشاننەکرابوون، وازیانلێهێنراو و نەکوژران. تەواوبوونی ئەنفالەکان لەلایەن رژێمەوەلە رێگای رۆژنامەکانیەوە بلاّوکرایەوە. یەکێ لەو روونکردنەوانە لە ١٩٨٨, ٩, ٦دا وای راگەیاند کە رژێم «لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردانە دەرکرد کە لەناوەوەی وولاّت یان دەرەوەی دەژیان»، ئەم لێبوردنە تایبەتیەش تەنها بۆ کورد بوو. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە تەنها کوردەکان دەستنیشانکرابوون بۆ لە ناوبردن. بەڵگەی راستەوخۆتریش دەستکەوتوون و ئەوە ئاشکرادەکەن کە لێپسراوانی رژێم خەڵکی رەگەزپەرستبوون و ئارەزووی لەناوبردنی کورد تیایاندا بەهێزبووە. علی حسن مجید، ئەندازیاری ئەنفالەکان، کە خۆی لە ساڵی ١٩٨٨دا لە راپۆرتێکیدا بەم شێوەیە نووسیویەتی: «لەکاتی بە ئەنجامگەیاندنی کارەکانماندا وامان چاوەڕواندەکرد هەندێ ئینسانی کوردی باشمان تووشببێت، بەحوکمی ئەوەی ئەوانە هاوولاّتی خۆمانن، بەلاّم بەهیچ شێوەیەک تووشمان نەبوون.. هەرگیز تووشمان نەبوون».

ئەگەر ئەو سێ خاڵە گرنگەی کە باسمانکرد پێکەوە وەربگرین، ئەنفالەکان بریتیبوون لە نەخشەو پلانی پێشوەخت بۆ بەکۆمەڵ کوشتنی کوردە گوندنشینەکان لەسەر بناغەی کوردبوونیان. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر بەڵگەکانی تر ئاماژە بۆ کتێبی "Iraqs crime of

"Genocide ئەکەم «Yala Un. Press- 1995» کە لەلایەن"Human Rights Watch" کۆکراونەتەوە.

ژمارەی ڕەسمی قوربانیەکان کە لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەگاتە ١٨٠ هەزار کەس، بەڵام ئەم ژمارەیە بناغەیەکی پراکتیکی نییە. ئەوەی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە ئەو ژمارەیەیە کە "Human Rights Watch" لەدوای لکۆڵینەوەی سەرژمێریانە بەیارمەتی ڕێکخراوی کوردی مافی مرۆڤ، دیاریانکردووە، دوای ئەوەی چاویان بەو خەڵکانە کەوتووە کە لەکاتی ئەنفالەکاندا قووتاربوون و هەروەها خزم و کەسوکاری ئەو خەڵکانەی کە لەناوبراون. ئەوەش ئەنجامەکەی هەر زۆر نزیکە لە ١٠٠ هەزار کەس کە لەکاتی بە کۆمەڵ کوشتنیاندا کۆتایی بە ژیانیان هێنراوە.

**کێ شتی ئەزانی، کەی؟**

بۆ ئەوەی تێبگەین کە لە ساڵی ١٩٨٨دا چی ڕوویداوە، ئەبێ سەیری دوو کارەسات بکەین کە لە چوارچێوەی یەک تاواندان و هاوکاتیش ڕوویانداوە. ئەو کارەساتانەش، یەکەم: بۆمبارانی کیمیاوی شارۆچکەی هەڵەبجە لە ١٩٨٨, ٣, ١٦دا کە نزیکەی ٣٥٠٠ تا ٥٠٠٠خەڵک تیایدا مردن. دووەم: ئەنفالەکان کە ١٩٨٨, ٢, ٢٣ دەستیپێکرد، سەرەتا بەهێرشبردن بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کۆتایەکەشی بەدەرکردنی لێبوردنی گشتی لە ١٩٨٨, ٩, ٦دا.

هەرچەندە ڕووداوی یەکەم، کیمیاوی بارانی هەڵەبجە، لەکاتی ئەنفالەکاندا ڕوویدا، بەڵام بەشێک نەبوو لە پلان و نەخشەی پێشوەختی ئەنفالەکان. هەڵەبجە شارۆچکەبوو، لەکاتێکدا مەبەست لە ئەنفالەکان ناوچە گوندنشینەکان بوو. لێدانی هەڵەبجە بەشێک بوو لە ڕووداوەکانی جەنگی ئێران و عێراق. بیانووی ڕژێم بۆ ئەو تاوانە ئەوە بوو کە شارەکە لەلایەن پێشمەرگەوە بەیارمەتی ئێران دەسەڵاتی بەسەردا گیرابوو. داگیرکردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن پێشمەرگەوە بەمەبەستی ئەوە بوو کە شاڵاو و هێرشبردن بۆ سەر سەرکردایەتی «ی.ن.ک» لە ناوچەی سەرگەڵو لەلایەن ڕژێمەوە کەمبکرێتەوە و بوەستێنرێت. سەرکردایەتی «ی.ن.ک» هەر لەیەکەم قۆناغی ئەنفالەکاندا کەووتە ژێر شاڵاو و هێرشی بەهێزی سوپای ڕژێم و لەو شەڕانەشدا بە شێوەیەکی بەربەرەڵا چەکی کیمیاوی بەکارهێنرا.

ئێمە دەتوانین بە چاوی لێکۆڵینەوە سەیری ئەو هۆیانە بکەین، کە بۆچی وەڵامی ڕژێم بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەڵەبجە لەلایەن پێشمەرگەوە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوو.

بە درێژایی چەند مانگێک دوای بۆمبارانکردنی شارەکە بە چەکی کیمیاوی، رژێم هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ دووبارەگرتنەوەی تەواوی شارەکە و دامەزراندنی دەسەڵاتی تیایدا، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەبووە تێکشکاندنێکی سەربازی و سایکۆلۆژیانەی پێشمەرگە، بەڵام رەنگە رژێم بڕیاری وابووبێت، دوای بەدەستهێنانی سەرکەووتن لە کاتی جەنگی ئێرانیدا بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی«١»، نەیەوێت هیچ ریسکێکبکات «لەو شەڕانەدا کە چەکی کیمیاویان بەکارهێنا، ئەنجامی سەرکەوتووانەیان بەدەستهێناوە و توانیویانە ترسێکی گەورە لە ناو دڵی ئەو هێزانەی سووپای ئێرانیدا بچێنن، کە پێکهاتبوون لە گەنجی ئیسلامی رادیکال و جەنگی غەزای ئیسلامییانەیان ئەکرد».

ئەگەرێکی تریش ئەوەیە کە دەستبەسەرداگرتنی هەڵەبجە لەلایەن پێشمەگەوە سەرکردایەتی رژێمی بە شێوەیەک تووڕەو شێلگیرکردبوو، کە بۆمبارانکردنی کیمیاوی وەک تەنها وەڵامی گونجاو بەکاربێنێت بۆ ئەوانەی ئەو زەرەریان بە رژێم گەیاندوە، لە پاڵ ئەوەشدا بە هۆی نزیکی ناوچەکەوەو بەمەبەستی پاراستنی «سەدی دەربەندیخان» لە هەڕەشەکانی ئێران. لەراستیدا ئیحتمالی هەرە بەهێز ئەوەیە کە رژێم وویستبێتی پیشانی کوردەکانی بدات کە چ چارەنووسێک چاوەڕێیانئەکات ئەگەر بیانەوەێ کارێکی دیکەی لەو بابەتە ئەنجامدەن. ئەگەر ئەمانەی باسمانکردن ئامانجی رژێم بووبێت، ئەوا نیشانەی خۆیان بەباشی پێکا. بەرگری «ی،ن،ک» لەناوچەی سەرکردایەتی لەسەرگەڵو، دوای چەند رۆژێک لەهێرشی هەڵەبجە تێکشکێنرا و بەتەواوی لەناوچەکانی تریش پاشەکشەیانکرد. خەڵکەکەش لە ترسی ئەوەی کیمیاویان بەسەردا نەبارێت، پێیان باشبوو گوندەکانیان بەجێبهێڵن و لەسەر داوای رژێم بگەڕێنەوە بۆ ریزی نیشتمانی. بێگومان ئەوان ئەو کاتە نەیانئەزانی کە «گەڕانەوە بۆ ریزی نیشتمانی» مەبەست نیشتەجێکردنیان نەبوو لە شوێنی دیکەدا، بەڵکو «مەرگ» چاوەڕێیدەکردن.

ئەگەر یەکێک ئاماژە بۆ تاوانەکانی رژێمی عێراقی دژ بە کورد بکات یەکسەر باس دێتە سەر بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨دا، یاخود باس دەبێتە باسی رەوە بەکۆمەڵەکەی ساڵی ١٩٩١، کە دوای جەنگی کەنداو لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی رژێمدا بە راپەڕینی یەکەمی کورد، لەمانگی سێدا، روویدا. بەڵام بەکەمی ئاماژە بۆ «ئەنفالەکان» ئەکرێت کە بەهۆیەوە سەد هەزار ئینسانی کورد ژیانی لەدەست داو زۆر دڕندانە لەلایەن رژێمەوە بەکۆمەڵ کوژران. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە زەمینەی راستی ئەنفالەکان گرنگی تەواوی پێنەدراوە. هەتا ئێستاش ئەم کارەساتە دیراسەنەکراوەو وەک بابەتێکی گرنگ ئاماژەی بۆ نەکراوە، لە جیهانی سیاسەتیشدا چاوی خۆیان لەم تاوانە نوقاندووە. لەکاتێکدا زۆر

بەســـاردی و خـــاوی هەوڵی ئەوە ئەدرێت تـاوانبـــارەکـــانی ئەم تاوانە گـەورەیە بۆ دادگــا ڕاپێچبکرێن! لێرەدا پرسـیـارێکی رەخنەگرانە دێتەپێشـەوە کە بریتیە لە: کێ شـتی ئەزانی و کەی؟

روونکردنەوە لەسـەر کەمتـەرخـەمی کۆمـەڵگای نێودەوڵەتـی بەرامبەر بـە تاوانی هەڵەبجـە و ئەنفالەکان، وەڵامی ئەو دوو پرسیارە ئەدەنەوە.

ئاشکرایە رژێم ئاگـاداری هەمـوو شـتـێک بووە، چونکە هەر لە سـەرەتاوە بەکـارهێنانی چەکی کیمیاوی پلانی بۆ دانرابوو «لەو دۆکیومـەنتانەی پۆلیسـی نهێنی رژێمـدا ـئەمن ـ هەموو ئەمـانە روونـکراونەتەوە»، هەوەهـا ئەنفـالەکـان بۆ لەنـاوبردنی خـەڵکی کـورد زۆر پێش وەخت نەخـشــە و پلانی بۆ دانـرابوو. بەڵام لەنـاو دەزگـاڕێخـراوەکـانی رژێمـێکی مـیلیـتـاریزسـتی دیکتـاتۆری وەکو عێـراقدا ، کە پەیوەندییـەکانـی ناو خـۆیان زۆر بە نـهـێنی ئەکرێت و بەهیچ شێوەیەک راستی بڵاوناکرێتەوە، ئاسـان نییە بۆ خەڵکی دەرەوەی ناو ئەو دەزگایانە بتوانن ئەو زانیـاریانەیـان دەسـتـگیـربـبـێت. هەر بۆیـەش خـەڵکێکی زۆر لـە چارەنووسی قـوربانـیـەکـان هۆشیارانە بە ئاگانەبوون. دۆکیومەنتە عێراقیەکان وا روونئەکەنەوە کە سوپا لێپسراوبووە لە پەلاماردانی گوندەکان و کۆکردنەوەی خەڵکەکە و ڕاگوێزکردنیان، بە غەیری ئەوە هیچ فرمان و زانیـــاریەکی تریان پێنەدراوە، واتە فـەرمـانی ئەوەیان پێنەدرابـوو خــەڵکەکـە بـە تەواوی لەناوبەرن.

لەیەکێک لە دۆکیومـەنتەکانی «مدیریة الاستخبارات العسکریة»، دەربارەی گرتنی سێ برا، لەسەر داوای کەسوکاریان، دەزگای ناوبراو دوای گەڕان بەدوایاندا وەڵامی کەس و کارەکایان بەم شێوەیە داوەتەوە: «ئەو سێ برایە رەوانەکراوون بۆ بنکەی گاردی میللی «الجیش الشعبی» لە کـەرکـوک»، ئەو بنکەیـەش بەپێی زانیـاری ئەوانەی کـە رزگـاربـوون و ژیانیـان تیـانەچووە، دواهەمین شوێنی ژیانیان بووە و پاش ئەوە کوژراون.

تەنانەت میللەتی عێراق لەم تاوانانە ئاگادارنەبووە. ئەگەر کاتی ئەنفالەکان ئێواران سەیری هەواڵەکانی تەلەفیزیۆنیان بکردایە، گـوێیان لەوە ئەبوو چۆن دەزگاکانی پڕوپاگەندەی رژێم ناوی ئەو تاوانانەیان بە «سـەرکەوتنە قارەمـانانەکانی ئەنفال» ناودەبرد و ئەیانبینی کە پیاوە کوردەکان لەلایەن سـوپاوە دەستگیرکراون و لەسـەر ئەژنۆ رۆچوون. ئەگەر عێراقیـەکان لەو کاتانەدا بە سـەفەر لـەرێگای نێوانـی سەمـاوە و بغداد و مـوسڵ گوزەریانکردبێت، چاویان بەو لۆریە گـەورانە کـەوتووە کـە بەسـەر داپۆشـراوی لەژێر چاودێری هێـزی بێـشـومـاری سـوپادا رێیـانئـەکـرد. ئەگەر گـوێشـیـان لەو پڕوپاگەندانە راگـرتایە کـە لە بغداد و شـارەکـانی تردا بڵاوئـەکرایەوە، ئـەوا ئەیانبـیـست «کـوردە تێکدەرەکـان» «هـەروەکـو دەزگـا پڕوپـاگـەندەکـان

پەخشیان ئەکرد» دەستگیرکراون و راگوێزئەکرێن بۆ ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە لە سەرانسەری وولاتدا بۆیان ئامادەکراوە. بەلام ئەو ئیحتماله زۆر بێهێزە کە هەموو خەلکی عێراق هۆشیارانە ئاگاداربووبن لەو تاوانە گەورەیە؛ لەناوبردنی سەد هەزار کورد، کە بەشی زۆریان ژن و منال بوون و بەرەو مەرگ راگوێزئەکران.

#### قوربانییەکان

لە چاوپێکەوتنەکانی ئەوکاتانەو سالەهای دوای ئەوەشدا دەردەکەوێ کە کوردەکان خۆشیان چاوەڕێی ئەوەنەبوون کە چارەنووسیان ئەنفال بێت، تەنانەت لە قوولایی ناخیانەوە، باوەڕیان نەبوو کە بەو رۆژە رەشە بگەن. سەرکردایەتی کوردیش لە سالەکانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩دا دوای ئەوەی گوێیان لە چیرۆکی ئەو خەلکانە بوو کە قووتاربببوون، یان کەسوکاری نزیکی قوربانیەکان بوون، ئەوجا تێگەیشتن کە زۆربەی خەلکەکە لەناوبراون. ئەگەر ئەو زانیاریانەشیان دەستکەوتبێ بە هیچ جۆرێک بلاویاننەکردۆتەوە.

یەکەم هەوال دەربارەی ئەو خەلکانەی لە ئەنفالەکان قووتاربوبوون لە١٩٩١دا بلاوکرایەوە، کاتێک کە پارتە کوردەکان دەسەلاتی خۆیان دامەزراندبوو بەسەر ناوچە کوردییەکانی باکوری عێراقدا و دەستیانگرتبوو بەسەر زانیاریەکانی دەزگا داپلۆسێنەرەکانداو ترسیشیان نەبوو کە رژێم تۆلەیانلێبکاتەوە.

ئەوانەی لە هێرشی ئەنفالەکان رزگاریانبووبوو؛ خەلکی گوندەکان و ئۆردوگاکان، ئەیانزانی کە ناوچەکانیان بە چەکی کیمیاوی لێدراون، هەر بۆیەش دانیشتوانی ناوچەکان، یان رایانئەکرد بۆ ئێران و تورکیا، یان بەناچاری خۆیان ئەدا بە دەسەت سوپای رژێمەوە. ئەوانەی خۆیان دابەدەستەوە، هەموو زیندانکران وراگوێزکران بۆ ناوچە دوورەکان کەچیتر ناوچەی کوردی نەبوون، وەکو مەرزی سعودیە، گەرچی هەوال وابوو کە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان ئەبرێن. «وەک پێشتر ئەم کارە لەلایەن رژێمەوە لە دوای رووخانی بزوتنەوەی بەرزانی لەسالی ١٩٧٥دا بە ئەنجامگەیەنرا». هەم خەلکەکە خۆشیان کە راگوێزکران لەو باوەڕەدابوون کە بۆ ئۆردوگاکان ئەبرێن، هەوەک پێشتر روویدابوو. بە پێی قسەی یەکێ لە قووتاربووەکان، لە دیواری ناوەوەی ئەو ماشینانەی کە خەلکەکەی پێڕاگوێزراوە، خەلکی پێش ئەوان ناوی ئەو ئۆردوگایانەیان هەلکەندوە کە بۆی راگوێزراون.

**کۆمەڵگای نێودەوڵەتی**

لە ڕاستیدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە هەموویان بەشی زانیاری دەرەوە و پۆلیسی نهێنیان هەبوو «ئەمە شمولی هەموو زلهێزەکانی دنیا ئەکات» بە باشی ئاگاداری ئەنفالەکان بوون؛ ئاگاداری بۆمبارانی کیمیاوی و تێکدانی گوندەکان بوون؛ ئاگاداری ڕەشبگیری بە کۆمەڵی خەڵک بوون، ئیحتمال هەیە نەیانزانیبێت کە خەڵکی ئەنفالەکان بۆ مردن بەرێکراون «مەگەر تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە ئەو لایەنانە پۆلیسی نهێنیان لەناو جەرگەی دەزگاکانی ڕژێمدا هەبووبێت». بەڵام گەر زانیاری لەو بابەتەش هەبووبێت، ئەوا بڵاونەکراونەتەوە. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو هێزانە هیچ سوودێکیان لەوەدا نەبووە لەو کاتەدا دەستی تاوان درێژبکەن بۆ ئەو تاوانە گەورەیە و ئیدانەیبکەن، هەربۆیە بە زوویی ئەو زانیاریانەیان نەخستە بەردەست و بڵاویاننەکردەوە.

Human Right Watch ڕاپۆرتی خۆی لەسەر ڕەوشتی عێراق بەرامبەر کوردەکان نووسی . دوو ساڵ دوای هەڵەبجە و ئەنفال، یەکێ لە قسەکەرەکانی بزوتنەوەی کوردی ڕایگەیاند کە خەڵکی ئەنفالەکان ڕاگوێزکران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی سەر سنوورەکانی ئوردن و سعودیە. خەڵکەکە بێجگە لە کەمی خواردن و نەبوونی ئاو و گەرمای ناوچەکە، لەژێر فشارێکی گەورەی سایکۆلۆژی و کولتووریشدا ژیان بەسەرئەبەن. ئەم ڕاپۆرتەش ئەوەی ڕوونکردەوە کە ڕژێمی عێراقی «هەوڵی ئەوەی نەداوە کوردەکان لەڕێی ڕێکخراوێکی تایبەتی کوشتنەوەئەم خەڵکە لەناوبات».

هێزو توانای ڕژێمێکی پۆلیسی ئەوەندە گەورەیە کە دەتوانێ «کوشتنی سەد هەزار ئینسان بشارێتەوە» تەنانەت ئەوانەش کە توێژینەوە لە تاوانەکەدا ئەکەن سەریان لە چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم تاوانە سوڕدەمێنێت.

**ئایا ئەتوانرا تاوانی جینۆساید نەهێڵرێ ڕووبدات؟**

هەرچەندە ئاگاداربوونی دەوڵەتان لە سروشتی ئەنفالەکان نائاشکرا ئەمێنێتەوە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕاستی لەڕووی کارەساتی هەڵەبجەدا هەڵماڵرا و دونیا پێیزانی. بەکۆمەڵ کوشتن لە ئاکامی بۆمبارانکردنی کیمیاوی و گوزارەشی شاهێدەکان، گەواهییەکی گەورەی تاوانی جەرگبڕی ڕژێمی عێراقیە. ئەم هێرشە یەکەم و تا ئێستا گەورەترین هێرشی کیمیاویە لە مێژوودا کە کرابێتە سەر خەڵکی مەدەنی بێتاوان، کەچی لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە وەڵامینەدرایەوە.

هێرشی کیمیاوی چ واتایەکی ئەبەخشی؟ ئەگەر لە ڕووی سەربازیەوە سەیریبکەین ئەم هێرشە بە مەبەستی گرتنەوەی شارەکە نەبوو، چونکە دوای کارەساتەکەش ئەم شارە بۆ چەند مانگێک لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندا مایەوە. مەبەست لەم هێرشە زیاتر لێدانی سایکۆلۆژیانەی پێشمەرگە و لە ئاکامیشدا تۆقاندنی خەڵکی کورد بوو. لێرەدا دوو قۆناغ دیاریئەکرێ، یەکەمیان قۆناغی «پێش هێرشی هەلەبجە» یە دووهەمیشیان قۆناغی «دوای هێرشی هەڵەبجە». لە قۆناغی پێش هەڵەبجەدا بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردی بەهێزبوو. ئەمەش کارێکی کردبوو کە رژێم ساڵەهای ساڵ نەتوانێ ناوچە گوندییەکان بەهێزی سەرزەمینی و ئاسمانی کۆنترۆڵبکات و هەڕەشە لە دانیشتوانەکەی بکات. ڕاستە زۆر لە گوندەکان وێرانکرابوون و گوندنشینەکانیش بەناچاری ژیانیان لەناو ئەشکەوتەکاندا یان شوێنی خۆشاردنەوە حەشارداندا، کە لە نزیک کێڵگەکانیانەوە دروستیانکردبوو، دەبردەسەر، بەڵام ئەم ژیانە ژیانێکی سەخت و نالەبار بوو. زۆریش هەبوون کە ئۆردوگا زۆرەملێکانیان بەجێهێشتبوو، گەڕابوونەوە ناو کەلاوە رووخاوەکانی گوندەکانیان یان نزیکی ناوچە کۆنەکانیان و تیایدا ئەژیان.

لە قۆناغی دوای هەڵبجەدا ئارەزووی پێویستی بەرگریکردن بێهێز بوو، بەرگری سەرکردایەتی «ی.ن.ک» لە ناوچەی سەرگەڵو دوای چەند رۆژێ شکا و پێشمەرگە و هەزاران خەڵکی هەڵهاتوو پاشەکشەیانکرد بەرەو مەرزی ئێران. هەر دوای شکانی سەرگەڵو، سوپای عێراقی ناوچەکەی گرت و قۆناغی دووەمی ئەنفالەکان دەستپێکرد و ناوچەی قەلادزێشی – کە ئەکەوێتە رۆژئاوای سلێمانیەوە– گرتەوە، بە دوایدا ناوچەی گەرمیان «نێوان قەراغ و کەرکوک» ئەوجا ئەنفالی سێ و چوار لەمانگی نیسان و مایسدا و بەم شێوەیە تا دواهەمین ئەنفال لە مانگی ئابدا لە ناوچەی بادینان.

لێدانی هەڵەبجە لەلایەن رژێمەوە بە مەبەستی راونانی گوندنشینەکان بوو تا هێزی زەمینی رژێم بە ئاسانی بتوانێت بە ناوچەکەدا گوزەربکات و هەروەها بۆ کۆتایی هێنانبوو بە بزوتنەوەی چەکدارانەی کورد.

ئەگەر پێشمەرگە دەستگیرنەبوونایە و دەرچوونایە، چیتر سانا نەبوو وەک ماسی لەو دەریایەدا کە تێیدا ژیابوون و شارەزاییبوون مەلەبکەن. وەک ماسی لەسەر زەمینێکی ووشک و سووتاودا. بۆیە دەبوایە ناوەندێکی تر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ژیانی سروشتی خۆیانی تیا بەرنەسەر، چارەنووسی بەختەوەرانەی ئەو ژیانەش تەنها دەرچوون لەناوچەکان و خۆگەیاندنە ئێران یان تورکیا بوو. ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رژێمی عێراقی لە دوای کارەساتی هەڵەبجە، لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو، زۆر بە توندوتیژی

تاوانبـاربكردایە، رەنگ بوو رژێمی عـێـراقی نـەیتـوانـیـایە دواتر لـە قـۆناغـەكـانی بەئەنجـام گەیاندنی ئەنفالەكاندا جارێكی تر چەكی كیمیاوی بەكاربهێنێت. رژێم بەبێ ئەم چەكی تیرۆره نەیئـەتوانی پارسـەنگی سـایكۆلۆژیانەی میللەتەكە بكات، هـەر لەبەر ئـەوە چاوەڕوانكرابوو كە خـەڵكی ناوچەكان، وەک سـاڵەهای سـالانیـان، ئەگەر هێرشـی ئەنفـالەكـان بە هێزی زەمـینی و ئاسمـانی بكرایە، بەرگریانبكردایەو ناوچەكانی خۆیان بپاراستایە و سوپای رژێمـیش لەسـەر رێگا گـەورەكـان بمانایەتـەوە و خـەڵک و پێـشـمـەرگـەش لە ناوچـە گوندیەكـانی خـۆیـاندا . بەم شـێوەیە خـەڵكێكی زۆر كـەم رایئـەكرد و هـەڵئـەهات، یاخـود چـارەنووسـیـان راگوێزان و بەرەو مەرگ رەوانەكردن نەئەبوو.

### هاوبەشەتاوان و بێ دەنگی

بۆچی كـۆمـەڵگای نێـودەوڵـەتی لە ئاسـتـی بۆمـبـارانكردنـی هـەڵەبجـەدا پـەردەیان بە رووی خـۆیاندا دا و بێدەنگیـان لێكرد؟ «لە كـاتێكدا ئەیانزانی كە ڕژێمی عێـراقی چەندانجـار چەكی كـیـمـیـاوی بەكـارهـێـنـابوو». بۆچی ئەنجـومـەنی ئاسـایش بەخـێـرایی بڕیاری كـۆبـوونەوەیەكی ناكـاویان نەدا و رژێمـیـان زۆر بە توندی لەسـەر هـەڵەبجـە تاوانبـارنەكـرد؟ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسیارانە رەنگە نەهێڵێت دووپاتبوونەوەی جینۆسایدێكی تر لەداهـاتوودا رووبدات.

كۆمەڵگای نێودەوڵەتی دوای كارەسـاتی هـەڵەبجە بەشێوەیەكی ئاشكرا وەڵامی خۆی دایەوە، بەڵام ناوەرۆكی ئەو وەڵامـە كـەمـتر بەرپەرچی راسـتـەوخـۆ بوو بۆ كـارەسـاتی هـەڵەبـجـە، بەڵكو زیاتر وەڵامێكی گشتی بوو بۆ بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لەلایەن رژێمی عێراقیـەوە لەكاتی جەنگی عێراق و ئێراندا .

چەندبارە كردنەوەی بەكارهێنانـی چەكی كیمیـاوی و فرۆشـتنی كەرەسـەی خاوی ئەم چەكە لـەلایەن وولاتـانی رۆژئـاواوە كـــە دۆســـتـــایـەتیـــان لـەگـــەڵ عـــێـــراق هـەبوو، بـووەمـــایـەی مـشـوورخـواردنێكی جیـهـانی، چونكە ئـەو كارە شـكاندنی ئەو بەنـدانەبوو كـە لە پرۆتۆكـۆڵی ١٩٢٥دا لەدوای جەنگی جیهانی یەكەم، سـەبارەت بە قەدەغەكردنی چەكی كیمیـاوی هـاتبوون. لەئاكامـی ئەو مـشـوورخـواردنـەدا لەسـاڵی ١٩٩٣دا كـۆبونەوەیەک لەسـەر بەكـارهـێنانی چەكی كیمیـاوی كرا و لەساڵی١٩٩٧دا بەتەواوی قەدەغەكرا . لەڕاستیدا ئەمـە لە خودی خۆیدا چەندە پێشكەوتنێكی پۆزەتیڤانەبوو، بەڵام كوردەكانی عێراق هیچ سودێكیان لێوەرنەگرت. پێـویستی خـەڵكی كورد بۆ یارمەتـی جیـهـانی لە بەهـاری ١٩٨٨دا بوو، بەڵام بە داخـەوە پێیـاننەگەیشت. لەراستـیدا زلهێزەكان لە جـەنگی عێـراق و ئێراندا هـەمـوویان پشـتگیـریان لە عێـراق ئەكـرد.

سەرباری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ڕژێمی عێراقی ڕژێمێکی داپلۆسێنەر و سەرکوتکەریشە. وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە نهێنیش یارمەتی ئێرانی ئەدا، ئەویش بەهۆی «ئێران-کۆنترا»وە ئاشکرابوو. ئەمەریکا ئێستا لە ژێر ئەو بارەدا ئەنالێنێ کە بەسەر شانیەوەیەتی، بەهۆی دیلەکانی ئەمەریکا لە ئێران و لەدەستدانی یەکێ لە نزیکترین دۆستەکانی لە ناوچەکەدا. لە کاتی جەنگەکەدا و لە دوای جەنگیش هەموو ئەو وولاتانە بەرخوردێکی دوژمنانەیان بەرامبەر ئێران هەبوو، یارمەتی ئابوری عێراقیان ئەدا. هەروەها سۆڤیەتیش یارمەتی عێراقی ئەدا هەر وەک زۆربەی وولاتە ئەوروپیەکان و زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکانیش. ئەم یارمەتیە کە بریتی بوو لە یارمەتی دراوی و ئابوری و سەربازی، کارێکیکرد زلهێزەکان چاوی خۆیان لە ئاستی ئەو راستیانەدا کە باسمانکردن بنوقێنن و زیاتر لایەنە بازرگانیەکانی خۆیان لە بەرچاوبگرن. بۆنموونە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندی ڕەسمی دپلۆماسی لەگەڵ عێراقدا بەستەوە، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە کە عێراق باشترین ناوچەی دەسەلاتە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئێران و ڕێگایەکیشە بۆ پەترۆڵ لە ناوچەی کەنداو. یەکێ لە هەرە گرنگترین یارمەتیەکانی ئەمریکا بۆ عێراق بریتیبوو لە بەخشینی بلیونەها دۆلار وەک قەرز بۆ مەسەلەی کشتوکاڵ و بەرهەمی پیشەسازی.

عێراق لە نێوان ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٨دا، بایی ٢.٨ ملیارد دۆلار بەرهەمی کشتوکاڵی کڕی و لە ١٩٨٩دا «دوای کارەساتی هەڵەبجە»ش، وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێژەی قەرزەکەی تا یەک ملیارد دۆلار بۆ عێراق زیادکرد. بەم شێوەیە عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤ تا ١٩٨٨دا نزیکەی ٤ ملیار دۆلاری لە ئەمریکا وەرگرتووە، وا دەریشئەکەوێ کە یارمەتی ساڵانە لەو ڕۆژگارەدا بۆ عێراق دووبەرابەر زیادکراوە. لەکاتێکدا ئەمەریکا ڕێگای ڕەسمی بۆ یارمەتی عێراق بە درێژایی جەنگی ئێران ـ عێراق بە فرۆشتنی پێویستیە سەربازیەکان و پشتگیریکردنی کردبۆوە، لە ساڵی ١٩٨٥دا جارێکی تر ڕازیبوون بە فرۆشتنی ٤٥ هەلیکۆپتەری بێڵ بە عێراق کە گوایە بۆ مەبەستی گواستنەوەی مەدەنی بەکاردێت. لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٨دا دوای تەواوبوونی ئەنفالەکان ڕۆژنامەنووسەکان ئەو فرۆکانەیان بینیبوو، فرۆکەکان بە ڕەنگی سەربازی ڕەنگ کرابوون و ئەفسەری عێراقی شۆفێریان بوون.

هەرچەندە ڕاپۆرتی ساڵانەی «مافی مرۆڤ» کە لەلایەن حکومەتی ئەمریکیەوە دەربارەی تاوانەکانی ڕژێمی عێراقی بە دوورودرێژی ئەو ڕاسییانەی ڕوونکردەوە، کەچی بەدرێژایی هەموو ئەو کاتانە ئەمەریکا بێدەنگبوو لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەناو عێراق خۆیداو لە جەنگەکەیدا دژی ئێران. کاربەدەستانی ئەمەریکی بالۆرەی ئەوەیان لێئەدا کە یارمەتیدانی

عێراق پێویست بووە و هیچ جۆرێ لە گۆڕانکاری یاخود فشارهێنان بۆ عێراق بۆ گۆڕانکاری پێویست نەبووە. لەوەش خراپتر، سەرباری ئەو هەموو ڕەخنانەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکی کە لە عێراقی ئەگرت سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨دا لە بادینان، ئەمەریکا هەتا شەش مانگ دوای هەڵەبجە و چەند ڕۆژێک دوای تەواوبوونی ئەنفال، قەرزەکانیان بۆ عێراق بۆ ساڵەکانی داهاتوو دووبەرابەر کرد. بەم کارەیان ئەوەیان پیشانی عێراق دا کە مەسەلەی مافی مرۆڤ لەناو خۆدا و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەشێک نین لە ئەرک و ئیلتیزامەکانی عێراق بەرامبەر ئەمەریکا. ئەمە خۆی لەخۆیدا تاوانێکی گەورەیە، نەک هەر لەسەر شانی عێراق، بەڵکو لەسەر شانی ئەوانەش کە عێراقیان هانداو «لەجیاتی مستەکۆڵەیەک، چنگێ دۆلاریان دایە». دوای ئەمەش بە ساڵێک کاربەدەستێکی ئەمەریکی، بەبێ ئەوەی مافی مرۆڤ ڕەچاوبکات، گووتی: «عێراق وولاتێکی گرنگەو توانایەکی گەورەی هەیە. ئێمە ئەمانەوێ پەیوەندیەکانمان لەگەڵ عێراقدا قووڵتر و بەربڵاوتر بکەین». دە مانگی نەبرد دوای ئەم گووتارەئەو عێراقەی ناوچەی نفوزی ئەمریکا بوو بۆ دژایەتی ئێران و دەسەڵات بەسەر کەنداودا، هێرشیبردە سەر «کوێت» و داگیریکردو بوو بە بەربەستێ لە ڕێگای وولاتانی ڕۆژئاوادا بۆ گەیشتن بە پەترۆڵی ناوچەکەو جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ی خوڵقاند.

راپۆرتێکی "Midel East Watch" دەربارەی سیاسەتی ئەمریکی، بەناوی «مافی مرۆڤ لە عێراقدا» کە ئەو زانیاریانەی سەرەوەی لێ وەرگیراوە، ئەوە ڕوونئەکاتەوە کە «ئەمەریکا یارمەتی بەربڵاوی عێراقی داوە و بەهیچ شێوەیەک نیازی ئەوەیان نەبووە عێراق بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرپێچیکردنی مافە نێودەوڵەتیەکان سزابدرێت». چاوپێخشانێکی خێراش بەسەر سیاسەتی وولاتە ڕۆژئاواییەکان و جیهانی عەرەبیدا ئەوە پیشانئەدات کە ئەوانیش لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا، یارمەتیەکی بێمەرجی عێراقیان داوە.

کۆمپانیا تایبەتیەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتیش چەکی تەکنەلۆژی و سەربازی و پارچەی چەکی کیمیاوی و بیۆلۆژیان بە عێراق فرۆشتووە. ئەمانە هەمووی هێزی سەربازی ڕژێمی بۆ بەکۆمەڵ لەناوبردنی خەڵک زۆر گەورە و بەهێزکردوە، بەشێوەیەک کە ئێستاش ساڵەهایە "UNSCOM" لەگەڕان و پشکنینی ناو عێراق بەدوای چەکە کیمیاوی و نێترۆنی و بایۆلۆژیەکاندا هێشتا هەر تەواونەبووە. ئەو هەموو یارمەتییە بەربڵاوە بۆ ڕژێمی عێراقی لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا و بێدەنگی لە هەموو ئەو تاوانە دڕندانەی ڕژێم لە جەنگی ئێران و جەنگی

دژ بە کوردا کردویەتی، «هەرچەند کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەموو زانیاریەکیان هەبووە»، وادەکات ووشەی هاوبەشەتاوان پڕ بەپێستی ئەو بێدەنگیەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت سەبارەت بە بێدەنگبوون بەرامبەر تاوانی هەڵەبجە و بەدواشیدا جینۆسایدی کوردی.

ئەو وولاتانەی کە رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە یارمەتیدانی عێراقدا، بەشێوەیەک لە جەنگی ئێراندا پەیوەستی عێراق بووبوون، بەهیچ شێوەیەک هەنگاوێکیان دژ بە عێراق نەنا، کاتێک ئیدی بۆ هەمووان ئاشکرابوو کە رژێمی عێراقی بەئاشکرا مافی مرۆڤی پێشیلدەکرد. لەمەش خراپتر، ئەم هاوبەشەتاوانە کاریگەری نێگەتیڤی لەگەڵ خۆیدا هێنا چ بۆ میللەتی عێراق خۆی و چ بۆ دەستورو یاسای نێودەوڵەتی، بۆ بەربەستکردنی روودانی جینۆسایدێکی تر لە هەر شوێنێکی تری دونیادا.

**چەند بەرئەنجامێک بۆ بەربەستکردنی روودانی جینۆساید**

هەموو ئەو هەولانەی دراوە بۆ ئەوەی تاوانبارەکانی جینۆسایدی کوردیی راپێچبکرێن بۆ دادگا، تائێستا هیچ ئەنجامێکیان بەدەستەوەنەداوە. "Human Right Watch" کە خاوەنی ئەو هەموو زانیاریانەیە و بەڵگەی بێشوماریان لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و سیاسەتی عێراق لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا هەیە، تائێستا پشتگیری نێودەوڵەتیان بۆ نەڕەخساوە کە بتوانێ تاوانی جینۆسایدی کوردیی بە رەسمی لەلایەن دادگای نێودەوڵەتیەوە لە «لاهای» پایتەختی هۆڵەندا لێیبکۆڵرێتەوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتی ئەمەریکی لە١٩٩٥ دا ئەوە ئەسەلمێنێت کە:

١- ئەم کارە پەیوەنی راستەوخۆی بە جینۆسایدەوە هەیە.

٢- لەسەر بناغەی هەبوونی بەڵگەی تەواو ئەتوانرێ داوەریکردنەکە ببرێتەوە.

لە کاتێکدا حکومەتی ئەمەریکی لە ساڵەکانی ١٩٩٣-١٩٩٢دا نزیکەی هەژدە مەترسێجا لەو دۆکیومەنتانەی ئیستیخباراتی عێراقی بەردەستکەوت و گواستیەوە بۆ ئەمەریکا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، وەزیری دەرەوەش «وارین کریستۆفەر» لەساڵی ١٩٩٥دا لە گوتارێکدا پشتگیری لەوە کرد کە مەسەلەکە بخرێتە بەردەمی دادگای نێودەوڵەتی، بەلام تا ئێستا هەر قسەبووە و نەبۆتە کردەوە.

بەلام داخۆ دەبێت چ پەیامێک بگەیەنرێت؟ لەدوای ئەنفالەوە دوو جینۆسایدی تر روویانداوە «لە بۆسنە ولە روەندا»، لەکاتێکدا بارودۆخ لە «کۆسۆڤۆ» بەرەو خراپی ئەڕوات و ناوچەی دەریاچە گەورەکانی ناوارِاستی ئەفەریقا بەرەو شلەژان و تێکچوون ئەچێ. بەڵگەی بەهێزمان

بەدەستــــەوەیە کــە ئەو دوو جـــینۆســـایدەی لە دوای جـــەنگی ســـاردەوە روویاندا، دەکــرا بەربەســـتــبکرانایە و نەهێـڵـرایە رووبدەن. هەروەها دەکرێت جـینۆســـایدەکــانی ئایندە بەربەستبکرێن.

بەڵام ئەم بەربەستکردنانە تەنها لەکاتێکدا ئەتوانرێ پیادەبکرێن، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زەنگی مەترسیەکان پێش روودانیان ببیستێ و وویستی سیاسی پێویست بۆ بەربەستکردن نیشانبدات و لەم ڕووەوە کاری پێویست جێبەجێبکات، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە ئەکتەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشداربن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا، جاچ لە رێگای یارمەتیدانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی رژێمە تاوانبارەکانەوە بێت، یاخود بەهۆی بێدەنگبوونەوە لەو تاوانانە، ئەو کاتە هەلی بەربەستکردنی دووبارەبوونەوەی تاوانی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی زۆر پچوکە.

# عێراق: ئۆتۆنۆمییە کۆمەڵایەتییەکان

**نووسینی: سامی زوبەیدە**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەریوان وریا قانیع**

ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست توانیویانە پرۆژە تۆتالیتێرییەکانیان سەقامگیرکەن لەرێگای هەوڵدان، زۆر جاریش هەوڵدانی سەرکەوتوو، بۆ کۆنترۆڵکردن و فشارهێنانە سەر یاخود لەخۆداتواندنەوەی هەموو بنەماکانی ئۆتۆنۆمبوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان. ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان، وەک عوسمانیەکان و قاجاریەکان، چەندە بەهێز و ستەمگەریش بووبن هێشتا نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی تەواوی هێز و توانا و سەربەخۆیی خێڵەکان، سێنتەرە ئایینیەکان، دەسەڵاتە ناوچەییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی خانەدانەکان بکەن. کە ئەمەشیان بۆ نەدەکرا ناچار هەوڵی ئەوەیان دەدا لەگەڵیان ڕێکەون و پەیمانیان لەگەڵدا ببەستن.

تەکنۆلۆژیای نوێی شەڕ و هۆیەکانی گواستنەوە و ئامرازەکانی پەیوەندی و شێوازی ڕێکخستنی نوێ هەولی ئەوەیان بۆ دیکتاتۆر و ستەمگەرەکان ڕەخساند تادێت زیاتر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەموو ڕووکارە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکانیاندا بسەپێنن. تورکە لاوەکان، کەمال ئەتاتورک، ڕەزاشا، هەموویان پرۆژەی سەرەکییان بریتی بوو لە ڕکێفکردن و لەناوبردنی سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی خێڵەکان و دەسەڵاتە ئایینییەکان. بە سێنترالیزەکردنی دەسەڵات وکۆنترۆڵکردنی هێزە جیاجیاکان ئامانجی سەرەکی هەرهەموویان بوو. بێگومان سێنترالیزەکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان ئەو ئامرازانەن کەهەموو پرۆسەیەکی بنیادنانی دەوڵەتی ـ نەتەوە لەهەرشوێنێکی دنیادا پێویستی پێیەتی و بەکاریشیدەهێنێت. بەڵام ئەم پرۆسەیە لە ئەوروپادا وەک دەرەنجامی خەباتو بەیەکدادان و ململانێی سیاسی و چینایەتی، کە هاوشانبوو بەهاتنەکایە و لەدایکبوونی چەندان دەزگا و دامەزراوی نوێی سەربەخۆبوونی کۆمەڵایەتی، بووە هۆی ئەوەی لەم کۆمەڵگایانەدا جۆرێک لە فرەدەسەڵاتی «پلورالیزم» و هاوسەنگی و چاودێری کۆمەڵایەتی بێتەکایەوە.

لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا چەنداندەزگا و دامەزراو و پرۆسێسی دروستبوونیدەزگای سەربەخۆی دیکە لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەک میسر، عێراق، سوریا، لوبنان و تورکیا لەئارادابوون. بەڵام لەنیوەی دوهەمی ئەم سەدەیەدا هەموو ئەو دەزگا سەربەخۆیانە لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆریە میلیتاریەکانەوە پەکخران و وێرانکران، لەوانە تەنها لوبنان و تورکیایان لێدەرچێت.

لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا قسە لە مەسەلەی دیموکراتیزەکردن دەکەین، دیموکراسیەتێک کە ڕاستەوخۆ بناغە کۆمەڵایەتیەکانی بەستراوەتەوە بە گووتارێکەوە دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەمەش مەسەلەی سەربەخۆبوونی کۆمەڵایەتی هێزە جیاجیاکان لە ڕژێمە حاکمەکان و مەسەلەی بوونی زیاد لە سێنتەرێک بۆ دەسەڵاتی بە توندی هێناوەتە کایەوە. بەڵام لەناو ئەم دۆخە نوێیەدا عێراق دۆخێکی زەحمەت و پڕکێشەو ناڕەحەتیە.

**دەوڵەتی ـ نەتەوەی عێراقی: قۆناغی لیبرالیزم**

ڕژێمی پادشایی لەعێراقدا، کە بە کودێتایەکی سەربازی لەساڵی ١٩٥٨ دا کۆتاییپێهات، ڕژێمێکی دیموکراتی ڕاستەقینەنەبوو. هەم پەرلەمان و هەم پارتە سیاسیەکان و هەم هۆیەکانی ڕاگەیاندن بابەتی سەرکوتکردن و بەکارهێنانی تایبەتبوون لەلایەن ڕژێم و لەلایەن هێزەکانی دیکەشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ڕژێمی پاشایەتی لەڕژێمی ئێستا جیادەکردەوە هەمان ئەو ڕاستیەیە کە سەردەمی پادشایەتی کۆمەڵی هێزی دیکە هەبوون کە کێبڕکێی دەسەڵاتدارانیان دەکرد. ڕژێمی ئینتیداب و کۆنترۆڵی بەریتانی لە عێراقدا بەردەوام لە بەرامبەر دەسەڵاتی پادشاییدا ئەوەیان مسۆگەرکردبوو کە هەمیشە هێزی دیکە لەئارادابن. خێڵەکان گەرچی بەبۆنەی پرۆسەی مۆدێرنیزەوە تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕابوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆری سەرۆکخێڵەکان لەڕێگای ملک ومالّ و بوونی دەسەڵاتێکی چەکدارانە بەسەر ناوچەکانی خۆیاندا هێزو قورسایی خۆیان پاراستبوو. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی لای خێڵە عەرەبەکان لە خواروی عێراق وسەرەکخێڵ و ئاغا کوردکان لە ناوچە کوردیەکاندا دەردەکەوت. بەتایبەی ئەو سەرەک خێڵ و ئاغا کوردانەی بە قازانجی دەسەڵاتی حوکومەت و دژ بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بەکاردەهێنران .

دەسەڵاتی ئایینیی شیعەکانیش «واتە مەرجەعیەت» لە نەجەف و کەربەلا کە لە سەراتاکانی ئەم سەدەیەدا تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆبوون و لە جەوهەردا زیاتر لە شار ـ دەوڵەتی سەربەخۆ دەچوون، تاڕادەیەکی زۆر لەناو دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقیدا کەمکرابوونەوە،

بەڵام هێشتا هەر ناوەندێکی گرنگی نفوز و دەسەڵاتی سەربەخۆبوون. دەسەڵاتی بەریتانی لە سەردەمی پادشایەتیدا هەم پادشا و هەم حکومەت، هەم شێخەکان و هەم ئاغاکان و هەم دەسەڵاتە ئایینیەکانی بەجۆرێک بەکاردەهێنا کە هیچیەکێ لەمانە نەتوانێت زیاد لەپێویست دەسەڵاتی هەبێت و توانای دەستبەسەراگرتنی ئەوانیدیکەی هەبێت. بێگومان هیچ یەکێ لەم هێزانە نە لیبرال بوون و نە دیموکرات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەرهەموویان لەناوخۆی خۆیاندا گروپی دەسەڵاتگەربوون و سەرکردەکانیان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەیان بەسەر ئەندامەکان و ڕەعیەتەکانیاندا هەبوو.

شتێکی ئاشکرایە بابەتی سەرەکی تیورە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بریتییە لە مەسەلەی ئازادکردنی تاکەکان لە کۆنترۆڵ و چاودێری بەردەوامی ئەو پێکهاتە تەقلیدیانەی باسمانکردن، لە ڕێگای پرۆسەی بە فەردانیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگای نوێوە، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا مەسەلەی بوونی زیاد لە سێنتەرێک بۆ دەسەڵات کەهیچیان توانای کۆنترۆڵکرردنی هەموو شتەکانی نەبێت، هەلی ئەوەی ڕەخساندبووچەندان پانتایی لەنێوان ئەم دەسەڵاتانەدا دروستببێت کە بەهۆیەوە «مەجالی گشتی»سیاسەت و فەرهەنگ و چەندان گووتار بەمانا مۆدێرنەکەی دوستببێت. ڕاستە زەبروزەنگی پۆلیسی و پیلانی سەربازی و سیاسەتی خێڵەکیانە کۆتایی پێنەهاتبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا دەمانبینی حیزبی سیاسی دروستدەبن، دەزگاو ڕێکخراوی مەدەنی دێنەکایەوە، میدیایەکی زیندوو ڕەخنەیی، ژیانێکی کەلتوری بە بڕشت دروستدەبوون. زۆربەی ئەمشتانەش سەر بەیەکێک لە سێنتەرەکانی دەسەڵات بوون، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە دەسەڵات زیاد لە سێنتەرێکی هەبوو ئیدی مەودای ئەوە ڕەخسابوو ئینسان بتوانێت توانای هەڵبژاردنی هەبێت.

باشترین نمونەیەک ئەم دۆخەمان بۆ ڕوونبکاتەوە ژیان و ئاکاری شاعیری عێراقی محەمەد مەهدی جەواهیریە کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٦ دا مردوە. شیعرەکانی ئەم شاعیرە ڕەنگی هەموو ئەو ساتەوەخت و قۆناغە گرنگانەی هەڵگرتووە کە مێژووی نوێی عێراق بەخۆیەوە دیوە. جەواهیری لەخێزانێکی خانەوادەی نەجەفیدا لەدایکبووبوو کە خاوەنی بەهرەیەکی دینی و ئەدەبی بوون. هەر لەمناڵیەوە توانا و بەهرە ئەدەبیەکەی شوێنی سەرنج و تێڕامان بوو. جەواهیری لەنەجەفەوە چوو بۆ بەغداد بۆئەوەی لە سیستەمی پەروەردەی نەتەوەیدا وەک مامۆستا وانە بڵێتەوە و کاربکات. جەواهیری توانی لەڕێگای نفوز و دەسەڵاتی نەجەفیەکانەوە وەک مامۆستا دابمەزرێت، بەڵام فەرمانی دامەزراندنەکەی دەبوایە لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی ئەوکات «ساتیع حوسەری »ەوە

ئیمزابکرێت. ساتیع ئیدیۆلۆژیستێکی ناسیۆنالیست بوو تا بڵێی دوودڵ و بەگومانبوو بەرامبەر بە شیعەکان و پێیوابوو ئەم شیعانە پیاوی ئێرانن و دژ بە عەرەبیزم. چەند مانۆڕ و پیلانێک لەنێوان «ساتیع حەسەری» و وەزیری پەروەردەدا، کە ئەویش پیاوێکی شیعە بوو، بووە هۆی ئەوەیجەواهیری واز لەئیشەکەی بهێنێت. دوای ئەمە پیاوە خاوەن نفوزەکانی نەجەف لە بەغداد جەواهیریان هێنایەپێشەوە و ناساندیان بەو ناوەندە سیاسیەی لەئارادا بوو بە خودی مەلیک خۆشیەوە. مەلیک،جەواهیری ئەوەندە بەدڵدەبێت لە کۆشکی مەلەکی دایدەمەزرێنێت. ئەم هەنگاوەی مەلیک بەشێوەیەک لەشێوەکان هەوڵدانی دەسەڵاتدارانی نوێ بوو بۆ دەمجکردنی شیعەکان لەناو دەوڵەتی عێراقیدا، بەتایبەتی بۆ کەمکردنەی دوژمنایەتی شیعەکان بۆ دەسەڵاتی مەلیک کە لەچەند ناوەندێکی شیعیدا لەئارادابوو.

لەکاتی کارکردنیدا لە کۆشکی مەلەکی جەواهیری هەر بەردەوامبوو لەسەر چالاکیە ئەدەبیەکانی و بەیارمەتی مەلیک ڕۆژنامەیەکی نوێی دەرکرد. پاش ئەوە جەواهیری لە هەڵوێستی پیاوە ئایینیە شیعەکانی نەجەف کە نایەنەوێت و ناهێڵن قوتابخانەیەکی کچان لە نەجەفدا بکرێتەوە، توڕەدەبێت و شێعرێک بە ناونیشانی «کۆنەپەرستەکان» دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەنوسێت. لەم شیعرەدا جەواهیری هێرشێکی ڕاستەوخۆ دەباتە سەر پیاوانی ئایین. ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی کاردەنەوەیکی زۆر قورس لەلایەن پیاوە ئایینیەکانەوە دژ بە مەلیک. لەڕاستیدا جەواهیری توانی ئەم هێرشە بکاتە سەر نەجەفیەکان کە خزم و کەسوکاری خۆیبوون چونکە کەس و لایەنی دیکە هەبوون بتوانن داکۆکیلێبکەن و بیپارێزن. دوای ئەمە جەواهیری کۆشکی مەلەکی بەجێدەهێڵێت و ژیانی خۆی بۆ ئەدەب و ڕۆژنامەگەری تەرخاندەکات، ئەمەش تەنها لەپاڵ یارمەتی و داکۆکی لایەنێک لەو لایەنە دەسەڵاتدارانەدا دەتوانرابکرێت کەلەوکاتەدا هێز و تواناو نفوزیان هەبوو، لە حکومەتەوە بیگرە بۆ دەسەڵاتی سێنتەرە ئایینیەکان، تەنانەت دەسەڵاتی شێخە فیوداڵە نفوزدارەکانیش.

کارو نوسین و کردەوەکانی جەواهیری تادەهات ڕەخنەگرانەتر و بەرگریکەرانەتر دەبوو، ئەو باسی فەسادی ئیداری، بەرتیل، هەژاری، حوکمی خراپ و ئیمپریالیزمی دەکرد. لەهەمانکاتدا تادەهات نزیک و نزیکتر دەبوەوە لە پارتی تازە دامەزراوی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی چەپ لەعێراقدا. ئەوەبوو دواجار ڕۆژنامەکەی داخراو خۆشی چەندجارێک گیرا، بەڵام هەموو جارەکان بەبۆنەی پەیوەندیەکانی خۆیەوە ئازاددەکرا. دوای شۆڕشی ١٩٥٨ جەواهیری لەلایەن قاسمەوە ڕێزێکی زۆری لێنرا، بەڵام دواجار بەینیان هەر تێکچوو. لەوکاتەوە، جگە لە ماوەیەکی کەمنەبێت لە ١٩٦٨ دا، جەواهیری هەموو ژیانی لە تاراوگە بردەسەر، لەنێوان دیمەشق و پوراگدا.

لەم نمونەیەی جەواهیریدا ئێمە دروستبوونی «مەجالیێکی گشتی» دەبینین کە هەڵگری کولتورێکی سیاسی وئەدەبییە و لەهەمانکاتدا شێوەی دەزگا و دامەزراوی گرتۆتەخۆی. ئەم مەجالە سەرەڕای ئامادەبوونی ڕژێمێکی سەرکوتکەر کەچی دەیتوانی بەشێوەیەک لەشێوەکان بمێنێتەوە. ئەمە بێگومان پەیوەندی بە بوونی زیاد لە سێنتەرێکی دەسەڵات وزیاد لە هێزێکی کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە لەو ڕۆژگارەدا لە ئارادابوون، گەرچی ئەم هێزانە لە جەوهەریاندا نە لیبرال بوون نە دیموکرات.

میسری بەر لە «عەبدولناسر» نمونەیەکە زیاتر ئەم گریمانەی ئێمە دەسەلمێنێت: بوونی چەند سێنتەرێکی دەسەڵات لەنێوان، دادگا، کۆمیسیۆنی باڵای ئینگلیزەکان و ئەو هێزە سیاسیانەی لەژێر هەیمەنەی حیزبی وەفددا بوون، هەروەها بەهێزکردنی ئەم سێنتەرانە لەلایەن چینی موڵکدارە گەورەکان و ئەوکاپیتالیزمەی تازە پێیدەگرت، ئەو زەمینەیەی هێنابوەکایە کە تێیدا دروستبوونی مەجالی گشتی، دروستبوونی پلورالیزمێکی سیاسی و دروستبونی ژیانێکی ڕۆشنبیری وچاپەمەنیەکی گەشەکردوو بەرقەراربوو. لەو ڕۆژگارەدا لەباتی چەوساندنەوە و بێدەنگکردنی بەردەوام چەوساندنەوە و بێدەنگکردنی کاتی لەئارادابوو.

ئێران لە ساڵی ١٩٤١ـەوە، دوای لابردنی ڕەزا شا، تا ئەو کۆدێتا سەربازیەی موسەدەقی لابرد، نمونەیەکی دیکەی ئەم مەسەلەیەیە، نمونەی دروستبوون و گەشەکردنی مەجالێکی سیاسی و ڕۆشنبیری چالاک لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتێکی نیوەـ کۆلۆنیاڵیدا.

ڕژێمەکەی قاسم

ئەو سەردەمە سەردەمێکی بێوێنەیە لە مێژووی عێراقدا، لەڕاستیدا لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا. لەباتیدەوڵەتی وەحشیانەی تۆتالیتاریی ناسری، کایەکی سیاسی بێوێنە لە عێراقدا، گەرچی هەندێ جار تەنها فەوزایەک بوو، لەئارادابوو. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی بوونی ئەم دۆخە لەوەدابوو کە ئەفسەرە ئازادەکان لەناوخۆیاندا یەکنەبوون، ئەمەش چەندڕەهەندی و فرەسێنتەری دەسەڵاتی هێنابووە کایەوە، قاسم خۆی پیاوێکی تەنیابوو کە دەیویست کۆمەکی هێزە میلییەکان لەخۆی کۆبکاتەوە، ئەو کۆمەکەی لەلایەن کۆمۆنیستەکان و چەپەکانەوە ڕێکخرابوون و کۆکرابوونەوە. ئەگەر ئەم هێزانە زۆر بەهێز بوونایە قاسم هەوڵیئەدا سەرلەنوێ تەرازوی هێزەکان لەنێوان ئەمان و ناسیۆنالیستەکاندا ڕاگرێت، بەڵام ئەم سیاسەتە هەندێک جار بە دەرەنجامێکی تراژیدیانە دەگەشت وەک ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ و ساڵی ١٩٦١ لە موسڵ و لە کەرکوک.

لەو کاتەدا کە هێزو سێنتەرە تەقلیدیەکانی دەسەڵات سەرلەنوێ خەریکبوون ڕیزدەکرانەوە «سەردەمانی ریفۆرمی زەوی، هێرشبردنە سەر کۆڵەکەکانی ڕژێمی کۆن» لەهەمانکاتدا هێزە ئایدیۆلۆژیەکانی کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزم لە دروستبووندابوون. بەحوکمی ئەوەی هەریەکێک لەم هێزانەش باڵی تایبەتی خۆی لەناو لەشکردا هەبوو بۆیە ڕژێم نەیدەتوانی ئەم سیاسیانە کۆنترۆڵبکات، ئەمەش دواتر بووە هۆی بەرپابوونی توندوتیژیەکی زۆر وخوێناوی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قۆناغە هێشتا قۆناغی ڕێنیسانس، بووژانەوەی مەجالی گشتی، بوو لە عێراقدا، چ لەسیاسەتدا و چ لە ڕۆشنبیری و کولتووردا. هەم سیاسەت و هەم کولتوور بەتەواوی وابەستەی ئەو فرەسێنتەرییەی دەسەڵاتبوون کە لەوکاتەدا لەئارادابوو، بەتایبەتی فرەسێنتەری دەسەڵات لەناو لەشکردا کە وایکردبوو هەر دەستەیەو لایەن و هەوادارانی خۆی لەناو لەشکردا هەبێت. هەموو ئەمانەش لە پاڵ پشتگیریکردنی سەرکردایەتی دەوڵەت لەو فرە سێنتەرییە بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ قازانجی خۆی.

کۆتاییهاتنی خوێناویانەی ڕژێمەکەی قاسم و هێرش بۆ سەر چەپ بە مەبەستی لەناوبردنیان لە ساڵی ١٩٦٣ دا هیچکامیان نەبوونە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەتێکی ناسرییانە لە عێراقدا، دابەشبوونی سێنتەرەکانی دەسەڵات و بوونی زیاد لە گروهێکی دەسەڵاتدار لە عێراقدا هەر بەردەوام بوو ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەبوو لە پاراستنی ڕێژەیەکی دیاریکراوی چالاکی سیاسی و فەرهەنگیدا. هەردوو «عارف»ەکەش، عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان، هەوڵیاندا لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا ئاسایشی خۆیان لەڕێگای زیندوکردنەوەی هاریکاری و پەیوەندی خێڵەکی و ئاینیەوە بپارێزن: ئەمەش سەرەتای خۆڕێکخستنی خێڵە سونیەکانە لەناو لەشکر و هێزە دەزگا نهێنیەکاندا کە دواتر دەبنە دەسەڵاتی بالادەست لە عێراقدا. هەروەها ئەوەش کە گرنگە باسبکرێت ئەوەیە کە لە سەردەمی «عارف» دا زۆربەی ئەو گۆڕانە لیبرالیانەی لە سەردەمانی قاسمدا لە یاساکانی خێزاندا کرابوون، لەژێر فشاری ئاییندا، هەم فشاری سونی و هەم فشاری شیعی، لابران. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەری کۆنەپارێزانەی هێزە تەقلیدیەکان نیشاندەدات.

**ڕژێمی بەعس ١٩٦٨**

دەساڵی تەواوی برد تا ڕژێمی بەعس توانی هەیمەنەی تەواوەتی خۆی بسەپێنێت و سەرلەبەری بنەماکانی سەربەخۆیی کۆمەلایەتی و ئۆرگانە سیاسیەکان ویرانبکەن. بۆ ئەوەی ئەم هەیمەنەیە بسەپێنن سەرەتا دەستیانکرد بە لەناوبردنی ئۆرگان و دەزگاو دامەزراوەکانی

لایەنە چەپەکان «پارتی کۆمۆنیست». ئەمانە هەندێکیان لەسەرەتادا قەدەغەکران، وەک سەندیکا بازرگانیەکان، ئۆرگانەکانی قوتابیان، ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان. وەک هەموان دەزانین بەعس ئەمەی لەڕێی داوەتکردنی کۆمۆنیستەکانەوە کرد بۆ بەشداربوون لە بەرەی نەتەوەیی گشتی لە هەفتاکاندا، کۆمۆنیستەکان یەکێ لە بەشداریکەرە سەرەکیەکانی ئەم بەرەیە بوون. ستراتیژی بەعس بریتیبوو لە قەدەغەکردن، کۆنترۆلکردن و سەرکوتکردنی ئەو هێزە دەزگایی و ڕێکخراوەییەی کۆمۆنیستەکان هەیانبوو. کاتێکیش ئەم مەسەلەیەیان بەتەواوی جێبەجێکرد ئەوجا بە شێوەیەکی خوێناویکەم وێنە کە کاراکتەری ئەم ڕژێمە دیاریدەکات کەوتنە وێزەی کۆمۆنیستەکان و لایەنگر و دۆستەکانیان.

ئەو هەیمەنە سەرتاسەری و هەمەلایەنەی ڕژێمی بەعس لەژێر سایەی «سەدام حوسەین» دا بەدەستیهێنا کەم وێنەیە لە وڵاتەکانی ئەو ناوچەیەدا، لەهەمانکاتیشدا دەوڵەتی تۆتالیتاریانەی «ناسریزم»یشی تێپەڕاندبوو. بە بێ هیچ دوودڵیەک پارەی نەوت کە بۆ مەبەستی سیاسی و ئەمنی خەرجدەکرا، فاکتەرێکی چارەنوسساز بوو لەم سەرکەوتنەی بەعسدا. با تەماشایەکی ستراتیژیەتی بەعس بکەین لە پەیوەندیدا بە هێزە خێڵەکی و ئایدیۆلۆژیەکان و مەسەلەی هاریکاریەوە.

ئایدیۆلۆژیای بەعس، کە عەرەبیست و سۆسیالیست بوو بە ئاشکرایی دژی هێزە خێڵەکیە کۆنەپەرست و پاشکەوتووەکان و گروهە ئایینیەکان بوو. لە پراکتیکدا ڕژێم دوو ستراتیژی بەکارهێنا:

یەکەمیان کۆنترۆڵکردنی حوکومەت و کۆمەڵگا لە ڕێگای حیزبی بەعس و ئایدیۆلۆژیەکەیەوە، کە دواجار بووە ئامرازی سەرەکی ئینتیما و وەفاداری بۆ سەرکردایەتی بەعس، هەروەها ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی هاریکاری خێڵەکیانەی خێڵی تکریتی و هاوپەیمانەکانیان بەتایبەتی سێکوچکەکەی تکریت ـ ڕومادی ـ موسڵ لەناو لەشکر و دەزگا نهێنیەکاندا. ئایدیۆلۆژیا زۆر لەوە لاوازتر و دابەشکەرترە کە بتوانێت هاریکاری گروهێکی توندوتیژ و حاکمی لەسەر بنیادبنرێت، پەیوەندیە کۆنەکانی خوێن و چارەنووسی هاوبەش زیاتر شوێنی بڕواپێبوونن.

ئەو قازانجانەی بە تکریتیەکان درا لەسەرەتادا نەدەدرا بە خێڵەکانی دیکە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری ئەو خێڵانە بە هۆی چارەسەری مەسەلەی کوشتاکاڵەوە لاواز و پەراگەندە بووبون. بەڵام بەپێچەوانەوە کاتێک دەزگاکانی دەوڵەت و حیزب زۆربەی هەرەزۆری دەزگا مەدەنیەکان و ڕێکخراو و ناوەندە کۆمەڵایەکانیان وێرانکرد یاخود بەزۆر لەناو خۆیاندا تواندنیانەوە، ئەمە

بووە هۆی ئەوەی پاڵ بە خەڵکەوە بنێت بۆ ئەوەی جارێکی تر بۆ مەسەلەی ئاسایش و سەلامەتی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ پەیوەندیەکانی خزمخواهی و خێڵ و شێوەکانی دیکەی پەیوەندی دەستەیی لەدەرەوەی دەوڵەت و لەدەرەوەی حیزبدا. کارکردن، دۆزینەوەی ئیش و یارمەتی هەر هەموویان پشتیان بەو جۆرە پەیوەندیانە و زیندوکردنەوەیان بەستبوو بە تایبەتی لەکاتێکدا کە تادەهات دەسەڵاتی حیزب و ڕژێم بەهێزتردەبوو. لە هەمووڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پرنسیپەکانی پەیوەندی خزمخواهی و خێڵ وابەستەی ئەم میکانیزمەی دەسەڵاتن کە لەسەرەوە باسمکرد،«واتە دەوڵەت یان گروهی حاکم ئەم پەیوەندییانە سەرلەنوێ بنیاددەنێتەوە و بۆ مەبەستی بالادەستی خۆی دەیان پارێزێت ـ مەریوان ـ» نەک خاسیەت یان جەوهەرێکی نەگۆڕ کە زۆرجار بە ناهەق ئەم کۆمەڵگایانەی پێ تاوانباردەکرێت. ئەمانە بەرهەمی ئەو پرۆسەیەن کە لەسایەی ڕژێمە چەوسێنەرەکاندا دروستدەبێت. ئەم میکانیزمە لەهەمانکاتدا لە قازانجی ئەو ڕێکخراو و ناوەند و تۆڕە ئایینیانەدایە کە زۆرجار ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ نابنە بابەتی چەوساندنەوە و بێدەنگکردن. بەڵام لە عێراقدا بە پێچەوانەوە ئۆرگان و دەزگای دینی شیعەکان ڕاستەوخۆ خرانە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری و سەرکوتکردنێکی بەردەوامەوە. هەر لە گرتن و کوشتنی زانا دینیەکانەوە بیگرە تا دەستگرتن بەسەر سەرچاوە و دەرامەتی ئەو دەزگایانەدا. ئەم مەسەلەیەش دەرەنجامی دوژمنایەتی دەستەگەری نییە،بۆ نمونە شەڕی سونە و شیعە وەک واباوە باسبکرێت، بەڵکو هێرش بۆسەر ئەم دەزگا دینیانە هێرشبوو بۆسەر ئەو تاقە دەزگا سەربەخۆیانەی کە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ڕژێمدا نەبوون و خاوەنی مورید و دەرامەتی سەربەخۆی خۆیان بوون. سەرنەکەوتنی سەدام لەوەدا کە دەستنیشانی ئەوەبکات کێ ببێتە مەرجەعی شیعەکان لەو ڕاستییەوە هاتووە کە سەدام نەیدەتوانی کۆنترۆڵی ئەو شیعانە بکات کە لەدەرەوەی عێراقدا دەژیان، ئەو شیعانەی ئەو مەرجەعییەتەیان قبووڵنەدەکرد کە سەدام دایدەنا.

**ڕژێم دوای شەڕی خەلیجی دووهەم**

گۆڕانێکی گرنگ دەربارەی ئەو گریمانەیەی کە ئێمە لێرەدا پێشنیارمانکردوە بریتیە لە لاوازبوونی حیزبی بەعس وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی و

کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە هەردوو ناوچە پڕ کێشەکەی خوارو سەروی عێراقدا. چونکە حیزبی بەعس لەم دوو ناوچەیەدا نەیدەتوانی ببێتە ئامرازی کۆنترۆڵی سەرەکی بۆیە ڕژێمی عێراقی تا دەهات زیاتر پشتی بە پەیوەندیە خێڵەکیەکان دەبەست لە مەسەلەی دابینکردنی

ئاسایشی خۆیدا. سەدام بەهەمانشێوە خێڵەکانی هەم لە خوارو هەم لەسەروی عێراقدا جارێکی دیکە زیندوکردەوە بەمەبەستی بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی خۆی و پەیداکردنی یارمەتی بۆ رژێمەکەی.سەدام سەرلەنوێ ئاغا و شێخە کۆنەکانی بەکارهێنایەوە، هەندێک لە زەویوزارە کۆنەکانی پێبەخشینەوە و لێشگەڕا کە چەکداری تایبەتی خۆیانیان هەبێت. بێگومان ئەمەش سەرلەنوێ بینادنانەوەی خێڵگەراییە، کە بەهۆی مەسەلەی ریفۆرمی زەوی و سینترالیزەی دەسەلات و مەسەلەی مەدەنیەتەوە لاوازبووبوو. لەمەسەلەی نیشتەجێبوون و مەسەلەی ناکۆکی و دەمەقاڵەی ناوخۆدا یاساکانی خێڵ جارێکی دیکە زیندوکرانەوە و خرانەوەگەڕ، تەنانەت لە شارەکانیشدا، حکومەت لەمەسەلەی نیشتەجێکردندا وازی لەیاسا تایبەتەکانی نیشتەجێبوون هێنا.

کارێکی زەحمەتە بزانین و لەوە دڵنیابین چ دەسەلات و چ یارمەتیەک بۆ ئەو سەرۆک خێڵ و شێخانە بەجێهێڵران، بەڵام بێ هیچ گومانکردنێک رژێم هەم دەسەڵاتی بەم سەرۆکخێڵ و شێخانە دا هەم یارمەتیشیدان خۆیان چەکداربکەن و دەسەڵاتیان زیادبکەن. ئەو تەبریرە ئایدیۆلۆژیایەی کە ئەم بادانەوە بەعسیانەی دادەپۆشی بەناوی بەرگریکردنبوو لە بەهای کەلەپوری و رابوردووی عەرەب، ئەو کەلەپورەی کە هاریکاری خێڵەکی و مەسەلەی شەرەف رۆڵی هەرەسەرەکی تێیدا دەگێرن.

**خێڵگەرایی و کوردەکان**

مەسەلەی خێڵگەرایی و کۆمەڵگای کوردی مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە و من لێرەدا ناتوانم بەشێوەیەکی تەواو لەم مەسەلەیە بدوێم. ئەوەی کە لێرەدا دەبێت بەتەواوی ئاشکرابێت ئەوەیە کە یەکێ لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی هێشتنەوەی رەگوریشەیخێڵەکیانەی رێکخراوە سیاسیەکان رێگرتنە لەدروستبوونی ئۆرگان و دەزگا سەربەخۆکانی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەو ئۆرگانە مەدەنیانەی کە بنەمای دروستبوونی دەوڵەتی ـ نەتەوە دەخولقێن. لەهەموو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئەوەی نەتەوە دروستدەکات خودی دەوڵەت خۆیەتی، لێرەوە هۆکاری دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی ناوەکی کوردەکان غیابی دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەتە. لێرەدا هاریکاری خێڵەکی، چ ئەوەی لە لایەن رژێمەوە سەرلەنوێ دروستکرایەوە و چ ئەوەی خۆی هێشتا بوونی خۆی پاراستبوو، بەردەوام بۆ مەسەلەی مۆبیلیزەو رێکخستنی خەڵک بەکاردەهێنرا. ئەم سیاسەتە هەم لەلایەن رژێمە جیاجیاکانی عێراقەوە و هەم لەلایەن بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی خۆشیەوە پیادەکراوە.

بە شێوەیەکی یەکسان کوردستانی عێراق هەمیشە شوێنی کۆبوونەوەی هەڵاتووەکانی دیکەی ناوچەکانی تری عێراق و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بووە، لە کۆمۆنیستەکانەوە بیگرە تا بە ئیسلامیستە شیعەکان دەگات. لەبەر ئەم هۆیە هەم شۆڕشەکانی کورد و هەم ناوچە سەربەخۆکانیان هەمیشە فاکتەرێکی هێجگار گرنگبوون لە ژیانی سیاسی عێراقدا. ئەمەش نەک بەتەنها لە بەر ئامادەیی بەردەوامی بەرگری کوردەکان بەڵکو لەبەرئەوەش کە کوردەکان هەمیشە پەنای ئەو هێزانەی دیکەشیان داوە کە بەرەنگاری ڕژێم بوونەتەوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا ناکۆکی ناوەکی کوردەکان خۆیان و دەستێوەردانی بەردەوامی دەوڵەتە دراوسێکان، بە عێراق خۆشیەوە، لە کاروباری ناوخۆی کوردەکاندا ئەم دواهەمین سەرچاوەیەی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم ناخاتە مەترسیەوە ؟

**دەرەنجام**

بەمجۆرە ئێمە شایەتی لەناوبردنی بناغەکانی هەر سەربەخۆییەکی کۆمەڵایەتی و هەر فرە لایەنیەکی سیاسین لە عێراقی بەعسیەکاندا. ئەمەش بەپێچەوانەوە، وەک نیشانماندا، بەقازانجی سەرلەنوێ بووژانەوە و دروستکردنەوەی شێوە پەیوەندی و هاریکاریە تەقلیدیەکانی خزامخواهی وخێڵ و ئایین کەوتۆتەوە.

بەڵام داخۆ لە دۆخی ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەی ئێستادا چ ئاییندەیەکی سیاسی چاوەڕێی عێراق دەکات؟ پڕ مەترسیترین سیناریۆ، لەلایەن ئەوانەوە باسیدەکرێت کە گومانیان هەیە، ئەوەیە کە دەڵێت بە ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەی ئێستا عێراق وەک وڵات لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و دەبێت بە کۆمەڵێک کێشەی خوێناوی لەنێوان هێزە ناوچەیی، خێڵەکی و ئایینیەکاندا. ئەم ترسە هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ پشتگیریکردن لە داوای هاتنەسەر حوکمی دەسەڵاتێکی سەربازی دیکە کە لەڕێگای هێزەوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات. ئەم بۆچوونە ئەوەندە وەک ڕاستیەک خۆی نیشاندەدات چیدی ناکرێت موناقەشەبکرێت.

کارێکی زەحمەتە بزانرێت داخۆ ئەم ڕژێمەی ئێستا بە چ شێوەیەک و بەچ ئامرازێک کۆتایی پێدەهێنرێت. بوونی ئەو شێوە هاریکاریە تەقلیدی و ناکۆکی ئامێزانەی باسکران دەشێت، گەرهاتوو بەباشی کۆنترۆڵکران، بە پێچەوانەوە ببنە ڕێخۆشکەرێک بۆ بەرپاکردنی گۆڕان. بەپێی ئەو تێزەی من لەم نووسینەدا بەرگریملێکرد دەکرێت سێنتەری دەسەڵاتی جیاجیا دروستکرێت لەلایەن ئەم هێزانەوە بەتایبەتی گەر هیچ یەکێک لەو لایەنانە نەتوانن هەموو

دەسەڵات بگرنەدەست، گەرچی ئەم هێزانە لەخودی خۆیاندا هێزی دیموکراسی نیین. ئەمەش دەشێت هەلومەرجێک بێنێتە کایەوە کە تێیدابێتە هێزە سیاسیە مەدەنیەکان و هێزە کەلتووریەکان بتوانن بژین و بمێننەوە.

لە ڕاستیدا خودی ئەم سیناریۆیەیە کە ئێمە لە ئێرانی قۆناغی دوای شۆڕشچیەتیدا دەیبینین. لەو وڵاتەدا زیاد لە سێنتەرێکی ململانێی دەسەڵات هەیە کە هیچکامیان ناخوازن دیموکراسی بنیادبنێن، بەڵام لە هەمانکاتدا لانیکەم پانتاییەکیان خولقاندوە بۆ داهێنانی کەلتووری و ئاینی و بوونی ڕای جیاواز، لە ئێستاشدا دەشێت زەمینە بۆ پلورالیزمێکی سیاسیش خۆشبکەن. لوبنانیش نمونەیەکی دیکەی ئەم سیناریۆیە کە تێیدا بوونی زیاد لە گروپێکی کۆمەڵایەتی نەیهێشتووە هەموو دەسەڵات لە یەک سێنتەردا کۆببێتەوە، تا بەرپابوونی شەڕی ناوخۆش ئەم فرە سەنتەریە مایەی بوونی جۆرێک لە ئازادی و چەندان کایەی کەلتووری ئەکتیڤ بوو.

بەڵام لەهەمانکاتدا نموونەی لوبنان مەترسی ئەمجۆرە سیناریۆیەشمان نیشاندەدات: گەر هێزە دژەکان نەیانتوانی هاوکێشەکانی دەسەڵات بپارێزن، ئەوکات دەکەونە ناو ململانێیەکی خوێناوییەوە.

# ئەنفال و مۆدێرنە
# ڕوداوێک لەدوامانەوە یان ئەگەرێک لەپێشمانەوە

مەریوان وریا قانیع

- ١ -

ئەو پرسیارە سەرەکییەی ئەم وتارە دەخوازێت وەڵامیبداتەوە ئەوەیە، داخۆ ئەنفال ڕوداوێکە سەر بەمێژووە و کۆتاییپێهاتووە، یاخود ڕوداویکە دەکرێت سەر بە ئایندەبێت و ڕووبداتەوە، شتێکە بەسەرچووە یاخود تائێستاش ئەگەرێکەو تێنەپەڕیوە، کارەساتێکە لە دوامانەوەیە یاخود مەترسییەکەو هێشتا لەپێشمانەوەیە؟

لەبەر دوو هۆی تایبەت من پرسیارەکانم بەم شێوەیە دادەڕێژم:

١ ـ بۆ من وەک کوردێک ئەنفال بەتەنها مادەیەکی ئەکادیمی و مەسەلەیەکی تیوری نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم مەسەلەی مەرگی هەزاران ئینسانە کە بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو و پێشوەخت کۆتایی بەژیانیان هێنراوەو ڕەوانەی گۆڕستانەکان کراون. لەهەمان کاتدا ئەنفال چەندە مەسەلەی ئەو مردوانەن کە کەس نازانێت لاشەکانیان لە چ سەرزەمینێکدا شاردراوەتەوە و بە چ جۆرێک کوژراون، بەهەمان ئەندازەش مەسەلەی ژیان و مانەوەی هەموو ئەوانەشن کە ماونەتەوە و دەشێ سەرلەنوێ ڕووبەرووی هەمان مەترسی ببنەوە.

ئەنفال بۆ من وەک کوردێک بەپلەی یەکەم ئەزموونی مەرگ و ترسە لەدووبارەبوونەوەی مەرگ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە تیوریزەکردنی ئەنفال کارێکی خراپ و بێبایەخ بێت، بەپێچەوانەوە تیوریزەکردنی ئەنفال جگە لەوەی ئەرکێکی ئەخلاقییە و لەئاستی دووردا دەشێت بەشێکبێت لەداڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەخلاقی تەندرووست کە بەپلەی یەکەم هەوڵی بنیادنانی دنیایەک بدات کە چیدی کارەساتی لەو بابەتەی تێدا دووبارەنەبێتەوە، لەهامان کاتدا تەحەداکردنێکی تیوریشە و ناچارماندەکات بۆتێگەیشتنی واز لە شێوە کۆنەکانی بیرکردنەوەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردن بهێنین و بۆ دیدو تیورەو لێکدانەوەی تازە بگەڕێین. تیورەزیکردنی ئەنفال دەشێت یەکێ لەو دەروازە تیورییە هەرە گرنگانە بێت لەڕێیەوە پرۆسەی مۆدێرنیزمی سیاسی و ئەخلاقی، پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا،

دەوڵەت و گروپە ئەتنیە جیاوازەکان، مەسەلەی دەسەلات و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی هتد... بخوێنینەوە. بەبێ تیوریزەکردنی ئەنفال و کەشفکردن و خوێندنەوەی ئەو فاکتەرانەی ئەنفالیان دروستکرد، بەبێ ناسین و خوێندنەوەی ڕەگە قووڵ و نەدیتراوەکانی ئەم دیاردەیە، مەترسی دووبارەبوونەوەی مەترسیەکی ئامادەو بەرچاو و هەمیشەییە.

کەدەڵێم نووسین و لێکۆڵینەوە و ناسینی دیاردەی ئەنفال ئەرکێکی ئەخلاقییە، ئەمە نەک بەتەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەنفال دیاردەیەکی کارەساتئامێزی سەر بە ساتەوەختێکی تایبەتی مێژووی میللەتێکە و دەبێت باسبکرێت، بەڵکو ئەمە بەو مانایەشە کە باسکردن و وەبیرهێنانەوەی ئەم دیاردەیە دەشێت ڕێگربێت لە دووبارەبوونەوەی نە تەنها لەکوردستاندا، بەڵکو لەزۆر شوێنی دیکەی دنیادا کە هاوکێشەی زۆرایەتی و کەمایەتی، هاوکێشەی دەوڵەتی تۆتالیتێر و گروپی ئەتنی جیاواز، هاوکێشەی کولتووری جیاجیاو ناسیۆنالیزمێکی ڕاسترەوی، تێدا بەرقەرارە. بەم مانایە خوێندنەوەی ئەنفال و شیکردنەوەی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی دەشێت هەڵگری چەندان دەلالەت بێت کە سنووری مێژووی کورد تێپەڕێنێ و وەک کێشەیەکی ئینسانی گەورە و بەشێک لە مێژووی هاوچەرخی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان تەماشابکرێت. ڕاستە کوردبوون سیفەتێکی تایبەتی بە ئەنفال داوە، بەڵام ئەنفال و ئەزمونی ئەنفالیانە ڕووداوێکە سنووری مێژووی کوردو مێژووی عێراق و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدەپەڕێنێت. ئەنفال ڕووداوێکە بێگەورەکردن دەشێت لەسیاقی مێژووی هۆڵۆکۆست و هەموو ڕەشەکوژییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرندا تەماشایبکەین. جائەگەر هۆڵۆکۆست، وەک زیگمۆند باومان دەڵێت، بەشێکی دانەبڕاو و ئەگەرێک لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە بێت، ئەوا ئەنفالیش بەهەمان مانا بەرهەمی مۆدێرنەیە لەدنیایەکدا لەزۆر ڕووەوە لە دنیای نازییەکانی ئەڵمانیای سیەکان و چلەکانی ئەم سەدەیە دەچێت‹٢›.بەکورتی مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفال مەترسییەکە ڕەگەکانی لە ڕابوردووی ئەو پەیوەندیەدایە کە منی وەک کوردێک بە کۆی مێژووی ئەو کیانە سیاسیەوە بەستۆتەوە کەناوی عێراقە.

٢ـ ئەگەر جینۆساید ئەگەرێک لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە بێت ئەوا ئەو ماشێنەی کە پرۆسەی جینۆساید لەزۆر ڕووەوە ئاڕاستەدەکات و وەک هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی ئەیسەپێنێت، ئەو بوونەوەرە ترسناکەیە کە مۆدێرنە دروستیدەکات، مەبەستم لەو بوونەوەرەش دەوڵەتە‹٢›.

دەوڵەتی نوێ هەڵگری هەموو ئەو مەرج و پێداویستییە مادی و سیاسی و کولتووری و ئەخلاقییەیە وایلێکات بەئاسانی بوونی هەموو ئەو هێز و گروپ و تاکانە وێرانکات کە لەگەڵ ئەو وێنانەدا یەکناگرنەوە کە دەوڵەت بۆ کۆمەڵگای هەیە. دەوڵەتی مۆدێرن دەتوانێت بوونی هەموو ئەوانە بخاتە مەترسییەوە کە نایانەوێت لەناو پلانەکانی ئەو هەندەسە کۆمەلایەتییەدا

جێگیربن کە دەوڵەت بۆ کۆمەڵگای ئەکێشێ. ئەم هەندەسە کۆمەلایەتییە لەفۆرمە پەڕگر و توندڕەوەکەیدا، فۆرمێک کە لەعێراقدا، خوازیاری ئەوەیە هەموو هێزێکی کۆمەلایەتی و هەموو گرووپێکی ئەتنی و کەلتووری و ئاینی واز لە شووناس و پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان بهێنن وئەو شووناسە سەپاوە قبووڵکەن کە دەوڵەت لەسەرەوەڕا بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەم هەندەسەیە هەندەسەی تواندنەوەی جیاوازیەکانە لەناو پرۆسەی دروستکردنی وێکچوونێکی سەرتاسەریدا. بەم مانایە دەشێ دەوڵەتی مۆدێرن، ماشێنی هەڕەشەیەکی بەردەوام و توند بێت لە بوونی هەر گروپ و تاکێک کە فانتازیاکانی دەوڵەت و وێناکردنە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەخلاقی و کەلتووریەکانی چ بۆ خودی دەوڵەت خۆی و چ بۆ کۆمەڵگا قبووڵنەکات. بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی لەدەرەوەی هەر پەیمانێکی کۆمەلایەتی و هەر میکانیزمێکی چاودێریکردنی حوکمکردن و هەر پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی دابەشکردنی دەسەلاتدا کاردەکەن. دەوڵەتێک کە لە فیکری سیاسی نوێدا بە دەوڵەتی هۆبزی ناونووسکراوە و لەسەرەوەڕا وێنەو هەندەسەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی تایبەت بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت و لەسەرەوەڕا بڕیاردەدات کۆمەڵگا چ فۆرم و چ شێوەیەک و چ ئاڕاستەیەکی گەشەکردن وەرگرێت‹٣›.

بەکورتی ئەوەی وا لەمن دەکات پرسیارەکانم بەو جۆرە پێشنیارکەم ئەو ترسە کیانیەیە کە لەئەزمونی کوردبوونمەوە لە گەڵ دەوڵەتی عێراقیدا سەرچاوە دەگرێت، مەبەستم لەئەزمونی کوردبوونیش دوو شتە:

یەکەمیان: بوونی پەیوەندیەکی ناهاوسەنگە کە من وەک ئەندامی گرۆپێکی ئەتنی جیاواز، وەک کوردێک، بەدەوڵەتی عێراقییەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندیەکی یەکلایەن کە تێیدا دەوڵەتی عێراقی دەستنیشانی ئەوە دەکات من وەک کوردێک چ بوونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریم هەبێت یاخود نەمبێت بەبێئەوەی مافی ئەوەم هەبێت شتێک لەسەر ئەو دەستنیشانکردنە دەوڵەتییە بڵێم کە بەر لەهەمووشتێک سەندنەوەی مافی بڕیاردان و پەکخستنی ئیرادەی منە وەک ئینسانێک بیەوێت شوناسی ئەتنی خۆی بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت بژی.

دوهەمیشیان: مەبەستم لە کوردبوون ئەو پەیوەندیەیە کە من وەک فەردێک، لەدەروەی شوناسی ئەتنیمدا، بە دەوڵەتی عێراقییەوە دەبەستێتەوە. فەردێک کەدەوڵەتی عێراقی هەموو مافی فەردبوونێکی لێسەندۆتەوە و ڕاستەوخۆ دەستی بەناو قووڵاییەکانی ژیانیدا هێناوە و لەناوەوەڕا هەوڵی دارشتن و ئاڕاستەکردن و دواجاریش وێرانکردنی داوە. فەردێک کە لەڕێگای دەزگا مۆدێرنەکانی چاودێرییەوە هەموو بنەماکانی فەردبوونی لێسەندراوەتەوە و

نووقمکراوە لەناو تۆڕە شەیتانییەکانی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. فەردێک گەمارۆدراو بەهەموو ڕەهەندە چەپێنەر و کوشندەکانی دەسەڵات.

لەهەردوو بارەکەیشدا ترسی من ترسی پێشێلکردنی دوو ڕەهەندی گرنگی شوناسی منە وەک ئینسانێک، ڕەهەندی ئەتنی و ڕەهەندی فەردیی ئەو شوناسە.

ـ ٢ ـ

ئەنفال بەتەنها هەوڵدانی وێرانکردنی ڕووکارێک لەڕووکارەکانی بوونی گرووپێکی تایبەت نییە، سزایەک نییە ڕوو لە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ژیان، هەڕەشەیەک نییە بەتەنها لە ژیانی ئابووری یاخود کۆمەلایەتی یان کەلتووری گرووپێکی دیاریکراو‹٤›. ئەنفال هێرشێکی ڕاستەوخۆو سیستماتیزەکراوی هەمەلایەنە بۆ سەر کۆی ژیانی کۆمەڵگایەک وەک گشتێکی دابەشنەکراو، بۆ سەر بوونی مادی و مەعنەوی خەڵکانێک تا پلەی فەناکردنی یەکجارەکیان.

ئەنفال لەکاتێکدا کوشتن و بێسەروشوێنکردنی سەدان هەزار کەسە، لەهەمانکاتدا وێرانکردنی هەموو ئەو مەرجە پێشینانەیە کە ژیان لە سادەترین مانایدا بۆ بەردەوامبوون پێویستی پێیەتی. وێرانکردنی هەزاران گوندو شارو شارۆچکە، سوتاندنی دەیان دارستان و خنکاندنی سەدان کانیاو و کوشتن و تالانکردنی هەزاران هەزار ئاژەڵە. چەندە وێرانەیەکی مادییە بەهەمان ئەندازەش وێرانەیەکی مەعنەوییە. لەکاتێکدا کەمۆدێرنترین چەکی تێدابەکارهاتووەو فەرمانەکانی لە ناو سیستمێکی بێرۆکراتی نوێوە دەرکراوەو لەشکرێکی مۆدێرن پیادەیکردوە، لەهەمانکاتدا هەموو ئەو کەلەپورە تەقلیدی و سەلەفییە دینیەشی لەپشتە کە وەک ڕوکاری ئایدیۆلۆژی ئەم ڕووداوە لەئارادا بووە.

لێرەوە دەڵێم ئەنفال دیاردەیکی ئاڵۆزەو بۆ لێکدانەوەی پێویستمان بەزیاد لە مێتۆدێکی خوێندنەوە و شیکردنەوە هەیە. ئەو فاکتەرانەی بەشدارن لەبەرهەمهێنانیدا فاکتەری جیاجیان، هەندێکیان وابەستەی ئەو کێشە کیانیانەیە کە دەوڵەتی عێراقی لەڕۆژی دروستبوونییەوە وەک بوونەوەرێکی سیاسی دووچاریەتی، کێشەی نەتوانینی دروستکردنی ئیجماعی سیاسی و بەرهەمهێنانی بیرۆکەی هاووڵاتی و خوڵقاندنی "هەستێکی عێراقیانەی" سەرتاسەری. هەندێک فاکتەری دیکەیان وابەستەی دیدی بەعس و دنیابینی بەعسیزمی عێراقییە، دیدی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەچاپە پەڕگر و سۆفی و فاشیستیەکەیدا. بەشێکی تری هۆکارەکان گرێدراوی کێشەی مۆرال و مەسەلەی بەرپرسیاریەتی ئینسانە لەبەردەم ئەمرو نەهیەکانی سیستمی بیرۆکراسیەتی نوێدا، بۆ نموونە پیادەکردنی ئەمرەکانی

کوشتاری بەکۆمەڵ و وێرانکردنی هەزاران گوند لەلایەن لەشکرو دەزگاکانی دیکەی دەوڵەتی عێراقییەوە بەناوی جێبەجێکردنی واجبەوە، واجبێک کە لەناو ماشێنی دەزگا بێرۆکراتییەکانەوە دەهات و ڕاستەوخۆ مەرگی هەزاران کەسی دەنوسییەوە، واجبێک کە بناغەی کارکردنی سیستمی بێرۆکراسیەتی مۆدێرن و دامالینی ئینسانە لەهەر بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقی و ویژدانی<٥>.

بەشێکی دیکەی هۆکارەکانی ئەنفال ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەو ڕێچکەیەیە کە پرۆسەی مۆدێرنیزم لە عێراقدا پێیدا تێپەڕیوە، مۆدێرنیزمێک کە ئەفسەرەکانی سوپاو لەشکر و دەزگا چەکدارەکانی دیکە پیادەیانکردووە و دەشێ بە <مۆدێرنیزمی چەکدار> ناونووسیکەین. بێگومان کولتووری سیاسی و چۆنیەتی مامەڵەکردن و دیتن و چارەسەرکردنی مەسەلەی ژیانی فرەنەتەوەیی و فرە کولتووری لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا و ئەو یۆتۆپیاو وێنانەش کە دەوڵەتی عێراقی هەڵگریانە لە فاکتەرە هەرەگرنگەکانی پیادەکردنی ئەو دیاردەیەیە کە ناوی ئەنفالە. سەرەڕای ئەمانە دەشێت سایکۆلۆژیای دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسەین و پیاوانی دیکەی ناو بازنەی دەسەلات لە عێراقدا وەک فاکتەرێکی گرنگی دیکە ببینین.

بێگومان لێکۆڵینەوەی ئەم هەموو فاکتەرانە پێویستی بە وەرشەیەکی فیکری و دیراسی گەورە هەیە و ناکرێت لە وتارێکدا کۆی ئەم فاکتەرانە بەسەریەکەوە شیبکرێنەوە بۆیە من لەم ووتارەدا هەوڵئەدەم بەشێکی زۆری ئەم هۆکارانە لەژێر چەتری یەک چەمکدا کۆکەمەوەو لەوێوەڕا لە ئەنفال و ڕوداوەکانی ئەنفال بڕوانم. ئەو چەمکەش کە بشێت ئەم ڕۆلە فرەلایەنیە ببینێت چەمکی دەسەلات و میکانیزمەکانی کارکردنی دەسەلاتە. بە بۆچوونی فۆکۆ ئینسان بوونەوەرێک نییە بەتەنها نوقم لەناو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی مانادا، بەڵکو لەهەمانکاتدا بوونەوەرێکە نوقمە لەناو پەیوەندیەکانی دەسەلاتدا٦. لێرەوە بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕەهەندە دەسەلاتیەی ئینسان لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی جینۆسایدەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نووسینانەی فۆکۆ لەسەر کارەستی هۆلۆکۆست و کووشتنی بەکۆمەلی جولەکەکان لە ئەلمانیای نازیدا نووسیویەتی. بەلام با جارێ هێما بۆ دوو جۆر خوێندنەوەی هەڵە، یان لانیکەم ناتەواو، بکەین کەدەشێت بۆ ئەنفال و ڕوداوەکانی ئەنفال بکرێت.

یەکەمیان: دیتنی ئەنفال وەک بەشێک لە جەنگی ئێران عێراق و مامەڵەکردنی وەک بەرهەمێک لەبەرهەمەکانی ئەو جەنگە.

دوهەمیان: سنووربەندیکردنی ئەنفال لە ناو عەمەلیاتێکدا کە ئامانجەکانی بەتەنها تێکدان و وێرانکردنی بنەماکانی ژیانی لادێی کوردی بووبێت.

- ٣ -

ئەنفال بەشێک نییە لە جەنگی هەشتسالەی ئێران ـ عێراق و ناکرێت لە چوارچێوەی ئەو جەنگەدا لەم دیاردەیە تێبگەین. دەشێت جەنگی ئێران عێراق ڕوویەک لە ڕووەکانی ڕوودانی ئەنفال لێکبداتەوە، پێمانبلێت بۆ لەو کاتە تایبەتەدا ڕوویدا، ڕوونیکاتەوە چۆن وا خێراو لەماوەیەکی کورتدا نەخشەی جێبەجێکردنی پیادەکرا، بەلام جەنگی ئێران ـ عێراق ناتوانێت هەموو دیاردەی ئەنفال لێکبداتەوە. دیتنی ئەنفال وەک بەشێک لە جەنگی ئێران ـ عێراق جگە لەوەی لەڕووی تیوریەوە لاوازە و زادەی کەمخوێنیەکی تیوری گەورەیە، لەهامانکاتدا یەکناگرێتەوە لەگەڵ ڕووداوە واقیعیەکانی جەنگی ئێران و عێراقدا. لەڕاستیدا ئەوە جەنگی ئێران عێراق نییە کە ئەنفال لێکدەداتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە ئەنفالە ئەوە لێکدەداتەوە بۆ جەنگ لەعێراقدا بەرهەمێکی بەردەوامی پێکهاتەی دەسەلات و پێکهاتەی دەوڵەت و پێکهاتەی کۆمەڵگای عێراقییە. ئەنفالە لێکیدەداتەوە بۆ جەنگ بەرەنجامێکی لۆژیکی ئەو هەندەسە کۆمەلایەتییە بەزۆر سەپێنراوەیە کە دەوڵەت لە عێراقدا کۆمەڵگای عێراقی لەناودا زیندانکردوە و ناچاریکردوە جەوهەرێک قبووڵبکات کە دژ بە پێکهاتەی ناوەکی ئەو کۆمەڵگایەیە و ڕاستەوخۆ لەسەر ئینکارکردن و وێرانکردنی جیاوازیەکانی ئەو کۆمەڵگایە کاردەکات.

ڕاستە بە میلیتاریزەکردنی هەمەلایەنی زۆر ڕەهەندی ژیانی کۆمەلایەتی و مەدەنی لە عێراقداو کردنی عێراق بە ئۆردوگایەکی سەربازی گەورە لە ڕۆژگاری پیادەکردنی ئەنفالدا مەسەلەی پیادەکردنی ئەنفالی ئاسانترکرد، ‹لەهەشتاکاندا لەدوازدە میلیۆن عیراقی نزیکەی پێنج ملیۆنیان بەجۆرێک لەجۆرەکان سەرباز یان چەکداری دەوڵەتی عێراقی بوون›، ڕاستە بۆ سەربازێکی عێراقی بەشداربوون لە ئەنفالدا و بەگژاچونەوەی کوردو لادێنشینە مەدەنیەکان لەزۆر ڕووەوە سەلامەتتر بوو لە بەشداربوون لە بەرە جیاجیاکانی جەنگی ئێران ـ عێراقدا و ڕووبەڕوبوونەوەی لەشکری ئێرانی، ڕاستە جەنگی ئێران ـ عێراق و پاڵپشتی بێحیسابی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ عێراق مەسەلەی پیادەکردنی ئەنفالی ڕووبەڕوی بێدەنگییەکی نێودەوڵەتی کوشندە کردەوە و لەباشترین حاڵەتدا وەک بەشێک لەجەنگی ئێران ـ عێراق نیشانیدەدا و لەوێشەوە دەستەکانی دەوڵەتی عێراقی لەوێرانکردنی بێقەیدوشەرتی کوردستاندا بەتەواوی ئازادکردبوو، بەڵام ئەم جەنگە هەشتساڵەییە ناتوانێ هۆکارەکانی ئەنفالمان بۆ لێکبداتەوە. من دواتر دێمە سەر نیشاندانی ئەو بنەما تیوریانەی کە دەشێت ئەنفالمان بۆلێکبداتەوە، بەڵام لە ئێستادا بۆ نیشاندانی ناڕاستی گرێدانی ئەنفال بە جەنگی

ئێران و عێراقەوە دەخوازم هێما بۆ دوو ڕاستی بکەم کە دەیسەلمێنن ئەنفال بەشێک نییە لە جەنگی ئێران و عێراق.

ئەو دوو ڕاستیەش ئەمانەن:

یەکەمیان: عەمەلیاتی ئەنفال ڕووبەرێکی جوگرافی گرتبووەوە کە زۆربەی هەرەزۆریان بەشێکنەبوون لەبەرەکانی جەنگی ئێران ـ عێراق و لەڕووی سەربازیەوە هیچ گرنگییەکی ستراتیژی یاخود تەکتیکشیان نەبوو بۆ ماجەرای شەڕەکە و چارەنووسی پێکدادانە سەربازییەکان. بۆنمونە تێکدانی زۆر دێی گەرمیان و تێکدانی گوندەکانی سەرجادەی هەولێرـ کەرکوک، یاخود تێکدانی گوندێکی وەک ‹بێرکۆت› کە بوو بوو بەبەشێک لە شاری هەولێر و لەڕووی جوگرافییەوە لەزۆر گەڕەکی دیکەی شاری هەولێر بە ناوەڕاستی ئەو شارە نزیکتربوو، ئەوەمان بۆ نیشاندەدەن کە ئەنفال بەشێک نییە لەجەنگی ئێران و عێراق بەڵکو دیاردەیەکە دەبێت لە خۆیدا و سەربەخۆ لەو جەنگە بخوێنرێتەوە.

دووهەمیشیان: عەمەلیاتی ئەنفال دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران ـ عێراق هەر بەردەوامبوو. هەشتەمین پەلاماری ئەنفال کە ناوچەی بادینانی گرتەوە و نزیکەی سەدهەزار ئاوارەی خستەوە و بەدەیان و سەدانیشی بەچەکی کیمیاوی کوشت، مانگێک دوای تەواوبوونی جەنگی ئێران ـ عێراق پیادەکرا. بەمانایەکی دیکە کۆتایی عەمەلیاتی ئەنفال یەکانگیر نییە لەگەڵ کۆتایی جەنگی ئێران و عێراقدا.

ـ ٤ ـ

ئەو خوێندنەوەیەی دیکە کەناتوانێت لە ئەنفال و ڕووداوەکانی ئەنفال تێبگات، بریتیە لەو خوێندنەوەیەی پێیوایە ئەنفال بەتەنها هێرشە بۆسەر لادێکانی کوردستان و ئامانجی بەتەنها تێکدانی ژیانی لادێنشینەکان بووە. ئەم خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکە تەنها نیوەی ڕاستیەکانمان پێدەڵێت. ڕاستە زۆر گرنگە عەمەلیاتی ئەنفال بەو شێوەیەی ڕژێم پێناسیکردبوو، واتە وەک پەلامارێکی پلانڕێژکراو بۆسەر ژیانی لادێنشینی کوردستان بەوردی دۆکۆمێنت بکرێت و باسبکرێت. زۆر گرنگە لە ئایندەدا و لە هەموو باسکردنێکی ئەنفالدا، چ لەگەڵ ئەو ڕژێمانەدا کە لە عێراقدا باڵادەست دەبن یاخود لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا، چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان و چارەنووسی قوربانییەکان کە زۆربەی هەرەزۆریان گوندنشینەکانی کوردستان بوون بەوردی بهێنرێتە پێشەوە و باسبکرێت. زۆرگرنگە بەردەوام باس لە ئەنفال وەک عەمەلیاتێکی لەناوبردنی بە کۆمەڵی پلانڕێژەکراو دژ

بە کەرتی لادێی کوردستان بکەین و پێ لەسەر ڕەهەندە جینۆسایدیەکەی داگرین، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیادچێت ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەنفال، گەرچی دەشێت دەسکەوتی سیاسی گەورەی هەبێت، ناتوانێت پێمانبڵێت جەوهەری ڕوودانی ئەم کارەساتە لەکوێدایە و فاکتەرەکانی کامانەن.

ناکرێت عەمەلیاتی ئەنفال تەنها وەک هێرشێکی دیاریکراو بۆ سەر لادێ و ژیانی لادێ لەکوردستاندا ببینین و لەچوارچێوەی پەلاماردانی ژیانی لادێدا بەندیکەین. ئەنفال بەرهەمی پێکهاتێکی دیاریکراوی دەسەڵات و عەقڵیەتێکی سیاسی و شێوەیەکی دیاریکراوی ئۆرگانیزەی کۆمەڵگاو پەیوەندیەکی دیاریکراوی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگایە، نەک تەنها هێرشێکی سەربازی بۆسەر لادێکان. ئەم لێکدانەوەیە جگەلەوەی لەڕووی تیۆریەوە زۆر لاوازە و ناتوانێت پێمانبڵێت پێکهاتی ئەودەسەڵاتە چیە کە جینۆساید یەکێ لەبەرهەمەکانیەتی، لەهەمانکاتدا ناتوانێت ئەوەمان پێبڵێت وێرانکردنی شارەکانی کورستان دوای کۆتاییهاتنی عەمەلیاتی ئەنفال چۆن لێکبدەینەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە گوندەکان و بنەماکانی ژیانی لادێی کوردستانی وێرانکرد، هەمان ئەو دەسەڵاتەیە کە دوای وێرانکردنی گوندەکان شارەکانی قەلادزە، سەیدسادق و ڕانیەو چەندان شاری دیکەی کوردستانی وێرانکرد. ئەو دەسەڵاتەی لەپشتی عەمەلیاتی ئەنفالەوە بوو دەسەلاتێکە وێرانکردن لەپێکهاتیدایە بەبێئەوەی شووناسی ئەوشوێنەی کەوێراندەکرێت ڕۆڵێکی ئەوتۆی هەبێت لە دەستنیشانکردنی پێکهات و شوناسی ئەو دەسەڵاتەدا.

لەلایەکی دیکەوە جیاکردنەوە و دابڕینی ژیانی لادێ لە ژیانی شار جیاکردنەوەیەکی دەستکرد و زۆرجار ناڕاستە. چونکە وێرانکردنی لادێکانی کوردستان لەزۆر ڕووەوە کاریگەریەکی زۆرخراپ و وێرانکەرانەی بۆسەر ژیانی شارەکانی کورستان هەبوو. بەلادێکردنی شارەکان و بارکردنی شارەکان بە توانایەک لەسەرووی وزە و توانای دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتووریانەوە بۆخۆی تێکدانی ژیانی تایبەتی ئەوشارانە و سەندنەوەی خاسیەتی بەشاربوونە لێیان.

- ٥ -

بەڵام پێشئەوەی بێمە سەر مەسەلەی شیکردنەوەی دەسەڵاتی جینۆسایدی دەخوازم چەند سەرنجێک دەربارەی دەوڵەت وەک کیانێکی سیاسی مۆدێرن دەربڕم چونکە دواجار بەشێکی زۆری پراکتیزەی دەسەلات بەناوی دەوڵەتەوە و لەڕێی دەوڵەتەوە لەسەر کۆی پێکهاتەی

کۆمەلایەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو پیادەدەکرێت.

یەکێ لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی دەوڵەتی مۆدێرن خولقاندی وێنەیەکی هاوبەشی کۆمەڵگایە کە لانی کەم زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە قبوولّیکەن. وێنەکەیەک لە ڕێگەیەوە دەوڵەت هەوڵئەدات ئەو چوارچێوە گشتییە بخولقێنێ کە هاوولاتیان لەناویدا وەک هاوولاتی ئەو دەوڵەتە دەستنیشانکەن. ئەوەی دروستکردنی ئەم وێنە گشتیەش مەیسەردەکات کۆی ئەو توانا تەکنیکی و ئایدیۆلۆژی و مۆراڵی و دەزگاییەیە کە دەوڵەتی مۆدێرن هەڵگریەتی. توانایەک کە هەندێ تیوریست سڵ لەوە ناکەنەوە بە توانای کۆلۆنیالیزەکردنی کۆمەڵگای ناو بنێن.‹٧ ، ٨›

دوو پرۆسەی گرنگ ڕۆلی سەرەکی لەدروستکردنی ئەو وێنە زەینییەدا دەبینن کە دەوڵەت بۆ خۆی و بۆ کۆمەلگای دروستدەکات، ئەو دوو پرۆسەیەش بریتین لە:

یەکەم: سێنترالیزەکردنی دەسەلاّت، واتە کۆکردنەوەی هەموو دەسەلاّتەکان لە دەستی دەسەلاّتێکی ناوەندیدا و کۆتاییهێنان بە هەموو دەسەلاّتێکی لۆکالّی کە ڕێگربێت لەبەردەم کۆکردنەوەی ئەو دەسەلاّتەدا. دەسەلاّتێک کە زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی کۆمەڵگایەک قبوولّیکەن.

دووهەم: مۆنۆپۆلیزەکردن و دەستبەسەراگرتنی هەموو ئامرازەکانی زەبروزەنگ. ئەمەش مانای بوونی دەوڵەت بە تاقە سەرچاوەی بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ و بەخشینی شەرعیەتێکیش بە بەکارهێنانی ئەو توندوتیژییە لەلایەن دەوڵەتەوە.

بێگوومان دەوڵەت بۆئەوەی ئەم کارەی بۆ مەیسەربێت ناچارە وێنەیەکی تایبەتی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات کە لەلایەن هەموانەوە قبوولّکرێت، دەوڵەت دەبێ کۆمەڵگا قەناعەت پێبێنێت کە مافی ئەوەی هەیە زەبروزەنگ هەم مۆنۆپۆلیزەبکات و هەم لەکاتی پێویستیشدا بەکاریبهێنێت. ڕاستە دەوڵەت دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر بوونی خۆی لەڕێگای ترس و ستەم و توندوتیژییەوە بسەلمێنێت، بەلام کاری سەرەکی دەوڵەت لەوەدایە ئەم شەرعیەتە لەڕێگای قەناعەت پێهێنان و قبوولکردنێکی خۆبەخۆوە مەیسەرکات. لەزانستی سیاسەتدا ئەم مەسەلەیە ناوی تیورەی پەیمانی کۆمەلاّیەتی پێدراوە، ئەم پەیمانە بناغەی کاری یەکدی قبوولّکردنێکی دوولایەنە دادەڕێژێت، هەم دەوڵەت هاوولاّتیەکانی وەک تاکەکەسی یەکسان و خاوەن ماف قبوولّدەکات، هەم هاوولاتیانیش دەوڵەت وەک ناوکۆییەکی کۆمەلاّیەتی و دەزگایەک لەسەرووی ناکۆکییەکانەوە قبوولّدەکەن. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا هەر دەوڵەتێک نەیتوانی مەسەلەی شەرعییەت لەڕێگای قبوولّکردنی خۆبەخۆوە بسەلمێنێت بە "دەوڵەتێکی لاواز" ناودەبرێت گەرچی خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی و تەرسانەیەک چەکی کیمیاوی بێت. هێزی

ڕاستەقینەی دەوڵەت لەو شەرعیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدایە کە کۆمەڵگا پێیدەبەخشێت نەک بە گەورەیی کارخانەکانی تفاقی شەڕ و بەربڵاویی دەزگاکانی سەرکوتکردن.

دەوڵەت لەکاتێکدا وێنەی خۆی وەک هێزێک لەسەرووی هەموو دەسەڵاتە لۆکاڵیەکانەوە و وەک دەزگایەک مافی بەکارهێنانی زەبروزەنگی شەرعی هەیە، دروستدەکات، لەهەمان کاتدا لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەیی و باج و میدیاو سیستەمی سەربازی و یاسایی هاوبەشەوە وێنەیەکی کۆمەڵگا لەزەینی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەچێنێت کە سیفەتی هەرە سەرەکی هەستکردنە بە ئینتیما بۆ یەک نەتەوە یان لانی کەم بۆ یەک سەرزەمین، ئینتیمایەکی هاوبەش بۆ یەک سیستەمی قازانجی کۆمەڵایەتی و یەک سیستەمی داوەری و یەک فرسەتی گەشەکردنی یەکسان و یەک سیستەمی پاراستنی مافی تاکەکەسی و دەستەیی هتد... ئەو دەوڵەتەی لەدروستکردنی ئەم هاوبەشە جیاجیایانەدا سەرکەوتوو دەبێت "دەوڵەتێکی بەهێزە" گەرچی خاوەنی چەک و جبەخانەی گەورەو و دەزگای کۆنترۆڵی مەزنیش نەبێت. بەکورتی دەوڵەتی بەهێز و سەرکەوتوو، دەوڵەتێکە وێنەیەکی هاوبەشی کۆمەلگا لە فانتازیای سیاسیدا دروستدەکات کە یەکانگیربێت لەگەل پێداویستیەکانی مانەوەی خۆیداو پێداویستیەکانی مانەوەی ئەو کۆمەڵگایەشدا کە خۆی بە نوێنەری دەزانێت.

ئەم وێنەیەی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگاو ئەو وێنەیەی کۆمەڵگاش بۆ دەوڵەت لە عێراقدا لە قەیرانێکی هەمەلایەندا دەژی، قەیرانێک کە شەرعییەتی دەوڵەتی عێراقی وەک دەوڵەت و مافی بوونی وەک ئۆرگانێک لەسەرووی کۆمەڵگای عێراقییەوە دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە. ئەو وێنەیەی دەوڵەتی عێراقی بۆ کۆمەڵگای عێراقی درووستدەکات وێنەیەکە بازدەدات بەسەر هەموو ئەو جیاوازیانەدا کە ئەم کۆمەڵگایە لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتوون، لە جیاوازی ئەتنی و نەتەوەیی و چینایەتییەوە بیگرە بۆ جیاوازی ئاینی و زمان و کەلتوورو شێوازی ژیان. دەوڵەت وەک بازیشدەدات بەسەر ئەم جیاوازیانەدا و نایانسەلمێنێت لەهەمانکاتدا هەوڵنادات هاوبەشێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و یاسایی و کەلتووری دروستکات کە هەمووان قبوولیکەن. لەڕاستیدا خودی ئەم بازدانە خۆی هۆکاری سەرەکی دروستنەبوونی ئەو وێنە گشتیەیە کەهەرکەس و لایەن و گرووپێک ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی بوونی کۆمەلایەتی و سیاسی و کەلتووری خۆی تێدا بدۆزێتەوە. بەمانایەکی دیکە لەکاتێکدا دەوڵەتی عێراقی هەموو مافێکی جیاوازبوون لە گروپە جیاجیاکان دەسێنێتەوە، لەهەمانکاتدا هیچ ‹هاوبەشێکیان › پێشکەشناکات کە هەمووان لەسەری ڕێککەون و قبوولیکەن. هاوبەشێک کە هەر فەرد و گروپێک خۆی لەناویدا وەک بوونەوەرێکی عەقلانی، خاوەن ماف و بەرپرسیارێتی، خاوەن ئارەزو ئیرادە و کەرامەت تێدابدۆزێتەوە. دەوڵەتی مۆدێرن، مەبەستم دەوڵەتی بەهێزە

بەو مـانايـەی لەسـەرەوە باسـمـكرد، كـە هەمـوو دەسـەڵاتـەكـان سـێنـتـرالیـزەو كـە هەمـوو ئامرازەكانی زەبروزەنگ مۆنۆپۆلیزەدەكات لەهەمانكاتدا بوونیادێكی دەزگایی و یاسایی وا قبووڵدەكات كە نەهێڵێت كۆی ئەو دەسەڵاتانە لەخاڵێكدا كۆببنەوە نەكرێت چاودێریبكرێن. لەكۆمەڵگایەكی تەندروستدا كۆی ئەو دەسەڵاتە سێنترالیزەكراوانە لەیەكدی جیادەكرێنەوە و دابەشـدەكرێن. لەهەمـانكاتدا خـودی كـۆمـەڵگاش خـۆی چەندان دەزگـا و دامـەزراو و كـۆڕ و كۆمەڵی جیا جیا دروستدەكات بۆ چاودێریكردنی چۆنیەتی كاركردن و پراكتیزەكردنی ئەو دەسـەڵاتانـەی سـێنتـرالیزەكراوەن. لـە عێراقـدا هەردوو پرۆسـەی سـێنتـرالیـزەی دەسـەڵات و مۆنۆپۆلیزەی ئـامرازەكـانی زەبروزەنگ پیـادەكراون، بەڵام لـەباتی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكـان لەیەكتری و دابەشكردنیـان بەسـەر زیاد لە تەوەرەیەك لە تەوەرەكانی بڕیاردانی كۆمـەڵایەتی و سـیـاسـیـدا هەمـوویان لـەدەسـتی دیكتـاتۆرێك و دەزگـاكـانـی پاراسـتنـی ئەو دیكتـاتۆرەدا كـۆكـراونەتـەوە. ئەوەی خـەڵكی عـێـراق وەك هـاوبەشـێك هەیانە پەیمـانێكی كـۆمــەڵایـەتی، میكانیـزمێكی دیاریكراوی دابەشكردنی دەسـەڵات، بوونی سیسـتـمێكی هاوبەشی قـازانجی كۆمەڵایەتی نییە، بەڵكو بوونی دیكتاتۆرێكە كە دەزگا ئایدیۆلۆژیەكانی دەوڵەت دەیانەوێت وەك خێـمـەی هەمـوو عێراقـیـەكـان پێشكەشـیكەن. بێگومـان سـەدام حـوسـەین خـێـمـەی هـەمـوو عێراقییـەكانە، بەڵام ئەو خێمەیەی لەسـەر شـێوەی قەسـابخانە دروسـتكراوە، ئەوەی كەوتە ژێر سنوورەكانی ئەو خێمەیەوە ئەگەری كوشتنی لە ئەگەری مانەوەی گەورەترە.

بەدیوی ئەودیـویشـدا ئـەو وێنەیەی كـۆمـەڵگای عێـراقی بۆ دەوڵـەتی عێـراقی هـەیـەتی وێنەی هێـزێكی ناشـەرعی و چەپێنـەر و تۆقـێنەرە كـە لـەپەیوەندیەكی دوژمنكارانەدایـە لەگـەڵ هێـزە كۆمـەڵایەتییـە جیاجیاكانی كۆمەڵگای عێراقیدا. وێنەی دەوڵەت وەك ئەو دڕندە هۆبزییـەی كە هیچ پەیمانێكی كۆمەڵایەتـی و هیچ میكانیـزمێكی جڵـەوكردنـی دەسەڵات و هـیچ چاودێریەكی كۆمەڵایەتی قبووڵناكات. لەنێوان وێنەی دەوڵەتی عێراقی بۆ كۆمـەڵگای عێراقیدا و لە نێوان واقیـعی كۆمـەڵایەتی و ئەتنی و نەتەوەیی و كەلتووری ئەم كۆمـەڵگاییـەدا ناكۆكییـەكی گەورە هـەیە، ناكۆكییەك كە دەوڵەتی عێراقی تائێسـتـا لەڕێگای زەبروزەنگ و لەشكر و جیـهـازێكی گەورەی بیرۆكراسی و دەیان دەزگای پۆلیسی نهێنییەوە پاراستوویەتی نەك لەڕێی پەیمانێكی سـیـاسـی یان هـاوبـەشـێكی كـۆمـەڵایەتـی و كولتـووری عـەقـڵانیـەوە. بێگوومـان بازدان بـەسـەر جیـاوازییـەكاندا و ئینكاركردنیـان مـانای كۆتاییـهێنان بەو جیـاوازیانـە نییـە، بەپێچـەوانەوە ئینكاركـردن و بازدان بەسـەر جـیـاوازییـەكانـدا مـانای تووندكـردنەوەو بارگـاویكـردنیـانە بە تەقینەوەی بەردەوام بەڵام هەڵگیراو بۆكات و هەلوومەرجی لەبار. لەم ڕووەوە ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١ نمونـەیەكی ئـاشكرای تـەقـینەوەی كــۆمــەڵگایەكـە بـەڕووی مـێـژوویەكی دووردرێژی

بێدەنگکردنی مافی جیاوازبوون و پێشێلکردنی هەموو داوایەک کە بشێت ئینسان لەڕێیەوە شووناسی خۆی وەک فەرد و وەک ئەندامی سەر بە گروهێکی کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ئاینی دیاریکراو بژی.

کاری دەوڵەت، لانیکەم لەلایەنی تیورییەوە، ئەوەنییە کۆمەڵگا ناچارکات پێناسێک قبووڵکات دوور لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ئاینی خۆی، کاری دەوڵەت ئەوەیە چوارچێوەیەکی دەزگایی، یاسایی، عەقڵانی ئازاد دروستکات کە هەموو شوناسە جیاجیاکان تێیدا جێگەیان ببێتەوە و ئازادانە بوونی سیاسی کۆمەڵایەتی کولتووری خۆیان بژین. چوارچێوەیەک ببێتە ناوەندی کۆبوونەوەی جیاوازییەکان بەیەکەوە.

لێرەوە ئەڵێم ڕەنگە کەم دیاردە هەبێت لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووری ئەو کیانەی ناوی دەوڵەتی عێراقی لێنراوە ئەوەندەی ئەنفال ناکۆکییە کەینونیەکانی ناو ئەم پێکهاتە سیاسییە نیشانبدات. ئەنفال فرسەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت لە کاراکتەر و پێکهاتەی ئەو بوونەوەرە سەیرە بگەین کە ناوی دەوڵەتی– نەتەوەیە لە عێراقدا. ئەنفال نیشانیئەدات دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێک نییە کە حوکمی نەتەوەیەک بکات بەڵکو لەڕاستیدا دەوڵەتێکە بە بێ نەتەوە. دەوڵەتێک تا سەرئێسقان بێتوانا لە دروستکردنی نەتەوەیەک بەناوی نەتەوەی عێراقییەوە یان لانیکەم لەدروستکردنی ئەو چوارچێوە گشتیەی کە گروهە جیاجیاکان لە عێراقدا شوناسی خۆیانی تیا بپارێزن و وەک هاووڵاتی ئەو فۆرمەی دەیانەوێت بە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووری خۆیان بدەن، دەوڵەتێک بەبێ هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی ئیجماعی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

بێگومان ئەم دەستنیشانکردنە گشتییەی ماهیەتی دەوڵەتی عێراقی و ئەو پەیوەندیەی بە کۆمەڵگای عێراقییەوەی دەبەستێتەوە بەس نییە بۆ ئەوەی دیاردەی ئەنفالی لەپاڵدا بخوێنینەوە، ڕاستە ئەم ناکۆکییە لەنێوان وێنەی دەوڵەتی عێراقی بۆ کۆمەڵگای عێراقی و لەنێوان واقیعی کۆمەڵگای عێراقیدا کێشەیەکی کەینونی گەورە دەخاتەوە، کێشەیەک نەک تەنها بوونی دەوڵەتی عێراقی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو مەسەلەی بوونی شتێک بەناوی کۆمەڵگای عێراقیشەوە ڕووبەڕوی گومانێکی گەورە دەکاتەوە، بەڵام وەک ووتم بوونی ئەم ناکۆکییە کەینونیە بەس نییە بۆئەوەی دەسەڵاتێک دروستکات کە سیفەتی جینۆسایدی لەخۆگرتبێت. ئەم ناکۆکییە کەینونیە دەشێت هۆکاری چەوساندنەوەو بێدەنگکردن و سزادانێکی ئاینی و ئەتنی و کۆمەڵایەتی ئەو گروهانەبێت کە دەخوازن جیاوازیەکانیان بپارێزن و بەرگریی لێبکەن. دەشێ سەرچاوەی دروستبوونی دەسەڵاتێکی میلیتاری توندو تیژ و حوکمی میلیشیایی و مافیایی بێت، بەڵام بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکمان هەبێت بتوانێت و

بیەوێت جینۆسساید پیادەبکات دەبێت زیاد لە بوونی ئەو ناکۆکییە کەینونیە لەئارادابێت کە باسمانکرد. لێرەوە بۆ خوێندنەوەی ئەم شێوەیەی دەسەڵات، کەمن لەم نووسینەدا ناویدەنێم ‹دەسەڵاتی جینۆسایدی›، دەبێت خوێندنەوەکانمان بەتەنها لەئاستی دەوڵەت و پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگادا ڕانەگرین بەڵکو دەبێت ئەو خوێندنەوانە بۆ ئاستێکی قووڵتر بگوێزینەوە، ئاستی کارکردنی میکانیزمە جیاجیاکانی دەسەڵات لە هەناوی کۆمەڵگا خۆیدا.

- ٦ -

لەو چوارچێوە تیوریەدا کەڕاستەوخۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت وەک دەروازەی شیکردنەوەکان بەکاردێنێت، تائەوشوێنەی من ئاگاداربم نوسینەکانی کەنعان مەکیە جدیترین هەوڵی تیورین کە دەخوازن لە مەسەلەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە عێراقدا بەگشتی و لە ئەنفالدا بەتایبەتی، تێبگەن. مەکیە لە پرۆژەی خوێندنەوەیدا بۆ عێراق و مێژووی عێراقدا زۆر لەسەر مەسەلەی توندوتیژی ڕادەوەستێت تا ئەو ڕادەیەی یەکێک لە کتێبەکانی ناودەنێت ‹قەسوەت و بێدەنگی› ‹٩›. مەکیە توندوتیژی و قەسوەتی دەوڵەت دەبەستێتەوە بە کارەکتەر وپرۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەو مۆدێلی دەوڵەتەی ئەم ناسیۆنالیزمە دەیەوێت بەرهەمیبهێنێت. لەکتێبی‹کۆماری ترسدا› ‹١٠›مەکیە بەدرێژی لەسەر ئەو پێکهاتە دەوڵەتییە ئەدوێت کە قەسوەت و ترس بەرهەمدەهێنێت و بوونیادێکی دەزگاییان پێدەبەخشێت. لە کتێبی ‹قەسوەت و بێدەنگیدا› مەکیە درێژە بەهەمان خەتی شیکردنەوە ئەدات و ئەمجارەیان مەسەلەی توندوتیژی و قەسوەتی دەوڵەت بەو بێدەنگییە کوشندەیەوە گرێدەدات کە ڕۆشنبیرانی عەرەب بەرامبەر گوناه و تاوانەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان هەیانە. لەم کتێبەدا مەکیە پیشانماندەدات چۆن ئەو پرۆسەی بەدەزگاییکردنەی توندوتیژی لە کتێبی یەکەمیدا باسیدەکات، لەڕووی کولتووری و سیاسییەوە لەلایەن ڕۆشنبیرانی عەرەبەوە شەرعیەتی بۆ ئەدۆزرێتەوە و تاڕادەیەکی زۆریش ئافەریندەکرێت.

گرنگی بۆچونەکانی مەکیە لەڕووی تیوریەوە لەوەدایە کە دەخوازێت ڕەگە قووڵەکانی دیاردەی توندوتیژی، لەوانەش دیاردەی ئەنفال و جەنگە بەردەوامەکانی دیکەی دەوڵەتی عێراقی، لە سیاقی ساتەوەختی ڕوودانی ڕووداوەکان دەرکات و لە سیاقێکی مێژوویەکی فراوانتردا نیشتەجێیانکات. مەکیە ئەو سیاقە مێژووییە وەک سیاقی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و فەشەلی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی حوکمکردن و بێدەنگی ڕۆشنبیران بەرامبەر بە تاوانەکان پێناسدەکات.

له لێکدانەوەیدا بۆ ئەنفال مەکییە دەنووسێت: "ئەنفال ڕووداوێک نییە لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە، بەڵکو مێژوویەکی درێژی مامەڵەکردنی دڵڕەقانەی کوردی لەلایەن بەعسەوە لە پشتەوەیە کە دەکرێت ببرێتەوە بۆ ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی١٩٧٥، تەنانەت بۆ کۆنتریش. جگەلەمەش لەئارادابوونی سیاسەتی تێکدان و وێرانکردنی بەرفراوانی گووندە کوردیەکان لە ساڵی ١٩٨٦ بەدواوە". هەر لەم سیاقەدا مەکیە باس لە سیاسەتی وێرانکردنی گووندە کوردیەکان دەکات لەژێر ناونیشانی ‹ناوچەی قەدەغەکراو بەهۆی مەسەلەی ئەمنییەوە›. دروستکردنی ئەم زۆنە ئەمنییە قەدەغەکراوانە لە هەفتاکانەوە و کێشانی هێڵێکی سوور لەنێوان دەوڵەت و ئەوانەی لەژێر دەسەڵەتی دەوڵەتدا نین، تا ڕوودانی ئەنفال، بەلای مەکیەوە ئەو هۆکارە سەرەکیەن زەمینەی ڕوودانی ئەنفالیان لە هەشتاکاندا خۆشکرد. بەکورتی مەکییە ڕوودانی ئەنفال بەو قەسوەتەوە گرێدەدات کە دەوڵەتی عێراقی بەرامبەر کورد هەیەتی، قەسوەتێک کە دواجار بۆتە بەشێک لە کەلتوری سیاسی لەعێراقدا و بۆتە ترادیسیۆنێک بۆ مامەڵەکردنی کورد و مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا.

لەگەڵ گرنگی بۆچونەکانی مەکیەدا دەمەوێت بڵێم هەم چەمکی قەسوەت و هەم چەمکی کەلتووری سیاسی ناتوانن قووڵاییەکانی ڕووداوێکی وەک ئەنفالمان بۆ لێکبدەنەوە. چەمکی قەسوەت لەگەڵ گرنگیدا لەوە تێپەڕناکات کە هێما بۆ شێوەیەکی دیاریکراو لە شێوەکانی پراکتیککردنی دەسەڵات بکات. ئەویش ئەو دەسەڵاتەیە کە سزای جەستەیی و گەمەی مەرگ دواهەمین ستراتیژیەتی. ئەو هێمایەش کە مەکییە بۆ کەلتووری سیاسی دەیکات هێمایەکە بەرز نابێتەوە بۆ ئاستی کەشفکردنی فۆرمەکانی دیکەی دەسەڵات و میکانیزمەکانی پراکتیککردنی. بەمانایەکی دیکە ئەو دەزگا چەمکیەی مەکیە بەکاریدێنێت بۆ خوێندنەوەی ئەنفال ناتوانێت قووڵایی ئەو دیاردەیە ببینێت کەمن لەم وتارەدا ناومناوە دەسەڵاتی جینۆسایدی.

بۆیە من لێرەدا هەوڵئەدەم لەسەر هەمان خەتی مەکییە بەردەوامبم، بەڵام بە ڕاڕەوێکی دیکەدا خوێندنەوەکانم ئاڕاستەدەکەم، ئاڕاستەیەک کە لەتوانای دەزگا چەمکیەکەی مەکییە دا نییە ئەنجامیدات.

- ٧-

ئێستا ئیدی یەکەمین شتێک پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبێت چەمکی دەسەڵاتی جینۆسایدیە، داخۆ ئەم دەسەڵاتە چییە و کامەیە و چۆن دروستدەبێت ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ تیۆری دەسەڵات لای فۆکۆ، بەتایبەتی لەو نووسینانەیدا کە لەسەر ئەزموونی نازیزم لە ئەڵمانیادا نووسیویەتی.

با جارێکی دیکەش لەو دابەشکردنەوە دەستپێبکەین کە فۆکۆ بۆ فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵاتی دەکات، مەبەستم لەم فۆرمانەش ئەو سێ فۆرمەن کە لە کۆلێژەکانداو بەر لە نووسینی کتێبی‹کۆنترۆڵ و سزا› دا باسیاندەکات:

فۆکۆ لەیەکێک لەو کۆلێژانەدا ئەم سێ شێوەیەی دەسەڵات لەیەکدی جیادەکاتەوە:

١ـ دەسەڵاتێک کەلەسەر سزای فیزیایی کاردەکات و ڕاستەوخۆ مەرگ دەرەنجامەکەیەتی. بە بۆچونی فۆکۆ ئەم شێوەیەی دەسەڵات بریتییە لە دەسەڵاتی بەر لە پرۆسەی مۆدێرنیزم و هاتنەکانیەی دنیای مۆدێرنە. مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە بریتییە لە پاراستنی سەروەری پادشا یان ئەمیر. پادشا بۆ پاراستنی ئەو سەروەرییە مافی کوشتنی هەموو کەسێکی هەیە کە ئەو سەروەرییە قبوولْنەکات یاخود بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو سەروەرییە بریندارکات، لەم دیدە سیاسیەدا، کە دیدی بەر لە مۆدێرنەیە، سەروەری پاشا یەکسانە بە سەروەری هەموو سیستمی دەسەڵات، پادشاو دەسەڵات دوو شتن ناکرێت لەیەکدی جیاکرێنەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵات سەروەربێت دەبێت پادشا سەروەربێت. وەک دەبینین لێرەدا چەمکەکانی ‹کۆمەڵگا› و ‹سەروەری کۆمەڵگا› و بیرۆکەی ‹هاوولاتی› بەتەواوی نائامادەن. هەم سیستمی دەسەڵات و هەم سیستمی سیاسی لەسەر بیرۆکەی پادشا و سەروەری پادشا بنیادنراوە. خودی دەسەڵات خۆی نیشتەجێی ناو جەستەی پادشایە و پادشا بوونەوەرێک نییە لەدەرەوەی مافی کوشتن و بەخشینی ژیاندا. لەم دیدەدا پادشا سیمبول یان هێمایەک نییە بۆ دەسەڵات، بەڵکو هەرخۆی خودی دەسەڵاتەو دەسەڵاتیش خودی جەستەی پادشا خۆیەتی. ئەوەی گرنگە لێرەدا هێمای بۆ بکەین ئەو مافی کوشتنەیە کە پادشا هەیەتی، دەسەڵات لێرەدا بۆ پاراستنی سەروەری سزا دەدات، سزای مەرگ. ئەم سزایە مافێکە لە مافەکانی پادشا وەک چۆن گرنگترین تەکنیکێکی بەکارهێنانی دەسەڵات خۆشیەتی.

٢ـ شێوەی دوهەمی دەسەڵات بریتیە لە ‹بیۆدەسەڵات›، یاخود ئەو دەسەڵاتەی کە لەسەر بایۆلۆژیای ئینسان و خودی ژیان لەمانە بایۆلۆژی و سیاسیەکەیدا کاردەکات. بەباوەڕی فۆکۆ ئەم دەسەڵاتە بەرهەمی ڕۆژگاری مۆدێرنەیە و لەوکاتەدا دروستدەبێت کە دەوڵەت بیر لە کۆمەڵگا دەکاتەوە وەک گشتێکی سەرتاسەری. ‹بیۆ ـ دەسەڵات› ئەو فۆرمەی دەسەڵاتە کە دەخوازێت کۆنترۆڵی ژیانی دانیشتوان بکات. هەم بیرۆکەی ‹کۆمەڵگا› و هەم بیرۆکەی ‹دانیشتوان› ڕاستەوخۆ وەک بابەتی ‹بیۆ ـ دەسەڵات› دێنە کایەوە. ئیدارەدانی گەشەی

ژمارەی دانیشتوان و پلاندانان بۆ مەسەلەی خۆراک و ڕێکخستنی ژیانی جنسی و ئۆرگانیزەی خێزان هتد... هەرهەموویان ڕاستەوخۆ دەبنە کۆمەڵێک بابەت کە دەوڵەت لەڕێگای ‹بیۆ ـ دەسەڵات› ـەوە کاری لەسەردەکات. لێرەوە مەسەلەی سێکس و مناڵبوون و مردن و هەموو ئەو دیاردانەی دیکە کە پەیوەندیان بە ژیانی بایۆلۆجی ئینسانەوە هەیە و پەیوەندیان بەپلان دانان بۆ مەسەلەی دانیشتوانەوە وەک گشتێکی بایۆلۆجی، یاخود وەک جەستەیەکی دەستەجەمعی، دەبنە بەشێک لەسیاسەتی ڕۆژانەی دەوڵەت. ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا هێمای پێبکەین ئەوەیە فۆکۆ ئەو سیاسەتەی لە ئەنجامی پراکتیککردنی ‹بیۆـ دەسەڵاتەوە› دروستدەبێت ناودەنێت ‹بیۆـسیاسەت›. بیۆسیاسەت، ئەو سیاسەتەیە کە دەخوازێت لەسەر بوونی ئینسان وەک گشتێکی بایۆلیژی، خودی ژیان خۆشی وەک پێدراوێکی بایۆلۆژی کاربکات. ئامار و ژمێرە، مەعریفەی بایۆلۆژی و پزیشکی، ئابووری ئەو ئامرازانەن ئەم شێوەیەی دەسەڵات کاریان پێدەکات و بناغەکانی بیۆسیاسەتیان لەسەر دادەڕێژرێت. بەکورتی بیۆدەسەڵات دەسلاتێکە کە کۆمەڵگا وەک جەستەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە دەکاتە بابەتی خۆی وسیاسەتێک بەرهەمدەهێنێت کە دەخوازێت ژیان وەک مەسەلەیەکی ئیداری تەماشابکات و وەک مەسەلەیەکی ئیداری بیبات بەڕێوە.

٣ ـ شێوەی سێهەمی دەسەڵات لای فۆکۆ بریتییە لە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکەر. ئەم شێوەیەی دەسەڵاتیش بەرهەمی ڕۆژگاری مۆدێرنە و پرۆژەی مۆدێرنەیە. چاودێریکردنی کۆمەڵگا و چاودێریکردنی ئینسان لە شوێن و جێ و قۆناغی جیاجیای ژیاندا ستراتیژی سەرەکی ئەم شێوەیەی دەسەڵاتە. لە ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەدا پادشا نەیدەتوانی سەرلەبەری کۆمەڵگا و ئینسانەکانی ناو کۆمەڵگا بخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵەوە، پادشا نە دەزگای مۆدێرنی چاودێریکردنی هەبوو نە ئەو مەعریفەیەش کە بتوانێت ئینسان و کۆمەڵگا شیبکاتەوە. پرۆسەی مۆدێرنیزم دەیەها دەزگا و دامەزراوی جیاجیای هێنایەکایەوە کە کاری کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی ئینسانیان فەراهەمکرد، لە لەشکری مۆدێرنەوە بیگرە تا بە کارخانە و بەندیخانە و قوتابخانە و پارتی سیاسی و دەیەها دەزگای مۆدێرنی دیکە دەگات. سەرەڕای ئەمە لەدایکبوونی زانستەکانی سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، زانستی سیاسەت، بایۆلۆژیا هتد... زانیاری زۆریان هەم لەسەر خودی کۆمەڵگا و هەم لەسەر خودی ئینسان بەرهەمهێنا کە تادەهات تەکنیکەکانی کۆنترۆڵکردنیان بەهێزتر و هەمەلایەنتر دەکرد. بە بۆچونی فۆکۆ دەسەڵاتی کۆنترۆڵکەر جۆرێک لە ئینسان بەرهەمدەهێنێت کە فۆکۆ ناویدەنێت ئینسانی ڕامکراو و بەندکراو لەناو دەزگاکانی کۆمەڵگای مۆدێرندا. بەکورتی ئەم شێوەیەی

دەسەڵات بۆیەکەمین جار لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئەو هەلەی ڕەخساند کە هەم خودی ئینسان و هەم خودی کۆمەڵگا لەلایەن دەزگا جیاجیاکانی دەسەڵاتەوە تا ئەندازەیەکی ترسناک بکرێت بخرێنە ناو چاودێریەکی فرەلایەنەوە

بەڵام داخۆ کام شێوە لەو شێوانەی دەسەڵات هەڵگری ڕەهەندی جینۆسایدیە؟ فۆکۆ ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە، بەڵام لە قسەکردنیدا لەسەر ئەزمونی نازیزمی ئەڵمانی دەستنیشانی ئەوە ئەکات کە شێوە مۆدێرنەکانی دەسەڵات هەڵگری ئەگەری جینۆسایدن. سەبارەت بە نازیزم فۆکۆ دەنوسێت: " نازیزم خاڵی کۆبوونەوە و کەڵەکەبوونی گەشەی هەموو میکانیزمە نوێیەکانی دەسەڵاتە کەلەسەدەی هەژدەهەمەوە هاتۆتەکایەوە... دەسەڵاتی کۆنترۆڵکەر و بیۆدەسەڵات". بەمانایەکی دیکە ئەوەی کە نازیزم دروستدەکات ئەو شێوانەی دەسەڵاتە کە مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا دەیهێنێت. ئەو دەسەڵاتەی لە توانایدایە هەم چاودێریەکی وردی یەکەبەیەکەی ئۆرگانەکانی کۆمەڵگایەک بکات و هەم لەهامانکاتیشدا ئەو تاکە لەیەکدی دابڕاوو بەجیاواز چاودێریکراوانە بکات بەبەشێک لەو گشتە گەورەیەی دەوڵەت، وەک دانیشتوان پلانی بۆدادەنێت و لێیدەکۆڵێتەوە و دواجاریش بەو شێوەیەی دەیەوێت هەم پێناس و هەم ئۆرگانیزەی دەکات. ئەم دەسەڵاتە مۆدێرنە لەسەرێکەوە ئینسانەکان بۆ فەردی تەنیاو چاودێریکراو ورددەکاتەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە دەیانکاتە گشتێکی ئۆرگانی و لەژێر ناونیشانی دانیشتواندا پلانی ڕێکخستن و دروستکردن و پێناسەکردن و لەقاڵبدان و ئیدارەکردنیان دادەنێت. بەکورتی نازیزم لەیەککاتدا هەم لەسەر تەکنیکەکانی بەگشتیکردن و سڕینەوەی جیاوازیەکان و خولقاندنی هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی چوونیەک کاردەکات، هەم لەسەر تەکنیکەکانی دابڕین و وردکردنەوەی خودی ئەو گشتە بۆ فەردی لێکدی دابڕاوو دەستەمۆکراو و گەمارۆدراو بە دەزگا جیاجیاکانی چاودێری و کۆنترۆڵکردن. ئەوەی فۆکۆ دەیەوێت بیسەلمێنێت گرێدانی توانای پیادەکردنی جینۆسایدە بە تەکنیکەکانی دەسەڵاتی مۆدێرنەوە، فۆکۆ دیەوێت بڵێت کە جینۆساید ناکرێت بەر لە لە پڕۆژەی مۆدێرنە بیریلێبکرێتەوە، چونکە ئەوە تەکنیکەکانی مۆدێرنە و مەعریفەی مۆدێرنەیە ئیمکانی پیادەکردنی جینۆساید فەراهەمدەکەن. بۆ نمونە ئەو دەزگا جیاجیایانەی مۆدێرنە خەڵک و گروپە جیاجیاکانی پێدەکات بە ئەندامی یەک نەتەوە و یەک کۆمەڵگا، لە لەشکرەوە بۆ هەموو دەزگا بیرۆکراسەکانی دیکە، هەمان ئەو دەزگایانەن کە دەتوانن هەم بە ناوی پاراستنی نەتەوە و هەم بەناوی پاراستنی کۆمەڵگاوە سەرلەبەری بوونی گروهێکی دیکە بخەنە مەترسییەوە کە وەک دوژمنی کۆمەڵگاو وەک دوژمنی نەتەوە پێناسەکراون.

بەڵام داخۆ چ میکانیزمێک لەپشتی ئەم فەراهەمکردنی توانای جینۆسایدەوەیە؟

فۆکۆ کەدێتە سەر باسکردنی ئەو دنیا پڕ مەرگەی نازییەکان دروستیانکردو و ئەو فیزیای سزایەی جولەکەکانیان پێ سزادا، باس لەمیکانیزمێکی هێجگار گرنگ دەکات کە ئەو جەهەنەمی مردنە دروستدەکات کە نازیەکان دروستیانکرد. مەبەست لەو میکانیزمەش میکانیزمی گۆڕانی ‹بیۆسیاسەت ›ە بۆ ‹ساناتۆ- سیاسەت›. ئێمە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بیۆ- سیاسەتمان پێناسکرد و وتمان ئەو شێوەیەی سیاسەتە کە لەسەر ژیانی بایۆلۆژی ئینسان و پاراستنی ئەو ژیانەو پلان بۆدانانی کاردەکات و دەخوازێت توانەکانی بەرهەمهێنان و وزەکان لە ئینساندا گەورەو گەورەتر بکات، بەڵام داخۆ ‹ساناتۆ- سیاسەت› چیە؟

ساناتۆ-سیاسەت ئەو سیاسەتەیە کە ڕاستەوخۆ هەم لەسەر مەرگ و هەم لەسەر فیکرەی لەڕەگوڕیشە هەڵکەندنی هەموو ئەو شتانەوە کاردەکات کە دەسەڵات وەک ڕێگر و کۆسپێک لەبەردەمی خۆیدا پێناسیاندەکات. بەمانایەکی دیکە ساناتۆ- سیاسەت سیاسەتێکە کە دەخوازێت هەموو ئەو شتانە وێرانکات کە دەسەڵات نایەوێت بوونیان هەبێت. ئەگەر بیۆ- سیاسەت هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت و هەندەسەیەکی تایبەت بۆ ژیان پێشنیاربکات و بیشیسەپێنێت، ئەوا ساناتۆ-سیاسەت ئەو کۆسپە ئینسانیانە وێراندەکات کەڕێگرن لەبەردەم پیادەکردنی وێناکردنەکانی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتیەدا لە ناو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەدا کە دەوڵەت دەیەوێت وەک دانیشتوان پێناسیبکات. ئەگەر بیۆ- سیاسەت بیەوێت ژیان بپارێزێت ئەوا ساناتۆ سیاسەت ژیان وێراندەکات. ئەو ژیانەی کە ساناتۆ- سیاسەت دەیەوێت وێرانیکات لە ناو سنورەکانی دەوڵەتی نەتەوەدا زۆرجار ژیانی ئەو گروپان کە وەک دوژمنی دەوڵەت و لەوێشەوە دوژمنی نەتەوە پێناسەدەکرێن. بە گۆڕانی بیۆ- سیاسەت بۆ ساناتۆ- سیاسەت ئیدی دەسەڵات کارەکتەری جینۆسایدی وەردەگرێت و ئەو سەرزەمینی مەرگە دروستدەکات کە ناحەزەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایان تێدا سزا دەدرێت، ناحەزانێک کە دەوڵەت وەک بوونەوەری هەڵە پێناسیاندەکات و دروستیاندەکات.

بەڵام ئایا ئەو سیاسەتەی کە مەرگ بەرهەمدەهێنێت، واتە ساناتۆ-سیاسەت، جگە لە سیاسەتێک کەدەیەوێت سزای فیزیایی کەسەکان بدات شتێکی دیکەیە؟ واتە ئایا ئەم سیاسەتە بریتی نییە لەو شێوەیەی دەسەڵات کە فۆکۆ دەڵێت سەر بە ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەیە، سەر بە ڕۆژگاری مافی سەروەربوونی پادشاکان و مافی کوشتن، ئایا ئەم جۆرە سیاسەتە بەرهەمی دەسەڵاتی سزاگەر نییە؟

فۆکۆ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا دەڵێت، سیاسەتی کوشتن و لەناوبردنی جینۆسایدیانەی ئینسانەکان مانای گەڕانەوەی دەسەڵاتی سزاگەر نییە بۆناو هەناوی

مۆدێرنە، کوشتن لەدنیای نازییەکاندا لەو مافە کۆنەوە نەهاتوە کە پادشا هەیبوو بۆ لەناوبردنی ئەوانەی سەروەری پادشایان دەخستە مەترسییەوە، بەڵکو کوشتنی بەکۆمەڵ لەو ڕاستییەوە دێت کە دەسەڵاتی مۆدێرن بەهەمان ئەندازەی ئیشکردنی لەسەر ژیان دەتوانێت لەسەر مەرگیش دەستبەکاربێت. کوشتنی بەکۆمەڵ لە ڕۆژگاری مۆدێرنەدا پابەندی پارستنی سەروەری پادشا نییە، بەڵکو بەرەنجامی فانتازیاکردنێکی دیاریکراوی شووناسی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانە وەک بوونێکی هاوشێوە و وێکچوو، وەک بەرەنجامی هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە لەسەر بیرۆکەی هاوبەشبوونی ئەتنی و کەلتووری دروستبووە. بەکورتی هۆلۆکۆست هەم بەرهەمی گەشەی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن و هەم بەرهەمی کەلتووری سیاسی مۆدێرنە، هەم بەرهەمی ژوورە مۆدێرنەکانی غازی کوشتنە هەم بەرهەمی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنال سۆسیالیزمە. خاڵی جەوهەری لەم بۆچوونەی فۆکۆدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی مۆدێرن هەم دەتوانێت ژیان بپارێزێت هەم دەشتوانێت وێرانیکات. ساناتۆسیاسەت دیوی ئەودیوی بیۆسیاسەتە، بۆیە مۆدێرنە کە هەم هەڵگری ساناتۆ- سیاسەت و هەم هەڵگری بیۆ- سیاسەتە، دەشێت لەیەککاتدا هەم هەڵگری دنیابینیەکی شاعیرانەبێت هەم هەڵگری دیدی جەلادێک.

بەباوەڕی فۆکۆ دنیای مەرگی نازییەکان شتێک نییە دژ بە مۆدێرنەو و ئەو دنیا و ئەگەرانەی مۆدێرنە پێشنیاریاندەکات. هۆلۆکۆست بەربەریەتێک نییە لەدەرەوەی مۆدێرنەوە هاتبێت و بیەوێت ڕەوتی مۆدێرنە تێکبدات، هەڕەشەیەکی ناوەخت نییە ڕێکەوتێک دروستیکردبێت. دنیای مەرگی نازییەکان ئەگەرێکە لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە و بەشێکی ئۆرگانی ئەو میکانیزمانەیە کە مۆدێرنە لەناوەوەڕا بەرقەراریاندەکات. ڕووە ڕوناکەکان و ڕووە تاریکەکانی دنیای هاوچەرخ هەردوکیان بەهەمان ئەندازە لە هەناوی پرۆژەی مۆدێرنەدا ئامادەن. ئەو ڕووەی مۆدێرنە کەدەخوازێت کۆمەڵگا لەسەر وێنەی سەربازگە بەرهەمبهێنێت، بەهەمان ئەندازەی ئەو ڕووەی کە دەخوازێت کۆمەڵگا وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتی پێنشیاربکات، ئامادەیە. دیموکراسیەت و نازیزم، ویلسۆن و هیتلەر دوو منداڵن هەردوکیان لە ڕەحمی مۆدێرنەوە هاتونەتە دەرەوە.

مارسیل بلانچۆت لەپاڵ لێکدانەوەکانی فۆکۆدا لەسەر هەمان خەت دەڕوات و دەڵێت: "بۆ پیادەکردنی جینۆساید پێویستمان بەهەموو شێوەکانی دەسەڵات هەیە لەوانەش بیۆ- دەسەڵات کەلەسەر فیکرەی چاککردنەوە و مێتۆدو دەستنیشانکردنێکی خوێنساردانە

کاردەکات."<١١>. مەبەستی بلانچۆت لە مەسەلەی چاککردنەوە لەم پەرەگرافەدا چاککردەنەوەی ئەو شتانەیە کەدەسەڵات وەک هەڵە پێناسیاندەکات، ئەم چاککردنەوەیەش لە ڕێگای ڕیشەکێشکردن و لەناوبردنی ئەو هەڵانەوە لەناو کۆمەڵگادا پیادەدەکرێت. لەدۆخی ئەڵمانیای نازیدا چاککردنەوە مانای لەناوبردنی جولەکەکان بوو وەک ڕەگەزێکی هەڵە یان نەخۆش کەپێویستیان بەچاککردنەوە هەبوو، جوولەکەکان لەدیدی نازیەکانەوە هەڵگری خوێنێکی هەڵەبوون کە مەترسیەکی گەورەیان بۆ پیسکردنی خوێنی ئاری بەگشتی و بۆ خوێنی ئەڵمانی بەتایبەت هەبوو. پرۆسەی پاککردنەوەی خوێنی ئەڵمانیش مەسەلەیەک بوو نازیەکان دەیانویست بەهانە و پاشخانێکی مێتۆدی و زانستی بۆ بدۆزنەوە، ئەم میتۆدەش بەوە دەستیپێدەکرد بیسەلمێنێ کە جولەکەکان لەڕووی بایۆلۆژییەوە ڕەگەزێکی هەڵەن و ئاریەکان لە ڕەگەزەکانی دیکە پێشکەوتوتر و بە تواناترن. دواقۆناغیش لەم بەسەرهاتەدا دەرکردنی بڕیاری لەڕەگووڕیشەوە هەڵکەندنی ئەو هەڵانە بوو کە پێشتر دەستنیشانکرابوون بەشێوەیەکی بیرۆکراسی ڕۆحسارد و بێهەستکردن بەهیچ گوناه یان وەسوەسەی پەشیمانییەک.

ئەم دەستنیشانکردنەی بلانچۆت پڕاوپڕی ئەزموونی نازیزمی ئەڵمانییە، جینۆساید لەم ئەزموونەدا لەپاڵ گوتارێکی ڕاسیستیدا پیادەکرا کە بیۆ-دەسەڵات ڕۆڵێکی هێجگار گرنگی لەداڕشتنی ناوەرۆکی ئەو گوتارە ڕاسیستییەدا دەبینی. فۆکۆ ئەم ڕاسیزمە ناودەنێت ڕاسیزمی دەوڵەت، مەبەست لە ڕاسیزمی دەوڵەتیش ئەوەیە کە دەوڵەت لەسەر بناغەی ڕەگەز، هەندێ گروپ دەردەکاتە دەرەوەی ئەو شوناسە گشتیەوە کە بۆ کۆمەڵگای دروستدەکات. دەوڵەت لە دروستکردنی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتییەدا کە دەخوازێت بە بەری کۆمەڵگایدا بکات ئەو گروهانە دەردەکاتە دەرەوە کە لەگەڵ فانتازیەکانی دەوڵەتدا بۆ کۆمەڵگا یەکناگرنەوە. ئەم دەرکردنە دەرەوەیەش لە دۆخی جینۆسایددا لەناوبردنێکی سەرتاسەری ئەو گروپانەیە کە دەوڵەت نایەوێت بەشێک لە شووناسی ئەو کۆمەڵگایە دروستبکەن، بەڵام فۆکۆ مەسەلەی ڕاسیزمی دەوڵەت تەنها بە مەسەلەی ڕەگەزەوە گرێنادات و پێ لەسەرئەوە دادەگرێت کە نابێت ڕاسیزم تەنها بۆ مانا بایۆلۆژیەکەی کورتبکەینەوە. دەوڵەت دەتوانێت زیاد لە گروپ و دەستەیەک وەک بوونەوەری هەڵە پێناسەبکات، بەڵام نە لەسەر ئەساسی ڕەگەز وەک نازیسمی کلاسیکی دەیکات، بەڵکو لەسەر ئەساسی سێکس، وەک لەناوبردنی هۆمۆسێکسواڵەکان، ڕاو بۆچوونی سیاسی، وەک ناحەزە سیاسییەکان، ئەتنیەت، وەک ئەندامی گروپێکی ئەتنی دیکە، هتد... بەکورتی دەشێت ڕاسیزمی دەوڵەتی بەرهەمی فانتازیاکردنێکی دیاریکراوی کۆمەڵگاو بەرهەمی هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی بێت کە شوێنی زۆر گروپ و ڕەگەز و سێکسی جیاوازی

تێدانەبێتەوە. لێرەوە جینۆسساید، وەک دیوێک لە دیوەکانی ڕاسیزمی دەوڵەتی، دەشێت ڕووبەڕووی هەریەکێک لەو گروپانە ببێتەوە کە دەوڵەت نایەوێت وەک نوێنەر و وەدیهێنەری فانتازیە کۆمەلأیەتی و سیاسیەکانی خۆی بیانبینێ.

- ٨ -

لەڕاستیدا شیکردنەوەکانی فۆکۆ بۆ دەسەلأت ڕووبەڕوی کێشەیەکی زۆر گرنگمان دەکاتەوە ئەویش بێدەنگبوونە لە دەسەلأتی کاریزمی و کاریگەریەکانی دەسەلأتی کاریزمی. فۆکۆ بەدرێژایی نووسینەکانی لەسەر دەسەلأت بە هیچ جۆرێک باس لە دەسەلأتی کاریزمی ناکات. ئەم باسنەکردنەشی بەبۆچونی من وابەستەی ئەو دیدە فەلسەفیەیە کە فۆکۆ هەڵگری بوو، مەبەستم لەو دیدەش باوەڕنەبوونە بە فەلسەفی زات. لای فۆکۆ زات منالّی قۆناغی ڕۆشنگەریە و فەلسەفەی زاتیش جگە لە ڕستێک وەهم هیچیدیکە نییە. لێرەوە کاریزما، ئەو زاتەی کە هەمە توانایە، لە گوتارە فەلسەفیەکەی فۆکۆ دەرکراوە. بەبۆچونی من ئەم دەرکردنەی کاریزما لە تیورەی دەسەلأتی فۆکۆیی بەهیچجۆرێک لەگرنگی ئەم شێوە دیاریکراوەی دەسەلأت چ لە مێژووی دەسەلأت و چ لە هەنووکەیی دەسەلأت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کەمناکاتەوە. نەک هەرئەمە بەڵکو من پێموایە دەسەلأتی کاریزمی تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریەکی گەورەی هەبووە و هەشە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی ئەو شێوانەی دیکەی دەسەلأت کە فۆکۆ بەدرێژی میکانیزمەکانی کارکردنیانی شیکردۆتەوە.

تێڕوانینێکی ورد لە چۆنیەتی کارکردنی دەسەلأت لەم سەدەیەدا نیشانیدەدات چۆن کاریگەری دەسەلأتی کاریزمی، لەهەناوی کۆمەڵگای مۆدێرندا، لەسەر کۆی کارکردنی شێوەکانی دیکەی دەسەلأت کاریگەرییەکی وێرانکەربووە، کاریگەرییەک کە بەر لەهەموو شتێک مرۆڤەکانی ڕووبەڕوی تاریکستانەکانی مۆدێرنیزم کردۆتەوە نەک ڕووناکییەکانی. ڕێکەوت نییە کە جینۆسسایدەکانی مێژوو لەئامادەگی سەرۆکێکی کاریزمیدا ڕوویانداوە، ئەتاتورک، هیتلەر، ستالین، پۆلپۆت و سەدام حوسەین لە نمونە هەرە دیارەکانیانن. بێگومان من کەدەڵێم ئەمانە هەڵگری دەسەلأتێکی کاریزمین مەبەستم نییە بەشانوباهوی ئەم دیکتاتۆرە خوێناویانەدا هەڵدەم، مەبەستی من لە دەسەلأتی کاریزمی مانا ئەنسرۆپۆلۆجییەکانی کاریزمایە. ئەو شێوەیەی دەسەلأت کە لە جەستەی سەرکردەیەک یان سەرۆکێکدا جێگیرە و دەزگاکان و زانستەکان و بەرنامەکان ناچاردەکات بەشێکی گەورەی مۆڵەتی کارکردنی خۆیان لەو دەسەلأتە کاریزمییەوە بخوازن.

بە بۆچونی من دەسەڵاتی کاریزمی نەغمەیەکە لە نەغمەکانی دەسەڵاتی سزابەخش، بەڵام ئەم سزایە بەتەنها سزای تاکەکان و گروپەکان نییە، بەڵکو سزای لۆژیکی دەسەڵاتی مۆدێرنە خۆشیەتی. ئاخر مۆدێرنە ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەیە کە تێیدا دەسەڵاتەکان لە یەکدی جیادەکرێتەوە، چاودێریدەکرێن، پانتایی کۆمەڵایەتی بۆ بەرگری دژ بەو دەسەڵاتانە فەراهەمدەبن. بەڵام کاریزما دێت بۆ تێکشکان و سزادانی ئەم لۆژیکە فرە ڕەهەندەی مۆدێرنە، کاریزما دێت تا دەسبخاتە ناو میکانیزمەکانی ئیشکردنی دەسەڵاتی مۆدێرنەوە و تاپێیبکرێت نەهێڵێت دەسەڵات سنوورەکانی خۆی بکاتەوە و بەسەر هێزی کۆمەڵایەتی جیاوازدا دابەشببێت. کاریزما دێت تا نەهێڵێت دەسەڵات لەدەرەوەڕا چاودێریبکرێت، تا نەهێڵێت بەرگری پانتایی تایبەتی خۆی دروستبکات و دەسەڵات ناچار بکات دابەشبوون بەسەر لایەن و دەزگا و دامەزراوی جیاجیادا قبووڵبکات. کاریزما دەسەڵاتی ئەو پادشا، ئەمیر یان سەرۆکە سەروەردەکات کە مافی بوونی ئەو دەسەڵاتە لە جەوهەری گریمانەکراوی ئەوەوە وەک پیاوێکی خاوەن کاریزما سەرچاوەدەگرێت، ئەو دەسەڵاتەی لەدەرەوەی یاسا و دەزگا و ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا لە جەستەی ئەو کەسەدا جێگیرە.

بێگومان نابێت کاریزما وەک دەسەڵاتی تاقە سەرکردەیەک یان ئەمیرێک یان پادشایەکی فەردی تێبگەین، بەپێچەوانەوە دەبێت کاریزما وەک سیستمێک ببینین. کاریزما وەک سیستم مانای ئامادەگی بەردەوامی سەرۆکە گەورەو بچوک و بچوکترەکانە لە نێو زۆربەی هەرەزۆری کایە و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا و وەرگێڕان و پەکخستنی لۆژیکی ئەو کایانەش تا ئەو ئەندازەیەی کاریزما بەبەردەوامی بوونی خۆی و باڵادەستی خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەوە دەسەڵاتی کاریزمییە لەیەککاتدا هەم سەدام و عودەی و قوسەی و عەلی حەسەن مەجید و حسێن کامیل، هەم ئەو ئەفسەری ئاسایشەش بەرهەمدێنێت کە لە قوتابخانەیەکدا چاودێری ئەوەدەکات منداڵانی ئەو قوتابخانەیە لە پشووی نێوان وانەکاندا چ سروودێک دەڵێن و چ نووکتەیەک بۆیەکدی دەگێڕنەوە.

بەسیستمکردنی دەسەڵاتی کاریزمی خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی مۆدێرنە، کاریزما چیدی بەتەنها دەسەڵاتی سیحربازێک نییە کە فێڵەکانی هێزی ئەوەی بدەنێ ئەوانی دیکە لێیبترسن، بە گوێیبکەن یاخود نەوێرن پرسیار دەربارەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی بکەن. بەڵکو بەپێچەوانەوە کاریزما دانیشتووی سەرزەمینی مۆدێرنە و تواناکانی مۆدێرنەیە. کە دەڵێم کاریزما سیستمە و بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی مۆدێرنە دەمەوێت بڵێم کاریزما لەناو پرۆژەی مۆدێرنەدا دەسەڵاتێکە شانیداداوەتە سەر کۆی هێز و توانای ئەو فۆرمانەی دیکەی دەسەڵات کە مۆدێرنە بەرهەمیاندەهێنێت. کاریزما ئەو هێزو توانایانەی مۆدێرنە

بەرهەمیاندێنێت دەخاتە سەر هێز و توانای خۆی و ئەمرو نەهییەکانی خۆی بە تەکنیک و مێتۆد و لۆژیکی دەسەڵاتەکانی دیکە پیادەدەکات.

بەبۆچوونی من ئامادەگی کاریزما لەناو هەناوی مۆدێرنەدا ئەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە دەسەڵاتی کاریزمی لەدوالێکدانەوەدا جگە لەدەسەڵاتی سزابەخش کە تێیدا پادشا مافی کوشتن و لێسەنندنەوەی ژیانی لەکەسێکی دیکە هەیە، شتێکی دیکە نییە. کاریزما لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهەمان ئەندازەی قۆناغی بەر لە مۆدێرنە هەڵگر و پارێزەری مافی کوشتنە. بەڵام ئەم مافە لە ڕۆژگاری مۆدێرنەدا تەنها گرێدراوی پاراستنی دەسەڵاتی پادشا نییە و بەڵکو ڕاستەوخۆ بە چەندان لەو پرنسیپە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە گرێدراوە کە مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا هێناویەتی. هەموومان دەزانین لە زۆر حاڵەتی باڵادەستی کاریزمادا شەرعیەت و سەروەری دەوڵەت، کە خاڵێکی گرنگی داهێنانە سیاسییەکانی مۆدێرنەیە، تاڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە کەسی پادشا، ئەمیر یاخود سەرۆکەوە. بریندارکردنی سەرۆک مانای بریندارکردنی شەرعیەتی دەوڵەت، قبووڵنەکردنی سەرۆک مانای قبووڵنەکردنی سەروەری دەوڵەت و بەگژاچونەوەی سەرۆک مانای بەگژاچوونەوەی سەروەری دەوڵەت. لە دەسەڵاتی کاریزمیدا مەسافەیەک نەماوە لەنێوان جەستەی سەرۆک و جەستەی دەوڵەتدا، تەماهییەکی تەواوەتی هەیە لەنێوان پادشاو دەوڵەت و خودی نیشتیمان خۆشیدا. بۆنموونە لەعێراقدا ئەو دروشمەی کە دەیگووت ‹سەدام خەیمەی هەموو عێراقییەکانە› دەربڕی ئەو نیازەیە کە کاریزما بە مەسەلەی شەرعیەتەوە گرێدەدات. ئەو دروشمەی دیکەش کە دەیگووت ‹ئەگەر سەدەم ووتی بەڵێ، مانای عێراق ووتی بەڵێ› تێکەڵکردنێکی بەئەنقەست و ترسناکی ئیرادەی دەوڵەت و ئیرادەی کاریزمابوو. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا کاریزما و دەوڵەت، کاریزما و سەروەری و کاریزما و شەرعییەت بەیەکدی تێکەڵکراون، گەرچی ئەم تێکەڵکردنە بست بەبستی دەسەڵاتێکی هەڵئەچنی کە ژیانی هەمووومانی دەکردە بارمتەی بەڵێ وتنێکی بێقەیدوشەرت بۆ سەدام و کارەکانی سەدام، ئەوکارانە بەناو مەرگیی دەستەجەمعی هەمووماندا تێدەپەڕی و هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی دەسەپاند کە دژ بەهەموو ڕاستییە سۆسیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگای عێراقی و ئارەزوی جیاوازبوونی گروپە جۆربەجۆرەکانی ئەو پێکهاتە سیاسییەیە کە ناوی عێراقە.

دەسەڵاتی کاریزمی سایکۆلۆژیای دەسەڵات لە سایکۆلۆژیایەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندەوە، سایکۆلۆژیای دەزگاکان و پلانەکان و زانستەکان و پەیوەندییەکانەوە دەگۆڕێتە سەر سایکۆلۆژی ئەو پیاوە کاریزمیانەی بڕیارەکاندەدەن. سایکۆلۆژیای چڕی پرۆسە ئاڵۆز و جیاوازەکانی مۆدێرنە دەگۆڕێتە سەر سایکۆلۆژیای سادەی ئەفسەرەکانی چاودێری. لۆژیکی

ئالۆزی مۆدێرنە، لۆژیکە سیاسی، فیکری، ئابووری و کەلتوورییەکەی، دەکەوێتە ژێر جەبری لۆژیکی کاریزمایەک کە زۆرجار دنیا تەنها لەو دابەشکردنە هێجگار سادەیەدا دەبینێت کە دەڵێت ‹کێ لەگەڵ مندایە› باشە و ‹کێش منی قبووڵ نییە› خراپە. ئەم خاڵەیە وا لەمن دەکات بڵێم دەسەڵاتی کاریزمی شتێک نییە زیاتر لە فۆرمێک لە فۆرمەکانی دەسەڵاتی سزابەخش، هەردوو دەسەڵاتەکە لە پەیوەندیاندا بە مەسەلەی سەروەرییەوە یەک ستراتیژیان هەیە، دەسەڵاتی سزابەخش سەروەری دەسەڵات ڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بە جەستەی ئەمیر یاخود پادشاوە، کاریزما بوونی دەوڵەت و تەنانەت بوونی کۆمەڵگاش خۆی ڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بە بوونی سەرۆک خۆیەوە. پادشا ناحەزەکانی دەکوژێت بۆ پاراستنی سەروەری خۆی، کاریزما هەموو بەرگرییەک لەناودەبات بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایەی کورتکراوەتەوە بۆ ئەو "خێمەیەی" هەم کۆمەڵگاو هەم دەوڵەت دادەپۆشێت و دەپارێزێت. هەر ئەم پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی نێوان دەوڵەت و کاریزما و کۆمەڵگا و کاریزمایە وادەکات دەسەڵاتی جینۆسایدی وەک دەسەڵاتێک ببینم کە پەیوەندییەکی پتەوی بە دەسەڵاتی کاریزمییەوە هەیە. نا نەک هەر ئەمە بەڵکو تائەوڕادەیەش پێدادەگرم و دەڵێم جینۆساید بەبێ کاریزما مەحاڵە. بێگومان دەبێت ئەوەمان لائاشکرا بێت کە بەبێ ئامادەیی شێوە مۆدێرنەکانی دەسەڵات، واتە بەبێ بیۆ ـ دەسەڵات و دەسەڵاتی چاودێریکەر، کاریزما ناتوانێت هەڵگری ڕەهەندی جینۆسایدی بێت. تەنها لە ئامادەگی و لەپاڵ ئەم دوو فۆرمەی دەسەڵاتدایە کاریزما دەتوانێت بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی جینۆسایدی بێت. بەکورتی دەسەڵاتی جینۆسایدی ئەو دەسەڵاتەیە کە لەیەککاتدا هەرسێ شێوەکەی دەسەڵات لەناو هەناوی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنداکۆکردۆتەوە، کۆکردنەوەیەک تێیدا کاریزما بالادەستە و تاڕادەیەکی زۆریش دەستنیشانی ئەوە دەکات کە شێوازە جیاجیاکانی دیکەی دەسەڵات لەسەر چی کاربکەن، لەسەر ژیان یاخود لەسەر مەرگ، بیۆـدەسەڵات یاخود ساناتۆـ دەسەلات.

ئەم سێ شێوەیەی دەسەڵات بوو لە سیستمی نازیەکاندا بەیەکەوە کۆبوونەوە و ئەو دیاردەیەی دروستکرد کە ناوی هۆڵۆکۆستە. واتە هۆڵۆکۆست بەری کۆبوونەوەی سزا و کۆنترۆڵ و گەمەی بایۆلۆژیانەی دەسەڵاتە لە دنیایەکدا سەرۆکی کاریزمی و سیستمێکی کاریزمی ئاراستەکانی کارکردنی دەسەڵات دەستنیشاندەکان. هەر ئەم پێکهاتەیەش بوو لە کوردستاندا ئەنفالی خوڵقاند بەڵام لە ڕۆژگار و هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیاوازدا. ئەم خاڵە دواتر دێمەوە سەری.

- ٩ -

کە کاریزما دێت ئەگەری وەرگەڕانی بیۆدەسەڵات لە ئیشکردنییەوە لەسەر ژیان بۆ ئیشکردن لەسەر مەرگ گەورەتر و فراوانتر دەبێت. فۆکۆ دەڵێت "بیۆدەسەڵات دەشێت دەسەڵاتێکبێت لەیەککاتدا هەم ژیان بپارێزێت هەم وابکات هۆلۆکۆست لەدایکببێت "<١٢>. بە بۆچونی من ئەوەی وادەکات کە بیۆ- دەسەڵات لە کارکردنییەوە لەسەر ژیان بگوازێتەوە بۆ کارکردن لەسەر مەرگ ئامادەگی دەسەڵاتی کاریزمییە. چونکە کاریزما دەسەڵاتێکە نایەوێت هیچ سنوورێک بەر بە گەمەکان و خەونەکان و تەماحەکانی بگرێت گەرچی پیادەکردنی ئەم تەماح و خەونانە بەناو دەیان گۆڕستان و ژێرزەمینی تاریکی پڕ لە ڕۆحی کوژراو و شارو گوندی وێرانکراودا تێپەڕێت. نمونەی عێراق، دەسەڵاتێکی کاریزمی بینادنراو لەسەر گۆڕی دەستەجەمعی و گۆڕینی کۆمەڵگا بە قەبرستانێکی گەورە، لەم ڕووەوە نمونەیەکی دەوڵەمەند و پڕ ئەزمونە. لە ئەڵمانیاشدا ناکرێت کۆی ڕووداوەکانی هۆلۆکۆست و بەکۆمەڵ کوشتنی جولەکەکان لە ئامادەگی کاریزمیانەی هیتلەر و ئەو هەزاران هیتلەرە بچوکانەی دیکە دابڕین کە بە سەر جەستەی کۆمەڵگای ئەڵمانیدا بڵاوبووبوونەوە.

بەڵام وەک پێشتریش هێمام پێکرد دەسەڵاتی کاریزمی بەتەنها دەسەڵاتی تاقە پیاوێک نییە بۆخۆی و بەس، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی گروهێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە کە کاریزما هەلومەرجی بوونی کۆمەڵایەتی ئەوان و باڵادەستیان بەردەوام بەرهەمدەهێنێتەوە. بە مانایەکی دیکە دەسەڵاتی کاریزمی دەسەڵاتی گروهێکە بۆ ئەوەی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە ناچارە فۆرمەکانی دەسەڵات وا ڕیزبکاتەوە کە کاریزما تێیدا خاوەنی یەکەمین و دواهەمین بڕیاربێت، گروهێک کە نەتوانێت لەدەرەوەی کاریزمادا باڵادەستی خۆی بپارێزێت. شووناسی ئەم گروهە کۆمەڵایەتییە چییە؟ ئەمەیان پرسیارێکە کە دەشێت لە شوێن و جێی جیاواز و هەلومەرجی مێژوویی جیاوازدا وەڵامی جیاوازی هەبێت.
لە ئەزمونی عێراقیدا شووناسی ئەو گروهە شوناسێکە کە ڕەگێکی لەناو پەیوەندیەکانی خزمخواهی و کولتووری خێڵەکیدایە، ڕەگەکەی دیکەشی لەناو دەزگانی لەشکر و ماشێنی میلیتاری نوێی دەوڵەتی عێراقیدایە. ئەم گروهە گروهێکە لەناو دەوڵەتەوە و لەڕێگای دەوڵەتەوە شوێنی کۆمەڵایەتی خۆیان دەستنیشانکردوە، بەمانایەکی دیکە ئەم گروهە لە جەوهەردا گروهێکی سیاسیە کە شوێن و جێیە سیاسیەکەی خۆی لەڕێگای دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەتەوە کردووە و بەردەوامیش دەکاتە شوێن و جێیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی. گروهێکە

بەردەوام سەرمایە ڕەمزیەکەی، ئەو سەرمایە ڕەمزییەی کە مەوقیعی ئەم گروپە لەناو دەوڵەتدا دروستیدەکات، دەگۆڕێتە سەر سەرمایەی ئابووری. ئەوەی لێرەدا دەبێت پێی لەسەر داگیرێت فانتازیای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم گروپەیە، من ووتم ئەم گروپە سەدامی وەک خێمەی عێراقیەکان پێشنیارکردو تەماهییەکی ڕاستەوخۆی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا و سەدامدا دروستکرد. ژێرخانی ئەم فانتازیا سیاسی و کۆمەلایەتیەش بریتیبوو لە فانتازیاکردنی کۆمەڵگا بە هەموو جیاوازیەکانییەوە وەک خێڵێ. خێڵێک کە ئەندامەکانی ڕەعیەتێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی سەرۆکەکانن. ئێستا هەنگاوێکی دیکە دەچمە پێش و دەڵێم ئەم فانتازیە سیاسییە ئەو سەرزەمینی خەونەیە کە جینۆسایدی لە عێراقدا لەسەر بنیادنراوە. ئاخر سەدام حوسەین، سەرۆک کۆماری دەوڵەتێکی مۆدێرن، چۆن وەک خێمەی خێڵێک کە هەموو عێراقیەکان کۆبکاتەوە پێشکەشدەکرێت گەر لەپشتییەوە خەونی کردنی کۆمەڵگا بە خێڵ و خەونی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی خێڵ بنەما فانتازیەکانی ڕەنگڕێژ نەکردبێت. لەڕاستیدا هەوڵدانی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی خێڵ هەوڵدانی ڕکێفکردنی هەموو پرۆسەکانی مۆدێرنەیە، ئەو پرۆسانەی وەک ‹ڤێبەر› دەڵێت بەردەوام گروهی جیاواز و فەردی جیاواز و پەیوەندی جیاواز و ئینتیمای جیاواز بەرهەمدەهێنن. بەمانایەکی دیکە لە کاتێکدا مۆدێرنە بەردەوام گروهی جیاجیا لە هەناوی کۆمەڵگادا دروستدەکات و بەردەوام کۆمەڵگا بە جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری نوێ مەحکومدەکات، لەهەمانکاتدا دەسەڵات ناچاردەکات کە سنوورەکانی خۆی بۆ جێکردنەوەی ئەم جیاوازیە کۆمەڵایەتیانە واڵاکات. لەو کاتەدا کە دەسەڵات نایەوێ و ناتوانێت سنوورەکانی خۆی بۆ ئەو جیاوازیانە واڵاکات کە مۆدێرنە دەیانخولقێنێت، تاقە دەروازەیەک دەمێنێتەوە چەپاندنی جیاوازییەکان و ئینکارکردن و تووڕدانەوەیانە بۆ ناو ئەو مۆدیلە کۆمەڵایەتیانەی بەر لە مۆدێرنە باڵادەستبوون، مەبەستم لە مۆدیلی خێڵ و مۆدیلی پەیوەندیەکانی خزم و خزمخواهیە.

بەڵام با ئەو خاڵەش تەواو ئاشکرابێت کە ئەو گروهەی لە عێراقدا هەوڵی ڕکێفکردنی کۆمەڵگا و هەوڵی ڕکێفکردنی مۆدێرنەی ئەدا خۆشی بەرهەمێک لەبەرهەمەکانی مۆدێرنەیە. ئەم گروهە گروهێکە کە ئەفسەرەکانی سوپا ناوەندەکەی پێکدێنن و ، ئەو گوندنشینە خێڵەکیانەی مۆدێرنە بەرەو شارەکانی بردوون تەوەرەکەی و ئەو خوێندەوارانەش، دەرچووی زانکۆ و دەزگا نوێکانی خوێندن، ئەو خاڵی بەیەکەوە گرێدانە پێکدێنن کە ناوەند و تەوەرەی ئەم بازنەیە بەیەکدییەوە دەبەستێتەوە. بێگومان خەونی گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ خێڵ بەبێ

فشارێکی هەمەلایەن و بەبێ هێرشێکی بەردەوام بۆسەر هەموو ئەو بەشانەی کۆمەڵگا کە ئەم پرۆسەیە قبوڵناکەن کارێکی مەحاڵە. لێرەوە نەک تەنها جیاوازییە کۆمەلایەتیەکان ئینکاردەکران، بۆ نمونە بەعس ویستی بە بڕیارێک جیاوازی نێوان کرێکاران و بیرۆکراتەکانی دەوڵەت، فەرمانبەران، بسڕێتەوە، بەڵکو هەر جیاوازییەکی دیکەی ئەتنی و ئاینی و کەلتووریش بەتوندی ئینکاردەکران و عێراق دەبوایە وەک کۆمەڵگایەکی بێجیاوازی خۆی پێشکەشکات. تاقە شتێک هێنانەدی ئەم خەونەی مسۆگەردەکرد پرۆسەی بە میلیتاریزەکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگا بوو، لەڕێگای بەرهەمهێنانی جەنگی بەردەوامەوە. لێرەوە بەرپاکردنی جەنگی بەردەوام لە عێراقدا جگە لە بوونی چەندان هۆکاری دەرەکی و ناوچەیی جیاواز مەحکومبووە بە کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکیش کە لەپێش هەموویانەوە هەوڵدانی ڕکێفکردنی ئەو جیاوازییە ئەتنی و کۆمەلایەتی و کولتوورییەیە کە مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا دەیهێنێت. مۆدێرنە جیاوازی بەرهەمدێنێ و کاریزما دەخوازێت جیاوازیەکان بسڕێتەوە، ئەمە ئەو ناکۆکییە کوشندەیە کە لە عێراقدا حوکمی سەرلەبەری ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەتنی و کولتووری کردووە. وەک وتم تاقە چارەسەرێک لە عێراقدا بۆ دەرچوون لەم ناکۆکییە بیریلێکرابێتەوە و پلانی بۆدانرابێت هەوڵدانی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگایە لەسەر مۆدێلی سەربازگە، واتە لەسەر مۆدێلی خێڵێکی چەکدار. ئەم مۆدیلە وادەکات لەسەرێکەوە هەموو توانا تەکنۆلۆژی و ئۆرگانیزاسیۆنی و سەربازیەکانی مۆدێرنە بەکاربهێنرێن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگا لەسەر مۆدیلی سەربازگە، مەسەلەیەک کە مۆدێرنە خۆی هەلی وەدیهێنانی فەراهەمدەکات، لەسەرێکیدیکەوە ئەم مۆدیلە بوونی هەموو ئەو گروپ و لایەن و هێزە مۆدێرنانە وێراندەکات کە ئەوانیش بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆژەی مۆدێرنە خۆی. بەمانایەکی دیکە لەم مۆدیلەدا تواناکانی مۆدێرنە، توانا تەکنیکی و سیاسی و مۆراڵییەکانی، دژ بە بەرهەمەکانی مۆدێرنە، هێزە کۆمەلایەتییە مۆدێرنەکان و داواکاریەکانیان سەبارەت بە سەربەخۆ بوون و پاراستنی مافی جیاوازبوونیان، بەکاردەهێنرێت. بالادەستبوونی خەونی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی سەربازگە، یان خێڵی چەکدار وا لەمندەکات پرۆسەی مۆدێرنە لە عێراقدا بە مۆدێرنەیەکی چەکدار لەقەڵەمبدەم.

هەوڵدانی گۆڕان یاخود بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لەسەر مۆدێلی خێڵ یاخود سەربازگەیەکی چەکدار کە ئەمرو نەهیەکانی دەسەڵاتێکی کاریزمی قبوڵکات ئەو خاڵەیە لە عێراقدا بیۆ-سیاسەتی گۆڕیوەتە سەر ساناتۆ-سیاسەت و دنیایەک کە تێیدا دەسەڵات لەسەر ژیان کاربکات گۆڕیوە بە دنیایەک چنراو بە مەرگ.

- ١٠ -

کاریزما لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی میدیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندن نەک بوونی کۆمەڵێ سیفەتی دیاریکراو لە کەسێکی دیاریکراودا. کاریزما کالآیەکە وەکو کۆی کالآکانی دیکەی کۆمەڵگای مۆدێرن. میدیای هاوچەرخ لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەبەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئەم پیشەسازییەدا. ئەم میدیایە توانای ئەوەی هەیە پیاوکوژێک وەک کەسایەتییەکی کاریزمی گەورە، ترسنۆکترین ئینسان وەک پاڵەوانێک، گەمژەیەک وەک زانایەک لەکات و ساتی پێویست و بۆ مەبەستی دیاریکراو پێشکەشبکات. ڕۆشنبیرانیش تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵێکی گەورە لە بەرهەمهێنانی کاریزمادا دەبینن، ڕۆشنبیران دێن بۆ ئەوەی ئەو وێنانە دروستبکەن کە کاریزما پێویستی پێیەتی. ئەو حیکایەتانە بگێڕنەوە کە ئەسڵ و ڕەگەزێکی پیرۆز بە کاریزما دەدەن. هەموومان دەزانین چۆن لە هەشتاکانی عێراقدا شاعیرەکان دیوانە شیعرەکانیان پێشکەش بە سەدام حوسەین دەکرد، چۆن ڕۆماننووسەکان چیرۆکیان لەسەر زیندگی سەرۆک و قارەمانییەتییەکانی سەرۆک دەنوسی، بە چاوی خۆمان بینیمان چۆن هەندێ نووسەر شەجەرەی سەرۆک و نەسەبی سەرۆکیان دەبردەوە سەر ئیمامی عەلی. لە هەشتاکاندا بینیمان چۆن تەنانەت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن قسەیان لەوەکرد کە سەرۆک حەکەمە نەک لایەنێک لە تاوانەکاندا. ئا لەم خاڵەدا ‹کەنعان مەکیە› سەد دەرسەد ڕاستدەکات کە بێدەنگبوونی ڕۆشنبیران لە بەرامبەر تاوانەکاندا، نا نەک بێدەگنبوونیان بەڵکو بەشداربوونیان لە بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی کاریزمیدا ڕۆڵێکی گەورەی لە پایەدارکردنی ئەم دەسەڵاتەدا بینیوە.

پیشەسازی بەرهەمهێنانی سەرکردە و سەرۆکی کاریزمی، وەک زۆربەی پیشەسازییەکانی دیکە بەرهەمی کۆمەڵگای مۆدێرن و ئەو ئەگەر و توانایانەیە کە ئەم کۆمەڵگایە هەڵگریەتی. کاریزمای نوێ، کاریزمایەکە بەتەکنیکەکانی چاودێری و گەمەی ڕاستەوخۆی دەسەڵات لەسەر ژیان کاردەکات، کاریزمایەکە لەپاڵ کۆی دەسکەوتە تیورە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستییە نوێیەکاندا کاردەکات و هاتۆتەسەر ئەو خەزێنە زانستییەی کە ئینسانی نوێی لەڕێگاوە دەستەمۆکراوە، لە سایکۆلۆژیاوە بۆ سۆسیۆلۆژیا و بۆ زانستی کارگێڕی و زانستی ئۆرگانیزاسیۆن و زانستی پەیوەندی و کۆی دەسکەوتەکانی دیکەی زانستە ئینسانییەکان. ئەو زانستانەی ئینسان و کۆمەڵگایان کردۆتە کاغەزێکی شەفاف و هەلی بەکارهێنانی نادروستانەی هەم ئینسان و هەم کۆمەڵگایان خوڵقاندووە.

لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی ‹ماکس ڤیبەر› کە پێیوایە دەسەڵاتی کاریزمی دەسەڵاتێکی بەر لە مۆدێرنەیە بۆچونێکە ناکرێت وا بەئاسانی بە ڕەهایی قبوولکرێت. من وایدەبینم کە بەشێکی گرنگی دەزگا و پرنسیپەکانی مۆدێرنە لەلایەن دەسەڵاتی کاریزمییەوە بەشێکی گرنگی وزەی کارکردنیان وەرگرتووە. ناسیۆنالیزم، فیکرەی دەوڵەتی نەتەوە، فیکرەی سەروەری ‹سیادە› کە قورئانی سیاسی و مانیڤێستی سەرەکی مۆدێرنەن، لەڕووی مێژووییەوە مانیفێستێکن لەزۆر حاڵەتداسەرکردە کاریزمییەکان پیادەیانکردوە، لە ‹بسمارک › ـەوە بۆ ‹دیگۆڵ› و لە ‹گاندی› ـەوە بۆ ‹عەبدولناسر›. کاریزما فۆرمێکی گرنگی کارکردنی ئۆرگانی دەسەڵاتە لە ناو کۆی پێکهاتی دەسەڵاتی مۆدێرندا. کێشەی سەرەکی لێکدانەوەکانی فۆکۆ بۆدەسەڵات لە پشتگوێخستنی ئەم ڕەهەندە گرنگ و ترسناکەی دەسەڵاتی مۆدێرنەدایە. دەسەڵاتێک کە من پێموایە بەشێکی هێجگار گرنگی ئەو پێکهاتی دەسەڵاتەیە کە مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا هێناویەتی. بێگومان مۆدێرنە کەدێت لۆژیکی کارکردنی دەسەڵاتی کاریزمی ڕاستەخۆ گرێدەدات بەلۆژیکی مۆدێرنە خۆیەوە، بەمانایەکی دیکە کاریزما لەناو مۆدێرنەدا کارەکتەری دەگۆڕێت و دەبێت بەبەشێک لەکۆی پرۆژە و ئەگەرەکانی مۆدێرنە. بەحوکمی ئەوەی مۆدێرنە لەیەککاتدا دەشێت هەم سەرزەمینێکی ئاسودە و دیموکراس و خۆشگوزەران، هەم هۆڵۆکۆست و ئەنفالیش دروستکات، بۆیە کاریزماش دەشێت هەم هەڵگری پرۆژەی وێرانکردنێکی سەرتاسەربێت هەم پرۆژەی بنیادنانێکی عەقلانی کە خودی دەسەڵاتی کاریزمی دواجار بخاتە ژێر میکانیزمی چاودێرییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کە هەم ڕەهەندە ترسناکەکانی دەسەڵاتی کاریزمی ڕامبکات هەم ڕەهەندە کوشندەکانی بیۆ دەسەڵات و دەسەڵاتی کۆنترۆڵکەریش.

کاریزمای چاودێرینەکراو لۆژیکی دەسەڵاتەکانی دیکە تێکدەشکێنێت، کایەکانی دەسەڵات لەناوەوەڕا ڕووبەڕوی میکانیزمی دیکە دەکاتەوە کە بەرهەمی ناوەکی کارکردنی ئەم کایانە خۆیان نین. ئەم دەستتێوەردانەی کاریزما بۆناو لۆژیکی کایەکانی دیکە ڕەنگە بەرەو ئەو تەفسیرە هەڵەیامان ببات کە واتێبگەین دەسەڵات بەتەنها لەسەرەوەڕا دێتەخوارێ و بەتەنها لەسەرەوەڕا کاردەکات. ڕاستە کاریزما دەتوانێت لۆژیکی کایەکان وێرانکات، بەڵام کاریزما ناتوانێت خودی کایەکان دروستکات. ئەوەی کایەکان دروستدەکات مۆدێرنە و لۆژیکی مۆدێرنەیە، مۆدێرنە دێت و پرۆژە و فۆرمە جیاجیاکانی دەسەڵات لەگەڵخۆیدا دەهێنێت، بەڵام دواجار کام پێکهاتی دەسەڵات دروستدەبێت و کام شێوەی کارکردنی دەسەڵات هەیمەنە پەیدادەکات ئەمەیان وابەستەی ئەو هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەیە کە لەو ساتەوەختە دیاریکراوەدا هیرارکیەتێکی دیاریکراوی ڕیزبوونی دەسەڵاتاکان دروستدەکات. دەسەڵات نە لەسەرەوەڕا نە لەخوارەوەڕا دروستدەبێت و کاردەکات بەڵکو لەهەموو شوێنێکداو

بەهەموو ئاڕاستەیەکدا دروستدەبێت و کاردەکات، بەڵام هەر ساتەوەختێکی مێژووی و هەر پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕیزبەستن و دابەشکردنێکی تایبەتی دەسەڵات بەرهەمدێنێ و فۆرمێکی دیاریکراوی پەیوەندی لەناو دەسەڵاتەکاندا دروستدەکات.


ئێستا دێمە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە پێشتر دەربارەی چۆنیەتی ڕیزبەستنی دەسەڵاتەکان کردم. بۆئەوەی دەسەڵاتێکی جینۆسایدیمان هەبێت دەبێت دەسەڵاتی کاریزمی بەشێوەیەک بەهێز و پارێزراوبێت کە بتوانێت لۆژیکی کایەکانی دیکە تێکبدات. دەسەڵاتی کاریزمی دەبێت نەهێڵێت دەسەڵات لە ئیشکردنیدا لەسەر ژیان ئەو میکانیزمانە دروستبکات کە خودی ژیان لە گەمە پرمەترسییەکانی کاریزما بپارێزێت. بێگومان هەیمەنەی کاریزمابەپلەی یەکەم مانای غیابی کۆمەڵگا لە بەشداربوون لە مەسەلەی دابەشکردن و چاودێریکردنی دەسەڵاتدا، مانای دانانی ئیرادەی سەرۆکەکان لە شوێنی ئیرادەی کۆمەڵگا، دانانی مافی سەرۆک بۆ کوشتنی خەڵک لە شوێنی مافی کۆمەڵگا بۆ ژیان، هەموو ئەمانەش مانای ئیفلیجکردنی توانای کۆمەڵگا لە مەسەلەی ئۆرگانیزەکردنی خۆیدا و ئیفلیجکردنی ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکانە لە هەڵبژاردنی فۆرمی تایبەتی خۆیاندا.

لە عێراقی قۆناغی ئینتیداب و ئامادەگی ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا دەسەڵاتی کاریزمی ئەو شوێنەی نەبوو کە لە عێراقی قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا پەیدایکرد. ئەزمونی بەعس لە عێراقدا ئەزمونی بە سەروەرکردنی دەسەڵاتی کاریزمییە، ئەزمونی خولقاندنی هەیمەنەیەکی دەستکردە لە دەرەوەی هەمو ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیدا. ئەم هەیمەنەیە بەپلەی یەکەم هەیمەنەیەکە ڕاستەوخۆ لەو ئەمری مەرگ و سیاسەتی مەرگەوە دێتەدەر کە کاریزما هەموو کۆمەڵگای ڕووبەڕوو دەکاتەوە. بەعس داهێنەری گەمەی کوشندەی کاریزمایە لەناو کایە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتدا کە لە عێراقی سەردەمانی ئینتیدابدا ڕۆژگاری دروستبوون و پێڕەوکەی خۆیان دەژیان، بەعس ئەندازیاری وێرانکردنی لۆژیکی ناوەکی کایەکانی دەسەڵات و فڕێدانەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتە بۆناو جەستەی سەدام و حوزوری فیزیای سەدام و ئەو سەدان و هەزاران سەدام و سەدامۆچکانەی بەعس بەدرێژایی مێژووی خۆی بەرهەمی هێنابوون. ڕەنگە لەمخاڵەدابێت تاوانەکانی قۆناغی کۆلۆنیالیزم لە تاوەناکانی سەردەمانی پاش ـ کۆلۆنیالیزم جیابکەینەوە. لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا تاوانەکان بەرەنجامی تووڕەبوونی دەوڵەت بوو لەوانەی پرسیاریان بەرامبەر شەرعیەتی دەوڵەت هەبوو، بەڵام تاوانەکانی سەردەمانی پاش ـ کۆلۆنیالیزم تاوانێکن بەرەنجامی توڕەبوونی کاریزمایە لە دنیا، کاریزمایەک کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەڵگری پرۆژەی سەپاندنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئەو گروهە بوو کە لە قۆناغی پاش ـ کۆلۆنیالدا بوونە گروهی باڵادەست و دەوڵەت و دەزگاکانی


دیکەیان گرتەدەست. لەسەردەمانی ئەنفالدا دەسەڵات لە عێراقدا کورتبوبووەوە بۆ ئەمر و نەهییەکانی سەرۆک و ئەوانەی لە دەوروبەری سەرۆکدابوون، هیچ دەزگایەک، گروپێک، ناوەندێکی یاسایی، سیاسی فەرهەنگی نەبوو بتوانێت پرسیارێک بەرامبەر مۆنۆپۆلیزەی دەسەڵات و پرۆژەی سەرتاسەری چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕووە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بکات. کاریزما بەیارمەتی شێوە نوێیەکانی دەسەڵات لە سەردەمانی ئەنفالدا دنیایەک لە کۆیلەی دروستکردبوو کە ئەمری جینۆسایدیانەی سەرۆکەکانیان پیادەدەکرد.

ئەگەر بمەوێت هیرارکییەتی فۆرمەکانی دەسەڵات لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا دەستنیشانکام ئەوا دەتوانم بڵێم دەسەڵات تێیدا بەم شێوەیە ڕیز بووبوو:

لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا بیۆدەسەڵات لە ئارادابوو، دوای ئەوە تێکەڵێک لە دەسەڵاتی کاریزمی و چاودێری بەیەکەوە. گەر بمەوێت وێنەیەکی ئەو حاڵەتە بکێشم دەشێت ئەم سێگۆشەیەم دەستکەوێت:




**ڕیزبەستنی دەسەڵات لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا**




**ریزبەستنی دەسەڵات لە قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا**

- ١١ -

وەک وتم لە عێراقی هەشتاکاندا ئەو فۆررمەی دەسەڵات کە هەیمەنەی بەسەر فۆرمەکانی دیکەی دەسەڵاتدا هەبوو بریتیبوو لە دەسەڵاتی کاریزمی. کاریزما لۆژیکی ناوەکی هەموو کایە و پانتاییەکانی دەسەڵاتی لەناوەوەڕا بەشێوەیەک گۆڕیبوو کە زەحمەتە قسە لەبوونی کایە بەمانا زانستییەکەی بکەین. لەساتەوەختی ئەنفالدا کاریزما و دەسەڵاتی کاریزمی بەو مانایەی لەسەرەوە باسمکرد بەتەواوی کۆی کارکردنی فۆرمەکانی دیکەی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردبوو. ئەو کایەیەی دەسەڵات کە ڕاستەخۆ کاریزمای بەرهەمنەدەهێنایەوە یان لانیکەم ئەو هەلوومەرجەی فەراهەمنەدەکرد کەکاریزمای تیا بەرهەمبێتەوە، وێراندەکرا. لێرەوە هەموو عێراق کرابووە گۆڕەپانێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی سەرۆک و هەموو ئەو ئامرازانەی سەرۆکیان وەک تاقە دەسەڵات پێناسدەکرد. بێگومان سەرۆک تەنها فەردێک نییە و کۆتایی پێبێت بەڵکو ئەو قسەکەر و سیمبول و پارێزەری دەسەڵاتی گروهێکی کۆمەڵایەتییە کە دنیا لەسنووری قازانجەکانی خۆیەوە نەبێت نایەوێت یاخود ناتوانێت بیبینێت. لێرەوە تێکدانی لۆژیکی کایەکان بەرهەمی پرۆژە و بەرنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە کە گروهی باڵادەست وحاکم لە عێراقدا پیادەیدەکرد. با لێرەدا تێکشکانی لۆژیکی کایەی عەسکەری لە عێراقدا وەک نمونەیەک بهێنینەوە، ئەگەرچی کایەی عەسکەری کایەی موهەیمینی دەسەڵاتبوو لە عێراقدا، بەڵام لۆژیکی کارکردنی ئەو کایەیە لۆژیکێک بوو لەدەرەوەڕا کاریزما بەسەریداسەپاندبوو، نەک لۆژیکی ناوەکی کایەکە خۆی. هیرارکییەتی پلەکانی دەسەڵات هیرارکییەتێک بوو وابەستەی یاساکانی کایەی سەربازی نەبوون، بەڵکو وابەستەی ئەو داخوازیانەبوون کە دەسەڵاتی کاریزمی دەیسەپاندن. بۆنمونە بڕیارێکی دەرەکی لەدەرەوەی کایەی عەسکەریەوە دەهات و عەریفێکی لەشەو و ڕۆژێکدا بەرزدەکردەوە بۆ پلەی وەزیرێک.

بێگومان عێراقی هەشتاکان، کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بوو. مۆدێرن بەو مانایەی هەموو ئەو ڕەگەزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەزگایی و مەعریفی و تەکنیکیانەی مۆدێرنە بەرهەمیاندەهێنێت لە هەناوی ئەو کۆمەڵگایەدا ئامادەبوون. لەئاستی سیاسیدا فیکرەی دەوڵەتی نەتەوە و مەسەلەی سەروەری و فیکرەی دانیشتوان و ئۆرگانە حیزبیەکان لەئارادابوون، لەئاستی کۆمەڵایەتییدا هەموو ئەو هێزە نوێیانە ئامادەبوون کە مۆدێرنە دەیانخولقێنێت، هەر لەکرێکارانەوە بیگرە تا ئەو گروهە سەربازی و گروهە ئەکادیمییەی کە دەشێت هەم خەونی بە سەربازگەکردن و هەم خەونی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا ببین، لەئاستی

مـەعـریفـیـدا دەیان زانکۆ و دەزگـای لێکۆڵینەوە و تیـوره و بۆچون لـەئارادابوون کـه مـۆدێرنـه دروسـتیـاندەکات، لەئاسـتی تەکنیکیدا بەدەیان کـارگـه و ناوەندی بەرهـەمـهێنانی پیشـەسـازی مۆدێرن لەئارادابوون که دەیانتـوانی دواهـەمین چەکی کوشنده بـەرهـەمبـهێنن و بەرهـەمیشـیان دەهێنا. کاریزما لەناو ئەم دنیا مۆدێرنەدا سیاسەتی مەرگی پراکتیزەدەکرد.

ـ ١٢ ـ

لەهەشـتـاکانداو بەتـایبـەتـی لەڕۆژگـاری ئەنفـالدا جگه لەدەسـەڵاتـی کـاریزمـی کـه لەهـەمـوو شـوێنێکدا سـەدان بـەچکەی بچـووکی لەسـەر وێنەی کـاریزمـای یـەکەم، سـەدام حـوسـەین، هەڵهێنابوو، لەهەمانکاتدا دەسـەڵاتی چاودێریکردن و کۆنتـرۆڵ بەناو یەکه بـەیەکەی خانـەکانی جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراقیدا ڕۆچوبوو. بەبۆنەی جەنگی ئێران ـ عێراقەوە دەوڵەت زیاتر لەهـەرکات دەسـتی خسـتـبـوه ناو ژیانـی بایۆلۆژی ئینسـانـی عێـراقـیـیـەوە، هـەمـوومـان لەبەرچـاوی دەوڵەت و دەزگـاکـانی حـوکـمـدا بوونەوەرێکی دیاربووین. ڕاپـەڕین ئاشکرایکرد کەچۆن دەزگاکانی ئـەمن هـەمـوو کـۆمـەڵگای عـێـراقـیـان لەناو فـایلەکانیـاندا کـۆکـردبوەوە و زانیاری زۆر وردیان لەسەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراق کۆکردبووەوە.

لەهـەشــتــاکــاندا بەعس لەهـەمــووکــات زیاتر لـەهەوڵی پراکــتــیــزەکــردنی خــەونی بـه سـەربازگـەکردنی عـێـراقـدا بوو. ئـاخـر له هەشـتـاکاندا پرۆسـەی مـۆدێرنیـزم هەزاران هـەزار دەرچووی زانکۆ و خـوێندەواری دیکه و هێـزی مۆدێرنی دروسـتکردبوو، مـۆدێرنیزم ژمـارەیەکی زۆری خـەڵکی عێـراقی ڕووه و شـارەکان ڕاپێچکردبوو وه کـەم تـازۆر لەو ئینتیـمـا تەقلیـدیانه ڕزگـاریکردبوون که بەر له مـۆدێرنه لەناویدابوون، له هەشـتاکاندا هێـزه مەدەنییـەکانی عێراق لەهەمووکات به ژمـاره گـەورەتربوون. له هەشـتاکاندا مۆدێرنه هـەمـوو شـێوەکانی جیـاوازی له کۆمەڵگای عێراقیدا بەرهـەمهێنابوو، له جیاوازی کار و پیشـەوه بیگره بۆ جیاوازی شووناس و دید و بۆچوون و ئـارەزوی جیـاواز. ئـەم هـەمـوو گـۆڕانانه پێـویسـتـیـان به دۆزینەوەی کـەناڵی تەعبیرکردن لەخۆیان هەبوو، پێویستیان به بەخشینی فۆرم بوو به ژیانیان، پێویستیان به خۆ ئۆرگـانیزه و خـۆ کۆکردنەوه هـەبوو، پێـویسـتـیـان به شـێوەیەک له شـێـوەکانی دەسـەڵات هـەبوو، دەیانویست بەشداربن له پرۆسەی بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا. بەعس نەیدەویست هیچیەکێک لەم داواکـاریـانه وەدیبـێـنێت، بـەدیهـێنـانی ئـەم داواکــاریانه پێـویسـتـی به پرۆژەی سـەرلـەنوێ دابەشکردنەوەی دەسـەڵات هـەبوو، پێویسـتی به فـراوانکردنی سنووری نوخـبـەی حـاکم هـەبوو، پێـویسـتی به کـردنەوەی دەرگـاکـانی گـەشـەکردن و بەرەوسـەرەوەچـوونی کـۆمـەڵایـەتی هـەبوو.

بەعس هەموو ئەمانەی وەک مەترسییەک دەبینی، لێرەوە لەباتی پیادەکردنی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەوڵی وێرانکردنی ئەو هێزانەی ئەدا، جەنگە بەردەوامەکانی بەعس لەسەرێک لە سەرەکانەوە هەوڵدانی وێرانکردنی ئەم هێزانە و وێرانکردنی داواکارییە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانیانە.

لە کوردستاندا بەعس هەمان سیاسەت و هەمان ستراتیژی بەکارهێنا، بەعس نەیدەویست هێزە مۆدێرنەکانی کوردستان خەونی مۆدێرنانەی خۆیان ببینن و سەربەخۆ لە هێزە تەقلیدییەکانی کوردستان کاربکەن. بەعس نەیدەویست پرۆسەی مۆدێرنە ئینتیما تەقلیدیەکانی ئینسانی ئێمە تێکشکێنێ و لەشوێنیدا ئینتیمای نوێ دروستببێت. ئەو ستراتیژەی بەعس لەڕێگەیەوە هێزە مۆدێرنەکانی بۆ ناو هەناوی تەقلیدییەت گەڕاندەوە بریتیبوو لە سیستمی موستەشارەکان. ئەم سیستمە بەتەنها کۆکردنەوەی خەڵک نەبوو لە ئامێزی سەرەک خێڵ و هێزە تەقلیدیەکاندا بەمەبەستی خۆپارستن لەوەی بدەنە پاڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەم سیستەمە ئەو سەرزەمینە بوو کە زۆربەی هێزە مۆدێرنەکانی تێیدا تەسلیم بە سەرەک خێڵ و ئاغا و فیوداڵە کۆنەکان کرایەوە. بێگومان ئەمە تاقە سیاسەتێک نەبوو بەعس لە کوردستاندا پێڕەویدەکرد، چونکە بەعس بەدرێژایی ژیانی وازی لەو سیاسەتی ترسە نەهێنابوو کە لە کوردستاندا ڕۆژانە پیادەیدەکرد. لێرەوە لەناوبردنی فیزیایانەی خەڵک و گروهەکان نەگۆڕێکی بەردەوام بوو لە سیاسەتەکانی بەعسدا لە کوردستاندا، هەم لەڕێگای جەنگی ئێران ـ عێراقەوە هەم بەهۆی ئەو جەنگە درێژخانەی بەعس لە کوردستاندا دژ بە کورد بەرپایکردبوو.

کێشەی سەرەکی لە عێراقی هەشتاکاندا لەوەدایە کە کاریزما هیچ هێز و توانایەکی ڕەخنەیی لای هیچ گروهێکی کۆمەڵایەتی نەهێشتەوە، بەتایبەتی لای ڕۆشنبیران. کەمنەبوون ژمارەی ئەو ئایدیۆلۆژیست و کۆلۆنیست و شاعیر و نووسەر و ئەکادیمیانەی، کاریزمایان وەک چارە بۆ هەمووماں بەرهەمدەهێنایەوە. لەهامانکاتیشدا ماشێنی گەورەی بێرۆکراسییەت تادەهات ئینسانی عێراقی ڕووتدەکردەوە لەهەر هەستێکی مۆراڵی، نائینسانترین کاری بە ناوی واجبەوە پێ جێبەجێدەکردن. ئەم دۆخە لەناو لەشکری عێراقیدا لە چلەپۆپەدابوو، بەناوی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی حیزب و دەوڵەتەوە سەربازەکانی دەوڵەت خوێنی هەزاران هەزار قوربانی بێگوناهیان دەڕشت. بێرۆکراسییەت پانتایی وەسوەسەی ویژدان و گومانی بەرامبەر بە بڕیارەکان کەمکردبووەوە، لەڕاستیدا بیرۆکراسییەت چووبووە شوێنی مۆراڵ خۆی و مەسەلەی مەرگ و لەناوبردنی ئینسان کورتبووبووەوە بۆ کۆمەڵێ فەرمان و ئیجرائاتی ئیداری سادە کە کەس خۆی بەرامبەریان بە بەرپرسیار نەدەزانی.

ئەم پێکهاتەیەی دەسەڵات و ئەو هەلومەرجە ئەخلاقی و سیاسییە بوو ئەنفالی خولقاند، ئەنفال ئەو وێرانەیەیە کە دەسەڵاتی کاریزمی لە سەر پایەکان و تواناکانی دەسەڵاتی مۆدێرن خولقاندی، دەسەڵاتێک کە هیچ پەیوەندیەکی بە گەمەی پاراستنی ژیانەوە نەمابوو و وە ڕاستەخۆ لەسەر مەرگ و لەڕێگای مەرگەوە کاریدەکرد. ئەو سیاسەتەی ئەنفالی خولقاند سیاسەتێک بوو کە سەرزەمینی بیۆسیاسەتی بەجێهێشتبوو و ڕاستەوخۆ لەناو تاریکستانەکانی ساناتۆسیاسەتدا نووقمبوو.

ـ ١٣ ـ

دەسەڵاتی کاریزمی وایکردبوو دەوڵەتی عێراقی ببێتە دەوڵەتێکی ڕاسیستی. بەڵام ئەم ڕاسیزمە، ڕاسیزمێک نەبوو کە دنیا لەسەر بنەمای ڕەگەز و خوێن دابەشکات، بەڵکو لەسەر بنەمای دابەشکردنی ‹یان ئێمە› یان ‹دژی ئێمە›، ئەوانەی سەرۆکیان دەوێت وە ئەوانەی دژی سەرۆکن، دنیای دابەشدەکرد. ئەم دابەشکردنە شاقولییەی نێوان دەوڵەت و دەرەوەی دەوڵەت بەتەنها دابەشکردنێکی ئایدیۆلۆژی نەبوو، بەڵکو دابەشکردنێکیش بوو ڕەگەکانی لەناو میکانیزمێکی قووڵتری ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگادا بوو کە لەسەر بنەمای قبوولکردنی پێناسەکانی دەوڵەت بۆ خۆی و بۆ دنیای دەرەوەی خۆی دروستبووبوو، بەڵام دەوڵەتی عێراقی لەهەشتاکاندا بەتەواوی کورتبووبووەوە بۆ دەوڵەتی گرووپی حاکم و سەرلەبەری کۆمەڵگای عێراقی کرابوون بەڕەعیەتێکی دەست لەسەرسنگ و گوێڕایەڵی دەوڵەت. لەپاڵ ئەمەشدا لەهەشتاکاندا دەزگاکانی دەوڵەت بەجۆرێک گەشەیانکردبوو کەسەرلەبەری کۆمەڵگای عێراقیان خستبووە ناو چوارچێوەی سنووری تواناکانی چاودێریکردن و کارکردنی دەوڵەت خۆیەوە، لەهەشتاکاندا پانتاییەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی نەمابوو دەوڵەت ئالاکانی خۆی تیا هەڵنەکردبێت. گەشەی کۆمەڵگا و گەشەی دەوڵەت یەک پرۆسەبوون، ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا نەتوانێت لەدەرەوەی دەوڵەتدا هەناسەی سەربەخۆی خۆیبدات، لێرەوە ئەخلاقییەتی بیرۆکراسییەتی دەوڵەتی چووبووە شوێنی ئاکار و مۆراڵی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی. بیرۆکراسییەت و ئەو ڕۆحی تەسلیمبوونەی بیرۆکراسییەت و ئەو سنوورەی بیرۆکراسییەت بۆ بەرپرسیاریەتی ئینسان و ئەو هیرارکیەتەی بیرۆکراسییەت بۆ ئاستەکانی دەسەڵاتداریێتی دروستیدەکات ڕاستەوخۆ لەناو دەزگاکانی دەوڵەتەوە بە خودی کۆمەڵگاش درابوو. فیکرەی واجب و قبوولکردنی ئەمر و نەهییەکانی ڕیزەکانی سەرەوەی هەرەمی بیرۆکراسی لە ناو دەزگاکانەوە گواسترابوونەوە بۆ ناو مۆراڵی کۆمەڵایەتی. بۆیە لە

هەشتاکاندا سەرباری ئەو هەموو کوشتن و سوکایەتیکردنە بە ژیان کەچی ئاستی بەرگری دژ بەدەوڵەت لەوپەڕی لاوازیدابوو.

بەڵام دەبێت لێرەدا هێما بۆئەو ڕاستیەش بکەین کە بەعس لە تەکتیکی بەرەنگاربوونەوەی مۆدێرنە و هێزەکانی مۆدێرنەدا بەردەوام پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە مۆدێرنەی زیندوودەکردەوە و بەهێزتریدەکردن، هەروەها شەڕی ئێران ـ عێراقیش بەعسی بە گەڕانەوەیەکی دیماگۆگیانە بەرەو ئاین برد. ئەمانە وایانکردن گەڕانەوە بۆ سەرزەمین و دنیابینی و فانتازیەکانی بەر لەمۆدێرنە لە هەشتاکاندا کارێکی ئاسایی و تارادەیەکیش لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە ئافەرین لێکراوبێت. ڕەنگە هەڵبژاردنی ناوی ئەنفال بۆ ناونانی ئەو سیاسەتی جینۆسایدەی بەعس بەرامبەر بە کورد پیادەی کرد باشترین نمونەیەک بێت ئەم سیاسەتە نوێیەی بەعس نیشانبدات. ئەنفال لەیەک کاتدا بەرهەمی ئەو پێکهاتە دەسەڵاتییەی مۆدێرنەو ئەو وێناکردنە تایبەتانەی ‹بەرـ لەمۆدێرنە› یە کە بەعس بۆ سەپاندنی هەیمەنەی خۆی مامەڵەی کێشەی نەتەوەیی کوردی لە عێراقدا پێکردووە، بەڵام دەبێت ئەوە تەواو ئاشکرابێت کە ئەوەی دواجار چارەنووسی ئەنفالی دەستنیشانکرد هێز و دەزگاکانی مۆدێرنەیە، نەوەک فانتازیەکانی بەر لەمۆدێرنە.

بەکورتی ئەنفال چەندە بەرهەمی دەسەڵاتێکی مۆدێرنە کەلەسەر پایەکانی تەکنۆلۆژیای تازەو سیستمی بێرۆکراسییەت و ئامارو زانست و میتۆدی مۆدێرن کاردەکات، لەهەمانکاتدا لەگەڕانەوەیەکی بەردەوامیشدایە بۆ ئەو فەزا سەلەفیە دینی و ئەخلاقیەی کە شەرعیەتێکی دینی و ئەخلاقی بە پیادەکردنی ڕوداوەکانی ئەنفال دەدات و لاشەی قوربانییەکان، وەک جەستەیەکی بێئیمان پێناسدەکات. ئەم ستراتیژەش لە پشتیەوە ئەو ئیرادە سیاسیە ئامادەیە کە دەخوازێت کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی سەربازگە، یاخود خێڵێکی چەکدار بەرهەمبهێنێتەوە. ستراتیژی ئینکارکردنی هەموو جیاوازییەکان لە جیاوازی نەتەوەییەوە بیگرە بۆ جیاوازی ئاینی و کولتووری و ناوچەیی، هتد...

ـ ١٤ ـ

لە هەشتاکاندا دوو میکانیزمی زۆر گرنگ لە عێرقدا بە بەردەوامی کاریاندەکرد:

یەکەمیان: میکانیزمی بەدەوڵەتیکردنی دەسەڵاتە، واتە کردنی هەموو دەسەڵاتێک بە دەسەڵاتی دەوڵەت ولەناوبردنی هەموو ئەو شێوانەی دەسەڵات کە دەکەونە دەرەوەی دەوڵەتەوە، بۆنمونە لەناوبردنی دەسەڵاتی دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراقدا.

دوهەمیشیان: میکانیزمی بە کاریزماکردنی دەسەڵاتە، واتە بەخشینی هەموو تواناکانی دەسەڵاتی دەوڵەتە بە سەرۆک و ئەو گروپە کۆمەڵایەتیەی سەرۆک و هەیمەنەی سەرۆک بەرهەمدەهێننەوە.

لە یەکەمیاندا دەوڵەت هەوڵدەدات هەموو شێوەکانی دەسەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتدا کۆکاتەوەو هەموو رووکارە جیاکانی ژیان بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیەوە، لە مەسەلەی لەدایکبوونەوە تا مەسەلەی مردن. لەدوهەمیشیاندا خودی دەوڵەت خۆی دەبێتە موڵکی سەرکردە کاریزمییەکان و ئارەزو و سایکۆلۆژیای کاریزما دەبێتە ئارەزو سایکۆلۆژیای دەوڵەت. هەرئەمەشە گەمەکانی دەسەڵات چ لەسەر مەرگ و چ لەسەر ژیان دەبەستێتەوە بە ئارەزو و سایکۆلۆژیای پیاوانی کاریزماوە، ئەمەش لەدوا لێکدانەوەدا مانای بەکارهێنانی کۆی توانا کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنیکەکانی مۆدێرنەیە بە لۆژیکی پێش مۆدێرنە. بەبۆچوونی من ماناکانی جینۆساید لە عێراقدا لەم گەمە ترسناکەی دەسەڵاتدایە، هەر خودی مانەوەی ئەم گەمەیەشە بەبێدەستکاری لەم ساتەی ئێستادا وام لێدەکات لەو باوەڕەدابم لە ئاسۆکانی ئایندەدا ئەنفالی دیکە هەبێت. ئەم دەرەنجامە گەرچی بۆنی ڕەشبینییەکی گەورەی لێدێت، بەڵام لەهەمانکاتدا لێدانی شووتی خەتەرێکە کە دەبێت بەرەو وریاکردنەوەیەکی بەردەواممان ببات، ئێمە لەدنیایەکدا دەژین کە بۆنی جینۆساید تائێستاش لەهەموو سوچ و قوژبنێکی هەڵدەستێت نەک لەناو باخچەیەکدا کە چاوەڕوانی گووڵی ئەفسوناوی لێبکەین. گۆڕینی قەبرستانەکانی جینۆساید بە باخچە بە پاککردنەوەی ئەم دنیایە دەستپێدەکات لە ئەگەرەکانی جینۆساید، خودی ئامادەیی ئەو ئەگەری جینۆسایدەیە لە ئێستای کۆمەڵگای عێراقیدا وا دەکات بترسم، بەڵام بێگومان نائومێد نەبم.

## سەرچاوەکان

١- بەبۆچونی باومان هۆڵۆکۆست،بەکۆمەڵکوشتنی جولەکەکان، بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی مۆدێرنیزم نەک دەرەنجامی فەشەل یان غیاب یان پاشەکشەی مۆدێرنیزم. هۆلۆکۆست، کامپەکانی کوشتن، دیسپلینی سەرتاسەریانەی کۆمەڵگاو دواتر ئەنجامدانی کوشتاری سیستماتیزەکراو، شتانێک نین لەدەرەوەی دنیای مۆدێرن و پرۆسەی مۆدێرنیزەدا بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەگەرێکن لەئەگەرەکانی مۆدێرنیزم. ئەمانە دنیایەکن بەبێ مۆدێرنیزم ناخولقێن و بەهیچجۆرێک لادانێک نین لە ڕەوتی مۆدێرنیزم. بەکورتی هۆلۆکۆست تۆڵە نییە لە مۆدێرنیزم بەڵکو دانیشتووی ناوماڵی مۆدێرنیزمە. مەبەستی باومان لە مۆدێرنیزم کۆی ئەو بوونە

تەکنۆلۆژی و بیرۆکراسی و ئایدیۆلۆژی و مۆراڵیەیە کە پرۆسەی مۆدێرنیزە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لەشکری مۆدێرن، خودی دەوڵەت خۆی، جیهازی بیرۆکراسی، ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی وڕاسیزمی عەقڵانیکراو، ناسیۆنالیزم لەهەموو چاپە فاشیستی و نازیەکانیدا، دەزگای زیندان، ئۆردوگاکانی کوشتنی بەکۆمەڵ، چۆنیەتی ئۆرگانیزەکردن و پۆلینکردن و پێناسکردن، فەردانیەتی دەرەوەی بەرپرسیاریەت، شاردنەوەی سزاو گواستنەوەی بۆ ناو شوێنە نهێنیەکان، هەرهەموویان بەرهەمی مۆدێرنیزم و کۆمەڵگای مۆدێرنن، هەر هەموویان دەربڕی ڕووە تاریکەکانی مۆدێرنیزمن. باومان لەم بۆچونەیدا بەقوڵی لەژێر کاریگەری بۆچونەکانی فۆکۆدایە بەتایبەتی لەکتێبی، کۆنترو سزادا. بڕوانە:

Zygmunt Bauman: Modernity and Holocaust. Polity Press, Cambridge UK 1989.

٢- بێگومان دەوڵەت بوونەوەرێکی زۆر ترسناکە گەربێت و میکانیزمی جیاجیای ڕامکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو مەترسیانەی دەیخاتەوە لەئارادانەبێت، کۆمەڵێ میکانیزم کەدەوڵەت لەدڕندەیەکی هۆبزییەوە دەگۆڕێتە سەر حەکەمێکی کۆمەڵایەتی "لۆکی" ‹ مەبەست لە "لۆکی" جۆن لۆکی فەیلەسوفە› کە دەوڵەتی وەک پاسەوان یاخود ئێشگری کۆمەلگا دەبینی نەک وەک سەرکردەی کۆمەڵگا، لەهەمانکاتدا باوەڕی وابوو کەدەوڵەت نابێت زۆر دەستبخاتە ناو کاروباری کۆمەڵگاوە و کۆمەڵگا خۆی دەبێت خۆی ڕێکخات و خۆی خۆی بەڕێوەببات لەدەرەوەی دەوڵەتد و دەستێوەردانی دەوڵەتدا. بڕوانە:

Jan van Putten: Politieke stromingen. P. 46-47. Het Spectrum B.V. Utrecht ١٩٩٥.

٣- دەوڵەتی هۆبزی بەو خاڵە لە دەوڵەتی ‹لۆک› ی جیادەکرێتەوە کە لە یەکەمیاندا کۆمەڵگا لەدەرەوەی دەوڵەتدا ناتوانێت هیچ فۆرمێکی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دروستبکات لە کاتێکدا لە دەوڵەتی هۆبزیدا کۆمەڵگا خۆی خۆی بەرهەمدەهێنێ و خۆی خۆی لە ناوەوەڕا بەڕێوەدەبات. لە یەکەمیاندا شتێک نییە بەناوی کۆمەڵگای مەدەنیەوە لەدەرەوەی دەوڵەتدا لەکاتێکدا لە دوهەمیاندا کۆمەڵگای مەدەنی بە بەردەوامی چاودێری دەوڵەت دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Kees van der Pijl: wereldorde en Machtspolitiek: Visie op de Internationale Betrekkingen van Dante tot Fukuyama. Amsterdam, Het Spinhuis, 1992.

٤- دەشێت لێرەدا ئەو پێناسەمان قبوولبێت کە ئەنفال وەک هێرشێکی جینۆسایدیانە بۆسەر ژیانی لادێ و لادێنشینەکانی کوردستان دەبینێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیادچێت کە ئەنفال مۆدێلێکی تایبەتی دەسەلات لە پشتیەوە دەستبەکارە کە وێرانکردنی ژیانی لادێ و لادێنشینەکان تەنها کارێک لەکارەکانی و دەرکەوتێک لەدەرکەوتەکانی زەبری کارکردنی ئەم دەسەلاتەیە. ڕاستە ئەنفال لە سالی ١٩٨٨ دا هێرشبوو بۆسەر لادێکانی کوردستان، بەلام هیچ ڕێگرێک لەئارادا نییە ئەو لۆژیک و ستراتیژیەی لەپشتی ئەنفالەوە کاردەکات فراواننەکرێت بۆسەر شوێنی دیکە و بەشی دیکەی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و جوگرافی لەکوردستاندا. گەر ئەو

ڕاستیەمان قبوولکرد کە ئەنفال دەسەڵاتێکی جینۆسایدیە ئەو کات مەسەلەی ئەوەی کێ و کام گرووپ جینۆسایددەکرێت مەسەلەی کات و شوێن و ڕێکەوتە، گرنگ ئەوەیە دەسەڵات لەم دۆخەدا سروشتێکی جینۆسایدیانەی وەرگرتووە.

٥- بۆ پەیوەندی نێوان بیرۆکراسیەت و مۆراڵ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشو Zygmont Baumann ١٩٨٩ ) لە کتێبی مۆدێرنە و هۆلۆکۆستدا. لەچاوپێکەوتنێکدا باومان پێی لەسەر ئەوە داگرت گەر بهاتبا هیتلەر جەنگی ببردایەتەوە ئەوکات تاواناکانی هۆلۆکۆست و شێوەی ئۆرگانیزەکردنی بیرۆکراسیانەی بەڕێوەبردنی ئەو مەملەکەتی مەرگە وەک شێوازێکی سەرکەوتوی بەڕێوەبردن و کارگێری بە وانە دەوتراوە و دەخوێنرا. باومان دەیەوێت بڵێت کە بێرۆکراسیەت دەشێت مۆراڵ تووشی ئیفلیجیبکات.

٦- بڕوانە

Alan Milchman and Alan Rosenberg: Mitchel Foucault: Auschwitz and modernity. Philosophy and Social criticism. No 1, 1996. P (101-113)

لێرەدا ئەم دوو نوسەرە ئەو خاڵە گرنگانە دەستنیشاندەکەن کە فۆکۆ لەسە ئەزمونی نازیزمی ئەڵمانی نووسیوە. بە باوەڕی ئەم دوو نوسەرە وێنەی ئەوشەفیتز، کەمپی بەکۆمەڵکوشتنی جولەکەکان، لە دیدی فۆکۆدا ئەو وێنە گرنگەیە کە لەپشتی تیورەی دەسەڵاتی فۆکۆییەوەیە. فۆکۆ لە نازیزمدا ترۆپکی تێکەڵبوونی تەکنیکەککانی دیسپلین و سزای پێکەوە دەبینی. تێکەڵبوونێک کە ئارستەی دەسەڵاتی لەسەر کارکردنەوە لەسەر ژیان گواستۆتەوە بۆ سەر مەرگ. هەروەها بۆ لێکدانەوەیەکی تەواوی بۆچونەکانی فۆکۆ دەربارەی شێوە جیاجیاکانی دەسەڵات بڕوانە:

Foucault, Discipline: Toezicht en Straf, De Geboorte van De Gevangenis. Historische Uitgeverij Groningen 1989.

٧- مەبەست لە کۆلۆنیالیزەی ناوەکی لەوەیە کە دەوڵەت پارچە جیاجیاکانی سەرزەمینێک، دیالێکتیکە جیاجیاکانی زمانێک، کەلتوور و لقە کەلتوورە جیاکان لەسەرەوەڕا ناچاردەکات کە یەکبگرن. یان ڕاستربڵێم زۆربەی هەرەزۆریان لەناوببات لە قازانجی دروستکردنی یەک زمان، یەک کەلتوور، یەک کەلەپوور هتد.. هەندێجار ئەم لەناوبردنانە ئەوەندە بەرفراوان و توونددوتیژدەبێت کە دەشێت بە کۆلۆنیالیزمێکی ناوەکی ناونووسبکرێت.

٨- دەوڵەت لە مەسەلەی خولقاندنی ئەو وێنە هاوبەشەدا توندوتیژی و زەبرێکی زۆری لەسەر کەلتوور و گروهە لۆکاڵییەکان بەکارهێنا بۆ قبوولکردنی ئەو وێنە گشتییە، بەڵام ئەم مەسەلەی سەپاندنە زۆر جیاوازە لە مەسەلەی جینۆساید، یان دەسەڵاتێک لەباتی هاوشێوەکردنی کۆمەڵگا و دروستکردنی کۆمەڵگا پرۆژەی وێرانکردنی کۆمەڵگا پراکتیزەبکات.

٩ - بڕوانە:

Kanan Makiya: Verzweg en Wreedheid, nationalism, dictatuur, opstand en het Midden _ Oosten. Bulaaq, Amsterdam 1993.

١٠- بڕوانە:

Samir al-Khalil: Republic of Fear.Berkeley and Los Angeles. University of California press, 1989.

١١- بڕوانە:

Alan Milchman and Alan Rosenberg: Mitchel Foucault: Auschwitz and modernity. Philosophy and Social criticism. No 1, 1996. P (103)

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٢

# ئەنفال
# قۆناغێکە لە پراکتیککردنی جینۆساید

## مارف عومەر گوڵ

بۆ دیاریکردنی سیاسەتی جینۆساید کە ڕژێمی عێراق لە دژی گەلی کورد پیادەیدەکات، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سالانێکی پێشتر و ڕووداو و سەرچاوە و بەڵگەی تاوانەکان بخوێنینەوە و خەسڵەتی یاساییان دیاریبکەین، بەڵام ئەو تاوانانەی لە بەهاری «١٩٨٨»ـەوە لە چوارچێوەی زنجیرە هێرشی ئەنفالەکاندا ئەنجامدران، بە تەواویی مەبەستی ئەوە بەدەستەوەدەدەن کە بتوانین بە ڕاشکاویی بڵێین جینۆساید پراکتیککراوە. ڕەفتاری ڕژێمی عێراق تا ئەم سەردەمەش گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە لەئاستی گەلی کورددا. ئەگەر نموونەیەک لە قۆناغەکانی پێش ئەنفالەکان باسبکەین کە مەبەستی ڕژێمی عێراق لە کوردستاندا نەهێشتنی بوونی کورد بووە، دەتوانین سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستان و ڕاگواستنی کورد بەدیارترین سیاسەتی ڕژێم دابنێین.

یەکێک لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٨٥دا شایەتێکی دیارە کە ڕژێم چۆن هەوڵیداوە ئاژاوە لەناو خەڵکی کوردستاندا دروستبکات و ئێزیدییەکان لە کورد دادەبڕێت. ئەمەش دەقی بەڵگەنامەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

سرى و شخصى

منظومه استخبارات المنطقه الشماليه

العدد/ ش٣ / ق٤ / ١٦٠٣

التاريخ: ٢١ ت١٩٨٥ ١

الى/ مديريه الاستخبارات العامه (ش٣)

الموضوع/ دراسه

كتابكم السرى و الشخصى ١٨٨٨٧ فى ٢٨ ايلول ٨٥ .

طيا دراسه عن الصيغ العمليه لتشكيلات المقاتلين من الطائفه اليزيديه حسب طلبكم.

يرجى التفضل بالاطلاع

المرافقات

دراسه

(ئيمزا)

ع. المقدم الركن

ع

مدير منظومه استخبارات المنطقه الشماليه

فورى ٢٠ / ٢٠

المفارز الخاصه

تعتبر المفارز الخاصه خير صيغه عمليه لتشكيلات المقاتلين من الطائفه اليزيديه على ان لايزيد ملاک المفرزة الواحدة عن «٥٠» خمسون مقاتل و هناک عدة اسباب تعطى هذه الافضليه:-

اولا: سهوله السيطرة على المفارز الخاصه وذلک لقله موجودها و وحدة توجيهها.

ثانيا: نجاح المفارز الخاصه التى شكلت فى قاطع سنجار والتى برزت فى مطاردة و ضرب المخربين فى القاطع.

ثالثا: تغطيه القاطع بالمعلومات و خاصه عن الطائفه نفسها.

رابعا: شروط قبول المقاتل فى المفارز الخاصه تمكننا من انتقاء العناصر الجيدة و القادرة على القتال و بشكل اخر تعنى النوعيه لا الكميه.

خامسا: تفتيت مراكز القوى و النفوذ بين زعماء الطائفه اليزيديه و التى تعتبر ولاء ابناءها على اساس طائفى و عنصرى.

سادسا: تغذيه الشعور القومى العربى بين ابناء تلک الطائفه.

سەرنجبدەین، خاڵی شەشەمی ئەم بەڵگەنامەیە باس لە چاندنی هەستی نەتەوایەتی عەرەبی دەکات لەناو ئیزیدییەکاندا بۆ ئەوەی وەکو عەرەب ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، لەلایەکی دیکەوە دەیانکاتەوە بەگژ کورد خۆیدا! ئەم بەڵگەنامەیە یەکێکە لە هەزاران نموونەی ڕەسمی ڕژێمی عێراق کە سیاسەتی خۆی بە کورد جێبەجێدەکات و هەر لە دژی گەلی کورد خۆی. ئەم سیستێمی جاشایەتیەش کە ڕژێم هەر لە کۆنەوە پیادەیکردوە لە دوو لاوە سیاسەتی ڕژێمی پێجێبەجێکراوە. ئەمەش تاقە نموونەیەک بوو لە سیاسەتی ڕژێم لەپێش ئەنفالەکاندا کە لەوکاتەشدا هەر بەردەوامی هەبوو، بگرە بەشێوەیەکی فراوانتر ئەو سیاسەتەی پیادەکرد.

زنجیرەی هێرشی ئەنفالەکان، پێشتر نەخشەی بۆکێشرابوو، واتە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی سیستیماتیک تاوانەکان ئەنجامدەدران، ئەمەش

جینۆساید لە تاوانی دیکە جیادەکاتەوە. مەبەستی فەوتاندنێکی سەرپاگیریی هەبوو، ئیتر ئەو فەوتاندنە بە چەند جۆرێک ئەنجامدراوە:

١- بەشێوەی نەهێشتنی فیزیکی، واتە سەپاندنی مەرگ بەهەر جۆرێک بێت.

٢ - بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و فسفۆری، جگە لەوەی دەبێتە هۆی کۆمەڵکوژی مرۆڤ، دەبێتە هۆی قڕکردنی ئاژەڵ و باڵندە و ژەهراویکردنی ئاو و هەوا و کەرەسەکانی ژیان.

٣ - وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان، دێهات و شارۆچکەکان، وێرانکردنی باغ و بێستان و سەرجەم سەرچاوەکانی ژیان.

٤ - ڕاگواستن: دیلکردن و دەستبەرگرتنی خەڵکەکە و پاشتر بەکۆمەڵ کوشتنیان.

٥ - وێرانکردن و ڕاگواستن دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی ستروکتوری ئاسایی ژیانی خەڵکی کوردستان. بنەمای ئابوری وێران دەبێت و پێوەندییە کۆمەلایەتیەکان تێکدەچن، بەمەش شێوەی کولتووری ژیانی مرۆڤ دەشێوێت و ئەو دابونەریتەی جاران گۆڕانی بەسەردا دێت و بەرەو فەوتان دەچێت.

٦ - تالانکردنی ماڵ و سامانی خەڵکەکە.

٧ - لە ئەنجامی ئەو کارانەوە باروزروفێکی نائاسایی دروستدەبێت کە ئەنجامێکی گەلێک خراپ و درێوی لەسەر مرۆڤ دەبێت. بەتایبەتیش دەبێتە هۆی شێواندنی باری سایکۆلۆژی خەڵک و تێکدانی بیر و هۆش.

لە هێرشی ئەنفالەکاندا مەبەست خەڵکی بێ چەکی دێهات نشین بوون. ئەگەرچی هێزەکانی بزوتنەوەی چەکداری لە ناوچەکانی هێرشەکاندا بوونیان هەبوو، بەلام بارەگا سەرەکی و سەرکردایەتی هێزەکان جێگاکانیان دیاربوو. هێرشی ڕژێمی عێراق سەرجەم ناوچەکانی گرتەوە، بە فراوانیش دێهات و خەڵکی بێ چەک «مەدەنی - سیڤیل» بەرکەوتن. کەواتە لێرەدا مەبەستەکە تێکەڵکردنی هێزە چەکدارەکان و خەڵکی دێهاتەکانە بۆ سەرجەم فەوتاندنیان. «عەلی حەسەن مەجید» کە دەسەلاتی لە سەرکردایەتی ڕژێمەوە پێدرابوو بۆ جێبەجێکردنی سیاستی حکومەت، لە ١٩٨٨ , ٤ , ١٥لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا دەڵێت: «هاوینی داهاتوو هیچ دێهات لێرە و لەوێ نامێنێت... لەئێستاوە ئارد و شەکر و نەوت و ئاو و کارەبا لەو گوندانە دەبڕم... ناوچەیەکی گەورە قەدەغەدەکەم، هەموو ژیانێکی تێدا قەدەغەدەکەم»<١>. ئەم قسانەی هیچ جیاوازییەک ناهێڵێتەوە لەنێوان دێهاتنشین و هێزەکانی بزوتنەوەی کورددا. ڕێکخراوی «Middle East Watch» بڕوای وایە کە بەتەواوی دەتوانێت مەبەستی ڕژێمی «صدام حسین» وا دیاریبکات کە مەبەستێتی بەشێکی کورد بە کۆمەڵکوژی بفەوتێنێت. لە هێرشی ئەنفالەکانیشدا بەتایبەت ئەو کارانە ئەنجامدراون، چونکە خەڵکەکە کورد بوون<١>. واتە

جیاوازیی نەتەوەیی مەبەستی فەوتاندنەکە دیاریدەکات.

پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەنفالەکان، ڕژێم ناوچەکانی دیاریکردبوو. بە بڕیاری ژمارە ٤٥٧لە ١٩٨٧, ٦, ٣٠دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراقدا هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکی کشتوکاڵی لە شار و ناوچەکانی کوردستاندا هەڵوەشاندەوە و هەموو کەرەسەیەکی کشتوکاڵیش قەدەغەکرا‹٣›. کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی ژیانی سەرانسەری دێهاتەکانی کوردستانە، کەواتە گرنگترین سەرچاوەی ژیان قەدەغەکرا.

بەندی ٥٤ ی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ پاشبەندی ڕێکەوتننامەکانی ژنێڤ ساڵی ١٩٤٩ دەڵێت، کە نابێت خەڵکانی «مەدەنی» سیڤیل برسیبکرێن و وەکو شێوەیەک لە جۆرەکانی شەڕ بەکاربهێنرێن و ئەو کارەیان لەگەڵدا بکرێت، نابێت پەلاماری سەرچاوەکانی ژیان بدرێ و نابێت کەرەسەی خواردەمەنی و ناوچە کشتوکاڵی بەرهەمدارەکان وێرانبکرێن‹٤›.

هەروەکو خۆئامادەکردن بۆ هێرشەکانی ئەنفالەکان، ڕژێم سەرجەم قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی دێهاتەکانی داخست و لە خزمەت و پێویستی بێبەشیکردن. لە کۆمەڵێک نوسراوی نهێنی و ڕەسمیدا بڕیاری قەدەغەکردن و ڕاگواستنی خەڵکەکە جێگیرکرابوو.

هەندێک لەو بڕیارانە:

١- بڕیاری نهێنی حیزبی بەعس ـ لقی زاخۆ ـ ژمارە س/ش/ ٣٦٥٠ لە١٩٨٧, ٦, ١٤دا بۆ هەموو ڕێکخراوە حیزبییەکان، پشت بە نوسراوی «مكتب تنظيم الشمال ٢٨/٢٦٥٠ لە ١٩٨٧, ٦, ٣دا دەبەستێت»‹٥›.

٢-نوسراوی (فەیلەقی یەک/س ف/ ١٧٢٥) لە ١٩٨٧, ٦, ٢١دا کە پشت بە نامەی «قيادة مكتب تنظيم الشمال» س ف/ ٤٠٠٨ لە ١٩٨٧, ٦, ٢٠دا دەبەستێت‹٦›.

٣- نوسراوی «قيادة مكتب تنظيم الشمال ٢٨/٤٠٠٨ لە ١٩٨٧, ٦, ٢٠دا بۆ سەرکردایەتی فەیلەقی یەک، دوو و پێنج. بە ئیمزای «عەلی حەسەن مەجید»ەوە لێپرسراوی سەرکردایەتی ڕێکخستنی باکوور. بە مۆری «مجلس قيادة الثورة»ەوە ـ کۆمیتەی کاروباری باکوور. وێنەی بۆ هەموو پارێزگەکان نێردراوە‹٧›.

لە عێراقدا، بڕیارەکانی «ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش» حوکمی یاسایان هەیە. «عەلی حەسەن مەجید» وەکو نوێنەری سەرکردایەتی، دەسەڵاتی تەواوی هەبوو بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی حکومەتی عێراق. بە بڕیاری ژمارە ٢٨/٣٦٥٠ لە ١٩٨٧, ٦, ٣دا لە سەرکردایەتی ڕێکخستنی باکوور «قيادة تنظيم الشمال» ڕژیم بە تەواویی نەخشەی پلانی داهاتوو دەکێشێت و ڕێگە بۆ هێرشەکانی ئەنفال خۆشدەکات.

کورتکراوەی ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە بەمجۆرەیە:

١- بە تەواویی بوونی خواردەمەنی، مرۆڤ، کەرەسە و پێویستی قەدەغەن لەو ناوچانەی کە بە«زۆنی ئاسایش» بەربەندکراون.

٢- ڕێگەی کەس نادرێت لە گوندە قەدەغەکراوەکانی قۆناغی یەکەم و دووەمدا بێت تاکو ٢١,٦,١٩٨٧

٣- کۆکردنەوەی بەروبووم پێویستە تا ١٥,٧,١٩٨٧ تەواوبێت. کشتوکاڵ و کاری هاوینە و زستانە قەدەغەدەکرێت.

٤- لە ناوچە دیاریکراوەکاندا مەڕوماڵداریی قەدەغەدەکرێت.

٥- هەر مرۆڤ و هەر ئاژەڵێکیش لەو ناوچانە کە هەن، هێزە چەکدارەکان پێویستە بیانکوژن.

٦- ئەوانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە پێویستە ئاگاداربکرێن و بۆ ئۆردوگا ڕاگوێزرێن. ئەوانە بەرپرسیارێتی ملکەچنەکردن بۆ ئەم بڕیارە دەکەوێتە ئەستۆیان‹٨›.

ئەو بڕیارەی پێشوو ئەوەی دیاریکردبوو، تاکو ٢١,٦,١٩٨٧ ڕێگەی کەس نەدرێت لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا بمێنێتەوە. بەڵام بڕیارێکی دواتر ژمارە ٢٨/٤٠٠٨ لە ٢٠,٦,١٩٨٧ دا دەرچووە، بەیەکجاریی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئیتر سیاسەتی کوشتن و وێرانکردن لە ٢٢,٦,١٩٨٧ ـەوە لە دێهاتە قەدەغەکراوەکاندا پیادەدەکرێت. ئەم بڕیارەش بە ئیمزای عەلی حەسەن مەجید، بەناوی «مجلس قيادة الثورة ـ قيادة مكتب تنظيم الشمال»ەوە دەرچووە و ئاراستەی سەرکردایەتی فەیلەقی یەک، دوو و پێنجی سوپای عێراق کراوە کە لە ناوچەکانی کوردستاندا لە حاڵەتی شەڕدا بوون.

کورتکراوەی ئەو بڕیارەش بەمجۆرەیە:

لەبەرئەوەی بە ڕەسمی ڕاگەیاندراوە کە دوا کاتی کۆکردنەوەی دێهاتەکان لە ٢١,٦,١٩٨٧ دا تێدەپەڕێت. ئیتر لە ڕۆژی ٢٢,٦,١٩٨٧ ـەوە ئەم کارانە ئەنجامدەدرێن:

١- ئەو دێهاتانەی هێشتا کەسانی «ئاژاوەچی»یان تێدایە، وەکو دێهاتی قەدەغەکراو دادەنرێن.

٢- ئەو دێهاتانە وەکو ناوچەی شەڕ دادەنرێن و بەتەواویی بوونی مرۆڤ و ئاژەڵیشیان تێدا قەدەغەیە. سوپاش بۆی هەیە هەرکاتێک بێت بەئازادیی تەقە و دەستڕێژیان تێدابکات.

٣- هاتوچۆ بەتەواویی بۆ ئەو دێهاتانە قەدەغەیە، هەروەها هەموو جۆرە کشتوکاڵ و ئاژاڵداری و پیشەسازییەک لەو دێهاتانەدا قەدەغەن و لەژێر کۆنترۆڵدا دەبن.

٤- سوپا پێویستە هەرکاتێک بێت بۆردوومان بکات، تۆپ، هەلیکۆپتەر و فڕۆکە بەکاربێنێت، تاکو زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانە بفەوتێنێت کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندان.

٥- هەرکەسێک لە گوندەکاندا بێت، پێویستە بگیرێت و لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە لێی بپرسرێتەوە، هەرکەسێک لەوانە تەمەنی لە ١٥ تا ٧٠ ساڵ بێت لەدوای ئەوەی زانیاری پێویستیان لێوەردەگیرێت، دەبێ ئیعدامبکرێن.

٦- هەرکەسێک خۆی تەسلیمبکاتەوە، پێویستە لەماوەی سێ ڕۆژدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. بۆ درێژکردنەوەی ماوەی لێپرسینەوەکەی لەکاتی پێویستدا ئەگەر لە ١٠ڕۆژ تێپەری، دەبێ بە تەلەفون یا تەلگرام بۆ درێکردنەوەی ماوەی لێپرسینەوە پەیوەندی بە هاوڕێ تاهیر عانی ـ یەوە بکرێت.

٧- موستەشارەکان و هێزی فەوجەکانی بەرگری میللی جگە لە چەکی قورس، دەست بەسەر هەر جێگەیەکدا بگرن بۆ خۆیان دەبێت‹٩›.

کەواتە بەڵگەنامەی یەکەمی ڕژێم بڕیاری قەدەغەکردنی دێهاتەکان و کۆکردنەوە و ڕاگواستنی خەڵکەکەیدا، بەڵام بەڵگەنامەی دووەم لە ١٩٨٧،٦،٢٢ ـەوە بڕیاری وێرانکردن و تالانکردن و کوشتنی هەموو زیندەوەرێکیدا لەو ناوچانەی وەکو «زۆنی ئاسایش» بە ناوچەی شەڕ دادەنرێن. بەڵام دیارە لەو هێرش و پەلاماردانەدا ئەو گوندانەی کە ماونەتەوە و نەڕوخێندراون، ئەوانیش دەبێ حیسابێکیان بۆ بکرێت. بۆیە لەو حاڵەتەدا دەبێ بڕیاری تایبەتی عەلی حەسەن مەجید دەربچێت.

دەزگای ئاسایشی ڕژێمی عێراق لە پارێزگای تەئمیم «کەرکوک» لە نامەی ڕۆژی ١٩٨٧،٩،١٧ دا، ژمارە ٥٨٦٦ داوا لە ڕێکخراوی ئیستخباراتی ناوچەی ڕۆژهەڵات دەکات کە دەربارەی ئەو گوندانەی هێشتاکە وێراننەکراون، چونکە ناوچەکانیان بە مەترسیدار نازانن لەسەر ئاسایشی حکومەتی عێراق. دەزگای ئیستخباراتیش بە نوسراوی ژمارە/ کەرتی ٣ / بەشی ٣ / ٢١٢٧ لە ١٩٨٧،٩،٢٨ دا بەشێوەیەکی نهێنی و تایبەت وەڵامیداوەتەوە و ئاراستەی هەموو ناوەند و لیژنە ناوچەییەکانی کردووە، کە ئەو گوندانەی مەترسی لەسەر ئاسایش دروستناکەن، پێویستە تەنیا هەر بە بڕیاری عەلی حەسەن مەجید بەرپسیاری بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوی باکوور، ئەو گوندانە وێرانبکرێن. لە هەمان نوسراودا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ئەو گوندانەی تەقەیان لێوەدەکرێت یان «ئاژاوەچیان»ی تێدایە، ئەوە ئەو بڕیارەیان ناوێت‹١٠›. وەکو پێشتر ڕوونمانکردەوە کە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ و وێرانکردنی گوندەکان لە سەرکردایەتی ڕژێمەوە ـ نوێنەرایەتی باکوور ـ دەرچووە و سوپا جێبەجێیکردوە.

سەرنجبدەن، ئەو بڕیار و بەڵگەنامانەی ڕژێم نۆ مانگ پێش هێرشی ئەنفالەکان جێگیرکراون، کەواتە پێشتر خۆئامادەکردن و پلاندانانێکی تەواو هەبووە بۆ زنجیرە

هێرشێکی فراوان بۆسەر دێهاتەکانی کوردستان.

- بڕیاری قەدەغەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.
- بڕیاری کۆکردنەوە و ڕاگواستنی دێهاتنشینەکان.
- بڕیاری بۆردوومانکردن بە بەکارهێنانی تۆپ و فڕۆکە و کۆپتەریش.
- بڕیاری تالانکردنی ماڵ و سامانی خەڵکەکە، وەکو لەوەی جاشەکان یا سوپا دەتوانن هەموو شتێک بۆ خۆیان بەرن.
- بڕیاری قەدەغەکردنی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵیش.

سەرجەم ئەم بڕیارانە بەشێوەیەکی پراکتیک لەپێش ئەنفالەکانەوە دەستکراوە بەجێبەجێکردنیان، بەڵام لە بەهاری ساڵی «١٩٨٨»ـەوە کە هێرشەکانی ئەنفالەکان دەستیپێکرد ئیتر هێرش و کوشتن و پەلاماردانی دێهاتنشینەکان چووە قۆناغێکەوە، سەرجەم کوردستانی گرتەوە، هەندێ ناوچەی کەم نەبێت، کە بەرژەوەندی ڕژێم وا پێویستیدەکرد وەکو خۆیان بیانهێڵێتەوە.

دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق - بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیستخباراتی سەربازی نوسراوێکی تایبەت و نهێنی ناردووە بۆ:

- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، چەمچەماڵ، سەیدسادق و دەربەندیخان.
- ژمارە / کەرتی ٣ / بەشی ٣ / ٤٢٢ ڕۆژی ١٨,٣,١٩٨٨ .

لەم نوسراوەدا بەڕێوەبەرایەتی ئیستخبارات داوا لە دەزگاکانی ئاسایش دەکات کە ئەو خێزانانەی پەنایان بۆ هێناون، پێویستە لە ئۆردوگای تایبەتیدا و لەژێر چاودێریی ئەفسەرانی موخابەراتدا کۆنترۆڵبکرێن<١١>.

لەم نوسراوەدا مەبەست لەو خێزانانە، ئەوانەیە کە لەکاتی هێرش و پەلاماردانی دێهاتەکاندا هیچ پەنا و جێگەیەکیان نەماوە، سوپاش بە هەموو ناوچەکاندا بڵاوبووەوە، ناچاربوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ڕوو لە سوپا بکەن، چونکە هیچ بواری دەربازبوونیان نەبووە، دیارە سوپای عێراقیش بەگوێرەی ئەو نوسراوە لە گەڵیاندا جوڵاوەتەوە، وەکو دەریشکەوت بە هەزاران خێزان کە زۆربەیان خەڵکی پیر و ئافرەت و منداڵ بوون، دەگیرێن و ڕەوانەی ئۆردوگای سەربازییان دەکرێن و ئەوەبوو پاشتر خەڵکێکی زۆریان سەرنگونکران.

دەربارەی ئەو ڕاگواستن و کۆکردنەوە و کۆنترۆڵکردنە، نموونەی چەند کەسێکی بەشداری ئەو هێرشانە کە خۆیان دیلکرابوون، یان پەنایان بۆ سوپا بردبوو، باسدەکەین.

حاجی ساڵەح، پیرەمێردێکی حەفتاساڵەی گوندی «هەزارکانی» نزیکی سەنگاو. لەبارەی هێرشی ئەنفالەکانەوە دەڵێت:

«لە ئۆردوگـایەکی گـەورەی بەخـۆڵ دەورەگـیـراودا کـەڵەکـەکـراین و لەشکر و جـاش ئابڵووقەیاندابن. چوارشەو بە گەمارۆدراوی لەوێ ماینەوە، پاشان زیل و ئیڤایان هێنا و بەرەو چەمچەماڵ بەڕێیانکردنین«‹١٢›.

پاشـتـر کـە دەیانگەیەننە زیندانـی «نوگـرەسـەلمان»، ئەو خـەڵکە لە حـاڵـەتێکی زۆر خـراپ و برسـێتیدا دەهێڵنەوە، ڕۆژانە چەندین کەس لە برسـا دەمـردن. حـاجی سـاڵەح دەگێڕێتـەوە و دەڵێت:

«ئێـمـە مـردووەکـانمـان لە چاڵی قـوولدا دەناشت، ئەو هـێـز و توانایەمـان نەمـابـوو گـۆڕی تەواویان بۆ هەڵبکەنین، بە لمیش دامـاندەپۆشین، بۆیە دوابەدوای ئێمـە حـەوت ـ هەشت سـەگی ڕەشی زلی قـەڵەو لەدەوروبەری قـەڵاکـەدا هـەبـوون، پەلامـاری گۆڕەکانیـان دەدا و بە چنکەکرێ خۆڵی سەر مردووەکەیان لادەدا و دەیانخوارد»‹١٣›.

یەکـێکی تری ئەنفـالکراو، حـاجی عـەلی حـەسـەن کـاکـەمـەند، خـەڵکی گـوندی «ڕەبات» لەدایکبووی ساڵی «١٩٣٠»ـە شەش مانگ لە زیندانی ڕژێمدا بووە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

«سوپای عێراق و تێکڕا گەلەجاش لە ١٩٨٨,٣,٢٨ هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی گەرمیـان... لەم هێرشـەدا هێزەکانی ئاسـمـان و زەمـینـی زۆر بە چڕی بەپێی نەخشـە و پلانێکی ورد هاتنە سـەر نـاوچەکە لە «قـادرکـەرەم» و «چەمـچـەمـاڵ» و «کـەلار»ـەوە گـەمـارۆی گـەرمـیـانـیـانـدا. پێش چەند ڕۆژێکیش لە بازیان و سلێـمـانـی و شـارەزوور و دەربەندیخانەوە هێرشیانکردبووە سەر قەرەداغ. گوندی «سیوسینان»یان کیمیاباران کردبوو. گـازی ژەهراوی ژمـارەی بێشـومـاری ئەم ئاواییـەی شـەهیدکردبوو. گـوندەکـەی ئێـمـەش واتا «ڕەبات» بە شـێـوەیەکی دڕندانە لێـیـدرا. لەکـاتێکدا من لەسـەر قـەڵای گوندەکە بووم حـەوت فڕۆکەی جـەنگی و چوار کۆپتـەرم بینی زۆر دڕندانە بۆردومـانیـان دەکرد. بەرامـبەر ئەو خـەڵکە بێتاوانە ناپاڵم و فوسفۆریان بەکاردەهێنا. بەمەشەوە نەوەستان چەکی کیمیاویان بەکارهێنا. زیاتر «کـانی باجگە» و شـاخـی ئاژداخـی دەگـرتـەوە. لەبەرئەوەی ڕەبات لە جـێگایەکی بەرزی لاپاڵی سـەگرمەدایە، دەڕوانێ بەسـەر ناوچەکەدا بەئاسـانی چاوملێبـوو چۆن بڵێسـەی ئاگر و دووکەڵی لە «گـەڕەچیا، هـەزارکـانی، دەرەوار، داربەڕوو، بانیمۆرد، ژاڵە، زینـانە، تیمار، کـچان، داربەڕوو، کێلەبەرزە، قەڵاگە، کارێزە، هەڵساند».

حـاجی عەلی حسـەن کاکەمـەند، لەدوای ئەوەی کە هێرشی زەمـینـی دەستـپـێدەکات، لەگەڵ خـەڵکی گوندەکەیاندا ئاوارەدەبن تا سـەرەنجام لە ١٩٨٨,٤,٤ دا سـوپا ئابلووقـەیان دەدات. حاجی عەلی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

«دوژمن زۆر بێبـەزەییـانە و بێگوێدانە گـریان و هـاواری ژن و منداڵ، هـەمـوومـانی ڕەوانەی

«قۆرەتوو»ی نزیک خانەقین کرد. شەپۆڵێکی زۆری تریشیان لەو دەوروبەرە هێنابووە ئەوێ. ئەو شەپۆڵەی ئێمەی تێدا بووین دەگەیشتە «٥٠» پەنجا هەزار کەس. دوو شەو بێ نان و ئاو ماینەوە. ئینجا لە ١٩٨٨,٤,٦ دا ئێمەیان گواستەوە بۆ «تۆپزاوا»ی کەرکووک. لەوێ بەمجۆرە لە یەکتر جیاکراینەوە:

یەکەم: تەمەنی دوازدە ساڵ تا چل وپێنج ساڵ.

دووەم: تەمەنی پەنجا ساڵ و سەرووتر.

سێیەم: کچ.

چوارەم: ژن و منداڵ.

لەم جیاکردنەوەیەدا دایک و جگەرگۆشەکانیان لەیەکتردادەبڕی. زۆر لە دایکان هاواری گریان و قیژەقیژیان دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک لەتاو کۆرپە ساواکانیان. یەکەم هەنگاو بێ سەروشوێنکردنی مێردمناڵ و گەنجەکان بوو. واتا ئەو بەشەی تەمەنی لە دوازدە ساڵ تا چل و پێنج ساڵ دەبوو. بەچاوی خۆم بینیم دوو دوو بە دەست و چاو بەستراوی سواری پاس و ئۆتۆمبیلی سەرگیراو کران. پاسەکان پەنجەرەکانیان بۆیەکرابوون و ناوەوەیان دیارنەبوون. لەدوای ئەوان نۆرەی ئێمە هات. ژمارەیەکی زۆر پاس و ئۆتۆمبیلی سەربازییان ئامادەکردبوو، چاویان بەستینەوە و هەندێکیان بەرەو «دوز» ڕەوانەکرد. ژمارەیەکی تریشمان کە من لەگەڵیاندا بووم براینە «نوگرەسەلمان»... لەوێ ژمارەمان «٦٠٠٠» شەش هەزار کەس دەبوو، بەسەر چەند ژوورێکدا دابەشیانکردین. خواردنی ڕۆژانەمان سەموونێک بوو. ڕۆژی یەک تەنەکە ئاو بۆ سەرجەمی زیندانییەکان. برسێتی و تینوێتی و نەخۆشی ئەو ژمارەیەی کەمکردەوە. لەدوای چەند مانگێک ژمارەمان بوو بە «٣٠٠٠» سێ هەزار. گەرما و نەخۆشی و برسێتی و تینوێتی لەناویبردین. سەرباری مردن ئەشکەنجە بەردەوامبوو».

حاجی حەسەن پاش شەش مانگ لەدوای ئەوەی «١٤» کەسی خێزانەکەیان فەوتان، ئەم لەگەڵ کۆمەڵێک پیرەمێردی تردا ئازادکران ‹١٤›.

ئەم کارانە کە ڕۆژانە ژمارەی خەڵکەکە کەمدەکاتەوە. ڕەفتاری تورکەکان وەبیردێنێتەوە لەدژی کورد و ئەرمەنییەکان. کاتێک ئەرمەنییەکانیان ڕادەگوێزا، لە سەرما و لە برساندا زۆریان دەمردن و پاشتر سەگ بەردەبووە تەرمەکانیان‹١٥›.

ڕژێمی عێراق جیاوازی نەدەکرد لەنێوان چەکداری بزوتنەوەی کورد و خەڵکی سیڤیل «مەدەنی» و بێچەکدا، هەربۆیەش ئەو کارانەی لەدژی دێهاتنشینەکان ئەنجامدەدا. تورکەکانیش بە هەمان شێوە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا دەکرد، کە پێیانوابوو ئەو ئەرمەنییانەی ئیمڕۆ بێبەرین، سبەینێ تاوانبارن‹١٦›.

ڕژێمی عێراق چەند قۆناغێکی دانابوو بۆ فەوتاندنی خەڵکەکە:
- دیاریکردنی بە پلانی ناوچەکە و دەستپێکردنی قۆناغ قۆناغی هێرشەکان.
- هێرشکردن و کۆنترۆڵکردنی خەڵکەکە.
- کۆکردنەوە و ڕاگواستنی خەڵکەکە.
- دیلکردنیان لە زیندان و بیابانەکانی خواروی عێراقدا.
- برسیکردن و سووکایەتیکردن بە خەڵکەکە.
- سەرنگونکردنی سەرجەم ئەوانەی کە نەگەیشتبوونە تەمەنی پیری. واتە کوشتنی ئەوانەی کە توانای دروستکردنی وەچەیان هەبوو.
- وێرانکردنی دێهاتە چۆڵکراوەکان.
- تاڵانکردنی مەڕوماڵات و سەروەت و سامانی خەڵکەکە.
- بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک، بەتایبەتیش چەکی کیمیاوی.
- پاش ماوەیەک ئازاردان و دوورخستنەوە، ئازادکردنی ئەو بەشەی خەڵکانی پیر و پەک کەوتە کە مابوونەوە.

تورکەکان، جەردە و پیاوکوژەکانی ناو زیندانەکانیان دەهێنا، کە زۆرجار کوردیشیان تێدابوون، بەرەڵایاندەکردن و بەرگی کوردیان لەبەردەکردن و لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا بەکاریاندەهێنان. لە هەندێک ناوچە سەربازەکانیش بە جلوبەرگی کوردییەوە دەکەوتنە کوشتار و پەلاماردانی ئەرمەنەکاندا<١٧>.

دیارە تورکەکان بە مەبەستی: ١- بەکارهێنانی کورد لە دژی ئەرمەن. ٢- ئاژاوەنانەوە لەنێوان کورد و ئەرمەندا. ٣- کەمکردنەوەی ژمارەی کورد. ئەم سیاسەتەیان ئەنجامداوە. بەڵام ڕژێمی عێراق سیاسەتی بەکارهێنانی جاشەکوردەکانی زۆر بە زەقی بەکارهێنابوو بۆ ئەنجامدانی سەرجەم هێرشەکانی ئەنفال، کە لە زۆربەی هێرشەکاندا، جاشەکان لەپێش سوپای عێراقەوە هێرشیاندەکرد. دەبینین بە بڕیاری ڕەسمی ڕژێم ئەو چەکدارانە ئازادبوون لە تاڵانکردندا، کە ئەمەش خەڵکانی نەفسنزم و جەردە و بێڕەوشت بە ئەندازەیەکی زۆر ئەنجامیاندا.

لەم خستنەڕووەی هێرشەکانی ئەنفال و هەندێ بەڵگەنامەی ڕژێم و قسەی ئەنفالکراوەکانەوە، بۆمان ڕوونبووەوە جۆری سیاسەت و پلانی ڕژێم عێراق خەڵکی سیڤیل «مەدەنی» بێچەکی ناوچەکانی کوردستانی بەتەواوی گرتبووەوە. لەگەڵ وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستاندا، ئەمە جگە لەوەی لە هێرشەکاندا گوێنەدرابووە مناڵ و پیر و ئافرەتیش.

با بزانین ئەو هێرشانە چ ئەنجامێکیان خستەڕوو:

### وێرانکردنی دێهاتەکان

١- دێهاتەکانی کوردستان لە کۆنەوە جێگەی حوجرە و خوێندنی دانیشتوانی ناوچەکان بوون. لەبەرئەوە بە ئەندازەیەکی دیار و لەبەر چاو دەستنووس و کتێب و و بەڵگەنامەی کۆن ماونەتەوە و لە ماڵان و لە حوجرە و دیوەخانەکاندا هەڵگیراون.
٢- ژیانی دێهاتنشین ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆری پێگەیاندووە، وەک: گۆرانی، بەیت، لاوک، حەیران، چیرۆک، داستانی میللی، مەتەڵ، پەند، قسەی نەستەق و نوکتە.
٣- ژیانی دێهاتنشینەکان، جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پێکهێناوە کە دابونەرێت و کولتورێکی نیشتمانی لێپەیدابووە، وەکو ڕەوشتێکی جوان و مرۆییانەی کوردەواری تایبەتمەندی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی پێوەدیاربووە.
٤- پێویستی ژیانی دێهاتنشینەکان جۆرێک لە کولتووری ماتریالی هێنابووەبەرهەم کە گەڕیدە و پسپۆر و شارەزایانی وڵاتی دونیا گەلێک کتێب و بابەتی بەنرخیان لەسەر نووسیون و شایەتی ئەوە دەدەن کە زەوق و سەلیقەی کوردەواری ڕەسەن و هونەرییانەی ئەو کولتووره لەم کارانەدا دەردەکەوێت: دروستکردنی قەڵا، خانووبەرە و دیوەخانان، گۆزە، دیزە، جل وبەرگی کوردی، پێڵاوی کوردی وەکو: کەوش، کڵاشی پەڕۆ و کڵاشی چەرم، تەون و تەونکاری... هتد.
٥- ئاژەڵداری و مەڕوماڵات بەخێوکردن و کشتوکاڵی دێهاتەکان، زمان و ئەدەبێکی میللی تایبەتی بەو کارانە پێکهێنابوو.
جا بە وێرانکردنی دێهاتەکان، سەرجەم ئەو کولتووره دەفەوتێت و نرخ و بەهای جارانی نامێنێت. بۆیە وێرانکردنی دێهاتەکان ئەگەرچی شێواندن و تێکدانی ژینگەیە، شێواندن و فەوتاندنی کولتورێکی میللی ـ نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیشە.

### وێرانکردنی سەرچاوەی ئابووری دێهاتەکان

ئەنفالەکان، هەر تاوان نەبوون لەدژی خەڵکی کوردستان، بەڵکو تاوانیش بوو لەدژی سروشت. کوردستان ئەو پێشکەوتنە پیشەسازی و تەکنەلۆژییەی تێدانەبوو کە ببێتە هۆی فەوتاندنی ئاووهەوا و خاکەکەی، ژینگەیەکی خاوێن و ئاسایی هەبوو<١٨>. بەڵام ئەو وێرانکردنە سەراپاگیرییە و بەکارهێنانی چەک و کەرەسەی جەنگی بەتایبەتیش چەکی

کیمیاوی، وەکو تاوانێکی ترسناک جگە لە مرۆڤ، لەدژی ژینگە، ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەک و دار و درەختیش دەگرێتەوە. کە ئەم تاوانە بۆخۆی وێرانکردنی زەمینەی ئابووری و کۆمەلایەتیەکەی خەڵکی کوردستانە. کەواتە تاوان لەدژی ژینگە جگە لە ئەنجامی سیاسی کە ڕژێم مەبەستیبوو، تاوانە دەرهەق بە مرۆڤ و سەرجەم دەوروبەرەکەی. ڕژێم دڕندانەترین میتۆدی بەکارهێنا لەدژی خەڵکی کوردستان، کە ژیانی نەهێشت لە زۆربەی ناوچەکانی ئەو بەشەی کورستان کە لە سنووری قەڵەمڕەوی حکومەتی عێراقدایە. هەندێ لەو تاوانانەی سەرچاوەکانی ژیانیان شێواند و ژینگەی کوردستانیان وێرانکرد، ئەمانەن:

١- وێرانکردنی گوندەکان و شارۆچکەکان.

٢- وێرانکردنی دارستان و کێڵگە و باغ و بێستان.

٣- وێرانکردنی فابریقە و پیشە سەرەتاییەکانی دێهاتەکان.

٤– چاندنی ملیۆن مین، بەبێ نەخشە و بەشێوەیەکی کوێرانە، کە هەڵگرتنەوە و دۆزینەوەیان زۆر زەحمەتە، تەقینەوەی گەلێک لەو مینانە کارەساتی مرۆیی خراپیان لێکەوتۆتەوە، وەکو قاچبڕین، دەستبڕین، شێواندنی لەشی مرۆڤ و لە زۆر حاڵەتیشدا مردن.

کێشەی پاراستن و بەکارهێنانی زانستییانەی سروشتی ژینگە، دووەم کێشەیە لەدوای مەترسی جەنگی ئەتۆمییەوە لە یاسای نێودەوڵەتاندا، چونکە هەردووکیان پەیوەندییان بە بوونی مرۆڤایەتییەوە هەیە<١٩>.

لەبەر گرنگی کێشەی ژینگە و پەیوەندی بە مرۆڤایەتییەوە، چونکە پاراستنی ژینگە پاراستی مرۆڤایەتییە. کۆمەڵێک کار و ڕێکەوتننامە و پەیماننامە و بەڵگەنامە لە یاسای نێودەوڵەتاندا گرنگییەکی زۆریان لە پێکهێنانی «یاسای نێودەوڵەتی پاراستنی ژینگە»دا پەیداکرد. هەندێ لەو پەیماننامە و بەڵگەنامانە دەتوانرێت پشتیان پێببەسترێت بۆ کێشەی وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە لە کوردستاندا:

١ ـ بەیاننامەی یۆنسکۆ، ساڵی ٩١٧٢ دەربارەی پاراستنی کەلەپووری سروشتی و کولتووری جیهانی.

٢ ـ بەیاننامەی «UN» ساڵی ١٩٧٢ ـ کۆنفرانسی ستۆکهۆلم ـ دەربارەی پاراستنی ژینگە.

٣ ـ پەیماننامەی ساڵی١٩٧٧ دەربارەی قەدەغەکردنی کەرەسەی جەنگی زیانبەخش بە ژینگە.

٤ ـ پەیماننامەی بۆن، ساڵی ١٩٧٩ دەربارەی پاراستنی ئاژەڵی کێویی و کۆچبەر.

٥ ـ ڕاگەیاندنی مافی ئابووری و پابەندێتی دەوڵەت، ساڵی ١٩٧٤ .

٦ ـ بڕیاری ئەنجومەنی گشتی «UN » ١٩٨٠ دەربارەی پاراستنی سروشتی خاک بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو.

٧ ـ بەیاننامەی جیهانی دەربارەی سروشت، ساڵی ١٩٨٢ .

٨ ـ بەیاننامەی ١٩٩٢ دەربارەی پاراستن و پێشخستنی ژینگە.

٩ ـ هەردوو پرۆتۆکۆڵی ساڵی ١٩٧٧ پاشبەندی ڕێکەوتننامەکانی ژنێف١٩٤٩ .

سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە گرنگی ژینگە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەستنیشاندەکەن، کە وێرانکردن و لەوتاندنی دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی ژیانی ئاسایی مرۆڤ. چونکە بێ ژینگەیەکی ئارام و پێشکەوتوو مرۆڤ ناتوانێت گوزەرانبکات. سەرباری ئەوەی کە وێرانکردن و لەوتاندنی ژینگە لە زۆر جارا دەبێتە هۆی فەوتاندنی ڕاستەوخۆی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک و دارودرەختیش، ئیتر بەئاسانی ژیان لەو دەوروبەرە پەیدانابێتەوە و ئاوەدانکردنەوەش زەحمەت و سەخت دەبێت.

کەواتە، دەتوانین بڵێین کە وێرانکردنی کوردستان چەند تاوانێکی لێکەوتۆتەوە. بۆیە مەترسی و ئەنجامی خراپی ئەنفالەکان گەلێک گەورەتر و قورسترە لەوەی بە ئاسانی وەربگیرێ و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەبیربکرێت. بەتایبەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پاشماوەی ترسناکی هەیە لەسەر مرۆڤ، وەکو دەرکەوت کە ئاسەواری بەردەوامی هەیە و خەڵکانێک تووشی نەخۆشی سەرەتان و ئیفلیجی بوونە و هەندێ منداڵ بە شێواوی لەدایکبوونە و هەندێ ئافرەتیش تووشی گرفتی منداڵ نەبوون بوونە، کە ئەمەیان دەچێتە خانەی جینۆسایدی بیۆلۆژییەوە و ئەنجامی زۆر ترسناکی هەیە بۆ وەچەی داهاتوو.

ئەنفالەکان، درێژەپێدانی سیاسەتی پێشووی ڕژێمی عێراق بوو، بەڵام بە فراوانتر و دڕندانەتر. لە سەرجەم هێرشەکاندا زیاتر مەبەستی سەرەکی ڕژێم ڕوونبووەوە کە فەوتاندنی مرۆڤی کورد «وەکو کۆمەڵ» فەوتاندنی کولتووری کورد و وێرانکردنی کوردستان بەتەواویی وەکو تاوانی جینۆساید پێکهاتەکانی دەرکەوت. بۆیە لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر تاوانی جینۆساید و خەسڵەتەکانی بکەین، چونکە ئەنفال قۆناغێک بوو لە پراکتیککردنی جینۆساید.

**جینۆساید** «Ginocied»

جینۆساید، تاوانێکی نەخشەبۆکێشراوە، بۆ ئەنجامدانی سیاسەتێکی دیاریکراو، کە ستروکتوری هاوبەش و باوی بوونی کۆمەڵە مرۆڤێک تەفروتونادەکات. زۆر جاریش کۆمەڵکوژی لە دژی خەبات لەپێناوی دیاریکردنی چارەنوسدا ڕوودەدات<٢٠>. جا هەر کۆمەڵکوژی بێت یا جێبەجێکردنی سیاستێک کە هەڕەشە لە بوونی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بکات، ئەگەر لە دژی خەبات لەپێناوی دیاریکردنی چارەنووسدا بێت یا هەر هۆیەکی تری هەبێت.

ڕووداوە مێژوییەکان دەریانخستووە کە هەتاکو ئێستا هەر دەوڵەت یا حکومەت ئەو سیاسەتەی ئەنجامداوە.

جینۆساید «Ginocied»، لە دوو ووشە پێکهاتووە:

١ـ وشەیەکی گریکی «Ginos»، واتە: ڕەگەز، بنەچە.

٢ ـ وشەیەکی لاتینی «Caeders»، واتە: کوشتن، فەوتاندن.

بە لێکدانی هەردوو وشەکە دەتوانین بڵێین جینۆساید«Ginocied» واتە: فەوتاندنی بنەچە‹٢١›.

وشەی جینۆساید، لە فەرهەنگی کوردیدا تازەیە. لە زمانی کوردیدا: قڕ، قڕان، قڕکردن و قڕتێخستن زۆر باو و زانراوە. دەتوانین بۆ جینۆسایدی گەلی کورد بنوسین«کوردقڕان»، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕووە زانستیەکەوە مانای جینۆساید فراوانتر و سەنگینترە، پێمان باشە هەر جینۆساید بەکاربێنین.

جینۆساید تاوانێکی ئاسایی نیە، بەڵکو تاوانێکی نێونەتەوەییە‹٢٢›. دەستووری دادگای نورنبێرگ «charte» کە لە ٣٠ بەند پێکهاتووە، لە بەندی شەشەمیدا تاوانی نێونەتەوەیی بەمجۆرە دیاریدەکات:

١ـ تاوان لەدژی ئاشتی «Grimes Contre La paix»:

بریتین لەم کارانە:

نەخشەکێشان، دابینکردنی کەرەسەی شەڕ و خۆئامادەکردن یا دەستپێکردنی شەڕ. یا هەر شەڕێک کە پەیماننامە، ڕێکەوتننامە و ڕاگەیاندنەکانی نێوان دەوڵەتان بشکێنێت، یا بەشداربوون لەو نەخشە و پلانانەی کە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو کارانەن.

٢ ـ تاوان لەدژی مرۆڤایەتی «Grimes Contre L`Humanité»:

بریتین لەم کارانە:

کوشتن، کۆمەڵکوژی، ئازاردان، ڕاگواستن، دوورخستنەوە، کۆیلەکردن، تیرۆر و تۆقاندن، گرتن و چەوساندنەوە لەبەر هۆی سیاسی یا ئاینی یا ڕەگەز، جا بەشێوەی کۆمەڵ یا تاک بێت.

٣ ـ تاوانەکانی جەنگ «Grimes de Guerre»:

بریتین لەم کارانە:

شکاندنی یاساکانی جەنگ، تاوان لەدژی خەڵکانی مەدەنی «civil» لەکاتی شەڕدا، بەتایبەتی ئەو تاوانانەی لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا دیاریکراون، وەکو: ڕێکەوتنەکانی لاهای ١٨٨٩ و ڕێکەوتننامەکانی ژنێف١٩٤٩ و هەردوو پرۆتۆکۆڵی پاشبەندی لە ساڵی ١٩٧٩

دا ‹٢٣›.

بەندی سێی هاوبەشی هەر چوار ڕێکەوتننامەی ژنێف ١٩٤٩ ، تایبەتکراوە بەو شەڕانەی کە خەسڵەتی نێودەوڵەتییان نیە، واتە: لایەنەکانی شەڕ هەر دەوڵەتان نین، بەڵکو دەوڵەتان لەلایەک و بزوتنەوەی چەکداری ڕزگاریخوازی لەلایەکی ترەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کە شەڕی لەگەڵدایە.

ئەم بەندەش دانپێدانانی یاسای نێودەوڵەتانە بە بزوتنەوەی ئەو گەلانەی لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدان، کە ئەو بزوتنەوانە لایەنن «Subject» لە یاسای نێودەوڵەتاندا، بەتایبەتیش پرۆتۆکۆڵی یەکەمی ١٩٧٧ پاشبەندی ڕێکەوتننامەکانی ژنێف، یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتییە کە بەو جۆرە حوکمدەدات دەربارەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان لەپێناوی ئازادیدا‹٢٤›.

بەندی یەکەمی پرۆتۆکۆڵەکە ئەوە دیاریدەکات کە لایەنە بەشدارەکانی لە هەموو حاڵەتێکدا ڕێز لە ناوەڕۆک و مەبەستی ئەو پرۆتۆکۆڵە دەگرن، بەتایبەتیش پاراستنی قوربانیانی شەڕی ئەو گەلانەی لەدژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکەرانی بیانە و لەدژی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانە، بەتایبەتیش لە قۆناغی بەدەستهێنان و دیاریکردنی چارەنووسدا‹٢٥›.

جا پاراستنی خەڵکی سیڤیل «مەدەنی» و ڕێزگرتنی مافەکانیان، چ لە شەڕی نێوان دەوڵەتاندا یا لە شەڕی نێوان دەوڵەتێک و هەر هەرێمێکی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بێت مەرجە، چونکە شەڕەکە لەپێناوی ئەو مافانەدایە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دانیپێداناوە و لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامە و پەیمانی نێونەتەوەییدا جێگیرکراون، ئەگەر ئەو شەڕە لەلایەن دەوڵەتەکەشەوە وەکو جەنگی ئاشکرا ڕانەگەیەندرابێت، کە خەسڵەتێکی نێودەوڵەتی نیە، بەڵام کێشەکە پێوەندی بە یاسای نێودەوڵەتانەوە هەیە. پرۆتۆکۆڵی دووەمی ١٩٧٧ پاشبەندی ڕێکەوتننامەکانی ژنێفی ساڵی ١٩٤٩، تایبەتە بە پاراستنی قوربانیانی ئەو شەڕانەی کە نێودەوڵەتی نین.

بەندی یەکەمی پرۆتۆکۆڵەکە تەواوکەری بەندی سێی هاوبەشی هەر چوار ڕێکەوتننامەی ژنێفە، کە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا ئەگەر هێزێکی چەکدار لە سوپای دەوڵەتەکە جیابووبێتەوە یا کۆمەڵە و ڕێکخراوی چەکدار هەبن، کە ڕابەرایەتی دیاریان هەبێت و لە شەڕەکە بەرپرسیاربن‹٢٦›.

بەندی «١٣»ی پرۆتۆکۆڵی دووەم خەڵکی سیڤیل «مەدەنی» لە هێرش و شەڕ و پەلاماردان دەپارێزێت. بەندی «١٤» برسیکردنی خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیان بەگشتی قەدەغەدەکات. بەندی «١٥» جێگە و ڕێگەوبان و کەرەسەی پێویست بۆ ژیان لە شەڕ

و وێرانکردن دەپارێزێت. بەندی «١٦» وێرانکردنی شوێنە کولتوورییەکان و پاشماوەی مێژوویی و کەرەسەی هونەری و جێگە پیرۆزەکان دەپارێزێت. بەندی «١٧» بەزۆر ڕاگواستنی خەڵکی قەدەغەدەکات‹٢٧›.

بەندی «٢٥»ی پرۆتۆکۆڵی یەکەم ئەویش هێرش و پەلاماری سەر پاشماوەی مێژوویی و کاری هونەری و پەرستگاکان و شوێنە کولتوورییەکان قەدەغەدەکات و ڕێز لە ڕێکەوتننامەی لاهای ١٩٤٥ دەگرێت دەربارەی پاراستنی مەڵبەند و شوێنە کولتووری و مێژوییەکان‹٢٨›.

کەواتە، بەگوێرەی ڕێکەوتننامەکانی ژنێف و هەردوو پرۆتۆکۆڵی پاشبەندیان:

١- خەباتی هەر گەلێک ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکیشدا بێت، ڕەوایە.

٢- ئەو شەڕەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا ئەنجامدەدرێت لەلایەن حکومەت لەلایەک و ئەو گەلەی کە خاکەکەی داگیرکراوە و ڕێز لە مافەکانی نەگیراوە، ئەگەرچی شەڕەکە خەسڵەتی نێودەوڵەتی نیە، بەڵام یاسای نێودەوڵەتان چارەسەری بۆ دابیندەکات.

٣- ئەگەر شەڕەکە لەلایەن دەوڵەتەکەشەوە بەڕەسمی ڕانەگەیاندرابێ، ئەوا هەر پابەندی یاسای نێودەوڵەتانە.

٤- هەر تاوانێک لە ناوچەکانی شەڕدا ئەنجامبدرێت لە جۆری ئەو تاوانانەی کە پێشتر باسمانکردن، ئەوا تاوانی نێونەتەوەیین و پابەندی یاسای نێودەوڵەتانە.

٥- دەوڵەت بەرپرسیارە لە سیاسەتی خۆی لە ناوچەکانی شەڕدا. ڕەفتاری دەوڵەت چۆنیەتی ڕێزگرتن یا پێشێلکردنی مافەکانی ئەو گەلە دەستنیشاندەکات.

٦-ئەو گەلەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا، لە سەرجەم یا لە بەشێکیدابێت، لە شەڕەکانیدا، ئەگەر نوێنەرایەتی هەبێت، ئەوا هەڵگری کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییە، بەڵام جێبەجێکردنی پەیوەندە بە چارەسەرکردنی کێشەکەی و بەشداریکردنی لە پێوەندی نێوان دەوڵەتاندا.

بە تێڕوانین لەو شیکردنەوەی خستمانەڕوو، دەڵێین، سیاسەتی ڕژێمی عێراق لە ئاستی گەلی کورددا، پێشێلکردنێکی تەواوی یاسای نێودەوڵەتانە، بەتایبەتیش ئەو فۆرم و تێکستە دیارانەی لەشێوەی پەیمانی نێونەتەوەییدا جێگیرکراون و خەسڵەتی ئیمپیرەتیڤانەیان هەیە لە ڕێزگرتنی مافی مرۆڤدا. هەر بۆیەش چۆنیەتی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق بە جینۆساید پێناسەدەکرێت.

بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدیش مەرج نیە هەر لە سەردەمی شەڕدا ئەو سیاسەتە پیادەبکرێت. پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨دەربارەی بەربەندکردنی جینۆساید و سزاخستنە سەر تاوانکارانی، ڕوونیدەکاتەوە کە ئەم تاوانە، نەک هەر لە سەردەمی شەڕدا، بەڵکو لە سەردەمی

ئاشتیشدا ئەنجامدەدرێت، هەروەکو بەندی یەکەمی پەیماننامەی ناوبراو دەڵێت، کە پەیماننامەکە لە سەردەمی شەڕ و ئاشتیشدا حوکمی هەیە‹٢٩›.

بەندی دووەمیش لە پەیماننامەی ١٩٤٨ مەبەستی سەرەکی جینۆساید ڕووندەکاتەوە کە «ئەنجامدانی تاوانکارییە بە مەبەستی قڕکردنی بەشێک یا سەرجەمی هەر کۆمەڵێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یا ئاینی». جائەو قڕکردنە یا فەوتاندنە، هەر وەکو لە بەندی دووەمدا دیاریکراوە، بەهەر جۆرێک لەم شێوانەی خوارەوە ئەنجامدەدرێت:

١- کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٢- زیانگەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٣- بەئەنقەست دانانی ئەو کۆمەڵە لەژێر بارودۆخێکی سەختدا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی هەموو یا بەشێکی.

٤- تەگەرە خستنە بەر منداڵبوون لە نێو ئەو کۆمەڵەدا.

٥- بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر‹٣٠›.

نەک هەر ڕاستەوخۆ ئەنجامدانی جینۆساید، سزا دەخاتە سەر تاوانکارانی، بەڵکو وەکو بەندی «٣»ی پەیماننامەی ١٩٤٨ لە دژی جینۆساید دیاریکردوە، هەر جۆرێک لەم جۆرانە سزا دەیانگرێتەوە.

١-جینۆساید.

٢- پیلانگێڕان بە مەبەستی جینۆساید.

٣- هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بەمەبەستی جینۆساید.

٤- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٥- بەشداریکردن لە جینۆساید ‹٣١›.

تاوانی جینۆساید مەرج نیە هەر فەوتاندنی فیزیکی«جەستەیی ـ بەدەنی» ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بێت کە لەدژی ئەنجامدەدرێت، بەڵکو جینۆساید چەند جۆرێکە:

یەکەم: جینۆسایدی فیزیکی «جەستەیی ـ بەدەنی» «Genocide Physique»

کوشتن یا فەوتاندنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک چ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بە گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، سەرنگوونکردن، ئیعدامکردن، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، وەکو ژەهر یا کیمیاویی و بایۆلۆژی.

دووەم: جینۆسایدی بیۆلۆژی «Genocide Biologique»:

ڕێگەگرتن لە پێشکەوتن، لەدایکبوون و زیادبوونی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک‹٣٢›. وەکو بەکارهێنانی ئامراز و داوودەرمانی منداڵ نەبوون و پەکخستنی ئەندامانی زاووزێ، دابڕینی

پیاوان و ژنان لە یەکتر بۆ ماوەیەکی زۆر و دابڕینی منداڵان لە دایکان و باوکانیان.

سێیەم: جینۆسایدی کولتووری «Genocide Culturel»:

قەدەغەکردنی زمان و شێواندنی مێژوو و ڕابردووی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک. ئەم جۆرەی جینۆساید لە پەیماننامەی ١٩٤٨ دا دیارینەکراوە، بەڵام زانایان بیروباوەڕیان وایە کە هەر کۆمەڵە مرۆڤێک بەبێ بوونی کولتورەکەی، بوونی نامێنێت(٣٣). وێرانکردنی ژینگە، جێگە و ڕێگە، شوێنەوارەکان، دێهات و خانووبەرە، جگە لەوەی دەبێتە هۆی فەوتاندنی ئەو کولتوورە میللیەی کە هەبووە.

چوارەم: جینۆسایدی ئابووری «Genocide Economique»:

ئەم جۆرەی جینۆساید زۆر بە کەمی باسکراوە، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کە برسیکردن و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک، دەبێتە هۆی فەوتاندنی. جا چ داسەپاندنی گەمارۆی ئابووری، یا ڕێگەگرتن لە بەرهەمهێنان و خۆراک، ئەنجامی ترسناکیان هەیە بۆ پاشەڕۆژی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە. چ بە زیادبوونی نەخۆشی و زیادبوونی ڕێژەی مردن یا ناچاربوون بە کۆچ و ڕەوکردن، کە لە ئەنجامدا ئەو کولتوور و پێوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتیەی جاران نامێنێ و ڕەنگە ڕەوکردنەکە وابێت لە کۆمەڵگەیەکی تردا بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ڕابردووی خۆیان لەدەستبدەن و بەتەواویی لە مێژوو و کولتووری خۆیان دابڕێن و لە کۆمەڵگاکەی تردا لە ڕووی بیر و هۆشی ڕابردووەوە دەتوێنەوە.

بەندی «٥٥»ی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی ١٩٧٧ پاشبەندی ڕێکەوتننامەی ژنێف ژینگە دەپارێزێ و لەدژی وێرانکردن و وێرانکردنی ژینگەیە، چونکە مــرۆڤ بەبێ ژینگەیەکی لەبار و ئارام ناتوانێت بژێت. وێرانکردنی ژینگە سەرچاوە ئابووری و گرنگەکانی ژیان دەگرێتەوە و مرۆڤ دەربەدەردەکات.

ئەنجامدانی هەر جۆرێک لەم جۆرانەی جینۆساید، واتە فەوتاندنی کۆمەڵێک لە مرۆڤایەتی، بۆیە جینۆساید وەکو تاوانێکی دڕندانە و ترسناک لەدژی مرۆڤایەتی لە یاسای نێودەوڵەتاندا دیارە، هەر ئەو مەترسییەش بووە هۆی ئەوەی کە تاوانباران چ ڕاستەوخۆ ئەنجامدەربن، یا بەشــداربن، یا پلاندانەربن، یا هاوکــاربن، ئەوا بە تاوانکاری جــینۆســاید دەناســرێن و تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش، نابێتە هۆی لێخۆشبوونی و دەربازبوونیان لە سزا و بەرپرسیارێتی، چونکە جــینۆســاید جیــاوازە لە تاوانی دیکە و وەکــو تاوانێکی نێــونەتەوەیی هیچ کــاتێک لێخۆشبوونی لەسەر نیە.

لێرەدا، دەبینین، عێراق جگە لەوەی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە تاوانەکانی دەرهەق بە گەلی کورد، بە کــۆمەڵێک ڕێکەوتننامە و بەڵگەنامە و بە کرداریش بەشداره لەگەڵ دەوڵەتانی تری

داگیرکەری کوردستاندا بۆ لێدان و سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کورد، لە پێناوی ئەو مەبەستەشدا خەڵکی کوردستانیش بە خاوەنی ئەو بزوتنەوەیە دەزانن، بۆیە تاوانەکانیان کورد دەگرێتەوە وەکو «میللەت».

کێشای تاوانی نێونەتەوەیی. جا چ جینۆساید، یا تاوانەکانی جەنگ یا تاوانەکانی تری دژی مرۆڤایەتی لەم ساڵانەی دواییدا گرنگییەکی زۆری لە پێوەندی نێوان دەوڵەتان و لە یاسای نێودەوڵەتاندا پەیداکرد. چارەسەریش بۆ ئەو کێشەیە، مەسەلەی دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە دێنێتە پێش و دەیسەپێنێت.

**دەستێوەردان**

دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ووڵاتان، بەشێوەیەکی گشتی قەدەغەکراوە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیدا، پێویستی دەستێوەردان خۆیدەسەپێنێت، یەکێک لەو حاڵەتانە، داکۆکیکردنە لە مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە دەوڵەتێک کەمایەتیەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی دەچەوسێنێتەوە و ژیان و ئازادی و ماڵ و ماڵیاتیان دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی بەتایبەتیش مەترسی لەسەر بوونیان، دەستێوەردان بۆ ڕێزگرتنی ژیان و ئازادییەکانی مرۆڤ سەر بە هەر نەتەوە و گروپ و ڕەگەز و ئاینێک بێت(٣٤). لەم حاڵەتەدا دەستێوەردانی وڵاتانی تر لە کاروباری ئەو وڵاتە بۆ ئەو مەبەستە، بەجێگەیاندنی ئەرکێکە دەربارەی داکۆکی لە مرۆڤایەتی.

دەستوری «UN» لە بەندەکانی «١٦-١٤»دا بڕیاردەدات کە ئەنجومەنی گشتی یا ئەنجومەنی ئاسایشی «UN» دەتوانێت دەستبەکاربێت بۆ هەر کارێکی پێویست بۆ چارەسەرکردن و بەلاداخستنی هەر کێشەیەک کە زیان بە خۆشگوزەرانی گشتی و پێوەندی نێوان میللەتان دەگەیەنێت.

بەندی یەکەمی دەستوری «UN» ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە وا دیاریدەکات کە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێوان دەوڵەتان دەستەی «UN» بڕیاری هاوبەش و یەکلاکەرەوە دەدات، بۆ بەرگرتن و نەهێشتنی ئەو هۆکار و کردەوانەی کە هەڕەشە لە ئاشتی دەکەن، بەتایبەتیش هاوکاری نێوان دەوڵەتان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە نێودەوڵەتیانەی کە خەسڵەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مرۆڤایەتیان هەیە بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکانی، بەبێ جیاوازی ڕەگەز یا زمان یا ئاین و بەبێ جیاوازی لەنێوان پیاو و ئافرەتدا.

بەندی «٤٣»ی دەستوری «UN» ئەوە دیاریدەکات کە سەرجەم ئەندامانی «UN» پەیمانی ئەوە

دەدەن کە بەشداربن لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا، بۆ ئەو مەبەستەیش بەگوێرەی ڕێکەوتن هەر هێزێکی چەکدار و هەر یارمەتی و ڕێخۆشکردنێک پێویستبکات دەیخەنەکار.

دیارە کێشەی تاوانکاری و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی، لەو کێشە ترسناک و دیارانەن کە پەیوەندییان بە سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە هەیە، هەر گەلێک، یا هەر گروپە مرۆڤێک لە هەر جێگەیەکی جیهاندا بێت، بەبێ جیاوازیی، مەترسی لەسەر ژیان و بوونیان هەڕەشە و مەترسیە لە مرۆڤایەتی، هەر تاوانێک بوونیان بخاتە مەترسیەوە، ئەوە تاوانە لە دژی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی.

کەواتە، هیچ حکومەتێک بۆی نیە بیانووی ئەوە بێنێتەوە کە ئەو کارانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیدا ئەنجامدراون وەکو کاروباری ناوخۆ پێوەندن بە دەستوور و یاساکانی ناوخۆی وولاتەکەوە، بەتایبەتیش ئەگەر کێشە لە مەسەلەی مافی مرۆڤدا هاتەکایەوە. ئەگەرچی یاسای ناوخۆی دەوڵەت لەپێش یاسای نێودەوڵەتانەوە پەیدابووە، چونکە سەرەتا دەوڵەت هەبووە و قانون و دەستووری ناوخۆی هەبووە، ئەوسا پێوەندی نێودەوڵەتان دروستبووە،بەڵام ئەمە پاساوی ئەوە ناداتەوە کە لەم سەردەمی پێشکەوتنی شارستانییەتەدا هەموو ڕەفتارێکی دەزگاکانی ناوخۆی دەوڵەت وەکو کاری یاسایی و ڕەوای ناوخۆ سەیربکرێن، بەڵکو پێویستە، ڕەوایی ئەو کارانە لە تێکست و بنەما و پرنسیپە دیارەکانی یاسای نێودەوڵەتانەوە دیاریبکرێت، کە زۆرجار ڕژێمێکی دیکتاتۆر ئابڵووقەیەکی تەواو دەخاتە سەر سەرجەم ئەو سیاسەتەی کە لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا پیادەیدەکات. بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە چ یاساکانی ناوخۆی وڵاتان، چ سیاسەتی ناوخۆ لە مەسەلەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤدا لەژێر چاودێرییەکی بەردەوامی کۆمەڵگەی جیهانی و لایەنە بەرپرسەکاندا بن، تاکو ڕێگە لەو تاوانە بگیرێت کە مەترسی لەسەر ژیان و کامەرانی مرۆڤایەتی دروستدەکەن، جا ئەو تاوانانە هەرجۆرێک بن، دەبینین زۆر جار کێشەی ئابووری تاوانی گەورەی لێدەبێتەوە. کاتێک حکومەتێک گەمارۆی ئابووری دەخاتە سەر هەرێمێکی چوارچێوەی دەوڵەتەکەی خۆی، بۆ برسیکردن و دیلککردنی دانیشتوانی ئەو هەرێمە، ئەوە هەمان حکومەت، زۆر بەئاسانی نەخشەدەکێشێت بۆ فەوتاندن و پەڕەوازەکردنی دانیشتوانی هەمان هەرێم. ئەمەش کارەساتێکی گەورە بۆ کۆمەڵە مرۆڤێک دروستدەکات کە ژیانیان لە هەرەس و داتەپیندا دەبێت و مردنێکی لەسەرخۆ دەیانگرێتەوە. یا تاوانی ڕژێمێک بۆ فەوتاندنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و سیما دیارەکانی ژیانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک، کە دەکرێ بەشێوەی فەوتاندنی فیزیکی، یا کولتووری، یا بیۆلۆژی یا ئابووری ئەنجامبدرێت. ئەم تاوانانەش کە بە جینۆساید لە یاسای

نێودەوڵەتاندا دیاریکراوە، هیچ بیانوویەک ناهێڵنەوە تا دەستنەخرێتە کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتەوە، یەکەم: بۆ ڕاگرتنی تاوانەکە، دووەم: بۆ سزادانی تاوانباران، سێیەمیش: بۆ نەهێشتنی کەرەسەکانی تاوانەکە، وەکو فەوتاندنی چەک و دام و دەزگای مەترسیدار کە هەڕەشە لە ژیان و بوونی مرۆڤ دەکەن.

دەوڵەتانی دونیا پێویستە کە پابەندێتی نێونەتەوەیی لە ڕێزگرتنی بنەما ئیمپریەتیڤەکانی یاسای نێودەوڵەتاندا بکەنە سەرچاوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆیان لە ڕێزگرتنی مافی مرۆڤدا. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وەکو مەسەلەیەکی ناوخۆ سەیری ناکرێت، بەتایبەتیش تاوانی نێونەتەوەیی، جا چ جینۆساید بێت یا تاوانەکانی دیکە. زنجیرە هێرش و پەلاماری ئەنفالەکانیش وەکو دەرکەوت پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو، وەکو قۆناغێکی سەخت لە سیاسەتی جینۆساید تەواوی خەسڵەتەکانی تاوانی نێونەتەوەییان پێوەیە.

## سەرچاوە و پەراوێز


‹١› کۆبوونەوەکانی عەلی حەسەن مەجید. وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: مارف عومەر گوڵ/ بێوار. ڕوتردام. ژمارە ١٨/ ١٩٨٨

بڕوانە کتێبی «Genocide in Iraq». لەلایەن مێدڵ ئیست ووچ چاپکراوە ١٩٩٣ ل٣٤٧ .

‹٢› الاباده الجماعیه فی العراق. حملة الانفال ضد الاکراد. تقریر ایست ووتش ١٩٩٣ .

‹٣› الوقائع العراقیة. بغداد. العدد٣١٥٨ فی ١٣,٧,١٩٨٧».

‹٤› الملحقان «البروتوکولات» الاضافیان الی اتفاقیات جنیف فی ١٢ / اب /١٩٤٩ . اللجنة الدولیة للصلیب الاحمر. الطبعة الثانیة. جنیف ١٩٨٢ ص٤٣ .

‹٥› قرار حزب البعث العربی الاشتراکی. قیادة شعبة زاخۆ. العدد س/ش/ ٦٦٤ التاریخ ١٤,٦,١٩٨٧

‹٦› گۆڤاری هەڵوێست. ژمارە ٣ لەندەن ١٩٨٧ ل١٥٨ .

‹٧› بەڵگەنامەی «UN» ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی ٤٥/٤/١٩٩٣ . «E/CN» ل٨٠ «د دقی ڕووسی».

‹٨› بەڵگەنامەی «UN» ٤/١٩٩٢/٣١ . «JE/CN» ل٧٣ (دەقی ڕووسی).

‹٩› بەڵگەنامەی «UN» ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی٤٥ /٣/١٩٩٣ . «E/CN» ل٨٠ «دەقی ڕووسی».

‹١٠› بەڵگەنامەی «UN» ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی ٤/١٩٩٣/٤٥ . «E/CN» ل ٨٤ «دەقی ڕووسی».

‹١١› بەڵگەنامەی «UN» ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەلایەتی ٤/١٩٩٣/٤٥ . «E/CN» ل٨٨ «دەقی ڕووسی».

‹١٢› محمد صالح توفیق: دیدارێک لەگەڵ پیرەمێردێکی دەربازبوو لە دۆزەخی ئەنفالی بەدناو. گۆڤاری بیری نوێ. ژمارە١٧ حوزەیرانی ١٩٩٢ ل١٧٧-١٧٤ .

‹١٣› هەمان سەرچاوە: ل١٨٣ .

‹١٤› عەبدوڵلا کەریم مەحموود: چارەنووسێکی نادیار. چەند دیمەنێک لە ئەنفالەکانەوە. بلاوکراوەی کۆمیتەی بەرگری لە مافی قوربانیانی ئەنفالەکان. ١٩٩٣ ص١٩-١٥ .

‹١٥› الدکتور نعیم الیافی: مجازر الارمن و موقف الرای العام العربی منها. الطبعة الاولی. اللاذقیة. ١٩٩٢ ص٣١ .

‹١٦› هەمان سەرچاوە: ل٤٤ .

‹١٧› د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا ١٩٧٠ ل١٤٠ .

‹ ١٨› جمال زەنگەنە: کردستان العراق ـ تلوث ام تخریب بیئی مقصود / جریدة الشرق الاوسط. العدد ٥٥٧٥ فی ٤,٣,١٩٩٤ .

‹١٩› یاسای نێودەوڵەتان. کۆمەڵێک زانا. بە سەرپەرشتی: گ.ی. تونکین. مۆسکۆ ١٩٩٤ ل ٥٢ «بە زمانی ڕووسی».

‹٢٠› لیو کوبر: مفهوم جریمة ابادة الاجناس و امکان تطبیقه علی المذابح التی اقترفتها ترکیا ضد الارمن فی السنتین «١٩١٥ ـ ١٩١٦». بڕوانە: جریمة الصمت ـ جریمة ابادة الجنس الارمنی. تالیف: نخبة من الباحثین و العلماء. ترجمة: المهنسة هوری عزرایان. الطبعة الاولی. اللاذقیة ١٩٩٥ ص٢٣٤-٢٢٣ .

‹٢١› کورتەی فەرهەنگی سیاسی. کۆمەڵێک زانا. مۆسکۆ چاپی شەشەم ١٩٨٩ ل١١٠ «بە زمانی ڕووسی».

‹٢٢› بۆ زیاتر ئاشنابوون بە جینۆساید و فاکتەکانی لە کوردستان، بڕوانە کتێبی تایبەتیمان بەناوی: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا. ئەمستەردام ١٩٩٧ .

‹٢٣› الدکتور احسان هندی: مبادیء القانون الدولی العام فی السلم و الحرب. الطبعة الاولی. دمشق ١٩٤٨ ص٣٠٩ .

‹٢٤› د. عصام العسلی: الشریعة الدولیء. دمشق ١٩٩٢ ص٦١ .

‹٢٥› الملحقان «البروتوکولات» الاضافیان الی اتفاقیات جنیف فی ١٢ / اب / ١٩٤٩ . اللجنة الدولیة للصلیب الاحمر. الطبعة الثانیة. جنیف ١٩٨٢ ص١١ .

‹٢٦› هەمان سەرچاوە: ل٩٥ .

‹٢٧› هـ. س: ل١٠٢-١٠١ .

‹٢٨› هـ. س: ل٣٤ .

‹٢٩› ئەندریوخین م. ن: جینۆساید ـ دڕندانەترین تاوان لەدژی مرۆڤایەتی. مۆسکۆ ١٩٦١ ل١١ «بە زمانی ڕووسی».

‹٣٠› و ‹٣١› یاسای نێودەوڵەتان لە بەڵگەنامەکاندا. دەقی پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆساید. مۆسکۆ ١٩٨٢ ل٣٣٢ «بە زمانی فارسی».

‹٣٢› ئەندریوخین م. ن: جینۆساید ـ دڕندانەترین تاوان لەدژی مرۆڤایەتی. مۆسکۆ ١٩٦١ ل٨ «بە زمانی ڕووسی».

‹٣٣› د. نوری طالبانی: جریمة الابادة / مجلة القضاء. بغداد العدد ٣ / ١٩٧٠ ص٧ .

‹٣٤› دکتور علی صادق ابو هیف: القانون الدولی العام. الطبعة الثانیة عشرة. الاسکندریة ١٩٧٥ ص ٢١٤ .

* کە دەڵێین کەمینە یا کەمینەی نەتەوەیی نەتەوەیی مەرج نیە ئەوە گەل یا نەتەوە بێت، لە یاسای نێودەوڵەتاندا، ئەو گەلانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەژین. میللەتێک یا گەلێکی تر دەسەڵاتدارێتی، ئەوا گەلانی تری ناوخۆ کە خاوەنی دەسەڵات نین، هەر بە کەمینە باسدەکرێن، دیارە ئەمەش بەرژەوەندی و سیاسەتی دەوڵەتانی دونیا دەوری بینیوە لەو پێناسەیەدا، ئەگەر نا زۆرجار گەلێک خاوەن دەسەڵاتە لە وڵاتێکدا بەژمارە کەمترە لە گەلانی ناوخۆ کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە نیە.

# له (ئەنفال)ەوە بۆ خوێندنەوەی ڕوویەکی تاریکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی

بەرزان فەرەج

– ١ –

بەدەر لەوەی کە ئەنفال هەر بەتەنها شێوەیەک لە شێوەکانی پەلاماردانی جەنگەڵیانە نییە کە لە ساتەوەختێکی مێژووییدا ڕوویدابێت، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان جەنگە، جەنگێکی ڕێکخراو کە بەپێی بنەما یاساییە نێودەوڵەتیەکان بە هێرشێکی بەمەبەست بۆ لەناو بردنی ڕەگەزێک پێناسە دەکرێت، لەسەردەم و شوێنێکی دنیادا کە جیهان جڵەوی عەقڵانییەتی لە دەستداوەو تیرۆر بە تازەترین هۆکارەکانی لەنێودانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی ئاشنابووە. ئەوەی جێی داخیشە هەمیشە ئەم دنیای بەناو سێهەم و چوارەمە بۆتە باشترین لابۆر کە هێزە دژەکان دوور لە پایتەختە ئارامەکانی خۆیانەوە جەنگەکانی خۆیانیان تیا ئاشکراکردووە. ئەنفال وەک یەکێک لە شێوەکانی شەڕی سەرتاسەری «کەمن پێموایە دەشێت دواهەمین ئسلوبی وێرانکردنبێت لە دوادوای ئەم سەدەیەدا»(١) کە ناسیۆنالیستی شوڤێنی عەرەب، ویستی بەپشتی ئەو تەکنیکە وێرانکارییەی ڕۆژئاوا خۆی وەکو ناوەندی هێزێک نیشانبداو وەهمی سەرکەوتنەکانی خۆی پێبخاتەڕوو. ئەمەش لە ساتەوەختێکدا ڕوودەدات کە لیبرالیزم سەرکەوتنی خۆی وەکو سیستەمێکی ئایدۆلۆژی، ئابوری، دەسەڵاتیی ڕادەگەیەنێت کە ئەمە دواتر بەسەرکەوتنی لە سیناریۆی شەڕی «کوێت»دا کۆتاییهات،، کۆمۆنیزمیش ناچاری پێداچوونەوەی چەمکەکانی خۆیەتی و خەریکی ئەگەری مانەوەیەکی قەیراناوییە لە جیهانێکدا کە چیتر پێشبڕکێ و ململانێ سەریناخات. جیهانێک کە تیایدا فۆکۆیاما کۆتایی مێژوو ڕادەگەیەنێت، کە دواتر ڕێ بۆ بانگەشەی سیستمی جیهانی نوێ خۆشدەکات، ئەوەش لە وێناکردنی دنیایەکی ئاییندەی ئارامتر و ئینسانی تر چیدی نییە کە یەکەمین پرسیاری ئاڕاستەی بیانووەکانی مانەوەی ئەو گەنجینە گەورانەی چەکە وێرانکەرەکانە کە بەبێ گەمارۆدان و کۆنترۆڵکردنیان هیچ مانایەک بۆ سەرکەوتنی لیبرالیزم نامێنێتەوە(٢). جیهانێک، بۆ گەیشتن بەدوا ئاستی ئینسانیی و بۆ جەختکردنە سەر قەدەغەکردنی گازی ژەهراوی، پێویستی بە نیشاندانی دوا وێنەی ترسناکی جەنگ، تەرمی سوتاوی منالانی هەڵەبجەو کوردستانی ئەنفالکراودەبێت تا سیناریۆی کۆنگرەی پاریس سازبدات.

بەڵام بەدەر لەو ڕاستییە بەدیهی و گەمە نێودەوڵەتیانەی کە هۆکارێکی سەرەکیشن بۆ ئەو دیمەنی مەرگەی لە چەند شوێن و زەمەنێکی دنیادا ڕوودەدەن کە جیهان دەیەوێت ڕکێفی عەقڵانی خۆی بکات و تادێت بانگەشەی ئەخلاقیەتی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ، کە دەکرێت بە کۆمەڵگەی «ژیان دۆست»ی ناوی بەرین پتردەبێت، کۆمەڵگەیەک کە عەشقی بۆ ژیان پترە لە عەشقی مەرگاوی و گرێ شەڕانگێزیەکان، وە بەدیدێکی عەقڵانیەوە هاوکێشە جیۆپۆلیتیکەکان ڕەسمەدەکاتەوەو کەلتوورە لێکنزیکەکان تیایدا خۆیان لە گووتاری «نەتەوەپەرستی» دووردەخەنەوە. ئەم ووتارە، خۆدانە لە پەیوەندییە ناکۆک و هاوکێشە لێکداپچڕاوەکانی نێوان دوو نەتەوە، وە ئەو بونیادە مێژوویانەی کە ڕەوتێکی سوریالیان داوە بە تیرۆر لە نێوانیاندا. بۆچی پەیوەندی نێوان دوو نەتەوە دەگاتە ئاستێک کە تەنها شەڕ بەلایدابخات؟! بۆچی بەریەکەوتنی دوو شوناس و دوو کەلتور دەبێتە زنجیرەیەکی بەردەوام و یەک لەدوای یەک لە شەڕ و کوشتارگا؟! کە تەنیا دوو گوتاری شەڕانگێز بەرامبەر یەکدی بەرزدەکەنەوە. ئەویش گوتاری سڕینەوە یان لەناودان و بەهیچکردنی ئەوی دییە لە بەرامبەر گوتاری «بەرگری»یدا، واتە بەرەنگاربوونەوەیەکی سەرسەخت و شێلگیرانەیە لەبەردەم ستراتیژیەکانی سڕینەوە و شکستپێهێنانی گووفتاری بەهیچکردنیدا. هەڵبەت دیارترین دەرەنجامی ئەم بەریەککەوتنە نوستنی ئەبەدی عەقڵ و داخستنی دەروازەی پرسیاری هۆشمەندانەیە لە نێوان دوو شوناسدا، پرسیار لە ناسینی خود و ئەوی دی، جیاکردنەوەی ماهیەتەکانی خود و ئەوی دی، وە ناسینی سنوورەکانی خواست و خەونەکانی یەکدی، بە پێچەوانەشەوە زیاتر دڕندانەتربوونی غەریزە شەڕانگێزییەکان و مانەوەی «دۆخی سروشتی»یە لەو بەریەککەوتنەدا، واتە باڵادەستی دۆخی سەرەتایی کۆمەڵگەیە، دۆخی پێش ناسینی پرسیاری مەعریفی و ڕێکخستن و یاسا. ئەم دۆخەش زەمینەیەکە بەردەوام گوتاری وەهمی و ناعەقڵانی بەرهەمدێنێ، هۆیەکی کاریگەری گۆڕینی هۆشیاری ئینتماشە بۆ نەتەوە بۆ یادەوەریەکی دەستەجەمعی شەڕانگێز کە هەمیشە غەریزەی خۆڕسکی هێرش و بەرەنگاربوونەوە زیاددەکات، نەوەک عەقڵ بەلای کەشفکردنی چەمکی مەعریفیدا بجوڵێنێ لە ئەنجامی پرسیارکردن لە خود و ئەوی دی، چونکە دوو جەستەی مێژووی شەڕانگێز تەنها لە پانتایی شەڕداو لە ئاستی هێرش و بەرەنگاربوونەوەدا بەریەکدەکەون. ئەمەش ئەو حەقیقەتە دەردەخات کە بۆچی سەرهەڵدانی جوڵەو فیکری ناسیۆنالیزم لە هەناوی مێژوویەکی وادا لە ئاستی لۆژیکیەوە دەپەڕێتەوە بۆ شۆڤێنیزم، کاتێک کەلتوورێک دەروازەی شوراکانی «بەرزەمن» بەسەر خۆیدا دادەخات و سەنگەرەکان بەرامبەر کەلتورێکی دی هەڵدەکەنێت، وە بۆچی جەختکردنە سەر چەمکە شەڕانگێزیەکانی نەتەوەگەرایی ڕەوتی مێژوویی دوو نەتەوە چ لەسەر ئاستی دەستەجەمعی و چ لەسەر ئاستی تاکەکەسدا دیاریدەکات.

ئەوە شـوڤێنیزمە کە بەسەندنەوەی هۆشیـاری لە تاکەکەس و کۆ وە ئینتمـای ئیرادەگەریانەیان بۆ نەتەوە جـەنگەکانی خـۆی بەردەوامپێدەدات. کە نەتەوەگەرایی دەگاتە قـۆناغی شۆڤێنیزم هـەمـوو وێنە جـیاکـانی دەرەوەی خـۆی وە ناسـینی شـوناسـەکـانی دی ڕەددەکـاتەوە. شـۆڤـێنزم دنـیـایەک نـابینـێ ڕەنگاوڕەنگ بێت، کە دەنگە جیاکانی تێدا بدوێن، دنیای شۆڤێنزم دنیایەکی یەک دەنگ و یەک ڕەنگە، کە بینینی ناچاری ئەوی دی شێواندنیەتی لە تێڕوانینێکی لێڵ و وەهمیەوە، لێرەوەیە شۆڤێنزم کاتێک لەو پرسـیـارەوە دەسـتـپـێدەکات: «تۆ سـەر بە چ نەتەوەیەکیت؟»بەریەکەوتنێکی شـونـاسـیـانە بەسـەر تاکەکـەسدا دەسـەپێنێ وە شـوناسـێکی دەسـتـەجـەمعی ئەدا بە تـاکـەکەس کە لـە ڕاسـتـیـدا هـەمـوو خـودنمایشـتکردنێکی لە بەرامـبـەر ئەوی دیدا نیـشـاندانی سـەرجـەم نەتەوەیە وە ڕاگـرتنی ڕابردوو و ئاییندەیەتی لە بەرامبەر ئەوی دیدا.

-٢-

دەشـێت ئەمـە بنەمـایەک بێت بـۆ ئەو مـێـژووە سوریالیـەی نێـوان کورد و عـەرەب، وە هۆیەک بێت بۆ تێگەیشـتن لـەسـەرسـەخـترین دوو گوتاری نەتەوە گەرایی، کە گـوتاری سـڕینەوەو بەرگرین لە حـاڵەتی پێکدادانـدا. دوو ئیرادەی دژ کەتەنهـا لە شـەڕدا نەبێت خوێنیان تێکەڵی یەکدینـابێت، ئەگینا لە ئاستی دیالـۆگـدا تەلاقـی یەکـدیان ڕاگـەیاندووە. کـە دەڵێین دوو ئـیـرادەی دژ مــەبەسـت لەو سـتـراتیـژییـە مـەبەسـتگەرایەیە کـە دوو گـوتاری سـڕینەوەو بەرگـری مـێـژوویەکی دێرینی بەریەکـەوتنی نێـوانیـان پێـدەنووسـنەوە کـە لە دواسـاتی دڕندەییـدا یان سلوکی ئەنفـالیـانەی لێـدەکـەوێتـەوە یان دروشـمی سـەرسـەختی «یان کوردسـتـان یان نەمان». ئیـتر ئەمـە بنبـەستی نێوان دوو ئیرادەی تاسەر ئێسـقان نێگەتیـڤن کە هـەمـوو کـردەیەکی خۆیان لە ئەیقونێکی پیـرۆزدا بەنددەکـەن. کە لای شـۆڤێنزمـی عـەرەب کردەی سڕینەوە و لەناودانە کە کردەی بەرگری و تۆڵە لای نەتەوەگەرای کورد پیرۆزدەکات، وە وەڵامی ئەو سـزادانە ترسناکەی سـەدام حسـێن بۆ گەلی کورد کە «جـۆناثان راندل» داوایدەکات بۆچی «ئەو سـزادانە ترسـنـاکەی سـەدام حسـێن بەرامـبەر کوردی عێراق پیادەیکرد زۆر لەوە تۆقێنەرتر بوو کە – نبو خذ نصر– دژی شـەدرەح، میشـەح، وە عەبونەغو کردی بەپێی تەورات، کـاتێ فرێیدانە ئاتونەوە کە بریتـی بوو لە چاڵێکی پڕ لە قــەتران لە ناوچـەی کـەرکـوک»(٣) وە یان کـاتێک کـە «ولیـام ئیگلتـون» بەسـادەیی ئەنفال بە چەمکی «لەناودانی کەلتوری» پێناسـەدەکات. لـە ڕاسـتیـدا تائێسـتا خـوێندنەوەی ئەنفـال لە نێوان تـاوانێکی تاکەکـەسی سـەدام و داروودەسـتـەکەی، وەیـان جۆرە ڕەفـتـارێکی فـاشـیـسـتی ڕژێمـێکی دیکتـاتۆری وە سـتـراتیـژێکی مـێـژوویی شـۆڤـێنزمـی عـەرەبی وەکـو یەکـێک لە گـووتارو دیاردەکانی بزربووە، بەڵکو ئێـمە تەنهـا نیـشـاندانی دیمەنێک، وە قسـەکردن لـەسـەر قـەبارەو شێـوازی

نوێ تاوانێکمان بەرچاوکەوتووە کە دەشێت جیهان لە دوای کوشتاری هۆڵۆکۆست و هێرۆشیماوە دیمەنێکی تری لەنێودانی دەستەجەمعی بەو قەبارەو شێوازە نەبینیبێت، هەرچەندە ئەنفال دەکرێت وەکو دیاردەیەک، خوێندنەوەی مێژووی ئەو پەیوەندییە سایکۆ – سیاسیانەی بۆ بکرێت کە دوو نەتەوەیان گەیاندۆتە دووڕیانی کوشتار. ئەنفال تەنها ڕووداوێکی تێپەڕنییە وە تاوانێک نییە لەبیربچێتەوە. وەک عەلی حەسەن مەجید «عەلی کیمیاوی» لە سیاسەتمەدارانی کوردی داواکرد. ئەنفال دیاردەیەکی مێژووییە کە بەیەکنەگەیشتنی دوو گوتاری نەتەوەگەرا دەسەلمێنێت. وە حەتمیەتی ئایندەیەکی دی و شێوازێکی دی لە بەریەککەوتن لە نێوانیاندا دەخوازێت، نەوەکو کورد دووبارە بەڕۆحێکی تێکشکاو و تەسلیمبووی دوای جەنگەکانەوە، بەسوکە داوایەکی سلبی سیاسییەوە لەسەر مێزی دانوسانەکان دانیشێت و بەهەمان وەهمی مێژووییەوە بچێتە ناو دیالۆگی عەرەبی – کوردیەوە، لە ساتێکدا کە مێژووی دوای ئەنفال دەبێت بنبەستی زەمەنی تیرۆر ڕابگەیەنێ و لە نەفرەتکردنی کەلتورێکی ناعەقلانیەوە دەروازەی دیالۆگێکی شوناسی – کەلتوری والابکات، کە ئەمەش دیارە دوورە لە گەمەی سیاسەت و جەنگەوە کە هەموو ئەگەرەکان تاقیدەکەنەوە. لێرەوەیە کە دەڵێین خوێندنەوەکانی ئەنفال تا ئێستا خۆیان لە هۆکارە بونیادیەکانی ئەنفال وەکو دیاردەیەک کە ڕەگەزێکی مێژوویی لە پێکهاتەی کۆمەلایەتی، کەلتوری، سایکۆلۆژیای دەستەلاتی دوو نەتەوەدا هەیە، دوورخستۆتەوە و تەنهالەسەر ئاستی بینینی ڕووی دەرەوەی ڕووداوەکەدا وەستاون، کە دەشێت وەکو هەر ڕووداوێکی سادە ببێتە بابەتێکی بەکاربەری هەر هەواڵێکی ڕۆژنامەگەری کە سنورەکانی خوێندنەوەی لە زەمەنی هەنوکەیی ڕووداوەکە تێناپەڕێت. لێرەشدا دەتوانین ئاماژە بۆ سێ جۆرە خوێندنەوەی توێژاڵی و سەتحی بکەین، سێ خوێندنەوە کە وەکو دیمەنێک لە زەمەنێکی وەستاودا مامەڵە لەگەڵ ئەنفالدا دەکەن، بێئەوەی بێگێڕنەوە بۆ ڕەگەزە مێژووییەکان.

یەکەم: خوێندنەوەی شۆڤێنزمی عەرەبی بۆ ئەنفال لە ئاستی ناوەوەدا، کاتێک دەیەوێت ویژدان و ئەودیو هەستی خودی عەرەبی بدوێنێت، لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر دروشمەکانی پیرۆزی نیشتمان و پێداویستی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی دوژمنە وەهمیەکانی عەرەب، ئەم ڕوانینە خودی جەنگ دەگەڕێنێتەوە بۆ ساتەوەختێکی مێژوویی کە ئەنفال وەکو کردەیەکی خودایی و جیهادیی تەماشادەکات، هەر لەو ڕێگایەشەوە گەیاندنی پرۆژەی کەلتوری عەرەبی پیرۆزدەکات. بەلام هەمان خوێندنەوە لە ئاستی دەرەوەدا هەوڵی شاردنەوەی کاردانەوە ترسناکەکانی دیمەنی ئەنفال دەدات، لێرەوە دیدێکی هاوبەش لەلایەن دەستەلات و میدیای عەرەبی و تەنانەت تاکەکەسیشەوە لە کارادایە بە ئاراستەی ڕەتکردنەوەی دیمەنی ئەنفال وەیاخود وەسفکردنی بە تەنها کردەیەکی دیاریکراو دژی دوژمنانێکی تێکدەر. شێواندنی ڕاستی ڕووداوەکان لە ڕێگەی دژە پروپاگەندەوە و دوودڵ نەبوونی نوێنەرانی دەستەلات و میدیای ئاراستەکراو بۆ دەرەوە بە ئینکارکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی

تەنانەت لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکانیشدا کە دواجار ئەو گومان و بێدەنگییە عەرەبییە دەخولقێنێت، بە شێکی ئەو سیاسەتەیە.

دووەم: خوێندنەوەی کەسانێک کە دەکرێت بە بینەرانی ئەنفال ناوزەدیانبکەین، ئەمانەش لایەکیان کاریان تەنها پۆلینکردنی ڕووداوەکانە بەپێی یاساو پرنسیبە نێودەوڵەتیەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە شەڕدا. ئازایەنەترین دەربڕین و ئەم بواری پۆلینکردنە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ناحوکمیەکاندا دەردەکەوێت وەکو ئەمنستی و ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافی مرۆڤ و هتد... کاتێک ئەنفال وەکو لەناوبردنێکی دەستەجەمعی ڕەگەز بە بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ پێناسەدەکەن. هەڵبەت لایەنی ئیجابی ئەم خوێندنەوەیە وەکو دۆکۆمێنتکردنی مێژوویی ڕووداوەکان و پێناسەکردنیانە وەکو تاوان کە دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە پڕۆژەی کاری ئیجرائی، بەڵام لایەنی سلبی ئەم خوێندنەوەیە وەرنەگرتنی هەڵوێست و سستی و نەبوونی کاریگەرییە لە ئاستی سیاسەتدا تەنانەت لە ئاستی خولقاندنی ڕای گشتی و خۆتێپەڕاندنی ئاسان بە کەناڵەکانی میدیادا کە زۆرجار وادەکات ڕاپۆرتەکان بەشاراوەیی بمێننەوە. لایەنێکی تری سەلبی لە هەڵوێستی بینەرانی ئەنفالدا ئەوەیە کە ڕووداوەکە لە ناو تاوانێکی هەمەگیریی جیهانیدا دەبیننەوە کە مێژووی سەرجەم مرۆڤایەتی لەو تاوانەوە دەگلێنێت. ئەم خوێندنەوەیەش لە پشتی ڕای گشتی سەلبی عەرەب و بێدەنگی ڕۆشنبیران یاخود وەدەنگهاتنی شەرمنانەیانەوە هەستپێدەکرێت. ئەم خوێندنەوەیە دەیەوێت یادەوەری گشت بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو تاوانانەی کە دەشێت لە هەموو زەمان و شوێنێکی دنیادا ڕوویدەن، وە کاتێک ویژدان و جەستەی گشت لە تاوانێکەوە دەگلێنێ، ویژدانی خۆی ئارامدەکات و جەستەی خۆی لە تاوان پاکدەکاتەوە. بۆیە مێژووی جەنگەکانی خۆی لە مێژووی دنیادا ئەشارێتەوەو هۆکارە جیۆ – سیاسی و ستراتیژی هێزەکانی دنیا دەخاتە سەرەوەی هۆکارە بونیادییەکان و دەیەوێت بڵێت تاوانەکان لە ژێر سایەی سیستەم و ڕێکخستنی بلۆکبەندیانەی هێزەکانی دنیادا ڕوودەدەن بۆیە هەست بەتاوانکردن و ڕوتکردنەوەی مێژووی خود و گەڕانەوە بۆ ئەو هۆکارانەی ناوەوە کە هەڵگری شوناسی ئەنفالن هیچ لە ئاڕاستەو قەبارەی تاوانەکان ناگۆڕن. لەلایەکی ترەوە ئەم خوێندنەوەیە، شوناسی قوربانی لەو وێنە تەڵخانەدا دەبینێت کە میدیای جەللادەکان بڵاویدەکەنەوە. بۆ نموونە ئەنفال وەکو شێوازە شەڕێکی کەلتوری ــــ عەرەبی ــــ ئیسلامی کە بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی دنیاو دووبارە بنیاتنانەوەی لە دەوڵەتێکی عەرەبی ــــ ئیسلامیدا دەکات لای تاهیر بن جەللون وندەبێت و تەنها شێوەیەکی وێرانکردنی هاوچەرخ وەردەگرێت کە تیایدا بوون بەکەمایەتی هەڵەیە. تاهیر بن جەللون کە یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی عەرەب کە لەسەر ئەنفال بەدەنگدێت، دەڵێت «لە جیهانێکدا جەنگەکان تیایدا بەردەوامن و ئەم جەنگانەش بەوەفان بۆ زۆرترین شێوە کۆن و سەرەتاییەکانی وێرانکردن، جیهانێک تێیدا مرۆڤ بە ئاستی زیرەکی و مرۆڤبوونی

جیاناکرێتەوە هێندەی بە دووبارەکردنەوەی هەمان شێوازەکانی وەحشیەت جیادەکرێتەوە، لە جیهانێکی وادا بوون بە کەمایەتی هەلێکی ناشایست و هەڵەیە» (٤). بەلای بن جەللونەوە ئەوەی وادەکات کەمایەتی قبوڵنەکرێت جیاوازییەتی لەوانی دی لە کەلتورو زەمان و ڕێورەسمدا، کە لە جیاتی قبوڵکردنی ئەم تایبەتمەندێتییە کەمایەتی ڕاودەنرێ، دەردەکرێ و بە جۆرەها چەکی ئاڵۆز و گازی ژەهراوی لەناودەبرێت، ئەو دەڵێت: «کەمایەتیەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا شەرپێفرۆشراو بوون. وە هیچ شارستانیەتێک نییە خواستی پێشوازی و قبوڵکردنی کەمایەتیەکانی خۆیی و ڕێزگرتنیانی هەبووبێت، هەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بیگرە تا یەکێتی سۆڤیەتی و گەڕانەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی ئیسپانی کە لەبەردەم مێژوودا سەبارەت بە لەناو بردنی هیندە سورەکان بەرپرسیارە، ئەو تاوانەی کە کۆچەرە ئەمەریکییەکان بەوپەڕی وەحشیەتەوە بەردەوامیانپێدا» (٥).
هەرچەندە تێڕوانینی بن جەللون وەکو تێکشکاندنی بێدەنگی عەرەبی و بەقسەهاتنێکی ئەگەر پەراوێزیانەشبێت لە دەرەوەی گوتاری باڵادەستی عەرەبیەوە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام چونکە لەناو کایەکانی کەلتورێکدا دێتە قسە کە مێژووی خۆی بە کۆمەڵێک چەمک لێڵکردووە و تا ئێستاش ئاین و گوفتاری ڕەگەزگەرایی پێکهاتەی شوناس و ڕەهەندە ستراتیژیەکانی دیاریدەکەن، ئیتر دەنگێکە بە ترساوی دەمێنێتەوەو توانای ئیدانەکردنی ئاشکرای کە لتوورو مێژووی خۆیی و تێکشکاندنی ئەیقونە پیرۆزەکەی نییە، بەم جۆرەش ئەم تێڕوانینە کێشەی شوناسێک لە چوارچێوەی کەمایەتیدا بچوکدەکاتەوە، ئەمەش زۆر ترسناکترە لە گوتاری شۆڤێنیزمی عەرەبی کە لە ڕاستیدا دانپیانانێکی شاراوەی بەرامبەر شوناسی کوردی لادروستبووە، هەر بۆیەش بانگەشەی شەڕی لەناودانی دەکات.
بەڵام کاتێک ڕۆشنبیری عەرەبی شوناسێک دادەبەزێنێت بۆ ئاستی کەمایەتی ئیتر هاوتای ئەو کۆسپانەی دەکاتەوە کە شارستانیەتە مرۆڤایەتییە مەزنەکانیش ناچاربوون بە لادان و پێشێلکردنی پێشکەوتنی خۆیان بنیادبنێن، ئەمەش لە کاتێکدا بیانوو هێنانەوەیە بۆ دڕندایەتی شارستانییەتی ڕۆژئاوا و گشتگیریکردنی کردەی لەناوبردنی کەمایەتیشە لە دنیادا، لێرەوە ڕۆشنبیرێکی عەرەبی وەکو بن جەلوون پێویستی بەوەنییە کە لەدوای هێرشەکانی ڕۆژئاوا و لەناوبردنی هیندییە سورەکانەوە نموونەی شێوە پەلاماردانی عەرەبی و چوونە دەرەوەی لە دوورگەی عەرەب بە لێشاوی خێڵە شمشێر بەدەستەکانەوە بهێنێتەوە، یان لە کەلتووری عەرەبیدا بۆ مانا دەلالیەکانی ئەنفال بگەڕێت. دواجار ئەم جۆرە تێڕوانینە داوایەکی ریفۆرمخواز ئاراستەی شۆڤێنیزمی عەرەب دەکات کە ستراتیژی جەنگ و پەلاماردان بگۆڕێت بە سیاسەت، ئەویش بە قۆستنەوەو وەرگرتنی کەمایەتی لەناو خوددا بە هەندێ لە ماهیەتە کەلتوریەکانەوە تا دواتر لە ستراتیژ و پرۆژەی نەتەوەیی گشتگیردا یەکدەگرێتەوە. لێرەوە داخوازی ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازو ئینسانی عەرەب لە ڕژێمە دەستەڵاتدارەکانیان، ناسینی هەندێ مافی ڕۆشنبیری و ئیداری و ئاینیی و زمان و تایبەتمەندێتی

ئەتنی کەمایەتیەکانی وەکو کورد و بێربێر و قیبتی و مەسیحیەکانە کە ئەمانە لە نیشتمانی عەرەبدان و دواجار هەر قەدەریان جوتبوون و گونجانە لەناو کەلتوری عەرەبیدا.

سێهەم: تێڕوانینی کوردی بۆ ئەنفال و کارەساتەکانی دی لە تێڕوانینەکانی دەرەوە زیاتر حوکمی زەمەنە دووبارەکان بەسەر خۆیدا دەسەپێنێتەوە. دەکرێت بڵێین بەدەنگهاتنێکی ماسۆشیانەیە کە لە جیهانێکی کەڕوکوێردا خۆشنودی خۆی لە بەردەوام هەڵخستنی تەرمەکاندا بۆ دەرەوە دەبینێت، گوتاری کڕوزانەوە و خۆنیشاندانی کوردی وەکو قوربانییەکی ئەبەدی، دوو هاوار لەو بێدەنگییە تۆقێنەرەی دنیادا دەتەقێنێتەوە.

یەکەم: نیشاندانی قەبارەو زەخمی کارەساتەکانی لە تراژیدیترین و ترسناکترین شێوەدا، کە لێرەوە دوای ئەوەی ستراتیژی مانەوەو بەرەنگاربوونەوەی کوردی هەرەسدێنێ، ئیدی ئەو ستراتیژە بەدەرەوە دەسپێرێتەوەو دواتروسکەی هیوای مانەوەی لە چەمکە ئینسانیەکان و پرنسیبە نێونەتەوەییەکاندا دەبینێتەوە، لێرەوە کوردی وەکو بەشێک لەو خێڵی مرۆڤایەتییە داوای داڵدەو فریادرەس لە کۆمەڵگاکانی دەرەوە دەکات.

دووهەم: تاوانبارکردنی گشت واتە تاوانبارکردنی دنیا، وەکو هۆکاری ئەو دەرەنجامە، لێرەشدا چەمکی دنیا تەسکدەبێتەوە بۆ هێزو ئاماژە بۆ ئەو هێزە دەستەڵاتی و سیاسیانەی کە کارلێککەری ڕاستەوخۆیان لە ڕوودانی کارەساتەکاندا هەیە. ستراتیژی کوردی لە تاوانبارکردنی دنیادا مەبەستی بەدەنگهێنانی دنیایە نەوەک کردنی بە دوژمن، چونکە کورد بەو زەخمە کوشندانەوەو لە دووڕیانی نەماندا، مانەوەی خۆی لە دۆزینەوەی دۆستەکانیدا دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا کێشان بە دەروازەی هێزەکانی دنیادا بۆ بەدەنگهێنانی ئەو خامۆشییە سامناکە، لەودیویەوە هاواری هەموو ئەو گەلانەشە کە بە زوڵملێکراو ناسراون یان هەست بە قوربانی بوون و زوڵملێکردنیان دەکەن لە گەمەی سیاسەتدا، بەڵام لەو نێوەندەدا هاواری کورد، کڕوزاندنەوەیەکی زۆر تەنیاتر و بە ئاوازێکی هێندە خەمبار و بێهودەیە کە لە پشتییەوە شکستی تەواوی هەموو گوتارەکانی کوردی لە مانەوەو بەرگریدا دەردەخات لە بەدیهێنانی کەمترین ئاستی خەونەکانیدا. هەموو چەکەکانی کورد تێکدەشکێن تەنیا چەکی کڕوزاندنەوەو هەڵخستنی تەرمەکانی نەبێت، کورد هێندە لە تەنیا مانەوەی خۆی و بێدەنگی کوشندەی دنیا دەترسێت کە پچوکترین وەدەنگهاتن هەناسەیەکی ژیانەوەی پێدەبەخشێت، بەڵکو لەوەش زیاتر کاتێ کورد ئارامی و فریادرەسی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی لەنێودانی دڵڕەقانەی خۆی لە ئێزگەیەکی ڕادیۆدا یان لە ڕۆژنامەیەکی دنیادا هەستپێدەکات، دەیەوێت بڵێت کە تەنیا نییە، وە ناشێت کە دنیا کێشەی گەلێک و مێژوویەک لە کارەساتەکانی بەبێ چارەسەر بەجێبهێڵێت. کورد تەنیا تەرمی کوژراوی خۆیی و خوێنی ڕژاوی هەیە بیخاتە بەردەم دنیا تا داوای چارەسەرێک بکات، چونکە تا ئێستا ستراتیژی کوردی لە بەردەم هەڕەشەی نەمان و شەڕی سەرتاسەریدا

خـۆڕاگـرنـەبووە، ئەوەی کـردەی تەواوی سـڕینەوەی کـوردی دواخـسـتـووە گـۆڕینی ئـاسـتـەکـانی جیۆسیاسـەت بـووە لەناوچەکەدا. ئەنفـال شکسـتی تەواوی بە گوتاری بەرگری کوردی هێناو ئیتر کـەوتە بەردەم هـەڕەشـەی نـەمـانی ڕاسـتـەقـینەوە. ئەنفـال وەک لە پـیـلانە سـەربازیەکـانی خـۆی کـە «سـتـراتیژی کورد قڕان»ـە، «من ئەمـەم لە وتارێکی درێژدا باسکردووە کە گوتاری ئەوی دیی بەرامـبەر کورد هەڵگری ستراتیژی قڕکردن و لەناودانیەتی». ئەوەش ئاشکرابوو کە قۆناغی داهاتووتری ئەنفال دوای تەختکردنی گوندەکانی کوردستان و لەناودانی خەڵکەکەی، ئیدی شارە گەورەکان دەبنە پڕۆژەی ئەو قڕکردنە دەستەجەمعیە، کە هیچ گومانی تیانییە کە شانس و گەڕانەوەی کێشەو دژایەتی گەمەی سـیـاسی لە ناوچەکـان و خـولقـانی کـێشـەی کوێت، مـانەوەی کـوردی پاراست، دەنا مـانەوەی کـورد مـانەوەی ئیـرادەگەرو توانایەکی سـتـراتیـژی نەبوو کە لـەبەردەم هـەڕەشـەی سڕینەوەدا خـۆڕابگرێت. کاتێک سیاسییـەکی کورد بە ناچاری لەسـەرمێزی دانوسـان لەبەرامـبـەر جەللادەکەیدا دادەنیشـێت کێشەکە دەبێتە قسـەکردن لەسـەر ژمـارە و گوتارو سـتـراتیژی ئەنفـال دەبێتە مـەسـەلەی ‹ ١٨٠› هـەزار بێسـەروشـوێن، ئەمـە لە یەکێک لە دانیشـتنەکانی وەفدی بەرەی کوردسـتـانی و ڕژێمدا ڕوودەدات لە ساڵی ‹١٩٩١›، کاتێک داوای چارەنووسـی ‹ ١٨٠› هـەزار کوردی ئەنفالکراو ئەکەن. عەلی کیـمیاووی، لێپرسـراوی ئەنفال کـە لە دانیشـتنەکـەدا دەبێت، بە توڕەیی دەڵێت ئەبێ لەبیـرتانبچێتـەوەو دوای ئەوە ژمارەکەش تەنها لە ‹ ١٠٠› هـەزار تێناپەڕێت(٦). لەم گەمەی ژمارەیەوە کورد شانازی مانەوەی خۆی لەبەردەم دوژمنەکـەیدا بەو لێشـاوە زۆرەی تـەرمـەکانیـەوە خـۆینیشـان ئەدا، لەکـاتێکدا دوژمن داوای لەبیـرچونەوەی لێدەکات بێئـەوەی دەستبـەرداری گوفتـاری سڕینەوەبێت... ئەمەیە کورد لەناو گەمـەی لێبوردن و مێژووی بیـرچونەوەکاندا بزردەکات. ئەگینا یەکەمجـار نییە کـە شـوناسـێکی وا لـەبەردەم پەلامـاری سـەرتاسـەریدا بەچۆکدابێت، چونکە هـەرکاتێک دەکـەوێتە بەردەم هێرشـی جینۆسـایدەوە، شـوناسـێکی دی دێت و قـڕکـردنی ڕادەگـەیەنێت و ئەو پێش تەسلیـمـبـوون ڕێگەچارەی هـەڵاتن هەڵدەبژێرێت، وە تەقـەللای دورخسـتـنەوەی پانتـایی خـەبات و بەرەنگاربوونەوەی دوژمـنەکـەی ئەدات، کاتێک کە چیاکـانیش ناتوانن بەرگری لێبکەن، ئیدی بێخـاک و شـوناس لەبەردەم گەمارۆ و هێرشـی هـەمـەلایەنەدا دەمـێنێتـەوە، واتە مـیللەتێک لێـدەپچـڕێ و دەبێـتـە ئەو تاکـە کـەسـە هەڵاتووانەی کـە هەریەکـەو بە تەنیـا بۆ مـانایەک بۆ ژیانی خـۆی دەگـەڕێت. لێـرەوە ئەنفـالەکـانی ‹١٩٧٥، ١٩٨٨›، کـۆڕەوی‹١٩٩١›، و ‹٣١›ی ئابی ‹ ١٩٩٦›تەنـهـا یەک مـاناو دەرەنجـاممـان نیـشـانئـەدەن، ئـەویش خـودبینینـەوەی بێشـوناسی مـیللـەتێک و خـۆدانە دەست قـەدەرە، ئەگـینا چ مـانـایەک بۆ هـەڵاتنی سەراپای میللەتێک هەیە کە پێش چەند سـەعاتێک لە کۆڕەو هێشتا لـە نەشئەی خـەونی هەڵبژاردن لە نێـوان شـێـوە دەسـتـەڵاتی ‹شـورایی، کـۆمـۆنیـست، دیموکـراسی، یان بەرەییـدا› دەژیا، ئەگـەر ئەو ڕاستییە نەبێت کە ئەو تەنیا دوور لە دوژمنەکانی ئاسودەیەو هەر لە حاڵەتی بەرەنگاربوونەوەی بچوک

و لە پەنتایی شەڕی سنووردا دەتوانێت مانایەک بە خەباتی خۆی بدات، کە شەڕی شاخ و پێشمەرگایەتییە. کورد جوگرافیای خۆی ئەو کاتە خۆشدەوێت کە خۆی لە دوژمنەکانی پێدەشارێتەوە، دەنا کاتێ جوگرافیا ئەو ئەرکەی نامێنێ ئیدی ئەو لێیهەڵدێ، ئاشکراشە کە بەرامبەر تێدەگات گوتاری مانەوەو بەرگری کوردی مانای جوگرافیای سەختی کوردییە، مانای خۆشاردنەوەو خۆکردنە وەهمە لەو شاخانەدا، وە دواتر کە ستراتیژی گەمارۆدانی هەمەلایەنی ئەو جوگرافیایە ڕووتدەکاتەوەو نهێنیەکانی ئاشکرادەکات، وە ئەیقونی پێشمەرگە کە لە دیدی دوژمندا ئەو بوونەوەرە خورافیە نادیارەیە کە نازانرێ لە کوێوە هەڵدەکوتێتە سەری، تێکدەشکێنرێ، کاتێک ناچاردەکرێت لەو سەنگەری جوگرافیایە بێتەدەرێ، کاتێک پەیوەندی بەرگری ئەو و کوردستان لێکجیادەکرێتەوەئیدی بێشوناس دەمێنێتەوە و جگە لە هەڵاتن چەکێکی تری پێنیە مانەوەی خۆی پێبپارێزێت، وە گوتارێک نامێنێ ئەو حاڵەتی تێکشکانەی پێ شیبکاتەوە تەنها دووبارەکردنەوەی هاوارو کڕوزانەوەو تاوانبارکردنی دنیا نەبێت، وەکو هۆکارێکی ڕاستەوخۆی تێکدانی شەڕی بەرامبەری لەگەڵ دوژمنەکەیدا و زاڵکردنی ئەو بەسەریا بەهۆی پێبەخشینی ئەو تەکنیکانەی جوگرافیای ئەم و تاکە سەنگەری خۆشاردنەوەیان لێئاشکراکرد. کورد کە ڕەوتی مێژوویی هەموو خەباتێکی لە هیچدا کۆتایی پێدێت، جگە لە نمایشکردنی تەرمی قوربانیەکانی کەمترین ئاستی خوێندنەوەی ئەو مێژووەی لادروستنابێ، ئیتر هیچ جیاوازییەک نامێنێ لە نێوان سەرکردەکانی و تاکەکەسێکی سادەشدا لە شێوازی خودنمایشکردندا وەکو قوربانی. لێرەوە توانای ئەوەی نامێنێت کە کارەساتەکان بە مێژووەوە گرێبدات و تراژیدیاکانیش دەبنەوە بە بەشێک لەو تێڕوانینەی میدیای دەرەوە بڵاویدەکاتەوە. لێرەدا هەموو هاوارێکی کوردی بۆ دەرەوە وە سەرزەنشتکردن و تاوانبارکردنی دنیا لە ڕاستیدا ڕاکێشانی دەستێکی فریادڕەسە بۆ شوێنی کوشتارگەکەی، تەقەلای شکاندنی سنوری بێدەنگی ئەو و وەدەستهێنانی ئاوڕدانەوەیەتی لەو قوربانیانە. لێرەوە کورد بە هاتنی ڕۆژنامەنووسێکیش بۆ خاکی کارەساتەکانی تەنیایی خۆی لەبیردەچێتەوە و هەوڵئەدا گێڕانەوەی تراژیدیاکانی لە ترسناکترین دیمەندا بۆ بەرامبەرەکانی نمایشبکات. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی هەندێک لەو کەسانەی لە ئەنفال دەربازبوون کە لە یەکێک لە ڕیپۆرتاجەکاندا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە زمانێکی خەمئامێزی ئەو کەسە تەنیاو ترساوانە هەستپێدەکرێت کە پێشتر ئەو شێوە تۆقێنەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و شەڕی سەرتاسەریان نەبینیوە، بۆیەشە شیکردنەوەو مانایەکیان بۆ ئەو جەنگە پێنییە. ئەوان لەیەک ساتەوەختی مێژوودا دەژین کە بۆتە دیمەنێک، دیمەنی مەرگ و کیمیاباران، دیمەنێک کە «جوگرافیا» و چیاکانی کوردستان دەستەوسانە لە پاراستنیاندا. لێرەوە توشی تۆقاندن و هەڵکەندن لە خاک و ڕووبەڕووی بێشوناسی بوونەتەوە. لەو بەسەرهاتانەدا ووشەگەلی هەڵاتن، خود دەربازکردن، تەنیا مانەوە، مەرگی دەستەجەمعی

دەبیستریت، لەگەڵ پەنابردنەوەی بێهودەدا بۆ سروشت.

«حەمە عەلی» کە یەکێکە لەوانەی لەو هێرشانەدا دەربازبووە ساتەوەختی ئەنفال لە لێکدابڕانی خەڵکی لەیەکدی و لە خاکەکەیدا دەبینێتەوە، کە ئەوەش کوشندەترین ترسی بێشوناسیبوون و شکستی گوفتاری مانەوەیە کاتێ کورد تەنیادەکرێت و لە خاک دادەپچڕێنرێت. حەمە عەلی دەڵێت: «پاش ئەوەی ئێمەیان بردە مەعەسکەری تۆپزاوا، لەوێ بووە هەراو باوکەڕۆیەک، لێیان ئەداین، ژنیان بەجیا دەکردە قاعەیەکەوە، پیاو بەجیا، مناڵ بەجیا، گەنجیان بەیەکەوە جیادەکردەوە، من ئەو کاتە هەستم ئەوەبوو کاتێک ئێمەیان لەو خاکە دەرکرد، ئێمەیان لەیەکتر جیادەکردەوە، ئیتر وتمان یەکتری نابینینەوەو ئەو خاکە نابینینەوە»(٧).

-٣-

لەپشت ئەم خوێندنەوانەوە کێشەیەکی شاراوەهەیە کە ڕەگوڕیشەکانی لە مێژوودایە، کێشەیەک کە ڕوانینێکی سایکۆ ـ سیاسی شەڕانگێزی لە نێوان دوو شوناسدا خولقاندووە، تا لە هۆکارە مێژووییەکانیشی نەدەین و شیاننەکەینەوە، بێگومان کارەسات و پێکدادانە شەڕانگێزەکانی هەر دووبارەدەبنەوە.

بۆ خۆلادان لەو ڕوانینە توێژاڵیانە دەبێت باوەڕ بەو سەرسەختی و دەمارگیرییە بهێنین کە لە کەلتوری مێژوویی ئەم دوو شوناسەدا دەبینرێن کە ئەنفال و کاردانەوەی تۆڵەیان ئەنجامداوە. واتە دەبێت لە بزربوونی دیالۆگێکی ناهاوتا بدوێین لە نێوان دوو شوناسدا کە بوونەتە دوو دژ، لە ساتی پێکهاتنی دەوڵەتی عەرەبی وەکو ماشێنێکی جەنگی، مێژوویی و یەکگرتنەوەی شێوازی سەرهەڵدانەوە نوێکەی لەگەڵ فاشیزمدا و دواتر بالادەستبوونی شمشێرەکانی تیرۆرو تۆقاندن بەدڕندانەترین شێوە لە نێوان ئەم دوو کەلتوورەدا. ئەو مانایەی کە دەمانەوێت بە تیرۆری بدەین لەم پەیوەندیەدا تەنها شێوەی شەڕو خستنەکاری ئامێرەکانی تۆقاندن نییە، بەڵکو هەڵگری وەزیفەیەکی ستراتیژی لادانی دوژمنێکە، وە ڕەهەندێکی تری هەیە ئەویش سەپاندنی سایکۆلۆجیەتی تۆقاندنی بەردەوامی ئەوی دییە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی جەنگێکی بەردەوامەوە کە هەمیشە دۆخێکی سایکۆلۆجی نائارام و ناسەقامگیر بڵاودەکاتەوە. ئەم دۆخەشە کە ئێستا کورد بە تەواوەتی تیادەژی، تووشی ترسێکی هەمیشەیی کردووە لە بەرامبەرەکەی کە ئەمەش لەو دیو هەستیدا گرێی تۆڵەیەکی شەڕانگێزانە برەوپێدەدات و لەسەر زەمینەی واقیعیشدا هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دی لەگەڵ بەرامبەردا وەک مەرگ و سڕینەوەی خۆی دەبینێ، چونکە ئەنفال دەروازەی بەریەککەوتنە سنوردارەکانی داخست و شکستی بە گوتاری بەرگری و مانەوە هێنا. لێرەوەیە کە مێژوو چەمک و ستراتیژیەکانی خۆی

دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاو ئەنفال دەبێتە هەڵگری دەلالەتەکانی و وەڵامی ئەو تراجیدیا جێماوانەو ئەو کوشتارو بەریەککەوتنە شەڕانگێزیانەی دوو شوناس ئەداتەوە و پێماندەڵێت، کە بۆچی ئێمە هێشتا هەر لە سەرەتای مێژووداین وە بۆچی ئەوەی ڕەوتی زەمەن بە ئێمەی بەخشیوە گەشەسەندنی دوو خواستی ئەودیو هەستە، گەورەبوونی خواستی تیرۆرو لەناودان لە بەرامبەر ڕق و خواستی تۆڵەدا! ئەگەر لە ڕاڕەوەکانی مێژوودا بەدوای ئەو وەڵامەدا بگەڕێین، کە ئایا بۆچی ناسیۆنالستی عەرەبی جەنگێکی هاوچەرخ و ڕێکخراوی ئێستای بە ئەنفال ناودەنێت؟ بە دڵنیاییەوە لەو دوو لێکدانەوەیە زیاترمان دەستناکەوێت.

لە کاتێکدا لای کورد، ئەنفال غەدرو بەهیچکردنی شوناسیەتی کە تۆڵە دەخوازێت، لای ناسیۆنالستی عەرەب، ئەنفال ژیانەوە و هەناسەدانە لە کردەیەکی پیرۆزدا و گەیاندنی پەیامێکی خوداییە، واتە کردەی پیرۆز هێشتا تەواو نەبووەو پەیامی خودایی نەگەیشتۆتە دوا سنوورەکانی خۆی، بۆیە ئەم ناسیۆنالستە جەنگە نوێکانی تێکەڵ بە زەمەنی بەسەرچووی دەکاتەوەو دەیکاتە درێژەپێدانی ساتەوەختی یەکەمینی فەتح و دەستپێکردنی مێژووی خۆی لەگەڵ ڕاگەیاندنی پڕۆژەی کەلتووری خۆی بۆ دەرەوە، جەنگ لای ناسیۆنالیزمی عەرەب هەناسەدانە لەناو مێژوویەکدا کە دەلالەتێکی نەگۆڕی هەیە کە ئەویش ژیان و خەوبینینە لە چرکەی پیرۆزو توانای گەیاندنی پەیامدا، چونکە هێشتا پەیام دەلالەتخوازییەکانی خۆی لەدەستنەداوە، لێرەوە کە ناسیۆنالستی عەرەب خودا دەکاتەوە سەرچاوەی سروشتی ئیلهامی خۆی، ئیدی لە ڕوانگەی بوون بە ناوەندو هەڵگری حەقیقەتە وە دەڕوانێتە دنیاو خودی کارەکانی خۆی، حەقیقەتیش لێرەدا مانای هەڵگرتنی ئەو بانگەشە دینییە پیرۆزەی کە شەرعیەتی وێرانکردنی ئەوانی دی پێدەدات، وە بەناوەندبوونیش واتە خودناسین وەکو چەقی تەبشیری ئەو پەیامە بۆ دنیای دەرەوە وە لێپرسراوێتی بەرامبەر هەرچ نوچدان و سەرکەوتنێکی ئەو پەیامە «نموونەی ئاشکراش وەدەنگهاتنی خێراو ڕاستەوخۆی ڕژێمە عەرەبیەکان یان ناسیۆنالیستی عەرەبە سەبارەت هەر ڕووداوێک کە پەیوەست بێت بە ئیسلامەوە لە دنیادا، وەکو کارێکی تیرۆرستی فۆندەمەنتالیستەکان، لێدانی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا، ڕووداوەکانی بۆسنیا، ئەلبانیا و هتد وەبیرخستنەوەی دنیا بەوەی ئیسلام دینێکی ئاسمانییەو پەیامێکی پیرۆزی جیهانی هەیە». لێرەوە ئەنفال ئیدی لەهەر زەمەنێکدابێت وە بە چ شێوازێک بێت وەزیفەیە، دوژمنەکانی ئەنفالیش دەبێت فڕێبدرێنە دەرەوەی مێژوو، دەبێت ڕێگە بۆ ڕەوتی پەیام چۆڵکەن دەنا لادانیان ئەرک و واجبە، چونکە ناسیۆنالستی عەرەب خۆی بەهەڵگرو کوڕی پڕۆژەی ئیسلام دەزانێت. ئیدی هەموو جەنگەکانی خۆی هەر لە ئاستی جیهاد و فەتحدا دەبینێ. زەمەنێک دەژێنێتەوە کە شەڕ هۆکاری چەسپاندنی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی بوو لە ناوەوە بە لێدانی خەوارج و کافرەکان، وە لەدەرەوەش بە پڕۆژەی بەخودایکردنی دنیا بەشەڕی فتوحات، ئیدی کاتێ ناسیۆنالستێک لەم زەمینە سەلەفییەوە

سەردەردێنێ و لەو وەهمە مێژووییەوە شمشێرەکانی ڕادەوەشێنێت، پرۆژەی بەخوداییکردنی دنیا لە ڕێگەی بە ئیسلامکردنییەوە نابێتە فریادڕەسێکی ڕۆحی گەلان بە گەڕانەوەیان بۆ ژێر ڕەحمەتی خولقێنەر بەقەد ئەوەندەی دەبێتە پرۆژەی چەسپاندنی دەستەڵاتێک کە ئەوانە لە ڕێگەیدا ڕاوەستاون بوونەتە کۆسپ. لێرەوەیە کە ئیسلام بۆ ناسیۆنالستی عەرەب، دین نییە، بەڵکو شوناسە؛ وە دین خۆی بۆتە دەمامکی ئەو شوناسە کە خۆی پێ موبارەکدەکات و ئەوانی دی دەخاتە خانەی موشریک و کافر یان شعوبییەوە کە ڕێگە لەبەر جەستەبوونی دوا ئاستی بڵندی و گەشەسەندنی دەگرن. دین بۆخۆی دەمامکی جەنگی نەتەوەییە دژی ئەو شوناسە نەفرەتلێکراوانەی لە خوداوە بە مەرگ حوکمدراون، ئەم ڕەفتارەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە کورد دەکاتە یەکێک لەو دوژمنە قەدەرییانەی دەبنە ڕێگر و لەم ئاستەشدا ئیسلامبوونی کەڵکێکی نییە و دادینادات. دابەشکارنی ئەو وەزیفەیەشە کە لە کردەی چەسپاندنی دەستەڵاتی ئیسلامدا لە نێوان هەڵگری پەیامی پیرۆز «عەرەب» کە وەزیفەی بنیاتنەرو خولقاندنی مەملەکەتی خوای هەڵگرتووە، وە تێکدەران «شعوبیەکان» کە وەزیفەی ڕوخاندن و سستکردنەوەی پێکهاتنی ئەو مەملەکەتەیان هەڵگرتووە، هەستی ڕاسیزم و شۆڤێنستی لای نەتەوەی بنیاتنەر دەخولقێنێ، بەڵام ئاخۆ ئەم هەستە تا چەند لەڕووی چەمکەوە لەگەڵ ڕاسیزمی هاوچەرخ یاخود لە ساتی دۆزینەوەی جوگرافیەکان هاومانایە، ئەگەرچی لە توندوتیژییدا لەیەکدی نزیکبن؟!

ڕاسیزمی عەرەبی هەڵگری هەمان چەمک و پەیامی ڕاسیزمی ڕۆژئاوا نییە کە هاوکاتی قۆناغی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە، ڕۆژئاوا کاتێ دنیا شاراوەکانی دەرەوەی خۆی دەدۆزێتەوە، لە هەمان کاتدا دەرک بە جیاوازی و ئاستی گەشەسەندنی باڵای شارستانیەتیەکەی خۆی لە بەرامبەر دنیا نادیارەکاندا دەکات کە هەڵبەت ئەمەش ئیرادەی جوڵەو گەیاندنی ئەم ئەزمونە شارستانێتییە و چەسپاندنی ئەم سیستەمە دەستەڵاتی و ئیدارییە باڵایەی لادەکاتە پەیامی ڕۆژئاوا لەو شوێنانەدا کە سیستمە سەرەتاییەکانی ژیان، پەیوەندییەکانی خوێن، نزیکایەتی، ئینتمای خێڵ، تەوتەمیەت هێشتا بنەمای سیستمی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی داڕشتووە، دەوڵەتی ڕۆژئاوا کە خۆی بە باڵاترین و جوانترین گەشەی «ڕۆحی دنیا» دەبینێ لە ڕێی جێگیرکردنی ئەو چەمکە ئەخلاقییەوەی کە دەوڵەت دەکاتە بوونەوەرێک کە لەسەرووی تاک و کۆمەڵ و دنیاوە ڕادەوەستێت. گەیاندنی ئەم گەشە ڕەهایە بۆ دنیاو فراوانکردن و دۆزینەوەی شوێنەکانی دەرەوەی دەوڵەت، ئیرادەی جوڵەو خستنەکاری هەموو شێوازە شیاوەکان فەراهەمدەکات کە لەهەمان کاتیشدا گەنجینەیەکی مەعریفی و تیۆری لە بوارەکانی فەلسەفی، سیاسی، دینی، ئابوری و کۆمەڵایەتیدا پاڵپشتیدەکات. دۆزینەوەی جوگرافیایی و تیۆری پانتاییە پڕێویەکان «نظرية المجال الحيوي» بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بەلای جیۆپۆلیتیکخوازەکانەوە، کەڵەکەبوونی سەرمایەو بەرهەم و گەڕان بەدوای بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕدا لای

مێرکنتیل و ئابوری زانە سەرمایەداریەکان، ڕەهاکردنی شارستانیەتی ڕۆژئاواو پیرۆزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێداویستی گەیاندنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەلای ڕۆشنفیکرانیەوە، دووبارە تەبشیرکردنەوەی مەسیحیەت بەلای کەنیسەی ڕۆژئاواوە شەرعیەت بەو پەلهاویشتنە گەورەو توندوتیژەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ئەدەن بۆ دەرەوە کە دواجار بەبێ جەنگ و کوشتارە ترسناکەکان دژی گەلە سەرەتاییەکان تێناپەڕێت. بەڵام جەنگی ڕۆژئاوا وەک هیگڵ پاکانەی بۆدەکات پاکژکەرەوەیەو حاڵەتی دروستی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاکاری گەل کە ئاشتی بەردەوام دایرزاندووە، وەک چۆن هەڵکردنی با دەریا لە بۆگەنبوون دەپارێزێت، ئاواش جەنگ شارستانیەت لەبنبەست ڕزگاردەکات، کەواتە دەبێت بڵێین کاتێک ڕۆژئاوا جەنگەکانی دژی دەرەوە ڕادەگەیەنێت لەپێش هەمووشتێکدا ئەو پێکهاتە هەڵاوساو ئاڵۆزەی خۆی لە شێوان و بۆگەنبوون و ڕاوەستان لە پانتاییەکی تەسکدا ڕزگاردەکات، لێرەوە بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕێت کە گەشەی ئایندەیی خۆی تێدادەبینێتەوە، کاتێکیش بەر ئەو کەلتورە سەرەتایی و پێکهاتە لاوازانە دەکەوێت کە توانای بەرگریکردنیان نییە لە خودو مانەویان، ئیدی ڕۆژئاوا سیستەمی خۆی، کەلتوری خۆی، ڕەگەزی خۆی، وە باوەڕی دینی خۆی دەکاتە بەدیلیان و لەوێوە شوناسی باڵادەستی خۆی بەو شوێنانە ئەدا کە دەیانکاتە نیشتمانی نوێ و ئاڵاکانی لە زەویەکدا دادەکوتێت کە ئەمە دواتر پرسیارو کێشەی ڕاسیزم لە نێوان ڕۆژئاواو دانیشتوانە ڕەسەنەکاندا دەتەقێنێتەوە.

بەڵام ڕاسیزمی عەرەبی دەرەنجامی قۆناغی دوای سەرهەڵدانی شارستانیەتێک و خود کەشفکردنی نییە لە بەرامبەر ئەوانی تردا، هەڵبژاردنێکی ناچاری ساتی بنیاتنانی پرۆژەی ڕۆشنبیری عەرەبی و دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی نییە، بەڵکو لەدایکبوونی ئەم چەمکە هاوکاتی پرۆژەی عەرەبییە کە هێشتا پرۆژەیەکی خوداییە، واتا هێشتا وێنە خەیاڵیەکانی لە دەق <واتە لە قورئان>دایە، کاتێک خودا گەلێک لە گەلان دەکاتە سەردەستەی ئەوانی دی. بێگومان ئەم بیرۆکەیەش بۆئەوەی ببێتە چەمک و گووتاری گشت، پێویستی بەهیچ بنەمایەکی مەعریفی و تیۆری نییە، بەڵکو لەسەر دوو کۆڵەکەی ئەخلاقی ڕادەگرێت، ئەویش گۆڕینی دەقە تەنها لە قسەی سەروادارەوە وەکو قورەیشیەکان دەیانووت؛ بۆ کیانێکی پیرۆز، وە دووهەم خولقاندنی ئیمانە بەرامبەر دەق و ناواخنەکانی، بەم شێوەیە کاتێک دەق دەگۆڕێت بۆ قورئانی پیرۆز و دەبێتە «ووتەی خودا» وە دەبێتە خولقێنەری ئیمانێکی دەستەجەمعی خودایی ئیدی لەوێوە پرۆژەی عەرەبی ئیسلامی بەهەموو وەهم و گرێ نەستیەکانییەوە چرکەی پێکهاتنی خۆی ڕادەگەیەنێت و تائێستاش بەردەوامدەبێت، دەکرێت فتوحات و چوونەدەرەوەی عەرەب لە جەزیرە بە هەنگاوی سەرەکی پێکهێنانی ئەو پرۆژەیە دابنێین کە نەیتوانی لە جەزیرەدا قۆناغی فۆرمەلەبوونی دەوڵەتی عەرەبی تەواوبکات. بەڵکو کاریگەری دەق و ئیمان ئەوەندەبوو کە جوڵەو پێکهاتەکانی خێڵە عەرەبیەکانی لە سوپایەکی هەڵگردا بۆ ئاڵای خودا

ڕێکخست کە لە چوونەدەرەوەیدا بەر دەوڵەت و شارستانێتانەکانی وەکو ئێرانی و بێزەنتی کەوت، کە سەرباری هەرەس و لاوازبوونیشیان لە ڕووی سیستەمی دەسەڵاتی ئیدارییەوە هێشتا لە شێوازی عەرەبی ئیسلامی قۆناغی پێکهاتن بەهێزتربوون کە هێشتا قۆناغی بە ناوەندبوونی تەواونەکردبوو، بەڵکو لە نێوان دەسـتـەڵاتی ئەو ئەمـارەتانەدا کـە نوێنەری بەرژەوەندی خـێڵ و تـایەفـەکـان بوون دابەشبووبوو، لە ڕاستیدا ئەوان هەڵگری ڕاستەقینەی پرۆژەی عەرەبی بوون، وە هەر ئەمەشە کە تێرۆرو توندوتیـژی سـەرەتاییـانەی خـێڵی بە شـێـوەیەکی ترسـناک تێکەڵی ئەو پرۆژەیە کردووە، کـە لەلایەکەوە جەنگەکانی تا ئاستی ئەفسانە ترسناک بوون، لەلایەکی دیشەوە نەیهێشتووە دەوڵەتی عەرەبی لە پرۆژەیەکی سنورداردا سەقامگیربێت، بەڵکو وایکردووە هەمیشە هەڵگرانی ئەو پرۆژەیەیە شـەرعیـەتی لە ناودانی ئەوانی دی و بەخـودایکردنی دنیایان داوەتەخۆیان، واتە ڕاسیزمی عەرەبی لە ئەنجـامی بەریـەککەوتن و کـەشـفـکردنی ئەوانـی دیەوە پرسـیـار لە مـاهیـەتی خـۆی نـاکـات، بەڵکو شـەڕانگێـزتردەبێ و دەچێـتـە پلەی شـۆڤـێنزمـەوە، چونکە زیاتر خـۆی بە تێـڕوانینی سـەلەفـیـانەو سـەرچاوەکـانی ئیلهـامـەوە دەبەسـتـێـتـەوەو بنەمـای خـۆی لەناو ئەم پێکهـاتـە سـەرەتاییـانەدا بەهێـزتردەکـات، چونکە هێـشـتـا دنیـا لەبەردەم ئەمـدا ئەو دەروازە داخـراوانـەیە کـە دەبێت «فـەتح» بیـانکاتەوە، وە ئەمـەش لە خـۆیدا ئەرکێکی خـوداییـە، بۆ پرۆژەی ڕۆشنبـیری عـەرەبی، خـۆی لە ناو پرۆژەی بەخودایی کردنی دنیادا دەبینێتەوە کە پرۆژەیەکە ڕۆحێکی جیهادی دەخـوازێت و تیایدا دین و جەنگ دەبنە هەڵگری یەک ستراتیژ.

ڕۆژئاواکاتێک دەچێتەدەرەوە و توندوتیژیی بەکاردەهێنێت، لەهەمـان کـاتدا لە ناوخـۆیدا ئەو دەنگە دژانەش بەرهەمدەهێنێت کە جەنگەکان و شێوازی بەزۆر سەپاندنی ئەو شارستانیەتە دادگاییدەکات. ئاستەکانی چوونە دەرەوە زیاد لە ئاڕاستەیەک وەردەگرن و دەنگەکان زیاتر لە پەیامێک ڕادەگەیەنن. بانگەشەیەکی ئینسانی سـەرهـەڵئەدا کە داوای ڕێزگرتن و خوێندنەوەی قوڵی کەلتوری گەلان و مێژوو و ڕێورەسـمی ژیان و بیـروباوەڕ و بەهاڕۆحیـەکانیـان دەکات، مـەسیـحیـەت وەکو دین بـە بەهـانەی بانگەشـەی ئاشتی و خۆشەویستی و لێبوردن و یەکسـانی و برایەتی نێوان مرۆڤ پرۆژەی تەبشـیری خۆی لە جەنگی ڕۆژئـاوا جیادەکاتەوە، لـە پاڵ بەرزبوونەوەی دەنگێکی شـۆڕشگێڕانـەتردا کە ئیدانەی سـەرجـەم سیستـەمی کۆلۆنیالیزمـی ڕۆژئاوا دەکات و دروشـمی لە نێودانی ڕوتاندنەوەی گـەلان و لەناوبردنی کۆیلایەتی بەرزدەکاتەوە.

بەڵام پرۆژەی عـەرەبی بـە تەنهـا لە یەک دەنگ و لە یەک پەیامـەوە دەچێـتـەدەرێ و ئەویش ئـەرکی «توحید» یەکخسـتنی دنیایە لـە ڕێگەی جەنگەوە کە هۆکـارێکی شـەرعی و پیـرۆز دەگرێتـە ئەسـتـۆ، سـتـراتیـژی ئەم پرۆژەیە کـە گـەیاندنی دین و پەیامـی خـودایـە، هەر لە هـەناوی خـۆیدا هەمـوو ڕەهەندەکـانی پێکهـێنانی دەوڵـەتی عـەرەبی ئیـسـلامی دەبینێـتـەوە، پرۆژەی تەوحیـد بەخـودایکردنی

دنیـایە لەڕێـی بەخـودایکردنی ئینسـانـەوە واتە گـۆڕینی بۆ بـوونەوەرێک کـە خـودا ئامـادەبوونێکی هەمیشـەیی لە ڕۆح و جەسـتـەو هەسـتـەکانیدا هەیە، لێرەدا مـرۆڤ دەبێتـە بوونەوەرێک بۆ پەرسـتنی خـوداو دوایی ملکەچبوون بۆ پەیامـەکەی ئەمـەش واتە بوون بە جـەنگاوەرێکی جیهادی کە خـەبات بۆ کـۆکـردنەوەی ئینسـانیـەت و یەکـخـسـتنی دنیـا دەکـات لەسـەر بنچـینەی عـەدلی خـودایی و لەژێر دەسـتـەڵاتی یەک ئوممـەدا کـە پڕۆژەکـەی و ئیـرادەی بۆ گـۆڕینی دنیـا لـە سـەرچاوەی هێـزی ڕەهای خودایی و ویستی ئەوەوە وەرگرتووە.

بەهانەی یەکسـانبوونەوەی هەموو مـرۆڤایەتی لە ژێر سـایەی یەک ئوممەدا، شوناس و کەلتورەکانی دی دەشـارێتەوە، لە ڕاسـتیشـدا ئەگەرچی چەمکی ئوممە لە ئیسـلامـدا چەمکێکی ئینتـەرناسیونالە و خـەونی یەکـخسـتنی دنیـای هەیە، بەڵام لە هەمـانکاتـدا خـەونی پڕۆژەی عـەرەبییـە بۆ بەنـاوەندبوونی دەستـەڵات و تواندنەوەی شـوناسـەکانـی دی لەو پڕۆژەیەدا، بۆیە بەلای ناسیـۆنالیزمی عـەرەبەوە تا ئەم کاتە پێکهاتـەیـەک هەیە بەناوی ئوممـەی ئیسـلامی و خـوداییـەوە کـە عـەرەب هەڵگری پەیام و ناوەندی دەسـتـەڵاتیـەتی کـەوەکو دەسـتـەی هەڵبـژێردراو لـەلای خوداوە دەسـتـەڵاتی ئەو بەرجەسـتـەدەکـەن. کاتێک کە ئەڵقەی داکشانی دەستەڵات لە دەستـەڵاتی ڕەهای خـوداوە تەرمیزدەکرێت بۆ دەستەڵاتی پێغـەمبەر و دواتر خـەلیفەکان کە لەلایەکەوە ئـەوان نوێنەری پیرۆزی خـودان لەسـەر زەوی، لەلایەکی دیشـەوە لە نێـوانیـاندا پەیمـانێکی خـۆنزیککردنەوە لە مـەلەکوتی خـودا هەیە، لێـرەوەیە دەسـتـەڵاتی خـەلیـفـەو کردەوەکانی تا ئاستی خودایی پیرۆزە، خـەلیفەکانیش یەک ڕەگەزی بنەماڵەییان هەیە کە لەدواجاردا شـەجـەرەکـەی بە پێـغـەمبـەر کـۆتاییـدێت، ئیـدی بە ڕوخـانی دەوڵەتی عـەباسی و سـەندنەوەی ناوەندی دەستەڵات لە عەرەب، شکۆمەندی و باڵادەستی پڕۆژەی ئوممەی عەرەبی ئیسلامی کۆتاییپێدێت، بەلای ناسـیـۆنـالیـزمـی عـەرەبەوە پـڕۆژەی ئوممەو پەیامی خـودا کـۆتاییـپـێـدێت، چونکە ئاڵاهەڵگرانـی پەیام دەکـەوێتـە دەسـتی ئەو شـوناسـانـەی ترەوە کـە لە پڕۆژەی ئوممەدا نەناسـراوون یان خـۆیان بـابەتی تواندنـەوەبوون لە بەخـودایکردنی دنیـادا، چونکە کـاتێک عـەرەب فـەتحـدەکـات، ئەوە بۆ ناسـینی شـوناسـەکانی دی ناکات، بەڵکو بۆ زەوتکردنی ئەو شوناسـانە دەیکات کە هەڵبەت لە دیدی تێڕوانینە دینیـەکـەوە زەوتکردن نییـە، بەڵکو یـەکسـانکردنیـانە لـەناو ئوممـەدا. لەدوای ئەو ڕوخـان و تێکشکانی دەسـەڵاتەوە ناسـیـۆنالیـزمـێک سـەرهەڵـئـەدات کـە وەهمـەکـانی سـەلەفی جـێناهێـڵـێت و لـەهەر ساتەوەختێکدا چمکێکی دەسەڵاتی بەردەستبکەوێت هەمـوو یادەوەرییە مێژووییەکانی زیندودەکاتەوەو وە قۆناغی دەسـەڵاتی بەبێ جەنگ تێناپەڕێت؛ بۆ نمونە لە قۆناغێکدا کە ناسریەت لە میسر دەسەڵات دەگرێتەدەست و ناسیۆنالیزمـەکان لە عێراق و سوریا لێینزیکدەبنەوە ئیتر عـەرەب زیاد لە جارێک دکەوێتـە جەنگەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا (١٩٦٧، ١٩٧٣)، ئەم ناسیۆنالیزمە هەمیشە جەنگەکانی خۆی لە فەتح و پڕۆژەی تەواونەکراوی ئیسلامەوە نزیکدەکاتەوە، شـەڕی دژ بە ئیران بە قادسیەو شـەڕی دژ

بە کورد بە ئەنفال ناودەنێت کە هەردووکیان ژیاندنەوەی دوو ساتەوەختی پیرۆزی قۆناغی فتوحاتن. فتوحات جەوهەرە تەواونەبووەکەی پرۆژەی عەرەبییە کە هێشتا لەبەردەم بەربەستی دوژمنە ڕێگەگرەکانیدا وەستاوە، پرۆژەیەک کە بەردەوام پێوویستی بە شەڕەو دەخوازێت جەنگ وەکو هۆکارێک بۆ گۆڕینی دونیا بەهێز و بوونیاتنانەوەی لەسەر بنچینەی بەها دینی و ئەخلاقییەکان بەکاربهێنێت کە ئەویش بەهای پیرۆزی سالارێتی عەرەبە کە خۆیان هەڵگری پەیامن و دەیانەوێت بەجیهانیشی بکەن، ئەو دیالێکتیکەی لە نێوان ئینسان و دنیادایە، حەتمیەتی گۆڕینە، ئەم گۆڕینەش لای عەرەب لە پەیامی موحەمەدی و پەیامبەرێتی ئەوەوە دێت، وە حەقیقەتی موحەمەدی ئەو پەیوەندییە جەبریەی نێوان خواو ئینسان لە ئەمرێکی ڕەتنەکراوەوە دێنێت کە ئەو مژدەهێنی حەقیقەتە بۆ نەوەکەی خۆی، مژدەی هەڵبژاردنی لەلای خواوە بۆ گۆڕینی دنیا، ئەم گووڤتارەش ئەگەرچی ناوەڕۆکی پرۆژەی ڕۆشنبیری عەرەبی دادەڕێژێت، بەڵام لەهەمانکاتدا تووشی وەهم و نەبینینی سنورەکانی خۆی دەکات، کاتێک دەبێتە ئوممەیەکی موجاهید، دەبێتە سوپای خوا، بەردەوام دەمارگیرێتی دەستەجەمعی بەرەو جەنگ پاڵپێوەدەنێت، فەتح و جیهاد دەبێتە دیاردەیەکی لکاو پێوەی بۆ بەدیهێنانی کردەی ڕماندن و لەناودانی سەرتاسەری ئەوی دی، بۆیە جەنگ لای ئەم ناسیۆنالیستە لە قۆناغی هاوچەرخیشدا سەختترین شێوازی ڕماندن لەخۆدەگرێت و لە سنورە شیاوەکانی دەردەچێت، وەکو ئەو هێرشە هەمەلایەن و قورسانەی سوپای عێراقی دەیکردەە سەر ئیران وە دواتر ئەو شەڕە سەرتاسەریەی ئەنفال کە لە دژی کورد بەرپاکرا.

-٤-

ئەمە لەو ڕاستیەمان نزیکدەکاتەوە کە هێشتا ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە چرکەی خستنەڕو و پێکەوەنانی پرۆژەی ڕۆشنبیری خۆیدا دەژی، پرۆژەیەک کە پێکهاتنی خۆی لە جەنگداو دوا سنوورەکانیشی هەر لەوێدا دەبینێتەوە، ئەمەش لە هەمان کاتدا مانای گواستنەوەی ئەو کردەی پێکهێنانەیە بۆ دەرەوەی خۆی. ئەمە بە پێچەوانەی پرۆژەی ڕۆژئاووا کە لەدوای کامڵبوونیەوە دەکەوێتە پەلاماردانی دنیا، کاتێک کە دەوڵەتی ڕۆژئاوا بنەماکانی خۆی بەدەستدێنێ، لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، کە بازاڕی ئازاد فەراهەمدەبێت، کە تاکەکەس و پەیمانی ئیرادەگەریانەی نێوان تاکەکەسان لەدایکدەبێت، کە کردەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان تەواودەبێت. بەڵام پرۆژەی عەرەبی لە ناوەوەی خۆیدا زەمینەیەکی مەعریفی بۆ ئەو چەمکانەی نەخولقاند. بۆیە دەوڵەتی عەرەبی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەمانا هاوچەرخەکەی بونیان نییە. بەڵکو ژیاندنەوە لە وەهمی مێژوودا دەوڵەتی جەنگ و فتوحاتی خولقاندووە کە لە شێوازە نوێکەیدا لە شێوە

دەوڵەتی تۆتالیتارو فاشی نزیکدەبێتەوە. هەڵبەت ئەمەی دواییان قۆناغێکی ناسروشتی بوو لە پرۆژەی ڕۆژئاوادا.

بەلای «د. هشام جعیط»وە دوڵەتی ئیسلامی بەسێ قۆناغ پێکهاتووە: «یەکەم: ساتەوەختی کۆچ «هجرة»، کە تیایدا دەسەڵاتی پێغەمبەر دەرکەوت. دووەم: لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا، واتە دوای گەمارۆی مەدینەو شەڕی خەندەق، کاتێک ئەم دەسەڵاتە ووردەووردە خەسڵەتە گرنگەکانی دەوڵەتی بەدەستهێناو هەموو دورگەی عەرەبی گرتەوە. قۆناغی سێهەم: لە دوای مردنی پێغەمبەرەوە دەستپێدەکات، لەگەڵ دەسەڵاتی ئەبوبەکردا کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی نیشانیدا کە توانای سەرکوتکردنی هەموو لادانێکی هەیە بە ڕێگای هێز».(٨)

ئەگەر سیفەتی ئیسلامی لەو دەوڵەتە بکەینەوە کە د. هشام جعیط باسیدەکات وە دوورتر ناوی بنێین دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی یاخود کۆکردنەوەی عەرەب لە ژێر سایەی یەک دەسەڵاتدا ئەوا ئەوەی گرنگە لەم پێکهاتنەدا توخمی شەڕە، واتە ئەم دەسەڵاتە لە هەر قۆناغێکدا لە ستراتیژی شەڕو خۆڕێکخستن لە شێوەی سوپادا بەدەرنەبووە، قۆناغی هیجرەی پێغەمبەر خۆی قۆناغێکی تاکتیکی پاشەکشەیە لە جەنگ، ئەمە لە کاتێکدا کە پەیامی موحەمەدی کارلێکەری تەواوی بەسەر هەموو خەڵکی جزیرەوە نییە و لە ئاستێکی لاوازدایە، بەڵام ناکۆکیەکانی نێوان خێڵەکان بەکاردەهێنێ بۆ بەهێزکردن و بنیاتنانی دەسەڵاتێکی تر لە بەرامبەر دەسەڵاتی خێڵدا کە دەسەڵاتێکە هێشتا موحەمەد تیایدا نەبۆتە کاریزمە، بەڵکو سەروەری و هێزی کاریزمەیی هێشتا لە نادیاردایە واتە هەر ئیرادەی خوداییە.

پەیامی موحەمەدی تەقلای گۆڕینی ئینتمای عەرەب ئەدا لە پەیوەستبوون بە خێڵی سەرەتاوە بۆ پەیوەستی بە خێڵێکی ئەخلاقی کەلتوریەوە کە یەکەیەکەی دەمارگیری نوێیە، تاکەکانی ناوی پەیوەندییەکی ڕۆحی نادیارە« واتە دین» پێکەوە گرێیانئەداو هەستی سۆزئامێز بە خێزان و عەشیرەوە دەگۆڕێت بۆ هەستی بەخودایکردنی ئینسان، لێرەوە پێغەمبەر کۆچکەرو ئەنسارەکان تێکەڵدەکاو دەیانکاتە براو هاوبەش. ئەمە قۆناغێکی گرنگی بەسیاسیکردنی ئینتمای خێڵە بۆ ملکەچبوونی بۆ خواو پرۆژەکەی لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە، وە لەم قۆناغەدا سوپای ڕێکخراو پێکدێت بۆ ملکەچپێکردنی سەرجەم خێڵەکان و تواندنەوەیان لەو پرۆژە خوداییەدا.

قۆناغی دووەم زیاتر ئاشکراکردن و چەسپاندنی پرۆژەی پەیام و بەرجەستەکردنی دەسەڵاتە لە کاریزمەدا، واتە دەسەڵات تەنها لە نادیارو ئاسماندا نامێنێتەوە بەڵکو لەسەر زەوی بە سیمبۆلدەکرێت و نوێنەری دنیایی خۆیدەبێت کە موحەمەدە. بنچینەکانی ئەم دەسەڵاتە گواستنەوەکانی سەروەری ڕەهایی خودایە بۆ کاریزمای پێغەمبەرو پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی هاوکارو خاوەن ڕێوڕەسمی یەکگرتووە.

ئەم ڕێکخستنە هەرەمییەی دەستەڵات خۆی لە سێ توخمدا ڕادەگرێت، ئەوانیش شەریعەت کە حوکمەکانی خۆی لە دەقی قورئانەوە وەردەگرێت، کە جەوهەر یاخود ڕاستتر ڕۆحی باڵای دەوڵەتی عەرەبی دیاریکرد. دووەم کاریزمای پێغەمبەر کە ڕەمزی دەستەڵاتی خواو شەریعەتە، وە لێرەوە قسەو فەرموودەکانی ئەو حوکمی یاساو شەریعەتیان دەبێت، وە پێغەمبەر وەکو تەفسیرکەری یەکەمی دەق زیاتر موتڵەقیەت بەرژێمی حوکم و سەرچاوە پیرۆزەکەی ئەدات و وەکو پرۆژەیەکی قەدەری فەرمانی گەیاندنی پەیام لە ڕێگای هێزەوە ڕادەگەیەنێت. سێهەم شورا، کەئەمە زیاتر ڕەنگدانەوەی پەیمانێکی ڕەمزی خێڵەکانە لەگەڵ دەسەڵاتدا، هەرچەندە ئەڵقەیەکی لاوازە لە دەسەڵات و کارلێکەریەکی ڕۆحی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی خێڵ بونیادی سوپای ڕێکخراوی عەرەبی ئیسلامییە بۆیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا بەتایبەتی لە پێکهاتە جەنگییەکەیدا پلەو ئیمتیازاتێکی دنیایی بە ڕەمزەکانی خێڵ درا، ئەمە بێگومان لەپاڵ وابەستەبوونیان بە دەستەڵاتی کاریزماوە. بوونی خێڵ و پاڵپشتی بۆ قۆناغی پێکهێنانی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی زۆر گرنگە چونکە قۆناغی پەلهاویشتن و چوونە دەرەوەیە کە پرۆژەی عەرەبی بە هۆیەوە فراوانخوازیەتیی خۆی ئاشکرادەکات، بەرەو دەرەوەی جەزیرەو پەلەکردنی لە بە دنیایکردنی ئەم شێوە دەستەڵاتەدا زیاتر پەیوەندی شەڕو پێکدادان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا دەیبەستێتەوە، لێرەوە کردەی پەلهاویشتن پرۆژەی عەرەبی دەخاتە قۆناغی فاشیزمەوە کە تیایدا دەوڵەت زۆرترین هێزی سوپای دەخوازێت بۆ فراوانکردنی سنورەکانی تا کردەی پێکهێنان و تەواوکردنی پرۆژەکەی لەدەرەوە ئەنجامبدات، کە ئیدی تەنها بە باوەڕ بە هێزی کاریزما و پرۆژەی خودایی ئەو سوپا گەورەیەی جەنگ ڕێکناخرێت ئەگەر پەیمانێکی نهێنی لەگەڵ خێڵدا نەبەسترێت، لە دەرەنجامدا دەوڵەتی ئیسلامی لە بەخودایکردنی دنیا لەسەر بنچینەی دادپەیوەری و ئاشتی گشتەوە دەگۆڕێت بۆ پرۆژەیەکی فاشی ‹ئەگەرچی فاشیزم چەندین سەدە دوای ئیسلام سەریهەڵداوە› وە ناچاری ملکەچبوون بۆ خواست و شێوەزاکانی دەمارگیری خێڵ دەبێت لەگەیاندنی پەیامەکەیدا کەچیتر پەیامێکی ئایدیالی نییە بەقەد ئەوەی کەدەبێت لە واقیعدا پێگەکانی خۆی بدۆزێتەوە. کاتێک کە خێڵەکان واز لە دەستەڵاتی زەمەنی خۆیان دێنن بۆ دەستەڵاتی خودایی کە لە کاریزمای پێغەمبەرو دواتر خەلیفەکاندا تەرمیزدەکرێت، ئەوە تەنها ملکەچبوونێکی ڕەمزییە بۆ نادیار، وە دەرەنجامی پەیمانێکی نهێنییە لە بەرامبەر پاراستن و زیادکردنی بەرژەوەندییە مادییەکانی خێڵدا.

ئەگەر سەرنجبدەین مێژووی جێگۆڕکێکردنی دەستەڵات لە سەرەتای ئیسلامدا، ئەوا دەبینین کە پیرۆزی و پەرستن لە دوای مەرگی موحەمەدەوە کۆتایی پێدێت، چیتر خەلیفە هەمان قودسیەتی خودایی پێغەمبەری نابێت، بەڵکو خەلیفە دەبێتەوە بە ڕەمزێک لە ڕەمزەکانی خێڵ، سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی ڕەمزییە بۆ نادیار، وە دەرەنجامی پەیمانێکی نهێنییە لە بەرامبەر پاراستن و زیادکردنی بەرژەوەندییە مادییەکانی خێڵدا.

ئەگەر سەرنجبدەین مێژووی جێگۆڕکێکردنی دەستەڵات لە سەرەتای ئیسلامدا، ئەوا دەبینین کە پیرۆزی و پەرستن لە دوای مەرگی موحەمەدەوە کۆتایی پێدێت، چیتر خەلیفە هەمان قودسیەتی خودایی پێغەمبەری نابێت، بەڵکو خەلیفە دەبێتەوە بە ڕەمزێک لە ڕەمزەکانی خێڵ، سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی خوارج و هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلامدا، وە کێشەو شەڕی نێوان خێڵەکان، ناکۆکی خەلیفەکان لەسەر گواستنەوەی دەستەڵات و کوشتنیان لەسەر بەرماڵی نوێژ، بەڵگەن کە خێڵ وازی لە ڕەمزە دەستەڵاتیەکانی خۆی نەهێناوە و هەردەم داوای شوێنی خۆی لەو سیستەمەدا دەکات. ئەمەش لە قۆناغێکدایە کە پرۆژەی عەرەبی فەتح دەستپێدەکات، لێرەوە ئەنفال دەکاتە دروشم و غەنیمە دەکاتە ئیمتیازی خێڵ، کە گەڕانەوەیە بۆ ترسناکترین شێوەی شەڕو پەلاماردانی سەرەتاییانە کە لەڕاستیدا لێرەوە پرۆژەی عەرەبی لەگەیاندنی ئاستە ئەخلاقییەکانی پەیامیش پاشگەزدەبێتەوەو دەبێتە پەلهاویشتنی ئەو خێڵە ڕێکخراوانە لە سوپای عەرەبی ئیسلامیدا کە دواتر دەوڵەتێکی عەرەبی قەبیلەیی لەسەر بنچینەی غەنیمەو دەستکەوتە فراوانخوازیەکانی خێڵ دروستدەکەن کە ئەمەش ئاکارێکی فاشیانە بۆ خێڵ بەرەڵادەکات لە بەدەستهێنانی زۆرترین دەسکەوتدا، بەڵام کاتێ پرۆژەی بەخودایکردنی دنیا شکستدێنێت، ئەم شکستە دوایی دەبێتەوە بەو ئیلهامە ڕۆحیەی کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بونیادی فیکری خۆی لەسەر هەڵدەچنێتەوە، بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمە هەرچەندە ڕاگیربوونی دەوڵەتی هاوچەرخانەی خۆی لەناو ڕۆحی نەتەوەو لە دەرەوەی دەوڵەتی خێڵدا دەبینێتەوە بەڵام لە ڕاستیدا سروشتی خۆی لەهەمان چەمکە سەلەفیەکان وەردەگرێ و لەهەمان پرۆژەدا خەوندەبینێت، بێگومان ئەمە بەپاڵپشتی کەلەپورێک لە فیکری ناعەقلانی هاوچەرخ.

—٥—

دیارترین نمونەی فاشیانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەوڵەتی ئیستای عێراقە کە زیاتر لە سی ساڵە ترسناکترین ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی فاشی حوکمیدەکات لە ژێر سایەی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست. لەم باسەدا بوارنییە لەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆو نهێنیانە بدوێین کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەعس و فیکری نازی و فاشی پێکەوەدەبەستێتەوە و چۆن هاوکات لەگەڵ گەشەی ئەواندا حیزبێکی نەتەوەیی فاشی بەناوی بەعسەوە دروستدەبێت. بەڵام دەوڵەتی عێراق کەبەرجەستەکەری دەستەڵاتی فاشیزمی عەرەبی نوێیە لەسەر بنەما مێژوویەکانی جەنگ و فتوحات،لە تازەترین پێکهاتەی عەسکەری نوێدا، کە توانای گۆڕینی هێزی بەشەری هەیە بۆ دەستگایەکی عەسکەری پەرەسەندوو تۆقێنەر، کە توانای کۆنترۆڵکردنی هەموو وڵات و پەلهاویشتنیشی هەیە بۆ دەرەوە، ئەو

سیفاتەی کە دەوڵەتی عێراق لەگەڵ فاشیزمدا یەکدەخاتەوە توندوتیژی و خولقاندنی ترس و نەفیکردنەوەی عەقڵ و گەڕانەوە بۆ فەناتیزمی خێڵ و دەستەو سەروەری نوخبەو گەڕانەوە، بۆ پیرۆزی و پەرستنی کاریزمایە وەکو ڕۆحی بەرجەستەکراوی گشت، لێرەدا ڕۆحی نەتەوەو کاریزما پێکەوە بەدوای مانایەکی شیاودا ئەگەڕێن بۆ هەموو جوڵەیکی دەوڵەتی جەنگ، کاریزما بە گێڕانەوەی خۆی بۆ ناو مێژوو کارێکدەکات دەستەلات و خەونی خۆی لە یادوەری ئەومێژووە وە هەڵبهێنجێت و لە ڕێگای هەقی پاڵنان بەنەتەوەوە بەرەوە جەنگ شەرعیەت بەخۆی ئەدات، ئەو وابەستەبوونەیە بەسەرەتای مێژووەوە وا لە سەدام حسێن دەکات ڕەگەزی خۆی بگەڕێنێتەوە سەر موحەمەدو لە مانا خوداییەکەوە سەروەری بۆ دەسەلات بگەڕێنێتەوە، وە پرۆژەی تەواونەکراوی عەرەبی وە بیر نەوە نوێکان دەخاتەوە، ئەم دەستەلاتەش لەپاڵ چەسپاندنی زەبرو هێزی یاسایی و سەپێنەری دەوڵەتدا لەڕێی زەبرە ئایدیالیەکانیەوە، لەڕێی بیروباوەڕو ڕەمزو ماناو ڕەهەندە دینییەکانی سەروەرییەوە کە سەرچاوەکەی زەبرێکی خودایی و ئاسمانییە نەک دنیایی، خۆی بە نەتەوەوە گرێدەداتەوەو ئەم نمونەی دەستەلاتە دەکات بە قەدەری نەتەوە.

نزیکبوونەوەی سەدام لە موحەمەد تەنها مانای پیرۆزکردنی دەستەلات و بەزەبرکردنێتی لە نادیارەوە «خودا» بەسەر تاک و کۆی نەتەوەدا، ئەو جگە لەزەبری خودایی هیچ دەستدرێژییەک بە ناوی خودایەوە ناکاتە سەر ئیرادەو سەربەستی تاکەکەس، بەڵکو ئەو مێژوویەک دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردن، واتە دەیگێڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەرەتای پەیام کاتێک دنیا لە نێوان کافرو باوەڕهێندا دابەشدەکرا، ئەرکی باوەڕهێنیش خەباتە بۆ لادانی کافر و ئەو کۆسپانەی کە گەیاندنی پەیام دوادەخەن، لێرەوە کاتێک سەدام ئەنفال دەکاتەوە بە پێناسەی جەنگێکی خۆی لە ڕاستیدا چرکەساتی زیندووکردنەوەی کاریزمەو پرۆژەی وازلێهێنراوی عەرەبی دەخاتەوە بەردەمی تاکە کەسی عەرەبی، ئەو ئیدی لەگەشترین ساتەکانی بەرزمنی خۆیدا دەژی، بەتەواوی لە قولایی وەهمی مێژوودا ووندەبێت و تاکەکەسانیش لەودیو هەستی کاریزمەیی ئەودا بەرجەستەدەبن، یان ڕاستر ئەو دەبێتە هەڵگری ئەودیو هەستی گشت، سەدام لە ساتێکدا بەو شێوە شەڕانگێزییەو ڕۆحە فتوحاتییەوە خۆی نیشانی دنیا ئەدات کە خۆی نادوێ، بەڵکو ساتێک لە مێژووی خۆی دەهێنێتە دوان، ساتەوەختێک ئەو خۆی بە سەرکەوتووی هەموو جەنگەکان ئەزانێت «جەنگی عێراق ـ ئێران و جەنگی کورد» کە پانتاییەکانی لەبەردەمدا دەکاتەوە، بەتایبەتی دەروازە داخراوەکانی فەتح چاوەڕوانی شمشێرە پیرۆزەکەی ئەو دەبن لێکیانبترازێنێ، لێرەوە جەنگەکانی ئەو بەرامبەر دەرەوە نابێتە دوژمنکاری بەقەد ئەوەندەی کە بەرجەستەکردنی پاڵەوانیەتێکە کە لە ساتێکی مێژووییدا ڕێپیلێگیراوە، بۆئەوەی پرۆژەی عەرەبیش زەمەنی بەردەوامبوونی خۆی بەدەستبێنێتەوە دەبێت دوژمنە قەدەریەکان لە ڕێگەدانەمێنن. ئەگینا بەپێی پێودانگی جەنگ ئاشکرایە کە سوپای عێراق پێویستی

بەو هەموو فەیلەق و قەبارە گەورەیەی چەکی کۆکوژ نەبوو، تەنها بۆ سزادانی جوڵانەوەیەکی لاوازی کوردی کە تائەوکاتەش هەر لە ئاستی مەفرەزەی بچوکدا شەڕی بەرەنگاری دەکرد، بەڵام لێکدانەوەی ئەم ڕەفتارە فاشیانەیە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەگاتە ئاستێک لە وەهم کە مێژوو بەهەموو ڕەهەندیەکانییەوە دەهێنێتەوە ناو چرکەی ئێستای دنیاو لە وەهمی داگیرکردنەوەی دنیادا دەژی، کاتێکیش کە شوناسەکانی دی لەبەردەم پرۆژەی فراوانخوازی عەرەبدا کەشفدەبن و شکستی پێدەهێنن یان ڕایدەگرن، واتە ئەم ناسیۆنالیزمە کاتێک لە بەدنیایکردنی پرۆژە ڕاگیرکراوەکەیدا هەناسەئەداتەوە خودو وێناکردنی شوناسەکانی دی لەبەرامبەریدا مانای ملکەچنەبوونیان بۆ پەیام دەگەیەنێت کە تەنیا شوناسێک قبوڵدەکات، ئیدی دەبێ بەردەوام سیفەتی جەنگ و گێڕانەوەی شێوازە سەرەتاییە پیرۆزکراوەکەی بەخۆیبداتەوە.

گەیشتنی نەتەوەیەک بە فاشیزم واتە خودنمایشتکردنی شەڕانگێزیانە، واتە گەیشتن بە بنبەستی مێژوو و خودکوژی، ئەمەش دەرەنجامی شکستی دروستبوونی پێکهاتەی نەتەوەییە لەسەر بنەما سروشتی و عەقلانیەکان وە توشی شۆک هاتنە لە قۆناغەکانی پێکهاتنیدا کە ڕۆحێکی تۆڵەخوازی دژی بەرامبەرەکانی گەشەپێدەدات. ئەگەر سەرنجێ لە سەرهەڵدانی نازی و فاشیزم بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەگێکی فاشیانە لەلای ناسیۆنالیستی عەرەبی خۆی حەشارداوە کە دواتر نوخبەیەک سەردەخات بۆ فۆرمەلەکردنی بیروباوەڕەکانی خۆی لە جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی سەرسەخت و شەڕانگێزدا.

بۆرژوای ئەڵمانی شکستی هێنا لە بەدیهێنانی یەکخستنی ئەڵمانیاو پێکهێنانی ئوممەی ئەڵمانی و بەدەستهێنانی دەستەڵاتی دیموکراسی ودەستوری وەک ئەوەی کە لە وڵاتانی تری وەکو فەرەنساو ئینگلتەرە ڕوویدا، بەتایبەتیش پاش داگیرکردنی ئەڵمانیا لەلایەن سوپای ناپلیۆنەوە لە ئۆکتۆبەری‹١٨٠٦›دا کە لە ماوەی شەش ڕۆژدا پروسیا بوونی نەما وەکو وڵات، هەروەها شکستی شۆڕشی جوتیارانیش لە ئەڵمانیاو زیانە مادییە بێشومارەکانی وایکرد کە ئەڵمانیا نەتوانێت بە شۆڕشی پیشەسازی بگاتەوە. بۆرژوازی ئەڵمانی لە ئەنجامی شکستی لە بەدیهێنانی دەوڵەتی یەکگرتوو سەربەخۆو شۆڕشی لیبرالی تووشی هەستکردن بەبێ توانایی بوو، بۆیە زیاتر خۆی بە بیرۆکەی شۆڕشی بۆرژوازی جیهانییەوە دەبەستەوە کە ئەمەش لە چەمکی بە جیهانی بوونی نزیک دەخستەوە، لەلایەکی ترەوە ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمێکی فەرهەنگی خۆشکرد کە دواتر بووە بنەمای ناسیۆنالیزمی سیاسی و ئەرکی ڕزگارکردنی ئەڵمانیای لە ژێر دەستی بۆناپارت گرتە ئەستۆ. ڕۆشنفیکرو فەیلەسوفانی ئەڵمانیا شکستی چینەکەی خۆیان لە واقیعدا گۆڕی بۆ داهێنانی مەزن لە بواری فیکرو ڕۆشنبیریدا، ئەمەش شانازییەکی لەلایەن ناسیۆنالیستی ڕۆشنبیر خوڵقاند کە بانگەشەی سەرهەڵدانی نەتەوەی عەقڵی دەکرد، لێرەوە چەمکی جیهانگەرایی پانتاییەکی کراوەبوو

کە کەلتوری دنیا بەبێجیاوازی لەباوەشبگرێت و لەسەرەوەی چەمکی ناسیۆنالیستی بەرتەسکی دانێت. سەبارەت بە ئیتالیاش دەتوانین بڵێین کە پرۆسەی یەکگرتن و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی سست و هاوشێوەی ئەڵمانیا بوو، ناسیۆنالیزمی فاشش بە ئاشکرا لەناو ئەو دەستانەدا سەریهەڵدا کە هەستیاندەکرد پێشێلکراون.

لێرەدا دەبێت بڵێین کە چەمکی ناسیونالیزمی فەرهەنگی و جیهانگەرا وەکو پانتاییەکی کەلتوری و کراوەو وەکو بانگەشەیەکی عەقڵانی، لە کردەی پراکتیزەکردنی گۆڕینی بۆ ناسیونالیزمی سیاسیدا شێوێنراو بزربوو وە پەیامە عەقڵانیەکەی لەدەستدا، کاتێک ئەم چەمکە لە فەلسەفەوە گۆڕا بۆ ئایدۆلیۆژیای سیاسی و ئەو پەیامە لە دەستی ڕۆشنبیرو فەیلەسوفەکان سەندرایەوەو سیاسیەکان گرتیانەدەست، ئیدی بووە بزوتنەوەیەکی شەڕانگێزو تۆڵەخواز کە تەقەللای جیهانگەرایی بەجەنگ سەپاند. لێرەوە جوڵانەوەی سیاسی نازی و فاشیزم ڕووە عەقڵانیەکەی هیگڵ و نیتشە و فیختەیان خستەلاوەو لەجێی ئەوان گەشەیان بە هەندێ لە بیرۆکە سلبیەکانی ئەوان دا، ئەم ناسیونالیستە بانگەشەی شکستی عەقڵانیەت و ئایدۆلۆجیای لیبرالی و دیموکراسی ڕاگەیاند و ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی ئاسان و سەتحیکردەوە تا گەیاندییە ئاستی تێگەیشتن لە نەتەوە لەسەر سێ بنەما ‹ئەفسانە و وەهم، ناعەقڵانیەت، خەڵکی سادە› ئەویش بۆ ڕاپێچکردنی سەرجەمی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ناو مەیدانی جەنگ، کە تەنها لەوێدا ڕزگاری و بەرزبوونەوەی نەتەوە بەدەستدێ و لە ڕێی پاڵەوانێتیەکانەوە شکستەکانی پێشووی تێدەپەڕێنێت. کاتێک ئەفسانە دەبێتە ئایدیال ـــ نمونەی نەتەوە، وە جەوهەری ئەفسانە ‹وەکو نیتشە پێیوابوو›، دەبێتە هێزێکی ڕاکێشانی مەزن بەرەو سەرکەوتن بەسەر ڕاوەستان وە ڕەتکردنەوەی عەقڵانیەتدا. نیتشە ئەفسانە لە بەرامبەر بە شەڕی مەعریفەدا ڕادەگرێت، تەنیا ئەفسانە جوڵەی دەوڵەت دیاریدەکا، هێزی دەوڵەتیش لە بنچینە ئەفسانەییەکەیدایە کە دەکەوێتە سەرەوەی یاسا نوسراوەکانەوە. لێرەوەیە دەبینین ڕژێمە ڕەگەزپەرست و فاشییەکان بونیادی فکریان و تەنانەت هەڵسوکەوتی ئاهەنگسازیانەی ڕۆژانەیان و بەهانەی شەڕانگێزیان لەسەر ئەفسانە هەڵدەچنن، بەمجۆرە فاشیزم تەنها کەڵکیان لەم چەمکەی نیتشە یان پیرۆزکردنی جەنگ لەلای هیگڵ وەرگرتووەو لایەنە عەقڵانییەکەی فیکری ئەوانیان فەرامۆشکردووە. لێرەوە فاشیزمی ئیتالی وەک ئەوەی بۆ ئاهەنگێک بچێت، جەنگ بۆ مەزنی ڕۆما دەکات، وەکو « فیپیومارینستی» لە مانیفێستی ئایندەیی فاشیزمدا لە ساڵی ‹١٩٠٩›دا دەنووسێ: «ئێمە دەچین بۆ جەنگ، گۆرانی دەڵێین و ئامادەکەین» وە یان «هیچ جوانیەک لە جوانی شەڕو پێکدادان قەشەنگترنییە»(٩)، ئەڵمانیای نازی جەنگی خۆی لەبەرجەستەکردنی ڕەگەزی ئاری وەکو پاکترین و باڵاترین ڕەگەزدا دەبینێ.

فاشیزمی عەرەبیش بنچینەی ئەفسانەیی خۆی لە پرۆژەیەکی غەیبانی جیهانگەراوە کە لەغەیبەوە

بۆی دابەزیوە وە لە کەلتورێکی سەلەفی ناعەقڵانییەوە کە لە «دەق»ەوە چەمکەکانی وەرگرتووە، هەڵهێنجاوە. جەوهەری ئەم ئەفسانەیەش بۆتە مانیفێستی سەرەکی جوڵانەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی هاوچەرخ کە حیزبی بەعس دیارترین نمونەیەتی و هەڵگری لایەنە پراکتیکیەکەشیەتی، ئەو دروشمەش «پەیامی نەمر»، «رسالة خالدة» وە «ئوممەی یەکگرتووە» کە ئەمە لە ساتەوەختی خستنەڕووی پرۆژەی عەرەبیدا دەستپێدەکاو لە قۆناغێکدا شکستدێنێ و دەبێتە جۆرێک لە وەهم و ئەفسانەو ناسیونالیزمی نوێی عەرەب بە چەمکە خوازراوەکانی فاشیزم هەناسەی بەبەردائەکاتەوە، وە «بەعس»یش خۆی مانای خودژیاندنەوە لە مێژوودا بەهەموو ئەزموونە تیرۆریەکەیەوە.

ئەگەر ئەنفال بۆ کورد کێشەی تراژیدیای کوشتاری مرۆگەلێک بێت کەهیچ هۆکارێکی بەرگریکردنی لە خۆی بەدەستەوەنەماوە، لای «بەعس» هەناسەدانەوەی پرۆژەیەکە، وە خودنمایشکردنەوەیەکی نوێی عەرەب و خەونەکانیەتی، ناسیۆنالیزمێکە بەگەیشتن بەئاستێکی تر لە شەڕانگێزی و بەزیادکردنی شوناسی فاشیزم پەیامێک دەخاتەوە بەردەم دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کە زۆرجار بنیاتنەرانی فیکری نەتەوەیی عەرەب هۆکاری بەدینەهاتنی وەحدەی عەرەبی بەسەر ئەواندا دەشکێننەوە. بەڵام کاتێک ئەم ناسیونالیزمە لە وەهمی سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیدا دەژی تا ئاستێک لە سنوری ئەفسانەکانی ناو پرۆژەکەیدا گیردەخوات کە باوەڕ بەساتەوەختی هاتنەدی پەیامی نەمرو ئوممەی یەکگرتوو دەکات، ئیدی سنورەکان لەبەرچاویدا دەسڕێتەوەو پرۆژەی وەحدەوی دەهێنێتەوە پێشەوەی پەیامەکەی کە دیارە دواتر ئەم وەهمە لە سیناریۆی کوێتدا تێکدەشکێنرێ، ئەمەش هاوتاو چارەنووسی فاشیزمە کە لە ساتێکدا دەگاتە شکۆمەندی و لەسەر فراوانترین ئاستدا تیرۆر بڵاودەکاتەوەو دواییش هەر لەسەر ئاستی سەرتاسەری و بەرفراواندا لەناودەبرێت.

-٦-

دوا دەرەنجامی هەنوکەی کە ناسیونالیزمی عەرەبی پێیگەیشتبێت هەرەسهێنانی تەواوی پرۆژە مێژووییەکەیەتی بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەو شوناسانەدا کە پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان پێکهێناوە و سیستمێکی ڕێکخستنی نێونەتەوەیش بەناوی یاسای نێودەوڵەتییەوە بەرگری لە سنورەکانیان دەکات، ئیدی گەیاندنی پەیام بەهێزو تێکشکاندنی ئەو سنورانە ئێستا لە مەشروعیەتەوە دەبێتە پەلاماردانێکی دوژمنکاری، تەنانەت ناسیونالیزمی عەرەب خەونی وەحدەوی ناوخۆشی لەدەستداوە، لەدوای ڕووداوی کوێتەوە ئەم پرۆژەی ناسیونالیزمە تادێت زیاتر لە پانتایی نەتەوەییەوە بۆ کشانەوە بۆ هەرێمایەتی «قطرية» دەگەڕێتەوە، ئەمەش زیاتر لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا

کە فاشیترین جۆری ناسیونالیزمی عەرەب حوکمیدەکات بوونی کورد دەخاتەوە بەرمەترسی گەورەوە، وە ئەگەرچی دووبارەکردنەوەی ئەنفال ئەگەرێکی دووریشبێت، بەڵام وەکو پەیوەندییەکی مێژوویی تا ئەمڕۆش هەر شێوازەکانی تیرۆر کورد بەم ناسیونالیزمەوە گرێئەدات، چونکە کوردی شوناسێکی کەشفکراوە لەبەردەم پرۆژەی عەرەبیدا کە تا ئەم ساتە پێکهاتەی دەستەڵاتی خۆی بەدەستنەهێناوە، تائێستاش هۆکارەکانی بەرگریکردن لە خۆی پێنییە و شوناسێکە تیرۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەزموونەکانی خۆی تیادا تاقیبکاتەوە، شوناسی کوردی یەکێکە لەو دوژمنە ئیفترازیانەی عەرەب، بەڵکو تاکە دوژمنێکە کە بەلاوازی لەبەردەم شمشێری جەلادەکەیدا پاڵکەوتووە کە بەئاسانی تۆڵەی شکستەکانی خۆی لێدەکاتەوە.

ڕووداوەکانی ‹٣١›ی ئاب و داگیرکردنەوەی کوردستان لە دوو ڕۆژدا بەڵگەی نەگۆڕی ناوەڕۆکی تیرۆر و ئیرادەی فاشیزمی عەرەبە لە دووبارە خستنەوەکاریدا لە هەر دەرفەتێکی ڕەخساودا، لەپاڵ بێتوانایی گوتاری بەرگری کورد و کەوتنەوە بەر قەدەری هەڵاتن لە دوژمنەکەی کە بۆتە جەستەیەکی سەرکوتکراو و تیرۆرکراویی مێژوویی، واتە ئەگەرچی کوردی بەناو لە دەرەوەی سنوری حوکمەکەشیدابێ ئەو هێشتا جەستەیەکی سەرکوتکراوە کە تیرۆر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەکو جەنگ، یان بەشێوەی سایکۆلۆژی وەکو تۆقاندن هەڕەشە لەسەقامگیری دەکات.

لەڕاستیدا تیرۆر وەکو دیوێکی ناعەقڵانی سیاسەت ئاڕاستەی دوژمنێک دەکرێت کە شوناس و ماهیەتی کەلتوری جیاوازی لەوی دی هەیە، تا چەند ئەم شوناسە خۆی بە هۆکارە مێژوویی و سایکۆلۆژی و تایبەتمەندێکانی وجیاکردنەوەی جوگرافیاوە ببەستێتەوە ئەوەندە زیاتر تیرۆر گەورەترو ترسناکتردەبێت. وابەستەیی مرۆگەلێک بۆ تایبەتمەندێتی مێژووی و جوگرافیاو زمان و کەلتورو ڕەگەزەوە ماهیەتی شوناسی نەتەوەیی و جیاکردنەوەی لەوی دی ڕادەگەیەنێت، ئاشکراشە کە لە دنیای ئەمڕۆدا جیاکردنەوەی شوناسی نەتەوە جیاکردنەوەیەکی جیوسیاسیانەیە، سنورکێشانە لە نێوانیاندا لە ڕێی جیاکردنەوەی پانتایی دەستەڵاتی سیاسیانە، بۆیە گوتاری هەر شوناسێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی کەلتوریدا دەبینرێتەوە کە ستراتیژەکەی لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا کۆتاییدێت، ئێستا کێشەی کوردی لەبەردەم ناسیونالیزمی عەرەبدا لە بنەڕەتدا کێشەی شوناسێکە کە تەقەللای فۆرمەلەکردنی ئەو پرۆژە کەلتوریە ئەدات، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی جەوهەرییە لە پرۆژەی کەلتوری عەرەبی و تەسککردنەوەی پانتایی دەستەڵاتی و داخستنەوەی سنورەکانیەتی بەسەرخۆیدا تا تەواو لە هەرێمایەتی «قطری»بووندا گۆشەگیردەکرێت. ناسیونالیزمی عەرەبی لە قوتریەت دەترسێت، لەوە دەترسێت کە ئیدی دوا دەروازەکانی هەناسەدانەوەی پرۆژە مێژوییەکەی لێداخرێت، لێرەوە شەڕانگێزیانە پەلاماری شوناسی کوردی ئەداو ڕێگەی فۆرمەلەبوونی لێدەگرێت، ئەگەرچی تائێستا بزوتنەوەی کوردی حوکمی سیاسەتداو بەگەمەی پێکەوە ژیان لەگەڵ دوژمنەکەیدا

خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام ناسیونالیزمی عەرەب لە ڕەهەندە ستراتیژیەکانی ئەو گوتارە تێدەگات، کاتێک ئایدۆلۆژیای بەعس بەپێی چەمکە هاوچەرخەکان عەرەب بە نەتەوەیەکی تایبەت پێناسەدەکات، لە دوا ساتدا کێشەی کوردی لای ئەو دابڕینی خاکێکە لەو نەخشەیەی بە عەرەب پێناسەکراوەو دوابەشێکە لەدوای شکستی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامییەوە لەژێر دەستەڵاتی عەرەبدا مابێتەوە، ئیتر بەهەموو شێوازەکان ڕێگە لەو دابڕینە دەگرێت، بە ئینکارکردنی ناسینی، شێواندنی، یاخود وونکردنی لە مێژووی خۆیدا، لەپاڵ بەردەوامی شێوازە تەقلیدیەکەی تیرۆر کە جەنگە. چەند ئاستەکانی توندوتیژی و ناعەقڵانیەت بەهێزتربێت بەو شێوەش کارلێککەری لەسەر شوناس و کاردانەوە جێدێڵێت، سەپاندنی شەڕ بەسەر شوناسێکدا دەیخاتە بەردەم هەڕەشەی مان و نەمانەوە کە ئەمەش کەشێکی ناعەقڵانی دەخولقێنێ کە تیایدا غەریزەی مانەوە گوتاری بەرگریکردن لە خود نائیرادەییانە لای شوناسی چەپێنراو دەبزوێنێت، ئەمەش مانای کەوتنە بەردەم شێوەو ئەگەرەکانی بەرگریکردنە وەکو خۆڕێکخستن لە گروپی چەکداردا، یان شەڕی پارتیزانی یاخود شۆڕش و ڕاپەڕین.

بەڵام ئێمە ئێستا لەبەردەم دەرەنجامێکی سیاسی ـــ مێژووی هێندە کوشندەداین کە هیچ مانایەکی مەنتیقی بۆ ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە نەهێشتۆتەوە، بەتایبەتی پاش زەمەنێکی دووردرێژ لە پێکدادانی خوێناوی دوو جەستەـــ شوناسی وەکو عەرەب و کورد وە بەریەککەوتنی دوو گوتاری ستراتیژی پێچەوانە «سڕینەوەو مانەوە» کە تیایدا جەختکردن لەسەر دوا ئاستی توندوتیژی وخستنە کاری شێوازە تۆقێنەرەکانی کارلێککەری ڕاستەوخۆیان جێهێشتووە کە چ نەبێت دوو جەمسەری هاوکێشەکەی لە دوو ئاستدا جیاکردۆتەوە، جەمسەرێکیان کە هەمیشەو تا ئێستاش خولقێنەرو بەکاربەری گوتاری سڕینەوەیەو لە هەموو ساتێکدا توانای خستنەکار و ڕاگەیاندنی جەنگی هەیە دژی جەمسەرەکەی تر کە تائێستا گوتاری ئەو لە بەرگریکردن و مانەوەی خود زیاتر تێنەپەڕیوە، بەڵکو بۆتە جەستەیەکی مێژوویی چەپێنراو کە لەبەردەم گورزی کوشندەی پەلامارەکانداکەوتووە کە لەدوای هەر هەڕەشەیەک مانەوەی خۆی تەنیا لە شکستی بەرامبەرەکەیدا دەبینێت، بەڵام لەدوا دەرەنجامدا وەکو هەمیشە بە شوناسێکی دۆڕاو و تێکشکاوەوە لەو جەنگانە دێتەدەرێ کە ئەگەر دوابانگەشەی نەمانیشی ڕانەگەیەنێت، ئەوا ئاڵای سپی خود بەدەستەوەدانی پێبەرزکاتەوە، چونکە ئەوەی وەکو ڕاستییەکی ترسناک دەمێنێتەوە بە پرۆژەبوونی زەمەنی شوناسی کوردییە بۆ نەمان، داننەنانی دوژمنەکانیەتی لە هەرچ پارچەیەکی کوردستاندا بێت بە حەقیقەتی ئەو شوناسە بەهەموو ماهیەتەکانیەوە، وە ملنەدان بۆ ستراتیژی گوتارەکانی، ئێستا گوتاری بەرگری و مانەوە لەبەردەم گوتاری «سڕینەوە»ی بەرامبەردا بێکردەو بێمانایە، لە کاتێکدا کە بەرامبەر دەست لە ستراتیژ و شێوازی گوتارەکانی خۆی هەڵناگرێ و بەڵکو سەخت تریشی دەکات. ئەوە گوتاری بەرگری نییە کە مانەوەی کوردی لەم ساتە مێژووییەدا مسۆگەر کردبێت، بەڵکو گەمەو ململانێ و هاوکێشە ئاڵۆزەکانی

سیاسەتی ناوچەکە، کە زۆرجار یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی کورد خۆی، یەکێک لە دڕندەترین جەلادەکانی لە قۆناغێکی زەمەنیدا دەکاتە پاڵپشت و ڕزگارکەری ئەم شوناسە لە نەمان کە بە کردەوە لەناو سەرجەم ستراتیژی کۆ و هاوبەشی دوژمنەکاندا تا ئێستا شوناسێکی پێناسە نەکراو و نەناسراو ئینکارکراوە. ئێستا لەم چرکە هەنوکەییەدا کورد لە هەموو کاتێکی تر زیاتر بابەتی لەنێودان و ئیفلیجپێکردنی پرۆژە کەلتورییەکەیەتی لەسەرجەم کوردستاندا، ئێستا ئەو پرۆژەی پارێزگارییەی بەناو پروڤاید کۆمفۆرت بۆ کوردی دابینکردووە کە لەڕاستیدا بۆ ڕاگرتنی بارودۆخێکی ئاڵۆزی سیاسییە لە ناوچەکەدا، نەک بۆ ڕزگارکردنی شوناسێکە لە جینۆسایدی کەلتوری، بەڵکو لەوەش ترسناکتر هەڕەشەکانی ئەو جینۆسایدەی سەخترو نزیکترکردۆتەوە لەپاڵ گێلێتی و نائاگایی سیاسییە کوردەکاندا، کە ئەوانە ئێستا گوتاری مانەوەی کوردیان تەسککردۆتەوە بۆ کەمترین ئاستی هێشتنەوەی خود «وەک تاکە حیزبێک، تاکە خێڵێک، تاکە ناوچەیەک، تاکە سەرکردەیەک»، ئێستا هەموو حیزبە چەکدارەکانی کوردستان خۆیان هەڕەشەی ڕاستەوخۆن لەسەر مانەوەی شوناسی کوردی وە خۆیان بەیدەقی خوێناوی ئەو جەنگانەن کە ئێستا لە خاکی کوردستاندا دوا شوێنەواری وێرانە جێماوەکان دەڕمێنێ، هیچ کەسێک ئێستا ئاوڕ لەو حەقیقەتە ناداتەوە کە ستراتیژەکانی جینوسایدی کەلتوری لەسەر هەمان ڕەوتی خۆیەتی و سەختتریش لەسەر نێودانی جەوهەری ئەم شوناسە کاردەکات، بۆ نمونە ئێستا تەعریبکردنی ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و هەموو شوێنە کوردیەکانی ژێر دەستەڵاتی ڕژێمی عێراق ترسناکترە لە پێشوو. ناسیۆنالیزمی عەرەبی تادێت بە ئاسانی و ئارامتر لەپاڵ پرۆژەی پارێزگاری کورددا پانتاییەکانی خۆی لەم شوێنانەدا دەچەسپێنێ و فراوانتریدەکات، کە ئەگەر ململانێی کوردی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بەم ڕەوتە بڕوات دەبێت هەموومان بپارێینەوەو نوێژ بۆ ئەوە بکەین کە نەکەوینە بەردەم گەمارۆی ساتەوەختێکەوە کە وەکو فەلەستینیەکان تەنها بستە خاکێکی هێندەی «غەززە»مان بۆ بمێنێتەوە.

وەکو پێشتر ئاماژەمانکرد، گوتاری بەرگری هەردەم تاکە ئەگەرێکی خستۆتە بەردەم کورد. ئەویش خۆدورخستنەوەو ڕزگارکردنی جەستەیەتی لە جەنگە سەرتاسەریەکان، وە هەڵاتن لەبەردەم پەلامارە هەمەلاییەکان، ئەو هێرشانەی جەستەی داگیردەکەن و ژیانی لێدەستێننەوە، ئەمەش دەقاودەق کاردانەوەیەکی غەریزەی مانەوەی سروشتییە لەبەردەم هەڕەشەی مەرگدا، وە زیاتر هەستێکی تاکەکەسی و شێوازێکی بەرگری تاکە کەسیشە لە خود لەبەردەم مەرگدا، لێرەدا گوتاری مانەوەی کورد، گوتارێکی غەریزەیی تاکەکانیەتی بۆ خۆشەویستی و بۆ ژیان، بەرگریکردنی تاکەکەنیەتی لە جەستەی خۆیان، ئەمە گوتارێکی دەستەجەمعی نەخولقاندووە کە تیایدا مانەوەی کەلتوری، وە شوناسی مێژوویی ببێتە ستراتیژی کۆ، لێرەوەیە کە ئێستا حیزبی کوردی لە هەر شوێنێکی کوردستاندابێت لەپاڵ ئەو خود کوژییە ترسناکەی کورد خۆیدا، ئەوان تەنیا بۆ بەسەلامەت

هێشتنەوەی جەستەی خۆیان لەو جەنگەدا لە پەیمانی نهێنی و ملدان بۆ ویستی جەلادەکانیانەوە دەگلێن، وە لەو ئاستی هاوپەیمانێتی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنەکاندا ماناکانی گوتاری بەرگری و مانەوە بەقەد دابەشکردنەکانی کوردستان و ژمارەی دوژمنەکانی و ژمارەی پەیمانە بەستراوەکان لەتوپەتدەکەن، ئەمەش نەک گوتاری بەرگری و مانەوەی ئیفلیجکردووە بەڵکو مانەوەو ئەرکی خۆی دابڕیوە وەکو ستراتیژی کۆ.

-٧-

گوتاری بەرگری و مانەوە تەنها لەو ئاستە غەریزەییەوە شێوەی خۆڕێکخستن و فۆرمەلەبوونی لە هێزێکی بەرجەستەدا وەرگرتووە، بۆ ئەمەش زیاتر توێژێک یان دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کردۆتە هاندەرو ڕێکخەری ئەو هێزی بەرگرییە، کە دەشێت زیاتر لەوانی دی بەر زەبری پەلامارو هەڕەشەی دەرەوە کەوتبن، ئەمەش دەرەنجامی گەشەسەندنی حەتمی غەریزەی تۆڵەیە وەکو بنچینەترین بەهای ئەخلاقی هەر گروهێکی کۆمەڵایەتی. لێرەوە هێزی بەرگری بەو ئاراستەیە کاردەکات کە بەهای ئەخلاقی تۆڵە دەیچەسپێنێت، ئەمەش مانای گرێدانەوەی ئەم گوتارە بەهەموو بەها ئەخلاقیەکانی دی گروهی کۆمەڵایەتییەوە «وەکو لێبوردن و بەخشین، هاوپەیمانێتی، پیلان، دانووسان» کە قەوارەی بوون و مانەوە دەپارێزن، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە تاچەند گوتاری گروهی کۆمەڵایەتی دەتوانێت شوناسێکی نەتەوەیی لە سڕینەوە بپارێزێت و بەرگری لەسەرجەم گروهەکانی نەتەوە بکات، واتە پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا جوڵەی خۆی لە پانتاییەکی تەسکی «خێڵی ناوچەوە» فراوانتردەکات بۆ ئاستێک کە گوتاری بەرگری و مانەوە لە غەریزەی تاکەکەسی و تۆڵەی گروهەوە ببێتە شوناسێکی یەکدگیری فراوان کە هەموو گروهەکان بە پەیوەستێکی سایکۆلۆژی پێکەوە گرێبداو لەسەر پانتاییەکی فراوانتردا ئەویش نیشتمانە کە تیایدا سنوری ناوچەیی نێوان گروهەکان دەسڕێتەوە؟

ئەگەر بەسەرجەم جوڵەی سیاسی کوردیدا بچینەوە بزربوونی تەواوەتی ئەم گوتارە بەدیدەکەین، بەتایبەتی لە ساتەوەختی ئێستادا کورد شوناسێکی لەتوپەتکراو دەخاتە بەردەم ئەوی دی کە گوتاری مانەوەو بەرگریکردن لە شوناسێکی یەکدگیرەوە دەکاتە ستراتیژی مانەوەو جوڵەی گروه کە من پێشتر بە «ستراتیژی خێڵ» ناوزەدمکردووە، ئەمەش زۆرجار چەمکی شوناس و نیشتمان تەسکدەکاتەوە بۆ سەر ئاستی شوناس و شوێنی گروه و خێڵ، ئەمە خود لە خود دەکاتە دوژمن و خێڵ دەخاتە بەردەم ئەگەری ڕاکێشانی دەستی جەلادەکەیەوە، لێرەوە لەتوپەتبوونی گوتاری مانەوە بەسەر چەند ستراتیژی خێڵدا بزووتنەوەیەکی سیاسی کوردی لێکداپچڕاوی خولقاندووە کە ناکرێت

بڵێین گوتاری مانەوە توانیوێتی شوناسێکی یەکدگیر وسەرتاسەری کوردیانە لەبەردەم هەڕەشەکانی دەرەوەدا ڕابگرێت، هەڵبەت هەرئەمەشە هۆی لێکجیابوونەوەی شێوازەکانی خەبات و دروشمەکانی بزوتنەوەی سیاسیە کوردییەکانە بەپێی تێڕوانینی گروە و ناوچەو سنورە کێشراوەکان، کە ئاشکرایە ئەمانە بەکۆ کارکردنی ستراتیژی هەڕەشەی دەرەوەیان ئاسانترکردووە چ نەبێت لە ڕووی ڕێگرتن لە فۆرمەلەبوونی گوتاری مانەوەی گشتداو وە تێکشکاندنی هەموو ئەو شێوازە لاوازانەی بەرگریکردن لە خود، چونکە تائێستا ئەم گوتارە گوتارێکی خۆگونجێنەر و تعایشییە و تەقەللای خودڕێکخستن دەدات لە ناوئەگەرە شیاوەکانی سیاسەتدا، لێرەوە ئەگەر فیکرو بزوتنەوەیەکی ناسیونالیزمی کوردی هەبێت ئەوا هەر لەناو تێڕوانینی ئەو گروهانەدا فۆرمەلەبووەو لەو ئاستە تێنەپەڕیوە کە ئەوان بەپێی ساتەوەختە هەنوکەیی و زەمەنیەکان دایانڕشتووە کە بەپێی شوێن و پایەی ئەو گروهانە گۆڕاوە کە هەردەم یادوەری کوردیان شێواندووەو بە ئاراستەی ویست و ئاستی تێگەیشتنی خۆیان ئاراستەیانکردووە،، دەشێت سەرەتای ئەو خودڕێکخستنە بەپێکەوەگرێدانی گوتاری سیاسی یان ونبوونی لە گوتاری دینیدا دەستنیشانبکەین. کاتێک گروهی دینی(مەلاو، شێخی تەریقەت و پیاوی مەزهەبی پیرۆز) لە پلەو پایەی ڕۆحی خۆیەوە توانای ڕێکخستنی یاخیبوونێکی دەستەجەمعی دەبێت و دین دەکاتە سەرچاوەیەکی شەرعی بۆ گوتاری سیاسی، دواتریش ئەم گوتارە دینییە – سیاسییە هاوشانی گوتاری خێڵەکی جوڵەیەکی شیاوی دەبێت کاتێک خێڵە کوردییەکان یاخیبوونێکی ناوچەگەریانەکە پیادەدەکەن و دواتر بەپێی بەها ئەخلاقییەکانی خێڵ بەتایبەتی (هاوپەیمانێتی)، سنوری یاخیبوونەکە فراوانتردەبێت کە دواجار فۆرمی ئەو بزوتنەوە ناسیونالیزمەی ئێستای کوردی وەردەگرێت، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لە کاتێکدا خۆی بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی پێناسەدەکات کە شوناسی کوردی لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا پارچەپارچەکراوەو لەوێوە یەکەمین تێکشکان و بێهودەیی هەڵەی مێژوی ناسیونالیزمی کوردی دەردەکەوێت کاتێک خۆدەداتە دەست ستراتیژی هەرێمایەتی «قطرية» و گوتاری نەتەوەیی تەسکدەکاتەوە بۆ ڕزگارکردنی هەرێم و دروستکردنی قەوارەیەک لە سنورە مومکینەکانی سیاسەتی جیهانیدا.

بزربوونی ڕۆڵ و ئاستی مەعریفی گروهی ڕۆشنبیری کورد، وە کەمتوانای ئەو گروهە لە وەرگرتن و تێگەیشتن لەو سەرچاوە مەعریفیانەی بونیادی ناسیونالیزمیان لەسەر هەڵدەچنرێت وە پراکتیکردنی ئەو سەرچاوە مەعریفیانە بێ ڕێکخستن و فۆرمەلەکردنی بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی، کە لێرەوەیە ئەم توێژە کاتێکیش خۆی تێکەڵاوی سیاسەت دەکات گوتاری ڕۆشنگەری لاوازی ئەو لە گوتاری باڵادەستی خێڵدا بزردەبێت و بەوجۆرە تەسلیمی ویست و خواستی خێڵ دەبێت، هەر ئەم کارەساتەشە کە لەسەرەتاوە بە هەڵە پایەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی هەڵدەچنێت و ستراتیژیەکانی ئیفلیجدەکات بە ئەندازەیەک ئێستا هیچ تروسکاییەک لەبەردەم گروهی ڕۆشنبیردا

نەماوە لەناو قەوارەی ئەو بزوتنەوە ناسیونالیزمەی ئێستادا دنیابینی خۆیی و ڕۆڵی خۆی بەدەستبێنێتەوە (١٠). چونکە ناسیونالیزمی کوردی کاتێک سیفەتی ڕیالستی بەخۆی دەدات خۆی بەکۆت و پێوەندکانی زەمەن و شوێنێکی تەسک دەبەستێتەوەو توانای خەونبینین لەدەستئەدات. واتە لە دەرەوەی سنورە مومکینەکانی سیاسەتەوە کە گەمارۆی جوڵەی ئەوی داوە ناتوانێت وێنەی زەمەن و شوێنێکی دی ببینێت، واتا ناتوانێت ئاینده ببینێت یاخود هەر لە ئایندەدا ناژی. هیچ ناسیونالیزمێک بێ خەونی ئایندەیی ناتوانێت زەمەنێکی گەشترو شوێنێکی تر بۆ جوڵەی خۆی بەدەستبێنێت، ئەم جۆرە ناسیونالیزمەش ناسیونالیزمێکە بێ ڕۆحی نەتەوە، بێ ئەو بەها ئەخلاقییە دەستەجەمعییەی کە مانایەک بە شوناسی ئەدات و هێزی بانگەشەی گوتارێکی ئازادی ئەداتێ. بۆیە دەکرێت بڵێین کە ناسیونالیزمی کورد بزوتنەوەیەکی بێ گوتارە، وە گوتارەکانیشی تەنها پاڕانەوەیەکی شەرمنانەیە لە سنوری جوڵەی ڕێگەپێدراودا، واتا گوتارێکی بێ ستراتیژە کە خۆی خەون و ڕۆحی نەتەوە دەکوژێت، وە خۆی لێکداپچڕان و هەرێمایەتی و دیلبوون لەناو چوارچێوەی وڵاتە داگیرکەرەکانیدا بەسەرخۆیدا دەسەپێنێت. کە ئەمە بۆ خۆی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی دەکاتە بزوتنەوەیەکی تێکشکاوی بێ ستراتیژ، ئەگەرچی لە تێڕوانینی ئەوی دیدا بزوتنەوەیەک بێت کە لە هەناویدا ستراتیژێکی دوورمەودای ئاشکرای هەڵگرتووە کە دواجار لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا کۆتایدێت. لەڕاستیدا ئەوە گوتاری کوردی نییە کە ئاستی پەیوەندییە هەنوکەییەکانی خۆی و بەرامبەرەکەی بخوێنێتەوەو مانایەکی ڕاستەقینە بۆ ئەو کارەسات و وێرانکاریانە بدۆزێتەوە کە مێژوەکەی دەنووسنەوە، بەڵام ئەوە تێڕوانینی ئەوی دییە کە شوناسی کوردی ونبوو وەبیر کورد دێنێتەوەو ئەو گوتارەی وەبیردێنێتەوە کە کورد بە حوکمی جوڵانەوەی شیاو لە ئاستی مومکینی سیاسەتدا لە یادوەری خۆیدا سەپاندوێتی. بەمانایەکی تر ئەوە گوتاری سیاسی کوردی نییە کە ئازایانە پڕکێشی خستنەڕووی خەون و خواستەکانی خۆی بکات، بەڵکو ئەوە تێڕوانینی بەرامبەر یان ئەوانی دییە کە دەیەوێت مانای ڕاستەقینە بۆ ئەو خەبات و یاخیبوونەی کورد بدۆزێتەوە. ئەگینا کاتێک دەڵێین: «کورد میللەتێکی دێرینە، دابەشکراوە بەسەر چەند دەوڵەتێکداو تائێستا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە و بۆ بەدیهێنانی ئەو دەوڵەتە خەباتی چەکداری دەکات»، دەبێت ئەوەمان لە پێشچاوبێت کە کورد لە دەرەوەی ئەم تایبەتمەندێتیەوە هەمیشە بۆ ئەو شوناسە خوازراو و ئامادانە دەگەڕێت کە بتوانێت پۆڵینکردنی خۆیی و بەرامبەرەکەی تیابدۆزێتەوە، واتە هێندەی کورد بەدوای خۆدۆزینەوەو پۆڵینکردنی خۆی لە میانەی ئایدۆلۆژیا خوازراوەکاندا دەگەڕێت، بەتایبەتی ئەو گوتارە سیاسیانەی ئاستی پەیوەندی و بزوتنەوەکانی جیهانی سێیان دیاریکردووە، کە هەڵبەت کورد دەخەنە خانەی گەلانی چەوساوەو ڕزگاریخوازەوە، هێندە بەدوای مانای کوردیبوونی بزوتنەوەکەیدا ناگەڕێت، بەمانایەکی دی کورد تایبەتمەندێتی شوناسی خۆیی و پیرۆزی بزوتنەوەکەی لەویدی و لەو

ئایدیۆلۆژیانەدا دەبینێتەوە کە شەرعیەتی پێئەدەن، لێرەشەوە بزوتنەوەی کوردی دەبێت مەحکومبێت بەلێکچوون و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ئەوانی دی، ئەمەش ناسیونالیزمی کوردی لە جەوهەرو ڕۆحی خۆی دادەماڵێت وە توانای پۆلێنکردنی خۆیی و بەرامبەرەکەشی نامێنێت و ناتوانێت لە میانەی ئەو مێژووی بەریەکەوتنە تایبەتیەوە ویستی خۆیی و ستراتیژی بەرامبەر جیابکاتەوە.

کوێرانە خۆدانەدەست ئایدۆلۆژیای خوازراوەکانە وا دەکات کورد توانای دۆزینەوەی مانایەکی بۆ ناسیونالیزمی شۆڤێنی عەرەبی نەبێت و نەتوانێت لە بزوتنەوەیەکی شەرعی ڕزگاریخوازی داببڕێت و لەبەرپرسیارێتی ئەو کارەساتانەی کە ئەو بەسەریدا هێناوە پاکیبکاتەوەو ئەو تاوانانە بخاتە ئەستۆی توێژێکی دەستەڵاتدار، ئەم بزربوونەیە وادەکات کە لەساتێکی بزوتنەوەی سیاسی کوردی تا ماوەیەکی زۆر لە ناوەوەی خۆیدا تووشی کێشەیەکی سۆفستایی ببێت لەسەر ناونانی دەستەڵاتدارێتی عێراق، کە ئایا ڕژێمێکی فاشیستییە یان ڕەفتار فاشییە، یان دیکتاتۆرییە، یان نوێنەری دەستەڵاتی کۆنەپەرست و سەرمایەداری عەرەبە..هتد، کە ڕێگە لەبەردەم ناسیونالیزمی عەرەبدا ئاساندەکات بەهێمنی نەخشەکانی ستراتیژی سڕینەوەی کوردی پیادەبکات تا لە ئەنفالدا ماناو حەقیقەتی خۆی ئاشکرادەکات.

لە دەرەنجامدا گوتاری مانەوەی کوردی لەناو هەناوی فۆرمەلەبوونی نارێکی جوڵەی سیاسی کوردی و گونجاندنی دروشمەکانی خۆی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوچەیی و دنیاداو بەداواکردنی کەمترین ئاستی مافەکانی خۆیی و کەوتنە دوای ڕیاکاری و خۆڕێکخستن لەگەڵ بەرامبەردا «بۆ نمونە لەگەڵ ناسیونالستی سەرسەختی عەرەبدا» بە تەنها بۆ دۆزینەوەی پەراوێزێک بۆ جووڵەو مانەوەی بزوتنەوەکە بەونارێکییەو ڕەوتکردنی لەگەڵ کارەساتەکاندا، گوتاری کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی ناسیونالیزمی کوردی ببینێ و ئەو بزوتنەوەیە بە شێوەیەکی لکێنراو بە شوناسێکی کوردییەوە بخولقێنێ، بەم جۆرەش مانەوەی کورد هەردەم لەبەردەم مەترسی سڕینەوەدا دەبێت، بەتایبەتی بەهۆی بەریەککەوتنی شەڕانگێزیانەی لەگەڵ ناسیونالستێکی ڕوخێنەردا کە ئەم پەیوەندیەش لە پشتی گوتاری بەرگری و خودنمایشتکردن وەکو کوژراو و قوربانیەوە هەستێکی شەڕانگێزی تۆڵەی خولقاندووە و بەردەوام دوو جەستەی دژ بەیەکدی لە توندوتیژیدا تێکەڵاوی یەکدی کردۆتەوە کە مێژووی نێوانیان مێژووی شێوازەکانی توندوتیژی و جەنگ و بەرگرییە.

بێگومان بەردەوامبوونی ئەم پەیوەندیەش لەسەر ئەم ڕەوتە بەبێ گۆڕینی گوتارەکان ئەو ترسە دەخولقێنێ کە نەوەکانی داهاتوو بەر ئەبەدییەتی ئەو نەعلەتی توندووتیژییە بکەون. بۆیە گۆڕینی گوتارەکان تاکە هۆکاری ڕزگاری سەرجەم دوو شوناسی نەتەوەییە لە کوشتارو لە نەفرەتی سەربڕینی یەکدی، بە تەنیا گۆڕینی ناوەڕۆک و ئاڕاستەی گوتارەکانە کە ناهاوتایی نێوان

ناسیونالستێکی هەڕەشەکەر و ڕوخێنەر وە ناسیونالستێکی تۆڵەخواز ڕێکدەکاتەوە. لە ڕاستیشدا ئەنفال دەبوایە و دەبێت سەرەتای دەستپێکردنی زەمەنێکی نوێ و سەرهەڵدانی گوتاری ڕاستەقینەی کوردی بووایە، چونکە ئەنفال بۆخۆی ڕوداوێکە وە دیاردەیەکە کە هیچ مانایەک بۆ جوڵەی سیاسی ئێستای کوردی ناهێڵێتەوە، زەنگێکی ترسناکە بۆ داخستنی دەروازەکانی دیالۆگی ناهاوتاو ڕیاکار لە نێوان دوو شوناسدا کە تەنها بەجیاکردنەوەیان لە یەکدی دەکرێت هەلێک بڕەخسێنرێ بۆ لێبوردن و لەبیرچوونەوەی ساتە ڕەشەکانی مێژوو، دەنا گەمەی یەکدی خەڵەتاندن لەگەڵ بەرامبەرداو دووبارە جولانەوە لەناو ئەگەر و گەمەکانی سیاسەتدا، زیاتر مەترسی جەنگ و تۆڵە دووبارەدەکاتەوە.

گۆڕینی گوتاری کوردی، تەنها گۆڕینی تێڕوانین و شێوازو جوڵەی سیاسی نییە، بەڵکو بەزەرورەت گۆڕینی خودنمایشتکردنی کوردو دەربازبوونیەتی لە ئاستی پەراوێزییەوە بۆ ئەو مەیدانەی کە ئەو بتوانێت ڕەوتی سیاسەت لە ناوچەکەدا و وە تێڕوانینی دنیا بۆ خۆی بگۆڕێت، هەروەکو چۆن گۆڕینی دنیابینی کوردیی خۆشیەتی بۆ جیهان، ئەمەش بەبێ بزوتنەوەو فکرێکی تازەگەر فەراهەمنابێت، فیکرو بزوتنەوەیەک کە بونیادی دەستەلاتیی، کۆمەلایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری کوردی بگۆڕێت، وە دەستکاری شوێن و پایە کۆمەلایەتیەکان بکات، گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بکاتە گوتاری سەرجەم گروهە چالاک و بەکار و ڕوناکبیرەکان، واتە لەبندەستی ئالاهەڵگرانی ئێستای دەربێنێتەوە، وە سیاسەت لەو هێزە تەقلیدیانە بسەنێتەوە کە بەهۆی شوێنگەی خێڵ، ڕیاکاری، بەکرێگیراوی، یان بەڕێکەوت کەوتوونەتە دنیای سیاسەتەوە. دەبێت ئەو حەقیقەتە ئاشکرابکرێت کە تائێستا بزوتنەوەی سیاسی کوردی هەڵەیەکی گەورەبووە، خیانەتێکە لە خودی ناسیونالیزمیش، تا ئێستا سیاسی کوردی، سەرکردەی کوردی، ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، دروستکراون. وەکو لێبوک گەمەیان پێکراوە، سیفەتی فەرمان و خیانەتکاریان پێدراوە، لە شۆڕشگێڕەوە کراون بە تیرۆرست و بە پێچەوانەشەوە، هەموو گەمەکانیش لە دەرەوەی کوردستاندا سازدراوە، بەلام دواتر ئەم خاکە بۆتە پانتایی نەعلەتی کوشتارو وێرانکارییەکان.

ئیدی گوتاری ئێستای کوردی دەبێ پرسیاری ڕاستەقینەی ئەوەبێت، ئەم هەموو خوێنە بۆ ڕژا؟ ئەم جەنگانە بۆ کران؟ ئەنجامی ئەم هەموو شۆڕش و هەرەس و هەڵسانەوەو دانوستانە بێهودانە چی بوون؟ ئاخۆ دەکرێت لە دەرەوەی گوتاری جەنگەوە گوتارێکی سیاسی نەبێت کە جەستەمان لە هەمیشە قوربانی و دۆڕان ڕزگاربکات؟ وە ئەگەر قەدەری کوردی هەر جەنگ بێت، کورد تاکەی چاوەڕواندەکات جەنگ لە دەرگایبدات! چ کاتێک جەنگ لە پانتایی خۆیەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو پانتایی ئەوی دی تاوەکو ئەنفالێکی تر ڕوونەداتەوە؟ ئەنفالێک کە دەشێت دروشمی یان «کوردستان یان نەمان» کۆتایی پێبهێنێ، ئەو دروشمەی کە ئێمە دەمانەوێت مانەوەی خۆمانی پێبسەلێنین لەبەردەم

بەرامبەرەکەماندا، کە لە ڕاستیدا لە دوای مێژووی کارەساتەکانەوە ئێمەی لە بەردەم هەڕەشەی نەماندا جێهێشتووە.

فەرەنسا ١٩٩٨

## پەراوێزەکان

١ ـ لەڕاستیدا هەرچەندە ئایندە نادیارە، بەڵام ئەگەرەکانی دەرکەوتنی خۆیمان نیشانئەدات، چ نەبێت ڕێگەی خوێندنەوەی ئەو ئەگەرانەمان دەخاتە بەردەم، بەتایبەتی لە خوێندنەوەو شیکاری واقیعی سیاسیدا خولقاندنی هەموو ئەگەرێک یان وێناکردنیان شیاوە. دەشێت لە ئایندەدا شەڕی سنوردار، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمیدا ببینینەوە کە دووریش نییە تاڕادەیەک کوشتاری سەختی تیاڕووبدات، بەڵام ئەگەری ڕوودانەوەی شەڕێکی سەرتاسەری و تاسەر ئەو ئاستەی وێرانکردنی کە لە کوردستان ڕوویدا، لاوازە. چونکە هیچ نەبێت دنیای ڕۆژئاوا لە دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی وادا نەک تەنها بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی بەڵکو بەرپرسیارییەکی یاسایی و تەنفیزیشیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەتی ئاشکرایە کە وڵاتێکی وەکو عێراق وە هەموو وڵاتەکانی دنیای دواکەوتوو بەبێ پاڵپشتی ڕۆژئاوا نابنە خاوەنی تەکنیکێکی نوێی چەکی وێرانکاری. وە ئێستا مرۆڤایەتی لە تروسکەی هیوایەکەوە دەخوازێت کە گوتارێکی تەواو ئینسانی و دوور لە تەنها بەرژەوەندی ستراتیژی و ئەمنی و نەتەوەیی بەتایبەتی ئەمەریکاو دواتر وڵاتانی ڕۆژئاوا دابڕێژرێت، ئەویش بەسوربوونیان لەسەر داماڵینی چەکی کۆکوژیی عێراق، ڕێگە گرتن لە ئێران و چەندین وڵاتی تر لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، چاودێریکردنی فرۆشتنی چەک، دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ لە یوگسلافیای پێشوو، وە هەوڵی ناساندنی سەرانی ڕژێمی عێراقیش وەکو تاوانباری جەنگ، دواتر کۆنترۆڵکردنی زۆر کێشەی سیاسی و جەنگی ئەفەریقاو گەلێ شوێنی تر، وە دواهەمین بڕیار، گەمارۆدانی هیند و پاکستان پاش ئەنجامدانی دوو تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لەلایەن هەردوو لایانەوە، ئەمانە هەمووی ئاماژەی دانانی سنورێکن بۆ دووبارەنەبوونەوەی شەڕی سەرتاسەری.

٢ـ فۆکۆیاما لە کتێبەکەیدا «کۆتایی مێژوو» پێیوایە کە لیبرالیزم شکستی بە دوو بەرەنگاری سەرسەخت هێنا، ئەوانیش فاشیزم و کۆمۆنیزمە، ئیتر ئەوەندە ماوە لە کۆتایی ئەم مێژودا بەئارامی لە ژێر سێبەری سەرکوتنەکانیدا دابنیشێت، بەڵام ئاماژەش بەهەندێ ناوچەو گەلانی دنیا دەکات کە ئەوانە لە دەرەوەی مێژوودان و چاوەڕوان دەکرێت کە لە سەدەی داهاتوودا هێشتا گەلانی وەکو کوردو ئەرمەن و فەلەستینی

و..هتد هەر شەڕی ڕزگاریخوازی بکەن. بەڵام ئەم تێڕوانینەی فۆکۆیاما وێناکردنێکی دنیانییە کە شەڕی سەرتاسەری و جیهانی تیادا ڕوودباتەوە، یاخود وەکو «ساموێل هنتگنتۆن» بە پێچەوانەی ئەوەوە پێیوایە کە سەدەی داهاتوو سەدەی بەریەککەوتن و پێکدادانی شارستانیەتەکان دەبێت، بەڵام ئەویش هێشتا ئاماژە بۆ پێکدادانی وێرانکەرو شەڕی سەرتاسەر ناکات، کە ئەگەر ڕووشبدات ئەوا دەشێت هەر لە دەرەوەی دنیای ڕۆژئاوادا ڕووبدات، ئەم پێشبینییە دەشێت تا ڕادەیەک ڕاستبێت بە تایبەتی پاش دوو تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی هیندو پاکستان لە حوزەیرانی١٩٨٨ دا. بەڵام خودی ئەم ڕووداوەش کاردانەوەیەکی ترسناکی نەبوو، ترس و تارمایی جەنگی بڵاونەکردەوە، تەنانەت خودی ناونانی ئەو چەکە ئەتۆمییەی پاکستانیش بە چەکی ئەتۆمی ئیسلامی نەخۆشبەختییەکی بە هێزی بە دەوڵەتە ئیسلامییەکان بەخشی، وە نە وێنەی ئیسلامیشی لای ڕۆژئاوا وەکو هێزێکی یەکدگیرو هەڕەشەو بەرەنگارییەکی چاوەڕوانکراو لە بەردەم دنیا ئارامەکەیدا چەسپاند، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەرچی گرێیەکی شەڕانگێزیانەش هەبێت لە نێوان گەلێ لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا ئەوا نیشاندانی توانای هێزو توندوتیژی لەو ئاستە وێرانکەرەیدا وەکو بەخاوەن بوونی چەکی ئەتۆمی خۆی زیاتر ئەگەری شەڕ دوور دەخاتەوە ئەویش لەلایەکەوە لەبەرکۆنترۆڵکردنی ئەو هێزی شەڕە لەلایەن هێزە گەورەکانی دنیاوە، لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەو پەیامە کوشندەیەی کە شەڕی ئەتۆمی و وێرانکەر ڕایدەگەیەنێت کە لەحاڵەتی شەڕدا نەمان و سەرنەکەوتنی هەموولا دەکاتە دەرەنجام.

٣ ـ امة فی شقاق، دروب کردستان کما سلکتها، جاناثان راندل، دار النهار، ترجمة فادی حمود. الطبعة الاولی ١٩٩٧ بیروت: ل ١٧٠.

٤ ـ بڕوانە کتێبی «حلبجة» کە هەندێ ووتارو هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی عێراقی و عەرەب و جیهانییە سەبارەت کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال، بەتایبەتی ووتاری «الاقلیات» طاهر بن جلون، ل ٤

٥ ـ هەمان سەرچاوە.

٦ ـ عدنان المفتی، الاکراد و الاقلیات العربیة الکردیة، مرکز الحروسة للبحوث و التدریب والنشر، الطبعة الاولی ١٩٨٨. ل.٦٠، ٦١.

٧ـ لە کاسێتی ڤیدیۆ وەرگیراوە، کە تایبەتە بە ڕیپۆرتاژێک لەسەر کارەساتی ئەنفالەکان.

٨ ـ دولة النبوة، هشام جعیط، مجلة الفکر العربی المعاصر، العدد ١٩٩٥/٧٣-٧٢.

٩ ـ نفی العقل، ادیب دیمنزی، موسسة عیبال للدراسات والنشر. ١٩٩٣. ل٣٤٦

١٠ ـ یەکێک لە کۆڵەکەکانی ناسیونالیزم، دروستبوونی توێژی ڕۆشنبیرو مەدەنییە کە لە دەرەوەی گروهی خێڵەوە پێکهاتەیەکی مانادار واتا نەتەوە دەخولقێنێت کە شوێنی تاکەکەسی تێدا بە ئاستی پیشەیی و توانای مانایی دیاریدەکرێت، نەک وەکو پایەی هەرەمی لە گروهی خێڵدا، لێرەوە بزوتنەوەی کوردی ئەوکاتە هەرەسیهێنا کە بە ئیفلیجی لە باوەشی خێڵدا لەدایکبوو، وە ڕۆشنبیری کوردی یان لە مەیدان و شوێنی

دەستەڵاتی ئەو بزوتنەوەیە کشایەوە، یاخود تەسلیمی ویست و دەستەڵاتی خێڵ بوو بۆ پاراستنی خۆی وە یان بۆ دۆزینەوەی پەراوێزێک لە جوڵەو جێبوونەوەی لەو مەیدانەدا وەیاخود لەبەر گەلێ هۆی تر کە ئەوە باسێکی تایبەت دەخوازێت، ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت شکستی گروهی و ڕۆشنبیری و بێتوانایەتی لە گۆڕینی ڕەوتی بزوتنەوەی کوردیدا لە خێڵەوە بۆ نەتەوە، بۆ نمونە کاتێک یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەرەتادا وریایانە هۆکارەکانی هەرەسهێنانی بزوتنەوەی کوردی دیاریدەکاو هێزە ڕاستەقینەو پاڵپشتە نوێکانی دەناسێت، وە خوازیاری هەڵچنینی بونیادی حیزبایەتی خۆیەتی لە هەناوی ئەو هێزانەدا، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە دوایی هەمان بزوتنەوە لەو ستراتیژە لادەداو ڕەوتی بزوتنەوەی کوردی دەکاتەوە بە بەشێکی نەپچڕاو لە جوڵەو خێڵ و یاخود لە شەڕی کێبەرکێدا بەهەمان سیاسەتی پێکهاتە حیزبییە - خێڵەکیەکانی دی کاردەکات.

# ئەنفال؛ جینۆسایدکردنی کورد لە عێراق

## نووسینی: خالید ساڵح

## وەرگێڕانی: کاوە جەمال

**عێراق و کوردەکان (ووتارێکی بیبلۆگرافی) (١)**

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٨دا کاتێک لە ناوبردنی کوردستان وەکو کوشتنی بە کۆمەڵی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە ڕاستییەکی ڕوون وئاشکرابوو، هەرچەندە ئەم ڕاستییە لەڕۆژئاوا دۆکیومێنت نەکرابوو، «میلتۆن فورست» ووتارێکی سەرنجڕاکێشەری لەڕۆژنامەی «The International Herald Tribun» لەژێر ناونیشانی «عێراق و کوردەکان: چۆن بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دەسەلمێنرێت ؟» بڵاوکردەوە. فیۆرست پێیوابوو، نارەوایە حکومەتی عێراق سزابدرێت، لەبەرئەوەی تاوانێکی تایبەتی کردووە، کە بەڕای هەندێک لەسەرچاوەکان لەوانەیە هەرگیز ڕووی نەدابێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئایا ڕاستە عێراق چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان بەکارهێناوە، فیۆرست لە قازانجی حکومەتی عێراقی سەفەرێکی عێراقی کردو ماوەی هەفتەیەک لەوێ مایەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەوانەی پێیان وابوو کە عێراق چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان بەکارهێناوە نەیان ئەتوانی ئەم تاوانبارکردنە بسەلمێنن. لێرەوە سەردانەکەی فیۆرست بۆ عێراق و دواتر ووتارەکەشی وەک سەلماندنی ئەو ڕایە وابوو کە گوایا عێراق چەکی کیمیاوی دژی کورد بەکارنەهێناوە.

پاش ئەوەی فیۆرست پێ لەسەرئەوە دادەگرێ کە «عێراق سوپای ناردوە بۆ کوردستان بۆ لەناوبردنی یاخیبوونی کورد» کە لەشەڕی ئێران و عێراقدا پاڵپشتی ئێرانیان کردوە، ئیدی لەووتارەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە چی بینیوە لەکاتێکدا لەناو هەلیکۆپتەرێکی عێراقیدا بووە و تەماشای ناوچەکانی کردوە: «کەلاوەی سەدان دێی کوردی کە لەلایەن سوپای عێراقییەوە وێرانکراوە بۆ ئەوەی ڕێگانەدرێت بەیاخیبووەکان هیچ پەنایەکیان دەستبکەوێت». فیۆرست پشت ئەستوور بەوەی کەبینیوێتی دەگاتە ئەو دەرەنجامەی «تەنانەت گەر گازی ‹لیثال›یش بەکارهێنرابێت، ئەوا بەشێوەیەکی جینۆسایدی بەکارنەهێنراوە» واتە بە مەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد یان بەشێک لەگەلی کورد ‹وەرگێر› لەبەرئەوەی کە کوردەکان لەعێراق گروپێکی

یەکدی ناس و هاریکار پێکدەهێنن، ئەوا گەر کوشتاریگەورە ڕوویبدایە، بێگومان ئەوان پێیاندەزانی و بەجیهانیان ڕادەگەیاند. بەڵام نە من و نە هیچ ڕۆژئاواییەکی تر کە بینیومە ئەم بیروڕایانەیان نەبیستووە.

فیۆرست لەکاتی سەردانەکەیدا تێبینی هیچ شتێکی وای نەکردوە کە نیشانیبدات لە ناوچە کوردییەکاندا پشێوی هەیە. بە بۆچوونی ئەو هەمـوو شتێک لەدۆخی ئاسایی خۆیدابووە. «لەشارەکانی باکووری عێراق کەپیاوان جامانەی کوردی دەبەستن و پانتۆڵی دەڵب لەبەردەکەن، ژیانی ڕۆژانە وەک خۆی دەڕوات و شارەکانیش هەروەک جاران قەرەباڵغن، بەجۆرێکی وا کەهەرگیز بەم شێوەیە لەمەوپێش نەمبینیوە».

تەنانەت ئەگەر عێراق چەکی کیمیاویشی بەکارهێنابێت، هەرچەندە فیورست بەگومانەوە ئەمە دەڵێت، ئەوا «لەوانەیە جۆرە گازێکی تایبەتی لەهێرشی هەواییدا دژی بارەگای یاخیبووەکان بەکارهێنرابێت، بەڵام ئەم گازە دژی خەڵکی مەدەنی بەکارنەهێنراوە. پشکنینی کوردە پەناهەندەکان لە کەمپەکانی تورکیا لەلایەن پزیشکەکانیUN و خاچی سوور و پزیشکە فەرەنسییەکانەوە دەری دەخات «لەوانەیە دژی خەڵکی مەدەنی گازێکی فرمێسکڕێژی بەهێز بەکارهێنرابێت، بەڵام ئەم گازە بە هیچ شێوەیەک گازی ‹لیثال› نییە».

فیۆرست بە ئاشکرا دەخوازێ بڵێت، چیدی بەسە بێزارکردنی حکومەتی عێراق و زەرەر گەیاندن بە پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا. فیۆرست بۆئەوەی قەناعەت بەخوێنەران بکات کەوا ژیان لەناوچە کوردیەکاندا «ئاساییە» پێمان دەڵێت کە قسەی لەگەڵ چەکدارەکوردەکان ‹جاشەکان - وەرگێڕ-› دا کردووە کە لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە دژی یاخیبووەکان بەکارهێنراون، فۆرست بە ئاشکرا دەخوازێ بڵێت، چیدی بەسە بێزارکردنی حکومەتی عێراق و زەرەر گەیاندن بە پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا.

پاش کەمتر لە دوو ساڵ، کاتێک عێراق هێرشیکردە سەر کوێت، بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن فیورست لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ دا پێشبینیەکی پێغەمبەرانەی کردووە، چونکە لەو کاتەدا فیۆرست بەو پەڕی بڕوابەخۆبوونەوە، بەرپرسیاریە ئەمەریکیەکان بیردەخاتەوە، «پاش ئەوەی عێراق یاخیبوونی کوردەکانی دامرکانۆتەوە، هیچ شەڕێکی تری لەبەرنامەدا نییە و پەیمانی ئەوەی داوە کە ئیلتزامبکات بە «پەیمانی جنێف»ەوە سەبارەت بە شەڕی کیماوی. کەچی لە ١٩٩٠,٨,٢دا عێراق هێرشیکردە سەر کوێت، ئەم ڕووداوە بووە هۆی ڕوودانی شەڕی کەنداو.

دەنگی دووەم:

لەکاتی شەڕی کەنداودا، یەکێک لە پایە گرنگەکانی بەهانە هێنانەوەی ئایدۆلۆژی بۆ ڕەوایەتی ئەم شەڕە، بریتیبوو لە چەوساندنەوەی گەلی عێراق لەلایەن ڕژێمەوە، بەتایبەتی بەکارهێنانی چەکی کیماوی دژ بە گەلی کورد.

ئەوانەی دژ بە شەڕەکە بوون، سەبارەت بەم ستراتیژیە هەلپەرستانەیەی وولاتە ڕۆژئاوایەکان، پەنجەیان بۆ ئەو ناکۆکیانە رادەکێشا کە لە سیاسەتی هاوپەیمانەکاندا هەبوون، ئیتر چ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا یان جیهان بە گشتی، چ لە رابووردوودا یان لەئێستادا.

یەکێک لەوانەی کە سەبارەت بەم ڕووداوە دوا «ادوارد سعید» بوو. ئەو بابەتانەی کە پاڵیان بە «ادوارد سعید»ەوە نا بەشداریبکات لەم گفتوگۆیەدا، بریتی بوو لە ئیمپریالیزم، ناسیونالیزمی عەرەبی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ.

لە ١٩٩١ ,٣ ,٧دا ئیدوارد سەعید دەنووسێت:

«زۆر جار دووپاتکراوەتەوە، کە گوایە عێراق چەکی کیماوی دژی هاوولاتیانی خۆی بەکارهێناوە، بەلام لە باشترین حاڵەتدا، ئەم مەسەلەیە گومانلێکراوە. کاتێک عێراق هاوپەیمانی ئەمەریکا بووە، راپۆرتێکی «کۆلێژی شەڕ War College» باسی ئەوە دەکات کە بەکارهێنانی چەکی کیماوی دژی کوردەکان لە هەڵەبجە لەلایەن ‹ئێران›ـەوە بووە. کەم کەس ئێستا لە هۆیەکانی راگەیاندندا باسی ئەم راپۆرتانە دەکەن».‹٣›

ئەگەر ئەم سەرنجە گشتییە لەبەرچاو بگرین کەوا ئیدوارد سەعید دائەنرێت بە یەکێک لە ڕۆشنبیرە رەخنەگرەکان، ئەوا ئەم هەوڵەی ئەو بۆ گومانکردن لە بەکارهێنانی چەکی کیماوی دژی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە نەک تەنها جێگەی سەرسووڕمانە، بەڵکو هەروەها داچڵەکێنەریشە. ئاخر ئەم ووتانە لە ڕۆشنبیرێکی تاراوگەی سێکیولێرەوە، عەلمانیەوە، دێت کە سەر بە«چینێکی ڕووناکبیرە، کە ڕێگا بە خۆی نادات گەمەی بێمانای شووناس ‹identity game› بکات. هەروەها دەخوازێبە شێوەیەکی سۆزمەند تەعبیر بکات لە بەرژەوەندیەکانی ئەو کەسانەی ئەم جیهانە کە گوێیان لێناگرێت، کە نوێنەریان نییە و پەیوەندییان پێوەناکرێت. هەروەها ئیدوارد سەعید هەڵدەستێت بەم کارە «وەک ڕۆشنبیرێکی مولتەزیم کە بە شێوەیەکی رەخنەگرانە مێژوو دەخوێنێتەوە».‹٤›

**دۆکیومەنتی پڕ لە زانیاری**: Detailed documents

هەرچەندە لەو کاتەدا هیچ کەسێک توانای ئەوەی نەبووە، بە نیشاندان و خستنەرووی دۆکیومەنتیحکومەتی عێراقی، یارمەتی ئیدوارد سەعید بدات بۆ ئەوەی زاڵبێت بەسەر گومانەکەیدا، ئەوا رووداوەکانی دوای شەڕی کەنداو رەهەندێکی چاوەڕوانکراویان لەخۆگرت.

رووداوەکان دەرفەتێکیان رەخساند کە پێش شەڕی کەنداو نەدەرەخسا. دەرفەتەکە ئەوەبوو کە ئێستا وە بۆ یەکەم جار ئەتوانرێت دۆکیومەنتەکانی رژێمی عێراقی خۆی بەکاربهێنێت بۆ سەلماندنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان.

ئۆفرابینگیۆ، کە پسپۆڕێکی ئیسرائیلییە لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا، کتێبێکی نووسیوە بەناوی: «سەدام سەبارەت بە قەیرانی خەلیج قسە دەکات» ‹٥›. ئۆفرا لە پێشەکی ئەم کتێبە بەڵگەنامەییەدا سەرنجمان رادەکێشێت بۆ ئەوەی کە ئەگەر بمانەوێت لە هێرشکردنە سەر کوێت بگەین، ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سیاسەتی ناوخۆدا لە عێراق روویداوە، بە تایبەتی کاتێک صدام حسین لە ساڵی ١٩٧٩دا بوو بە سەرۆکی عێراق.

لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٩٠ دا دیوانە مەزنی «جنون العضمة» وای لە صدام حسین کرد کە هەمان شێوازی حوکمکردنی ناوخۆیی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەشدا بەکاربهێنێت. بەڵام ئێمە چی ئەزانین سەبارەت بە شێوازی حوکمکردنی ناوخۆی عێراق؟؟ ئایا ئەتوانین لە رێژەی ئەو توندوتیژیە تێبگەین کەوا صدام حسین دژی کوێتیەکان بەکاریهێنا، بێ ئەوەی وێنەیەکی تەواوی ئەو شێوازەی حوکمکردنەمان هەبێت کە صدام لە ناوخۆی عێراقدا پیادەی کردوە؟ ‹واتە چەوساندنەوەی گەلی عێراق. وەگێڕ›

کاتی راپەڕینەکەی کوردستان، کوردەکان دەستیان گرت بەسەر ژمارەیەکی زۆری فایلەکانی دەزگاکانی ئەمن و موخابەراتدا. هەرچەندە بەشی هەرە زۆری فایلەکان لەسەرەتای راپەڕیندا بەهۆی شڵەژاوی بارودۆخی ئەو کاتەوە سووتێنران یان لەناو بران، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا زیاتر لە‹١٨› تەن لەم فایلانە لەژێر چاودێری MEW ـ میدل ئێست وۆچ ـلە ئەمەریکا لە ‹٨٤٧› سنووقدا هەڵگیراون.

MEW لەسەر بناغەی ئەم فایلانە، چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە‹وەرگێڕ› دووان لەم کتێبانە بریتین لە «جینۆساید لە عێراق» ‹٦› و «بیرۆکراتیەتی چەوساندنەوە» ‹٧› MEW هەوڵئەدات لە رێگەی سەرلەنوێ دانانەوەی ئەو دۆکیومەنتانەی کە لەم دوو کتێبەدان، سیاسەتی رژێمی عێراقی بەرامبەر بە کوردەکان، بەتایبەتی لە نێوان ١٩٨٨–١٩٨٧دا بخاتەڕوو. MEW ئەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە «دەکرێ بە قەناعەتەوە بڵێین صدام حسین مەبەستی بووە بەشێک لە

کەمایەتی کورد لە عێراق لە ڕێگەی جینۆسایدەوە لەناو ببات. کوردەکان لەکاتی ئەنفالدا، هێرشکراوەتە سەریان لەبەرئەوەی ‹کورد› بوون. لە کاتی ئەنفالدا ڕژێمی صدام حسین بەشێوەیەکی بەرفراوان تاوانی جەنگ، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدی پیادەکردوە». ئەمەش دەرئەنجامێکی سەرپێیی نییە، بەڵکو سەرئەنجامی پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی بێ وێنە و هەوڵێکی زۆرە. ئەم پرۆژەیە ١٨مانگی پێ چووە و لە سێ بەش پێکهاتووە.

**بەشەکانی ئەم پرۆژەیە بریتین لە:**

١- شایەتی شەفەهی زیاتر لە ٣٥٠ ‹شهود عیان›، یان ئەوانەی ڕزگاریان بووە.

٢- سەلماندنی عەدلی ‹ اثباتات عدلیة› لەو ناوچانەی کە گۆڕستانی بەکۆمەڵی تیادایە.

٣- ژمارەیەکی زۆر لە دۆکیومەنتەکانی ڕژێم کەلەکاتی ڕاپەڕیندا دەستیان بەسەردا گیراوە ‹وەرگێڕ›.

مەبەست لە بڵاوکردنەوەی کتێبی ‹بیرۆکراتی چەوساندنەوە› بریتی یە لەخستنەڕووی وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە دۆکیومەنتەکانی ڕژێم کە ئێستا لەلایەن "MEW"ـەوە ڕاڤەدەکرێن .

ئەم کتێبە وەک گەنجینەیەکی زێڕین وایە بۆ لێکۆڵەرەوەکان، چونکە لەڕێگەی ئەم دۆکیومەنتانەوە دەرفەتی ئەوەیان هەیە قسە لەگەڵ ڕزگاربووەکان بکەن، ئێسقانی ئەوانە دەربهێنن کە کوژراوون، وەپاشان بزانن کەچۆن ڕژێم خۆی تەماشای ڕووداوەکانی کردووە، ئەم کارانە کاتێک کران، کەڕژێم هێشتا لەسەر حوکمبوو، بۆیە ئەم کارەی "MEW" بەڕووداوێکی زۆر دەگمەن و تایبەت دادەنرێت لە مێژووی لێکۆڵینەوەدا لەمافەکانی مرۆڤ.

ئەو ٣٨ نموونەی دۆکیومەنتە عەرەبیانە لەگەڵ وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەیاندا دادەنرێن بەپێشەکیەکی باش بۆ ئەو ژمارە زۆرە فایلانەی کەلەکاتی ڕاپەڕیندا دەستیان بەسەردا گیراوە، ئەم ٣٨ دۆکیومەنتە دابەشکران بۆ چەند بەشێکی گرنگ، بۆ نموونە: بەعەرەبیکردنی ناوچەکوردیەکان، ئەو سیاسەتەی ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی شەستەکان. بەشێک سەبارەت بە سیاسەتی ‹ناوچەقەدەغەکراوەکان›ـە کە پێش دەستپێکردنی ئەنفال ڕوویداوە، لەناوبردنی هەزاران دێی کوردی ودەیان شاری پچکۆلە، هێرشی کیماوی دژی مەدەنیە کوردەکان. بەشێکی دی سەبارەت بەو چوارچێوە ئیداریەیە کەئەنفالی ناوە، لەنێوان مانگی ٣ ی١٩٨٧ و مانگی ٤ ی ١٩٨٩دا. ئەنفال لەلایەن ڕژێمەوەبەشێوەیەکی ڕەسمی لەنێوان ١٣, ٢, ١٩٨٨ تا ٦, ٩, ١٩٨٨ بەردەوامبووە. هەروەها بەشێکیش سەبارەت بەشەڕی کوێت

وراپەڕینەکانی کوردستان وباشووری عێراقە. وەلەگەڵ ئەمانەشدا چەند دۆکیومەنتێکی تری گرنگ.

**زمانی ئیجرائی (اللغة الاجرائية)** Procedural Language

ئەم دۆکیومەنتانە هەموویان بەیەکەوە نیشانەی شێوازێکی سەرنجراکێشەری زۆر پتەون. ئەو زمانەی کەئەم دۆکیومەنتانەی پێنووسراوە تابڵێی ووشک و ڕەسمییە. هەروەها ئەم دۆکیومەنتانە تیشکێکی گەورە ئەخەنە سەر مەنهەجییەت و سیفەتی ڕۆتینیی بیرۆکراتیەتی ڕژێم لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانیداو ئاسۆیەکی گەورەشمان بۆدەکەنەوە سەبارەت بە چۆنییەتی ئیشکردنی ناوەکیی دەوڵەتێک کەلەڕێگای یەک پارتەوەو بەشێوەیەکی سەرکەوتوو حوکمدەکرێت.

پێشکەوتوویی و گشتگیریی ئەرشیفی ڕژێمی عێراقی ئەوە دەسەلمێنێ کەئەم دۆکیومەنتانە بریتین لەتەعبیرێکی ڕاستەقینە و ڕەسەنی سیاسەتی عێراقی دژبە کوردەکان. ئەم ڕاپۆرتانە سەرەتایەکی ئاشکرا دەردەخەن دەربارەی«گوتارێکی تایبەتی سەرکووتکردن و چەوساندنەوە» کەڕژێمی عێراقی هەتا پێش نەورۆزی ساڵی١٩٩١ لەعێراقێکی داخراو و دابراولە جیهانی دەرەوەدا هێناویتیە کایەوەو دوای ڕاپەڕین بەشێکی کەمی ڕزگاریبووە لەئامێری چاودێری ڕژێم.

ئەو لێکۆڵەرەوانەی سەبارەت بەڕژێمە ستەمکار و تۆتالیتاریەکان دەنووسن، دان بەوەدادەنێن کە زەحمەتە زانیاری دۆکیومەنتکراوی بڕواپێکراو سەبارەت بەزۆربەی بابەتەکان دەستبکەوێت، بەڵام بەتایبەتی سەبارەت بەبابەتە «حەساسەکان»، وەک: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، پرۆژە ئایدیۆلۆژیەکان کەتایبەتن بەسەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی هاوولاتیان، گوێزانەوەی نیشتەجێبووان لەبەشێکی وولاتەوە بۆ بەشێکی تر وەسەرلەنوێ داڕشتنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دانیشتووان. ئەمەی دواییان زۆرجار بەمۆدێرنیزەکردن ناودەبرێت. ئەم دانپیانانە لەحاڵەتەکانی ئەنفالیشدا ڕاستە.

**ئاگالێبوونی زانستی** Scholarly Circumspection

دوو جۆر بڵاوکراوەی زانستی سەبارەت بە ڕژێمی بەعس لەعێراقدا باڵادەستن. باشترین نموونەی یەکەمیان بریتیە لەو کتێبەی لە ساڵی١٩٨٨دا لەلایەن «فریدریک ئەکسیلگارد» بڵاوکراوەتەوە ‹٨›. ئەکسیلگارد لەوبڕوایەدایە کە لەساڵانی شەڕی عێراقی-ئێرانیدا لەژێر

سایەی سەرکردایەتی صەدام حسێن و پارتی بەعسدا «شوناسێکی نیشتمانیی یەکگرتوو» هاتۆتە کایەوە. شەڕی عێراقی –ئێرانی و سیاسەتی مۆدێرنیزەکردن کەلەلایەن ڕژێمی «صدام حسین»ـەوە پیادەکرا. هەرچەندە ئەم سیاسەتە بەبیروڕای ئەوانەی لە دەرەوەی عێراق دەژیان بەسیاسەتێکی توندوتیژ لەقەڵەمئەدرا، بۆتە هۆی دروستکردنی «نەتەوەیەکی نوێ» کە وەفادارە بەرامبەر بەسەرکردایەتی صەدام حسێن. گەورەترین سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە بریتییە لەوەی شیعەکانی باشووری عێراق هەرگیز هەوڵیانەدا دژی ڕژێم ڕاپەڕن، هەچەندە ڕژێمی ئێران لەم ڕووەوە زۆر هەوڵی لەگەڵ دان. هەروەها ڕژێم توانی کوردەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەجۆرێک بەشێکی زۆری کوردەکانلەساڵی ١٩٨٨دا وەفادار بوون بەرامبەر ڕژێم ‹افواج خفیفة و جاشەکان –وەرگێڕ›.

ئەمجۆرە نووسینانە بەشان و باڵی سیاسەتی ڕژێمی بەعسیاندا هەڵداوە، لەبەرئەوەی توانیوێتی نەتەوەیەکی یەکگرتووی جێگیر دروستبکات، بەڵام بەهیچ جۆرێک گرنگی نادەن بەو بارودۆخ ومەرجانەی پێویستە بۆ ئەوەی لەکۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای عێراقیدا کە تارادەیەکی زۆر نائارام و حوکم نەکراو و پارچە پارچەیە، نەتەوەیەکی نوێی «یەکگرتو و ئارام»ی لێدروستبکرێت؟ ئەم جۆرە نووسینانە بەهیچ شێوەیەک گرنگینادەن بەو ئازارەی کە میللەت لە ئەنجامی سیاسەتی مۆدێرنیزەکردن تووشیدەبێت.

بەشی دووەمی نووسینەکان زۆر ڕەخنەیین. باشترین نموونە بریتییە لە نووسینەکانی ماریۆن فارووق– سلوگلێت و پیتر سلوگلێت ‹٩›و کتێبەکەی سمیر الخلیل‹١٠›. هەرچەندە ئەم نووسەرانە بەشێوەیەکی ڕەخنەییانە سەیری ڕووداوەکان ئەکەن وقێزدەکەنەوە لە سیاسەتەکانی ڕژێم، بەڵام لەهەمان کاتدا نووسینەکانیان سنووردار، لەبەر دەستنەکەوتنی زانیاری پێویست لەئەنجامی سیاسەتی شاردنەوەی زانیاریەوە کەلەلایەن ڕژێمەوە پیادەدەکرێت.

بەڵام هێرشکردنە سەر کوێت، پاشان هەڵگیرساندنی شەڕی کەنداو و لەدوایدا ڕاپەڕینی شیعەکان لەباشوور و کوردەکان ئەم بارودۆخەی گۆڕی ‹واتە زانیاری دەتوانرا ئاسانتر دەست بکەوێت ـوەرگێڕـ›. ئەو بارودۆخە نوێ یەی دوای شەڕی کەنداو رەخسا، بووە هۆی تێکشکاندنی بازنەی داخراوی بێدەنگی و بێباکی.

ڕاپەرینەکانی باشوورو کوردستان تەنها ئەوەیان پیشاننەدا، ئەو نەتەوەیەی کە"Axelgard" بە «یەکگرتو و ئارام» دیاریدەکات، تا چ ڕادەیەک «سادەو سەرزارەکی» بوو، بەڵکو هەروەها لەپڕ ڕێگای ئەوەیان دا باس لەمەرجە ناوخۆییەکانی ئەم«وێنەی نەتەوە»یە بکرێت. چۆن ڕژێم سیاسەتی مۆدێرنیزەکردنی پیادەکردووە. هەروەها ڕێگای ئەوەیاندا دەستبکرێت بە

لێکۆڵینەوە لەئاستی ئەو سەرکووتکردنەی کەلەلایەن ڕژێمەوە دژی مەدەنیەکان پیادەکرا، بەتایبەت دژی کوردەکان <١١>.

لەم ڕووەوە کتێبی «جینۆسید لەعێراق» توانیویەتی بە شێوەیەکی باش وەلامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئەم کتێبە بۆمان دەردەخات چۆن ڕژێم بەوپەڕی هێمنی و ووردی و لەسەروو هەموویەوە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە تاوانی جینۆسایدی دژی کورد پیادەکردوە. ناوەرۆکی ئەم کتێبە پشتدەبەستێت بەو شایەتانەی کە هێرشی کیمیاوی کراوەتە سەریان و ئەوانەی کەلەلایەن سووپای عێراق و دەزگای امن و مخابرات وجاشەکانەوە دێکانیان کاولکراوە. ئەم کتێبە پشت نابەستێت بەوەی ڕۆژنامەنووسێک بینیویەتی کاتێک لە هەلیکۆپتەرێکی سووپای عێراقیدا بووەو بەسەر ناوچە کوردەکاندا گەڕاوە یان ڕاپۆرتی <کۆلیجی شەڕ> چۆن لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دوواوە.

نووسەرانی ئەم کتێبە بۆ پتەوکردنی شایەتەکان، پەنایانبردۆتە بەر فایلەکانی ڕژێم کەلەکاتی ڕاپەریندا دەستیان بەسەردا گیراوە. پێش ڕاپەڕین بەهیچ شێوەیەک مەزەنە «نەدەکرا ڕۆژێک لەڕۆژان ئەم فایلانە دەستیان بەسەردا بگیرێت. فایلەکان بریتین لە دۆکیومەنتی نووسراو، کاسێتی تۆمارکراو، کاسێتی ڤیدیۆ وشایەتی عەدلی کە لەجێگای گۆڕە بەکۆمەڵەکان» کۆکراونەتەوە.

### ئەنفالەکان Anfal Operations

هەرچەندە ڕژێم بەشێوەیەکی ئاشکرا نکوڵی لەوە کردوەکە لەساڵی١٩٨٨دا چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان بەکارهێنابێت، بەلام نکوڵی لەوە نەکردوە کەهێرشەکانی ئەنفال رویدابێت.

لەوەلامدانەوەی داواکارییەکی سەربازێکی کورددا کەیەخسیری شەڕبوو، بەرێوبەری سەرۆکایەتی کۆماری، ڕیئاسەی جمهوری،ڕادەگەیەنێت: «ژنەکەت و منداڵەکانت لەکاتی ئەنفالەکاندا لەناوچەکانی باکوور لەساڵی ١٩٨٨دا وونبوون». «الانفال» ناوی سوورەتێکە لەقورئاندا، ڕژێم وەک ناوێکی سەربازی رەسمی لەبەیانە رەسمییەکان و یاداشتە ناوخۆییەکاندا بەکاریهێناوە. هێرشەکانی ئەنفال پێکهاتبوو لە هەشت هێرش، لەنێوان کۆتایی مانگی ٢ وسەرەتای مانگی ٩ ی١٩٨٨دا لەهەشت شوێنی جیاواز لەکوردستان لەلایەن ڕژێمەوە پیادەکرا.

لەڕاستیدا ئەنفال زیاترە لەچەند هێرشێک دژی بەرگری کوردی و دێ کوردیەکان. ئەنفال پێکهاتبوو لە چەندان کاری تایبەتیکە بە لەناوبردنی هەزاران لادێی کوردی دەستپێدەکات؛ دواتر کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکان پاش چەند هێرشێکی کیمیاوی یەک بەدوای یەکدا؛

گوێزانەوەی دانیشتوانی دێکان بۆ ئۆردوگای تایبەتی؛ جیاکردنەوەی گیراوەکان و پاشان دیاریکردنی ئەوانەی دەبێت بکوژرێن؛ گوێزانەوەی دانیشتوان بەپێی دابەشکردنیان بۆ گروپی جیاجیا، بۆ نموونە گوێزانەوەی ئافرەتان و منالآن بۆ ئۆردوگای تایبەتی و پیروپەککەوتەکان بۆ باشووری عێراق و ناردنی پیاوان لەنێوان ١٥ ساڵ و ٧٠ساڵدا بۆ گۆری بەکۆمەڵ و کوشتنیان. ئەم گۆڕە بەکۆمەلآنە کە لەوەو پێش هەڵکەندرابوون، پاش کوشتنیان بەخۆڵ پڕدەکرانەوەو دادەپۆشران و لەلایەن رژێمەوە نکوولّی لەوە دەکرا کەهیچ شتێک بزانێت سەبارەت بە چارەنووسی کوژراوەکان .

رژێم هیچ شتێکی نەکرد بۆ شاردنەوەی هێرشەکانی ئەنفال لە بیروڕای گشتی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دوای سەرکەوتنی هەموو هێرشێک رژێم دەهۆڵی سەرکەوتنی لێدەدا، هەروەک چۆن لەکاتی شەڕی عێراقی -ئێرانیدا هەمان کردەوەی دەکرد. بەم شێوەیە ‹ئەنفال› درێژەبوونەوەی لۆژێکی پرۆسەی بەعەرەبکردن بوو کەرژێم نزیکەی ‹٢٠› ساڵ لەوەوبەر دەستیپێکرد. بەلآم ئەنفال لەگەڵ هەموو دڕندایەتی هێرشەکاندا، بەڕووداوێکی تازە دانانرێ، چونکە رژێمی بەعس لەوەو پێش و لەکاتی جیاوازدا هێرشی زۆر دڕندانەی کردۆتە سەر کوردەکان، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٦٨ ـەوە. پاش بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان، نیوەی یەکەمی حەفتاکان، رژێم دەستیکرد بەپرۆسەی بەعەرەبیکردنی ئەو ناوچە کوردیانەی کە دەوڵەمەندبوون بە نەوت. جووتیارە کوردەکانی دەگوێزایەوەو لەجێی ئەمان خەڵکی عەرەبی لە باشووری عێراقەوە دەهێناو نیشتەجێیدەکردن کە عەشائیر بوون و لەرووی ئابوورییەوە هەژاربوون، ئەمانە لەلایەن رژێمەوە دەپارێزران.

پاش هەرەسهێنانی شۆرشی کوردی ساڵی ١٩٧٥ و ڕاکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئێران، دەیان هەزار ئەندامی خێڵی بارزانی بەزۆر لە شوێنەکانی خۆیان هەڵکەندران و گوێزرانەوە بۆ ناوچەی بیابانی ووشک لە باشووری عێراق ودەبووایە لەوێ سەر لەنوێ ژیانیان بنیاتبنێنەوە، بێئەوەی لەلایەن رژێمەوە هیچ یارمەتییەکبدرێن.

**گوێزانەوە، سزادان، ناوچەی ووشک وبیابانی** Evacuation, Punishment and Waste

لەناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکاندا، بەمەبەستی دروستکردنی پشتێنێکی ئەمنی بەدرێژایی سنووری عێراق لەگەڵ ئێران وتورکیا، رژێم سەرلەنوێ دەستیکردەوە بە گوێزانەوەی زۆرەملێی بەلایەنی کەمەوە ٢٥٠ هەزار کوردکە لەنزیک سنورەکانی ئێران وتورکیا دەژیان. رژێم دێکانی

ئەم ناوچە کوردیانەی لەناوبرد، بەشی زۆری کوردەکان کە لەجێگای خۆیان هەڵکەندرابوون سەرلەنوێ نیشتەجێکرانەوە لە ئۆردوگای زۆرەملێی تازەدا کە لەژێر چاودێری سوپای عێراقیدا بوون.

پارتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی، سەرلەنوێ بوونەوە بەهاوپەیمانی حکومەتی ئێرانی. ئێران و پارتی ساڵی ١٩٨٣ پلانێکی هاوبەشیان بەدەستەوە بوو بۆ گرتنی شارۆچکەیەکی سنووری. ئەم رووداوە بوو بەهۆی ئەوەی کە رژێم یەکسەر سزای پارتی بدات. هێزەکانی سوپای عێراقی ٥٠٠٠ تا ٨٠٠٠ پیاویان لە بارزانیەکان کە لەباشوری عێراق نیشتەجێکرابوون سەرونوگومکرد. صەدام حسێن لە سێپتەمبەری ١٩٨٣دا زۆر بەئاشکرا گووتی: «ئەوان خیانەتیانکرد لە ووڵات و پەیمان «عهد»، بۆیە بە توندترین شێوە سزامانداو و ناردمانن بۆ دۆزەخ» لە زۆر رووەوە ئەم کارە لە ئەنفال دەچێت، تەنها لەگەڵ یەک جیاوازیدا، ئەویش ئەوەیە کە ئەنفال زۆر بەرفراوانتربوو، بێگومان نەبوونی هیچ جۆرە بەرپەرچدانەوەیەک لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە دژی هێرشکردنە سەر بەرزانیەکان، زیاتر هانی بەغدادی داکە ئەنفال دژی کوردەکان پیادەبکات بێئەوەی لەسەر ئەم کردەوەیە سزابدرێت .

لەم رووەوە رژێمی بەعس لەوەئەچێت ڕاستبوو بێت لە بۆچونەکانیدا سەبارەت بە روونەدانی هیچ کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتی. لەساڵی ١٩٧٥ـەوە تائێستا، زیاتر لە ٤٠٠٠ دێی کوردی لەناوبراوە. بەپێی یەکێ لە ئەگەرەکان کان، تەنها لەکاتی ئەنفالدا زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ کورد‹خەڵکی لادێ› کوژران، بەم جۆرە نیوەی زەویوزاری عێراق کە بۆ کشتوکاڵ دەگونجێت بۆتە خاکێکی ووشک و بێسوود، MEW بەڕاستی ناوی «جینۆساید» دەنێت لەو هێرشە لەناوبەرانەی کەلەنێوان نیسانی ١٩٩٩٩٩٩و ئەپریلی١٩٨٩دا روویداوە. ئەنفال بریتی بوو لەچەقی ئەم هێرشانە. ئەنفال نابێت بە هیچ شێوەیەک دابنرێت بە بەرهەمێکی لاوەکی شەڕی ئێرانی –عێراقی. ئەنفال بریتییە لە کارێکی لۆژێکی کەلەوەو پێش نەخشەی بۆ کێشراوەو تازەترین شێوەکانی بەڕێوەبردن وتەکنیک تیایدا بەکارهێنراوە.

شەڕی ئێرانی–عێراقی فرسەتێکی زۆر باشی دا بەرژێم بۆ داپۆشینی ئەو هەوڵوکۆششەی کە ماوەیەکی زۆر درێژ پێوەی خەریک بوو بەمەبەستی چۆکدادان بە کوردەکان. ـ هەوڵ و کۆششی رژێمی عێراقی بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٠ساڵ لەمەوبەر، واتە پێش هەڵگیرساندنی شەڕی ئێرانی ـ عێراقی. ‹وەرگێڕ›.

**هۆلۆکۆستێکی تر**

لەرووی تیۆرییەوە، کتێبی «جینۆساید لە عێراق» هەوڵئەدات ڕووداوی «جینۆسایدی کوردی ١٩٨٧–١٩٨٩ لەسەر بناغەی هەمان پارادایم لێکبداتەوە کەلەکتێبەکەی «ڕاوول هیلبێرگ»دا سەبارەت بە مێژووی هۆلۆکۆست باسکراوە‹١٢›. ئەو بۆچوونەی لەکتێبی«جینۆساید لە عێراق»دا باسکراوە لەهەمانکاتدا قورس و«حاذق–ماهر» "Subtle"ە بۆیە تەنها کورتەیەکی کەم سەبارەت بەناوەرۆکی کتێبەکە، هەقنادات نە بەقوربانیەکانی ئەنفال و نەبەکتێبەکەش. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەتوانرێت ناوەرۆکی کتێبەکە وەک خوارەوە کورتبکرێتەوە:

جینۆسایدی کوردی پڕ بەپێستی پارادایمەکەی«هیلبێرگ»ە، ئەم پارادیمە دەتوانرێت لە سێ چەمکدا کورتبکرێتەوە: پێناسەکردن «یان دیاریکردن »، کۆکردنەوە «یان گرتن »و لەناوبردن. دوای دانانی «علی حسن مجید» لەنەورۆزی ١٩٨٧دا بە «بەڕێوەبەری نووسینگەی باکوور»ی حزبی بەعس و بەخشینی دەسەڵاتی تایبەتی پێی، پرۆسەی دیاریکردنی ئەوانەی کە دەبێت ئەنفالبکرێن دەستیپێکرد. علی حسن مجید لە قۆناغی یەکەمدا مەرسومێکی دەرکرد کە«یاخیبووان هەمووجۆرە مافێکی موڵکایەتی ووندەکەن، دانیشتووانی ناوچە قەدەغەکراوەکان مافە یاساییەکانیانتەجمیددەکرێت، پاشان خزم و کەسوکاری پلەی یەکەمی یاخیبووەکان و مەدەنیە بریندارەکان کەلەلایەن دەزگاکانی ئەمن و موخابراتەوە دەزانرێت دژ بەرژێمن، هەڵدەواسرێن.»

پرۆسەی کێشانی سنوورێکی بەردەوام کە نەکرێت لاببرێت، واتە هێڵی سوور لەنێوان «ئێمە» و «ئەوان» دا، لەمانگی ٦ ی ١٩٨٧دووای دەرکردنی دوو فەرمانی بەردەوام دەستیپێکرد. ئەم دوو فەرمانە لەسەر بناغەی بەڵگەنەویستێک دانرابوون کەهەموو کوردێک لێیتێدەگات: لە ناوچە لادێییە قەدەغەکراوەکاندا هەموو دانیشتوان سنووری هاوبەشیان هەیە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا، بۆیە دانیشتوان لەسەر ئەم بناغەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

یەکەم فەرمانی علی حسن مجید بریتیبوو لە سیاسەتی «تەقەبکە بۆ ئەوەی بکوژیت-Shoot-to-kill» بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو جۆرە شێوەیەکی ژیان لە ناوچە قەدەغەکراوەکان. دووەم فەرمان بریتیبوو لەهاندانی سەربازەکان بۆ پیادەکردنی کوشتنی بەکۆمەڵ. ئەم هاندانە لەو زمانەدا دەردەکەوێت کە ئەو فەرمانانەی پێنووسرابوو. بەرپرسیارەکانی سوپا لە بڕگەی ٤دا فەرمانیانپێدراوە «بۆمببارانی شەل و کوێرانەی ناوچە قەدەغەکراوەکان بکەن، بە بەکارهێنانی تۆپ، هەلیکۆپتەر وفرۆکەی سەربازی، لە هەموو کاتێکدا؛ ڕۆژ یان شەو، بە مەبەستی کوشتنی زۆرترین ژمارە لە دانیشتوان» ‹١٣›.

علی حسن مـجید لە پەرەگرافی بڕگەی پێنجـەمدا فـەرمـاندەدات: « هەمـوو ئەوانەی کە لە گووندەکاندا دەگیرێن، دەبێت دەستبەسەر بکرێن و تحقیقیان لەگەڵ بکرێت لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و مـخـابراتەوە. ئەوانەی تەمـەنیـان لە نێوان ١٥-٧٠ سـاڵدایە دەبێت هەڵبواسرێن، پاش ئەوەی زانیاری سوودبەخشیان لێوەردەگیرێت»<١٤>.

هەرچەندە رژێم هێشتا سەرقاڵی قۆناغی دیاریکردن بوو، بەڵام هـەر لەم قۆناغەدا دەستی کـرد بـەبەکـارهێنانی چەکی کـیـمـیـاوی. فـرۆکـەکـانی رژێم بۆ یەکـەمـجـار لەناوەڕاسـتی نیسـانی١٩٨٧دا بۆمـاوەی ١٨ مـانگ، ١٤هێـرشی کـیـمـیـاویان کـردەسـەر دانیـشـتـوانە مـەدەنیـیەکانی گوندە کوردیەکـان. لەئەنجامی ئەم هێرشـە کـیمیـاویانە زیاتر لەسـەدکەس کوژران، زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون. ئەم هێرشانە پیشانیـاندا رژێم تاچ ڕادەیەک ئامادەیە خەڵکێکی زۆری بێچەکی کورد بکوژێت بێ جیاکردنەوەیان لە پێشمەرگەکان<وەرگێڕ>.

رژێم لە ناوەڕستی نیسانی ١٩٨٧دا دەستیکرد بە پیادەکردنی بەرنامەیەک کە لەسێ قۆناغ پێکهـاتبوو بەمـەبەسـتی دروسـتکردنی ناوچەیەکی دابڕاو لەنێوان «ئێمـە» و«ئەوان » دا، واتە لەنێوان حکومەت و ئەو شوێنانەی لە ژێر ڕکێفی پێشمـەرگەکانـدایە. مەبەستی ئەم بـەرنامەیە بریتیبوو لە دووبارەکۆکردنەوەی گوندە کوردیەکان.

لە قـۆناغی یەکـەم ١٩٨٧ ,٤ ,٢١ - ١٩٨٧ ,٥ ,٢ و دووەم <١٩٨٧ ,٥ ,٢١-١٩٨٧ ,٦ ,٢٠> دا، زیاتر لە ٧٠٠گوند سووتێنرا و تەختکرا. لەم ماوەیەدا قۆناغی سێهەم ماوەیەک دواخرا چونکە رژێم خـەریکی شـەڕبوو دژی ئێـران، بەڵام ئەم قۆناغـە لەگـەڵ دەسـتپێکردنی ئـەنفـالدا روویدا.

بەمـەبەسـتی دیاریکردنی ئەو ئامـانجـانەی کە دەبێت لەناوببرێن، سـەرژمێری نیشتمـانیی ١٩٨٧ ,١٠ ,١٧ دادەنرێت بـەگرنگتـرین هەنگاوی ئیـداری کـە لەلایەن رژێمی عـێـراقـیـیـەوە پیـادەکـرا. پاش ئەوەی رژێم ناوچەی دابڕاوی لەنێـوان هێـزەکـانیـدا و پێـشـمـەرگـەکـاندا درووسـتکرد، دواهـەمین ئاگـاداری بۆ دانیـشـتـوانی ناوچە قـەدەغـەکـراوەکـان دەرکـرد: لەم ئاگـاداریەدا رژێم بە دانیـشـتـوانی راگـەیاندکـە یەکـێک لەم دووانـە هەڵبـژێرن: یان ئـەوەتا «بگەرێنەوە بۆ ڕیزی نیشتمـانی» واتە دەبێت هەموو شتێک بەجێبـهێڵن و ڕازیبن بـەسـەرلەنوێ نیشـتەجێکردنیـان لەو «ئۆردووگـاپیسـانەی» کـەڕاسـتەوخۆ لەژێر چاودێری هـێزە ئەمنیـەکانی رژێمـدان، یان ئـەوەتا «مـافـی هـاووڵاتی لەدەسـتدەدەن و لەمکاتەدا وەک سـەربـازی هـەڵهـاتوو لە قەڵەمدەدرێن».

بەپێ ی ئەم بڕیارە کۆماری الجمـهوریەی لە ئابی١٩٨٧دا لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشـەوە دەرکراوە، سزای هـەڵهـاتن لەسـەربازی بریتییە لە سێدارەدان. هـەڵنەبژاردنی ریزی

نیشتمانی یەکسانە بەسزای لەسێدارەدان. پێش دەستپێکردنی سەرژمێریەکە، دەزگاکانی ئاسایش وموخابرات دەستیان بە کاروباری تایبەتکرد بەمەبەستی قەدەغەکردنی هەموو جۆرە پەیوەندیەک یان هاتووچۆیەک لەنێوان هەدوولا، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە رژێم خۆی ڕێگەیپێدەدات.

**پێناسەکردن** Definition

پێش دەستپێکردنی سەرژمێریەکە، علی حسن مجید ئەو شوێنانەی دیاریکرد کە دەبێت لەناو ببرێن. علی حسن مجید فەرمانیدا بەئەفسەرەکانی موخابرات بۆ ئامادەکردنی دۆسیە دەربارەی خێزانی یاخیبووەکان، کە هێشتا لەو ناوچانەدا دەژیان کەلەژێر رکێفی رژێمدا بوون. مەبەست لەم فرمانە بریتیبوو لەگوێزانەوەی ئەو خەڵکانە لە ناوچە لادێیەکان و پاشان کوشتنیان. ئەمانە زیاتر منالٌ و ئافرەت و پەککەوتەبوون. لەکاتی ئەنفالدا هەمان میتۆد بەکارهێنرا، واتە دیاریکردنی ئەوانەی کە دەبێت لەناوببرێن و ئەوانەی دەبێت بژین.

شان بەشانی قۆناغی دیاریکردن، عەمەلیاتە سەربازییەکان دەستیپێکرد بەمەبەستی لەناوبردنی شوێنەکانی نیشتەجێبوونی لادێییەکان. ئەم عەمەلیاتانە بە بۆمبارانکردنی کیماوی پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنی دەستیپێکرد و لەهەمان کاتیشدا هێرشی لەپڕ دەکرایە سەر بنکەی پێشمەرگەکان. پاش ئەم هێرشە سەرەتاییە، جاشەکان وهێزی زەمینی لەهەرچوارلاوە چواردەوری دێکانیان ئەداو هەر شتێکیان دەهاتە رێگا لەناویان دەبرد. هەموو کەلوپەلی ناوماڵەکان و ئاژەڵەکانیان تالاّندەکردو خانووەکانیان گرتێبەردەدا. لەو جێگایانەی کە بەرگریکردن زۆر بوو، هێزەکانی رژێم پاش ئەوهەموو هێرشانە هەڵدەستان بە پیادەکردنی ئەو هێرشە دڕندانەی کە لە کوردستانی عێراق بە ئاسایی دادەنران: هێرشکردن لەلایەن جاشەکانەوە بەمەبەستی تەمێکردنی خەڵک و پێشمەرگەکان؛ سووتاندن و تالاّندکردن؛ بۆمبارانکردن بەتۆپ و ڕاکێت و بۆمبارانکردنی هەوایی بەشێوەی پچرپچر.

پاش کۆتاییهاتنی قۆناغی دووەم، کۆکردنەوە، زیلەکانی سووپای عێراقی هەڵدەستان بەگوێزانەوەی دانیشتوانی گوندەکان بۆ مەڵبەندەکانی راپێچکردن و دەستبەسەرداگرتن و ئۆردوگای کاتی. بۆئەوەی ڕێگا بەکەس نەدرێت دەربازبێت، جاشەکان دەستیاندەکرد بەپاکردنەوەی گردۆڵکەکان، پاشان پۆلیسی نهێنی دەستیدەکرد بەگەڕان بەناو لادێ و شارو بیناکاندا بۆ ڕاوکردنی ئەوانەی خۆیان ڕزگارکردوە. ئەوانەی دەربازبووبوون و رژێم نەیدەتوانی بیاندۆزێتەوە، دەمیان چەوردەکرا بەلێبووردنی گشتی و گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی.

گیراواکان لە کەمپەکان و زیندانەکاندا دادگاییدەکران، ئەم دادگاییکردنە شێوەیەکی نەگۆڕاوی بەخۆوە گرتبوو: پیاوان و ئافرەتان یەکسەرلەیەکتر جیادەکرانەوە، جیاکردنەوەکە ئەوەندە دڕندانەبوو تەنانەت پیرەکانیشی بەردەکەوتن. پاشان پیاوەکان بەپێی تەمەنیان دابەشدەکران، منداڵە پچوکەکان لای دایکیان دەمانەوە، پیرەکان و ئەوانەی بێهێزتربوون لەڕیزی جیادا کۆدەکرانەوە.

پیاوان و کوڕانی هەرزەکار دادەنران بەوەی کە دەتوانن چەکهەڵبگرن، بەیەکەوە کۆدەکرانەوە ،هەروەک چۆن مەڕوماڵات کۆدەکرێتەوە، بێئەوەی لەپێناسنامەکانیان ووردببنەوە.

ئافرەت و منداڵ بەشێوەیەکی تر ئازاریاندەچەشت. پاش ماوەیەکی کەم لە گرتنیان، پاسەوانەکان بە زۆر ئافرەتەپیرەکانیان لە کچەکانیان و منداڵی کچەکانیان جیادەکردنەوە و بەپەلە دەنێرران بۆ جێگەی نەزانراو. بەلایەنی کەمەوە لە دوو حاڵەتدا، سەربازەکان و حەرەسەکان لە شەوی یەکەمدا لەپڕ خۆیان دەکرد بەشوێنی ئافرەتەکانداو منداڵە بچوکەکانیان، تەنانەت شیرەخۆرەکانیشیان لێدەسەندن. ئافرەتەکان ئەبوایە بەدرێژایی ئەوشەوە گوێیان لەگریان و هاواری منداڵەکانیان بووایە کە لەژوورێکی تربوون. بەڵام ئەوەی لەهەمووشتێک زیاتر ئازاری ئافرەتەکانی دەدا، ئەوەبوو کە دەبوو بەبەرچاوی خۆیانەوە ببینن چۆن مێردەکانیان، کوڕەکانیان و باوکیان ئازاردەدرێن و لەکۆتاییدا ووندەبوون بێئەوەی بزانن چیان بەسەردێت.

**کۆکردنەوە** Concentration

لەناوەڕاستی مانگی ٣ی١٩٨٨دا گیراوەکان گوێزرانەوە بۆ ئەو زیندانانەی لەژێر کۆنترۆڵی ئیستیخباراتی عەسکەریدابوو. گوێزانەوەی گیراوەکان لەناوەڕاستی مانگی ٤ و ناوەڕستی مانگی ٥ گەیشتە لووتکە. پاش ماوەیەکی کەم وونبوونی بەکۆمەڵی گیراوەکان دەستیپێکرد. لەم قۆناغەدا زۆربەی گیراوەکان گوێزرانەوە بۆ «تۆپزاوا». تۆپزاوا بریتیە لەسەربازگایەکی گاردی میللی لە چواردەوری تکریت. هەندێک لە گیراوەکان گوێزرانەوە بۆ هۆڵەکانی سەربازگایەکی تری گاردی میللی لەتکریت. ئافرەت و منداڵەکان بە لۆری لە تۆپزاواوە گوێزرانەوە بۆ ئۆردووگای جیا لە«دبس». لەنێوان ٦٠٠٠ تا٨٠٠٠ لەگیراوەکان، پیروپەککەوتەکان گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگایەکی بەجێهێڵراو بەناوی «نوگرە سەلمان» لەباشووری عێراق. سەدان لەم پیروپەککەوتانە لەئەنجامی برسێتی و نەخۆشی و ئیهمالکردن مردن.

لەدوا قۆناغی ئەنفالدا، خەڵکی گوندەکانی بادینان لەقەلایەکی زۆر گەورەی سوپای عێراقیدا لەدهۆک زیندانکران. ژنان و منداڵان پاشان لەدهۆکەوە گوێزرانەوەبۆ زیندانێک لە «سلامیة»

نزیک موسڵ. بەبۆنەی کۆتاییپێهاتنی ئەنفالەکانەوە لە ١٩٨٨, ٩ ,٦دا لێبووردنێکی رەسمی دەرکرد. لە ئەنجامی ئەم لێبووردنە بەشی هەرەزۆری ژنان، منداڵان و پیرەپەکەوتەکان بەربوون، بەڵام هیچ یەک لەپیاوەکان بەرنەبوون. لەقۆناغی سێهەمی ئەنفالدا «خوێناویترین قۆناغ»، تەنها شەش کەس کەتەمەنیان لەنێوان ١٢ساڵ و ٣٨ساڵدابوو توانیان دەربازبن.

پرۆسەی دیاریکردنی ئەوانەی دەبێت بکوژرێن، ئەگەر لەحاڵەتێکدا بتوانن خۆیان دەرباز بکەن لەهێرشی کیمیاوی، بارودۆخی فرەناخۆشی زیندانە کاتیەکان و ئەشکەنجەدانی ناوبەناو، بەماوەیەکی زۆر پێش کوشتنی گیراوەکان لەلایەن گروپی تیربارانەوە دەستیپێکرد. دوو رۆژ پێش رێخستنی سەرژمێری نیشتمانی لە ١٩٨٧, ١٠, ١٥ دا دەزگاکانی سووپاو موخابرات فەرمانیان بۆهات کەدەستبکەن بەدانانی لیستەی تایبەتی سەبارەت بەو کوردانەی لە «ناوچە قەدەغەکراوەکان» دەژین، هەروەها دانانی لیستەی جیاجیا سەبارەت بەخێزانی «یاخیبووەکان». لەکاتی ئەنفالەکاندا، ناو؛ رەگەز؛ تەمەن؛ شوێنی لە دایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوونی گیراوەکان تۆمارکرابوو. لەسەر بناغەی ئەم زانیاریانە پیاوەکان «خەڵکی ناوچە قەدەغەکراوەکان و کەسوکاری یاخیبوەکان» لە تەمەنی ١٥ تا ٥٠ساڵ لەباشووری عێراق کوژران.

**لەناوبردن ◁قڕکردن▷** Annihilation

بەگوێرەی MEW ئەو مێتۆدەی پیاوە کوردەکان پێی ئیعدامکراونلەلایەن گروپی تیربارانەوە بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر هەمان مێتۆدمان بیردەخاتەوە کەلەجەنگی جیهانی دووەمدا لەلایەن (Einsatzkommandos)، واتە کۆمەڵە گەرۆکەکانی کوشتن «وحدات القتل المتحركة»ی نازیەکان لەئەورووپای رۆژهەڵات پیادەکراوە.

«چەند گروپێک لە زیندانکراوەکان ریزدەکران، لەپێشەوە تەقەیانلێدەکراو پاشان فڕێدەدرانە گۆڕستانی بەکۆمەڵەوە کەلەوەپێش هەڵکەندرابوو. هەندێک گرووپی تر بەزۆر فڕێدەدرانە چاڵەکانەوەو تەقەیانلێدەکرا، لەکاتێکدا هێشتا وەستابوون، هەندێک گرووپی تر بەزۆر دووبەدوو لەتەنیشت یەکەوەڕادەکێشران، لەسەرشێوەی ماسی ساردینی، واتە لەتەنیشت ئەو لاشانەوە کەتازە کوژرابوون وئەمجار ئەوانیش دەکوژران. گرووپەکانی تر بەیەکەوە دەبەسترانەوە، پاشان زۆریان لێدەکرا لەسەر لێوی چاڵەکان بووەستن و لەدوواوە تەقەیان لێدەکرا بۆئەوەی بەدەما بکەونە ناو چاڵەکان. لەوانەیە ئەم مێتۆدەیدوایی لەلای پیاوکوژەکان زیاتر کاریگەر بووبێت. لە کۆتاییدا بلدۆزەرەکان خۆڵیان دەکرد بەسەر لاشەکاندا. هەندێک

لەگۆڕستانە بەکۆمەڵەکان پێکهاتبوو لەدەیان چاڵی جیاجیا کەبێگوومان لاشەی هەزاران قوربانیان تێدابووە. ئەو بەڵگانەی لەشوێنی گۆڕستانەکان کۆکراونەتەوە دەریدەخەن کەجەلادەکان یان ئەندامانی حیزبی بەعس بوون، یان ئەندامانی ئاسایش .

پرۆسەی لەناوبردن، بەگوێرەی نۆرمی بیرۆکراتی بەووردی و زۆر ووشک دەچووبەڕێوە. هۆی ئیعدامکردنی قوربانییەکان ئەوە نەبوو کە تاوانێکی دیاریکراویان کردبێت، بەڵکو تەنها تاوانیان ئەوەبوو لەجێگایەکدا لەدایکبوون کەلەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوەدیاریکرابوو بە ‹ناوچە قەدەغەکراوەکان›، واتە ئەو کوردانە لەو ناوچانە دەژیان کەلەژێر ڕکێفی حکومەتی مەرکەزیدا نەبووون.

لە ئەنجامی شایەتی ڕزگاربووەکان، بەلایەنی کەمەوە شوێنی سێ گۆڕستانی بەکۆمەڵ دیاریکراوە، رمادی و سەماوە و الهدار.

راپۆرتی «جینۆساید لە عێراق» لەدەمی ‹راوول هیلبێرگ›ەوە دەڵێت: «کۆمەڵگای نوێ زۆر ڕێگای لەبەردەمدا نییە بۆئەوەی لەماوەیەکی کەمدا بتوانێت بەشێکی زۆر لەخەڵک کە لەهەمان کۆمەڵگادادەژین لەناوببات. ئەم کردەوەیە لەراستیدا بریتییە لەتەنگوچەڵەمەیەکی توانایی ‹مشكلة الكفاءة› کەزۆر رەهەند دەگرێتە خۆی». دۆکیومەنتە دەست بەسەرداگیراوەکانی رژێم «بە شێوەیەکی بەربلاو و سەرسووڕهێنەر دەریدەخەن کەچۆن بیرۆکراتیەتی عێراقی جینۆسایدی کوردی ڕێکخستووە».

**جینۆسایدی مۆدێرن** Modern Ginocide

کتێبی جینۆساید لە عێراق‹٦›، بەشێوەیەکی قەناعەتپێکراو، دەریدەخات کە جینۆسایدیکوردی ساڵی ‹١٩٨٩–١٩٨٧›، بریتییە لەجینۆسایدێکی نوێ، «سیگمۆند باوومان» لەکتێبی «هۆلۆکۆست و مۆدێرنە»‹١٥› لەم ڕووەوە دەدوێت. هەرچەندە کوشتنی بەکۆمەڵ داهێنانێکی نوێ نییە، بەڵام کوشتنی بەکۆمەڵی هاوچەرخ، واتە لەچوارچێوەی «دەوڵەت – نەتەوە»دا لەراستیدا ڕووداوێکی نوێیە.

جینۆسایدی نوێ لەدوو ڕووەوە جیاوازە. لەلایەکەوە بەهیچ شێوەیەک بریتی نییە لەڕووداوێکی عەفەوی، لەلایەکی ترەوە بریتییە لەپلانێک، کە بەشێوەیەکی عەقڵانی و زۆر بەووردی داڕێژراوە. جینۆسایدی نوێ بریتییە لەپلانێک کە بەهیچ شێوەیەک لەناکاو ڕوونادات، لەهەمان کاتدا بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی نییە بەهەست ونەستی گروپێک، یان پاڵنەری کەسی ‹١٦›. جینۆسایدی نوێ بریتییە لەجینۆسایدێک بەمەبەستەوە.

داڕێژەرانی جینۆسایدی نوێ بۆچوونێکی تایبەتیان هەیە سەبارەت بەشێوەی کۆمەڵ.

مەبەستی جینۆسایدی نوێ بریتییە لە بنیادنای بۆچوونێکی مەزن سەبارەت بەداڕشتنی کۆمەڵگایەکی باشتر، وەبەتایبەتی کۆمەڵگایەک کەبەتەواوەتی جیاوازە.

جینۆسایدی نوێ لەسەر بناغەی «بۆچونی باخەوان» دانراوە ودەسەپێنرێت بەسەر کۆمەلگادا. هەمانشێوەی باخەوانەکان، داڕێژەرانی جینۆسایدی نوێش مەبەستیانداڕشتنی کۆمەڵگایەکی پاکە. ئەم داڕێژەرانە بەتەواوەتی ڕقیان لەو دڕکانەیە کەکۆمەڵگاکەیان پیسدەکەن. دڕکەکان بریتین لەتەنگوچەڵەمەیەک کەدەبێت چارەسەربکرێت. دڕکەکان دەبێت لەناوببرێن. دڕکەکان دەبێت بمرن، نەک لەبەرئەوەی دڕکن، بەڵکو لەبەرئەوەی دەبێت باخەکە جوان و بێ تەنگوچەڵەمەبێت‹١٧›.

بەعسییەکان هەمیشە ئاواتیان بووە کۆمەڵێکی گونجاوی بێئاژاوەو گوێڕایەڵ دروستبکەن. بەگوێرەی گوتاری یەکێتی عەرەب، کورد بریتیبوو لەگەورەترین تەحەدا دژ بەبیروڕای بەعسیەکان. کوردەکان بریتی بوون لەو دڕکانەی کە دروستکردنی «عێراقێکی عەرەبی» تێکدەدەن.

بەڵام بەعسیەکان زۆر بەتەحەموول بوون لەهێنانەدی بۆچوونەکەیان. لەماوەی بیست ساڵدا، هەنگاو بەهەنگاو دەسەڵاتی خۆیان جێگیرکرد، بەڵام هەگیز وازیان لە خەونەکەیان نەهێنا. «کاتێک خەونی نوێخوازی لەلایەن دەسەڵاتێکی ڕەهاوە باوەشیپیادەکرێت. کاتێک ئەم دەسەڵاتە هێزی عەقلانیەتی نوێ ‹بەڕێوەبردنی دەوڵەت -وەرگێڕ›مۆنۆپۆلیزەدەکات، کاتێک هیچ چاودێریکردنێکی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم دەسەڵاتە نابێت، ئەوا دەرئەنجام بریتییە لەجینۆساید‹١٨›.

دەرئەنجامی سیاسەتەکانی بەعس لەعێراقدا بەرامبەر کورد بریتیبوو لە جینۆساید. «سارا گۆردن» پێنج خاڵ دەسنیشاندەکات، کە ڕۆڵدەبینن لەڕوودانی جنۆسایددا. هەوەها لەحاڵەتی جینۆسایدی کوردیشدا ئەم بۆچوونە ڕاستە .

ئەم پێنج خاڵە بریتین لە:

١- بوونی پاڵنەرێکی زۆر رادیکال دژی کورد.

٢ -کردنی ئەم پاڵنەرە بەبەشێک لەسیاسەتی دەوڵەتێکی بەهێز و«مرکزی».

٣ - دەوڵەتی عێراقی دەسەڵاتی هەبووە بەسەر دەزگایەکی بیرۆکراتی زۆر گەورەو بەتوانادا.

٤ - سەپاندنی دۆخی نائاسایی، کە بریتییە لەدۆخێکی نائاسایی لەکاتی شەڕدا دەسەپێنرێت. ئەم دۆخە یارمەتی رژێم وئەو بیرۆکراتیەی لەژێر دەسەڵاتیدا بووە، داوە

بەئارەزووی خۆیان هەمووشتێک بکەن، کەئەگەر لەبارودۆخی ئاساییدا بووایە، لەوانەیە زۆر تەنگوچەڵەمەی بۆ دروستبکردایە ‹١٩›.

٥ –قبووڵکردنی جینۆسایدو ئامادەنەبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دانیشتوانی عێراق بۆ خۆ پێوەخەریککردنی ‹٢›، ‹٢١›.

بەگوێرەی بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستان، دەبوایە لەناوبردنی بەکۆمەڵی کوردەکان وەک کارێکی بیرۆکراتی، لەلایەن دامودەزگا جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقەوە بهاتایەدی. ئەو تەکنیکەی دەزگای بیرۆکراتیەتی عێراقی بەکاریهێنا بۆهێنانەدی جینۆساید بریتیبوو لە توندوتیژی. بەجێهێنانی جنیۆسایدی پێویستی بەدابەشکردنی زۆر ووردی کار دەکرد لەنێوان دەزگا جیاوازەکانی رژێمدا. بۆ ئەم مەبەستە هەر دەزگایەک کارێکی تایبەتی پێ سپێردرا. ئەم دەزگایانە بریتیبوون لەدەزگا جیاوازەکانی ئاسایش؛ ئیدارەی مەدەنی؛ سووپای عێراقی؛ دەزگای بیرۆکراتی حیزبی بەعس. ئەم دەزگایانە کارەکەیان هێنایەدی بەبێ هیچ بەرپرسیاریەکی ئەخلاقی. بیرۆکراتیەتی عێراقی کارەکەی سەرشانی بەو پەڕی ئەخلاقیەت وتواناوە هێنایەدی. هەر ئەم بەتوانایی‌ەی بیرۆکراتیەتی عێراقی دەریدەخات بۆچی تەنانەت یەک کەسیش نەیتوانی رزگاریببێت لە گروپی تیربارانکردن لە دواقۆناغی ئەنفالدا.

دەزگای کوشتاری رژێم، پاش کەوتنە کارکردن، ئیتر میکانیزمیەتی خۆی وەرگرت. پاش بەجێهێنانی کارەکەی لەکوردستان بەوپەڕی دڵسۆزیەوە، ئیتر ئەم جارەیان ئەم دەزگایە دەگەڕابۆ شوێنی نوێ بۆ بەکارهێنانی ئەوتوانا نوێیانەی فێریبووبوو‹٢٢›.

ئایا لەجێگای خۆیدا نییە داگیرکردنی کوێت وکوشتنی خەڵکی مەدەنی دابنرێت بە بەکارهێنانی بیرۆکراتیەتێکی زۆر بەتوانا وەک ئامرازێک لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا؟

سەیرکردنێکی زۆر ووردی ئەو زمان و سیمبوڵانەی پروپاگەندەی عێراقی، کاتی داگیرکردنی کوێت بەکاریهێناوە، دەریدەخات کە کوێتیەکانیش دڕکێکی تر بوون لەرێگای هێنانەدی جیهانێکی عەرەبی یەکگرتوو، لەژێر سایەی صدام حسێندا.

## سەرچاوەکان

لە سەرچاوەی ژمارە ‹١› تا ژمارە‹٢٢› بێجگە لە ژمارە ‹٢٠-٤› سەیری نوسخە ئینگلیزی یەکە بکە.

سەرچاوەی ژمارە ‹٤›:

ئەدوارد سعید، ساڵی ١٩٨٨ ،ئەم دێڕانەی خوارەوەی نووسیوە :

ئەمڕۆ، رۆشنبیرانی تەیاری عیلمانی، دەبێت رۆڵی خۆیان ببینن لەبوارەکانی خوێندن؛ سیاسەت؛ مێژوو؛ کولتووردا. ئەکرێت ئەم گرووپە بەچینێکی رووناکبیرو کاریگەر ناوببرێت، کەبەهۆی ڕەشبینییەوە خۆشی خەڵکی تر تێکدەدەن، ئەم گروپە رێگا بەخۆی نادات گەمەی بێمانای شووناسبکات... بەڵام ئەم گروپە خوازمەندە بەشێوەیەکی سوودمەند گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانی ئەوانە بکات کەگوێیانلێناگیرێت، کە نوێنەریان نییەو پەیوەندییان پێوەناکرێت. ئەم گروپە هەڵدەستێت بەم کارە، وەک کۆمەڵێک رۆشنبیری دەروەست، نەک لەرێگای بەکارهێنانی زمانی ڕەسەنایەتی.

بۆ ئەم مەبەستەسەیری :

New Left Review

Edwar-W,Said "Identity,Negation and Violence"

1988,no.171,p60 بکە

سەرچاوەی ژمارە (٢٠):

تاچ رادەیەک واشنتۆن ئاگای لەجێنۆسایدی کوردی بووە، لەکاتی روودانیدا؟

زانیاریەکانی ئەرشیفی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکی، لەگەڵ ئەو زانیاریانەی MEW

لە رێگای یاسای «سەربەستی زانیاری»یەوە دەستیکەوتووە، تیشکێکی تەواو ناخەنە سەر ئەم بابەتە. برووسکەیەکی کێبڵی «جۆرێک لەبروسکەکردن» هی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی، بەبەرواری ١٩٨٨, ٤, ١٩ سەرنج رادەکێشێ بۆ ئەم زانیاریانەیخوارەوە:

- نزیکەی یەک ملیۆن و نیو هاووڵاتی کوردی، سەرلەنوێ لەئۆردوگاکاندا جێگیرکراون.

-هێرشکردنە سەر نزیکەی٧٠٠-١٠٠٠ گوندی کوردی بەمەبەستی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی دانیشتوانیان.

-ژمارەیەکی زۆرزۆر، نازانرێت ژمارەکە بەتەواوی چەندە، لەکوردەکان گوێزراونەتەوە بۆ ئۆردوگاکانی گرتن، لە نزیک سنوورەکانی ئوردن و سعودیە.

-لە ئەنجامی ئیجرائاتەکانی حکومەتی عێراقی، هاتووچۆی کوردەکان لە باکووری عێراق زۆر زەحمەتکراوە.

بەڵام زانیاریەکی زۆرلەدێرەکانی داهاتوودا کوژێنراوەتەوە.Genocide in Iraq p:204,note19

تاچ رادەیەک اردن؛ سعودیە؛ کوێت، ئاگایان لەگۆڕستانە بەکۆمەڵەکان بووە، لە نزیک سنوورەکانیانەوە؟؟

لە دۆکیومەنتێکدا لەژێر ناونیشانی «چەند دەلیلێک دەربارەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق» کەلەلایەن تیپە وەزاریەکەی «جۆرج بۆش»ەوە لەمانگی ١ی ١٩٨٩دا ئامادە کراوە، بەڕێوەبەرایەتیی نوێی بۆش، ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ عێراقی صدام حسێندا.

«بڕیاردان سەبارەت بەچۆنیەتی پەیوەندیەکان لەگەڵ عێراقدا بەدەست بەڕێوەبەرایەتی نوێیە. ئایا ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دەخوازێت لەگەڵ عێراقدا وەک دەوڵەتێکی دکیتاتۆریی زۆر دڕندەمامەڵەبکات، کە دەبێت بە

پێی توانا ئەمریکا خۆی لێدووربخاتەوە؟ یان دەخوازێت دان بنێت بەهێزو توانای عێراق لەناوچەکەدا، لەئێستاو لەداهاتوودا و لەسەر ئەم بناغەیە گرنگییەکی زۆری پێبدرێت؟ ئێمە زۆر بەتوندی هانی بەڕێوەبەرایەتی نوێ ئەدەین بۆچوونی دووەم پەیرەوبکات».

هەرچەندە پسپۆڕەکانی پەیوەندی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی جۆرج بۆش، دان بەوەدا ئەنێن کەمافەکانی مرۆڤ لە عێراق بەشێوەیەکی زۆرترسناک پێشێلدەکرێن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە «ئێمە نابێت بە هیچ شێوەیەک خۆمان هەڵقورتێنین لەکێشەی کوردی لەعێراق، کەنزیکەی شەست ساڵە بەردەوامە. هەروەها نابێت بەرەنگاری هەوڵە مەشروعەکانی عێراق ببینەوە، کە مەبەستێتی یاخیبوونی کوردەکان دامرکێنێتەوە».

ئەم دێڕانە لەم کتێبەوە وەرگیراوە:

James A Bill & Robert Springborg,
Politics in the Middle East , New York
Harper Collins College Publishers,
4th Edition, P. 387-388.

# لە ئەنفالەوە بۆ ئەنفال...!

## عەبدولکەریم هەڵەدنی

(پێشکەشە بە نەمرەکانی ناو ئەم یاداشتە)

**گورتەیەک**

ئەنفال برینێکی قووڵە بە جەستەی مێژووی گەلەکەمانەوە، یاداشتیکردنی بیرەوییەکانی ئەنفال تۆمارکردنی ڕوویەکی ئەو کارەساتە سامناکە و تیشک خستنەسەر هەندێ لە هۆ و ئاکامە سیاسییەکانییەتی بۆ مێژوو.

ئەم یاداشتە هەندێ لایەنی زۆر بچووکی ئەو کارەساتە ئەخاتەڕوو کە من وەک پێشمەرگەیەک تیاژیاوم. ئەوەش لێرەدا هاتووە بەسەرهاتێکی پێشمەرگانەی کارەساتەکە گوزارشدەکات، کە بەداخەوە نە برینەکانی ئەنفال، نە مەرگەساتی هەڵەبجە، جگە لە دوو ڕووداوی تراژیدی بۆ گەلی کورد ئێمەی گەلی کورد و ئێمەی پێشمەرگە، هیچیان لە یادەوەری و لە عەقڵی سیاسی کوردا جێنەهێشت.

**پێش کارەسات**

کۆتایی ساڵی «١٩٨٣» سەرکردایەتی «ی.ن.ک.» لەگەڵ حکومەتی عێراق کەوتە گفتوگۆوە، گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراق ساڵێک و چەند مانگێک درێژەی کێشا، سەرکردایەتی «ی.ن.ک.» بە هۆی ئەوەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر لە لایەنە سیاسییەکان بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی سەرەکی بوو لە مەیدانەکەدا. لایەنە سیاسییەکانی تر، قورسایی سیاسی و پێشمەرگانەی کاریگەریان نەبوو، لە هەمان کاتدا «ی.ن.ک» پشتیوانییەکی جەماوەری بەرفراوانی هەبوو، نەورۆزی ساڵی«١٩٨٤»یش هێزی جەماوەری «ی.ن.ک.»ی بە ڕوونی و تا ئەوپەڕی نیشاندا.

«ی.ن.ک.» پێیوابوو جەنگی عێراق ـ ئێران هەلێکی مێژووییە بۆ کورد هەڵکەوتووە، وە باوەڕیشی وابوو کە لەو جەنگەدا براوەی تیا نییە. «ی.ن.ک.» دروشمی ئاشتبوونەوەی گشتی بەرزکردەوە.

«ی.ن.ک.» پێیوابوو، سیاسەتی ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا ئەوەیە کورد لە ئاگری جەنگەکە دووربخاتەوە، لە هەمان کاتیشدا تێڕوانینێکی لەو جۆرە هەبوو، لە بارودۆخی ئەوسای عێراقدا ئیمکانی ئەوە هەیە حکومەتی عێراق مل بۆ هەندێ لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد بدات.

پرۆژەکەی «ی.ن.ک.» بۆ گفتوگۆی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق پرۆژەیەکی مەنتیقی و تێر و تەسەل بوو، بەڵام لەلایەکەوە، بۆچوونی شۆفینیستی بەعسی و لەلایەکی ترەوە ساردبوونەوەی هێرشە مرۆییەکانی ئێران بۆسەر سەنگەرەکانی عێراق و فشاری دەوڵەتی تورکیا لەسەر عێراق، بوونە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەزبێتەوە. دوای بێئومێدبوونی «ی.ن.ک.» لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ حکومەتی عێراق کانوونی دووەمی «١٩٨٥» بە بەیانێک کۆتایی بە گفتوگۆ هێنا، لە هەمان کاتدا پێشنیاری ئاگربەستی خستە بەردەم حکومەتی عێراق، حکومەتی عێراق ئەو پێشنیارەی «ی.ن.ک.»ی ڕەتکردەوە. لە کۆتایی گفتوگۆکاندا، عێراق هەڕەشەی کاولکردنی کوردستانی بە «ی.ن.ک.» ڕاگەیاند، «ی.ن.ک.»یش هەڕەشەیکرد، کە لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕدا بەهەر جۆرێک بووە بیرە نەوتەکان ئەکا بە ئامانجی هێرشەکانی داهاتوو.

شوباتی ساڵی «١٩٨٥» شەڕ هەڵگیرسایەوە، هەردوولاش بەڵێنەکانی خۆیان بەرامبەر بە یەکتری جێبەجێکرد. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕدا هێزەکانی ئێرانیش کەوتنە پەلاماری سەنگەرەکانی عێراق، جەنگ و هێرشەکان ئەمجارە کوردستانیشی گرتەوە. یارمەتی مادی دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو، پشتیوانی تەکنولۆژی سەربازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ عێراق و چاوپۆشی دنیای دەرەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو لەلایەن عێراقەوە، ئەوەیان نیشاندا، بەئاکام گەیشتنی مەرامە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران لە خاکی عێراقدا شتێکی مەحاڵە.

گواستنەوەی جەنگ بۆ کوردستان دوو ئامانجی بۆ لایەنەکانی جەنگ پێکا، یەکەمیان: لێدانی بزوتنەوەی کورد لە هەردوو دیو، دووەمیان: سوودوەرگرتن لە ئۆپۆزسیۆنی هەردوولا لەلایەن هەردوو لایەنی جەنگەوە. ئێران پەیوەندی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی کوردستانی عێراق پتەوکرد، پەیوەندییەکان ئاستی سەربازیشی گرتەوە. هەموو هێزە کوردییەکان هاوکاری سەربازییان لەگەڵ ئێراندا پەسەنکرد. هاوئاهەنگی هێزە سیاسییە کوردییەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا تاکو ڕادەی هاوکاری سەربازی فراوان، کورتبینی عەقڵی سیاسی کورد بەبەراوورد لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرەتاییدا سەبارەت بە چارەنووسی جەنگی عێراق ـ ئێران نیشاندا.

بەرەکانی جەنگ گەرمبوون. کوردستان بوو بە مەیدانی جەنگێکی خوێناوی...! عێراق لە جەنگەکەدا باڵادەستبوو، «فاو»ی لە ئێران سەندەوە و لە بەرەکانی تری جەنگدا هێرشە مرۆییەکانی ئێرانی ڕاگرت. لەگەڵ ئەم سەرکەوتنانەشدا کەوتەخۆی تا تۆڵە لە کورد بکاتەوە، لەڕێگای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفالەوە نەخشەی جینۆسایدی کوردستانی دارِشت. گەورەترین کارەسات لە مێژووی سەردەمدا بەسەر کوردا هات. هێزە سیاسییە کوردییەکان تەنیا ڕێگەی پاشەکشێیان بۆ ئەودیو سنوور بۆمایەوە.

دوای ئەو شکستە سیاسی و سەربازییەی هێزە سیاسییە کوردییەکان بەسەریاندا هات، لەودیو سنوور بەرەی کوردستانی وەک پارسەنگێک بۆ هاوسەنگکردنەوەی ئەو شکستە بێوێنەیە دروستبوو.

**لە ئەنفالەوە بۆ ئەنفال...!**

ماوەیەک بوو وەک پێشمەرگەیەک لە ناوەندی «کۆمەڵە» بووم، پێشتر کاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە»م لە تیپی «٢٣»ی سورداش و سنووری چالاکی ئەو تیپەدا پێسپێنرابوو، ئەودەم لە ناوەندی بووم و هیچ کارێکم لەئەستۆدا نەبوو، سەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەنفال بوو بۆسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە، ئەبوایە لە سەنگەرەکانی شەڕ خۆم نەدزمەوە، ماوەی دوو هەفتە لە شەڕەکانی کلکەی پیرەمەگرون، لە بەرزاییەکانی «قوڵەڕەش، قووڵە پووشینە، سپیلک» کە بەسەر گوندەکانی «شەدەڵە و هۆمەرقەوم و سورداش»دا ئەڕوانن بەشداریمکرد. دوای ئەو شەڕانە کە دوژمن توانی دەست بەسەر ئەو شوێنانەدا بگرێ، گەڕامەوە بۆ سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، ئەودەم کاک جەبار فەرمان سەرپەرشتی قۆڵی «کڵاوەسپی و شاخەسوور و سوورژە»ی دەکرد، ئەو پێی باش بوو لەگەڵ کاک نقیب خلیل بچم بۆ قۆڵی کڵاوەسپی، بۆئەوەی هاوئاهەنگی لەنێوان کاک نقیب خلیل و فەرماندە عەسکەرییەکانی ئەو قۆڵەی شەڕەکەدا بکەم.

کاک نقیب خلیل ئەفسەرێکی خاوەن ئەزموون و جدی و شارەزای شەڕی بەرەیی و سەنگەرلێدان بوو، بەڵام چونکە سەرەتای کارکردنی بوو لەناو هێزی پێشمەرگەدا، گوێگرتن و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لەلایەن فەرمانەکانی پێشمەرگەوە هەندێ زەحمەت بوو، نەک هەر لەبەرئەوەی ئەوکات نقیب خلیل وەک خۆی ناسرابوو، بەڵکو لەبەرئەوەش جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەفسەرێکی سوپا لەلایەن فەرماندەی هێزی میلیشاوە لەڕووی دەروونیشەوە ئاسان نەبوو.

فەرماندەکانی ئەو قۆڵەی شەڕ لە فەرماندە قارەمانەکان بوون. شەهیدانی نەمر حەمەڕەش، هیوا بارۆیی، ئاوات تریفەیی، هەروەها کادری سیاسی سالار چاوشین، مەلا ئەحمەد و هەندێکی تر بوون لە قۆڵی کڵاوەسپی، شەهید محمودی مامەعەزەش لە قۆڵی شاخەسوور بوو. لەگەڵ زۆربەیان هاوڕێیەتی و ناسیاویمان هەبوو، تا ڕادەیەکی باش لێکتێگەیشتن دروستبوو.

نقیب خلیل سەنگەرەکانی بەسەرکردەوە، بەدرێژایی بەرزاییەکانی کڵاوەسپی لەپشت گوندی قەرەنگوێ، لە زینبووی فریادەوە تاکو هەورازەڕێ، ڕێ سوور، بەردی پڵنگان، کڵاوەی هەنجیرەکە کە درێژکراوەی زنجیرەی کڵاوەسپی بوون، وە بەردە دووکون لەپشت گوندی دۆڵمازەڵە. پاشان نقیب خلیل نەخشەی سەنگەرلێدان و بەرگری داڕشت. لەبیرم دێ لەنێوان زینووی فریاد و ڕێ سوور نزمایییەک هەبوو، نقیب خلیل ڕای وابوو ئەو کەلێنە قایمنەکرێ دوژمن دزەی لێوە ئەکات و پشت هێزەکە ئەگرێ، هەرواش دەرچوو، پاش ئەوەی دوژمن چەندجارێ هێرشیکرد و تێکشکا، دواجار لەو کەلێنەوە دزەیکردو پشت هێزەکەی ئێمەی گرت و پێشمەرگەکانی بە پاشەکشە ناچارکران.

نقیب خلیل لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا بوو بە «لوا» لە وەزارەتی پێشمەرگە. هێزی ئەنفال لەوەدا نەبوو پێشمەرگە هەتاسەر خۆی لەبەردابگرێ، نەک تەنیا لەبەر ژمارەی بێشوماری هێزی زەبەلاحی دوژمن، بەڵکو بەهۆی بەکارهێنانی هەموو تەکنیکێکی نوێی جەنگەوە بەشێوەیەکی خەست و بەرفراوان، بە هێزی ئاسمانی و تۆپی دوورهاوێژ و کاتیۆشا و چەکی کیماوی قەدەغەکراویشەوە.

لەبەرەی شەڕی کڵاوەسپی لە بەرزاییەکانی بەردە دووکون، شەوێکیان دوژمن تۆپبارانی کیمیاوی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد، ناچار پێشمەرگەکان سەنگەرەکانیان چۆڵکرد، گەر دوژمن پێشڕەوی بکردایە، بەرگری لەبەردانەبوو. پێشمەرگەکان زۆربەیان بەهۆی کاریگەری کیمیاویەکەوە، نابینا یاخود کەمبینابوون.

دوژمن لە هەموو قۆڵەکانی شەڕەوە، لە کارێزە و دۆڵەڕووت و دۆڵی سورداش و گوند و بەرزاییەکانی دەوروبەریانەوە تا دەگاتە دوکان و مەرگە و کانی توو و بەرزاییەکانی دەوروبەریانەوە، هێرشەکانی چڕتر و فراوانتر دەکرد. لە هەموو ناوچەکاندا دوژمن بە فڕۆکەی جەنگی و کاتیۆشا و تۆپە دوورهاوێژەکانییەوە گازی کیمیاوی بەکاردەهێنا. دەیان هاووڵاتی شەهید و برینداربوون، لە هەندێ جێگە دوژمن پێشڕەویکرد، بەتایبەتی هێزەکەی دوژمن توانیبووی بۆسەر چیای ئاسۆس سەربکەوێ، دەستبەسەراگرتنی چیای ئاسۆس لەلایەن دوژمنەوە، مەترسی ئابڵووقەدانی خەڵک و ناوچەکەی خستە ئەمری واقیعەوە، لە ئەنجامی پاشەکشێی خەڵک و پێشمەرگە، لە دۆڵی مەرگە و کانی توو و گوندەکانی دەوروبەریان نزیکەی

سەد کەسێ لەکاتی کشانەوەدا لە کوێستانەکانی ئەو ناوچەیە لە بەفردا ڕەقبوونەوە و هەندێکیش دەست دوژمن کەوتن و ئەنفالکران، ئەگەرچی سەرکردایەتی «ی.ن.ک» چەند ڕۆژێک پێش ئەوە خەڵکی ئامادەکردبوو بۆ پاککردنەوەی ڕێگای کشانەوە لە بەفر و بەستەڵەک. باو باران و کرێوە شەوانە جارێکی تر ڕێگاکانی پڕدەکردەوە لە بەفر و پاککردنەوەی ڕێگاکە سەرکەوتوو نەبوو.

ڕەقبوونەوەی ژن و منداڵ و پیر و جوان لەناو ڕنوە بەفرەکاندا جۆرێکی پڕ ئازار و بەسوێبوون لە مەرگ، تازەبوکێک خزیبووە ناو دۆڵێکەوە، زاوای ناموراد خۆی بۆ فڕێدابوو، هەردووکیان ڕۆحی سپییان لەناو بەفردا جێهێشتبوو. منداڵ تلۆر بووبووەوە ناو بەفر و دایک خۆی بۆ ئامبازدابوو، ڕۆحی پەپوولەیی منداڵ و جەرگی بەسۆزی دایکە کەس نازانێ چۆن و دوای چەند سەعات لە جەستەی سەرمابردوویان جیابووبووەوە، باوک پشتێنی پێشمەرگەی گرتبوو، هەرلەوێدا کچەکەی خۆی بداتێ و لەدەستی مەرگ دەربازییکات.
دیمەنی ئەو کارەساتە پڕ لە سوێیە لەگێڕانەوە نایات...!

**سەرکردایەتی سیاسی «ی.ن.ک.» بڕیاری پاشەکشێی دا بۆ ئەودیو سنوور...!**

خەڵک و هێزی پێشمەرگە لە شەوڕۆژێکدا پاشەکشەیانکرد، کاک جەبار بە من و کاک «نقیب خلیل»ی ڕاگەیاند کە حەزئەکا دواکەس لە ناوچەکەدا پاشەکشەبکات، ئەو تەنیا مەفرەزەیەک پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو. منیش پێشنیارمکرد لەنزیک گوندی هەڵەدن لە بناری ژیلوان بمێننەوە، شەو ڕوومانکردە بناری ژیلوان، شەوڕۆژێ لەوێدا ماینەوە، ئەو ڕۆژە پۆلێ لە فڕۆکەکانی دوژمن بەرگەڵوویان بە بۆمبای قورس ئاگربارانکرد، ڕۆژی دوایی هەر لە بناری ژیلوان و نزیک گوندی چالاوا لاماندا. ناوچەکە کەسی تێدا نەمابوو، لەو خانوانەی نزیک گوندەکە دانیشتوانی چالاوا بۆ خۆحەشاردان لە فڕۆکەکانی بەعسی دروستیانکردبوو پشوومماندا، لە یەکێک لە خانوەکاندا لە تەنیا ژوورێکی تاریک و نوتەکدا پیرەژنێکی کوێری پەککەوتەی لێمابوو، کە بەناچاری جێیانهێشتبوو، پیرەژن لەسەرەتا زۆر ترسا و کەوتە لەرزین، بەڵام کە پاشان زانی پێشمەرگەین زۆر دڵی خۆشبوو. کاک جەبار هەندێ خواردنی بۆبرد، دیارە ئەو جۆرە ساتانە لە ژیاندا لای هەموو مرۆڤێک هەڵوێستی مرۆڤدۆستی و ڕۆمانسیەت ئەخوڵقێنێ. ئەو پیرەژنە بەبوونی ئێمە ئەوەندە شادمان بوو، ڕەنگە قەت ئەوەندە دڵخۆش نەبووبێ...!

زۆری پێنەچوو ئەو چەند ساتە پڕ لە ڕۆمانسیەتەمان لێتێکچوو، هێزی ئەنفال لە شاخی دابان و چەرماوەندەوە کە لە ئێمەوە دیاربوو بە هەزاران لە جاش و سەرباز بۆناو گوندی

هەڵەدن و سەرگەڵوو دابارین، بە پەلە بە شاخی ژیلواندا سەرکەوتین و ڕێگای پاشەکشەمان گرتەبەر.

لەڕێگای پاشەکشەمان لەسەر شاخی ژیلوان و سیرەمێرگ و دۆڵی شێخ محەمەد، ئاسەواری جەنگ و مەرگ و ئافات بەڕووخساری کوێستانەکانی کوردستانەوە دەردەکەوت، لە دۆڵی شێخ محەمەد تەرمی سەربازە عێراقیەکان کە لەکاتی جەنگدا بەساغی یا بەریننداری ڕایانکردبوو لەسەر بەفرەکە دیمەنی پڕ لە کارەساتی جەنگیان تۆماردەکرد. جگە لەوەی سەدان سەر مەڕ و بزن و گا و کۆتاڵ کەوتبوون و مۆلێبوون و گازی خەردەڵ خنکاندبوونی.

سەعات «١٢»ی شەو گەیشتینە گوندی گەلاڵە کە لەژێردەستی ئێرانییەکاندا بوو، بەیانی زوو بەڕێکەوتین شەوی دوایی گەیشتینە گوندی شاناخێی سەرسنوور، کە هەموو هێزەکانی «ی.ن.ک.» ئەوانەی لە ئەنفالی یەکدا بەرگرییان نواند لە گوندی شاناخێ کۆبوونەوە.

هەموو چەند ڕۆژێک بوو کە سەرکردایەتی سیاسی «ی.ن.ک.» بە پێی نەخشەیەکی دیاریکراو بارەگاکانی خۆی لە ناوچەی دۆڵی جافەتی چۆڵکرد و هێزەکانی خۆی پاشەکشە پێکرد، پاش شەڕێکی خوێناوی«٢٥» ڕۆژە لە پانتاییەکی جوگرافی فراواندا هەر لە کارێزە و دۆڵەڕووت و دۆڵی سورداش و گوند و بەرزاییەکانی دەوروبەریانەوە، تا دەگاتە دوکان و دۆڵی مەرگە و کانی توو و گوند و بەرزاییەکانی دەوروبەریانەوە، کە تیایدا کوشتارێکی بێوێنە لە سوپای دوژمن کرا، لەو شەڕانەدا کە لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا بە ئەنفالی یەک ناسراوە. هێزەکەی «ی.ن.ک.» لە کشانەوەیدا لە گوندی شاناخێی سەرسنوور کەوتە بەر شالاوی هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی دوژمن، دەیان پێشمەرگە بە گازی کیمیاوی شەهید و بریندار بوون.

دوو ڕۆژ بوو ئێمە گەیشتبووینە شاناخێ کە فڕۆکەکانی دوژمن بە بۆمبی کیمیاوی ئەو گوندەیان کوتا، من لە ماڵی «بەکر فەتاح» بووم کە لە کاتی بۆردومانەکەدا، هەموو ڕامانکردە دەرەوە و ڕوومانکردە شوێنە بەرزەکان بەپێچەوانەی جووڵەی گازە قورسەکەوە کە بەرەو نزماییەکان دادەبەزی، پاشان ئێمە بە سابون و ئاوی سارد خۆمان شت، «بەکر فەتاح» هاتوچۆی زۆر کردبوو بەخەستی بریندار بوو، من تووشی چاوکزانەوەیەکی کەم بووم، هەندێ دڵۆپ و قەترە بۆ چەند ڕۆژێ دادیدام.

ئێمە لە سنوور پەڕینەوە، دەستە دەستە و پۆل پۆل، هەریەکە لە شار و شارۆچکەیەک یا گوندێک گیرساینەوە، ئێمە ڕوومانکردە شاری سەقزی کوردستانی ئەودیو.

پێشمەرگە کاتێ لە شاخەوە ڕێیدەکەوێتە شار تووشی نامۆییەکی سەیر دەبێت، چونکە تا ئەوکاتە پێویستی بە پارە نەبوو، پێویستیەکانی ژیانی پێشمەرگانەشی هەر لەڕێگای کەس و

کار و خەڵکەوە دابیندەکرا. ئێمەش ئەوکات ئاوارەی شارەکانی کوردستانی ئەودیو بووین پێویستیمان بە پارەی ئوتێل و خواردن و جێگە و ڕێگە بوو، جلوبەرگ و پێڵاوەکانیشمان هی شار نەبوون، گیرفانەکانیشمان تەواو خاڵی بوون. من ئەودەم پێم باش بوو بگەڕێمە خوارەوە بۆ ئەوەی دەستم بە کەس و کار بگات و شتێک یارمەتییان لێوەربگرم، ئەوکاتە ناوچەکانی مەڵبەندی سێی «ی.ن.ک.» «دۆڵی بالیسان و هیران و نازەنین» و دەشتی هەولێر و کۆیە و قەڵاسێوکە و شێخ بزەینی هێشتاکە بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتبوون. ئیتر من لەگەڵ دوو هاوڕێی پێشمەرگەدا «شادمان و ئازاد» لە بناری قەندیلەوە لە شاخی سادر و قەڵاتوکان و قڕناقا و پشئاشانەوە بەرەو وەرتێ و دۆڵی بالیسان و هیران و نازەنین و لەوێوە بەرەو دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە و دەشتی قەڵاسێوکە و گوندەکانی عەسکەر و گۆپ تەپە بەڕێکەوتین، لەڕێگا لە بناری قەندیل ڕێکەوتی «مام عومەری قەمچوغە» و «مامۆستا جەبار» «ناسراو بە دارا»مان کرد، یادیان بەخێر هەردوکیان ئەنفال لەگەڵ خۆی بردنی.

«مام عومەر» داستانێکە بۆ خۆی، دوو کوڕی شەهیدبوون و لە تەمەنی «١٧» ساڵییەوە لەناو خەبات و تێکۆشاندا بوو، ساڵی «١٩٨٧» ماوەیەک «محمد موکری» و «حمەکەریم عارف» سەرقاڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بوون لەگەڵیدا، زۆربەیان نووسیەوە بەداخەوە ئەو بیرەوەریانەش وەک خۆی بوون بە قوربانی ئەنفال. خۆزگە ئەو دوو نووسەرە بەڕێزە ئەوەی لە ژیانی «مام عومەر»، ئاگادارن شتێکیان لەسەر ئەنووسیەوە.

لە مەڵبەندی سێ لەگەڵ «مام عومەر» سەردانی کاک «کۆسرەت»مان کرد، شەوێکیش مێوانی مامۆستا «سیف الدین» بووین، پاشان بە نەشارەزایی بەڕێکەوتین، لەڕێگەی پەڕینەوەمان لە جادەی «هەولێر ـ کۆیە»، ڕێکەوتی پۆلێ فڕۆکەی هەلیکۆپتەرمان کرد کە بە ئاسمانی ناوچەکەوە بوون ئێوارەیەکی زوو بوو دەشتی هەولێر چۆڵ و وێرانە، بۆنی مەرگی لێدەهات.

«مام عومەر» لە مەڵبەندی سێ جێما، چەند پێشمەرگەیەکی تر بوون بە هاوڕێمان ئەوانیش نەشارەزابوون، بەو شێوەیە مەفرەزەیەک پێشمەرگەی نەشارەزا بەڕێ کەوتین شەومان لێ بەسەرهات، لە شیو و کەندڕ و هەڵەتەکانی ئەو پێدەشتەدا چەند هاوولاتییەکمان دۆزیەوە کە بە سەرلێشێواوی ئەوانیش لەو پەناگایانەدا خۆیان شاردبۆوە، شەو نان و جێگە و ڕێگەیان بۆ دابینکردین.

سبەی زوو دیسان کەوتینەوە ڕێکردن، تاکو دەشتی کۆیە نەوەستاین، لەڕێگا ڕێکەوتی تراکتۆرێکمان کرد و ماوەیەکی باشمان بەو تراکتۆرە بڕی کە کۆمەڵێک خەڵکی تیدابوو بەدوای چارەنووسێکی نادیاردا وێڵ بوون و نەیاندەزانی چ بڕیارێک بدەن، لەڕێگا لە دەشتی هەولێر کاک «عومەری حاجی عەلی»مان بینی کە بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆبونەوەی

سەرکردایەتیدا دەگەڕایەوە بۆ مەڵبەندی سێ، چەند ساتێ پێکەوە دواین، «کاک قادر» باسی هێزەکانمان و ناوچەکەی کرد، پاشان ماڵئاوایی کرد و ئێمە لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین تا ئێوارە درەنگ، ئەو شەوە لەو ناوە ماینەوە.

ڕۆژی دوایی بۆ ئێوارەکەی خۆمان ئامادەکرد لە جادەی «کۆیە ـ تەق تەق» بپەڕینەوە لە سەعاتی «٤»ی عەسرەوە تاکو «١٢»ی شەو خۆمان لە قەراغی جادەکە مەڵاسدا، دەرفەتی پەڕینەوەمان نەبوو، هێزێکی سەربازی بێ شوماری دوژمن کە لە سەدان تانک و زرێ پۆش و تۆپی قورس و هەزاران جاش و سەرباز پێک هاتبوو بەرەو تەق تەق بەڕێدەکەوت، ئەو هێزەی دوو ڕۆژ دواتر هێرشی ئەنفالی ئەو ناوچانەی دەستپێکرد.

هەرچۆنێک بێت دوای تێپەڕبوونی کاروانە سەربازییەکەی دوژمن ئەو شەوە لە جادە پەڕینەوە، بەڵام تاکو سەعات «٦»ی بەیانی بەڕێگاوەبووین، تا گەیشتینە سەر چۆمی دوکان هەڵوەدای پەیداکردنی کەڵەکێک بووین بۆئەوەی لە ئاوەکە بپەڕینەوە، چەند فیشەکێکمان تەقاند، هاووڵاتییەک لەوبەری ئاوەکەوە کەڵەکی پێبوو، کابرا بەدەنگمانەوە هات و توانیمان لە ئاوەکە بپەڕینەوە، پەڕینەوە لە ئاوەکە، پەڕینەوە بوو لە مەرگێکی چاوەڕوانکراو، چونکە لەو پێدەشتە نە کەسمان دەناسی نە شارەزای ناوچەکە بووین.

لەبەرئەوەی کە بەرەو گوندی «گردخەبەر» بەڕێکەوتین، زۆر برسی و ماندووبووین، نانێکمان خوارد و سەرخەوێکمان شکاند.

لێرەوە ڕووبەڕووی پرسیاری خەڵک و ترس و سام بووینەوە، خەڵکی ئەو گوندانە سەریان لێشێوابوو، ناوچەکە بەرەو چۆڵی و شڵەژاوی دەچوو، خەڵکەکە نەیاندەزانی ڕووبکەنە شار و شارۆچکەکان، یاخود خۆیان لە پەنا و بەستێرەکان و شیو و هەڵەتەکاندا بشارنەوە، جموجۆڵی هێزەکانی دوژمن خەڵکی خستبووە گومان و ترسێکی قوڵەوە، لە نیازە گڵاوەکانی سوپای بەعس تۆقیبوون، مرۆڤ ئەو ڕۆژانە هەستیدەکرد زۆرانبازی لەگەڵ مەرگێکی ڕاستەقینەدا دەکات و لە بردنەوەی بەگومان بوو.

هیزی پێشمەرگە بێ نەخشە و پلان لەو ناوەدا بەیەکادەهات و دەچوو، کەس وەڵامی پرسیاری خەڵکی لانەبوو، لەلایەکی دیکەوە دوژمن کەوتبووە پڕوپاگەندەی ژەهراوی، وای ئیدیعادەکرد کە «مفاوەزات» لەئارادایە و ئەم پڕوپاگەندەیەش شەڕێکی دیکەی دەروونی پێش پەلاماردان بوو بۆسەر خەڵک و پێشمەرگە. لە هەمووی بێماناتر بڕیاری سەرکردایەتی «ی.ن.ک.» بوو لەمەڕ سازدانی خەڵک و پێشمەرگە بۆ شەڕ و بەرگری، لەکاتێکدا کە هەموو شوێنە سەختەکانی سەرکردایەتی «ی.ن.ک.» دوژمن داگیریکردبوو، هێزی ئەنفالیش لەکێشدا

نەبوو، قسەکردن لەسەر بەرگری لەو پێدەشتە تەخت و ڕووتانەدا جگە لە بڕیارێکی سیاسی سەرچڵانە چی دیکە نەبوو، کە باجەکەی قوربانیەکانی ئەنفال بوون.

لە «گردخەبەر»ـەوە بەرەو «گۆپ تەپە» بەڕێکەوتین، لەوێ «مامۆستا جەبار» داوایلێکردم پێکەوە بچین بۆ چمچماڵ. تاکو لەڕێگەی کەسوکاری ئەوەوە دەربازبین، من لەگەڵیدا نەچووم، ئەویش داواکەی منی ڕەتکردەوە کە لەگەڵماندا بمێنێتەوە، ئەو بۆیەکجاری ڕۆیشت و ماڵئاوایی یەکجارەکی خۆیکرد.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی «١٩٨٨/٥/٢» بوو گەیشتینە «گۆپ تەپە» لەوێ یەکێک لە پێشمەرگەکانی دەستەی کاک «علی بچکۆل»مان بینی بەناوی کاک «عثمان» کە ئوتومبیلەکەی کاک «علی»ی لێئەخوڕی، هەواڵی کاک «عەلی»م لێپرسی، ئیتر پێکەوە بەرەو گوندی «عەسکەر» بەڕێکەوتین، لە عەسکەر «غەریب عەسکەری» فەرماندەی تیپی «٢٣»ی سورداش و «مامۆستا جەمال» فەرماندەی تیپی «٣١»ی سلێمانیم بینی.

لەگەڵ کاک «غەریب عەسکەری» لەبەردەم مزگەوتی گوند پیاسەماندەکرد، لەپڕێکا پۆلێ فڕۆکەی شەڕکەر بەنزمی بەئاسمانی ناوچەکەدا بەرچاودەکەوتن، کاک غەریب پێڵاوەکانی بەسەر پێوەبوو، پێم ووت: ئەو فڕۆکانە بۆ بۆردومانی ئەم گوندانە هاتون و خۆت گورجکەرەوە، ئەو باوەڕینەکرد، لەو مشت ومڕەدا بوو، کاک غەریب فریانەکەوت پێڵاوەکانی هەڵکێشێتەوە، فڕۆکەکان شۆڕبونەوە و گوندی عەسکەریان لە دوکەڵی ژەهراویدا شاردەوە، دوکەڵی سپی و خەست و چڕ گوندەکەی داپۆشی. ئێمە بەرەوپشت دوکەڵەکە بەپێچەوانەی ئاڕاستەی «با»وە ڕامانکرد، فڕۆکەکان ئاسمانی ئەوناوەیان جێهێشت، لەو دەقەیەوە ئەنفالی ئەو ناوچانە دەستیپێکرد.

کاتی خۆی لە بەرگەڵو و چەند سەعاتێ دەورەی چۆنیەتی خۆپاراستنم لە چەکی کیمیاوی بینیبوو، پاش چەند دەقەیەک لە ڕەوینەوەی دوکەڵەکە گەڕاینەوە ناو مزگەوتەکە، داوام لە چەند پێشمەرگەیەک کرد خەڵکەکە هانبدەن بەپەلە گوندەکە چۆڵبکەن، خۆشم چوومە سەرکانی مزگەوتەکە و ئەو بانگەوازەم ڕاگەیاند، دوای ئەوە چەند بریندارێکیان هێنا و بەزۆر خستمانە ناو حەوزی مزگەوتەکەوە ترساندمانن ناچاربوون بە ئاوی سارد و سابون خۆیان بشۆن و لە مەترسی مردن ڕزگاریانبوو. بەو جۆرە لە گوندی عەسکەر قوربانی کەمبوون بە بەراورد لەگەڵ گوندی گۆپ تەپە کە نزیکەی «١٥٠» هاووڵاتی لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج شەهیدبوون.

من و کاک «غەریب عەسکەری» و «مامۆستا جمال» و «فرمان» گفتوگۆمانکرد بڕیارماندا بەرەو «چەمی ڕێزان» بەڕێکەوین و خۆمان و خەڵکەکە گوندەکە چۆڵبکەین.

خەڵکەکەمان ئاگادارکردەوە خێرا گوندەکە چۆڵبکەن، بەڵام نەماندەزانی پێیانبڵێین بۆ کوێ بچن، سێبەری مەرگ بەسەرمانەوەبوو، ئەبوایە بیر لەوە بکەنەوە چۆن بتوانن خۆیان ڕزگاربکەن، بەڵام ئەو وەڵامە لای ئێمە نەبوو.

که «عەسکەر»مان جێهێشت، لەپشت ماڵەکانی گوندەکەوە ئافرەتێک بە گریانێکی بەکوڵەوە بەخوڕ فرمێسک لە چاوەکانیدا دادەچۆڕا باوەشی بە مندا کرد و ووتی: کیمیاوییەکە بەر ماڵی ئێمە کەوتوە، سێ منداڵم هەیە هەرسێکیان بەرکەوتوون، بەقوربانت بم چیم لێدەکەی...؟! بەڵام ئەو ژنە گڕگرتوەم چی لێبکردایە؟... باوەشم پیاکرد و بەزۆر گێڕامەوە، فرمێسک لە چاوەکانی منیش زان، پێم ووت: هەموو بریندارەکان پێشمەرگەکان دەریانکەن، دڵنیاش بووم منداڵەکانی ژەهری بەعسیان خنکاندوونی، بەڵام پێم باشبوو ئەم دایکە بەسۆزە چاکترە بۆ چەرمەسەری دنیا بمێنێتەوە، نەک لەوەی بەدیار مەرگی جگەرگۆشەکانییەوە بەهێوری لە شەوێکی تاریک و پڕ ترسی ئەنفالدا تەنیا «ڕۆح» بێ و گازی خەردەلیش ڕێگەی نەدا ئازادانە هەنسک بدا.

خەمێکی قورس سواری کۆڵم بوو، تەحەموولی ئەم ئازارەم نەکرد، لە برادەرەکانم جیابوومەوە، لەناخەوە تێر تێر گریام.

پێش ئەوەی بگەینە ناو چەمی ڕێزان لەپشتی گوندی «شێخان» کاک «عەلی بچکۆل»مان بینی، من و کاک «غەریب عەسکەری» و «مامۆستا جمال» و «فەرمان» لەگەڵ «عەلی بچکۆل» کۆبووینەوە، بەرەو ماڵی کاک «عەلی بچکۆل» لەناو «چەمی ڕێزان» بەڕێکەوتین. ئەو شەوە بیرمان لە نەخشە و پلانی ڕۆژی دوایی دەکردەوە، بەڵام هەر ئەو شەوە کەمێک لە ماڵی کاک «عەلی بچکۆل» دوورکەوتینەوە، هێزەکەمان بریتی بوو لە پێشمەرگەکانی «تیپی «٣١»ی سلێمانی»، مەفرەزەکەی کاک «عەلی بچکۆل»، هەندێ پێشمەرگەی پەراگەندە، کۆمەڵێک خێزان و منداڵ و چەند سەربازێکی هەڵاتووی دانیشتووی گوندەکان.

کە لە ماڵ کاک «عەلی بچکۆل» دوورکەوتینەوە، هەریەکەمان بەتانییەک و هەندێ نانی ووشکمان لەگەڵ خۆماندا هەڵگرت. بەرەبەیانیش لەسەر گردۆڵکە و قووتەکانی پشتی چەم، من و «مامۆستا جمال» و پێشمەرگەکانی «تیپی «٣١»ی سلێمانی» دامەزراین، خەریکی دروستکردنی سەنگەر بووین، خۆمان ئامادەکرد بۆ شەڕی مان و نەمان.

هێشتا هەتاو نەکەوتبوو کە لەمبەر و ئەوبەری چەم هەرچوارلاوە هێزی ئەنفال ئابڵووقەیداین، هێزەکەی دوژمن کە دەیان تانک و زرێپۆش و هەزاران جاش و سەرباز پێکهاتبوو ڕوویکردە ئێمە، ئەو هێزە زەبەلاحەی دوژمن هەر زوو گەیشتە سەرمان. ئێمە سەرقاڵی «غش»کردنی سەنگەرەکانمان بووین، خۆمان بۆ شەڕێکی «انتحاری» ئامادەدەکرد، کاک «عەلی بچکۆل» بە بێسیمێکی بچوک پێیڕاگەیاندین کە ئێمەش دابەزینە ناو چەمەکەوە کە

تەنیا «٥» دەقیقە لە گەرو قووتەکانەوە دوربوو، ئێمە بەڕاکردن دابەزینە خوارەوە، پاش چەند دەقەیەک هێزەکەی دوژمن قووتە و بەرزاییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری چەمەکەیان گرت و لە خواریشەوە تانک و زری پۆش و سەربازەکانی دوژمن ماڵی کاک «عەلی بچکۆل»یان کردە مۆڵگەی خۆیان. ئێمە لە چەمەکەدا خۆمان حەشاردابوو، شوێنەکەمان لە چاڵیدا بوو، بەردەمیشمان ئاو بوو هەر چواردەوریشمان هێزی دوژمن بوو. بە هیچ جۆرێک دەرفەتی بزووتنمان نەبوو، ڕۆژی درێژی بەهاریش دوایی نەدەهات، سەرباز و جاشی دوژمن بەئارەزووی خۆیان تەقەیان لێدەکردین، وەڵامی ئێمە تەنیا دەنگی خۆمتکردن بوو، نەمانئەتوانی بجوڵێینەوە، هەموو گیانمان لە مستماندا بوو، تفەنگەکانمان سوارکردبوو، خۆمان بۆ شەڕی مان و نەمان ئامادەکردبوو، هەر یەک بیری لە ڕۆژەکانی ڕابردووی خۆی دەکردەوە و خۆی بۆ ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ژیان ڕێکدەخست.

هەریەکە لەگەڵ دوا ساتەکانی ژیانی خۆی دەدوا، «مامۆستا جەمال» لە پیاوە بەهیمەتەکانی ئەو ڕۆژە ووتی: برادەرینە بەڵگەنامەکانتان بسووتێنن، با دەست دوژمن نەکەون، خۆشی بڕی دە هەزار تومەنێکی ئێرانی پێبوو، تومەنەکانی پارچەپارچەکرد، ووتی با دوژمن نەڵێ پاسدارمان کوشتوە، شادمان ووتی: چەند خۆشە هەموومان پێکەوە شەهید دەبین. «شادمان» شناسنامەی زانکۆی پێبوو، لە پەنابەردێکا بە دەنکێک شقارتە ئاگری تێبەردا. کاک «غەریب عەسکەری» هەموو ژیانی گەمە و قسەی خۆش بوو، ویستم بۆ دوا ساتەکانی ژیان هەندێ گەمەی لەگەڵ بکەم، ئەو ڕۆژە گەمەی قەبووڵ نەبوو، ووتی: مردووت مرێ ئێستا وەختی ئەوەیە...؟!

من لە خۆمەوە ئومێدێکم هەبوو، وام بیردەکردەوە ئەبێ چ هێزێک هەبێت بڕیاری مردن بۆ کەسێک بدا خۆشی لە ژیان نەبینێ، شناسنامەکەی خۆم و پارە دڕاوەکانی «مامۆستا جەمال»یشم خستە کونەبەردێکەوە، هەر ئەو هەڵوێستە «شادمان»ی دڵخۆشکرد، پێی ووتم: تۆ هیچ هیوایەک بەدیدەکەیت؟ من پێم ووت: بۆئەوەی دوژمن نەوێرێ بێتەسەرمان ئەبێ هەوڵبدەین گوللەکانمان بەخەسار نەچی، لەهەمان کاتدا دەبێ هەوڵی دەربازبوونیش بدەین، ڕێکەوتی لەو جۆرە لەشەڕدا زۆرن، من بن دار و بەردی ئەم ناوە شارەزام گەر زوو نەپێکرێین ئومێدی دەربازبوون هەیە، خەمت نەبێ کە شەڕ قەوما لێم دوورنەکەویتەوە.

«شادمان»م زۆر خۆشدەویست، دەمویست دڵی بدەمەوە، ئەگەرچی زۆر ورەی بەرزبوو، بەڵام چ وەک تەمەن، چ وەک پێشمەرگایەتی کەم تەجروبەتر بوو، ڕۆژەکەش گەمە نەبوو، ساتەکانی مێوانداری مەرگ بوو، ئەو ڕۆژە کۆکێن قەدەغەبوو، دەنگەدەنگ نەبوو، هەریەکە وەک بەرد لەجێگەی خۆی لەژێر درەختێکدا، یاخود لەپاڵ بەردێکی تردا خۆی مەڵاسدابوو، جوڵەکان

لەناخەوە بوون، گفتوگۆکان لەناوەوە بوون، گفتوگۆکان گفتوگۆی نێوان ژیان و مەرگ بوو، دنیای ئێمە بێدەنگ و کشومات، پڕ لە سام و ترس، گوللەش وەک تەرزە بەسەرماندا دەباری، نازانم ئەو ڕۆژەمان چۆن لێڕۆیشت، دەبێ چەند سەخت بێ بەدرێژایی ڕۆژێکی بەهار مەرگێکی شووم لەبەردەمتدا چاوشارکێت لەگەڵدا بکا.

کە تاریکی داهات، ئێمە سەر لەنوێ لەدایکبووینەوە، تاریکی ئەو شەوە ڕووناکییەکی هیوابەخشبوو. شناسنامەکەی خۆم و پارە دڕاوەکانی «مامۆستا جەمال»م لە کونەبەردەکە دەرهێنا. پاشان «شادمان» پارەکانی بەتێپ چاککردەوە لە «سەقز» سوودمان لێ بینی.

**شەوی دوومی ئەنفالی دوو...!**

گازە ژەهراویەکەی ڕۆژی پێشوو لە بوردومانەکەی گوندی عەسکەر کاری لە زۆرمان کردبوو. ئەو شەوە کەوتینەڕێ بەو مەبەستەی بتوانین خۆمان لە دوژمن دووربخەینەوە، دەستی یەکتریمان دەگرت و بەزنجیرە دەڕۆیشتین، چاومان باش نەیدەبینی و شەویش تاریک و نوتەک بوو، ناو چەمەکەش چڕ و پڕ لە دار و بەرد بوو، هەرچۆنێک بوو «٢» کیلۆمەتر لە شوێنی پێشوومان، بەڵام هەر لە ناوچەکەدا دوورکەوتینەوە، «شێخ فەرهاد» و هەندێ لە پێشمەرگەکانی دەستەکەی کاک «عەلی بچکۆل»، خێزانەکەی کاک «عەلی» و چەند ئافرەت و خێزانێکی دیکەیان بە گوریس شۆڕکردەوە بۆناو ئەشکەوتێکی قووڵ. سەری ئەشکەوتەکەیان بە بەرد داپۆشی تاکو دوژمن نەیاندۆزێتەوە.

خۆشمان لەناو کۆمەڵێک تاوێر و گاشەبەرددا لەنزیک پلەی «بەردەعەلی» خۆمان حەشاردا بەڵام دوژمن لەوێش هەراسانیکردین، لەوێش دوژمن هەر چەند دەقەیەک لێمانەوە دووربوو، خۆمان لەپاڵ تاوێر و بەردەکاندا حەشاردا، ئێمەش هەریەکەمان بووبووین بە تاشەبەردێک و بێ جووڵە بووین، ناچاربووین لەگەڵ یاری مەرگ خۆمان ڕابێنین، کورد گوتەنی: ئەو ڕۆژەش خەلستین.

شەوی دواتر دوو برادەر ژنەکانیان تاکو سەرجادەی «سلێمانی ـ دوکان» لەنزیک «قەشقۆڵی» بەڕێکرد، تەگبیرەکە وابوو بەرەبەیان بچنە ناو کێڵگەیەکەوە و سواری ئۆتۆمبێل بن و بەرەو سلێمانی بڕۆن، بەڵام چونکە ژنەکان شەرواڵیان لەپێدابوو هەموو گیانیشیان لەقووڕدا هەڵکشابوو «جیش شعبی»یەکان ئەیانگرن و پاش پاڕانەوەیەکی زۆر دڵیان نەرمئەبێ و ئازادیاندەکەن. دەست لە ئۆتۆمبیلێک ڕادەگرن و خۆشبەختانە دەگەنە «سلێمانی».

ئەو دوو شەوە کاک «غەریب عەسکەری» لە ئێمە دابڕابوو، شەوی سێهەم کە لە کونەبەردەکان هاتینەدەرەوە کاک «غەریب عەسکەر»یمان بینیەوە، هەندێ لەگەڵماندا مایەوە،

پاشان ویستی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، «مامۆستا جەمال» پێی باشبوو «استطلاع»ێکی شوێنەکەی کاک «غەریب» بکەم، منیش هەر وامکرد، لەگەڵ کاک «غەریب» بەڕێکەوتم، کاک غەریب لە شوێنێک جێگەی خۆی قایمکردبوو، نەمدەزانی شوێنی ئاوها لە چەمەکەدا هەیە، جێگاکەی کاک «غەریب» بەجۆری بوو، ئاوەکەی چەمی ڕێزان دەبێ بەچوار بەشەوە، لەنێوان دوو بەشێ ئەم بەر و دوو بەشی ئەوبەردا لەناو قامیشەڵانێکی چڕدا ووشکاییەک هەیە و لەناو ووشکاییەکەشدا بەردێکی زل لە قامیش داپۆشیوە.

کە لە ئاوەکە نزیکبووینەوە کاک «غەریب» خۆی ڕووتکردەوە و منیش دوایکەوتم گەیشتینە ناو ووشکاییەکە کە پاشان ناومانلێنا جزیرەکەی کاک «غەریب عەسکەری» لەو شوێنە دوو پێشمەرگەی تری لێبوون کە لەگەڵ کاک «غەریب» بوون، هەر چواردەوری بەردەکەیان هەڵکەندبوو، هەرچی پێویستییەکانی ژیانیش هەیە لە خواردن و کەلوپەل و بەتانی و ڕاخەر... هتد لێیبوو. بۆ نموونە تەباغی گاز، تەباغی نەوت، چەندین کتلی و قۆری، مەنجەڵ، قاپ و قاچاغ، پەرداخ و پیاڵەی زۆر، چەکوش، پلایس، دەرنەفیز، داوودەرمان و شتی تر، دیاربوو کاک «غەریب» پێشتر ئەم شوێنەی بۆ خۆی خۆشکردبوو. شوێنەکە قایم و بێترس بوو بەڵام زۆر بچوک و ڕووبەرەکەی کەم بوو، ئەو شەوە بێخەم تا بەیانی لێیخەوتم.

بەیانی ئەو ڕۆژە کۆپتەری دوژمن بەئاسمانی چەمەکەدا بەنزمی دەفڕی، بەمەبەستی پاکسازی ناو چەمەکە دەهات و دەچوو، برادەرەکانمان لە مەترسیدا بوون، چونکە ئەوان زۆر بوون و خۆ حەشاردانیان زەحمەت بوو، ئەو ڕۆژە کۆپتەرەکان چەند سەربازێکی هەڵاتوویان لە شوێنێکی تری چەمەکەدا بەدیکردبوو، جاش و سەرباز چوونەسەریان و دەستگیریان کردبوون.

### دیداری خەڵک و پەیداکردنی خۆراک

خۆشبەختانە برادەران سەلامەت بوون، ئێوارە چووینەوە لایان، «کاک غەریب»مان جێهێشت ئەو بەدوای منداڵەکانیدا وێڵ بوو کە بەداخەوە بەر ئەنفال کەوتبوون.

وورده وورده نانمان لێبرا، دەبوایە بیر لە ڕێگایەک بکەینەوە، بەرەو سەرووی چەمی ڕێزان، بەئاراستەی دەوروبەری گوندی «زەرزی» و «عەوڵان» بەڕێکەوتین، لەنزیک گوندی «زەرزی» ماڵی «مستەفا بەگی قۆچەبلاخ»مان دۆزیەوە، کە بەداخەوە ئەویش ڕۆژی دواییتر ژن و منداڵەکانی لەگەڵ پێشمەرگەی قارەمان «جەبار چالاخی» کە لە ئێمە دابڕابوو ئەنفالکران. ماڵی «مستەفا بەگ» ئەو شەوە زۆر یارمەتی ئێمەیاندا، شەو تا درەنگ ناوساجییان بۆ دروستکردین. بۆ بەیانیش لەو نزیکانە خۆمان حەشاردا، شەوی دواتریش لەژێر کەپرێکا

هەندێ زەخیرەمان دۆزیەوە، کەپرەکە ئەملاولای گیرابوو، دەرگای کەپرەکەمان بە بەتانی گرت و تا بەرەبەیان خەریکی ناوساجی دروستکردن بووین، بەرەبەیانیش هەریەکە بەشی خۆی هەڵگرت و لەو ناوە دوورکەوتینەوە. ئەو دوو ڕۆژە سوودمان لە خورادەمەنی بەتایبەتی لە ڕۆن و ئاردی ئەو کەپرە وەرگرت، هەندێ ئارد و ڕۆنیشمان دەرهێنا و لەو دەوروبەرە شاردمانەوە، بەڵام پاش ئەو دوو ڕۆژە چونکە پاکسازی ناوچەکە بەردەوام بوو ئێمە کە لەو نزیکانە خۆمان مەڵاسدابوو، بەبەرچاومانەوە کۆمەڵێک جاش گەیشتنە سەر کەپرەکە و ئاگریان تێبەردا، هەرچی قاپ و قاچاخ و مەنجەڵەکانیش بوو بە «نیزە» کون کونیان کرد، بۆیە شەوی دواتر کە هاتینەوە سەر کەپرەکە ئەو زەخیرانەی لەو ناوە شاردبومانەوە لەگەڵ خۆماندا دوورمان خستەوە، هەرچەندە ئەوەندەش نەبوو...!

**دەرچوون لە بازنەی تەوقکراو...!**

ژیان لە «چەمی ڕێزان» ڕۆژ بەڕۆژ سەختتر دەبوو، دوژمن خەریکی دانانی ڕەبیە و گرتنی کەلێن و کونەکان بوو، ئێمە لەناو چەمەکەدا لە نزماییدا بووین، بەرزاییەکانی هەر چواردەورمان بە هێزی دوژمن تەنرابوو، هێندە هەبوو چەمەکە چڕ و پڕبوو پڕ لە دارستان بوو تا ڕادەیەک بواری خۆحەشاردانی تێدا هەبوو، بەڵام دوژمن بەهۆی جاشە شارەزاکانی ناوچەکە، ڕۆژانە پاکسازی ناو چەمەکەی دەکرد و دەرفەتی ژیانیان لێ تەسکتر دەکردینەوە تەنانەت ڕۆژێکیان برادەرێک چەند هەنگاوێ لێمان دوورکەوتەوە، جاشەکان بەدیل گرتیان و بەبەرچاوی ئێمەوە لەگەڵ خۆیان بردیان و نەمانتوانی هیچ بکەین.

گرتنی ئەو برادەرەش حاڵەتێکی دەروونی خراپی لا دروستکردین، ترسی ئەوەمان لێنیشت لەژێر ئەشکەنجەدا ناچاربکرێ دوژمن بێنێتەسەرمان، بەڵام ئەو ووتبووی سەربازی هەڵاتووم و تەنیام، پاشان زانیاریمان پێگەیشت بە بڕێک پارە جاشەکان بە کەسوکاری فرۆشتبوویانەوە.

پاکسازی دوژمن ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبوو، مەفرەزەی جاشەکان بەتایبەت ئەوانەی شارەزابوون تەواو تەنگیان پێهەڵچنیبووین، ژیانی ئەو ڕۆژانەش لە جوغزێکی جوگرافی تەسکدا وای گەرک بوو بیر لە دەروازەیەک بکەینەوە، گیرانی ئەو برادەرەش مەترسییەکەی خەستتر کردبۆوە. پێشمەرگەکانی «تیپی «٣١»ی سلێمانی»یش کەسیان شارەزای ناوچەکە نەبوون، هێزەکەی «تیپی «٢٣»ی سورداش»یش پەرت و بڵاوبووبوونەوە، پێشمەرگەکان لە فەرماندە سیاسی و عەسکەرییەکانیان دابڕابوون، زۆریشیان تا ئەو ڕۆژە بەر ئەنفال کەوتبوون.

مەترسییەکە تەنیا لەوەدابوو دوژمن بماندۆزێتەوە و ڕووبەڕووی شەڕی دەستەویەخە و نابەرابەر ببینەوە، بەڵکو بێخۆراکیش تینی بۆ هێنابووین، دەبوایە بیر لە سەرچاوەیەکی پەیداکردنی خۆراک بکەینەوە. قسە لەسەر ئەوە بوو چۆن هێزەکە بەسەلامەتی بگەیەنینە بناری پیرەمەگرون، لەکاتێکدا هێزی ئەنفال لە هەموو ڕێگاوبان و گوند و بەرزایی و بست بە بستی دۆڵی سورداشی داگیرکردبوو، لەو بارەیەوە لەگەڵ کاک«عەلی بچکۆل» قسەمکرد، من شارەزایی تەواوی ناوچەکەم هەبوو، ساڵانێکی زۆر پێشمەرگایەتیم لێی بەسەربردبوو، «شێخ فەرهادیش» کادرێکی کۆن و خەڵکی ناوچەکە بوو، من و «شێخ فەرهاد» بڕیارماندا پێش هێزەکە بکەوین، کاک «عەلی بچکۆل»یش پێشنیارەکەی پەسەندکرد.

ئێوارە تاریک داهات لەپشت گوندی «قۆچەبلاخەوە بەرەو گوندی «کەلەباش» و دەوروبەری گوندی «باوەمەندان» و گوندی «کانی میران»ـەوە لە جادەی «سلێمانی ـ دوکان» پەڕینەوە، گوندی «سوسێ»ی سەیرانمان جێهێشت، تاکو بەرەبەیان بەناو گژوگیا و دڕک و داڵ و دار و بەرد و زەبەندا بەڕێگاوە بووین، نەدەکرا بەڕێگای گوندەکاندا ڕۆیشتن بکەین، چونکە هەموو ڕێگاکان بە هێزی دوژمن گیرابوو، لەسەرێکی دیکەوە هێزەکانی دوژمن لە هەموولایەکەوە «تنوير»یان بەئاسماندا هەڵدەدا، دەبوایە زوو زوو خۆمان مەلاسبدەین و هەڵسینەوە. گەیشتینە سەر جادەی «سلێمانی ـ دوکان»، من و «شێخ فەرهاد» جادەکەمان تاقیکردەوە، خۆشبەختانە دوژمن بۆسە و کەمینی نەبوو، بەڵام کاروانی سەربازی بە ئازادی دەهات و دەچوو، ئێمە لەسەر جادەکەماینەوە تاکو پۆل پۆل پێشمەرگەکان لەناو هاتوچۆی ئۆتومبیلەکانی دوژمندا بپەڕێنینەوە.

توانیمان بە سەلامەتی لە جادەکە بپەڕینەوە، بەڵام هێزەکە تەواو شەکەت و ماندوو بوو پرزەی لێبڕابوو، برسی و بێ هێز، پیس و چڵکن و بێ جلوبەرگ و بێ پێڵاو بوو، هەریەکەش بەتانییەک و هەندێ نانی ووشکی بەکۆڵەوە بوو، شەوەکەش ئەنگوستەچاو بوو، نزیکەی دە سەعات بەڕێگاوە بووین، دە سەعات بوو شەقمان لە بەرد هەڵدەدا و بەناو هێزی دوژمندا ڕۆیشتنماندەکرد و بەدڵەڕاوکێ و ئومێدەوە نیاز و مەنزڵمان بناری «پیرەمەگرون» بوو.

بەرەبەیان گەیشتینە گوندی «سوسێی ئاڵەمەرە» کە تەنیا «٥»دەقیقە لە قەڵاکەی «سوسێی سەیدان»ـەوە دووربوو، ئەو قەڵایە سەدان تانک و زرێ پۆش و تۆپی قورس و هەزاران چەکداری دوژمن، کە هێزی ئەنفال بوو مۆڵی لێخواردبوو. لەو جێگایەدا هێزەکە تەواو پەکیکەوت کە پێویست بوو تا بناری «پیرەمەگرون» نەوەستین، مەترسی هەبوو دوژمن

بمانبینێ چونکە دنیا بەرەو ڕووناکی دەچوو. هێزەکە لەناو پەڵەیەک پیـازدا خۆیدا بەزەویدا، ئەوەی پارچەیەک نانی پێ مـابوو بە پیـازی تەڕەوە خـواردی و خـۆی بوژاندەوە و ئاهێکی پیـاهات، خۆم بە بەرپرس دەزانی بەرامبەر ژیان و مانی هێـزەکە. چونکە من هاندەری ئەوە بووم «چەمی ڕێزان» جێبـهێڵن، بە کاک «عەلی بچکۆل»م ووت دەبێ نەوەستین و بەڕێکەوین، کاک «عەلی» پێی ووتم: لێت ناشارمەوە تەواو پەکمکەوتووە...!

کاک «عەلی» جگە لە تەمەنەکەی هەندێکیش قەڵەو بوو، بەڵام قسەکەی تەواونەکرد و هەڵسا، هێزەکەی زۆر ماندووبوو، هەرچۆنێک بێت بە خۆشی و بەزۆر توانیمان پێشمەرگەکان بەرەو بناری «پیرەمەگرون» بەکێشبکەین. بیرمدێ بە قۆناغی تفەنگ دوو پێشمەرگەم هەڵساند تاکو بکەوینەوە ڕێگا، بە شیوێکدا سەرکەوتین و گەیشتینە بناری شاخ، لە دۆڵێکدا کە لە چاوی دوژمنەوە دیارنەبوو هێزێکی تەواو پرزە لێبڕاو بارگەی خۆی لێخست.

دۆڵەکە جێگایەکی قایمبوو، دیسان لە دوژمنەوە زۆر نزیکبوو، هێزی دوژمن بە نیو سەعات دەیتوانی بگاتە سەرمان، بەڵام ماندوویی و وەڕسی هێزەکە لەوەدا نەبوو بیر لە هاتنی دوژمن بکاتەوە، هەریەکە لە جێگەی خۆی خۆیدا بەدەست خەوێکی قووڵەوە.

هەستم بە مەترسییەکی زۆر دەکرد، ئەو هەستە بەسەر ماندوێتیدا زاڵ بوو، بەسەر پێشمەرگەکاندا گەڕام، داواملێکردن دوو دوو، سێ سێ لەنزیک بەرزاییەکان پشوبدەن و «احتیاط» وەربگرن،

ئەو ڕۆژەمان هەمووی بە خەو بردەسەر تاکو ئێوارەمان لێداهات، ئیتر من دڵم زۆر خۆش بوو، چونکە توانیبوومان هێزەکە لە گەرووی دوژمن دەربێنین، بگەینە جێگایەک هەم لە سەختی و قایمییەوە نزیک بێت، هەم بواری جوڵەمان زیاتر بێت، هەم پەیداکردنی خۆراکیش ئاسانتر بێت، هەم بتوانین دەستمان بە خەڵک بگات، من شارەزای ناوچەکە بووم و هەموو خەڵکەکەییم دەناسی و لەو مەسەلانە هەمووی دڵنیابووم.

هەر ئەو ڕۆژە هەندێ پێشمەرگەی دابڕاوی «تیپی «٢٣»ی سورداش»مان دۆزیەوە، کە شەو داهات هەموو پێکەوە بەرەو «دۆڵەبی» «پیرەمەگرون» بەڕێکەوتین، «دۆڵەبی» جێگایەکی سەخت و قایمبوو، ناودڵی «پیرەمەگرون» بوو، ئەشکەوتی باشی تێدابوو، بۆ حەوانەوە و نووستن کەڵکمان لێوەرگرت.

لە «دۆڵەبی» هەندێ پێشمەرگەی دابڕاوی تری «تیپی «٢٣»ی سورداش»مان دۆزیەوە، تەنیا فەرماندە «سابیر کۆکەیی» لەو ناوە مابوو، هەموو بەیەکەوە ئەو شەوە بێترس لێی خەوتین.

**شەڕی «کەڵەشێر» و شەڕی «گەورەدێ»**
**لەتوپەتبوونی (تیپی «٢٣»ی سورداش)**

لێپرسراوی یەکەمی عەسکەری و سیاسی و ڕێکخراوەیی تیپەکە لە فەرماندەی کەرتەکان و هێزەکە دابڕابوون، فەرماندەی کەرتەکان «سابیر کۆکەیی»، «عبدالله بەکرەجۆیی»، «کەریم باخی»، کادری سیاسی «فەقێ هۆشیار» و «فەرەیدون غەریب» کۆبوونەوەیەک دەبەستن لە بڕیارەکانی سەرکردایەتی بێئاگابوون، هەندێکیان بۆچونیان وابوو هێزەکە دابەشبکەن بەسەر چەند مەفرەزەیەکی بچوکی پارتیزانیدا و بەسەر بناری «تۆکمە» و ناوچەی «خاڵخالان»دا دابەشبن، «سابیر کۆکەیی» پێی باش بوو ڕووبکەنە بناری «پیرەمەگرون»، «فەرەیدون غەریب» پێیوابوو جێهێشتنی ناوچەکە هەڵوێستێکی ناشۆڕشگێڕانەیە و لەسەریاندەکەوێت، پێشنیارەکەی «فەرەیدون» جێی خۆی گرتبوو، بەسەرپەرشتی «سابیر کۆکەیی» هێزەکە ڕوودەکاتە «گەورەدێ».

«سابیر کۆکەیی» پێش ئەوەی ناوچەکە جێبێڵێ خەڵکەکەی ئاگادارکردبۆوە ناوچەکە چۆڵبکەن و ڕووبکەنە ئۆردوگاکانی «بازیان» و «پیرەمەگرون».

پێش ئەوەی ئەمان بگەنە جێی مەبەست، کەرتەکەی «عبدالله بەکرەجۆیی» لە گوندی «کەڵەشێر» کەوتبوە شەڕەوە و پاشەکشەیان پێکرابوو، کەرتەکانی «سابیر کۆکەیی» و «کەریم باخی» بەسەر بەرزاییەکانی گوندەکانی «کانی بی» و «گەورەدێ»دا سەنگەریان گرتبوو، خۆیان بۆ بەرگری سازدابوو.

لە چەندین شوێنەوە هێزی دوژمن ئابڵوقەیدابوون، لە «کۆتەڵ»ەوە بەرزایەکانی سەر شاخی «سرد» و پشت «زەرزی» و تاکو ناو «زەرزی»یان لێگیرابوو، لە سەربازگەی «سوسێ»وە دوژمن بەرەو گوندی «شۆڕناخ» و لە «چەرمەگا»وە بەرەو بناری «گەبە و گولیجە» پێشڕەویانکردبوو، لە گوندی «عەسکەر»ەوە هێزی دوژمن گەیشتبووە بەرزاییەکانی «ڕەقەم یەک» کە بەسەر «چەمی ڕێزان»دا دەڕوانێ، لە دیوی «بازیان»ەوە هێزی دوژمن لە جادەوە بەرەو «گەورەدێ» هێرشیانهێنابوو، هێزی کۆماندۆی دوژمن بە کۆپتەر بۆ شەڕی پێشمەرگەکان دابەزیبوون، دوژمن توانیبووی دەست بەسەر هەموو ناوچەکەدا بگرێ، تەنیا لە «کەڵەشێرە» و «گەورەدێ» ڕووبەڕووی بەرگری پێشمەرگە بووبووەوە، شەڕی «گەورەدێ» تاکو سەعات «١٢»ی نیوەڕۆی خایاند، پێشمەرگەیەک بەناوی «عومەر شیلەخانی» شەهید بووبوو، پێشمەرگەیەکی تریش بریندار بووبوو، شەڕەکە شەڕی تێکچڕژان و دەستەویەخە بوو، پێشمەرگەکان بۆناو گوندی «گەورەدێ» پاشەکشەیانکردبوو، لەوێ بەهۆی شارەزایی «سەرداری کوێخا نەریمانی کەڵەشێرە»وە خۆیان گەیاندبوە ئەشکەوتی «سەحرا» لە ناوچەی «ڕێزان»دا، هەموو هێزەکە

دەچنە ناو ئەشکەوتەکەوە، دوژمن گەمارۆیاندەدا داوایانلێدەکا خۆیان بدەن بەدەستەوە بەڵام چونکە شوێن و ڕێگای ئەشکەوتەکە سەخت و قایم بوو، دوژمن نەیتوانیبوو بچێتە سەریان، پێشمەرگەکان دەتوانن شەو دزەبکەن و بەناو هێزی دوژمندا خۆیان بگەیەننە «پیرەمەگرون»، بەم جۆرە لە بناری «پیرەمەگرون» لەگەڵ بەشێکی ئەو هێزە کە مابوونەوە یەکمانگرتەوە.

**لە گەڵای دارەوە بۆ خواردنی باش...!**

پێشمەرگەکانی تیپی «٢٣»ی سورداش زۆر شپرزەبووبوون، چونکە زۆربەیان بێفەرماندە و بێکەس مابوونەوە، ڕۆژێک چەند پێشمەرگەیەک پرسیار لە «فەقێ هۆشیار» دەکەن، لە کاتێکا زۆریان برسیدەبێت و هێما بۆ گەڵای درەختێک دەکەن کە ئایا گەڵاکەی دەخورێ یاخود نا؟ «فەقێ هۆشیار» لە وەڵامدا پێیاندەڵێ: گەڵای ئەو درەختە دەخورێ، پێشمەرگەکان پەلاماری درەختەکە دەدەن و ڕووتیدەکەنەوە.

کاتی خۆی لێپرسراوی ڕێکخراوی تیپی «٢٣»ی سورداش بووم، بۆ بەیانی پێشمەرگەکانم کۆکردەوە، زۆر تووڕە و بێزاربوون، باسی ئەزموونی سەرکەوتن و شکانی گەلانی جیهانم بۆ کردن، پاشان پێم ووتن کە ئایا وەکو جاران دەکرێ بە لێپرسراوی خۆیان قەبوڵمبکەنەوە...! پێشمەرگەکان بەڕووما تەقینەوە، بە تەوسەوە پێیان ووتم: ئەگەر مەسئولیت بەو جۆرە بێ، خوات لەگەڵ بێ و جێمانبێڵە، ئەگەر خۆشت بە مەسئول دەزانی پێمان بڵێ دەتوانی چیمان بۆبکەیت؟ ئەو ڕۆژە لەگەڵ خۆمدا بڕیارمدا خۆم بە مەسئول بزانم، سێ بەڵێنی گرنگیشم پێدان:

١ـ بەڵێنم پێدان دابینکردنی خواردنی سێ مانگیان لەئەستۆی من بێت.

٢ـ بەڵێنم پێدان بەهۆی شارەزاییمەوە لە ناوچەکانی سنوور هەوڵبدەم کەلێنێک بدۆزمەوە و لێیان دەربازبین.

٣ـ بەڵێنم پێدان لەڕێگای ڕێکخستن و دۆستەکانی ناوچەکەوە دەستمان بگاتە شار و لەوێشەوە شتێک بکەین.

شەوی داهاتوو لەگەڵ «سابیر کۆکەیی» مەفرەزەیەکمان ڕێکخست و بەرەو گوندی «سۆسێی سەیدان» بەڕێکەوتین، ئەوکات سوسێی سەیدان» تاقە گوندی ناوچەکە بوو کە وێران نەکرابوو، چونکە لەپاڵ سەربازگەکەی قەڵاکەی «سۆسێ»دا بوو، خەڵکەکەی ئاگادارکرابووەوە کە دەبێ لەماوەی دوو هەفتەدا گوندەکە چۆڵبکەن، ئەو مۆڵەتەشیان وەکو چاکەیەکی دوژمن پێڕەوا بینرابوو تا لەو چەند ڕۆژەدا دەرگا و پەنجەرەکانیان دەربهێنن و لە ئۆردوگای «پیرەمەگرون» بۆ خانوو دروستکردن کەڵکی لێوەربگرن، بەڵام ئێمە ئەو شەوە نەمانتوانی بچینە ناو

گوندەکەوە، چونکە هەر کە لە گوندەکە نزیکبووینەوە کەوتینە بۆسەی دوژمنەوە و بەناچاری گەڕاینەوە بناری شاخ، ئەو ڕۆژە لە بناری شاخ ماینەوە، شەوی دوایی بۆ جارێکی تر چووینەوە و خۆمان گەیاندە ناو گوندەکە، دانیشتوانی گوندەکە ئەوپەڕی یارمەتیاندااین هەموو پێداویستیەکیان لە ئارد و ڕۆن و شەکر و چا بۆ دابینکردین، هەندێ چوپی تراکتۆریشمان لەگەڵ خۆماندا هێنا، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژانی داهاتوو لە پەڕینەوە لە زێی دوکان کەڵکی لێوەربگرین، پێشتریش لەم بارەیەوە لەگەڵ کاک «عەلی بچکۆل» قسەمان لێکردبوو.

بۆ ڕۆژی دوایی هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە «٥» کۆپتەری شەڕکەر و «٨» تانک و ژمارەیەک ئیڤای سەربازی بەرەو بناری شاخەکە هێرشیان هێنا، کەوتنە بۆردومانکردنی کوێرانە، دەستبەجێ دامەزراین و لە جێگاکانی خۆمان خۆمان مەڵاسدا، بڕیارماندابوو تا دوژمن نەگاتە سەرسەرمان و بەسەرماندا نەکەوێت و زەبری کوشندەی لێنەدەین، دانبەخۆماندا بگرین و خۆمان لە شەڕی نابەرابەر لابدەین، هێزەکەی دوژمن دوای دوو سەعات بۆردومانی بێئاکام گەڕایەوە مۆڵگاکەی خۆی لە قەڵاکەی «سۆسێ».

چەند ڕۆژێ لە «دۆڵەبی» «پیرەمەگرون» ماینەوە، لەگەڵ پێشمەرگەکانی «تیپی «٢٣»ی سورداش» و «تیپی «٣١»ی سلێمانی» و دەستەکەی کاک «عەلی بچکۆل» و پێشمەرگەکانی تر کۆبوونەوەیەکی فراوانمان سازکرد لە کۆبوونەوەکەدا، قسەمان بۆ پێشمەرگەکان کرد، ئەو ڕۆژانە خواردەمەنی و پێداویستییەکانی خۆمان دابینکردبوو، پشوویەکی باشیشمان دابوو، بەڵام چونکە دوژمن هەستی بە جموجۆڵمان کردبوو لەوێش جێگەمان کەمێ لەق بووبوو.

دەبوایە بیر لە دەروازەیەک بکەینەوە، بەچاکمان زانی ڕێگەی هەواری کۆن بگرینەبەر، واتە لە «هەڵەدن» و «سەرگەڵو» و چیای «ژیلوان»ـەوە دەروازەیەک بۆ پەڕینەوە بەرەو کوردستانی ئەودیو بدۆزینەوە، بڕیاردرا من بەو کارە هەڵسم، بۆ ئەو مەبەستە دوو پێشمەرگەم هەڵبژارد، «ئازاد» و «هاوڕێ عەتا» یەکەمیان لەبەر شارەزایی و دووەمیان لەبەر ئازایی و وریایی، ئیتر ئێمە هێزەکەمان جێهێشت و «دووربین» و «بێسیم» و «جفرە»م لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت.

ئێوارە داهات لە لوتکەی پیرەمەگرونەوە بەرەو دیوی «مێرگەپان» شۆڕبووینەوە، زۆری نەبرد کەوتینە ڕنوە بەفری هەزار بەهەزارەوە، ڕنوەبەفرەکان بەجۆرێک بەستبوویان کە شکاندنی بەفرەکە زەحمەت بوو، کزەبایەکی سارد هەڵیکرد دەموچاومان سوور هەڵگەڕابوو، هێدی هێدی جێگەپێمان بۆ خۆمان دەکردەوە، لەکاتێکا کە بە تفەنگەکەم دەمویست بەفرەکە بشکێنم و جێگاپێم بکەمەوە، لەپڕێکا لەسەر بەفرەکە ترازام و ماوەیەکی باش بە خلۆربونەوە و خلیسکان ڕۆیشتم، لە هەوڵی ئەوەدا بووم خۆم بگرمەوە و هەلاهالا نەبم، پەنجەکانم لە بەفرەکە گیرکرد، بە چڵە دەوەنێکەوە خۆم گرتەوە سێ لە پەنجەکانی دەستم بەپشتدا

ڕاستبوونەوە و لەجێچوون، هەر کە گیرسامەوە دەستبەجێ هەرسێ پەنجەکانم ڕاکێشان و هاتنەوە جێگەی خۆیان، چەند ڕۆژێک دەستی چەپم هەڵئاوسا و پاشان ئاساییبووەوە. زۆری نەمابوو برادەرەکانم دەستملێبشون، کە خۆم گرتەوە ئەوانیش بە زەحمەتێکی زۆر هاتنەخوارەوە، پاش نیو سەعات گەیشتنە لای من، نەماندەتوانی سەربکەوینەوە نەوەک لەو بەرزاییە هەزار بەهەزارە بترازێین و تیابچین، شەویش بەرەو تاریکی دەچوو، بەفرەکەش زیاتر دەیبەست، ڕەشەباش توندتریکرد، برسێتیمان لەبیرچووەوە.

سەرما تینی بۆ هێناین، جووقەی دانمان دەهات، ترسی ئەوەمان لێنیشتبوو ئەو شەوە ڕەقببینەوە، لەسەر گابەردێکی ڕەق کە بەفر دایپۆشیبوو وەک قەڵەڕەش هەڵنیشتین، چاکترین شت وامان بەباشزانی وەرزشبکەین، ئەو شەوە تا بەیانی لەناو بەفر و بەر کزەی ساردی بادا «تمارینی سویدی»یمان دەکرد.

کە خۆر هەڵات هانایەک بە دڵماندا هات، هێدی هێدی کەوتینە شکاندنی بەفرەکە. پێش ئەوەی سەرکەوین بە دووربین تەماشای دۆڵی مێرگەپان و چیای دابان و هەلاج و ژیلوانمان کرد. هێزی دوژمن لەو ناوە مۆڵی خواردبوو، ئەگەرچی ئێمە لەبەر ڕنوە بەفرە گەورەکان ڕێگەی دابەزینمان نەبوو، بەڵام هێزەکەی دوژمنیش هی ئەوە نەبوو ئەو ڕۆژانە بەناویدا گوزەربکەی، ئیتر بەناچاری گەڕاینەوە بەرەو شوێنی خۆمان بۆ لای هێزەکە، هەندێ بەفرمان تواندەوە و مەتارەیەکمان لێپڕکرد، زۆرمان حەز لە چا بوو، بیرمکردەوە ڕۆژی پێشوو لە شوێنێک چامانلێنابو، ئەوەم کەوتەوە یاد کە تڵپەکەیم لەسەر بەردێک ڕشتبوو، بەدوای ئەو شوێنەدا گەڕاین تاکو تڵپە چاکەمان دۆزیەوە، هەر لەو ناوەدا قووتوویەکی ژەنگاویشمان بەرچاوکەوت کە هێشتا بەتەواوی نەڕزیبوو، تڵپە چاکەمان کردە ناو قووتووە ژەنگاوییەکەوە و پڕمانکرد لە ئاو، ئاگرێکی بچکۆلەمان بۆ کردەوە. چایەکی بەلەزەت دەرچوو، بەدەم چا خواردنەوە پشوویەکماندا.

دەمەو ئێوارە هاتینەخوارەوە لە ئەشکەوتەکەی دۆڵەبی نزیککەوتینەوە، ئەشکەوتەکە جگە لە دەمی پێشەوەی لە پشتەوە کونێکی گەورەی تێدابوو، لە کونی پشتەوەی ئەشکەوتەکەوە خۆمان بەناو ئەشکەوتەکەدا کرد، بەسەر دیمەنێکی ترسناکدا کەوتین، لە هەرچوارلا و کون و قوژبنی ئەشکەوتەکە بەتانی و پێڵاو و کەلوپەلی جێماو و پاکەتی جگەرەی فڕێدراومان بەرچاوکەوت، لەو ڕۆژەدا جگەرە زۆر خۆشەویست بوو، بەتانی زۆر پێویست بوو، لە ناوەڕاستی ئەشکەوتەکە مەنجەڵێک برنج کە تازە دەمیکێشابوو لەسەر ئاگرەکە جێمابوو، ئاگرەکە گەرمی تیانەمابوو برنجەکە ساردبووبۆوە.

هەرکە بەسەر ئەم دیمەنەدا کەوتین میلی تفەنگەکانمان ڕاکێشا و ڕامانکردە دەرەوەی ئەشکەوتەکە، وا بەبیرمانداهات دوژمن هاتبێتە سەر پێشمەرگەکان و ڕەنگیشە تیاچووبن، یاخود لە ترسێکی کتوپڕدا، دوژمن لێیان نزیککەوتبێتەوە و ڕایانکردبێت، ئێمە ترسی ئەوەمان هەبوو دوژمن لەو نزیکانە بێت و خۆی بۆ لەبۆسە نابێن، دوای سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی هێزەکە هەستیان بە جموجۆڵی نائاسایی دوژمن کردبوو، لە جێگەی خۆیان هەڵکەنرابوون پەڕیبوونەوە چەمی ڕێزان.

### گومانی ناهەق

لە دیاردەکانی شۆڕشی چەکداری کورد، زۆرجار لە حاڵەتی شکستە گەورەکاندا هەندێ پێشمەرگە بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، هەندێ جاریش ڕوویداوە، پێشمەرگە هەبووە چەندین ساڵ بەشاخەوە بووە و کەچی لە ساتی ئەوهادا بیری لەوە کردۆتەوە دەست لە هاوڕێیەک یا چەند هاوڕێیەکی خۆی بوەشێنێ، بۆئەوەی لای دوژمن جێگەی خۆی بکاتەوە.

«عومەری کەریم بەگ» دوو سێ پێشمەرگەی تری لەگەڵدا بوو. عومەر پێشمەرگەیەکی ئازابوو، بەڵام زۆر بزێو و سەرەڕۆبوو. ئەو ڕۆژانە خۆی لە ئێمە جیادەکردەوە و هەڵسوکەوتەکانی ئێمەی خستبووە گومانەوە. عومەر خۆی لە من نزیکدەکردەوە. منیش خۆم لێدەشاردەوە. لەڕاستیدا ئەو منی خۆشدەویست، بەڵام ئێمە تیشکمان خستبوەسەر و لێی بەگومان بووین. عومەرمان پشتگوێ خست. ئەو خۆی گەیاندە سلێمانی و بە نهێنی بەرەو دیوی ئێران خۆی دەربازکرد، ئەو ترس و گومانەشمان ڕەوییەوە.

### ڕایەڵەی گەیشتن بە شار

ئەو شەوە دوور لە ئەشکەوتەکە خەوتین. بیرم لە دەروازەیەک دەکردەوە دەستمان بە سلێمانی بگات. ڕۆژمان لێبوەوە، دەمێک نەبوو ڕۆژ هەڵاتبوو. لە دوورەوە پیاوێکمان بینی بەناو دۆڵەکەدا سەردەکەوت. بە دووربین چاودێریمانکرد و لە دوورەوە ناسیمەوە. ئەو پیاوە ناوی «ئەحمەد عەبدوڵا» بوو، باوکی پێشمەرگە «فوئاد قەرەچەتانی» بوو. لێی نزیکبووینەوە و بانگمانکرد، زانیمان بەدوای هەواڵی کوڕەکەیدا وێڵە. کە بەڕێکەوت سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ فوئاد و دوو پێشمەرگەی تر لەگەڵ ئێمەدا یەکیانگرتەوە.

ئەو پیاوە لەو تێکۆشەر و دنیادیدانە بوو کاری قورسی لەدەستدەهات. پیاوێکی جوامێر و لێبڕوابوو. بە «کاک ئەحمەد»م ووت: «فوئاد لەسەر من و بۆ منی جێبێڵە، بەڵام پێویستە ئەم

نامانەم بۆ بگەیەنی. نامەیەکیان بۆ «حاجی ڕۆستەمی داربەڕوو» بوو لە سلێمانی و داوام لێکردبوو بڕێک پارەمان بە شێوەی قەرز بۆ بنێرێ. نامەکەی تریان بۆ ڕانیە بوو، بۆ «شەهید سەید حاجی» و «شەهید شێخ نەورۆز»م نووسیبوو.

«شەهید سەید حاجی» کاتی خۆی پێشمەرگەبوو، فەرماندەی کەرت بوو، بەڵام ئەوکات من نامەکەم بۆ نووسی «ئامر سریە»ی چەکداری دوژمن بوو. سەرقاڵی ئەوبوو «فوج» وەربگرێت و ببێت بە یەکێک لە «مستشار»ە کوردییەکان، «شێخ نەورۆز»یش خزمی «سەید حاجی»بوو. کاتی خۆی جێگری فەرماندەی کەرت بوو لە «تیپی «٢٣»ی سورداش» و زۆر لە منەوە نزیک بوو. ئەو دوو شەهیدە نەمرە بە شێوەیەک هاتنەپێشەوە باوەڕمنەدەکرا. هەر ڕۆژی دوای گەیشتنی نامەکە، «کاک ئەحمەد» لەگەڵ «شەهید سەید موستەفا» کە ئەویش خزمی «سەید حاجی» بوو وە «کاتب»ی ئەو بوو بە کۆڵێ خواردن و نان و جگەرەوە لە دۆڵەبی سەرلەبەیانی زوو گەیشتە لامان.

دوای ئەوەی یەکتریمان ناسی، وەڵامی نامەکەی سەرزارەکی دامەوە. پشوویەکمان دا و تێرمان لە گۆشتی مریشک خوارد. ئەوجا بە سەید موستەفام ووت: ئێوە دەتوانن چیمان بۆ بکەن؟ ئەو لە وەڵامدا ووتی: هەرچییەکتان بوێ ئاسانە. چیتان دەوێ بۆتان دەکەین. پێمووت: دەمانەوێ ئەم پێشمەرگانە لەڕێگەی شارەوە دەربازبکەین. «سەید مستەفا» ووتی: زۆر ئاسانە... وەڵامەکانی ئەیخستمە گومانەوە، نەدەکرا بەو سادەییە باوەڕبکەین، کارێکی وا پڕ مەترسی بەو ئاسانییە سەیربکرێت.

«سەید مستەفا» «تزویر» چییەکی بەتوانا بوو. ئەو ڕۆژە ڕۆیشتەوە. من بەڕێکەوت وێنەی بچوکی خۆمم لە گیرفاندا بوو، وێنەکەم دایە و لەگەڵ خۆی بردی. داواملێکرد، ئەگەر بکرێ شناسنامەیەک بۆ من دروستبکات و لەگەڵ خۆی کامیرایەک بێنێ.

هەر کە ئەوان ڕۆیشتن بە «بێسیم»ەکە هەموو سەری سەعاتەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی کاک «عەلی بچکۆل» و هێزەکەدا بووم، بەڵام تا تاریکدانەهات نەمتوانی وەریانبگرم. دیاربوو دوای ئەوەی لە پیرەمەگرون هەڵکەنرابوون گەڕابوونەوە «چەمی ڕێزان» و شوێنەکەیان لە چاڵیدا بوو. بۆیە بە «بێسیم»ەکە دەستنەدەکەوتن. بەڵام هەر کە تاریکداهات هاتنە سەرخەت و داوامڵێکردن هەر ئەو شەوە بگەڕێنەوە لای ئێمە لە پیرەمەگرون. هەواڵی ئەو پەیوەندییە تازانەم بە «جفرە» پێڕاگەیاندن. ئەوانیش دەستبەجێ بەرەو لای ئێمە بەڕێکەوتن و بەرەبەیانی ڕۆژی ئاینده گەیشتنەوە لامان.

**ستۆدیۆی پیرەمەگرون...**

بەرەبەیانی هەمان ڕۆژ کاک «ئەحمەد» و «سەیدمستەفا» بە کۆڵێ خواردن و پێداویستیەکی زۆرەوە گەیشتنەوە لامان. «سەیدمستەفا» کامیراکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. داوامان لە پێشمەرگەکان کرد ڕیشیانبتاشن و جلە خاکی و کەتانی دارەکانیان دابنێن و جامانە چڵکنەکانیشیان لەسەر سەریان فڕێبدەن. بەتانییەکمان لەپاڵ گاشەبەردێکدا هەڵدا و وێنەی بچوکی یەکەیەکی پێشمەرگەکانمان گرت و «سەید مستەفا» کامیرا و فیلمەکەی لەگەڵ خۆی بردەوە و پێش ئەوەی بڕواتەوە شناسنامەیەکی «فوج»ەکەی خۆیانی بۆ من دروستکردبوو، ئەوەشی دا بە من و منیش هەڵمگرت. کە ئەوان ڕۆیشتنەوە بۆ سلێمانی «موعد»ی دوو ڕۆژ دوای ئەوەمان لە گوندی «کوپەلە»ی بازیان دانا. «موعد»ەکەمان لە شەودا و لە کات و شوێنێکی دیاریکراو دانا.

کە ئەوان جێیانهێشتین کۆبوونەوەیەکی فراوانمان سازکرد و بە کامیراکەی من کۆمەڵێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگمان گرت. لە ڕووی مەعنەوییەوە وەزعی هێزەکە لە ڕۆژانی ڕابوردوو باشتربوو. ئێوارەی هەمان ڕۆژ من و «هاوڕێ عەتا» و «فەمان» و «شەهید قاسم» لە جادەی «سلێمانی ـ دوکان» پەڕینەوە و بەرەو بناری گەبە و گولیجە بەڕێکەوتین. لە کاتی پەڕینەوەماندا لە چەمی کرژە پشویەکماندا. گوێم لە دەنگی باڵندەیەک بوو بە زۆر شێوەی جیاجیا ئەیخوێند، هەرگیز خوێندنی ئەو باڵندەیەم لەبیرناچێتەوە. بەرەبەیانی زوو گەیشتمە نزیک گوندی «گولیجە» لەنزیک کانیاوێک لە چاڵاییەکدا کە هەندێ قامیش و دار و دڕکی لێبوو، خۆمان شاردەوە. ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە لەوێ ماینەوە. لەگەڵ تاریکیدا بەرەو گوندی «کوپەلە»ی بازیان کوتینەڕێ، بەرەو شوێنی «موعد»ەکە. سەعات «١٠»ی شەو گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، بە گەیشتنمان بۆ ئەوێ «سەید مستەفا» و «عەلی کاکەڕەش» و «عوزەیری حەمەدبەگ» لەوێبوون و چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد. لەگەڵ ئەوان پێکەوە دانیشتین و بڕیارماندا مەفرەزەیەکی «١٢»کەس لەڕێگەی «ئۆردوگای باینجانەوە» بۆ «سلێمانی» و لەوێوە بۆ «مەڵبەندی سێ» بەڕێبکەین. بۆ ئەو مەبەستە لەناو ئۆردوگای باینجان جێگەمان بۆ پێشمەرگەکان دەستنیشانکرد. جێگاکەش خانوویەکی تازە دروستکراوی چۆڵ بوو کە هێشتا کەسی تینەچووبوو. کاتێ بەڕێکردنی ئەو مەفرەزە پێشمەرگەمان بۆ ڕۆژی دوایی دانا.

«فرمان» و «قاسم» گەڕانەوە بۆلای هێزەکە. منیش بە «بێسیم» داوام لە کاک «عەلی بچکۆل» کرد بەپەلە «١٢» پێشمەرگە ئامادەبکەن و بیگەیەننە لای من لەنزیک گوندی «کوپەلە» لە شوێن و کاتی دیاریکراودا کە بە «بێسیم»ەکە دەستنیشانمانکرد.

شەوی داهاتوو لە کات و شوێنی دیاریکراوا گەیشتنە لامان، هەر ئەو شەوە گەیاندماننە ناو خانوە چۆڵەکەوە و بەیانی زوو بە دوو ئوتومبێل بەرەو سلێمانی و لەوێشەوە بەرەو «ڕانیە» و «مەڵبەندی سێ» بە چەکەکانیانەوە بەڕێکران. بەم شێوەیە پرۆسێسی ڕێکوپێکی گواستنەوەی بەشێک لە هێزەکە لە ناوچەی تازە ئەنفالکراوەوە کە هێشتا هێزەکانی دوژمن پاشەکشەیان لێنەکردبوو، لە هەلومەرجێکی سەخت و دژوار و پڕ مەترسیدا دەستیپێکرد. بۆ ئەم مەبەستەش «وەکر»ەکانی ڕاپەڕاندنی کارەکە لە ئۆردوگای باینجان و سلێمانی و ڕانیە و مەڵبەندی سێ و دیوی ئێران بەم شێوەیەی خوارەوە دەتسبەکاربوون:

١- ئۆردوگای باینجان ماڵی «حەسەن» و «عوزێری عەمەدبەگ» و «نەوزاد مەجید» و ڕێکخستن.

٢-لە سلێمانی، ماڵی «عەلی کاکەڕەش»، «مامۆستاخۆشناو»، «هێمن»، هیچیان ڕێکخستن نەبوون و تەنیا مرۆڤی خاوەن هەڵوێست و نیشتمانی بوون «وەستا بەکری دارتاش» بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانی.

٣ ـ لە ڕانیە ماڵی «سەید حاجی (ئامر سریە)»، «سەید قادر» لەنزیک ڕانیە پیاوێکی بەتەمەنی نیشتمانپەروەر بوو، «عبدالله» ڕێکخستن.

ئەوکات بەرپرسی پەیوەندی نێوان «وەکر»ەکان و هێزەکە و ڕێکخراوی سلێمانی بووم. من و «هاوڕێ عەتا» لەپشت ئۆردوگای باینجانەوە لەگەڵ «وەکر»ی یەکەم کەپرێکمان لە شوێنی کاری ڕۆژانەی جووتیاری خۆیان دانابوو کە لەوێدا پەیوەندییەکانمان تیادا دەبردە پێشەوە و زۆرجار چەکەکانمان هەر لەوێ دەشاردەوە و وەکو جووتیار خۆمان نیشاندەدا. ئێمە شوێنی چاوپێکەوتنمان ژێر کەپرەکە بوو. تەنانەت شوێنی نامە جێهێشتنمان بۆ یەکتری لەسەر گۆشەیەکی کەپرەکە دەستنیشانکردبوو.

«هاوڕێ عەتا» لەو پێشمەرگە چاونەترس و بەتوانایانە بوو بە ئیلتیزامێکی وورد و سەلیقەی ووردترەوە هەڵسوکەوتیدەکرد و ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕاپەڕاندی پەیوەندی نێوان «وەکر»ەکاندا دەگێڕا.

«وەکر»ی یەکەم بنکەی دەرچوون و گەیشتنی خۆراک و پێداویستییەکانی هێزەکە و سەرچاوەی زانیاری و هەواڵ و دەنگ و باسەکان بوو. هەروەک شوێنی حەوانەوەی ئێمە و پێکگەیشتنی برادەرانی شار بوو.

«وەکر»ی دووەم، ماڵی «عەلی کاکەڕەش» بنکەی سەرەکی بوو. شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە و شوێنی ئامادەکردنی ئوتۆمبێلەکان بوو. دوو ئوتومبێلی «عەلی کاکەڕەش» «سۆپەر»ێک و «بەرازیلی»یەک لەخزمەتی ئێمەدا بوو. نوسینگەی پەیداکردنی «دفترخدمە» و

«هویە ـ مزەوەرەکان» بوو. شوێنی تیمارکردنی بریندارەکانیش بوو، «ڕەفعەت» کە مار پێوەیدا تاکو ڕۆژی دەرچوونی لە ماڵی ئەوان تیمارکرا. یارمەتی هەندێ لە پێشمەرگەکان لە ماڵی ئەواندا دابەشکرا.

ماڵی «وەستا بەکری دارتاش» بنکەی هەموو پەیوەندییەکانمان بوو لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانی. ماڵی «مامۆستا خۆشناو» و «هێمن»، شوێنی حەوانەوەی خۆم بوو، دوای چاوپێکەوتنەکان بۆ لەبەرچاوگرتنی حاڵەتی ئەمنی.

«وەکر»ی سێیەم، کە «سەید حاجی» «سەید ئەحمەد»ی برای و «سەید مستەفا» و «شێخ نەوزەر» ڕایاندەپەڕاند، ئەرکیان دەربازکردنی پێشمەرگە و گەیاندی بریندار بۆسەر دوکتۆر و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئێمە و سەرکردایەتی بوو.

ماڵی «سەید قادر» کە ماڵی لەنزیک ڕانیە بوو، دوا بنکەی بەڕێکردنی پێشمەرگەکان بوو بەرەو مەڵبەندی سێ.

ناکرێ ڕۆڵی ئازایانەی ژنی کورد لەو کارە پڕ مەترسییانەدا لەیادبکەین. «ئەلەکسین» خان هاوسەری «حەسەنی حەمەبەگ»، «گەلاوێژ» خان هاوسەری «عەلی کاکەڕەش»، «شیرین» خان هاوسەری «بەکری دارتاش» «خۆی ومنداڵەکانی»، ئەمانە لە شێرەژنەکان بوون، هەروەها «ئاڤان» و «مەهاباد» و «تریفە» و «نەسیمە» «فاتمە» خان. چەند ژنێکی دیکەی ئۆردوگای باینجان، «دایکم» و «شلێر»ی خوشکم، «ڕووناک» خانی ژنی «مامۆستا خۆشناو» کە ڕۆڵی گەورەی بینی، ئەمانە هەمووی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی ئەو کارە نهێنییە پڕ مەترسییەدا بەشداربوون.

کاری نهێنی ئەو ڕۆژگارە بەو فراوانییە یاریکردن بوو بە مەرگ. هەروەها زۆربەی ئەوانەی ناویان هات، مەرگ گرەوەکەی لێبردنەوە و ئێستا ئەوان نەمر و ئێمە زیندوو. ئەو تێکۆشەرانەی تریش زۆربەیان لەلایەن دوژمنەوە دەستگیرکران و ساڵانێکی زیندانی زۆریان چەشت، یاخود کەوتنە خۆشاردنەوە و دەست دوژمن نەکەوتن.

دوای ئەوەی بڕیارماندا هێزەکە لە «پیرەمەگرون»ـەوە بگێڕینەوە دەوروبەری «کەڵەشێرە» و «گەورەدێ»، بۆئەوەی بتوانین لەنزیکەوە پەیوەندییەکان لەنێوان هێزەکە و «وەکر»ەکاندا ئاسانتر ڕێکبخەین، دوای بەڕێکردنی یەکەمین مەفرەزە، هێزەکە لە «پیرەمەگرون»ـەوە هاتەوە ئەو شوێنانەی بواری جووڵەمان لە جاران باشتربوو.

کۆتایی مانگی مایس، سەرەتای دەستپێکردنی پەیوەندی ئێمە بوو لەگەڵ «ڕێکخراوی سلێمانی»، من چووم بۆ «سلێمانی»، نامەیەکی کاک «عەلی بچکۆڵ»م پێبوو بۆ «وەستا بەکری» دارتاش، لە ماڵی «خۆشناو» خۆم شاردبووەوە، لەڕێگەی باوکی شەهید «هونەر»ی تیپی

«٤٧»ی پیرەمەگرونەوە، نامەکەم نارد بۆ «وەستا بەکر»، باوکی شەهید «هونەر» لە دوکانەکەی «وەستا بەکر» لە «سابونکەران» نامەکەی دابووە دەستی. ئێوارەی هەمان ڕۆژ «وەستا بەکر» لەگەڵ باوکی شەهید هونەر هاتن بۆلام بۆ ماڵی «مامۆستا خۆشناو» لە «گەڕەکی کانیسکان». هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکم لەسەر وەزعی هێزەکەمان و ناوچەکە بۆ سەرکردایەتی نووسی لەگەڵ نامەیەکی کاک «عەلی بچکۆل»دا لەڕێگەی وەستا بەکرەوە بەڕێکران بۆ سەرکردایەتی.

سێ ڕۆژ لە «سلێمانی» مامەوە، هەندێ پێداویستیم لە خواردن و جگەرە لەگەڵ خۆمدا بۆ هێنا و گەڕامەوە بۆ «باینجان»، لەوێوە چوومەوە بۆلای هێزەکە، کە گەیشتمەوە لای هێزەکە مەفرەزەیەکی تێکەڵاو لە پێشمەرگەکانی تیپی «٢١»ی کەرکوک و تیپی «٢٥»ی خاڵخاڵان لەگەڵ هێزەکەی ئێمەدا یەکیانگرتبووەوە «ڕەفعەت» و «ڕابەری سید برایم»یان لەگەڵدا بوو.

ڕەفعەت» مار پێوەیدابوو، دەستبەجێ لەگەڵ «دارا عومەر» و «وریا ئاغجەلەر»ی و «مامۆستا عادل» و شەهید «ئیسماعیل شەریف» و «هاوڕێ عەتا»، «ڕەفعەت» بۆ «سلێمانی» بەڕێکرا، هەر لە ماڵی «عەلی کاکەڕەش» «دکتۆر محەمەد» تیماری بۆدەکرد تاکو چاکبووەوە، پاشان ئەویش هەر لە «سلێمانی»یەوە بەڕێکرا. «ڕەفعەت» لە حکومەتی هەرێمدا جێگری یەکێک لە وەزارەتەکان بوو.

«دارا عومەر» کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی تیپی «٢١» و تیپی «٢٥» گەیشتەوە لای ئێمە، ڕۆژانی مەینەتی خۆی بەمجۆرە بۆ گێڕامەوە:

ئێمە مەفرەزەیەکی مەکتەبی عەسکەری بووین، بارەگاکەمان لە گوندی «ڕەبات»ی لای «سەنگاو» بوو، کۆتایی مانگی نیسان بوو لەسەر شاخی ڕەباتەوە بە دووربین چاودێری بناری «شارەزوور»مان دەکرد، بۆئەوەی لە جموجۆڵی هێزەکانی دوژمن ئاگاداربین، چەند ڕۆژێ پێش هێرشی زەمینی دوژمن بە فڕۆکە جەنگی گوندەکانی «سێوسێنان»، «بەلەکجاڕ»، «مەسۆیی»، «تەکیەی قەرەداغ»ی بەکیمیاوی بۆمبارانکرد، تەنیا لە گوندی «سێوسێنان» زیاد لە «١٢٠» کەس شەهیدبوون. دانیشتوانی گوندەکانی بناری «شارەزوور» هەندێکیان ڕوویانکردە شار و شارۆچکەکان، هەندێکی تریان ڕوویانکردە کێوەکانی بناری «سەنگاو».

دوای ئەو ڕووداوانە ئێمە ڕوومانکردە گوندی «قەواڵی»ی نزیک «کفری»، لەوێش هێزێکی زەبەلاحی دوژمن خۆی بۆ هێرش سازدابوو، هێزەکانی مەڵبەندی یەک کشابوونە کێوەکانی «سەنگاو» و دیوی «قەرەداغ»، هەندێ لە دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچەیەش ڕوویانکردە شار و شارۆچکەکان، بەڵام زۆری خەڵک ئەوانیش لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕوویانکردە کێوەکان. گوندی «هەزارکانی» لە خەڵک و پێشمەرگە سیخناخ بوو، خەڵکەکە بەو نیازەی لەپاڵ «فائق ئاغا» ڕیش سپی ناوچەکە پارێزراوبن ئومێدێکیان هەبوو، ئەگەرچی ناوبراو کەسێکی

نیشتمانپەروەربوو، بەڵام خەڵک پێیوابوو بەهۆی «نفوذ»ی عەشایەرییەوە لەناوچەکەدا ڕەنگە حکومەت ئازاری گوندەکە نەدات، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو خەڵکە و کەس و کاری ئاغاش ئەنفالکران.

هێزەکەی دوژمن کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکەی کرد، خەڵک و پێشمەرگە سەریان لێشوابوو، کەس نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات، پاش یەک دوو ڕۆژ «حەمەڕەش» لە دۆڵێک لەنزیک گوندی «گەڕەچیا» گەیشتە هێزەکە، کۆبونەوەی لەگەڵ هێزەکە و خەڵکەکە کرد، هەر لەوێدا بڕیاری پاشەکشەیدا بەرەو ناوچەی «قەلاسێوکی» سەر بە ناحیەی «ئاغجەلەر». «حەمەڕەش» پێی ڕاگەیاندین لەبەرئەوەی هێزەکەی دوژمن زۆرە و ڕەبیە و سەربازگەی زۆری داناوە، دەبێ کشانەوەکەمان نائاسایی بێت، واتە بە ڕاکردن و ڕۆیشتنی خێرا بێت، ئەوەبوو لە سەعات شەشی ئێوارەوە بەڕێکەوتین، باران بەلێزمە دایدەکرد، شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو، چەخماخە و هەورەبروسکە هێندەی تر شپرزەیکردبووین. تاکو بەرەبەیان بە ڕێگاوە بووین، بەرەبەیان گەیشتینە دۆڵێک لەنزیک گوندی «کانی خاکی» لە ناوچەی «هەشەزینی» و لە دۆڵەکە خۆمان شاردەوە.

ڕۆیشتنی ئەو شەوە ڕەوێکی پڕ لە کارەسات بوو، پێشمەرگەی بریندار جێدەما، خێزان و منداڵ جێدەمان، بەچاوی خۆم منداڵی ساوای فڕێدراوم لە شوێن تایەی تراکتۆردا لەبەر بارانەکەدا بینی، هێزەکە و خەڵکەکە برسی و ماندوو بوون. کەس توانای ئەوەی نەبوو یارمەتی کەس بدا، هەموو پرزەی لێبڕابوو، هەندێ خێزانی عەرەب و ژمارەیەک چەکدار کە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بوون ئەوانیش جێمان، ئەوەی جێما ئەنفالکرا.

ئێوارە دیسان بە ڕۆیشتنێکی خێرا و گورج بەرەو سەر ئاوی «باسەرە» بەڕێکەوتین. هەر ئەو شەوە لە ئاوەکە پەڕینەوە و گەیشتینە ناوچەی «خاڵدان»، کە گەیشتینە ئەو ناوچەیە نزیک «١٠٠» پێشمەرگەمان بینی لەناو توتڕک و قەرەقاج و داروبەردا خۆیان حەشاردابوو. لەو هێزەشی لەگەڵ ئێمە بوون تاکوتەرا خەڵک جێماو ئەنفالکران.

ئێوارەی داهاتوو بەڕێکەوتینەوە، نان و خواردنمان لێبڕابوو، ڕوومانکردە گوندێکی بچوکی دوو سێ ماڵە کە تازە سوتێنرابوو، لە دوورەوە بەرمیلێک گەنممان بینی و گیرفانەکانمان پڕکرد لە گەنم، خواردنی ئەو گەنمە لەگەڵ چاوبازە و خەرتەلە و گژوگیادا بەردەوامی پێداین. هەر ئەو شەوە لە جادەی «سلێمانی ـ چەمچەماڵ» پەڕینەوە. «حەمەڕەش» تاکو پێش گوندی «باوەفەتێ» لەگەڵماندا هات و خۆی گەڕایەوە بۆ ناوچەی «سەنگاو». ئێمە گەیشتینە گوندی «باوەفەتێ» لەوێ هەرکەس ئازادبوو بڕیاری خۆی بدا. من و «دلێری شێخ ڕەزا» چوین بۆ

گوندی «گەڕگەڕ»ی سەر بە ناحیەی «ئاغجەلەر»، لەوێ مامۆستا «عادل شریف»مان بینی، چوار ڕۆژ لە «گەڕگەڕ» ماینەوە.

فڕۆکەکانی دوژمن بۆمبابارانی کیمیاوی «عەسکەر» و «گۆپتەپە»یان دەستپێکرد. نیشانەی ئەنفالی «قەڵاسێوکە»ش دەرکەوت. من ئەو ڕۆژانە خێزانەکەم بە سەردان هاتبوو بۆلام بۆ «گەڕگەڕ». من و مامۆستا «عادل» و خێزانەکانمان و چەند پێشمەرگەیەک ڕوومانکردە ئەشکەوتەکانی «سەید نجاح»ی پێش «ئاغجەلەر». ئەو شەوە لەو ئەشکەوتانەدا ماینەوە. بەیانی هێزی دوژمن دەستی بەسەر هەموو گوندەکانی ناوچەکەدا گرت. ماوەی چەند ڕۆژێ لەو ئەشکەوتانە خۆمان حەشاردا. من و مامۆستا «عادل» خێزانەکانمان لێ تەوقبوو، شەو گەیاندمانن سەر جادە لەنزیک گوندی «کانی شەیتان»، بەیانییەکەی دەستیان لە لۆرییەک ڕاگرتبوو هەتاکو «سلێمانی» گەیاندبوونی.

هێرشی دوژمن بۆسەر شاخ و بەرزاییەکان ناچاریکردین ئەو شوێنانە جێبێڵین. ڕوومانکردە ناوچەی نزیکی «چەمی ڕێزان» لەوێ کاک «ڕەفعەت» و «ڕابەری سەید برایم»مان بینی خۆیان و مەفرەزەیەک پێشمەرگە بوون. هەموو پێکەوە گەڕاینەوە کێوەکانی دەوروبەری «گەڕگەڕ». شەوێک چاودێری جموجۆڵی هێزەکەی دوژمنمان دەکرد کاک «ڕەفعەت» ئەو شەوە مار پێوەیدا.

هێزی دوژمن بەرەو لای ئێمە کەوتە جووڵە. شوێنەکانمان جێهێشت. لەبەر نەبوونی پاتری «جیهاز»ەکەشمان لەکارکەوتبوو، پەیوەندیمان پچڕابوو، پاش چەند ڕۆژێ بە دەردەسەری بەسەربردن ڕوومانکردە «چەمی ڕێزان»، لەوێ کاک «عەلی بچکۆل» و مامۆستا «جمال» و هێزەکەیانمان بینی، ووتیان «عبدالکریم هەڵەدنی» چوو بۆ «سلێمانی» و دەگەڕێتەوە. کە باسی شار کرا نەختێ دڵمان خۆشبوو.

**سەفەرێکی تر بۆ سلێمانی...!**

من جارێکی تر گەڕامەوە بۆ سلێمانی، هەر لە ماڵی مامۆستا «خۆشناو» بڕی دەهەزار دیناری «ڕێکخراوی سلێمانی»م لە «وەستا بەکری دارتاش» وەرگرت، لەو پارەیە «٥»قات جلی کوردی و «٥٠» جووت پێڵاوی ئەدیداس و چەند گڵۆزێ پاکەتی جگەرە و هەندێ پێداویستی ترم بۆ هێزەکە کڕی و لەگەڵ خۆمدا بردمەوە بۆ «باینجان» و گەیاندمە هێزەکە.

**دیسانەوە بۆ سلێمانی...!**

جگە لەو پارەیەی «ڕێکخــــراوی سـلێــــمـــــان» بڕی دەهـەزار دیناری تر لەلایەن «سەرکردایەتی»ـەوە لە «مەڵبەندی سێ» لە ڕێگەی «شێخ نەوزەر» و «سەید حاجی»یەوە بۆمان ڕەوانەکرابوو، بەڵام ئەو پارەیەمان پێنەگەیشتبوو. «سەید حاجی» ئۆتۆمبیلەکەی فرۆشتبوو، بە پارەی ئۆتۆمبیلەکەی ئەو پارەیە ئۆتۆمبیلێکی تری کڕیبوو. بەڵام «سـەید حـاجی» ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ مندا باسکرد، منیش گەڕامەوە لای هێزەکە و لەگەڵ کاک «عەلی بچکۆڵ» باسمکرد. ئێمە ئەو مەسەلەیەمان زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو. «سەید حاجی» بەڵێنیدا دوای تەواوبوونی کارەکانی ئێمە، ئۆتۆمبیلەکە بفرۆشێتەوە و پارەکەش بگێڕێتەوە. ئەو کارەشی لەبەرئەوە کردبوو، پێی چاک بوو لەبەر باری ئەمنی ئۆتۆمبیلەکەی بگۆڕێت، ئێمەش دواتر ڕەزامەندیمان پیشاندابوو.

پاش چەند ڕۆژێ ئەوان لەلایەن سەرکردایەتیەوە ئاگادارکرابوون کە دەبێ ئەو پارەیە بگێڕێتەوە، پێیان ووترابوو: ئێوە وادەزانن ئاشبەتاڵە و دەتانەوێ پارەی شۆڕش بخۆن... «سەیدحاجی» هات بۆلام ئەو کاتەی لە ماڵی «مامۆستا خۆشناو» ئیختیفابووم. پێی ووتم: کە «شێخ نەوزەر» لە «مەڵبەندی سێ» گیراوە. من و «ڕەفعەت» هەردووکمان لە سلێمانی بووین. هەڵوێستەکە بۆ ئێمە زۆر لەڕوودامان بوو.

«شێخ نەوزەر» چەند ڕۆژێ لە «مەڵبەندی سێ» زیندانیکرا، «سەید حاجی» و برادەرەکانیش لە ئێمە ڕەنجان، ئەمەش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئێمە زەحمەت بوو، هەوڵمدا دڵی «سەید حاجی» بخەمەوە جێگەی خۆی، بێسوود بوو، بەڵام کە جێیهێشتم پێیووتم: وەکو شۆڕش و یەکێتی هیچ داوایەک لە من مەکە وەکو هاوڕێ و برایەتی هەر ئەمرێکت هەبوو بەسەرچاوان...!

«عەلی کاکەڕەش» لە هاوڕێیەکانی خۆی بەردەوام بوو، هەوڵیشیدەدا دڵی «سەید حاجی» چاکبکاتەوە. گەڕامەوە بۆلای هێزەکە و حاڵەکەم لەگەڵ کاک «عەلی بچکۆڵ» و «مامۆستا جەمال» باسکرد. دەبوایە کاک «عەلی بچکۆڵ» بروسکەبکات بۆ «سەرکردایەتی» و داوابکات هەرچی زووە «شێخ نەوزەر» ئازادبکەن، نازانم ئەمەی کردبوو یاخود نا، چونکە «شێخ نەوزەر» چەند ڕۆژێک دوای ئەوەش هەر زیندان بوو.

**ئەمجارەش بۆ سلێمانی و لە هەوڵی تردا...**

«مامۆستا جەمال» ووتی کە خزمێکی لە سلێمانی هەیە و لێپرسراوی «حیزبی ثوری کوردستانی»ـە واتە حیزبە کارتۆنیەکەیە لە سلێمانی و ناوی «سەید ئەحمەدی بەلەمزانی»یە، کە چوومە سلێمانی «عەلی کاکەڕەش» بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی منی گەیاندە

بەردەمی بارەگای ئەو حیزبە لە «گەڕەکی شۆڕش»، کە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم لەبەردەرگا بەڕووی پاسەوانی بارەگاکەدا تەقیمەوە ناوی «ئەزوەر» بوو. خەڵکی گوندی «گێجینە» بوو. دەیان جار لە ماڵەکەیان نانمخواردبوو، بە جل و بەرگێکی بەڵەک و کڵاشینکۆفێکەوە پاسەوانی بەردەرگای بارەگای ئەو حیزبە کارتۆنییە بوو. زۆر ڕێزی لێگرتم و ئەملاولای ماچکردم. من پێم ووت کە لەگەڵ ئەم حیزبە ئیشدەکەم و شوێنی کارەکەشم بارەگای سەرەکی ئەو حیزبەیە لە «هەولێر» و هاتووم بۆ سەردانی «سەید ئەحمەد».

«ئەزوەر» دەستبەجێ لەگەڵمدا هات بۆلای «سەید ئەحمەد»، کە چوومە ژوورەوە «سەید ئەحمەد» بەخێرهاتنیکردنم و دووقۆڵی لێیدانیشتین، باسی «مامۆستا جەمال»م بۆ کرد و پاشان نامەکەی «مامۆستا جەمال»م دایەدەستی، کە نامەکەی خوێندەوە، ڕێزێکی زۆری لێگرتم، پێی ووتم چیتان دەوێ ئامادەم بۆتان جێبەجێبکەم... من پێم ووت کە کێشەی چەند پێشمەرگەیەکمان هەیە و لە سەرکردایەتی دابڕاون و دەمانەوێ بیانگوێزینەوە بۆ «مەڵبەندی سێ». «سەید ئەحمەد» لە وەڵامدا ووتی: من تازە ماڵ و منداڵەکەم لە «هەڵەبجە»دا تیاچووە ئامادەم بەسەر و بەماڵ خزمەتێکتان بکەم، ئامادەم بە کۆڵ بتانگوێزمەوە. دوای ئەوەی لە هاوکاری سەید ئەحمەد دڵنیابووم، ویستم بچم بۆ ماڵی «وەستا بەکر»، داوام لە «سەید ئەحمەد» کرد بمگەیەنێت و ئەویش منی گەیاندە شوێنی مەبەست، بەڵام دوور لە ماڵی «وەستا بەکر» لە جێگایەکی گومانلێنەکراودا دابەزیم. «سەید ئەحمەد» پێی ناخۆش بوو، پێی ووتم: کە دیارە جێگەی متمانە نیم... من پێکەنیم و پێم ووت یەکتی دەبینینەوە. «سەید ئەحمەد» ئامادەیی زۆری دەربڕی، بەڵام هیچ ئەرکێکم پێنەسپارد وەکو «یەدەک» بۆ کاتی پێویست حسابم بۆ کردبوو.

ئەو سەردەمانەی هاتوچۆی نێوان «چەمی ڕێزان» و «باینجان» و «سلێمانی»م دەکرد ئەم بەڵگانامانەم هەبوون:

* هویەی ئەمنی عامە.
* هەویەی فەرمانبەرێتی.
* هویەی زانکۆی صلاح الدین.
* هویەی فوجی خفیفە.
* دفترخدمەی پڕکراوە.

هەروەها ئەو ئۆتۆمبیلانەی سوودمان لێوەردەگرتن و بەکارماندەهێنان ئەم ئۆتۆمبیلانە بوون:

| | |
|---|---|
| ١ـ سوپەر | سەید حاجی |
| ٢ ـ لاندکرۆز | سەید حاجی |
| ٣ ـ سوپەر | عەلی کاکەڕەش |
| ٤ ـ بەرازیلی | عەلی کاکەڕەش «کاک محی الدین لێخوڕی بوو». |
| ٥ ـ بەرازیلی | جەباری حاجی ڕەشید |
| ٦ ـ ئیڤای سەربازی | کاک عبدالله |
| ٧ ـ کراون | ڕێکخراوی سلێمانی «بۆ گواستنەوەی جیهازەکە». |
| ٨ ـ تویۆتای فەلاحی | حاجی ڕۆستەم |
| ٩ ـ تاکسی لادا | کاک ئەحمەدی پیسکەنی |

چەند ڕۆژێ لە ماڵی «وەستا بەکر» مامەوە، ڕۆژانە کاک «جەباری حاجی ڕەشید»م دەبینی، کە ئەودەم لێپرسراوی «ڕێکخراوی سلێمانی» بوو. هەرسێکمان بیرمان لە چۆنیەتی هێنانی جیهازێکی «ڕاکال» لەو دوو جیهازەی ئێمە لامان بوو کردەوە، کە پێشتر بڕیاری لەسەردرابوو جیهازەکە بدرێ بە «ڕێکخراوی سلێمانی» و ئێمە پێشتر جیهازەکەمان گەیاندبووە «ئۆردوگای باینجان». من چوومەوە بۆ ماڵی «مامۆستا خۆشناو». سەعات «٩»ی بەیانی دوو ئوتومبیل لەبەردەم «مزگەوتی مەولەوی» لە «کانێسکان» نزیک ماڵی «مامۆستا خۆشناو» وەستابوون، «وەستا بەکر» بەدوامدا هات و سواری ئوتومبیلەکان بووین. «وەستا بەکر» داوایلێکردم لەگەڵ کەس لەناو ئوتومبیلەکەدا نەدوێم، منیش بێدەنگ و بێ سەڵاو سەرکەوتم.

بەرەو «باینجان» سەرکەوتین، ئوتومبیلی دووەم بەدوامانەوە بوو، کە گەشتینە ئۆردوگاکە و لە ماڵی «حەسەن» جیهازەکەمان وەرگرت و خستمانە ئوتومبیلەکەوە، پاشان من لەگەڵ «جەباری حاجی ڕەشید» چووم بۆ ماڵی «ڕزگار محمد عبدالله» بۆئەوەی لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی جیهازەکە هەندێ شتی فێربکەم.

«سەید حاجی» زوو دڵی چاکبوو، ئوتومبیلەکەشی هەر زوو بەزەرەر فرۆشتەوە و پارەکەی گەڕانەوە بۆ «سەرکردایەتی»، بەشێک لەو زەرەرەی «سەید حاجی» کردی لە پاداشتی ئەو هەموو جوامێرییەی بەرامبەر ئێمە نواندی، کاک «عەلی کاکەڕەش» بژاردی وەکو هاوکاریکردنێکی «سەید حاجی» لە زەرەرەکەیدا.

ئەمە یەکەمین پاداشتی ئێمە نەبوو بۆ ئەو تێکۆشەرانە، هەرچەند «عەلی کاکەڕەش» ماوەی شەش مانگ لە «منظومەی شمالی» لە «هەولێر» لەژێر ئەشکەنجەدا لەسەر ئێمە ئازاردرا و قارەمانانە خۆی ڕاگرت و هیچی نەووت، کەچی دوای ڕاپەڕین سێ جاری تر لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاردرا.

**پەڕینەوە بۆ بناری کۆسرەت بەناو ئاگردا...!**

دوای ئەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد، پێمان چاکبوو بەشێک لە هێزەکە لە «زێی دوکان» بپەڕێتەوەو لە بناری «کۆسرەت»ەوە ڕێگای «مەڵبەندی سێ» بگرێتەبەر، بۆ چاوساغی ئەو هێزەش دوو پێشمەرگەی دەستەی کاک «ڕابەر» چاوساغ بوون.

بۆ پەڕینەوە سوود لەو چووپانە وەرگیرا کاتی خۆی لە «سوسێ»ی «سەیدان» کڕیبومان. «مامۆستا جەمال» و «سابیر کۆکەیی» لەگەڵ هێزەکە بەڕێکەوتن، دەبوایە ڕۆژی دوایی لەدەم زێ بە «اختفا» بمێننەوە، چونکە ئەو شەوە فریای ئەوە نەکەوتن لە ئاوەکەش بپەڕنەوە. ئەو ڕۆژە کە پێشمەرگەکان لەدەم زێ لەناو قامیشەڵاندا خۆیان حەشاردابوو، جاش دەچنە نزیکیان و بانگی پێشمەرگەکان دەکەن، بەڵام ئەوان بێدەنگدەبن، جاشەکان پاڵتۆی پێشمەرگەیەک لەگەڵ خۆیاندا دەبەن کە لە نزیک خۆیەوە بە دارێکەوە هەڵیواسیبوو. دیاربوو واپێدەچوو جاشەکان نەیانویستبوو شەڕی پێشمەرگەکان بکەن، گەر ئەو هەڵوێستەیان بنواندایە زەحمەت بوو کەسێکیان لێ دەرباز بێت. هەرچۆنێک بێت ئەو ڕۆژە بە ترس و دڵەڕاوکێ بەسەردەبەن و بە زەحمەتێکی زۆر شەو لە ئاوەکە دەپەڕنەوە. جگە لە چوپەکان بۆ پەڕینەوە سوودیان لە ئەسپێکیش وەرگرتبوو کە لەگەڵ خۆیاندا بردبوویان. هێزەکە لە بناری «کۆسرەت» تووشی مەترسی و زەحمەتی زۆر بووبوون، بەڵام «مامۆستا جەمال» و «سابیر کۆکەیی» دوو لێپرسراوی بەهیمەت بوون توانیبویان هێزەکەیان بە سەلامەتی بگەیەننە «مەڵبەندی سێ».

**دانیشتنێکی قەشەنگ و سەرکەوتنێکی گەورە...!**

هەموو ئەو ڕۆژانە دەبوایە لە ترسی ئاشکرابوون و هێرشی دوژمن خۆمان حەشاربدەین و جێگاگۆڕکێبکەین، هەروەها ناچاردەبووین کەلوپەل و خۆراکەکانمان بشارینەوە لە شوێنە جیاجیاکانی نزیک شوێنی حەوانەوەمان، زۆرجار هێزی دوژمن کەلوپەل و خۆراکەکانیان دەدۆزینەوە و ئاگریان تێبەردەدا.

دڵسۆز و دڵزار دوو پێشمەرگەی زۆر زیت و وریا بوون، زۆریش شارەزای سنووری خۆیان بوون، لە گەڕانەوەیاندا بۆ لای کاک ڕابەر قاپێ «ویسکی»یان لەگەڵ خۆیاندا بەدیاریهێنابوو. ئەو ئێوارەیەی کە گەیشتنەوەلامان لەناو «چەمی ڕێزان»دا نزیک «گەورەدێ» من و کاک «عەلی بچکۆل» و «ڕابەر» و «فەرمان» دانیشتنێکمان کرد. ڕۆژی خواردنەوە نەبوو، خۆ بێئاگاکردنیش بۆ چەند ساتێ لەو ژیانە سەختەدا شتێکی خراپ نەبوو. تاکو شەو درەنگ

دانیشتین. سەعات «٦»ی بەیانی دەنگی تەقە و ئاگر و دوکەڵی خوارمانەوە بەئاگای هێنایەنەوە. بڕیارماندا بەپەلە بەرەو سەرەوەی چەمەکە سەرکەوین. ماوەی نیوسەعاتێک ڕۆیشتین، هێشتاکە خواردنەوەکە بەرینەدابووین، لە «مەکۆی کەڵەشێرە» خۆمان حەشاردا. «مەکۆی کەڵەشێرە» «٥» دەقیقە لە ناو چەمەکەوە دووربوو، بەڵام جێگایەکی پڕ لە تاوێر و بەرد و قایم و پەنابوو.

کاتێ سەرنجماندا پاکسازی لەبەری سەرووشمانەوە لە «گەورەدێ»وە بەرەو لای ئێمە دەستیپێکردبوو، هەردوو هێزەکەی دوژمن کە ژمارەیان زیاتر لە «١٥٠٠» جاش و سەرباز پێکهاتبوو دەیانوویست لە خاڵێکدا یەکبگرنەوە و ناو چەم پاکسازیبکەن، کە دەبوایە بەسەر وورگی ئێمەدا گوزەربکەن. ئێمە لەجێگەی خۆمان دامەزراین، دڵنیابووین ئەمجارە ڕووبەڕووی شەڕێکی نابەرابەر بووینەتەوە، بڕیارماندابوو تاکو دوژمن بەسەر لولەی تفەنگەکانماندا نەکەوێت تەقەیانلێنەکەین.

بەشی یەکەمی هێزەکەی دوژمن کە لە ناو چەمەکەوە سەردەکەوت گەیشتە سەرجێگای خوراردنەوەکەمان و ئاگریان لە کەلوپەلەکانمان بەردا. ئەو هێزە پاکسازی ناو چەمەکەیان تەواوکرد و گەیشتنە سەرچاوەی ئەو ئاوەی دەڕژایە ناو چەمەکەوە لە دووری تەنیا «٥» دەقیقەیەک لە ئێمەوە. ئەو هێزەی دوژمن لەسەر ئاوەکە پشوویاندا، خۆیان کردەوە و خواردنیان لە گیرفانیان دەرهێنا و گۆرانییان دەووت. هێزەکەی تری دوژمن کە لە «گەورەدێ»وە داکشابوو بەرەو نزیک ئەم هێزەی تریان، ئەویش لەسەر ئەو بۆڕی ئاوەی «کەڵەشێرە» خۆیاندا بە عەرزا کە ئێمە ئاومان لێدەخواردەوە و تەنیا «٣» دەقیقەیەک لێمانەوە دووربوو، ئەوانیش بە هەمان شێوە لە بەزم و ڕەزمی خواردن و گۆرانی ووتن و پشوودانی خۆیاندا بوون.

هەردوو هێزەکەی دوژمن وا تێگەیشتبوون، سەرکەوتوانە پاکسازییان ئەنجامداوە و ئەرکی خۆیان تەواو بەجێهێناوە و پشوویەکدەدەن و دەگەڕێنەوە مۆڵگەکانیان.

ئێمە ژمارەمان تەنیا «٢٠» پێشمەرگە و چەکەکانیشمان تەنیا «١٩» کلاشینکۆف بوو لەگەڵ ئەو فیشەکانەی لە شانەی تفەنگەکانماندا بوو. دوژمن بەخۆیان نەزانیبوو لە هەموو لایەکەوە تەوقیانکردوین، هەروەک دوژمن لە دوو لاوە هاتبوون ئێمەش بووین بە دوو بەشەوە و لە دوو جێگەوە دامەزراین، هەر بەشەمان خۆی بۆ لێدانی هێزێکی دوژمن ئامادەکردبوو.

هێزەکەی خوارەوەی دوژمن پشوویان تەواوبوو، هەڵسان و ویستیان بەسەر وورگی ئێمەدا بەرەولای هێزەکەی سەرەوەیان بچن. ئەم هێزەی دوژمن کەوتە بەر ڕەحمی لوولەی تفەنگەکانی

ئەو پێشمەرگانەی ڕابەر سەرپەرشتیدەکردن. هێزەکەی دوژمن لەوێدا «٨» کەسیان لێ بەدیلگیرا و ژمارەیەکیشیان لێکوژرا.

هێزەکەی سەرەوەی دوژمن لەبیری پێشمەرگەدا نەبوون، تەقەکان بە هەڵەی برادەرەکانیان تێگەیشتن، بێترس هاتنەخوارەوە و ڕوویانکردە ئەو بەشەی پێشمەرگەکان ئێمەیان لەگەڵدا بوو. ئەوان بە جەماعەتی خۆیان لە ئێمە گەیشتن و بانگیانکردین و داوایان لێ کردین تەقە نەکەین، ئێمەش بانگمان کردن و دڵنیامان کردنەوە. جاشەکان بێترس بەرەو لای ئێمە هاتن. کە جلوبەرگی خاکیان لەبەر ئێمەدا بینی فریانەکەوتن تفەنگەکانیان لەشان داگرن و هەڵمەتمان بردە سەریان، ژمارەیەکی باشمان لێکوشتن و بەوە شەوە نەوەستاین بەدوایانەوە بووین تاکوو تەواو ڕاومانن و ئەو گردۆڵکەیەشمان لێسەندنەوە بەسەر جێگاکەی ئێمەدا دەیڕوانی.

دوژمن زەبری بەرکەوت، تەوقەکەشمان شکاند و تەرازووی هێزی شەڕەکە گۆڕا، ئێمە تەنیا «٥» پێشمەرگە بووین لەسەر گردەکە، بڕیاری بەرگریماندا لە هاتنەپێشەوەی دوژمن. لەیادمە بە «فەرمان»م ووت: ئاگات لەخۆت بێت یەکێک لە جاشەکان لەپاڵ کەڵەکەبەردێکدا بەرامبەرمان باش تەقەدەکا. بەداخەوە گەمەکەی من بوو بەڕاست، «فەرمان» بە خەستی بریندداربوو، دەستبەجێ بە پێشمەرگەیەکدا دوورمخستەوە بێئەوەی پێشمەرگەکانی تر بزانن. یەکێک لە پێشمەرگەکانی دەستەکەی کاک «عەلی بچکۆل» ناوی «عوسمان» بوو، دەرزییەکی خۆینبەربوونی بۆکرد.

شەڕ لە سەعات «٥»ی ئێوارەوە تا«٨»ی ئێوارێ خایاند، ئەوان«٨»چەکداری تریان لێکوژرا، ژمارەیەکیشیان لێبریندداربوو، پاشماوەی هێزەکەی دوژمن یا کشایەوە یاخود پەرتەوازەبوون.

**کێشەی دیل و بریندار...**

«فەرمان» بە خەستی بریندداربوو، دەبوایە زوو فریایبکەین، کێشەش لەسەر دیلەکان بوو، ئایا ئازادیان بکەین یاخود بیانکوژین، ڕێگەی سێیەم نەبوو. مەترسی ئەوە هەبوو ئازادیانبکەین، هەموو زانیارییەک لەسەر ئێمە بدەن بە دوژمن و هێزی دوژمنیش بهێننەوە سەرمان. دواتر بڕیارماندا ئازادیانبکەین، پاشانیش دوژمنیان هێنایەوە سەرمان.

دیلەکانمان لە شوێنێک ئازادکرد دوای ئەوەی ماوەیەک دوورمانخستنەوە و خۆشمان گەڕاینەوە لە ڕێگەیەکی ترەوە ڕۆیشتین. لە ڕۆیشتنماندا لقێ داربەڕوومان بەدوای خۆماندا ڕادەکێشا بۆئەوەی شوێن پێکانمان بسڕێتەوە.

من و «هاوڕێ عـەتا» لە هێـزەکـە جـیـابووینـەوە و هـەر ئەو شـەوە «فـەرمـان»مـان گـەیاندە «باینجان». بـەیانی زوو نامەم بۆ «سـەید حـاجی» نووسی. «سـەید حـاجی» دەستبـەجێ گەیشـتە لامـان. هـەر ئەو بەیانییـە کـاک «عـبدالله» بە ئیڤا سـەربـازییەکـەی خـۆی لێخـوڕی بوو سـەر بە فەوجێکی خـەفیفـە بوو، «فەرمـان»ی هـەتاکـو ئەودیو «سیطرة»ـەکـەی «تاسلوجـە» گـەیاند. من و «سـەید حاجی» لەودیوی «سیطرة»ـەکەوە چاوەڕوانماندەکرد. ئیڤاکە گەیشتە لامان و «فەرمان»مـان سـواری سـۆپـەرەکـەی «سـەید حـاجی» کـرد. من و «سـەید حـاجی» تاکـو بەردەرکی سـەرا نەوەسـتـاین، لەنزیک سـەرا لە «سـابونکەران» «فـەرمـان»مـان دا بـەدەست «وەسـتـا بـەکـری دارتاش»، لە دوکانـەکەی خـۆیدا کە پێشـتـر هـەر ئەو بەیانیـیـە نامـەم بۆ نووسـیـبوو لەسـەری ڕێککەوتبووین. پـاش چەند دەقیقـەیەک بەڕێکەوت گوێمان لە دەنگی چەند تـەقەیەک بوو لەنزیک سـەرا، بـەپەلە ئەو ناوەمـان جێـهێـشت و گـەڕاینەوە مـاڵی «عـەلی کاکـەڕەش». دوای دوو ڕۆژ هەواڵی «فـەرمـان»م پرسی باری تەندروسـتی بـاش بوو. من گـەڕامـەوە «بـاینـجـان» بـۆئەوەی بچـمـەوە لای هێـزەکـە، بەڵام دیاربـوو دوژمن لەجـێگـەی خـۆیان هـەڵیکەندبوون. ئەو دیلانەش ئازادمـانکردبوون درێغـیـان نەکـردبوو لەوەی هـێـزی تازە ببـەنـە سـەریان، لە هـەمـان ڕێگەی «مـامـۆسـتـا جـەمـال»ـەوە لـە زێ پـەڕیبـوونـەوە و لە بناری «کـۆسـرەت»ـەوە خـۆیان گـەیاندبووە «مەڵبەندی سێ».

چەند ڕۆژێ لە سلێمـانی لـە مـاڵی «هێمن» مـامـەوە. سـەرەتای مـانگی ئابی (١٩٨٨) بوو، لە تەلەڤـزیۆن ووتارەکـەی «ئیـمـام خـومـەینی»م گـوێلێـبـوو سـەبارەت بـە خـواردنەوەی پەرداخـە ژەهرەکە و قبوڵکردنی وەستانی شەڕ.

کوردسـتـان ئەنفـالکرا. شـەڕی عـێراق و ئێران وەسـتـا. بـە ملیـۆن خـەڵک بوون بـە قـوربانی شـەڕی بێئامانج و ماڵوێرانکەر. بێئومێدی و ترس و ڕەشبینی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا، بەڵام عێشق لە هـەموو سـات و زەمەنێکدا زیندووە. جـوانترین ڕۆژەکانی ژوان و ئەویـنم لەماڵی «هێمن»دا بردەسەر.

**گەڕانەوە بۆ ئاوارەیی**

دەبوایە سلێمـانی بەجـێبێـڵم. لەگەڵ «عـەلی کـاکـەڕەش» بەرەو «ڕانیـە» بەڕێکەوتم. ئێوارە لەمـاڵی «سـەید حـاجی» نانمان خوارد و شـەو لەماڵی کـاک «عبدالله» ماینەوە. بەیانی لەڕێگەی دۆستێکی خـۆیانەوە بە جێبێکی لاندرۆڤەر تاکـو «قەندیل» بەڕێیانکردم. شـەو لە «ئەسـتێرک» لە «ئێندزێ» مـێـوانی مـاڵێ بووم کـە هـەر دۆسـتی خـۆیان بوو. بـۆ بەیانی بەرەو «قـرناقـا» و «پشت ئاشـان» و «سوورەدێ» بەڕێکەوتم. لە «تاتی دۆ»وە بـەرەو ئەودیو سنوور کەوتمەڕێ تا «گوێزێ»

نەوەستام. لە «گوێزێ» مێوانی کاک «هەڵۆی ئەحمەد کوردە» بووم. شەوێکی خۆشمان پێکەوە بردەسەر. دەبوایە ڕۆژی دوایی ڕووەو ئێران ملبنێم. ئەوسا بیرم کەوتەوە ڕۆژە ڕەشەکانی ئەنفال و خەم و مەینەتییەکانی بیریانبردمەوە کە بۆ ئەوە چووبوومە خوارەوە یارمەتییەک لە ماڵ و کەسوکارم وەربگرم، دیسان بێ پارە بووم. کاک «هەڵۆ» (٥٠) دیناری لە دارایی بۆ وەرگرتم. پاشان لەڕێی «ئاڵوەتان»ـەوە ڕوومکردە شاری «سەقز»ی دڵگیر، لەوێ لە ئاوارەییدا جارێکی تر لەگەڵ برادەرەکانم یەکمانگرتەوە

نورنبێرگ
١٩٩٨/٥/١١

# هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سێ بۆچوون

ئاراس فەتاح

**مافدامالین لە کەس**

قوربانی بوونەوەرێکی بێشوناسە، بوونەوەرێکی نەناسراوە، بوونەوەرێکە، نە پێویستدەکات کەسایەتی خۆی بناسێنێ و نە کەسیش داوای خۆناساندنی لێدەکات. دیارە خۆناساندن مانای داننانە بە بوونێک، بە تاکێک کە خاوەنی کەسێتی بێت، بە ئامادەبوونی بارستاییەک لە ڕووبەر و زەمەنێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەم داوەرییانە بۆ کەسی قوربانی بێمانەیە. بێمانایە نەک لەبەر ئەوەی قوربانی پێویستی پێنییە، بەڵکو لەبەرئەوەی بۆ قوربانی بە پێویست نازانرێت. «بانگکردن»ی کەسێک واتای دانپیانانە بە بوونێک، بەخشینی مانایەکە بە کەسێک و بڕواپێکردنە بە شوناسێک کە (بۆ نموونە) لە ڕێگای ناوێکەوە بەرجەستەدەبێت. بەپێچەوانەشەوە بانگکردنی کەسێک بۆ مردن لێسەندنەوەی بوونە مرۆڤایەتییەکەیەتی و نەفیکردنێتی لە ژیان و ئاودیوکردنێتی بۆ سنووری نائامادەیی. بانگکردنی کەسێک بۆ ناساندنی شوناسی خۆی مانای پشکنینە لە شوناسێک کە دەشێت ئەو کەسایەتییە بە تاوانێک یاخود شوبهەیەک یاخود هەر هۆیەکی تر پێویستبکات کە لە شوناسی کەسییانەی بپشکنرێت یان لێیبکۆڵرێتەوە، بەڵام قوربانی کەسێک نییە پێویست بکات لە کەسایەتی بپشکێنرێت یاخود لێیبکۆڵرێتەوە، چونکی قوربانی بە بێ وویست و خواستی خودی خۆی پێناسێکی پێبەخشراوە کە بوونی داهاتووی ئەو دیاریدەکات، بوونی ئێستای ئەو دەسڕێتەوە؛ ئەو وەکو کەس، وەکو تاک یان وەکو خود نابینرێت، بەڵکو ئەو دەبێتە بەشێک لەو گشتەی کە پێکڕا چارەنووس و شوناس و داهاتوویان دەبێتە یەک شت؛ لەو چرکرساتەدا کەس قوربانییەکان لەیەکتر جیاناکاتەوە، ئەو چرکەساتە، چرکەساتێکە کە سنوورێک لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا دەکێشێت و داهاتووی لێفەنادەکات: چرکەساتی «مردنی بەکۆ» یان «کوشتنی بەکۆ».

مردنی پێکەوەیی یاخود کوشتنی بەکۆ ئەو زاراوەیەیە کە تاک تیایدا وندەبێت و «کۆ»ش دەبێتە سەروەر. ناو، ڕەنگ، ڕووخسار، گەورەیی، بچوکی، ڕەگەزی مێ یان نێر، پیرو منداڵ... ئەمانە هەموو پەیمانیان لەگەڵ ژیان کۆتاییپێدەهێنرێت و پێکڕا یەک کەرنەڤال دروستدەکەن، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی مردنێکی پێکەوەییە! لێرەوە لەخۆڕا نییە کە لە کولتووری گەلانی موسوڵماناندا ڕستەیەکی وەکی (الحشر مع الناس عید) بەرهەمدێت و ئاستەکانی بێخەمی بەرامبەر بە مردن و

ترس لە مردن تێکەڵ بەیەکتردەبن و سنوورەکانی نێوانیان ووندەبێت. ئالێرەدا مردن دەبێتە جۆرە مەراسیمێک لە «شایی ــ پرسە»یەکی کۆییانە، شادییەکی ڕووت (ئەپستراکت)، کە کەس بۆی نییە لە دووتوێیدا چارەنووسێکی باشتر یان خراپتری لەوی دی هەبێت، کەس نییە  تیایدا شوناسێکی تر وەربگرێت، درەنگتر یاخود زووتر بمرێت، هەموو پێکەوە لە یەک کات و لە یەک شوێن و بە یەک فرمان دەکوژرێن. کاتێک کە سنووری تاک نەما و بوو بە سنووری کۆ، بوو بە سنووری گشت یان هەموو، ئەوکات تاک هەست بە تەنهایی خۆی ناکات، هەست بە تەنها بەجێمان ناکات، هەست بەوە ناکات کە لە «ئاهەنگ»ی مردندا بە تەنهایە.

مرۆڤی قوربانی کەس لە تاوانەکانی ناپرسێتەوە. سزادانی ئەو پەیوەندی بە کردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە نییە کە لە دواییدا لەبەردەم یاسادا داوەریبکرێت، پابەندی پەیوەندراێتی «ئینتیما» چینایەتی ئەو نییە، پابەندی پەیوەیندارێتی سیاسی ئەو نییە، پابەندی تاوانێکی کۆمەڵایەتی نییە کە لە پێناویدا سزابدرێت، بەڵکو پابەندی بوونی ئەوە لە زەمەنێکدا کە ئەو «بێمێژوو» دەکات، پابەندی بوونی ئەوە لە شوێنێکدا کە نەدەبوایە لەوێ بێت. مرۆڤی قوربانی کێشەیەکی ئەنتۆلۆژییە. مردنی قوربانی پابەندی شوناسێکە کە نەدەبایە ئەو هەیبێت، پابەندی هەبوونێکی بیۆلۆگی و ئەنترۆپۆلۆگییە کە ئەو بەبێ وویستی خۆی پێیبەخشراوە و لە ڕێگایەوە خۆی بە جیهان دەناسێنێ، پابەندی ئامادەبوونی ئەوە لە جیهان بەو شوناسەی کە لەگەڵ خۆیداهەڵیگرتووە، پابەندی شوێنکاتێکە کە نەدەبایە ئەو تیایدا و لەوێدا بژی. شووناسی ئەو لە ڕێگای ئامادەبوونی لە بووندا دیاریناکرێت، بەڵکو لە ڕێگای نائامادەبوونییەوە لە بووندا بەرجەستەدەبێت.

تاکە شتێک کە قوربانی و جەلاد لە یەک خاڵدا کۆدەکاتەوە، نەبوونی بڕیارە بۆ ژیان و بۆ ژیانپێبەخشین. نە قوربانی دەتوانێت داوای ژیان لە جەلادەکەی بکات و نە جەلادیش دەتوانێت ژیانبەخشێتە قوربانییەکەی. حوکمی کۆمەڵکوژ، بڕیارێکە لە دەرەوەی وویستی قوربانی و جەلادیشدایە، چونکی نە قوربانی بە تەواوەتی دەزانێت بۆ دەکوژرێت، نە جەلادیش بە تەواوەتی دەزانێت بۆ دەکوژێت. کردەی بەکۆمەڵکوژی بێماناترین مانایە کە مرۆڤ بە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی و بە جیهانی ململانێی بەخشیوە. کردەی بەکۆمەڵکوژی بێبەهاترین بەهایە کە مرۆڤ بە بوونی خۆی بەخشیوە. بەکۆمەڵکوژراو لەو ساتەوەختەی کە پێویستناکات بۆی ڕوونبکرێتەوە بۆ دەکوژرێت، تەسلیمی تەواوی ناعەقڵانییەتی بڕیارێک دەبێت، بڕیارێک کە دەشێت هەموو چرکەساتێک کۆتایی بە هەموو پرسیار و وەڵامەکانی ژیانی بهێنێت، لێرەدا مردنی عەقڵانییەت دەستپێدەکات. بەکۆمەڵکوژی ئەو کردەیەیە کە دەرگای هەموو بیرکردنەوەیەک قفڵدەکات،  پەنجەرەی دیالۆگەکان دادەخات و

ڕووبەری جیاوازییەکان دەسڕێتەوە. کەسی قوربانیی دەشێ بە هەمان زمانی جەلادەکەی بدوێت یان باشتریش قسەیپێبکات، هەمان ئایینی هەبێت، هەمان ڕەنگی پێستیش... هتد، بەڵام قوربانیکراو لەم چرکەساتەدا لەبەردەم پرسیاری «بۆ؟»دا نییە، چونکی «بۆ؟» پرسیارێکی عەقڵانییە و چاوەڕێی وەڵام دەکات، چاوەڕێی دیالۆگ دەکات چاوەڕێی گفتوگۆ دەکات. پرسیاری «بۆ؟» تەنها تاکێکی ئازاد دەتوانێت بیکات و تەنها تاکێکی ئازادیش دەتوانێت وەڵامیبداتەوە، ئالێرەوەیە کە کایەی ئازادی لە چرکەساتی بەکۆمەڵکوشتندا بوونی نامێنێت. کوشتنی عەقڵ لە ڕێگای کوشتنی هەموو پرسیارەکان و ئازادییەکانی جەستە، دەبێتە ناعەقلانییەتێکی پێویست کە دەبێت بهێنرێتەدی و پێویستە پیادەبکرێت. زەمەن دەبێتە زەمەنێکی تۆتالیتێر و هیچ مەودایەک بۆ شوێن بەجێناهێڵێت، شوێنش دەبێتە تۆتالیتێر و هیچ فرسەتێک نادات بەدەست زەمەنەوە.

لەو زەمەن و شوێنە تۆتالیتێرەدا ئەو کەسەی بە جێبەجێکردنی فەرمانی کۆشتن هەڵدەستێت، بۆی نییە لە قوربانییەکانی بپرسێت؛ ئەرێ ئێوە تاوانتان چییە؟ بۆچی ئەم حوکمەیان بەسەردا سەپاندوون و بۆچی مافی ژیانتان لێسەندراوەتەوە؟، ئەو کەسە بە تەنها خاوەنی دوو دەستە کە فەرمانەکانیان پێ جێبەجێدەکات و بەس. ئەو کەسە گوێ لە قوربانییەکانی ناگرێت، بەزەیی پیایاندا نایەتەوە، ئامادەنییە گوێ لە سکاڵای قوربانییەکانی بگرێت، دەستەکانی بەتەنها یەک وەزیفە دەناسن؛ ئەویش «جێبەجێکردنی فەرمانی کوشتنە»ـە. «١»

ئەنفالکروا ئەو کەسەیە کە لە زەمەنێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراودا دەژیا. ئەنفالکراو ئەو کەسەیە کە دەبوایە لەو جێگایانەبێت کە سنووری مردنی بۆکێشرابوو، ئەنفالکراو ئەو کەسەیە کە دەبوایە لە زەمەنی پێش ئەنفالدا نەژی. لێرەدا تۆتالیتارییەتی زەمەن و شوێن شوناسی ئەو کەسانە دیاریدەکەن کە دەبێت ئەنفال بکرێن و ئەو کەسانەشی کە (ئێستا) پێویستناکات ئەنفالبکرێن. من جورئەتی ئەوەدەکەم کە بڵێم ئالێرەدا کەسی ئەنفالکراو و کورد دوو مانای بوونییانەی (کەینونی) جیاوازیان دەبێت. نەک بەو مانا فۆرمالیستەی کە کورد و ئەنفالکراوەکان لەیەکتر دابڕێت، بەڵکو بەو مانایەی کە تەنها پەراوێزێکی دیاریکراوی بوونی کوردی لە ناو بوونە گشتییەکەیدا بەر پرۆژەیەکی سیاسی دیاریکراو دەکەوێت، بەو مانایەی کە کەس ناتوانێت هەروا ئەو ڕاستییە بخاتە لاوە کە ئەنفالکراوەکان لەتەنیشت کوردەکانی دانیشتووی شارەکانەوە ڕەوانەی مەرگ دەکران بەبێ ئەوەی زۆربەیان ئاگایان لێبێت، بەو مانایەی کە کورد خۆی بەشدارێکی شێوەچالاکی ئەو پرۆژەیە بوو، کە لە دیدی بەعسیزمدا پرۆژەیەکی ڕەگەز (عنصر)ڕاسیستیانەیە و ڕاستەوخۆ پابەندی بوونی دەستەیەکی ڕەگەزیی (عرقی) ناو کۆمەڵگای عێراقییە، کە کوردە. ئالێرەوە ئەو کێشە سیاسی و ئەخلاقی و کولتوورییە بۆ ئێمەی کورد دروستدەبێت کە ئەنفال پرۆژەیەک نییە کە بەتەنها لەلایەن

سەربازەکانی بەعسەوە پیادەکرابێت، بەڵکو بەتەوزیفکردنی بوونی کورد خۆی لەو پرۆژەیەدا بەعس توانی کێشەیەک بخوڵقێنێت کە کورد هەروا بە ئاسانی ناتوانێت باز بەسەر تاوانبارێتی خۆیدا بدات و دەرئەنجامەکانی بەسەریاتێپەڕێت. ئەو پرسیارەی کە لێرەدا زۆر جەوهەرییە ئەوەیە: بۆچی بەعس بە پیادەکردنی ئەنفال ئەم ستراتیژەی هەڵبژارد؟

«بێئاگابوون» لە ئەنفال هیچ مانایەکی نییە بە بێ دروستکردنی «بێدەنگبوون» لەئەنفال. ئەنفالیش دەشیا ڕەوتێکی تری لەخۆبگرتبایە گەر هەموو کەس لێی بەئاگابووایە، بۆیە ئەنفال بەبێ بێدەنگبوونێکی ڕەها و کوێرکردنێکی ڕەهای دەنگوباس، واتە بەبێ بێئاگایی هیچ مانایەکی نەدەبوو. ئەنفال ئەوکاتە ئەو مانا «ئەخلاقییانە»ی خۆی وەرگرت بۆ بەعس، کە کورد بێئاگابکات لە کوشتن و لەناوبردنی بەشێکی گەورەی دونیای خۆی. هەردوو کایەی «بێدەنگبوون» و «بێئاگایی» بە پێویست دوو جەمسەر لەخۆدەگرن: یەکێکیان جەمسەری ئەو کوردانەیە کە خۆیان بەشداربوون لە ئەنفالکردن و دەبێت لە تاوانەکانی خۆیان بێدەنگبن، چونکی بێجگە لە هەندێ پارە و دەستکەوت، هیچ مانایەکی تر لەو کردانەدا نابینن (لیستی بەخشیشەکانی بەعس «لەو دۆکومێنتانەدا کە لە دوای ڕاپەڕین وەچنگکەوتن» بۆ ئەو جاش و موستەشارانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەو هێرشەدا بەشداربوون، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە کوشتنی تاک و کەسی کورد بە دەستی کورد چەندە بێبەها بووە، لە کاتێکدا لە لایەن دائیرەکانی بەعسەوە بە پارە و بەخشیشێکی ناچیز ئافەرینی تاوانەکانیان دەکرێت). دووەمیان بەشە گەورەکەی تر لە کۆمەڵانی خەڵکی کورد، کە بێئاگابوون یان بێئاگاکران، بە قورسایی ئەخلاقییانەی بێدەنگبوون بارگاوی بکات لە کاتێکدا لە تەنیشتیاندا کورد قڕان دەکرا. ئەم کێشەیە کاتێک مانا قووڵەکانی خۆی وەردەگرێت کە کورد دابەشدەبێت بۆ سەر ئەوانەی کە بێئاگابوون و ئەوانەی کە بەئاگابوون و هەردووکیشیان لە یەک کایەدا خۆیان دەبیننەوە کە ئەویش کایەی بێدەنگییە لە کارەساتێک. کارەساتێک کە لایەکیان تیایدا ئەکتیڤە و بەڵام بێدەنگدەبێت لە تاوانەکانی، وە لایەکەی تریان پاسیڤ و بێئاگایە، ئەو بێئاگاییەشی مانای بێدەنگبوونێتی، یاخود بە چەمکی بێدەنگبوون دادەپۆشرێت.

ئەم واقیعە پتر لە کێشەیەکی سایکۆلۆژی و ئەخلاقی بۆ کورد، وەکو گەلێک دروستکردووە، دەرئەنجامەکانیشی لە دوای ڕاپەڕیندا دەشێت زیاد لە مانایەکمان بداتێت. بەعس ئەو ڕاستییەی باش دەزانی کە ئەنفال کردەیەکی مافداماڵینی مرۆڤە و هیچ یاسایەک (ئاسمانی یاخود مرۆیی) ئەم وەحشەتە لەناو دەستوورەکانیدا بێ سزا بەجێناهێڵێت (دەشێت ئەمەش هۆیەک بێت لە هۆکارەکانی ناونانی ئەو پرۆژە قڕکردنەی بە «ئەنفال»، بۆ ئەوەی یاسا ئایینیەکانی شەڕ جێگای یاسا مرۆییەکانی

جـــەنگ بـگرێتـــەوە). ئـالێــرەدایە نـهـێنـێ ئەو تێـــوەگـــلانەی کـــورد لەو «پرۆژەیە»، چونکی ئـەوە ئەو ساتەوەختـەیە کە بەعس کۆمـەڵگای کوردی دەکات بە کۆمـەڵگایەک کە تەنها قوربانییەکان تیایدا نەدەژیان، بەڵکو ئێستـا تاوانبـارەکانیش لەتەنیشت ئەوانـەی کە ڕزگاریان بووە پێکەوە دەژین. ئەم دۆخـە بە هیچ شێوەیەک پابەندی ئەوە نییـە کە کۆمـەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی «موتەسـامیحـە»، بە تایبـەت لە کاتێکدا کە تاوەکو ئەمڕۆ لەناو ئەو کۆمـەڵگایەدا خێڵ هێزێکی ستـراتیـژییە، بەڵکو ئەوە دەگـەیەنێت کـە بەعس کـێـشـەیـەکی بۆ کـورد دروسـتکردووە کـە هەروا بە ئـاسـانی نـاتوانێت لێی ڕزگاربێت. کێشـەیەک کـە پێویسـتی بە هەڵسـوکەوت و تاووتـوێکردنێکی زۆر ناسـک و ورد دەکات، چونکی دەرئەنجامەکانی لە پاشەڕۆژدا دەشێت گەلێک نادیار و کارەساتاوی بکەونەوە. من وایدەبینم کە بەشێکی ماناکانی جەنگی ناوخۆی کوردسـتـان دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو پاشـخانـە ئەخلاقییـەی پێش جەنگ، پاشـخانی ڕووداوی ئەنفال و دروسـتـەنەبوونی هیچ کولتـوورێکی نوێ لەناو کۆمەڵگای کوردی خۆیدا. کولتووری دوای ڕاپەڕین، کولتـووری دیالۆگی ڕەخنەیی کورد نەبوو لەگەڵ خۆیدا، کولتـووری بەرپرسیـارێتی نەبوو بەرامبەر بە مێژوو و کۆمەڵگا، بەڵکو کولتووری خستنەوەی «تەسـاموح»ێک بوو، کـە ئەخـلاقی کـۆمـــەڵایەتی و سـیـاسـی نـاو کـۆمـــەڵگای کـوردی بارگـاوی کـرد بە ئـەخـلاقـیـیـەتی بەرپرسـیـارنەبوون. هەر ئـەمـەشـە بەرهـەمـهـێنەری ئەو کـولتـوورە سیـاسـییـەی سـەردەمـانی جـەنگی ناوخۆیی، کە هـاوکێشـەی «دۆست» و «دوژمن» دەچێتە ناو کـایەی ململانێی سیاسی کۆمەڵگای کورد خۆیەوە و لێپـرسـراوێتی هەسـتکردن بەرامـبـەر بە مـێژوو تیـایدا ووندەبێت. گـەمـەکردن بـە لاشـەی یەکتری و بریندارکردنی مـافی مـرۆڤی کورد بە ناشـرینتـرین شـێوە، بە جـۆرێک کە تاوانکردن بوو بە بەشێک لە کولتووری سیاسی کوردی خـۆی. ئەمەش بەشێکی پرۆسـەی کوشتنی یادەوەریی کۆمـەڵییە و دروسـتکردنی بێمـانایی ژیان و مـانابەخشینە بە کولتـووری کوشـتن و مەرگ. ئێمەی کورد لە دوای ئەنفـال دەبایە جـارێکی دی مـانا ڕەسـەنەکـانی مـردن بگەڕێنینەوە بۆ ژیان و کـولتـووری کـوشـتن لە کولتووری مـردن جیـابکەینەوە. نامۆبوونی مـرۆڤ لە ناو کولتووری بەعسیـزم گەیشـتۆتە ئاسـتێک کە شـەڕانگیـزی و خـودکوشـتـاری خـۆی وەکی ئـاسـتـێکی بالا لە چێژێکی ئێـسـتـێتـیکی تەمـاشـابکرێت. ئەنفـالیش درێژکـراوەی ئەم کولتـووری کـوشتنەیە کـە بەعس بەرهـەمـیـهـێناوە؛ کولتـووری ناچیزکردنی بوونی تاک ـ کەس و مافەکانی.

هـەردوو زاراوەی «لێخـۆشبـوون» و «پەیمان» بەو مانایە نایەت کە یەکێک تاوانێکی کردووە و پاشـان قوربانییەکان لێـخـۆشـدەبن، بەڵکو هـەروەکـو هـانا ئـارێنت بەڕوونی ئـەوە دیاریدەکات، پرۆسـەیەکە لە دابڕان و خۆبەسـتنەوەیەکی نوێ. دابڕان لە مردن، لە تاوان و خـۆبەسـتنەوە بە ئێستـا و بە ژیان. ئەمە بەو مـانایە دێت کـە سـیـاسـەت دەبێت وەزیفـەیەکی ئاشکرای لە دابڕان لەگـەڵ ڕابردوو و پەیماندان بە

ئێستا و داهاتوو هەبێت. سیاسەت دەبێت پشتیوانی لە ئارەزووی ژیان لەناو تاک و کۆمەڵگادا بکات و ڕق و کینە هێوربکاتەوە و بیخاتە بەر پێوانەی یاسای پاراستنی ژیان و حورمەتی مرۆڤ لە ژیان. سیاسەت دەبێت ئەو پەیمانە بێت کە پەیمانبەندێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا دروستبکات. ئەوەی سیاسەتی کوردی دوای ڕاپەڕین پێیەهەڵنەسا ئەم هەنگاوانە بوو. سیاسەتی کوردی دەبایە پێش هەموو شتێک نموونەی بەخشینەوەی ماف بێت بە ژیان، بەستنی پەیمان بێت لەگەڵ ژیان، لەگەڵ ئێستا و داهاتوو، گەڕانەوەی مانا پۆزەتیڤەکەی مردن بێت بۆ ژیان و دەرکردنی بێت لە مانا نێگەتیڤەکەی کە لە کردەی «کوشتن» لە ژیاندا بەرجەستەدەبێت، ئەو مانا و تێگەیشتنەی (مفهوم) کە کولتووری بەعسیزم بۆ ژیان و مردنی دروستکردووە.

بەتەنها «مرۆڤبوون» هیچ گەرانتێک (کەفالەت) نادات بەدەستەوە بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ، وەکی «خودێکی یاسایی» بپارێزرێت. ئێمە کاتێک لە وولاتێکی وەکو عێراق لە کورد دەدوێین، دەبێت ئەو جیاوازییە ناکۆکەش ببینین کە لە نێوان «کوردبوون»، وەکی هەڕەشەیەک کە وێنە هاوئاهەنگەکەی کۆمەڵگای عێراقی دەشێوێنێت، وە «هاونیشتیمانیبوون»ی کوردێکی عێراقی لە ڕووی یاساییەوە کە لە دەستوردا بوونی هەیە.

کەسی «فیگور»ی کورد هەمیشە لە پاڵ ئەو هێزانەدا دانراوە کە لە پەیوەندییەکی پچڕاو و دژەپەیوەندیدا لەگەڵ کۆمەڵگا و هێزە ڕێکخەرەکەی، کە دەوڵەتی عێراقییە، دەژی. لێرەوە ئەم فیگورە هەموو ئەو سیفەتە یاساییانەشی لێدەسێنرێتەوە کە دەتوانێت گارانتی بوونی ئەو بێت. ئوردوگا زۆرەملێکان بەڵگەی ئەو ڕاستییە درێوەن کە دەسەڵاتدارێتییەکی تۆتالیتاری (شمولی) وەکی بەعس ئەم فیگورە وەکی کەسێکی یاسایی دەکوژێت و هەموو ئەخلاقیەتێکی کەساییانەی لێدادەماڵێت و لەوێشەوە هەموو ئەو ڕێگایانە خۆشدەکات کە لەبەردەم لەناوبردنی فیزیکی ئەم تاکانە (وەکی کۆمەڵ) وەستاون. ئەنفال ئەو دوائێستگایەیە کە لە قۆناغەکانی پێش خۆی کە بەردەوام مافە یاساییەکانی مرۆڤی کوردی تیا پێشێلدەکرا و دونیاش لێیبێدەنگ دەبوو.

چاوتروکاندێک بە مێژووی عێراقی نوێدا ئەم ڕاستەییەمان بۆ دەسەلمێنێت. گەر دەوڵەتی کۆلۆنیالی ئەوسای عێراقی لە ستراتیژی لێسەندنەوەی سیفاتی بە سیاسیکردنی کۆمەڵگای کوردی سەرکەوتوبووبێت و هەموو خەونەکانی «سەربەخۆیی کورد»ی تێکشکاندبێت و بەرامبەر بەوەش لە پرۆسەی بەکۆمەڵگاکردنی کۆمەڵی کوردییشدا لەناو جەستەی کۆمەڵگای دەوڵەتی عێراقیدا، توانیبێتی کەم تا زۆر کورد وەکی هاونیشتمانییەک و وەکو خودێکی یاسایی ببینێت، ئەوا لە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عێراقی و بە تایبەت لە ژێر دەسەڵاتدارێتی سیستمی بەعسیزمدا کورد بەتەنها

بەرامبەر بە ستراتیژێکی تەواوکەری ئەم پرۆسەیە نابێتەوە، کە ڕەهەندێکی کولتووری وەردەگرێت، بەڵکو بەعسیزم دەسەڵاتداریتییەکی زۆر تایبەتی ناو زەمەنی پۆست کۆلۆنیالیە و قانگداروە بە کولتووری سیاسی شەڕانگیزی ناسیۆنالیستی ـ ئیسلامی عەرەبی، لە ستراتیژیشیابوو و (لە ستراتیژیایە) کە کوردبوون، وەکی کولتوورێکی ڕێژەسەربەخۆش لەناو چوارچێوەی دەوڵەتدا و کۆمەڵگاکەیدا بتوێنێتەوە و ئەو کایانەشی کە لەناو ئەم ستراتیژەدا دەردەچن، بەمانا فیزیکییەکەی لەناوببات. گەر سیستەمە سیاسییەیەکانی پێش بەعس لە دەوڵەتەکەیاندا «پاڵەوانێکی لۆکال»یان دروستکردبێت «٢»، ئەوا بەعسیزم ئەو سیستەمەیە کە لەسەر کوشتنی هەموو دەسەڵاتە لۆکالییەکان و کەڵەکەکردنی دەسەڵات لە نێوەندی خۆیدا بەرجەستەدەبێت، بەمانایەکی دی پەیامی بەعس بریتییە لە: «بێدەسەڵاتکردن و تێکشکاندنی هەیبەتی ئەوانی دی مانای کەڵەکەبوونی دەسەڵات و ئاسایشە بۆ من». بەعس لەسەر ئەو موجازەفانە کاردەکات کە ئاسایشی هەمیشەیی ئەم دەخەنە مەترسییەوە. بۆیە ناسیۆنالیزمی بەعس ئەو دڵەڕاوکێ بەردەوامەیە لە ترس. ترس لە بوونی ئەوانی دی، ترس لە دوژمن، لە دراوسێ... هتد. بەڵام ئەم ترسە ناتوانێت بژی بەبێ بێدەنگبوون. گەر ستراتیژی کۆنترۆلکردن بەتەنها خواستی دەستبەسەراگرتنی ڕەهای شوێن و دیسپلینکردنی گشتی لەش و جەستەکان بێت لە ڕێگای ترسەوە، ئەوا ستراتیژی سیاسەتی بێدەنگکردن بریتییە لە ئامادەکردنی مرۆڤەکان بۆ لەناوبردن، یا وەکی کوردان دەڵێن «قڕکردن». ئەمەش ستراتیژێکە کە لە مافداماڵینی ئەو کەس و تاک و گروپە لۆکالییانەدا بەرجەستەدەبێت کە دەوڵەت هەموو مافێکی بوونیان لەوکاتەدا لێدەسەنێتەوە و مافە سیاسی و یاساییەکانی تاکی (فەردی) و کەسی (شخصی) لە بوونیان دادەماڵێت. من وایدەبینم کە ئەنفال لە جووتبوونی ئەم دوو ستراتیژەدا بەرجەستەدەبێت و گەیاندنی ئەو دوو ستراتیژەشە بە ئاستە باڵاکەی، کە سزادانێکی بێیاسایی جەستە و شوێنە بەرامبەر بە کۆنترۆلکردنی بزووتنەوەی زەمەنی مرۆڤەکان. ئالێرەوە تایبەتمەندێتی ئەنفال وەکی پرۆژەیەکی کاراکتەرجیای جینۆسایدی ناو مۆدێرنە لە جینۆسایدەکانی تر دەردەکەوێت. واتە پرۆژەی ئەنفال بەتەنها خواستی کوشتنی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو وونکردنی هەموو کەرەسە و بوونەکانی تری ناو سروشت و ژینگەی کۆمەڵایەتی کورد لە ستراتیژیا بوو، وەکو لە نموونەی ژەهراویکردنی کوردستان و کوشتنی ئاژەڵ و سروشتەکەی لە وەحشەتگەرانەترین فۆرمی بەرجەستەکراو بینیمان. هەرلێرەوە من وایدەبینم کە بەجەغدکردن لەسەر تایبەتمەندێتی ڕەگەزە کولتووری و سیاسییەکانی بەعسیزم لە سەردەمی مۆدێرنە (بە هەموو دەزگا تەکنەلۆژی و بیرۆکراسی و سیستەمە دیسپلینەکانی ناوەوەی) دەتوانرێت ئەنفال وەکی بەرهەمێکی ناو مۆدێرنە ناوزەدبکرێت، نەک بە پێچەوانەوە کە مۆدێرنە بەتەنها لێپرسراوبکەین لە بەرهەمهێنانی جینۆساید، چونکی ئێمە لە جیهانی دەوڵەتی ناسیۆنالی ناو مۆدێرنەدا گەلێک نموونەمان لەبەردەستدایە کە بێبەریین لە کردەی جینۆساید. «٣»

**بەعس و چەمکی کۆمەڵگای بێململانێ**

گومانی تێدا نییە لە هەموو دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان لە ستراتیژی دەوڵەتدایە هەموو ئەو ململانێیانەی کە دەشێت ببن بە کوانوی دروستبوونی کایەی دەسەڵات و ململانێ لەسەر دەسەڵات، بچەپێنرێت و قورسایی سیاسییان لێبستێنرێتەوە، جاچ لە ڕێگای لەناوبردنی فیزیکییەوە بووە یان بەخزاندنیان بووە بۆ ناو بەندیخانەکان یان بە سڕینەوەی بوونیان بووە لەڕووی ئامادەبوونی کۆمەڵایەتییەوە، دیارە ئەمە یەکێکە لەو پراکسیسە سیاسی و سایکۆلۆژییانەی دەوڵەت، بەتایبەت دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان کە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی پیادەیدەکەن. ئەم تاقیکردنەوەیەش لە دەوڵەتێکی وەکی عێراقی بەعسیزمیشدا دووبارەبووەتەوە، چونکی یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم جۆرە دەوڵەتانە ئەوەیە کە لە ململانێیەکی بێوێنەی دوژمنانەدا دەژین لەگەڵ بوونە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و ئێتنییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگادا.

ستراتیژی بەعس لە وێناکردنی کۆمەڵگایەکی بێململانێ، لەڕووی تیۆرییەوە هێندەی وێناکردنی کۆمەڵگایەکی بە ململانێ قانگدراوی دوژمنانە گرفتاوییە. ململانێ وەزیفەیەک نییە بخرێتەگەڕ و لە پاشاندا دەرئەنجامی نێگەتیف یان پۆزەتیڤمان پێببەخشێت. ململانێ دۆخێکی بونیادی ئاڵۆزی کۆمەڵگایە و پەیوەندی نێوان تاکەکان و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا دیاریدەکات.

لە هەر شوێنێک ململانێ هەبێت، دەبێت خود «ذات ـ Subjekt»ی ئازادیش ئامادەبێت. ئێمە تەنها لەو کۆمەڵگایانەدا و لەو کایە کۆمەڵایەتییانەدا دەتوانین باس لە وونبوونی پەیوەندی ململانێ بکەین، کاتێک کە خود تیایاندا ئازاد نەبێت و دەسەڵات وەکی تاکە فۆرمێکی زەبروزەنگ خۆیبنوێنێت، یاخود چەوسانەوە وەکی قەدەرێک تەماشابکرێت؛ بۆ نموونە ئێمە ناتوانین باس لە ململانێی نێوان کۆیلە و ئاغا بکەین، کاتێک هۆشمەندی بۆ ئازادی بوونی نەبێت... ململانێ کاتێک دەتوانێت بەیانی خۆی بکات، کە دوو خودی ئازاد بوونیان هەبێت؛ گرنگ نییە ئەو دوو خودە ئازادییەکەیان لە سروشتەوە وەرگرتبێت یان لە ناو سیستمێکی دەزگادارەوە، کە ئازادییەکان لە لایەکەوە دیاریدەکات و لە لایەکی تریشەوە دەیانپارێزێت. واتە لەو چرکەساتەی کە پەیوەندییەکان ئازادبێت، کردە و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لەبەیەکچڕژانیان بەناویەکداو لە کارلێکیان لەگەڵ یەکدیدا پەیوەندی دەسەڵات دروستدەبێت، ئەمەش زێدی ململانێیە و ململانێ لەسەر ئەم زەمینەیە چرۆدەکات و پەروەردەدەبێت.

گەر ستراتیژی سیستمێکی وەکی بەعسیزم پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بێململانێ بێت، ئەوا لەگەڵ بوونی کایە ئازاد و ئۆتۆنۆمەکانی ناو کۆمەڵگای کوردیدا ناتوانێت هاوجووت بێت، چونکی ئەم کایانە هەمیشە لەناو «زۆن»ێکی ئازاد لەدەرەوەی زۆنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا لە شەڕی دەوڵەتدا بوون. بە

تایبەت ئەو یەکە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە ژینگەی کۆبوونەوە و ژیانی ئۆپۆزیسیۆن. لێرەوە من وایدەبینم کە لەناوبردنی ئەو کایە کۆمەڵایەتییانەی کە لەناو «زۆنی ئازاد»دا دەژین و لێسەندنەوەی هەموو ئۆتۆنۆمییەتێکی ئەو زۆنانەیە. دروستکردنی پشتێنێکی قەدەغەکراو لەناو ڕووبەری ئەو زۆنەدا لە پێش ئەنفال، دەبێتە زەمینەخۆشکەری دوایی جێبەجێکردنی هێرشەکانی ئەنفال.

لە سیستمە تۆتالیتێرەکاندا کۆمەڵگا یەک وێنە لەخۆیدەگرێت، تاکەکان و گروپەکان ناتوانن خۆیان بە ئازادی بەیانبکەن و ململانێکانیان بە جۆرێکی ئاشکرا دەربڕن. هەر ئەم ڕاستییە کۆمەڵایەتییە سیاسییەشە وامان لێدەکات کە ئەو کۆمەڵگایانە بە «کۆمەڵگای داخراو» لەقەڵەمبدەین، چونکی ئەو وێنەیەی کە ئەم کۆمەڵگایانە بە دەرەوەی خۆیانی دەبەخشن، بریتییە لە ئاسایشێکی ترسناک کە لەسەر نەبوونی ململانێ و کێشە دروستکراوە. ئەم جۆرە سیستمانە شانازی بە ئامادەنەبوونی هەموو جۆرە فۆرمێک لە ململانێ و کێشە دەکەن. ئەوەی من لێرەدا بە بابەتی جەوهەری دەبینم، ئەوەیە، کە هەموو ململانێیەک لەو کۆمەڵگایانە کاتێک دروستدەبێت، یەکسەر وێنەی دوژمنانە وەردەگرێت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەزگای دەوڵەتدا ڕووبەڕوودەبێتەوە، چونکی هیچ کایەیەکی کۆمەڵایەتی تر نییە کە تاکەکان یاخود گروپەکان لە ڕێگایەوە فۆرم بە ململانێ و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ببەخشن. ئەم فۆرمەش کە وەریدەگرێت، فۆرمێکی پێبەخشراوە، واتە فۆرمێکە کە دەوڵەت بەرهەمیدەهێنێت، فۆرمێکە کە تیایدا ململانێکان حەتمییەتێک بەڕێوەیاندەبات و ناتوانن لەدەرەوەی ئەو بونیادەدا، واتە لە ململانێی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ دەوڵەتدا بژین.

نزمکردنەوەی چەمکی ململانێ بە تەنها بۆ ململانێی نێوان ئەوانەی کە چەوساوەن و ئەوانەی کە چەوسێنەرن، دیدێکی ڕووکەشییانە و وەزیفەگەرایانەی چەمکی ململانێ دەگەیەنێت، چونکی ئەم چەمکە ساکارە پەیوەندی ئاڵۆزی پراکسیسی دەسەڵات لەناو کایەی ململانێ فەرامۆشدەکات. خودێکی کۆمەڵایەتی کاتێک دەکەوێتە ململانێوە لەگەڵ لایەنێکی دی، کە خۆی هۆشمەندبێت بەرامبەر بە لەدەستچوونی ئازادی خودییانەی خۆی و لە پێناویا دەکەوێتە خەباتکردن، هەرلێرەوە دەتوانین ڕاستی ئەو بۆچوونەی (فوکۆ) دووبارەبکەینەوە کە دەڵێت: «کۆیلەبوونی ئازادانە» بوونی نییە، چونکی ئازادی ئامادە نییە. «٤»

هەروەکو ڕوونمانکردەوە لە وڵاتە دیکتاتۆر و سیستمە تۆتالیتێرەکاندا ئامادەنەبوونی چەمکی ئازادی مانای کوشتنی چەمکی ململانێ دەگەیەنێت و ئەمەش دەبێتە جۆرێک لەو فۆرمانەی کە ململانێی پێ«چارەسەر» دەکرێ. گەر «کۆمەڵگای کراوە»، ئەو کۆمەڵگایە بێت کە ململانێکان تیایدا

خۆیان بە ئازادی بەیاندەکەن، ناچەوسێنرێنەوە و ناچەپێرێن؛ ئەوا بەرامبەر بەوەش «کۆمەڵگای داخراو»، پەیامی داخستنی هەموو ڕەهەندەکانی پێشکەوتن و گۆڕان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، هەرلێرەشەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایانە خەسڵەتی «کۆمەڵگای بێدەنگوباس» لەخۆدەگرن. ئەم دونیایە دونیایەکە داخراو بەسەر جیهانی دەرەوەی خۆی، تاکە جیهانێک ئەو بیناسێت ئاشتییەکی درۆزنانەی نێوان کایە و یەکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە... بۆیە بە کەوتنی ترس و دەزگا داپڵۆسێنەرەکان، هەموو ئەو کایانەی کە ململانێی پەنهانیان لەگەڵ یەکتر و لە ناو یەکتردا هەبووە، دەتەقێنەوە و زۆرجاریش کارەساتی مرۆییانەی گەورە لەدووی خۆی بەجێدەهێڵێت... وەکی بەکۆمەڵکوژی و بەکۆمەڵهەڵهاتن و تێکشکاندنی پەیوەندییە ڕۆحییەکان و بنەما ئابوورییەکان.

ناوچە ئەنفالکراوەکان ئەو ڕووبەرەیە کە کەم تا زۆر ئازادییەکی ڕێژەیی بەرامبەر بە بوونی دەوڵەت تیادا بەرقەرار بوو. ئەم ئازادییەش بەشێکی ئەو هاوکێشەیەیە کە لە ململانێدایە لەگەڵ دەوڵەتێک کە سیستمەکەی ڕێگا بە بوونی هیچ ململانێیەک نادات، واتە بوونی ڕووبەرێک کە بکەوێتە ململانێوە لەگەڵ بوونی دەوڵەت، مانای بوونی ئازادییەکە، ئەمەش لەگەڵ جەوهەری سیستمێکی وەکی بەعسیزم ناتوانێت تەبابکەوێتەوە. چونکی ئەو جیهانە مێژوویەکی تری دەبێت کە لە دۆخێکی تری ئازادی و ململانێدا دەژی وەک لەوەی کە کۆمەڵگای بێململانێی بەعس و چەمکی ئازادی لای بەعس خوازیاری دروستکردنێتی.

کۆمەڵگای بێململانێ هەمیشە لە هەڵپەی بەئەبەدیکردنی مێژووی خۆیدا دەژی، هیچ مێژوویەکی دی لەدەرەوەی مێژووی پیرۆزی خۆی، بوونی نییە و هیچ مێژوویەکیش ناتوانێت ئەو بنووسێتەوە؛ ئەو بەتەنها خۆی دەتوانێت ستاییش و نمایشی خۆی بکات. کۆمەڵگای بێململانێ، کۆمەڵگایەکە تیایدا هەموو ململانێکان تیایدا دەبێتە ململانێی ئەو لەگەڵ خودی ململانێ خۆیدا، ململانێی ئەو دەبێتە ململانێیەک بۆ کۆتاییپێهێنانی ململانێ.

ململانێی دۆخێکی ئاڵۆزی کۆمەڵگایە و ستراتیژی بەڕێوەبردنییشی چۆنایەتی و ڕەهەند و ئاستی ململانێکان دیاریدەکات. ڕاڤەکردنی ململانێ بریتییە لە چاودێریکردنی ململانێ خۆی و چۆنییەتی کارکردنی لەناو کۆمەڵگا. ململانێ دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە (تفکیک) و میکانیزمەکانی کارکردنی دیاریبکرێت و ستراتیژ و تاکتیکەکانی ڕوونبکرێتەوە. ململانێ هونەرێکی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگا بە هەموو ئەو بوونیادە جیاوازانەوەی کە هەیەتی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، کولتووری...) فۆرمی پێدەبەخشێ و دووبارە بەرهەمیاندەهێنێتەوە.

تاکە فۆرمێک کە ململانێ تیایدا بەرجەستەدەبێت و سیستێمێک پێکدەهێنێت، بریتییە لە «یاسا». واتە یاسا بە مانا سروشتییەکەی و بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی. یاسایە، کە مەرگی دەسەڵاتێک دیاریدەکات و لە هەمان کاتیشدا پیرۆزێتی و بەردەوامێتی بە دەسەڵاتێکی دی دەبەخشێت. گەر ئێمە پێچەوانەی «یاسا» لە «جەنگ»دا بین، ئەوا دەبێت بپرسین: ئەوە چ دەسەڵاتێکە کە یاسا دروستدەکات و پیادەیدەکات؟ چییە ئەو ڕەوایەتییەی کە دەسەڵاتێک بەخۆیدەبەخشێت و لەوانی دەستێنێتەوە؟ ئایا جەنگ و یاسا دوو کایەن کە لە دژایەتی و ناکۆکی بەردەوامدان، یاخود دوو کایەن کە لە ناکۆکییەکی هاوڕێییانەی یەکدین؟ یان هەردووکیان یەک سیستمیان هەیە و بەبێ یەکتر ناژین؟

ململانێ ستراتیژێکی ئاڵۆزە، چونکی ململانێ لە نێوان دوو کایەی «جەنگ و یاسا»دا کاردەکات. ململانێی لە لایەک جەنگێکی بەردەوامە بۆ گۆڕینی یاسا و تەشریعی یاسای نوێ، لە لایەکی دییەوە جەنگێکی بەردەوامە بۆ بەئەبەدیکردنی یاسادانراوەکان و دۆزینەوەی ڕەوایەتی ڕەها بۆ مانەوەیان.

ململانێی کاتێک بوو بە ستراتیژ، ئەوە خواستێکی بەیانکراو و وویستێکی دیاریکراوی هەیە، ئەویش گۆڕانکارییە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا. ئەم جۆرەی ململانێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە شێوەی شۆڕش و جەنگ و شەڕی ناوخۆدا بەرجەستەدەبێت. گەر ململانێی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ستراتیژیدا بەرجەستە نەبوو و بەتەنها لە کایەی تاکتیکدا پیادەبکرێت، ئەوا ئێمە لێرەدا کارمان بەسەر کێشەی «بەشەهبوون»ەوە هەیە لە دەسەڵات. واتە دابەشکردنی دەسەڵات، نەک لێسەندنەوەی دەسەڵات دەبێتە ستراتیژ. ئەم فۆرمەی ململانێ مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەرەی بەرژەوەندیدار گەمەکانی دەسەڵات و هەیبەتی یاسا ڕێزلێدەگرێت و لەناو چوارچێوەی سنووری هاونیشتیمانێتیدا خەباتدەکات و چەشنی ململانێکەشی دەبێتە جۆرێک لە ململانێ لە پێناوی دانپیانان «اعتراف» و یەکسانی.

ململانێی کۆمەڵایەتی بەشێکی دانەبڕاوی خەباتە لە پێناوی دانپیانان و خەبات لە پێناوی هاونیشتیمانیبوون، واتە تێکۆشانی خودە کۆمەڵایەتییەکانە لەناو بونیادێکدا، بۆ وەرگرتنەوەی مافێک یاخود بەشداربوون لە دەسەڵاتدارێتییەک یان بەشەهبوون لە دەسەڵاتێک، ئەوسا گرنگ نییە ئەو خەباتە، خەباتێکی سیاسی بێت یان ئابووری یاخود کۆمەڵایەتی ـ کولتووری، لە ئاستەکەی تریشدا ستراتیژێکی گۆڕانە لە کۆی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ناو بونیادێک و گۆڕانکارییە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدارێتدا. «٥»

لێرەوە ململانێ دەبێتە کۆڵەکەیەکی گەورەی ناو پەیوەندییە دەسەڵاتدارێتییەکان، دەسەڵاتدارێتی بە مانای بونیادی دەسەڵاتێکی هەمەلایەنە و «دۆخێکی ستراتیژی» «٦»، بۆیە هەموو ململانێیەک لە کاتێکدا بگاتە ئاستی گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات، مانای گۆڕانێکی بونیادی کۆی دەسەڵاتدارێتییەکیش دەگەیەنێت، کە بۆخۆی دەرئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە.

کوردستان پارچە زەوییەکە کە تیایدا پتر لە فۆرمێکی ململانێ و چەندان شێوازی خەباتی دژ بە ڕژێمی تیادا پیادە دەکرا، برێکیان خواستیان گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات بوو، ئامانجی هەندێکیشیان لابردنی دەسەڵاتێک بوو بە دەسەڵاتێکی تر، وە هەندێکیشیان ئامادەی بەشەبوون بوون لە دەسەڵاتدا. ئەم دۆخەش لە لۆژیکی بەعسدا مانای جەنگ دەگرێتەوە. جەنگیش لە دیدی بەعس یاسای خۆی هەیە.

لە لۆژیکی بەعسدا جەنگ و خەبات حاڵەتێکی نائاسایی نییە، بەڵکو دۆخێکی بونیادییە و پابەندی بوونی سیستەمەکەیەتی. ژمارەی ئایدۆلۆژیستەکانی بەعس کەم نین کە لە پشت ستاییشکردنی خەبات دژ بە دوژمن، جەنگ بە کردەیەکی پیرۆز دەبینن و لەوێشەوە بە کایەیەکی بەردەوامی ناو کۆمەڵگای لەقەڵەمدەدەن. واتە خەبات و ململانێ دەبێتە ئامانجێک بۆخۆی هەروەکو عەفلەق لە چەندان شوێن باسی لێوەدەکات. «٧»

بەعس لە خەباتیدا دژ بە دوژمنەکانی ناوەوەی خاوەنی یەک یاسا و یەک فۆرمی ململانێ بوو، ئەویش فۆرمی ستراتیژییانەی جەنگە. مەبەستمان لەم فۆرمە ئەو شێوازەیە لە جەنگ کە نەک لە دەرەوەی زەمینەی دوژمنەکەی دەجەنگێ، بەڵکو لەناویدا و بە شێوەکی ستراتیژی کاری تێدا دەکات.

مێژووی جەنگ دیارە لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە گەلێک گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لە سەردەمی نوێدا چەندان یاسا و بناغەی بۆ داناوە کە لە جەنگەکانی ڕابردوودا بوونی نەبوو. بۆ نموونە نەکوشتنی دیل و دەستدرێژینەکردن بۆ سەر مەدەنی و ماڵوێران و دەربەدەرنەکردنیان. گەر جەنگ لەسەردەمی نوێدا مانای بەرگریکردن لە سنوورەکانی دەوڵەتی ناسیۆنال بگەیەنێت و وەزیری جەنگ ناوی گۆڕابێت بە وەزیری بەرگری، ئەوا لە لۆژیکی بەعسدا دەبێت بڵێین بێیاساکردنی کەسی بەرامبەر مانای ئازادبوونێتی لە هەموو ئیلتیزاماتێکی یاسایی و ئەخلاقی. بەعس لەگەڵ کورد لە جەنگی سنووردا نەبوو، بەڵکو لە جەنگێکی ناوەکی ناو سنوورەکانی دەوڵەتی عێراقیدایە کە کورد لەناویدا دەژی. ئەم حاڵەتەش جۆرێک لە موڵکدارێتی و مافدارێتی دەدات بە دەوڵەتی بەعس. بۆ نموونە بە ناوی ڕێگەنەدان بە دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆیی و پاراستنی سەروەرێتی دەوڵەت و نەتەوە، هەموو مافێک بە خۆی دەدات ئەم پرینسیپانەی دەوڵەتی ناسیۆنال بپارێزێت، ئەمەش مانای لەناوبردنی دوژمنەکەی دەگەیەنێت.

لە کاتێکدا کە کورد لە جەنگێکی تاکتیکیدا بوو لەگەڵ ڕژێم، واتە لە جەنگێکدا بوو لە دەرەوەی سنووره سەرەکییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت، بەعس لە جەنگی ستراتیژیدا بوو دژ بە کورد. جەنگی عێراق و ئێران دێت و ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێت و جەنگی کورد دەچێتە ناو بەشێکی یاساکانی جەنگ. جەنگی بەرگریکردن لە سنوورەکان و تێکشکاندنی دوژمن. لێرەوە کورد دەبێت بە بەشێک لە

هاوکێشەی جەنگی نێوان دوو دەوڵەت. واتە کورد و هێزە سیاسییەکانی دەبن بە بەشێک لە ستراتیژی تێکشکاندنی دوژمن و ئەوەشی دەکەوێتە بەر دەستیان دەبێتە دیلێکی نایاسایی جەنگ و دەبێتە خائین لە گەل و دەوڵەت، چونکی «هاونیشتمانی عێراقی» لە حاڵەتی جەنگدا نابێت لەگەڵ دوژمنەکەیدا هاوکاربێت. بەعس بە تەنها لێرەدا یاسای دەوڵەتی ناسیۆنال لە کاتی جەنگدا جێبەجێدەکات. واتە کوشتنی هەموو خائینێک لە کاتی جەنگ کاتێک لەگەڵ دوژمنەکەی هاوکار بێت، وەکی ئەوەی لە دەستووره موەقەتەکەیدا هاتووە.

من لێرەدا مەبەستمە خۆم لەو دەرئەنجامە فۆرمالیستییە لابەم کە دەڵێت: ئەنفال دروستنەدەبوو گەر جەنگ نەبوایە، چونکی ئەمە وەکی ئەوە وایە بڵێین: جەنگی عێراق و ئێرانیش نەدەبوو گەر عێراق و ئێران نەبایە. ئەم جۆرە تێزانە دەرئەنجامێکی لۆگێکی فۆرمالیستیانەمان دەداتێ، بەڵام کارکردنی سیستمی بەعس بەرامبەر بە کورد ناتوانێت ڕوونبکاتەوە.

جەنگ ئەو فەزایەیە کە بەعس هەموو ڕەهەندەکانی ململانێی تیایدا دەچەپێنێت و ئازادی دەگۆڕێتە سەر کایەیەکی کۆمەڵایەتی وون «غائب». ئەو زۆن و کایانەی کە نیمچە ئازاد و ئازادبوون لەناو کۆمەڵگای کوردی بە پێویست دەبن بە بەشێک لە بەرەکانی جەنگ و یاسای جەنگی تێدا دەسەپێنرێت: یاسای لەناوبردنی دوژمن. گەر ئەو دوژمنانەش بەشێکی یان ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە بن و هاونیشتمانێکی ئەو دەوڵەتە بن، ئەوا یاساکانی دەوڵەتیان لەکاتی جەنگدا بەسەردا دەسەپێنرێت.

بەعس لەم جەنگەیدا دژ بە ئازادی و بوونی ململانێ یەک وویستی هەیە، ئەویش دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بێململانێیە. کۆمەڵگای بێململانێ ئەو کۆمەڵگایەیە کە ستراتیژی بە یەکڕەنگکردنی هەموو گروپەکانی هەیە، کۆمەلگایەکە لە جیاوازی دەترسێت، لە بوونی ئەوی دی، هەموو کایەیەک و یەکەیەکی کۆمەڵایەتی یان نەتەوەیی یاخود ئایینی جیاواز لە خۆی هەراساندەکات، جگە لە وێنەی خۆی، ناتوانێت هیچ وێنەیەکی تر لەتەنیشت خۆیەوە دابنێت، چونکی لە هەر وێنەیەکی دیدا و لە هەموو وێنەیەکی نوێدا سڕینەوە و کۆنبوونی وێنەی خۆی دەبینێت، دژێک دەبینێت و پێشبینی کۆتایی وێنەی خۆی دەکات. ئەم وێنەیە وێنەی «بێگانە»یەک لەخۆدەگرێت کە لە دەرەوەڕا خزێنراوەتە ناو جەستەی کۆمەڵگای سیاسی پیرۆزی دەوڵەتەوە. بێگانەیەکی «بێووڵات» کە لەسەر ئەم زەمینەیەی دەوڵەتدا جێگای نابێتەوە. ئەم وێنەیە وێنەی دوژمنێکە کە دەخوازێ نیزامی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو دەوڵەتێک بشێوێنێت و تێکبشکێنێت، جەستەی کۆمەڵگا وەکی گشتێکی ڕەها بریندرابکات، لەوەش ترسناکتر ئەم وێنەیە وێنەیەکی ناشرینە و جوانی کۆمەڵگا دەشێوێنێت و لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا «مودێرن»ـەدا هاوجووتنابێتەوە کە بەعس بینایکردووە.

زنجیرەی پراکسیسی سیاسەتی بەعس بە جۆرێکی لێکدانەبڕوا و بەیەکەوەبەستراون لە تەعریب، تەبعیث و تەهجیر و سیاسەتی نیشەجێکردن (استیطان)، کە لە دەرکردنی فەیلییەکانەوە تا دەگاتە ئەنفال ئێمە ڕووبەڕووی سیاسەتێکی سیستێماتیکی یەکڕەنگکردن، تواندنەوە، دەربەدەرکردن (بەمانای بێووڵاتکردن و لێسەندنەوەی خەسڵەتی هاونیشتیمانیبوون) دەکاتەوە. ئەم سیاسەتانە لە ئەنفالدا باڵاترین ئاستی ئەو جەنگە لەخۆدەگرێت کە دەوڵەت دژ بە کورد، وەکی ڕەگەزێکی ناعەرەب، وەکی بێگانەیەک، وەکی کایەیەکی شێوەئازادی ناو کۆمەڵگای عێراق و وەکی دوژمنێک پیادەیدەکرد. بەعسیزم سیسمێکە هەموو کیانی بە ترس قانگدراوە، نەک لە کورد و شیعە، بەڵکو لە خودی ئەندامانی خۆی، لە خواست بۆ ئازادی، لە غەریزەکان، لە لێپرسراوێتی، لە ململانێ و لە هەموو جۆرە گۆڕانێک، ئەو ترسی لە جیهان و لە مرۆڤە؛ تاکە بوونەوەرێک کە ئەو ترسی لێنەبێت مردووەکانە. هەربۆیە ململانێی ئەو لە ژیانی سیاسیدا بەتەنێ لە پێناوی دەسەڵاتێکی ڕەهایە و سڕینەوەی هەموو جیاوازییەکە کە ململانێ بەرهەمبهێنێت.

### هونەری کردنی بێگانە بە دوژمن

گەر ئەو دیدە ڕاستبێت کە دەڵێت: ناسیۆنالیزم بەبێ بوونی دوژمنێکی خەیاڵی ناژی، ئەو کات دەبێت بپرسین: ئایا دوژمن کێیە و یان چۆن دروستدەکرێت، بۆ ئەوەی تەمەنی ناسیۆنالیزم درێژبکاتەوە؟ ئایا هەموو ئەوانەی لە دەورووبەری نەتەوەیەکدان دەکرێت ببن بە «دوژمن» یاخود هەندێکیان دەشێ «دۆست»بن؟ ئەو هاوکێشەیەی کە ناسیۆنالیزمی بەعس لەسەری کاردەکات بریتییە لە دروستکردنی بەردەوامی وێنەی دوژمن لە بێگانە، بەڵام بێگانە مەرج نییە بۆ بەعس مانایەکی ڕەگەزییانە لەخۆبگرێت، بەڵکو بەعس ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە لە کایەی سیاسەتدا (حقل السیاسی) لە دروستکردنی هەمیشەی «دوژمن»دایە، واتە لە فەزای سیاسی ناو کۆمەڵگای عێراقی بەعس هەموو بوونێکی سیاسی تر بە دوژمن دەبینێت و لەوێشەوە دەکرێت ئەم دوژمنە خەسڵەتی بێگانە لەخۆبگرێت. ئێمە لێرەدا کارمان بەسەر کێشەی دەوڵەتی عێراقەوە نییە لەگەڵ دەوڵەت و نەتەوەکانی دەورووبەری کە بۆخۆی بابەتێکی گرنگی ئەم کێشەیەیە، بەڵکو ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتی ئەنفال گرنگە، بریتییە لەوەی کە بەعس دوژمنەکانی لە ناوەوە چۆن دیاردەکات؟

بەعسیزم ئەو سیستەمەیە کە بەرامبەر بە کورد، وەکی جەستەیەکی نامۆی ناو جەستەی عارەبی لە پەیوەندییەکی گەلێک ئاڵۆز و ناکۆکدایە. بەعس ئەو ئایدۆلۆژیایە نییە کە بوونی کورد، وەکی میللەتێک ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش ئەو وەرەسەیەیە کە لە کۆلۆنیالیزمەوە بۆی ماوەتەوە و دەبێت لەگەڵیا هەڵسوکەوت بکات. بەڵام بەعسیزم ئەو سیستەمەیە کە بوونی کورد لەناو جەستەی کۆمەڵگا

سیاسییەکەی، وەکی هۆکارێکی ناڕەحەتکەر و شێوێنەر تەماشادەکات و لەوێشەوە وێنەی بێگانەیەکی پێدەبەخشێت کە لە ڕووی سیاسییەوە دەبێت بە دوژمن.

سەرەتا دەخوازم هەندێک لەسەر چەمکی دوژمن لە فەلسەفەی سیاسی بدوێم بۆ ئەوەی وێنەیەکمان لەلا دروستبێت کە ئایا بەعس بە چ کەرەسەیەک دونیای سیاسی دەخوێنێتەوە و ئەو هەنگاوە پراکتیکیانە چین کە ئەو پێیهەڵدەستێت بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگا سیاسییەی، کە لەگەڵ دیدی ئەو بۆ دونیای سیاسەت هاوئاهەنگ بێت.

(کارل شمیت) «٨»، یاساناسی کۆنزەڤاتیڤی ئەڵمانی لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی دەربارەی زاراوەی سیاسەت، هەنگاوێکی گەلێک ترسناکی هەڵناوە بۆ ڕاڤەکردنی دونیای سیاسەت. ئەو لە خۆماندووکردنەکەیدا بۆ دەستنیشانکردنی جیهانی سیاسەت ڕووبەڕووی هەردوو کایەی «دوژمن ـ هاوڕێ»مان دەکاتەوە و وایدەبینێت کە هەروەکو چۆن لە کایەی ئیستێتیکدا «جوان ـ ناشرین»، لە کایەی ئەخلاقدا «خراپ ـ باش» و لە کایەی ئابووریدا «سودبەخش و زیانبەخش» هەیە، ئاواش لە کایەی سیاسەتدا بەتەنها «دۆست» بوونی نییە، بەڵکو بوونی«دۆست» پابەندی ئامادەبوونی (دوژمن)ـە، واتە لە کایەی سیاسەتیشدا «دۆست و دوژمن» هەیە، یان بە زمانی شمیت بدوێین دۆست و دوژمن دەبێت هەبێت تاوەکو کایەی سیاسەت هەبێت. لێرەوە دوژمن دەبێتە بەشێکی دانەبڕاوی فەزای سیاسەت و بەبێ بوونی دوژمن ئێمە ناتوانین نەباس لە سیاسەت بکەین و نەسیاسەتیش بکەین.

بە ڕای شمیت بۆ ئەوەی (گەل)ێک لە فەزای سیاسەتدا بژی، لەسەری پیویستە جیاوازی لە نێوان دۆست و دوژمندا دروستبکات، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە گەل بەتەنهاخۆی جەوهەرە سیاسییەکەی خۆی دیاریدەکات، ئەمەش بە تەنها لەکاتێکدا کە دۆست و دوژمنی خۆی دەستنیشان دەکات. هەر گەلێکیش خواست و ئێرادەی ئەم جیاوازییەی نەبێت، ئەوا دەست لە بوونی سیاسی خۆی، وەکی گەلێک هەڵدەگرێت. (کارل شمیت: ل. ٥٠). دوژمنی سیاسی پێوستی بە هیچ ناونانێکی ئەخلاقی یان ئێستێتیکی نییە، پێویستی بەوە نییە کە ناشرین بێت یان خراپ، پێویستی بەوە نییە کە لە ئاستی ئابووریدا وەکی پێشبڕکێکەرێک بێتە بەردەممان، تەنانەت هەندێ جاریش لەوانەیە سودبەخشیش بێت و بتوانرێت لەگەڵیا بازرگانی بکرێت. ئەمانە هەمووی بۆ شمیت مەرجی سەرەکین بۆ ناساندنی دوژمن، چونکی دوژمن بوونەوەرێکە و لەدەرەوەی بوونی ئێمەدایە، ئەو شتێکی ترە، بێگانەیەکە و لە ئێمە نییە، بۆیە هەموو چرکەساتێک شیاوە ئێمە لەگەڵ ئەم بوونەوەرە بکەوینە ململانێوە، ململانێیەک کە لە فۆرمی جەنگدا خۆی بەرجەستەدەکات و ئەمەش واتە بەربەریکاری

ئەوی دی، کە بێگانەیە و دەبێتە دوژمن (شمیت: ل. ٢٧). لێرەدا دوژمن هیچ سیفەتێکی شەخسی (کەسیی) نییە، چونکی لەوانەیە مرۆڤ لە ئاستی کەسییدا دوژمنێکیشی خۆشبوێت، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە دوژمنی سیاسییەوە نییە، چونکە بوونی دوژمنی سیاسی پەیوەندی بەتەنها بە فەزای سیاسەتەوە هەیە کە چارەنووسی گەلێکی تێدا دەنووسرێتەوە. ئەو گەلەی وازدێنێت لەوەی کە دوژمنی هەبێت، دەستبەرداری سەروەرێتی خۆی دەبێت و دەبێتە گەلێکی لاواز. ئەم دیدەی شمیت بە پێویست پەلکێشمان دەکات بۆ خەبات و بەرەکانی جەنگ، خەباتێک کە لە ڕێگای چەکەوە دەگێڕدرێت، واتە خەباتی چەکداری، ئەمش مانای جەنگە، جەنگیش پێویستی بە دوژمنە. بۆ ئەوەی بجەنگین، دەبێت دوژمنان هەبێت، بۆئەوەی دوژمنمان هەبێت، دەبێت فەزایەکی سیاسی ئامادەبێت. شمیت وای دەبینێت کە جەنگ ئەگەرێکی هەمیشەیی واقیعی ژیانی گەلانە، چونکی هەموو گەلێک دوژمنێک یان زیاتری هەیە. جەنگ دەرئەنجامی دوژمنایەتییە، چونکی دوژمنایەتی لە مانا مەجازییەکەی خۆیدا بە مانای ڕەتکردنەوەی بوونی ئەوی دی دێتەوە. بەم جۆرە جەنگ پیادەکردنێکی دەرەکییانەی دوژمنایەتییە.(شمیت. ل. ٣٣)

لە جەنگدا هەندێ لۆژیکی دی کاردەکەن کە لە فەزای سیاسەتدا پێویست نییە هەبێت. لە جەنگی نێوان دوو هێزی ڕێکخراودا سەرباز گرفتی ئەوەی نییە دوژمنەکەی لە کەسانی دی جیابکاتەوە، واتە جیاوازیکردن لە نێوان دۆست و دوژمن کێشەیەکی سیاسی نییە، چونکی جیاوازی جلوبەرگەکان دەستنیشانی ئەوەدەکەن کێ دەبێت بکوژرێت و کێش نا. بەڵام لە فەزای سیاسیدا ئەم جیاوازییە فۆرمگەرایە بوونی نییە. بۆیە بەڕای شمیت سیاسەتمەدار بۆ خەباتکردن باشتر ئامادەکراوە لە سەربازێک، چونکی سیاسییەک هەموو ژیانی لە خەباتدایە، بەڵام سەرباز بەتەنها لە حاڵەتی ناوێزدا لە خەباتدایە. لێرەوە جەنگ ئامانجی سیاسەت نییە، بەڵام ئەگەرێکی ڕاستەقینە و مەرجێکە کە ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئێمە بەجۆرێکی سەیر دیاریدەکەن و لەو ڕێگایەشەوە کاریگەری خۆیان بەسەر هەڵسوکەوتی سیاسی ئێمەدا دەبێت. (شمیت: ل. ٣٥)

هەر ئەم بۆچونەشە وا لە شمیت دەکات کە بڵێت: ئەو جیهانەی کە ناوی بێلایەن لەخۆی دەنێت و خوازیاری دوورکەوتنەوە و ژیانە لە جەنگ، جیهانێک کە جیاوازی لە نێوان دۆست و دوژمنی تێدا نەمێنێت، ئەو جیهانە، جیهانێکە بێ سیاسەت. بۆیە ئەو جەنگانەی کە بە تەنها یەک (پاڵپێوەنەر) مۆتیڤیان هەیە، وەکی ئەو جەنگانەی کە مۆتیڤەکانیان بەتەنها ئایینی یاخود ئابووری یان ئەخلاقین، جەنگی بێمانان. جەنگ پێویستی بە خانەبەندی گروپییانەی دۆست و دوژمنە، پێویستی بە دوژمنی سیاسی هەیە. بۆیە ئەو جەنگانەی کە لەسەر زەمینەی سیاسی دەگێڕدرێن و پاڵخان و پاڵپشتی ئەخلاقی و ئێتیکی و ئابووریشی بۆدەدۆزرێتەوە، جەنگگەلێکن کە بە ناشرینترین شێوە دەگێڕدرێن.

دوژمن لەم جەنگانەدا بە تەنها هێزێک نییە کە بەربەرەکانی لێبکرێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ سنوورەکانی خۆی، بەڵکو دوژمن ئەو بوونەوەرەیە کە دەبێت لەناوببرێت.

شایانی باسە، من ڕستێک لێچوونی جەوهەری لە فەلسەفەی سیاسی بەعسیزم و ئەم تێزانەی کارل شمیتدا دەبینم، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە بیریارەکانی بەعس (کارل شمیت)یان خوێندبێتەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە بینین و دیاریکردنی «دوژمن» و «دۆست» لە فەلسەفەی سیاسی تیۆرە تۆتالیتێرەکاندا یەک جەوهەری هەیە و یەک لۆگیک کاریان پێدەکات. کتێبە تیۆرییەکانی بەعس پڕن لە پێناسی دوژمن و قانگدراون بە دۆزینەوەی دوژمن. بەعس تیۆرییەکە کە ناتوانێت هیچ زەمینەیەکی ژینگەیی هەبێت، بەبێ کایەی دوژمن و چونێتی لەناوبردنی دوژمن. پراکسیسی بەعس لە چەند ساڵەی دەسەڵاتدارێتییەکەی ئەوە دەردەخات کە جەنگ وەکی کەرەسەیەکی درێژکراوەی سیاسەت ناگێرێت، هەروەکو لە پێناسە بەناوبانگەکەی «کلاوسڤیتز»دا بۆ جەنگ هاتووە؛ بەڵکو جەنگ بۆ ئەو، ئەو فەزایەیە کە دوژمن و دۆستەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە بۆ ئەوەی زەمینەی لەناوبردنیان خۆشبکات. بە میلیتارکردنی جەماوەر لە دیدی بەعس بە تەنها مانای دیسپلیکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ناگەیەنێت، وەکی لە زۆربەی ڕاڤەکردنەکاندا دەیبینین، بەڵکو ئاستێکی نهێنێ تریشی هەیە، کە جیاکردنەوەی دۆستەکانێتی لە دۆژمنەکانی و بێیاساییکردنی کردەی کوشتنە لە سەر جەستەی مەدەنییەکان و بێلایەنەکان. لێرەوە بەعس ئەو سیستمەیە کە لە مەدەنییەت دەترسێت و هەموو مەدەنییەک دەبێتە دوژمنێکی ئامادەکراو بۆ داهاتوو. لێرەوەیە کە بە پیرۆزکردنی سەباز، وەکی سیمبۆلی دۆستێکی هەمیشەیی خانەبەنددەکرێت. بەڵام بەعس ترسی لەم دونیایەش هەیە، چونکی دونیای سەرباز، دونیای فرمانە و دونیای حاڵەتی تایبەتییە کە ئەم بوونەوەرەی تێدا بەکاردەهێنرێت بۆ کوشتن. ئەو فیگورە، واتە کەسی سەرباز، بەتەنها لە فەزای جەنگدا دەخرێتەگەڕ و تاوەکو ئەو چرکەساتە «بێلایەنە»، بۆیە بۆ بەعس مانایەکی ژینگەیی هەیە کە ئەم دەزگایەش بەسیاسیبکات، بە سیاسیکردنی ئەم دەزگایە مانای دروستکردنی سەربازی خاوەن باوەڕە. سەربازی باوەڕداریش، سەربازێکە پڕچەک نەک بە مانا حەقیقیەکەی، بەڵکو پڕچەک بەمانا مەجازییەکەشی، واتە ئامادەکردنی ئەم تاکانە لەڕووی باوەڕەوە، بۆ ئەوەی خەباتەکەیان بەتەنها لە بەرەکانی شەڕدا مانادار نەبێت، دوژمنەکانیان بەتەنها لەبەرەکانی جەنگ تەفروتونانەکەن، بەڵکو بوونیان بە بوونەوەرێکی بە باوەڕپڕچەک مانای ڕاستەقینە بە هەبوونیان ببەخشێت. لەم هاوکێشەیەدا نەخشەی بەعس بۆ کۆمەڵگایەکی ئیماندار بە بەعس و وەزیفەکانی ئاستی کەماڵەت وەردەگرێت. واتە ئێمە لە سیستمی بەعسیزمدا لە لایەک ڕووبەڕووی هاوکێشەی بە سەربازیکردنی هەموو فەزای مەدەنی و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا دەبینەوە، وە لە لایەکی ترەوە بەرامبەر بە

سیاسیکردنی هەموو دەزگا سەربازییەکانین. تایبەتمەندێتی ئەم بەسیاسیکردنە لەوەدایە کە بۆ بەعس بەتەنها ئەو دوژمنە دوژمن نییە کە لەبەرەکانی جەنگ ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بەڵکو دوژمن ئەو کەسەیە کە لە کایە سیاسییەکاندا دوژمنایەتی بەعس دەکات. بۆیە (موفارەقە)کە لێرەدا ئەوەیە کە بەعس کاتێک هەڵدەستێت بە سیاسیکردنی کۆمەڵگا، لەشکر، دەزگا دەوڵەتییەکان... هتد لە هەمانکاتیشدا پراکتیزەی بە ناسیاسیکردنی ئەم کایانە دەکات لە هەموو کایەیەکی سیاسی تر کە لە دەرەوەی کایەی سیاسی بەعسدایە. لێرەوە جەنگ بەتەنها سەربازەکان نایگێرن، بەڵکو مرۆڤە بەعسییەکان هەموویان جەنگاوەری پرنسیپەکانی بەعسن.

هەوڵەکانی بەعس بۆ بە بەعسیکردنی هەموو عێراقییەک یەک مانای هەیە، ئەویش جاڕدانی (ئیعلان) جەنگ دژ بە فەزای ناسیاسییەکان. ناسیاسییەکان لەو چرکەساتەدا شوێنگەی (مەوقیعییەت) دوژمن لەخۆدەگرن، کاتێک کە بەعس فەزای سیاسی کۆمەڵگا و دەوڵەت لە نێوان بەعسی و نابەعسیدا دابەشدەکات و هیچ فەزایەکی تر بۆ تاکەکان نامێنێتەوە بۆئەوەی ئاسایشی خۆیان، وەکی بێلایەنێک تیادا بدۆزنەوە. ئەم دونیایەی بەعس دونیایەکی تۆتالیتێرە، دونیایەکە کە ناسیاسیبوون و بێلایەنێتی لە لۆژیکی ناوەوەی خۆیدا بەرگی دوژمن لەبەردەکەن و دەچنە بەرەکانی ئەودیوی هاوکێشەی دۆست و دوژمنەوە یان باشتر بڵێین دەچنە بەرەکانی بەرامبەر بەعسییەکانەوە. لێرەوە ئەم بوونەوەرانە ئەگەرێکی ترسناکن، ئەگەرێکی واقیعین بۆ ئەوەی لە هەموو چرکەساتێکدا ببن بە دوژمنی پڕۆژەی بەعس. بەعس دەبێتە ماڵێک کە بەتەنها جێگای ئەو کەسانەی تێدادەبێتەوە کە بەرگی دۆست لەبەردەکەن. ڕوونبوونەوەی سنوورەکان مەرجی ژیانە بۆ بەعس. ئەم سنوورانەش بۆیە دەبێت بکێشرێن، چونکی کۆمەڵگای عێراقی، وەکی ئەوەی کۆلۆنیالیزم بەجێیهێشتووە، پاکژ نییە لە ڕووی ڕەگەز و فیکرەوە. بەعس ڕوونێتی گەرەکە. ڕوونبوونەوەش، واتە خۆساغکردنەوە، خۆساغکردنەوەش مانای ئەوەیە دەبێت لە نێوان دۆست و دوژمندا هەڵبژێریت، لەدەرەوەی ئەم بازنەیە هیچ فرسەتێکی تر بۆ ژیان نامێنێتەوە. ڕێکەوت نییە کە مانەوە لە ژیان لە پلەی شکۆی دەسەڵاتدارێتی بەعسدا، مانای ئەوەی دەگەیاند کە دەبێت بەرگی سەربازی بەبەری هەمووکەسێکدا بکرێت، ئەو کاتە جێگای ترس لە ژیاندا نامێنێتەوە، چونکی ژیان بۆخۆی دەبێتە ترسێکی گەورە لە بوون. هەر ئەم ترسەشە لە بوون کە پاڵ بە هەزاران لاوی کوردەوە دەنێت کە بەرگی سەربازی لە هەموو فۆرمەکانیدا لەبەربکەن. ئەو کەسانەشی کە شایستەی ئەم کارە پیرۆزە نین، وەکی فەیلییەکان و شیعە عەرەبەکان کە سەدان هەزار کەسیان لە سەردەمی لە دەوڵەتی کۆلۆنیالی عێراقی کاتێک خۆیان لەترسی سەربازیکردن بە ئێرانی ناونووسدەکەن، لە سەردەمی پۆست کۆلۆنیالدا و بەتایبەت لەژێر دەسەڵاتدارێتی بەعسیزمدا دەبن بە بێگانە و کەسانی بێوەلائەت بۆ دەوڵەتی عێراق و دەنێردرێنەوە بۆ ئێران. فازیل بەڕاک، سەرۆکی ئەو کاتی موخابەراتی عێراقی ئەم ڕاستییەی بە

ڕوونترین شێوە دەربڕیوە کاتێک دەنووسێ: «ئەمانە لە ڕووی مێژووی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە وابەستەی ئێرانن». «٩»

بەعسیزم سیستمێکی بێدۆستە، نەک لەبەرئەوەی دوژمنی زۆرە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو لە کایەی دەسەڵات و سیاسەتدا دۆستی ناوێت. بەعسیزم دەتوانێت لەناو یەک هاوکێشەدا ئاساییشی بەردەوامی خۆی ڕابگرێت، ئەو هاوکێشەیەش هاوکێشەی بە دوژمنکردنی هەموو بوونەکانی دەورووبەرێتی. هاوڕێ لە دیدی بەعس بەتەنها لە پەیوەندی لەگەڵ دوژمندا هەیە، وەکی دی دۆست لە چەمکی بەعس ئامادە نییە. ئێمە دەتوانین ئەم هاوکێشەیە بەم جۆرە دابڕێژین:

یەکەم: دۆستی دۆستەکەم هاوڕێمە.
دووەم: دوژمنی دۆستەکەم بەرامبەر منیش دوژمنکارە.
سێهەم: دوژمنی دوژمنەکەم هاوڕێمە.
چوارەم: هاوڕێی دوژمنەکەم دوژمنمە.

دیارە گەر بەم چەمکە کاربکەین، ئەوا کورد لە دیدی بەعس لە کاتی پێش ئەنفال و قۆناغێکی گەورەی ئەنفالدا دۆستی دوژمنەکەی بوو! بەڵام ئەمە هەموو ئەو ڕاستییە نییە کە وای لە بەعس کرد کورد لەبەر ئەوە ئەنفالبکات، لەبەرئەوەی کوردەکان لەپاڵ هێزەکانی ئێراندا دوژمنایەتی عێراقیان دەکرد، چونکی بەعس ناسیاسیترین دەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان لەناودەبات، چونکی ئەم دەستەیە ئەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییە پێکدەهێنێت کە مەرجەکانی بەعس بۆ ژیان تیایدا مانای نییە، هەر کایەیەکیش بەعس تیادا بێمانا بێت، بۆخۆی بوونی دەبێتە بێمانایییەک.

ئەنفالکردنی کورد لە کۆی مانا سیاسییەکەیدا بریتییە لە کوشتنی ئەو ژینگەیەی کە کایەی سیاسی دوژمنەکانی بەعس تیایدا دەژی، لە کاتێکدا لە مانا ئایدۆلۆژییەکەی هەر ئەو کایەیە ناسیاسییە، بێلایەن و سەربەخۆیە. بەعس ئەو کایەیە لەناودەبات، چونکی دەزانێت کە ژینگەی ئەو فەزا و کایە سیاسییەی دوژمنە سیاسییەکانی لەناو زەمینەیەکدا پەروەردەدەبێت کە لە پەیوەندییەکی شێوەسەربەخۆ لەگەڵ مەرکەزدا دەژی. هەموو زەمینەیەکی سەربەخۆ، هەموو کایەیەکی ئەوتۆنۆم، هەموو کایەیەکی ناسیاسی دەرەوەی فەلەکی سیاسی بەعس ئەگەرێکی ترسناکە و دەشێت ببێت بە کوانوی ئازاد کە داهاتووی سیستم بخاتە مەترسییەوە. بۆیە ئەم کایانە وێنەی بێگانەیەک وەردەگرن کە هەموو سیفاتەکانی دوژمنی تێدایە.

* * *

گومانی تێدا نییە کە بابەتی ئەنفال زیاد لە مانایەک و زیاد لە ڕەهەندێکی هەیە، ئەمەش بە باوەڕی من ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنفال پتر لە ڕاڤەکردن و پتر لە میتۆدێکی خوێندنەوەی گەرەکە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم بۆچوونانەی لێرەدا داڕێژراون، بانگەشەی خوێندنەوەی هەموو لایەنەکانی ئەنفال ناکات، بەڵکو گرتنی هەندێ چەمکە کە هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕێگایانەوە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەنفال لە ستراتیژی بەعسدا بخوێنرێتەوە.

ئێمەی کورد ئەزموونێکی کارەساتاویمان لە تەمەنی خەباتی سیاسی و دەرئەنجامەکانی بۆ سەر کۆمەڵگاکەمان بڕی. ئەزموونێکی وەحشەتناکیشمان تا هەنووکە لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە، بە تایبەت دەوڵەتێکی وەکی بەعس، کە لە ڕەگەزدا بێماناکردنی هەموو ڕەوایەتییەکی دەوڵەت و دەزگاکانێتی وەکی مۆنۆپۆلکردنی ڕەوایانەی زەبروزەنگێکی ناکەسیی کە دەوڵەتی مۆدێرن بە مانا عەقلانییەی کە ڤێبەر باسی لێوەدەکات، لەخۆیدەگرێت. بەعس مۆدێلێکی تایبەتی لە دەوڵەت دروستکرد کە سوڵتانییەتێکی عەقلانی بەرجەستەدەکات. سوڵتانییەت بەو مانایەی کە پەیوەندی نێوان «سیاسەت و دەوڵەت»، «دەوڵەت و کۆمەڵگا» پەیوەندییەکی گەلێک ئیشکالییەتئامێزە و لەیەکتر دانەبڕاون. مۆدێلی دەوڵەتێکە کە سەرۆک دەسەڵاتێکی ڕەهای لە سەرووی هەموو دەزگا سیاسییەکانەوە هەیە و ئەمەش پەیوەندییەکی موڵکدارێتی دەستنیشاندەکات، کە سەرۆک تاوەکو ئێستا کۆمەڵگا بە موڵکی کەسیی خۆیدەبینێت.

گومانی تێدا نییە کە دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی دوو بابەتی ئاڵۆزی ژیانی سیاسی نوێمانن. مێژووی دەوڵەتیش بۆ کەمەنەتەوایەتی و ئایینییەکان، گروپە زمانی و ئایینزاییەکان زۆرکات بوونێکی شەڕانگیز و بێبەزەیی بووە.

کوردیش زیاد لە تاقیکردنەوەیک و لەگەڵ زیاد لە دەوڵەتێکیشدا ڕووبەڕووی کێشەی «بوون» بووەتەوە. پێزانین و بیرکردنەوە لەم مێژووە دوو کێشەی ناو ڕۆشنبیریمانن. لایەکیان ئەوەیە کە ئێمە دەشێ پێزانینێکمان لەلا دروستبووبێت بەرامبەر بە مێژووی کارەساتەکانی خۆمان، بەڵام ئەمە مانای زانین ناگرێتەوە، چونکی بە تەنها ئەو شتەی کە بیریلێدەکەینەوە دەبێتە بەشێک لە کولتووری زانینمان. ڕووداوێکی پێزانراو کاتێک بیریلێنەکرێتەوە نابێتە پارچەیەک لە بوونی هۆشمەندی ژیان. هەر کەسێک یان هەر میللەتێکیش ئامادەی بیرکردنەوە نەبێت لە زانراوەکانی خۆی، ئەوا ناسنامەی لەبیرچوونەوە دەدات بەو ڕووداوانە.

ئەنفال نابێت ببێتە مێژوویەکی بێپاشەڕۆژ. مێژوویەک بە مانای ڕابردوو، بە مانای گۆڕستانێکی گەورە لە لاشە و لە یادەوەری. ئەنفالکراوەکان بابەتی شۆڕشێک بوون، خودی شۆڕشێک بوون و

قـوربانی ئەو شـۆڕشـەش بوون. بچـووکـتـرین پەیمانێک کـە «سـیـاسـەتی کـوردی»یش بیـدات بە ئەنفـالـیـیـەکـان بریتی نیـیـە لە پەیمانی تۆڵەسـەندنەوەیان، بـەڵکو پەیمـانی دروسـتکردنـی ژیان و مـانابەخـشـینـەوە بە مـردن و دەرکـردنـی لە بێـمـانـاییکردنی لە ڕێگای کـوشتن. پەیماندان بـە لە بەیاساییکردنەوەی مافەکانی ئەو مرۆڤانە و ڕەوایەتی وەرگرتنەوەیان.

ئێـمـە ئەزمـوونێکمـان لـە «کوشـتنی بەکـۆمـەڵ» بڕی. ئەم ئەزمـوونە تەنـهـا پێـویسـتی بەوە نیـیـە وەیادبهێنرێتەوە، تەنها پێویستی بەوە نییە لە یادەوەریماندا ئامادەبکرێتەوە، بە تەنهـا پێویستی بەوە نییـە پرسـەی بۆ بگیرێت، بـەڵکو ئەوەی پێویستـە بۆ ئێمە تاقیکردنەوەیەکی ترە لە ئاستی بیرکردنەوە، تاقـیکردنەوەی بـیرکـردنەوە و تێـڕامـان و تێگەیشـتنە لـەو پرۆسـە مـێـژوویـیـە و کـردنێـتی بە بـابەتی بیرکـردنەوە و لێپرسراوێتی، نەک بە تەنـهـا بۆ ئەوەی پێبزانین، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو پێزانینیـە ببێت بە زانین و ببێت بە هـوشیـاری لە پێناوی دروستکردنی ژیان. ئەمەش سەرەتایەکە بۆ ڕێگاگرتن لە هـەموو چەشنە دووبارەبوونەوەیەکی لە مێژوو.

١٩٩٨

## پەراوێزەکان

1-Yves Ternon: Der verbrecherische Staat. Hamburg 1996

2-Helmut Willke: Ironie des Staates: Grundlinien einer Staatstheorie poyzentrischer Gesellschaft. Frankfurt/M. Berlin 1993

3-Zygmunt Bauman: Moderne und Ambivalenz. Das Ende der Eindeutigkeit. Frankfurt/M. 1996.

4-Michel Foucault: Das Spektrum der Genialogie. Frnkfurt/M.

5-Ralf Dahrendorf: Konflikt und Freiheit. Frankfurt/M. 1972.

6-Michel Foucault: Vom Licht des Krieges zur Geburt der Geschichte. Berlin ١٩٨٦.

٧- میشیل عفلق: فی سبیل البعث. بیروت، چاپی دووەم ١٩٦٣

8-Karl Schmitt: Der Begriff des Politischen, Berlin 1991.

٩-سمیر الخلیل: جمهورية الخوف. القاهرة ١٩٩١ ، لاپەڕە ٢١٦

# ئەنفال: جینۆسایدێک لە ئاییندا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت

گۆران باباعەلی

کەسێکی ئیماندار دەناسم کە هەموو ساڵێک لە مانگی رەمەزاندا قورئان خەتم دەکات. بەڵام لەساڵی ١٩٨٨ و کارەساتی ئەنفالەوە ئەو چەند لاپەڕەیەی سورەتی «الانفال»ی نوشتانۆتەوە (هەمان شێوەی لاپەڕەکانی بابەتێکمان لەکتێبەکانماندا دەنووشتاندەوە، گەر مامۆستا بیگووتایە لەمەنهەجدا داخڵ نییە). ئەو هەر بەردەوام هەموو رەمەزانێک قورئان خەتم دەکات، بەڵام بێئەوەی سورەتی «الانفال» بخوێنێتەوە. بەڕای من ئەو هەڵوێستەو ئەو شێوە هەڵسوکەوتە لەگەڵ قورئان زۆر هەڵدەگرێت لەسەری بگوترێت. بەتایبەتی گەر بتوانین وێنای ئەو ساتانە بکەین کەئەو کەسەو چەندان ئیمانداری تر ـ چ بەئامادەیی لەرووداوەکانی ئەنفالداو چ بەبیستنی یاخود لەدوور یا نزیکەوە ئاگالێبوونی ـ لە چجۆرە گومان و دڵەڕاوکێیەکدا ژیابن، کاتێک ئەو هەموو تاوان و کوشتارە بەپشتی کتێبێک دەکرا کەئەوان هەموو باوەڕێکی خۆیان پێبەخشیبوو. کتێبێک کە ئەو ئایەتانەی تیادایە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان و بە تەفسیرێک لە تەفسیرەکان جێنۆساید حەڵاڵدەکەن، بەڵام ناشکرێت گومانی لێبکرێت وەیان دەستکاری بکرێت. یان ئەوەتا ئیمانداریت و بەتەواوی قبوڵی دەکەیت یان بەتەواوی هەمووی، یاخود بەشێکی رەد دەکەیتەوەو ئەوکاتە جێگات جەهەنەم دەبێت. بەمانایەکی دی دەبیتە کافر. گومانکردن لەو کتێبە یان گفتوگۆکردنی گوناهێکی گەورە و نەبووردراوە، هەربۆیەش بەلای سەدام حسێنەوە گرنگە بیکاتە مەرجەعێکی بەهێز و پڕقودرەت بۆ رەوایەتیبەخشین بە دەسەڵاتە تۆتالیتێر و سەرتاسەرییەکەی.

هەرچەندە زۆربەی هەرەزۆری ئەو خەڵکەی ئەنفال دەکران نەیاندەزانی ئەو عەمەلیاتانەی راگوێزان و سەرنگونکردن و لەناوبردنی ئەوان بەناوی ئایەتێکی قورئانەوە ناونراوە «الانفال» و ئەوەش پرۆژەیەکی نەخشە بۆکێشراوی زۆر بەووردی دیراسەکراوە بۆ جێنۆسایدکردنی کورد و بەشێوەیەکی بیرۆکراسیانە، قۆناغ بەقۆناغ جێبەجێ دەکرێت. سەدام حوسەین لە نووسینگەکەیدا لەپشت مێز و کورسییەکەیەوە دانیشتووە و فەرمان دەدات بە ناردنی سوپا و بە نێردراوەکەی «عەلی حەسەن مەجید» بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لەناوبردنی دوژمنان و بێبڕوایان بە بەعس و سەرکردەکەی؛ بۆ تەمێکردنی لاداوان لە رێگای ڕاستی بەعس. کورد بەو کافرانە بەراورد دەکات کە دژایەتیی ئیسلامیان دەکرد لەسەرەتاکانی بڵاوبوونەوەیدا؛ بەو مەجوسیانەی ئیسلامیان پەسەند نەدەکرد و دەبوونە رێگر لەبەردەم گەیاندنی پەیامی ئەو ئایینە نوێیەدا و دەبوو بەزەبری شمشێر بکرێنە موسڵمان. بۆئەمەش تەفسیرێکی تایبەتی بەپێی مەرامە شەڕانگێزیەکانی خۆی بۆ قورئان دەکات، تا لەو ڕێگایەوە قورئان بکاتە مەرجەعێکی ئایدیۆلۆجی ـ ئایینی بۆ رەوایەتی بەخشین

بە جینۆسایدکردنی کورد و مۆبیلکردن (تعبئة) ـ ی ژمارەیەکی هەرچی گەورەتر لە شەڕکەر. وە زۆر بەتایبەتییش پشت بە سورەتی «الانفال» دەبەستێت، کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەو بابەتەوە هەیە. ئەو ئایەتەکان دووپات دەکاتەوە بۆئەوەی بە ئیمانداران واپیشان بدات کە جیهاد دەکات... «وقاتلوهم حتی لاتکون فتنة ویکون الدین کله لله فان انتهوا فان الله بما یعملون بصیر» (سورەتی ئەنفال، ئایەتی ٣٩). هەروەها هێرشە کیمیاییەکان و چەکە کوشندەکانی دەشوبهێنێت بە سوپای مەلائیکەتان و قودرەتی خوایانەی شمشێری ئیسلامەکان لە شەڕی بەدردا کە هەر تەنها بە بەرکەوتنی شمشێرەکە ئەو کەسە دەمرێت، هەمانشێوەی ئەو گازە کیمیاییەی زۆر بەئاسانی و خێرایی ئینسانەکان لەناودەبات، «اذ یوحی ربک الی الملئکة انی معکم فثبتوا الذین امنوا سالقی فی قلوب الذین کفروا الرعب فاضربوا الاعناق واضربوا منهم کل بنان» (سورەتی ئەنفال، ئایەتی ١٢ ). ئەمەش بۆئەوەی شەڕکەر و سەربازەکانی دڵنیابکات کە خواوەند و هێز و توانای یەزدانیان لەپشتە. بەڵام مەسخەرەیی ئەو روخسارە ئایینی و ئیسلامیەی سەدام و حیزبی بەعس بەخۆیان بەخشیوە، لەو جیاوازیە گەورەیەدایە کە ئیسلام بتخانەکانی دەروخاند و مزگەوتی لەجێگا بینا دەکردن، لەکاتێکدا لە هێرشەکانی بەعسدا کە بە هێرشە قارەمانانەکانی ئەنفال ناو دەبران و قارەمانێتیەکەی لەوەدابوو کە دژی خەڵکی بێچەک و مەدەنی دەکران، تەنانەت هەموو مزگەوتەکانیش دەروخێنران و دەتەقێنرانەوە؛ ئەمەش لەکاتێکدا کە ئەو هێرشانە بە پشتگیریی قورئان دەکران و لە تەلەفزیۆن و رادیۆوە ئەو ئایەتانەی رەوایەتی بە ئەنفال دەدەن، دەخوێندرانەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو قورئانانەی لە قوماشێکی سەوزەوە پێچرابوون و لەزۆربەی ماڵی لادێییەکاندا لەبەرزترین شوێنی ماڵەکە، یان لە تاقچەیەکی تایبەتیدا لەدیوارەکەدا دانرابوون، دەسوتان و دەبوون بەژێر گڵی خانووە روخێنراوەکانەوە.

ئاخۆ بتوانین هەرگیز وێنای ئەوکەسانە و هەست و بیرکردنەوە و دڵەڕاوکێیان بکەین، کە بەزۆر لە ماڵەکانیان رادەکێشرێنە دەرەوە و سوار زیللە عەسکەریەکان دەکرێن و بەبەرچاویانەوە هەرچی شتی بەنرخی ماڵەکانیان و مەڕوماڵاتیان تالانی دەکرێت و کاتێک ئاوڕدەدەنەوە، لەسەر شانیانەوە دەبینن نەک هەر ماڵەکانیان و باخ و کشتوکاڵەکەیان، بەڵکو تەنانەت مزگەوتی لادێکەشیان وێران دەکرێت و دەسوتێنرێت و کەچی هیچ شتێکیش لەوساتەدا لەئاسمانەوە روونادات. ئەو مزگەوتەی جێگای کۆبوونەوەی پیاوانی لادێکە و شوێنی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان؛ لانەی ئاوارە و لێقەوماوان و پێشمەرگە؛ پەرستگا و شوێنی بەجێهێنانی فەرزە ئایینیەکان و مەسەلە رۆحیەکانیان و فێربوونی تەعالیمە ئایینیەکانیان بووە؛ بەڵکو شوێنی زۆر لە گفتوگۆ خۆشەکانیان و حەوانەوەی ئێوارانی هاوین، دوای دروێنەو رەنجکێشانیان، لەسەر بانیژەی مزگەوتەکە و تەنانەت حەوزی مزگەوتەکە نەک هەر بۆ دەموچاوشتن و خۆفێنککردنەوە و دەستنوێژگرتن ، بەڵکو شوێنی خۆبسمیلکردن و وسڵەرکردن و خۆپاکردنەوەشیان بووە لە پیسێتیی دوای سێکس کردنیان، کە هەر خودی ئەو مزگەوتە ئەوەی فێرکردوون. ئەو مزگەوتەی پیرۆزیی بەخشیوەتە ژینگەکەیان و هەمیشە چەقێکی رەمزیی دونیابووە لایان، کە ژیان و دونیاکەیانی رێکخستووە و ستروکتورێکی داوە بە هەموو

کیانیان. ئەو مزگەوتەی هەرگیز کەس جورئەتی ئەوەی نەکردووە بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان دەستدرێژی بکاتە سەر حورمەتی، لەترسی سزایەکی دەستبەجێ لەئاسمانەوە؛ کەچی ئێستاش بەبەرچاویانەوە بێحورمەتیی پێدەکرێت و دەکرێت بەژێر گڵەوە و کەچی هیچیش روونادات. ئاخۆ بتوانین هەرگیز وێنای ئەو کائۆس (فوضی) و گومان و دڵەراوکێیە بکەین کە لەوساتەدا تێیکەوتوون؟! وەیاخود رەنگە هێشتا لای هەندێک کەس توانای ژیان و خۆشەوویستی ژیان هێندە گەورەبوو بێت، کە سەرەڕای هەموو تەلقینە ئایینیە رەشبینەکان هێشتا بەهۆی سرووشتی ژیانیەوە هێندەی گەشبینی تیامابێت، کە بە منداڵەکان و ژنەکەی گوتبێت: «خەم مەخۆن.. هەر دەگەڕێینەوە و ماڵەکەمان درووست دەکەینەوە و زەویوزارەکەمان دەژێنینەوە...». بەڵام هەرگیز نەگەڕانەوە؛ سواری لۆری و تراکتۆر و زیللی عەسکەری کران و بەبەردەم ویژدانی هەموو دونیادا بران بۆ ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابان.

بەڕاستی زۆر زەحمەتە مەزەنەکردنی ئەو بارودۆخە سایکۆلۆجیەی ئەنفالکراوانی تیابوون، کاتێک راپێچکراون بەرەو مەرگ. رەنگیشە بۆ زۆرکەس، بەتایبەتی بۆ بەتەمەنەکان، بەهۆی ئەو گۆشکردن و پەروەردە ئیسلامیەی هەیانبووە و ئەو قەدەریەتەی باوەڕیان پێی بووە، تاڕادەیەک تەحەمولکراو بووبێت. ئەوان زانیویانە کە لەژێر دەستی هێزێکی هێندە بەزەبر و خاوەنی زۆر و ستەمدان کە هیچی بەرامبەر ناکرێت. دڵنیابوون کەبەرەو مەرگ رێدەکەن. رەنگە تەنها دڵخۆشی خۆیان بەوەدابێتەوە کە چونکە بێتاوانن، ئەوا بێگومان دەبنە شەهید و چاوپۆشی لە هەموو گوناهەکانیان دەکرێت و دەچنە بەهەشت. رەنگە دایکان لەبەرخۆیانەوە گوتبێتیان: «گەر ئێمە نەچینە بەهەشت، ئەی کێ دەچێت؟!». هەموو منداڵە بێگوناهەکانیشمان دەبنە چۆلەکەی بەهەشت... خوا خۆی حەقمان دەسێنێت. بەڵام ئەمە مادامەکی ئیرادەی خوای لەسەرە و چارەنووسمانە، دەبێت رووبدات؛ دەبێت بمرین... لەڕاستیدا ئەو بڕواهەبوونەیە بە زیندووبوونەوە و ژیانێکی ئارامتر و ئیدیالتری دوای مەرگ کە وادەکات مەرگ بۆ ئیمانداران تەحەمولکراو بێت. ئیماندار سەیری مەرگ وەک کۆتایی هەموو شتێک ناکات، بەڵکو وەک کۆتایی ژیانێکی کاتیی سەر زەمینی و سەرەتای ژیانێکی نوێ و راستەقینەتر. هەروەها «منداڵی»-یش هەمیشە وەک نموونەیەکی باڵا و ئایدیالیی بەشەریەت سەیر دەکرێت. منداڵی پاکێتی و بەرائەتی مرۆڤە.. بێدەسەڵاتی و بێگوناهیە... هەربۆیەش هەمیشە لەکارەساتەکاندا زیاتر خەم بۆ منداڵە لەدەستچووەکان دەخورێت، کە لە ئەندێشەی ئیسلامیدا ئەوەش تاڕادەیەک تەحەمولکراو دەکرێت، بەوەی کە منداڵان دەبنە چۆلەکەی بەهەشت.

بەڵام «تەیمور» کە بەبرینداری لەیەکێک لە کارەساتەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەک رزگاری بوو، ئەو منداڵە بوو کە نەبووە چۆلەکەی بەهەشت؛ بەڵکو بووە قارەمانی کارەساتەکانی ئەنفال؛ شاهیدی راستەوخۆی ئەنفال... بووە ئەو مەسیحەی بەبرین و زامەکانی جەستەیەوە ترس و دڵەڕاوکێ و خەم و ئازارەکانی هەموو ئەنفالکراوانی لەسەرشانی خۆی هەڵگرت و پەیام و نارەزایی و شکایەتەکانیانی لەژێر لمی بیابانەکانەوە لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ناو دونیای زیندووان؛ بەپێچەوانەی مەسیحەوە کە خەم و ئازار و گوناهەکانی زیندووانی

لەگەڵ خۆی برد بۆ ناو دونیای مەرگ و گوناهەکانی بەشەریەتی برد بۆلای خوا بۆئەوەی لەئاسمان بۆیانبپارێتەوە. تەیمور لەدونیای مەرگەوە، لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان و لەهەمان ساتی مەرگەوە پەیامی ئازارەکانی دایک و خوشکەکانی؛ خزم و کەسوکاری؛ خەڵکی لادێکەیان و هەموو ئەنفالکراوانی هێنا بۆ ناو دونیای زیندووان، نەبا کەس باوەڕ بەڕوودانیان نەکات؛ نەبا لەیادی بکەن. لەڕاستیدا چ ئەو، چ کەسانێکی تریش کە لە ئەنفال رزگاریان بووبوو، واقعیەتێکیان بەخشی بە کارەساتەکە. لەکاتێکدا مەسیح ئازارەکانی بەشەر و کارەسات و رووداوەکانی لەدونیای واقعەوە برد بۆ ئاسمان و کردنیە سیمبوڵ، تەیمور و رزگاربووەکانی دی نهێنیەکانی ئەنفالیان لەژێر گۆڕەکانەوە هێنایەوە سەر زەوی و ئاشکرایان کرد.

* * *

بێگومان زۆر ساویلکانەیە گەر پرۆسەکانی ئەنفالی سەدام حوسەین تەنها لەچوارچێوەی سورەتێکی قورئاندا سەیربکەین بەناوی «الانفال»ـەوە، وەیان قورئان بەلێپرسراو دابنێین بەرامبەر فەناکردنی دەوروبەری ۱۸۰,۰۰۰ کەس لەمنداڵ و ژن و پیاو؛ گەنج و پیر، کەتەنها تاوانیان ئەوەبوو کورد بوون و لەو ناوچانەدا دەژیان کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەناوچەی قەدەغەکراو ناودەبران. بەڵام ئایا ئەو سورەتە بەتەواوی بێبەریە لەو هەموو تاوانەی بەناویەوە کراوە؟ یاخود ئەوە تەفسیرە جیاوازەکانن دەیکەنە مەرجەعی رەوایەتی بەخشین بە شەڕانگێزی و توندوتیژی؟

«الانفال» بەمانای «الغنائم – تاڵانی» دێت. سورەتەکەش هەرچەندە ئاماژەی زۆری بە فەنناکردنی دوژمن تیادایە، بەڵام زیاتر باسی تاڵانی دەکات و تاڵانیکردنی دوژمن بۆ ئیسلامەکان حەڵاڵ دەکات. ئەمە لەکاتێکدا تاڵانیکردن و لەناوبردنی کورد لەلایەن رژێمی بەعس و دامودەستگا و سوپا و پیاوەکانیەوە، بەمانای عەمەلیاتەکانی ئەنفال، بەشێک بوون لە پرۆژەی جێنۆسایدکردنی کورد. هەرچەندە مەبەست لە جێنۆساید هەر تەنها لەناوبردنی میللەت و نەتەوەو گروپی زۆر گەورە نییە، بەڵکو دەتوانین هەوڵدان بۆ لەناوبردنی گروپی پچوکتری ـ بۆنمونە وەک تایەفەش ـ بە جێنۆساید لەقەڵەم بدەین. وە هەروەها دەکرێت زۆربەی شەڕە ئایینییەکانی ناو مێژووش بەشێوەیەک لە جێنۆساید لەقەڵەم بدەین، بەڵام لێرەدا بێگومان تووشی گیروگرفتی تیۆری دێین، چونکە «جێنۆساید» چەمکێکی نوێیە و لەزەمانی پەیدابوونی قورئاندا لەسەر بنچینەی ترەوە سەیری کێشەکانی نێوان تایەفە و میللەتە جیاجیاکان کراوەو مەسەلەی لەناوبردن و تاڵانیکردن بەشێوەیەکی دی مامەڵەی لەگەڵ کراوە. گەر بەشێوەیەکی تر بیڵێین، پەیوەندیەکانی هێز لەو سەردەمەدا و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان و تەواوی جوگرافیا و مێژووی ناوچەکە و هەموو جیهانیش بەتەواوی بەشێوەیەکی تر بووە. جگەلەوەی شێوەی ئایینەکان و خودی ئایینەکانی ئەو کاتە شتێکی تر بووە. وە لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی ئیسلام لەسەرەتادا، بەواتایەکی تر مەبەستی پێغەمبەر، ئەوەبووە کە هۆز و خێڵە جیاجیا و

دژبەیەکەکانی نیمچەدوورگەی عەرەب یەکبخات لەژێر چەتری ئۆمەتی ئیسلامدا. ئەو ئۆمەتەی لەسەرەتادا ئۆمەتێکی عەرەبی بووە، بەڵام کاتێک خەونەکان بەربڵاوتر دەبن بۆ پەرەسەندنی ئەو ئۆمەتە و یەکخستنی میللەتانی جیاجیا تیایدا و خەونی رزگارکردنی بەشەریەت لە جاهیلیەت، ئەو کاتە ئەو هێرشانە دێنە پێشەوە.

## جێنۆساید ( Genocide)

«جێنۆساید ووشەیەکی نوێیە بۆ تاوانێکی دێرین» بڕیارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەربارەی جێنۆساید بەم رستەیە دەست پێدەکات (١). بۆ یەکەمجار یاساناسی پۆڵۆنی «رافاییل لێمکین Raphael Lemkin» لە ساڵی ١٩٤٤دا لە کتێبێکیدا بەناوی «یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپادا» ئەم ووشەیەی بەکاریهێناوە. تا ئەوکاتە ئەم ووشەیە لەهیچ فەرهەنگ و ئینسیکلۆپیدیایەکدا نەبووە. ئەو هەر خۆشی داهێنەری ئەم تێرمەیە، کە لە لێکدانی پێشگری یۆنانی 'genos' (بەمانای نەتەوە ـ خێڵ ـ تایەفە) و پاشگری لاتینی 'cide' (بەمانای کوشتن) دایتاشیوە. جێنۆساید بەمانای «لەناوبردنی بەئەنقەستی، هەموو یان بەشێکی، کەمایەتییەکی رەگەزی، جنسی، ئایینی، تایەفەیی، ئێتنی یان سیاسی، لەلایەن حکومەتێکەوە یان دامودەزگا و پیاوەکانیەوە. وە هەر تەنها کوشتنی بەکۆمەڵ ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها برسی کردن، بەزۆر راگوێزان و دەستبەسەرداگرتنی سیاسی و ئابووری و بایۆلۆجیش دەگرێتەوە» وەک «جاک نوسان پۆرتەر» لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێت (٢)، کە بریتییە لە کۆمەڵێک مەقالەی کۆکراوە دەربارەی جێنۆساید و لە کۆتایی کتێبەکەشدا بڕیارنامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان چاپ کراوە. ئەو هەر لێرەدا ئەوە دەستنیشان دەکات کە جێنۆساید سێ رەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: ئایدیۆلۆجیا، تەکنۆلۆجیا وبیرۆکراسی ـ دامودەزگا.

١- ئەو ئایدیۆلۆجیایەی جەلاد بەکاری دێنێت بۆ لەناوبردنی قوربانیەکەی، کلیلی کردەی جێنۆسایدە. ئەم ئایدیۆلۆجیایە کە بەزۆری لەسەر زەمینەیەکی رەگەزپەرستانە یان ئایینیەوە دێتەکایەوە، شەرعیەت بە هەر کردەیەک دەدات، چەند دڕندانەش بێت. ئەو پڕوپاگەندەیەش کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیا دەکرێت، وێنەیەکی وا نائینسانیانە دەبەخشێتە قوربانیەکان، کە پەلاماردان و لەناوبردنیان ئاسان و بەڵکو حەڵاڵ بێت. بەکارهێنانی ووشەگەلی وەک کافر و تێکدەر و لادەر و خیانەتکار و جاهیل و دواکەوتوو... هتد، لەکاتی جەنگ و کۆلۆنیالیزم و کاتی جێنۆسایدکردنی گروپێکدا بۆ هەمان مەبەستی دابەزاندنی قوربانیە بۆ ئاستێکی نامرۆڤیانە و ئاسانکردنی لەناوبردنیان. کەواتە ئایدیۆلۆجیا شەرعیەت دەبەخشێتە جەلاد بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکەی. بەلای «هێلێن فاین Helen Fein»ـەوە (یەکێک لە نووسەرەکانی ناو کتێبەکە)، ئایدیۆلۆجیای لیبراڵیی ناشیۆنالیزمی سەدەی نۆزدە لابردن و جێگرتنەوەی ئەو حکومەت و دەسەڵاتانەی ئازاد و رێگاپێدراو کرد، کە گوایا بە ناشەرعی دەژمێردران، چونکە نوێنەرایەتیی خەڵکیان نەدەکرد. وە دەستەواژە (formula)ـی «سەدەی بیستەم»یش رێگای بە لەڕیشەهەڵکێشان و لەناوبردنی خەڵک دا، بۆ مسۆگەرکردنی شەرعیەتی دەسەڵاتی دەوڵەت. «رێگایەک بۆ لەرەگوڕیشەهەڵکێشانی ئەو گروپانەی بەتەواوی لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا

جێگیر نابن، توانەوەیان بووە؛ ڕێگایەکی تر دەرکردن و دوورخستنەوەیان و سێهەمینیش لەناوبردنیان بووە» (٣).

هەر لەم ڕەوت (سیاق)ـەدایە کە ئەرمەنیە مەسیحیەکان لەلایەن کورد و تورکە موسڵمانەکانەوە بە نەزان و دەبەنگ یان کافر ناوبراون و لەوەش پڕمەترسیتر وەک مەڕێک سەیر کراون کە سەربڕین و گرووبیان حەڵاڵە. هەروەها بزووتنەوەی لاوانی تورکی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم و کاتی جەنگ، هەمیشە هەوڵی دامەزراندنی هێز و دەسەڵاتێکی داوە کە وەفادار بێت بە ئایدیۆلۆجیا نەتەوەییەکەی و خەونی بەدەستهێنانی شوناسێکی تورکییان بۆ بەدی بهێنێت. بێگومان لەو دەوڵەتە نەتەوەییەدا کە ناشیۆنالیزمی تورکی نیازی دامەزراندنی هەبوو، کەمایەتیەکی گەورە و دیاری ئایینی و کولتووریی وەک ئەرمەن جێگای نەدەبووەوە و دەبوایە لەدەرەوەی ئەو دونیا پیرۆزە بێت. ئەوەبوو ناشیۆنالیزمی تورکی لەڕێگای پڕوپاگەندە ئایدیۆلۆجیەکانیەوە ڕێگای بۆ بەهەموو جۆرێک ریشەکێش کردنی ئەرمەنیەکان خۆش کرد و لەڕێگای جێنۆسایدەوە بۆهەتاهەتایە ئەو مەترسیەی لەکۆڵ خۆی کردەوە. بەڵام گرفت ئەوە بوو کە کوردیش، کە کەمایەتیەکی زۆر گەورەی تری ئێتنی بوو، لەو دەوڵەتەدا نەدەگونجا و هەڕەشەی لەچارەنووسی ناشیۆنالیزمی تورکی دەکرد، کەلەو کاتەوە تائێستاش بەدڕندانەترین شێوە دەسەڵاتە ناشیۆنالیستە ڕاسیستەکان و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا، بەناوی بەرگری کردن لە دیموکراسیەت و پاراستنی عیلمانیەتەوە، هەوڵی ریشەکێشکردنی دەدەن، بێئەوەی دونیای دەرەوە وکۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێشتا بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەو کردەوانە بەپێی هەموو پێناسەکان کردەی جێنۆسایدین. هەمانشێوە و لەهەمان سیاقدایە کە کورد لە دەوڵەتە ناشیۆناڵەکانی عێراق و ئێرانیشدا جێگای نابێتەوە.

هەر هەمان دەستەواژە مۆتیڤی جێنۆساید کردنی جولەکە و قەرەجەکانیشە لەلایەن نازیەکانەوە، لە جەنگی جیهانیی دووەمدا. ئایدیۆلۆجیای ڕاسیستیی نازیزم، کە خەڵکی ئەڵمان (فۆلک ـ volk) بەخاوەنی شوناسێکی روون و ئاشکرا دادەنێت، کە لەسەر بنچینەی خوێن پێکهاتووە، جولەکە و قەرەج و هۆمۆسێکشوەڵەکان (ئەوانەی لەگەڵ هاوسێکسی خۆیان جووت دەبن، ژن لەگەڵ ژن و پیاو لەگەڵ پیاو) بە نامرۆڤ دیاری دەکات. ئەوانە بەڕەسمی بەشێک لە «فۆڵک» نەبوون، بەڵکو غەریبەیەک بوون کە سەر بە ڕەگەزی بەشەر نەبوون، لەکاتێکدا ئەڵمان سەر بە گەورەترین و پایەبڵندترین ڕەگەزی ئاریایی بووە. بۆیە دەبوو بۆ پاککردنەوەی ڕەگەزی ئاریایی و پاراستنی «فۆڵک»ی ئەڵمان، هەموو لەناو ببرێن. «ئایدیۆلۆجیایەک کە لەسەر بنچینەی ڕاسیزم و ئەو فۆرمولا نوێیەی هێلین فاین وەسفی دەکات، دامەزراوە، مەرجی سەرەکی و جەوهەریی جێنۆسایدە؛ ئەو ئایدیۆلۆجیایە قوربانی ڕسوا دەکات و دایدەبڕێت، لەکاتێکدا جەلادەکان لە کردە و ڕاوەدونانە جێنۆسایدیەکانیاندا مۆبیل (تعبئة) دەکات» (٤).

٢- تەکنۆلۆجیا لەم سەردەمەدا یەکێک لە ڕەگەزە ئاشکراکانی جێنۆسایدە. لەکاتێکدا کە «دەوڵەتی نەتەوە» مۆدێرنەکان هەرچی زیاتر لە بواری تەکنۆلۆجیادا پێشدەکەون، هەرچی زیاتر تەکنۆلۆجیای مەرگ کاریگەرتر

دەبێت. کاتێک لە جینۆسایدە کۆنەکاندا یان لە هەندێ وولاتانی هەژار و تازەگەشەکردوودا چەمک و مەفاهیمی سەرەتایی بەکار هاتووە، لە سەردەمی ئێستا و وولاتە بەتواناکاندا تەکنیک و چەکی زۆر کوشندە بەکار دێت، هەروەک ژووری گازەکانی نازیەکان، یان چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی لەلایەن رژێمی بەعسەوە.

٣- بیرۆکراسی لە بەرێوەبردنی پرۆسەی جینۆسایددا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت. جینۆساید پێویستی بە کۆمەڵێک دامودەزگای چالاک دەبێت بۆ بەئۆرگانیزەکردنی، چونکە رێکخستن و بەرێوەبردنی سیستەمیانەی گروپە سەربازی و مەدەنیە جیاجیاکان و گواستنەوە و رێگاوبانەکان گرنگیەکی گەورەی هەیە لەو پرۆسەیەدا. رەنگە لەکۆندا شەڕ و هێرشە جینۆسایدیەکان پێویستی زۆر بە ئۆرگانیزە و رێکخستنی سیستەماتیک نەبووبێت، بەڵکو زۆرجار خۆبەخۆیی «التلقائية» رۆڵی گەورەی بینیوە و رق و کینەی رەگەزی و ئایینی داینەمۆی شەڕ و کوشتارە خۆێناویەکان و پرۆسەکانی قڕکردنی دوژمن بووە. بەڵام جینۆسایدی مۆدێرن لەگەڵ هەرچی زیاتر پێشکەوتن و ئاڵۆزبوونی تەکنۆلۆجیادا، هەرچی زیاتر پێوویستیی بە مەهارەتی لۆژیکی و ئۆرگانیزەکراو دەبێت. هێلێن فاین و هۆرۆویتز "Irving Louis Horowitz" دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە «جینۆسایدی بەئەنقەست و پلان بۆدانراوی مۆدێرن دەبێت لەیەکەم هەنگاودا وەک تاوانێکی ئۆرگانیزەکراوی دەوڵەتی بناسێنرێت، وە تاوانێکی وا پێویستی بە بیرۆکراسیەتێکی زۆر ئاڵۆز دەبێت. ئینسانە بەقوربانی کراوەکان دادەبەزێنرێنە ئاستی بونەوەرێکی نائینسانی و دەبێت هەروەک کاڵا کۆبکرێنەوە، بنرخێنرێن، جیابکرێنەوە و بژار بکرێن، هەڵبگیرێن و لەکۆتاییدا هێندەی لەتوانادایە لەکۆڵ خۆ بکرێنەوە» (٥).

جینۆساید بەپێی «بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی جینۆساید» ساڵی ١٩٤٨ لە ماددەی دووەمی بەیاننامەکەدا، بەمانای هەریەکێک لەم کردەوە و پرۆسانەی خوارەوە دێت کە بەئەنقەست و مەبەستەوە ئەنجام درابێت بۆ لەناوبردنی، هەموو یان بەشێکی، گروپێکی نەتەوەیی، ئێتنی، رەگەزی یان ئایینی:

١- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە؛

٢- گەیاندنی ئازار و زیانی گەورەی جەستەیی و دەرونی بە ئەندامانی گروپەکە؛

٣- زیانگەیاندنی بەئەنقەست بە هەلومەرج و بارودۆخی ژیاریی گروپەکە، بەومەبەستەی ببێتە هۆی داڕمان و تێکدانی فیزیکیی، هەموو یان بەشێکی، ئەو گروپە؛

٤- سەپاندنی هەندێک ئیجرائات بەمەبەستی رێگاگرتن لە منداڵبوون لەناو گروپەکەدا؛

٥- بەزۆر راگواستنی منداڵانی گروپەکە بۆ لای گروپێکی تر (٦).

لەڕاستیدا دەرەنجامی هەوڵی زۆری «رافاییل لیمکین» بووە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری داوە گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی جینۆساید بکرێت بۆ رێکخستنی کۆنگرەیەک بۆ لێدووان و لێکۆڵینەوە لێی و بەپێی توانا، کردنی بەبەشێک لە یاسای نێودەوڵەتی، لە ساڵی ١٩٤٨دا. لێمکین زۆر چالاکانە هانی ئەوەی داوەو لەڕێگای خۆپیشاندان و چالاکیی تری لەو جۆرەی لەئاستی نێونەتەوەییدا، کاری بۆئەوە کردووە و بەڵکو پێشنیاری کردووە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە جینۆساید رێگای لێبگیرێت و هەوڵی سزادانی بدرێت. ئەوەبوو کۆمەڵەی

گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەیەکەمین دانیشتنیدا ساڵی ١٩٤٦، پێشنیارەکەی لێمکینیان جێبەجێ کرد و دوو بڕیاری گرنگیان دا: یەکەمیان جەغد کردن بوو لەسەر پرێنسیپەکانی دادگای سەربازیی نێونەتەوەیی نۆرمبێرگ لە ئەڵمانیا، بۆ دادگایی کردنی سەرکردە و ئەفسەرە نازیەکان. دووەمیان جەغد کردن بوو لەسەر ئەوەی کە جێنۆساید بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانێکە، گەر کرا سزادەدرێت. ئەوەبوو داوایان لە دەوڵەتان کرد بۆ هاوکاریەکی نێونەتەوەیی و دانانی کۆمەڵێک یاسای نیشتیمانیی پێویستیش لە دەوڵەتەکانی خۆیاندا. هەروەها بانگەوازیان بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی هێنانەکایەی ئامێرێکی یاسایی نێودەوڵەتی کرد، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانەکاندا، کە ئەمە لە دواهەمین داڕشتنەوەی بڕیارنامەکەدا بوو کە لە نۆی دیسەمبەری ١٩٤٨ دا لەلایەن کۆمەڵەکەوە، بەمانای لەلایەن کۆمەڵێک نەتەوەی بەتوانا و دەسەڵاتدارەوە، بەکۆمەڵ بڕیاری لەسەر درا. لە دوازدەی جێنیوەریی ساڵی ١٩٥١ دا بووە بڕیارنامەیەکی کاریگەر و چالاک و لە جێنیوەریی ١٩٧٣دا لەلایەن حەفتاوشەش دەوڵەتەوە بڕوای پێبەخشرا و ئیمزا کرا. بەڵام وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرگیز باوەڕی خۆی پێنەبەخشی و ئیمزای نەکرد «بەو بیانووەی گوایا بەندی وای تیادایە کە جێنۆساید دادەپۆشێت؛ ووشەبەندیی بڕیارنامەکە لە زۆر شوێندا تەماوی و نائاشکرایە؛ بڕیارنامەکە بەداواکردن و مەرجدانانی بۆ دادگایەکی نێونەتەوەیی، سنووری حورمەتی دەسەڵاتی نەتەوەیی دەبەزێنێت و هەروەها ناشکرێت تەواوی نەتەوەیەک بە تاوانی جێنۆساید تاوانبار بکرێت بەهۆی کردەوەی چەند هاووڵاتیەکی کەمەوە» (٧). سیناتی ئەمریکی زۆر سەرکەوتوانە توانیی ڕێگا لە هەرجۆرە هەوڵێک بگرێت بۆ بڕوابەخشین لەلایەن حکومەتی ئەمریکیەوە بە بڕوانامەکە، چونکە ڕەنگ بوو ئەمریکاش خۆی تاوانبار بکرێت بە جێنۆسایدکردنی هیندیە سورەکان و کردەوە جێنۆسایدیەکانی سوپای ئەمریکی لە ڤێتنام و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەش پێستەکان.

جێنۆساید لەهەموو سەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا ئامادە بووە، بەڵام پێش سەردەمی ئێستامان، وەک Roger W. Smith دەڵێت: «بەدەگمەن نەبێت، هەمیشە لایەنێک بووە لە جەنگ، یاخود لە سەدەی شازدەهەم و نۆزدەهەمدا، لایەنێک بووە لە لایەنەکانی پێشکەوتن و گەشەکردن. هەروەها تاڕادەیەکی زۆر جێنۆساید لە شێوەیەکی تایبەتمەند بە سەردەمێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت: فتوحات، چەوساندنەوەی ئایینی، دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی کۆڵۆنیاڵی. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا جێنۆساید بۆتە ڕووداوێکی زۆر باو (شائع)؛ زیاترلەمەش، شێوەی جیاجیای وەرگرتووە و بەهۆی پاڵنەر و مۆتیڤی جیاوازەوە سەرهەڵدەدات؛ وە لەم سەردەمەی ئێمەدا بۆتە خاڵی یەکگرتنەوەی هێزە تێکدەرەکان.» (٨). لەم لایەنەوە «کورت جۆناسۆن» و «فرانک کاڵک» چوار شێوە جێنۆساید دیاری دەکەن، بەمانای ئەنجامدانی جێنۆساید بەمەبەستی:١- دوورخستنەوە و نەهێشتنی هەڕەشە و مەترسیی دوژمن یان گروپی بەرامبەر، ٢- دەستبەسەرداگرتنی سامانێکی ئابووری، ٣- ئەنجامدانی تیرۆر و تۆقاندن، ٤ - سەپاندنی باوەڕێک، تیۆرییەک یان ئایدیۆلۆجیایەک. (٩)

بەپێی ئەم پێناسە و دیاریکردنانەی سەرەوە، ئەوەی حیزبی بەعس لە عێراقدا هەر لە هاتنە سەر حوکمیەوە پێوەی خەریکە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کورد، کردەی جێنۆسایدییە. خەونی گەورەی بەعس مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت و سەپاندن و جێگیرکردنی دەوڵەتە ناشیۆناڵەکەی بووە. دەوڵەتێکی تاکنەتەوەیی نافرەکولتووری، کە هیچ ڕێگرێکی لەبەردەمدا نەمێنێت بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی ناشیۆنالیزمی عەرەبی. دەوڵەتێکی بەتوانا و دەسەڵاتێکی سەرتاسەری کە بتوانێت سەرکردەیەکی قارەمان پەروەردە بکات بۆ پێشەوایی کردنی نەتەوەی عەرەب و یەکخستنی خاکی عەرەب. لە خەونێکی وا و دەوڵەتێکی وادا، کورد هەمیشە جەستەیەکی نامۆ و ڕێگرێک بووە، بۆیە پێویست بە لەکۆڵ خۆ کردنەوەی هەبووە. بەلایەنی کەمەوە لەسەرەتای حەفتاکانەوە ڕەنگە ئیتر ڕژێمی بەعس پلانێکی بەدەستەوە بووبێت بۆ ئەم مەبەستە. نەک هەر بەعس، بەڵکو کورد خۆیشی هەستی بەو نامۆییە کردووە لەناو دروشم و هوتافەکانی ئەو دەوڵەتە و مەرامە نەتەوەیی و سیاسیەکانیدا. بەتایبەتی لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی صدام حسێندا، ئیتر ستراتیژی بەعس و ڕەهەندەکانی ئەو پلانە جێنۆسایدیانە تاڕادەیەک دیار و ئاشکرا بوو. صدام حسین لە حەفتاکاندا چالاکترین کەسێک بوو کە کاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکرد، تەنانەت گەر چارەسەرێکی کاتییش بێت. خەونی گەورەی ئەو پیاوە بوونە سەرکردەیەکی ناسیۆنالی بوو، وەک نموونەی ئەتاتورک، کە دواییتر تەنانەت دەگات بەخەونێکی گەورەتر و ترسناکتر، بۆ گەیشتن بە سەرکردەیەکی سامناکی وەک هیتلەر و ستالین. ئەو دەیوویست بەهەرشێوەیەک بێت بەزەعیمی و دەسەڵاتێکی بەهێز و سەرتاسەریەوە بچێتە مێژووەوە. ئەو کاتە ئەو، وە ڕەنگە کەسانێکی تریش کە لەو کاتەدا هاوخەون و هاوبیری ئەو بوون، باش دەیزانی کە ناتوانرێت ڕێگرێکی وەکو کورد لەبەردەمی خواستەکانی بەعسدا بە شەڕ لاببرێت. ئەو کاتە هێشتا عێراق خاوەنی توانایەکی سەربازیی زۆر بەهێز نەبوو کە بتوانێت بەرەوڕووی دوژمنە گەورەکانی (بۆنموونە وەک ئێران) بوەستێتەوە کە لەڕێگای کوردەوە لەگەڵیدا لەکێشەدا بوون. ئەوکاتە بەعس لە بلۆکێکدا (بلۆکی سۆسیالیستی) وەستابوو کە خۆی کێشەی گەورەی بۆدرووست دەکرد. پارتێکی تاسەر ئێسقان ناسیۆنالیستی، بەتایبەتی ئەو باڵەی کە سەدام تیایدا چالاک بووە، بە پاشخانێکی سۆشیالیستییەوە، لەژێر کاریگەرییە پێشووترەکانی ناسریزمدا بەسەریەوە، کە لەسەرەتادا دەیویست بەرەو عەلمانیەت و مەیلێکی سۆشالیستی بڕوات، بۆ گۆڕینی گوتاری ئایینی پڕ لە خورافات و ئەفسانە بە ئایدیۆلۆجیایەک کە خۆی هیچ لەو کەمتر ئەفسانەیی و خورافیانە نەبوو؛ هەر بۆیەش دوای بڵاوبوونەوەی گوتاری شۆڕشی ئیسلامی لە هەشتاکاندا، بایدایەوە بەلای هەمان گوتاردا و بەهەمان شێوەی زیادەڕۆیی لە ئایدیۆلۆجیا ناشیۆنالیستیەکەیدا، هەمان گوتاری ئایینی و ئایدیۆلۆجیای ئایینیی گرتەوە بەر، کە ڕەنگە بتوانین بە گوتاری ئەفسانەیی ناوی بەرین (وەک محەمەد ئەرکۆن ئەو جۆرە خیتابە ناو دەبات). کەواتە پێش بەعس گوتارێکی ئەفسانەیی هەبووە کە هەوڵی سەرنەکەوتوانەی بەعس گۆڕینی بووە بە گوتارێکی ئایدیۆلۆجی عەلمانی، بەڵام دواییتر ناچار دەبێت لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و شەپۆلی گوتاری شۆڕشی ئیسلامی، بۆ خۆپاراستن لە ڕماڵین، بگەڕێتەوە بۆ گوتارێکی ئەفسانەیی

دی. لە حەفتاکاندا بەعس لەو دووڕیانە پڕ لە قەیرانەدا بووە، لەنێوان ئەوەی لە ئاستی سیاسی و بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوەی و دابەشبوونی هێز لەوکاتەدا، سەر بە بلۆکێکی سۆشیالیستی و چەپ بووە و لە ئاستی ئایدیۆلۆجی و سیاسەتی ناوەوەیشیدا ناسیۆنالیست بووە. زۆربەی ناحەزانی سیاسی بەعس و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش هەر سەر بەو بلۆکە بوون. یەکێک لە کێشە هەرە گەورە و قەیراناویەکانی بەعس کێشەی کورد بوو، کە چ بۆ سیاسەتی ناوەوەی دەوڵەتی عێراقی و چ بۆ هاوکێشە سیاسیەکان و بەرژەوەندیە نێونەتەوەییەکانی ئەو کاتەش واباشتربوو ئارام ببێتەوە. بۆیە بەیاننامەی یازدەی ئازار لەسەرەتای حەفتاکاندا دێت بۆ پشوودانێکی سوپای عێراقی و کەمێک ئارام بوونەوەی کێشەکە. یەکێکی تریش لە بەرهەمەکانی ئەو هاوکێشانە ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ بوو، کە لەڕاستیدا ئەو دەوڵەتانەی ئیمزایان کردووە، ڕێگەپێدانی بەشێک لە جێنۆسایدکردنی کوردیان ئیمزا کردووە. چونکە ئەو کاتە بەعس بێ پلانێکی ئەڵتەرناتیڤی بۆ لەناوبردنی کورد، دەستی لە شەڕکردن لەگەڵ کورد هەڵنەگرتووە. لە سەرەتای حەفتاکاندا سەدام حسێن ڕوخسارێکی ئاشتیخوازانەی لەلای کورد وەرگرتبوو. تەنانەت من لەیادمە کە بە دۆستی کورد ناودەبرا. بەڵام هەرزوو، پاش ماوەیەکی کورت لە ڕێکەوتننامەی جەزائیر، مەرامەکانی ئاشکرابوون.

لەڕاستیدا ئەنفال کۆمەڵێک عەمەلیاتی لەناکاو نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لەو پلانەی ساڵەهای ساڵ بەردەوام بوو بۆ جێنۆسایدکردنی کورد. هەرچەندە ئەوە هەر تەنها ڕژێمی بەعس و دەوڵەتی عێراقی نەبوو کە بە جێنۆسایدکردنی کوردەوە خەریک بوو، بەڵکو ئێران و تورکیاش تیایدا بەشداربوون و هێشتاش تورکیا بەردەوامە لەسەری، گەر ئەو پێناسانەی سەرەوە ڕەچاو بکەین. بەڵام لە عێراقی سەدام حوسەیندا، لەو وڵاتە داخراوە سەخت کۆنترۆڵ کراوەدا کە نەک هەر تەنها دەنگەکان نەدەچوونە دەرەوە، بەڵکو هێندە خەفەدەکران کە لەناوەوەش نەدەبیستران، کردەوە جێنۆسایدیەکان هێندە دڕندانەو بێشەرمانە و چاونەترسانە دەکران کە ترسێکی گەورەی لە لەناوبردنی بەکۆمەڵی لەناو دڵی خەڵکی کوردستاندا چاندبوو. هەر لەمنداڵیەوە، ساڵەهای ساڵ ئەو ترسەمان لەدڵ نیشتبوو کە ڕۆژێک لەڕۆژان سەدام هەمووومان؛ هەموو کورد دەکات بەژێر بیابانەکانی باشوورەوە. بیابان بۆ زۆربەمان ببوە فۆبیایەکی هەمیشەیی. تەنانەت باشووری عێراق و بیابانەکانی سعودیەشمان لاببوە ئەو دۆزەخەی چارەنووسمانی پێوە بەسترابۆوە. سەردەمی لاوێتیمان هەمووی لەو فۆبیایەدا بەسەر دەبرد. بەڵکو هەر لە منداڵیەوە بەردەوام ئەوەمان دەبیست کە گەورەکان باسی ئەو چارەنووسەیان دەکرد. ساڵانی حەفتاوچوار و دوای ئاشبەتاڵ زۆر باسی ئەوە دەکرا کە ڕژێم نیازی لەناوبردنی کوردی هەیە. بەتایبەتی کاتێک سەدام دەسەڵاتی گرتەدەست، ئیدی ئەو ترسە ووردەووردە دەبووە واقیع. دوای درووستبوونەوەی شۆڕشی چەکداری و بەتایبەتی سەردەمی جەنگی عێراقی ـ ئێرانی، ئیدی بەڕوون و ئاشکرایی دیاربوو کە دەوڵەتی عێراقی خەریکی جێبەجێکردنی ئەو پلانەیە. دەرکردنی کوردە فەیلیەکان؛ بەزۆر و بەهەڕەشە بەعەرەب کردنی هەندێ گروپی بەڕەگەز کورد لەکاتی سەرژمێریەکاندا

(بۆنموونە وەک «شەبەک»ەکان و یەزیدیەکان)؛ چڕکردنەوەی پرۆسەی راگوێزانی کوردەکانی کەرکوک؛ لەناوبردنی بارزانیە دوورخراوەکانی باشوور؛ وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستان و راگوێزانی لادێییەکان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا و ئەمجار زۆر بەدڕندانەتر پیادەکردنی عەمەلیاتەکانی ئەنفال... بەکۆمەڵکوشتنی بارزانیەکان؛ بەزۆر نیشتەجێکردنی هەزاران لادێیی کورد لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا و بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە و لادێ کوردیەکان و بەکۆمەڵکوشتن و ناشتنی هەزاران کوردی مەدەنی لەژێر لمی بیابانەکانی باشوورەوە. لەدوای تەواوبوونی جەنگ و پاشان کۆتایی پێهاتنی ئەنفالەکانیش، هێشتا ئەو ترسە مابوو، بەڵکو زۆر گەورەتر و واقیعی تر بووبوو. ئیدی سەدام حوسەین دەستی لەجەنگی ئێران بەتاڵ بووبوو، هەستی بە سەرکەوتنێکی گەورە دەکرد. هەر راوەستانی شەڕەکە بۆ ئەو سەرکەوتنێکی مەزن بوو. هێشتا خاوەنی هێزێکی گەورە و چەکی زۆر قورس و پڕ مەترسی بوو. مشتێکی یەکجار گەورە و دڕندانە و تۆقێنەری لە کورد وەشاندبوو و تاڕادەیەک بەتەواوی هێزە کوردیەکانی لە سنوورەکانی خۆی دەرپەڕاندبوو... هەموو ئەو ترسەمان لێ نیشتبوو کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بەعس و سەدام حوسەین هێدی هێدی دەست بکەنە جێبەجێکردنی قۆناغێکی ترسناکتری نەخشە و پلانەکانیان بۆ جێنۆسایدکردنی کورد. زۆر بەدڵنیاییەوە خەڵکی شارەکانی کوردستان (کە ئیدی تاڕادەیەک هیچ لادێ نەمابوو) باسیان لەوە دەکرد کە عێراق لەگەڵ هەندێک وڵاتانی وەک سعودیە و سوّدان و یەمەن رێککەوتووە کە کورد رابگوێزن بۆ بیابانەکانی ئەو وڵاتانە و لە ئۆردوگای زۆرەملێدا نیشتەجێ بکرێن. تەنانەت ترسی ئەوەشمان لێنیشتبوو کە نەک هەر بە بیابانەکانی عەرەبستاندا پەرشوبڵاو بکرێینەوە، بەڵکو هەر بەزیندوێتیش هەموومان بکەن بەژێر لمی بیابانەکانەوە. ئەمانە تاچ ئەندازەیەک راست بوون، یاخود رەنگە هەر پروپاگەندەی دامودەزگا ئیستیخباراتیەکانی بەعس خۆی بووبێت بۆ تۆقاندنی خەڵک، دەبێت لەو دۆکیومەنتانەی رژێم خۆیدا بۆی بگەڕێین کە دوای راپەڕین بەردەست کەوتن، ئەمە لەکاتێکدا گەر شانسی ئەوە هەبێت شتی وا بەردەست کەوتبێت، یاخود نەکەوتبێتە دەست لایەنی وا کە هەرچی زیاتر سەرنگومیان بکات. لەڕاستیدا ئەوە زۆر گرنگە بۆ سەپاندنی ئەگەری ئەوەی رژێمی عێراقی هێشتا نیازی درێژەپێدانی جێنۆسایدکردنی کوردی هەبێت. بەڵام گەورەترین شانسی کورد ئەوەبوو کە سەدام دوای تەواوبوونی جەنگ، کەوتە ناو قەیران و گیروگرفتی گەورەترەوە، کە زۆری پەیوەندیی بە بارودۆخی ئەوکاتەی جیهانی و گۆڕانکاریەکان و مەترسیی چەکە کوشندەکانی عێراق خۆیەوە هەبوو (وە رەنگە بە یاریە سیاسیەکانەوە) تا گەیشتە ئەوەی جەنگی کوێت بخوڵقێنێت. پاشانیش راپەڕین و هەلومەرجەکانی پاش قەیرانی کوێت و راپەڕین.

زۆر بەڕوونی بیرمە کاتێک حیزبە کوردیەکان ئاشت بوونەوە و بەرەی کوردستانییان پێکهێنا، کاتێک لەگەڵ حکومەتی ئێرانی پێکهاتبوون هێرشێکی سەربازیی هاوبەش بکەنە سەر سوپای عێراقی لەهەندێک شوێنی کوردستاندا و یەکێک لە نەخشەکانیان گرتنی هەندێک شارۆچکە و ناوچەی دەوروبەری سلێمانی و پاشانیش

گـەر توانرا شـاری سلێمـانی خـۆی بوو. بەهۆی بارودۆخـێکەوە و نزیک بوونم ئـەوکـاتە لەهەندێک پارت و ڕێکخراوی کوردیەوە، لەزۆر پێشمەرگەم دەبیست کە بەدڵنیایی وهیوای زۆر گەورەوە باسی ئەمەیان دەکرد. ئەوە خـەونی شـیرینی زۆربەی هەرەزۆریان بوو کـە بارەگـاکـانیـان لە شـاخـەکـانەوە بگوێزنەوە شـارەکـان. شـارەکـان لەژێردەسـتی سـەدام دەربهێنن و خـۆیان حوکمی شـارە کوردیەکـان بکەن، بەڵکو خـەونی زۆربەی خەڵکی کوردستـان بوو. بەڵام ئەوەبوو ئەو هێرشانە بە کارەساتی هەڵەبجە و چەند عەمەلیاتێکی تری ئەنفال کۆتایی هات. تەنـانەت ئەو کاتەش کە پێشمـەرگەکان بەدڵنیـاییـەوە لەوە دەدوان کە شـارەکان ئازاد دەکەن، هەمیشـە نیگەرانی ئەوەش بوون کە ئەگەر ئەو خـەونە بێتـەدی، ئـاخـۆ ترسی ئەوە نابێت کـە ڕژێمی بەعس و سـەدام حسـێن هەموو شـارەکانی کوردستـان بۆمباران بکات؟! بڵێی بۆمبی کیمیـاویمان پیانەکێشـێت؟! ئەو کـاتە چەندجـارێک سوپای عـێراقی لەهێرشـەکانیـدا بۆسـەر ئێران و تەنانەت کوردیش، چەکی کـیـمـیـایی بەکـارهێنابوو. بەڵێ ئـەو ترسـە دێرینـە ڕەگی لەناخی هەمـوومـاندا داکـوتابوو. بەڵام هـەرگـیـز ترسـێکی بێـهۆ نەبووە.

لێرەدا پرسیـار ئەوەیە، بەڵکو سەیر لەوەدایە کە بۆچی ئەو ترسـە لەلایەن سـەرکردە کوردەکانەوە حسابی بۆ نەکرابوو؟! یاخـود ئایا حـسـابی بۆکـراوە و بەڵام گـوێی پێنەدراوە؟ وەیان گـوتراوە: «چش... ئـەمـە هـەڵێکە و نابێت لەدەست بدرێت. ئـەمە ئەوە دەهێنێت ریسکی بۆ بکرێت!». ئاخـۆ لەوکاتەدا ئاگایان لـەوەبووە کە سـەدام بەچیـەوە خـەریکـە؟! ئەگـەر نا، ئـەی بۆچی هـەوڵی خـۆلێلادانی نـەدرا، لەجیـاتی بەرەوڕووچوونی؟ لەڕاسـتـیـدا لەوکاتەدا زۆربەی بـارەگاکانی حیزبەکان لەژێر مـەترسـیدا بوون و سنووری ناوچەکانیـان (بـەهۆی هێرشی هـەوایی بـەردەوامی سـوپای عـێـراقـیـەوە و هـەندێکجـاریش بەهۆی هـێـرشـە سـەرنـەکـەوتووەکـانی سـوپا و پاسـدارانی ئێرانیـەوە) تەسک ببـووەوە. ئەوە هەنگاوێکی مێـژوویی بوو بەلای هەمـوو لایـەنە سـیـاسـیـەکـانی کوردستانەوە کە واز لە جیاوازی و ناکۆکیەکانیان بهێنن و یەکبگرن بۆئەوەی بتوانن لەو سـاتـە پڕ مەترسیەدا لەسـەر ئاییندەی سـیـاسـیـان، سـوود لەو هەلە وەربگرن کـە عێراق خـەریکە بـە جـەنگ لەگەڵ ئێـرانەوە، بەڵکو بتـوانن زۆربەی ناوچـەکانی کـوردسـتـان ئازاد بکەن. بەڵام هـەڵەی مێـژووییـان ئەوە بوو کـە ئەو هەنـگاوەیان بەیارمـەتی و بەشدارێتی ئێران نـا. لەڕاسـتیدا بەوە خۆیان تێکەڵ بە جـەنگەکە کرد. بەهانەیەکی گەورەیان دا بەدەست ڕژێمی عێراقیـەوە کە عەمـەلیاتەکانی ئەوانیش بـە بەشێک لە جەنگی عێراقی ـ ئێرانی لەقەڵەم بدات. بەڵام ئەوەی ئێـستـا گرنگە ئەوەیە کە بەهەموو شـێوەیەک هـەوڵ بـدرێت ئەوە بسـەپێنرێت کە عەمـەلیاتی ئەنـفال بەشێک نەبووە لەو جـەنگە، هەرچەندەش لە بەیاننامەی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربارەی جێنۆسـاد، لە مـاددەی یەکەمدا هـاتووە کە لایەنە پێکهاتووەکـانی ئیمـزای ڕێکەوتننامـەکەیان کـردووە «بڕیاری ئەوە دەدەن کە جێنۆسـاید، چ لەکاتی ئـاشـتـی و چ لەکاتی جـەنگدا ئەنجـام درابێت، بەپێی یاسـای نێودەوڵەتـی تاوانێکە دەبێت ڕێگای لێبگیرێت و سزاش بدرێت». (١٠)

## ئەنفال و جێنۆساید

دیسان دەمەوێت جەغد لەسەر ئەوە بکەم کە پرۆسەکانی ئەنفالی سەدام حوسەین و رژێمی بەعس و سوپای عێراقی شتێکی زۆر جیاوازە لە مەسەلەی ئەنفالی سەرەتاکانی ئیسلام و سەردەمی دابەزینی قورئان و پاشانیش نووسینەوەی لەزەمانی خەلیفەکاندا. تەنانەت تارادەیەکی زۆریش جیاوازە لە هێرشەکانی سەردەمی خەلیفەکان بۆسەر میللەتانی تری ناوچەکە. هەروەها ئەنفال و جێنۆساید، هەرچەندە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام دوو چەمکی جیاوازن. ئەنفال کە بەمانای تاڵانی دێت کێشەیەکە لەکاتی جەنگ و هێرش و داگیرکردن و جێنۆسایددا دێتەپێشەوە. کەواتە رەنگە بتوانین بڵێین ئەنفال بەشێکە لە جێنۆساید. بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە تاڵانی لە قورئاندا ئۆرگانیزە کراوەو شەرعیەتێکی ئایینی پێبەخشراوە، بەمانای حەڵاڵ کراوە. بەڵام ئەو شەرعیەتە تەنها بەو ئیماندارە ئیسلامانە بەخشراوە کە لەپێناوی ئایینی ئیسلام و خوادا شەڕدەکەن. شەڕکردن لەپێناوی ئیسلامدا، بەمانای جیهاد، لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا مانای پاراستنی ئایینەکە و دواتریش پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی، بەمانای هاندانی خەڵکان و میللەتان و مەملەکەت و سەرزەمینانی دی بۆ ئەوەی بێنەسەر رێگای ئیسلام و خواپەرستی بەپێی مەرج و پرێنسیپەکانی ئەم ئایینە تازەیە (هەرچەندە لەڕاستیدا پێغەمبەر خۆی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ئەم ئایینێکی نوێی نەهێناوە، بەڵکو هەمان ئایینی ئیبراهیم نوێ دەکاتەوە و بەبیر خەڵکی دەهێنێتەوە). بەڵام دواییتر جیهاد، وە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، دەبێتە ئایدیۆلۆجیایەک بۆ دوورخستنەوە و نەهێشتنی مەترسییە ئیحتیمالییەکانی گروپی بەرامبەر و دوژمن، ئەمەش بەهەر شێواز و رێگایەک بێت، تەنانەت گەر شەڕکردن و داگیرکردن و قڕکردن و تاڵانییش بێت. ئەمە ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە دەتوانێت گەورەترین ژمارە شەڕکەر مۆبیل بکات بۆ بەرەکانی شەڕ و تاڵانی و قڕکردن.

کاتێک ئایین غەنیمە حەڵاڵ دەکات، ئیمانداران هەرچی زیاتر هان دەدرێن بۆ پەلاماردان... تاڵانی تەماعێکی گەورەیە دەخرێتە بەردەم شەڕکەر و سەرباز بۆ هەرچی زیاتر هەڵمەتبردن و دڕندایەتی. بەڵام بێگومان بێ مەرجەعێکی پیرۆز ئەو تاڵانیە هیچ شەرعیەتێکی نابێت. لە ئایینی ئیسلامدا ئایەتی «الانفال» بەئاشکرا ددان بە حەڵاڵێتی غەنیمەدا دەنێت؛ غەنیمەکانی کافران و لەڕێگالادەران؛ ئەوانەی نایەنە سەر رێگای راستی. هەر گروپ و دەسەڵات و دەوڵەتێکیش رێگای خۆی بە راستترین رێگا دادەنێت. وە لە دەوڵەتێکی وەکو عێراقدا کە زۆربەی دانیشتوان ئیسلامن، هەر گروپێک هەوڵدەدات ئەو بەرگە ئایینیە بکات بەبەر خۆیدا و خۆی بە ئیسلام و دوژمنەکانی بە کافر لەقەڵەم بدات، وەیان بەهەمان ئەو عەقڵیەتە ئایینیەوە ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی دادەرێژێت. بێدەلالەت نییە کە بەعسیش بەشێک لە پرۆسەکانی جێنۆسایدکردنی کورد ناو دەنێت ئەنفال و سیمایەکی ئایینی دەبەخشێتە هێرشەکانی. لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە ئیدی زۆر بەئاشکرا بەعس هەوڵی پۆشینی ئەو بەرگە ئایینیەی داوە و یەکێک بووە لە تاکتیکە هەرە کاریگەرەکانی. بەڵکو هەر لەسەرەتاوە بەعس لە ئایدیۆلۆجیای سیاسیدا حسابی بۆ ئەو رەهەندە

ئایینیە کردووە، تەنانەت دامەزرێنەری حیزبی بەعس «میشێل عەفلەق» خۆی دەڵێت کە «شۆڕشی عەرەبیی بەعس لە رەگەزدا بەرپاکردنەوەیەکی مۆدێرنانەی شۆڕشی ئیسلامیی چواردە سەدە لەمەوبەرە»(١١). تاکتیکێکی گرنگی بەعس لە جەنگەکانیدا، بەکارهێنانی هەمان شەرعیەتی تالانی بووە، چ لە جەنگیدا لەگەڵ ئێران و چ لە شەڕەکانیدا لەگەڵ کورد و بەتایبەتی لە هێرشەکانی ساڵی١٩٨٨ دا، کە تەنانەت ناوی دەنێت ئەنفال و پاشانیش لە داگیکردنی کوێتدا. ئەم تاکتیکە جەنگیە هێندە بە چڕی و بەرفراوانی لە ماوەی دەسەلاتی سەدام حوسەیندا بەکارهاتووە، کە هەموو خەڵکی عێراق فێری بوون، وە زۆر بەسادەیی رەنگە یەکێک لەهۆکانی ئەوە بووبێت کە بەردەوام بەشێکی گەورەی دانیشتوانی عێراق سەرباز بوون و لەڕیزەکانی سوپا و گاردی میللی و گروپی چەکداری سەر بە حکومەتی وەک عەشایەر و جاشدا بوون. وە لەڕاستیدا خودی تالانی بووەتە پرۆسەیەک، کە ئیدی پێوویست بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە ناکات بۆ جێبەجێکردنی، بەمانای لەوە دەرچووە یاسایەکی مۆراڵی بێت بۆ رەواییبەخشین بە تالانی لەکاتی شەڕدا، بەڵکو ئیدی بووەتە لۆژیکێکی جێگیر و هەموو لەسەری رێکەوتوون. بووەتە مافێکی رەوای هەر شەڕکەرێک. هەربۆیە کورد خۆیشی لە پەلامارداندەویدا بۆ رژێم بەکاری هێنایەوە و تەنانەت لە شەڕە ناوخۆییەکانی خۆیشیدا. کەواتە ئیدی تالانی بۆتە بەشێکی جیاوەنەبوو لە سیاسەت و کێشە و ناکۆکیە سیاسیەکان و خەبات و راپەڕین و... هتد. ئیدی کردەوەیەکە هەم لە دەسەلات و دەسەلاتدار و هەم لە ژێردەستەش دەوەشێتەوە. هەم لە جەلاد و هەم لە قوربانیش. بەڵکو ووشەی «فەرهود» لە راپەڕینەکەدا وێنا و مانایەکی پۆزەتیڤی وەرگرتبوو، چونکە بەپێی ئەو ئایدیۆلۆجیا ئایینی- کۆمەلایەتیە، فەرهود کردنی دوژمن کردەیەکی حەلاڵە.

**سورەتی «الانفال»**

لەشەڕەکانی سەرەتادا لەگەڵ بێئیمانەکان (کافرەکان) تالانی کێشەیەکی گەورەی بۆ شەڕکەرە ئیسلامەکان درووستکردووە، بۆیە سورەتی «الانفال» دێت بۆئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکات. زۆربەی ئایەتەکانی ئەو سورەتە کە لە ٧٥ ئایەت پێکهاتووە، لە مەدینە هاتۆتە خوارێ، بەمانای پاش کۆچکردنی ئیسلامەکان لە مەککەوە بۆ مەدینە. وە زۆربەی ئەو ئایەتانە لە شەڕی «بەدر»دا هاتۆتە خوارەوە، لە دووەم ساڵی هیجرەدا. هەروەها هەندێکیان لە شەڕی ئوحد لە سێیەم ساڵدا. تاڕادەیەک تەواوی سورەتەکە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی شەڕ لەگەڵ «کافرەکان»ی مەککە دەکات، کە دوژمنی سەرسەختی ئەوکاتەی ئیسلامەکان بوون. وە لەڕاستیدا ناوی سورەتەکە لە یەکەم ئایەتەوە هاتووە: «یسالونک عن الانفال قل الانفال لله والرسول فاتقوا الله واصلحوا ذات بینکم واطیعوا الله ورسوله ان کنتم موءمنین».

ئەوەی لەشەڕی بەدردا گرنگە ئەوەیە کە گروپێکی پچوکی ئیسلامەکان لەشەڕەکەدا بەسەر گروپێکی زۆر گەورەی قورەیشیەکانی مەککەدا زاڵ بوون و تەفروتونایان کردوون. نەک هەر قورەیشیەکان تەواو سەریان دەسوڕمێت و هەست بەشکستێکی گەورە دەکەن، بەڵکو خودی ئیسلامەکانیش سەریان دەسوڕمێت. بەلام

(وەک سورەتەکە دەڵێت) راستیەکەی ئەوەیە کە: «فلم تقتلوهم ولکن الله قتلهم وما رمیت اذ رمیت ولکن الله رمی ولیبلی المؤمنین منه بلاء حسنا ان الله سمیع علیم». (ئایەتی ١٧) مانای ئەم ئایەتە بەپێی تەفسیری «الجلالیین» ئەوەیە کە: (ئێوە لە بەدر بە هێزو توانای خۆتان نەتانکوشتن، بەڵکو خوا خۆی کوشتنی و ئێوەی بەسەریاندا زاڵ کرد. وە تۆ ئەی محمد وەک مشتێک چەوت هەڵپرژاند، هەڵتنەپرژاند بەڕووی هەموو ئەو تایەفەیەدا، چونکە هەڵپرژاندنی مشتێک چەو بەدەستی بەشەر بەس نیە بۆ ئەوەی چاوی لەشکرێک پڕ بکاتەوە. بەڵکو ئەوە خوا خۆی بوو پرژاندی بەچاویاندا، بۆئەوەی کافرەکان بشکێنێت و بەخشیشێکی چاکیش بە ئیمانداران ببەخشێت، کەئەویش غەنیمەتە. خوا گوێی لە واتەیان و ئاگای لە کردەوەیانە). بەڵێ، لەڕاستیدا شەڕی بەدر لە هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو غەنیمەتەوە بەرپا بووە، هەروەک لە سورەتەکەدا بەئاشکرا دیارەو گێڕانەوە ئایینیەکانیش وادەردەخەن.

شەڕەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە پێغەمبەر و یاوەرەکانی دەیانەوێت بچنە سەرڕێگای قافڵەیەکی گەورەی قورەیش کە بەڕێبەرایەتی «ئەبو سوفیان» لە شامەوە دەگەڕایەوە بەرەو مەککە، بەو نیازەی کە تاڵانی بکەن. ماوەیەک لەوەپێش لە چەند ئایەتێکدا، پاش پازدە ساڵ ددان بەخۆدا گرتن بەرامبەر دژایەتیکردنەکانی قورەیش بۆیان، ئیسلامەکان مۆڵەتی ئەوەیان پێدرا کە بەرپەرچیان بدەنەوە و شەڕیان لەگەڵ بکەن. ماوەی سیازدە ساڵی سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینەکە لە مەککە و دوو ساڵی سەرەتای کۆچ کردنیش بۆ مەدینە، چونکە ئیسلامەکان یەکجار زۆر لاواز بوون لەچاو قورەیشیەکانی تردا کە باوەڕیان بە ئایینەکە نەهێنا بوو، پێغەمبەر بەهیچ شێوەیەک ڕێگای نەدەدا ئیمانداران بەگژ شەڕپێفرۆشتنەکانی بێبڕوایاندا بچنەوە. تا ئەوەبوو ئایەتە نوێکان ڕێگای ئەوەی پێدان: «اذن للذین یقتلون بانهم ظلموا وان الله علی نصرهم لقدیر* الذین اخرجوا من دیرهم بغیر حق الا ان یقولوا ربنا الله...» (سورەتی الحج- ئایەتی٣٩، ٤٠ ). هەروەها لە رووداوێکی تری تاڵانیدا، کە لەکۆتایی مانگی رەجەبدا چەند ئیسلامێک وەک تۆڵەسەندنەوە لە قورەیش ئەنجامیان دابوو، هەرچەندە لەنێوان هەموو تایەفە و خێڵەکاندا وا بڕیاربوو کە لەو مانگەدا ـ کە بە مانگێکی موبارەک دەژمێردرا ـ هیچ جۆرە شەڕێک نەکرێت، ئایەتێکی تر ڕێگای ئەوەیشی پێدان کە لە مانگە پیرۆزەکانیشدا شەڕ بکەن: « یسالونک عن الشهر الحرام قتال فیه قل قتال فیه کبیر وصد عن سبیل الله وکفر به والمسجد الحرام واخراج اهله منه اکبر عند الله والفتنة اکبر من القتل ولایزالون یقتلونکم حتی یردوکم عن دینکم ان استطعوا ومن یرتدد منکم عن دینه فیمت وهو کافر فاولئک حبطت اعمالهم فی الدنیا والاخرة واولئک اصحب النار هم فیها خلدون» (سورەتی البقرة ـ ئایەتی٢١).

ئەبو سوفیان کاتێک دەزانێت ئیسلامەکان نیازی ئەوەیان هەیە تاڵانییان بکەن، هەواڵ دەنێرێت بۆ مەککە بۆئەوەی قورەیشیەکان، کە زۆربەیان بەشیان هەبوو لە قافڵەکەدا، بێن بەدەنگیانەوە. «ئەبو جەهل» کە یەکێک بووە لەپیاوە بەناوبانگەکانی قورەیش و خاوەن دەسەڵات بووە، زۆر تووڕە دەبێت و زۆربەی زۆری پیاوانی قورەیش کۆدەکاتەوە و دەکەونەڕێ بەرەو بەدر بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسلامەکان. زۆر لە خەڵکی قوڕەیش نایانەوێت

بەشداری شەڕکردن لەگەڵ ئیسلامەکاندا بکەن، چونکە لەڕاستیدا هەموو خزم و کەسوکاری خۆیان بوون. ئەوانە هیوای ئەوە دەخوازن کە قافڵەکە بەسەلامەتی لەدەستی ئیسلامەکان رزگاری ببێت و ناچار نەبن بەو شەڕە. هەربۆیەش زۆربەیان بیانووی ئەوە دەدۆزنەوە کە گەر ئەمان هەموو مەککە چۆڵ بکەن، مەترسی ئەوە دەبێت خێڵی کیندە، کە دوژمنایەتی هەبوو لەنێوانیاندا و لەشەڕدا بوون لەگەڵیاندا، هێرش بهێننە سەریان. بەڵام لەوکاتەدا یەکێک لە سەرکردەکانی کیندە «مالیک ابن جوشوم» کە بۆ سەردان هاتبووە مەککە، لەوێ دەبێت و ئاگای لەو گفتوگۆیانە دەبێت، پەیمانیان دەداتێ کە گەر ئەوان هەموو بچن بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسلامەکان، ئەمان هێرشیان نەهێننە سەر. بۆیە ئەبو جەهل بڕیار دەدات کە دەبێت هەموویان بچن بۆ شەڕەکە و زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێت کە دەبێت دوای سەرکەوتنیان بەسەر ئیسلامەکاندا سێ رۆژ و سێ شەو ئاهەنگ بگێڕن. هەربۆیەش خواردنێکی زۆر و دەیان سەر مەڕ و هەموو پێویستیەکی ئاهەنگ گێڕان لەگەڵ خۆیان دەبەن.

پێغەمبەر لەوەپێش دوو کەسی ناردبوو بۆ زانیاری بەدەستهێنان لەسەر قافڵەکە. بەڵام کاتێک دەبیستێت قافڵەکە زۆر گەورەیە و بایی پارەیەکی یەکجار زۆرە، بێئەوەی چاوەڕوانی دوو نێردراوەکەی بکات بگەڕێنەوە، بڕیار دەدات کە هەموو ئیسلامەکان لەگەڵیدا بەرەورووی قافڵەکە بچن، کە لەڕاستیدا ژمارەیەکی کەم و بێ چەکی باش و توانایی بوون. ئیسلامەکان لەمەدینە دێنە دەرەوە و لەنزیکی بەدر لەسەر رێگای قافڵەکە دەوەستن. بەڵام کاتێک دەزانن قورەیشیەکان نیازیانە هێرش بهێننە سەریان، زۆریان دوودڵ و نیگەران دەبن و لەوە دەترسن نەتوانن رووبەڕووی ئەو لەشکرە گەورە و بەتوانایەی قورەیش ببنەوە. لەم کاتەشدا ئەبوسوفیان کە دڵنیا دەبێت لەوەی ئیسلامەکان نیازیانە پەلاماریان بدەن و تاڵانییان بکەن، رێڕەوی قافڵەکەی دەگۆڕێت و خۆیان لێ لادەدات. هەواڵیش دەنێرێت بۆ ئەبو جەهل کە بگەڕێنەوە، بەڵام ئەبوجەهل کە دوژمنی سەرسەختی ئیسلامەکانە، سوور دەبێت لەسەر شەڕکردن لەگەڵیاندا.

پێغەمبەر هاوەڵەکانی کۆدەکاتەوە و پێیان دەڵێت کە خوا یەکێک لە دوو تایەفەکەی پێبەخشیوە (تایەفەی «العیر» کە لەگەڵ ئەبو سوفیان لەگەڵ قافڵەکە بوون و تایەفەی «النفیر» کەلەگەڵ ئەبوجەهل هاتبوون بۆ شەڕ). جا یان قافڵەکە بەدەست دەهێنن، یان بەسەر قورەیشدا سەردەکەون و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنن. زۆریان رازی بوون بەوەی لەگەڵ ئەلنەفیردا شەڕ بکەن، بەڵام هەندێکیان ئەوەیان رەد کردەوە، بەو بیانوەی کە خۆیان ئامادە نەکردووە بۆ ئەوە. پێغەمبەر دڵنیای کردنەوە کە ئەو شەڕە لەپێناوی خوادایە و ئەرکی سەرشانیانە. هەروەک ئایەتەکانیش جەغد لەسەر ئەوە دەکەن: «کما اخرجک ربک بالحق وان فریقا من الموءمنین لکارهون* یجادلونک فی الحق بعدما تبین کانما یساقون الی الموت وهم ینظرون* واذ یعدکم الله احدی الطائفتین انها لکم وتودون ان غیر ذات الشوکة تکون لکم ویرید الله ان یحق الحق بکلمته ویقطع دابر الکافرین» (سورەتی الانفال ـ ئایەتی: ٥. ٦. ٧).

لەشەڕەکەدا ئیسلامەکان دەیبەنەوە؛ دەست دەگرن بەسەر هەموو چەک و خواردەمەنی و کەلوپەلی قورەیشییەکاندا و کۆمەڵێک ئەسیریش دەستگیر دەکەن. لەدوای شەڕەکە شەو لەهەمان جێگا لە بەدر دەمێننەوە و کوژراوەکان لە چاڵێکی گەورەدا بەکۆمەڵ دەنێژن. ئەمجار زۆربەیان لەسەر تالانییەکان لێیان دەبێتە شەڕ، بەڵام پێغەمبەر داوادەکات کە هەموو غەنیمەتەکان کۆمەڵ بکەن و بەیەکسانی دابەشی دەکات بەسەر هەموویاندا، پاش ئەوەی لە پێنج بەش بەشێک دادەنێن بۆ خوا و پێغەمەر و هەژار و هەتیوان و ئەوانەش کە دەبوو لە مەدینە بمێننەوە و نەچن بۆ شەڕەکە، بەپێی ئەو ئایەتەی کە دەڵێت: «واعلموا انما غنمتم من شيء فان لله خمسه وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل ان كنتم امنتم بالله...» (سورەتی الانفال ـ ئایەتی ٤١).

لەڕاستیدا یەکێک لە ئایەتە هەرە گرنگەکانی ناو سورەتی الانفال ئایەتی شەستوهەشتەمە کە شەرعیەت دەدات بە تالانی و ئەو سەرانەیەی ئیسلامەکان وەریان دەگرت بەرامبەر ئازادکردنی هەر ئەسیرێک: «لولا كتاب من الله سبق لمسكم فيما اخذتم عذاب عظيم». چونکە ئەو شەرعیەتە نایەتەدی گەر پاڵپشتێکی میتافیزیکی و مەرجەعیەتێکی ئایینی نەبێت.

### ئایدۆلۆجیا و شەرعییەت

ئەنفال پرۆسەیەک نیە تەنها پەیوەندیی بە سەدام حسێن و پارتی بەعسەوە هەبێت؛ یان تەنها سورەتێک بێت لە قورئاندا و مەرجەعێکی ئیسلام بێت بۆ رەوایەتی (شەرعیەت) بەخشین بە تەفروتوناکردنی نەیارانی ئایینی ـ سیاسی و تالان کردنیان و حەڵاڵ کردنی تالانیەکانی دووژمن لە ماڵ و سامان و ئاژەڵ و تەنانەت منداڵ و ژنەکانیشیان. بەڵکو لەڕاستیدا لەوە دەچێت کردەوەیەک و بەشێکی جیاوەنەبووی دەسەڵاتخوازی و ئەو لایەنە شەڕانگێزیەی سرووشتی مرۆڤ بێت کە فاتیح و زەعیم و دیکتاتۆر و سیستم ورژێمە درندەکان لە خەڵکدا زیندووی دەکەنەوە و وەک ووزەیەکی بەشەری لەشەڕدا بەکاری دێنن، لەهەموو بەکۆمەڵکوشتن و تالانییە دێرینەکانی ناو مێژوودا؛ هێرشی تورانیەکان بۆ سەرزەمینی ئێران؛ هێرشەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی؛ فتوحاتەکانی ئیسلام؛ جەنگی سەلیبیەکان؛ پەلاماردانەکانی هۆلاکۆ و جەنگیزخان؛ قڕکردنی هیندەسوورەکان لەلایەن ئەمریکیەکانەوە و لە مێژووی هاوچەرخیشدا کوشتاری ئەرمەنیەکان لەلایەن تورکە ناشیۆنالیستەکانەوە؛ هۆڵەکۆستی هیتلەر؛ پاکسازیی جووتیارانی زەمانی ستالین؛ جێنۆسایدی پۆڵپۆت؛ ئەنفالەکانی سەدام حوسەین و چەندەها نموونەی تر و تەنانەت کارەساتی هێرۆشیما و ناکازاکیش، هەمووی دەچنە ناو هەمان گوتاری پاکسازیی بەشەریەوە... بێگومان لێرەدا مەبەست تێکەڵکردنی ئەو کارەساتانە نییە، کە هەریەکەی ڕەهەندی جیاواز و تایبەتی و بەهانەی مێژوویی خۆی و پاشانیش مەبەست و دەرەنجامی جیاوازی خۆشیان هەبووە. بەڵام دواجار دەکرێت هەموویان وەک یەک کارەساتی گەورەی بەشەری سەیربکەین کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و هێشتاش هەموو بەشەریەت لەبەردەم مووشەکە بەکۆمەڵکوژە ئەتۆمی

و بایۆلۆجی و کیمیاویەکانی سەراسەری دونیادا لەمەترسی لەناوچونێکی بەکۆمەڵدایە. هەرچەندە هەوڵێکی گەورەی نێودەوڵەتی دەدرێت بۆ کەمکردنەوە و ڕێگرتن لە تەشەنەی چەکە بەکۆمەڵکوژەکان، بەڵام لەڕاستیدا هیچی نابێتە هەوڵی زۆر جدی و کاریگەر، چونکە زۆر بەسادەیی مەسەلەکان بە دوو تەرازووی جیاواز دەپێورێن. لەکاتێکدا فشارێکی نێودەوڵەتی دەخرێتە سەر زۆر دەوڵەتان، کە عێراق یەکێکە لەوانە، بەڵام زلهێزەکان و هێزە هاوەڵەکانیان ڕێگایان پێدەدرێت ئەو چەکانەیان هەبێت و هەرچی زیاتریش گەشەی پێبدەن، بەبیانووی هاوسەنگی هێز و ڕێگرتن لەشەڕ و پاراستنی ئاشتی (١٢).

ئەم گوتاری بەکۆمەڵکوشتن و پاکسازییە، هەمیشە ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکان بەهانەی بۆدەهێننەوە و ڕەوایەتیی پێدەبەخشن، بۆ گەیشتن بە خواست و مەرامی جیاجیا. بۆنموونە کاتێک بیری مارکس لەلای ستالین دەبێتە ئایدیۆلۆجیایەک کە ڕەوایەتی دەبەخشێتە پاکسازی و لەناوبردنی سەدان هەزار جوتیار کە لە عەقڵ و خەیاڵی نۆرۆتیکیی ئەودا دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەپرۆلیتار بوونی کۆمەڵگای ڕوسیدا و گەیشتن بە کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە، پرسیار لەو هاوکێشەیەی مارکس دێتە پێشێ کە دەڵێت ئەوە هۆشیاری خەڵک نییە کە کیان و بوونیان دیاری دەکات، بەڵکو بوونیان هۆشیارییان دیاری دەکات. بەمانایەکی دی، بۆئەوەی شۆڕشی سۆشیالیستی ڕووبدات، دەبێت چینێکی کرێکار هەبێت، لە وڵاتێکی پێشکەوتوو لە پیشەسازیدا کە سەرمایەداری تیایدا باڵادەست بێت، وە ئەمەش لەلای مارکس دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریە مێژووییانەیە کە بەهۆی گۆڕانکاریە ئابووریەکان و گۆڕان لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا دێتە کایەوە. چینی کرێکار لە کێشەیدا لەگەڵ سەرمایەداریدا و وەک دەرەنجامێکی کەڵەکەبوونی سەرمایە و هەرچی زیاتر هەژاربوونی ئەو چینە و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەستکردن بە چەوسانەوە، دەگات بە هۆشیاریەک دەربارەی چینەکەی. بەواتایەکی دی، دەگات بە هۆشیاریی چینایەتی. هەرچەندە مارکس پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە ڕەنگە لە ئینگلتەرە و ئەڵمانیا، کە ئەوکاتە دوو هێزی گەورەی سەرمایەداری بوون، شۆڕشی پرۆلیتاری ڕووبدات، بەڵام گوتبووی کە هەرگیز لە ڕوسیا، کە وڵاتێکی ناپیشەسازی بوو، ڕوونادات. کەچی سەرەڕای ئەوەش لێنین بەو باوەڕەوەی کە شۆڕش، لە وڵاتێکی ناپیشەسازیشدا کە هێشتا چینێکی کرێکاری ئاشکرا و خاوەن کیانیشی تیانەبێت، دەتوانێت ڕووبدات، گەر هەلومەرجی لەبار و بابەتیانەی بۆبڕەخسێت، شۆڕشی هەڵگیرساند. دواییتر ستالین بۆچوونەکانی مارکسی لابووە ئامانجێکی ئایدیۆلۆجی کە دەبوو بەهەر ڕێگایەک بێت بێتەدی. دەبوو کۆمەڵگای ڕوسی کە هێشتا کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بوو، بەزووترین کات ببێتە پیشەسازی. دەبوو چینێکی کرێکاری خاوەن کیان و هۆشیاری بێتە کایەوە کە لەسەرتاسەری ڕوسیادا چینی پرۆلیتاریا پێکبهێنێت، بۆئەوەی هەموو مەرجەکانی بوونە کۆمۆنیزمی کۆمەڵگا بەدی بهێنێت. بەڵام گرفتی ئەو ئەوەبوو کە ئەو هەموو جوتیارە و ووردەبۆرژواکانیش ئەگەری ئەوە هەبوو لە ئایندەدا کیانی خۆیان بەدەستبهێنن. ڕەنگە ئەو پێیوابووبێت کە مەحاڵە هەرگیز جوتیاران ببنە کرێکار، هەربۆیەش تەنها ڕێگا لەناوبردنیانە.

لەکاتێکدا کۆمۆنیزم لە چین پێچەوانەی ئەو ترسە پارانۆییە و بیروڕا نۆرۆتیکییەکانی ستالینی سەلماند. نەهاتنە سەرڕێگای بەعسی کورد و موسڵمان نەبوونی کافریش زۆر لەم هاوکێشەیە دەچێت.

ستالین ئایدیۆلۆجیایەکی لەپشت بوو کە رەوایەتیی بە هەموو کردەوە جێنۆسایدییەکانی دەبەخشی. بەڵام لەڕاستیدا ئایدیۆلۆجیایەک بوو کە هەموو رەنگ و بۆی ئایدیا سەرەکی و زیندووەکانی بیری مارکس و سۆشیالیزمی لەدەست دابوو، ببووە دروشم و سرووت (طقوسات). گۆڕانی ئایدیۆلۆجیاش بە سرووت و بۆنە، هەروەک ئێریک فرۆم دەڵێت «دەبێتەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە ووشە و دەستەواژەکان بچنە دۆخێکی پیرۆزییەوە و لەلایەکی تریشەوە بەکاربهێنرێن بۆ ئاراستەکردنی رۆح و هزری خەڵکی. جیاوازی نێوان دۆگمە ئایینیەکان و ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی لەوەدایە کە جەوهەری دۆگمای ئایینی بابەتی تیۆلۆجیە و جەوهەری ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی ئەو بابەتانەیە کە لە تیۆرەیەکی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی پێشووترەوە وەرگیراون. بەڵام ئایدیۆلۆجیای سیاسیش بۆئەوەی کاریگەریەکی سەرانسەری و جەماوەریی هەبێت، پێوویستی بە روخسارێکی ئەخلاقی و چەمکی وەک «باش» و «خراپ» و «پیرۆز» و « نەفرەتلێکراو» دەبێت» (١٣).

ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی عەرەبیش لەلای سەدام و حیزبی بەعس دەبێتە کۆمەڵێک سرووت کە ووشەگەلی عەرەب و نیشتمانی عەرەبی و زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلام و هتد... تیایدا بەپیرۆز دەبن. ئەمە روخسارێکی سیمبۆلیکی بە رژێمی عێراقی دەدات، نەک هەر لەلای زۆربەی دانیشتوانی عەرەبی عێراق، بەڵکو لەلای زۆربەی وولاتانی عەرەبیش، کە وادەکات بێدەنگ بن لەبەرامبەر تاوانەکانی و جێنۆسایدکردنی کورددا بەناوی پاراستنی نیشتمانی عەرەب لە ئاژاوە و مەترسی. لەڕاستیدا سەدام و ئەو نوخبە دەسەڵاتدارەی دەوروبەری، ئەم ئایدیۆلۆجیایە بەکاردێنن بۆ پاراستن و گەشەپێدانی دەسەڵاتە سەرتاسەریەکەیان و خەونی دەسەڵاتداریتی و بوونە خەلیفەیی سەدام حوسەین لەبەرامبەر ئایەتوڵاکانی ئێران و مەلیک حسێندا، کە نەوەی پێغەمبەر و خێڵی بەنو هاشمە و هەروەها لەبەرامبەر شێخ و ئەمیرە دەسەڵاتدارەکانی سعودیە و کەنداودا، کە هەموو خاوەنی پاشخانێکی ئیسلامیین. بۆئەمەش جگە لەو روخسارە ناسیۆنالیستیە، پێویستی بە روخسار و رەوایەتییەکی ئایینیش هەیە بۆ کامڵکردنی وێنەی (زەعیم ـ خەلیفە) و ئەو سیستمە تیۆلۆجیەی پێویستە بۆ دابینکردنی کاریگەریەکی سەرتاسەری بەسەر خەڵکدا و سەپاندنی دەسەڵات. وە هەر خودی ئەو ئایدیۆلۆجیایەش لە سرووتەکانیدا دەبێتە کردەیەکی ئایینی، لەسەیرکردنیدا بۆ دوژمنەکانی وەک کافر و سیمای شەڕ و وێناکردنی خود وەک سیمای هەموو خێر و پاکییەک؛ بەمانای دووپاتکردنەوەی ئەو کێشە تیۆلۆجیەی نێوان خواوەند و شەیتان. تەنانەت هەربۆیەش بۆ دواندن (مخاطبة)ی عەقڵیەتی عەرەبی ئیسلامیی زۆربەی زۆری خەڵکی عێراق و بەتایبەتی سوپا، دەگاتە رادەی ناونانی شەڕی ئێران بە قادسیەی دووەم و جێنۆسایدکردنی کورد بە ئەنفال، بۆ بەخشینی پیرۆزیەک بە تاوانەکان و پاکانە بۆکردنیان؛ چونکە خواوەند و ئیمانداران دەبێت ئەو کافرانەی هیچ چارەیەک نەماوە

لەگەڵیاندا بۆئەوەی بێنەسەر ڕێگای ڕاست، تەفروتونا بکەن و ڕاووڕوت و تاڵانیان بکەن و تۆویان لەسەر زەوی نەهێڵن.

بەڵام لەڕاستیدا کاتێک سەدام و ئەو نوخبە دەسەڵاتدارەی لەبەرزترین ئاستی حیزبی بەعسدا دانیشتووە و حوکم دەکات، ئایین وەردەگرێت؛ تەنها ئەو دەسەڵاتەی ئایین مۆنۆپۆڵ دەکات و لەهەر گروپێکی تری زەوت دەکات، کە توانای بەخشینی ڕەوایەتیی هەیە بە دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای سیاسی؛ ئەگەرنا هەموو ئایدیا و مۆراڵەکانی پشتگوێ دەخات و بەڵکو دژایەتیشی دەکات. بەمانایەکی دی لە ئیسلام تەنها گوتاری ڕەوایەتی و ئایدیۆلۆجیایەکی دەوێت، بۆ بەدەستهێنانی جەماوەر و ئامادەکردن و مۆبیل کردنیان بۆ شەڕ و جیهاد. ئەمە لەکاتێکدا کە لەناو ئەو دیکتاتۆرانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وولاتانی ئیسلامیدا، کە عەلمانیەت ناتوانێت تیا گەشەبکات (وە ڕەنگە گەورەترین هۆی ئەمە خودی ئیشکالیەتەکانی ئایینی ئیسلام بێت)، گەر ئایین بەشێوە پوختە ئایدیالیەکەی لەناو سیستمی حوکم و دەسەڵاتدا ئامادەبوایە، ڕەنگبوایە چاکتر بیتوانیایە لەو کۆمەڵگا بڕوادار و ئایینیانەدا، مۆراڵێک یان ئایدیالیزمێکی ئەخلاقی بسەپاندایە، کە تاڕادەیەک ئەو بۆشاییە یاسایی و حقوقیەی پڕبکردایەتەوە کە دیموکراسی بۆ پاراستنی تاک و مافەکانی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا فەراهەمی دەکات. چونکە لەڕاستیدا ئەم ڕژێم و حکومەتانە تێکەڵەیەکی ترسناکن لە عەلمانیەت و سەلەفیەت. شێوەی دەرەوەی دەوڵەتەکان و یاسا و دەستورەکان (کە زیاتر شەریعەتن تا دەستور و یاسای مۆدێرن)، بەشێوەیەکی مۆدێرن (وەرگیراو لە شێوازە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوایی دەوڵەت) داڕێژراون، کەلێرەدا هەموو جۆرە ڕۆحانیەتێکی ئایینیان لێداماڵراوە (هەرچەندە لەڕاستیدا خودی شەریعەتە و بەزۆر و ئیجتیهاد خراوەتە قاڵبێکی مۆدێرنەوە). بەمانای دەسەڵاتی ئایین ـ وە لەڕاستیدا دەسەڵاتی مۆراڵیی ئایین ـ لە دەسەڵاتی سیاسی داماڵراوە، بەڵام لەئاستی پراکتیکدا هەمان پەیوەندیەکانی خەلیفە و ڕەعیەت دووپات دەبێتەوە؛ مەبەست لەهەمان دەسەڵاتی سەرتاسەری دەوڵەتی ئیسلامیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامە، کە پەیامی ئایینی کردبووە یاسا و شەریعەتێک بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندیە سیاسییەکانی و دەسەڵاتی ڕۆحانیی ئایینی و بەگشتی لایەنی ئایدیالیستیی کردبووە تەخەسوسی زانستیانەی زانایانی ئایینی و فەقێکان. بەمانای لەهەموو ئاستەکاندا مۆراڵ و ئایدیا سەرەتاییەکانی ئایین وونە و ئایین تەنها مەرجەعێکی بەهێزە کە ڕەوایەتی بە دەسەڵات دەبەخشێت. وەک دەسەڵاتی مۆراڵی و ئایدیالی لە دەوڵەت دابڕاوە و وەک دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوایەتیبەخش بەتەواوی لەناو سیستمی حوکم و دەسەڵاتدا ئامادە و زاڵە. تەنانەت لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا هەمان پرۆسە بەدی دەکرێت؛ بەمانای پشت بەستن بە گوتاری ڕەوایەتی و پەروەردە و ئامادەکردنی ئایدیۆلۆجیانەی جەماوەر بۆ جیهاد و جەنگ لەپێناوی پاراستنی دەسەڵاتدا.

گرفتی گەورەی بەشەریەت دەسەڵاتخوازیە، کە هێز لەبەر هەموو ئایدیا ئینسانیەکان دەبرێت. هەموو پەیامبەر و فەیلەسوفان کەسانێک بوون کە خەمی بەشەریەتیان خواردووە، وەیان وەک ئێریک فرۆم دەڵێت

ئەوانە بە کۆمەڵێک ئامانج و ئارمانی مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانەوە هاتوون، بەڵام دوای خۆیان، بەپێی ڕەوتی مێژوو، ئەندێشەکانیان هەرچی زیاتر هێز و ڕەونەقی ئەزمونە ڕەسەنەکانی سەرەتا لەدەست دەدەن و دەگۆڕێن بۆ بیروبۆچوونی ووشک و زۆر هزری و لەخودنامۆ. لەلایەن نوخبەکانی وەک کاهین و قەشە و ئیمام و ئاخوند و شاهنشاکانەوە ئەو خواست و پێوویستیە سرووشتیانەی بەشەر بۆ ئازادی و یەکسانی دەقۆزرێنەوە و لە سیستم و دەزگاکاندا دادەڕێژرێن و دەبنە سرووت و بۆنەی ئایینی بۆ دەستەمۆکردنی زۆربەی خەڵک و سەرپێدانەواندنیان بۆ مەرامە دەسەڵاتخوازیەکانی خۆیان. بەکورتیەکەی لە ئایدیاوە گۆڕاون بۆ ئایدیۆلۆجیا. لەهەرسێ ئایینە تەوحیدیەکەدا (یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام) پاش بڵاوبوونەوەی ئایینەکە و بوونی بە شوناسی گروپی گەورە و دەوڵەتان، ئەو سیمبۆلیزمە ئایینیە ڕەسەنەی سەرەتا تێکدەشکێت و دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە شەریعەت و یاسای سەخت و ئایدیۆلۆجیایەکی دەسەڵاتخواز. بەڵکو ئایینی ئیسلام هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە ئادیۆلۆجیایەکی ڕێکخراو بووە و سوودی لە زۆر ئایینەکانی پێش خۆی وەرگرتووە و لەپشت سیستمێکی سیاسی ـ ئابوورییەوە کاری کردووە. ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە پێغەمبەر بۆ یەکخستنی خێڵ و تایەفە کەرت کەرت و پەرشوبڵاوەکانی نیمچەدورگەی عەرەب و پاشان بوونە ئۆمەتێکی یەکگرتووی هەموو عەرەب و دواییتریش میللەتانی جیاجیا، کاریپێدەکات.

لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی زایینیدا قورەیشیەکان باری ئابووریيان زۆر لە ماوەیەک لەوەپێش باشتربووبوو، کە وەک زۆربەی بەدەوییەکانی دی ژیانێکی سەختیان دەبردەسەر لە بیابانەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا، بەڵام ئێستا ئیدی بوبوونە خاوەنی بازرگانیەکی بەرفراوان و سەرکەوتنێکی گەورەیان لەو بوارەدا بەدەستهێنابوو. دەیانوویست مەککە بکەنە بنکەیەکی گرنگی بازرگانی لەهەموو عەرەبستاندا. شێوەی ژیانیان زۆر گۆڕابوو؛ زۆر لە نۆرم و مۆراڵە خێڵەکیەکانیان لەبیرچووبوونەوە؛ خودپەرستی باڵی بەسەر هەموو پەیوەندیەکاندا کێشابوو؛ هەموو هەستێکی بەکۆمەڵژیانیان لەدەست دابوو؛ هاوکاری و یارمەتیدانی هەژاران لەبیرچووبووەوە و «مورووەت» ئەو ئایدیۆلۆجیایەی یەکێتی خێڵی دەپاراست و لەوەپێش جۆرێک لە ئایینی خێڵەکی بوو بۆ بەدەوییەکان، هیچ مانایەکی نەمابوو. پێغەمبەر دەیزانی کە خێڵەکەی ڕێگایەکی پڕمەترسیی گرتۆتەبەر و پێویستیان بە ئایدیۆلۆجیایەکی نوێ هەیە، کە گوڕێکی دی بدات بەژیانیان و ئاراستەیەکی دی بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکات. ئەوکاتەش هەر کردە و جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی کاراکتەرێکی ئایینی هەبووە. وە لەڕاستیدا هەرسێ ئایینە تەوحیدیەکە لەسەرەتاوە هاوشانی جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی و کێشەی چینە چەوساوەکان بوون (چ کۆیلە و چ ئازاد) لەگەڵ نوخبە دەسەڵاتدارەکان (ئەمیر و سوڵتان و پاشاکان). بەڵام پاشان، کاتێک دەبنە ئایدیۆلۆجیای نوخبەی دەسەڵاتدار، بەکاردێنەوە بۆ چەوساندنەوەی خەڵک. بۆیە دواییتر جوڵانەوە نەتەوەیی و میللیەکان دژی ئەو دەسەڵاتە سەرتاسەریەی ئایین سەرهەڵدەدات. مەسیحیەت لەزەمانی مەسیح خۆیدا و پاشانیش لەسەرەتای بڵاوبوونەوەیدا بەرگری لە خەڵکی هەژار و چەوساوە دەکات دژی دەسەلاتدارانی یەهودی و سەرکردەکانی

ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، بەڵام پاشان کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە و دەبێتە ئایینی رەسمیی ئیمپراتۆریەتەکە و ئایینی دەسەڵاتداران، پێچەوانە دەبێتەوە. پاپاوییەت سەرهەڵدەدات بۆئەوەی دەسەڵاتی سەرتاسەریی ئایینی زاڵبکات و سنوور بۆ دەسەڵاتی شا و ئەمیرەکان دابنێت و بەکاریان بێنێت بۆ مەرامە ئایینییە دەسەڵاتخوازانەکەی خۆی و تەنانەت لەکاتی جەنگە سەلیبییەکاندا هانیان دەدات بۆ شەڕ. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی کاتۆلیکیەتدا دەست دەداتە دەستی فیۆدالەکان و لەوێوە دەبێتە دەزگایەک بۆ داپڵۆسینی جوتیار و هەژار و چەوساوەکان. هەربۆیەش هەستی نەتەوایەتی لەدژی ئەو دەسەڵاتە سەرتاسەرییەی ئایین زیندوو دەبێتەوە و دوای ئەوەش پاپاوییەت هێدی هێدی پاشەکشە دەکات و ئەو ووزەیەی بۆ بەکارهێنانی ئایین لە تەسککردنەوەی دەسەڵاتی شا و ئەمیرەکاندا کەمدەبێتەوە. بەڵام وەک «محەمەد ئەرکۆن» دەڵێت: «محمد وەک مەسیح بەرەوڕووی دەسەڵاتێکی مەرکەزیی بەهێزی وەک ئیمپراتۆریەتی رۆمانی نەبووبووەوە. بەڵکو دەبوو سیستەمێکی سیاسی نوێ بهێنێتە کایەوە کە لەسەر سیمبۆلیزمێکی ئایینی نوێ بەندبێت» (١٤). وە رەنگە خەونی گەورەی پێغەمبەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی بووبێت لە نیمچەدورگەی عەرەبیدا، لەوکاتەدا کە لەدوولاوە دەورەدرابوون بە دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی بێزەنتی و ساسانی و کەچی عەرەب خێڵی جیاجیا و پەرشوبڵاو بوون. بۆیە بەبۆچوونی ئەو، وەک مێگەلێکی پەرشوبڵاوی بێخاوەن پێوویستیان بە (شوان ـ سەرکردە)یەک هەبوو کۆیانبکاتەوە. ئەڵبەتە ئەندێشەی پێغەمبەر، هەرچەندە لەسەرەتادا یەکخستنی ئۆمەتی عەرەبە، بەڵام لە قاڵبێکی ناشیۆنالیدا پەنگی نەخواردبووەوە، بەڵکو ئەو خەونی ئیمپراتۆریەتە پێوویستی بە کرانەوە بەرووی میللەتانی تری ناعەرەبیشدا هەبوو. وە بێگومان هیچ شتێک هێندەی ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینی، بەلایەنی کەمەوە لەو سەردەمەدا، وە بەتایبەتی ئایدیۆلۆجیای ئیسلام کە خۆی وەک دواهەمین پەیامی ئاسمانی و دواهەمین ئایین ـ ئایینێک بۆ هەموو بەشەریەت ـ دەخاتەڕوو، ناتوانێت خەونی ئیمپراتۆریەتیکی وا سەرتاپاگیر بهێنێتەدی: لە هیندستانەوە بۆ ئەندەلوس و لە یەمەن و حەبەشەوە بۆ بەڵقان. بەتایبەتی کە ئەوکاتەی سەرەتاکانی ئیسلام، هەردوو ئیمپراتۆرییەتە گەورە و بەهێزەکەی ساسانی و بێزەنتی خاوەنی ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینی و ئایینێک بوون، کە ئایینی دەوڵەت و نوخبەی دەسەڵاتداریش بووە.

### شوان ـ خەلیفە ـ سەرکردە

ئایینی ئیسلام رووکەشێکی لاهوتیی بەخشیوە بە دەسەڵات، بەمانایەکی دی گوتارێکی بەرهەمهێناوە بۆ رەواییبەخشین بە دەسەڵاتی سیاسی کە «ئەرکون» ناوی دەنێت «گوتاری لاهوتی ـ یاسایی». ئەمەش بەوەی کە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی بەستۆتەوە بە خواوەندەوە، بەمانای بەهەر شتێکەوە کە ئیلاهی بێت. بۆنموونە کاتێک دەمارگیریی خێڵەکی (العصبیة القبلیة) دەورێکی باڵای هەیە لە گەیشتن بە دەسەڵات و هەوڵدان بۆیدا، کاتێک خێڵێک هەرچی زیاتر بتوانێت رەچەڵەکی خۆی بباتەوە سەر مەرجەعێکی پیرۆز، بەمانای هەرچی زیاتر لە خواوەندەوە نزیک بێت، هەرچی زیاتر ئومێد و توانای گەیشتن بە دەسەڵاتی دەبێت و شایستەترە بۆ

ئەو پلەو پایەیە. بێگومـان سەرۆکی خێڵـیش ئەو کەسـەیە کە نوێنەرایەتی خـواوەند دەکات لەناو خێڵـەکەدا و خـاوەنی ئـەرکـێکی پیـرۆزە. هەربـۆیەش سـەدام هەرچی زیاتر هـەوڵ دەدات روکـەشـێکی ئیـلاهی بـدات بە دەسەڵاتەکەی و تەنانەت سالآنێک لەمەوبەر، سالآنی جینۆساید و ئەنفال و تاوانە گەورەکانی، هەرچۆنێک بوو رەچەڵەکی خۆی بردەوە سـەر ئیمـامی عـەلی و پێغـەمبـەر. بەمـەش خۆی بە خـەلیفـەیەکی هەم سـونیـان و هـەم شـیـعـانیش دادەنا. «الله اکبـر»ی لەسـەرئاڵای عێـراق نووسی، بۆئەوەی روخسـارێکی ئیـسـلامـیـی ئاشکرا وەربگرێت بەرامـبـەر بەو «الله»یەی لەسـەر ئاڵای ئێران شـوێنی شـێروخـورشـیـدەکـەی گرتەوە و ئەو «لااله الا الله»یـەی لەسـەر ئاڵای سـعـودیـە هەیە و درووشـمی دەوڵەتی ئیـسـلامـیـە. بـەڵکو لە ئـەنفـالدا ئیـدی تـەنانـەت قورئانیشی کردە مەرجەعێک بۆ رەواییبەخشین بە تاوانەکانی.

لەڕاسـتـیـدا دەسـەڵاتی دەوڵەتی ئەمـەوی و عـەباسـیش دەسـەڵاتێکی دونیـایی سـیـاسی پوخت بووە، کـە بەپاڵپشتی هێز و لە گەرمەی کێشـەی گرتنەدەستی دەسـەڵات و حوک کردندا هـاتوونەتە کـایەوە، بەڵام پاش سـەرکەوتنی هـەریەکێکیـان گـوتاری لاهوتی ـ یاسـایی رەوایەتیـیەکی ئایینی پێـبـەخـشـیـون و بەمـشـێـوەیە روکـەشـێکی ئیـسـلامـی پیـرۆزیان بـەدەسـتـهـێناوە. چونکە ئەو گـوتارە کـە وەک گـوتمان ئایـیـنی ئیـسـلام بەرهـەمیهێناوە لەناوچەکەدا، وەک ئەرکون دەڵێت: «تەشـەنە دەکات تا دەبێتە بازنەیەکی سـەربەخۆ و خـاوەنی توانایەکی گەورە لە بەخشـینی پیرۆزی و بڵندی (التعـالی) بە دەزگاکانی دەوڵەتی ئەمـەویەکـان لە دیمەشق لەنێوان سالآنی ٧٥٠-٦٦١ ی میلادی و پاشان عەباسیەکان لەنێوان سالآنی ١٢٥٨ - ٧٥٠ ی میلادی لە بەغـداد. وەئەم بازنە لاهوتی- یاسـاییە کـە زانایانی ئایینی چاودێری و پەروەردەیان کردووە، تەرسـانـەیەکی تەواوی لە چەمک و مـەفـاهیـمی تـایبـەتی روکەشکردن و بـەخشـینی شـەرعـیـەت و رەوایەتی هێنـاوەتە کـایەوە. ئەمـرۆکەش سـەرەنج دەدەین کـە بزووتنەوە ئیـسـلامـیـەکـان سـەرلەنوێ ئەو تەرسـانەیە بەدەسـتـدەهـێننەوە و بەکاریدەهێنن بۆ داڕشتنی دروشـمـە تەعبەوییەکانیـان بۆ هێرشکردنە سـەر دەسـەڵات و ڕژێمـە حـاکمـەکـان» (١٥). بەڵام سەدام و حیزبی بەعس دەستپێشخەری دەکەن لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنە ئیسلامیەکان یان دەوڵەتی ئیسـلامی ئێران یـان هـەر وولآتێکی تری ئیـسـلامی بتـوانن ئەو تەرسـانـەیە لەدژی ئەمـان بـەکـاربهێـنن. بەڵکو بەعس هـەموو هـەوڵێک و ووزەیەکی دەخاتەکار بۆ بەدەستهێنانی ئەو تەرسانەیە.

نەک هـەر دەسـەڵاتی سیـاسی و سەرکردە کە لە خەلیفـە ـ لە ئەندێشەی سـونیدا ـ و لە ئیمـام ـ لە ئەندێشـەی شیعەدا ـ بەرجـەسـتەدەبێت، پیرۆزیی پێبەخشراوە، بەوەی کە نوێنەری پیرۆزی و بەرجەسـتـەکەری بالآدەستیی خـودایی و دەسـەڵاتی سیـاسییە پێکەوە، بەڵکو شـەریعـەتیش پیـرۆزیی پێبەخشراوە لەلایـەن «فقـهاء»-ەکانەوە بەیارمەتی «علم اصول الفقه» کە لە ئیمامی شـافعیەوە دەست پێدەکات. ئەمـەش خۆی جارێکی دی و لەلایەکی ترەوە پیـرۆزی بە (سـەرکـردە/ خـەلیـفـە/ ئیـمـام) دەبەخـشـێت، کـە ئەرکی پاراسـتن و جـێـبـەجـێکردنی سـەختگیرانـەی شـەریعـەتی گرتۆتە ئەسـتۆ. ئەم بەخشینی روکەشـە ئیـلاهی و ئاسمـانیە بە دەسـەڵات، جۆرە

وێنایەک و جۆرێک لە فانتازیای ئیسلامیانەی لەلای ئیماندارانی دەربارەی سەرکردە و ڕەوایەتی دەسەڵات درووستکردووە کە هەمیشە ئامادەیە بۆ زیندووکردنەوەی و چالاککردنی.

کاتێک سەرکردە خواناس و خواپەرست بێت و خاوەنی دەسەڵاتێکی پیرۆز بێت کە لەلایەن یەزدان و ئایینەوە، بەمانای لەلایەن شەریعەتەوە پێیبەخشراوە. کاتێک لەپێناوی ڕەعیەتەکەیدا شەونخونی بکات و دڵفراوان و پڕمیهر بێت بۆیان، باوکێکی دڵسۆزیان بێت ـ کە باوک لەلایەن یەزدانەوە دەسەڵاتێکی پیرۆزی پێبەخشراوە ـ ئەوا دەبێت ڕەعیەت و منداڵەکانیش ملکەچ و دڵسۆزبن بۆی، ئەگەرنا بەر نەفرەتی خوا دەکەون و تووشی سزا دەبن؛ چونکە بەگژداچوونەوە و سەرپێچیکردن لە دەسەڵاتی (سەرۆک/ خەلیفە/ باوک) بەمانای سەرپێچیکردن لە دەسەڵاتی خواوەند. مادامەکی سەرۆک ملکەچی دەسەڵاتی یەزدانە، دەبێت ڕەعیەتیش ملکەچی دەسەڵاتی سەرۆک بێت. کەواتە مادامەکی سەدام هەڵگری دەسەڵاتی پیرۆزی خواوەندە و میراتگری دەسەڵاتی خەلیفەکانی ئیسلامە –کاتێک بەساختە و فڕوفێڵ سەجەرەی خۆی دەباتەوە سەر ئیمام و خەلیفەکان و دەچێت بۆ حەج و بەردەوام لەسەر تەلەفزیۆن نوێژ دەکات و هتد...– ئەوا یەزدان ئەو ڕەوایەتییەشی پێبەخشیوە کە ڕەعیەتەکەی سزابدات، گەر نەیەنە سەر ڕێگای ئەم، کە ڕێگای ڕاستی و ئیتاعەتی خوا و نوێنەرەکانێتی لەسەر زەوی. کاتێک بەشێک لەو ڕەعیەتە لابدات و هەوڵی پارچەپارچە بوونی ئۆمەتەکەی بدات و ئیدی هیچ شێوە و تەکنیکێکی سزا سوودی نەبێت لەگەڵیان بۆ گەڕانەوە بۆ ناو مێگەل، مەگەر کوشتنیان؛ ئەوا مافی ڕەوای خۆیەتی فەتوای لەناوبردن و ئەنفال کردنیان بدات، چونکە یەزدان زۆر ڕوون و ئاشکرا فەرمانی پێدەدات: «اذ یوحی ربک الی الملئکة انی معکم فثبتوا الذین امنوا سالقی فی قلوب الذین کفروا الرعب فاضربوا فوق الاعناق واضربوا منهم کل بنان* ذلک بانهم شاقوا الله و رسوله ومن یشاقق الله و رسوله فان الله شدید العقاب» (سورەتی الانفال، ئایەتی ١٢ ،١٣). ئەوانەی خیانەت دەکەن و هەڕەشە لە یەکپارچەیەتی ئۆمەت و دەسەڵاتی (سەرۆک ـ خەلیفە ـ پەیامبەر و نێردراوی خوا) دەکەن (وەک کورد و شیعەکان)، دەبێت تەفروتونا و شاربەدەر بکرێن. «الذین عهدت منهم ثم ینقضون عهدهم فی کل مرة وهم لایتقون* فاما تثقفنهم فی الحرب فشرد بهم من خلفهم لعلهم یذکرون* واما تخافن من قوم خیانة فانبذ الیهم علی سواء ان الله لایحب الخائنین» (سورەتی الانفال، ئایەتی ٥٦ ,٥٧ ,٥٨).

کاتێک سەدام ئەو وێنە و ڕوخسارە ئایینییە بەخۆی دەدات، بۆئەوەیە کە وێنایەکی ئایدیۆلۆجی بەسەر فانتازیای خەڵک (ڕەعیەت)دا بسەپێنێت و شەرعیەتێکی ئایینی بەدەست بهێنێت؛ بەمانای بیسەلمێنێت کە ئەو دەسەڵاتە پیرۆزەی لەخۆیەوە نەهاتووە و پیرۆزیی دەسەڵاتەکەی لەو ئەرکە گرنگەوە هاتووە کە لەسەر شانێتی. ئەمەش بەپێی شەرع و ئایین خەلافەتە و لە پێغەمبەر و خەلیفەکانەوە بۆی ماوەتەوە... پێغەمبەر نێردراوی خوایە و لەلایەن خواوە پەیامێک و دەسەڵاتی گەیاندنی ئەو پەیامە و لەحاڵەتی پێویستدا بەزۆر سەپاندنی لەناو ئۆمەتدا پێبەوخشراوە، بۆ کۆکردنەوەی ئۆمەت و هێنانیان بۆسەر ڕێگای ڕاستی و خواپەرستی، کە بەشێک لە خواپەرستی ئیتاعەتکردنی باوک و سەرکردە و نێردراو و نوێنەرەکانی یەزدانە لەسەر زەوی.

کاتێک پێغەمبەر دەمرێت، ئەو دەسەڵات و ڕەوایەتیە بەپێی شەرع دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی تر کە شەریعەتی خوا جێبەجێ بکات و ئۆمەت بەڕێوەبەرێت... بەپێی ڕەوتی مێژوو ئەو دەسەڵاتە پاش گۆڕانکاری و ڕووداوە مێژووییەکان لەوە دەردەچێت کە لەتەنها کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بگوێزرێتەوە، بەڵکو خەلافەت دابەش دەبێت و گەر لەسەردەمی عوسمانیەکانیشدا تاڕادەیەک هێشتا ئۆمەتی ئیسلام زۆر پەرش و بڵاو نەبووبێتەوە، ئەوا دوای ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە و سەردەمی کۆڵۆنیالیزم و پاشان دامەزراندنی دەوڵەتە نوێکان؛ دەوڵەتانی نەتەوە، خەلیفەکان زۆر دەبن. بەڵکو هەرچی زیاتر شێوەی سەرۆکی دەوڵەت و سەرەک کۆمار و شا و ئەمیر وەردەگرن. بەڵام ئەم سەرۆکانە بۆ دانەبڕان لە پیرۆزی، سوود لەو سەرمایە ڕەمزیەی خەلیفە لەناو کۆمەڵگا و فانتازیای هاوبەشی خەڵکدا وەردەگرن؛ بەمانای ناچارن بەشێک لە خەلیفە لەخۆیاندا بهێڵنەوە، یان بەزۆر بۆخۆیانی دروست بکەن و لەڕاستیدا ئەو سەرمایە ڕەمزیە لەکەسانێکی تر زەوت بکەن کە ڕەنگە لەلایەن کۆمەڵگاوە شایستەترین بۆ ئەو وێنایە. بۆنموونە هەوڵی لەناوبردنی هەموو کەسایەتیە دیار و پیرۆز و کاریزمیەکانی شیعە وکوردەکان لەعێراقدا لەلایەن سەدام و بەعسەوە.

ئەم سەرکردە ـ خەلیفانە کە بەرامبەر دەرەوەی عەلمانی پاشا و ئەمیر و سەرەککۆمار و حاکمی سیاسین و بەرامبەر ناوەوەش (ڕەعیەت)، لەگەڵ ڕوخسارە سیاسیەکەیاندا ڕوخسارێکی ئایینیشیان بەخۆیان داوە؛ بەواتایەکی دی بەشێک لە دەسەڵاتەکەیان لە شەرعیەتێکی دەولی و بەشێکی لەشەرعیەتێکی ئایینیەوە هاتووە. لێرەدا کاتێک سەدام دەکەوێتە بەر پرسیار لە ڕەوایەتیی دەسەڵاتەکەی، ناچارە بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دەرەوە و نوخبەی ڕۆشنبیر لەناوەوە ڕوخسارێکی عەلمانی پیشان بدات و بەرامبەر کۆمەڵگای عەرەبی بەگشتی و کۆمەڵگای عێراقیش بەتایبەتی –کە زۆربەی زۆری هۆشیارییەکی سیاسیان نییەو هێشتا لە فانتازیایاندا وێنەکانی شوان و مێگەل، یان ڕەعیەت، هەمان وێنە دێرینەکانی خەلیفە و ئۆمەتی ئیسلامە؛ یان بەمانایەکی دی، وەک ئەرکون دەڵێت فانتازیای لاهوتی ئایینی لە هزر و زەینیاندا تێکەڵبووە بە فانتازیای سیاسی ـ ڕوخسارێکی ئایینی پیشان بدات. بێگومان ئەمەش هەروا بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت و هەرتەنها دروستکردنی شەجەرەیەکی ساختە، یان شوبهاندنی خۆی بە سەلاحەدینی ئەیوبی و وەهمی ڕزگارکردنی قودس، یاخود تەقەموسی کاراکتەری خالیدی کوڕی وەلید و خەونی ئیسلامکردنی سەرزەمینی فارس، ئەم پرۆسەیە بەئەنجام ناگەیەنێت؛ بەڵکو ئیشکردنێکی وورد و سەختی دەوێت لەناو کۆمەڵگای عێراقیدا و بەشە هەرە سەختەکەشی لەناو کۆمەڵگای کوردیدایە، کە دەبێت وەک قۆناغی یەکەم بەتەواوی شوناسی نەتەوەیی لێبسێنرێتەوە و ئەمجار لەگەڵ کۆی کۆمەڵگای عەرەبیی عێراقدا پرۆسەی بوونە ڕەعیەتی بەسەردا بسەپێنرێت. ئەڵبەتە کەمایەتیە پچوکترەکانی دی زووتر توانراون، گەر بەشێوەیەکی کاتی و ڕوکەشیش بێت، چارەسەربکرێن. ئەمەیە کە ساڵەهای ساڵە بەعس پێوەی خەریکە تا لە دڕندەترین بەشدا لەو بەشانەی ئەو پرۆژەیە تائەو ڕادەیەی توانیویەتی جێبەجێی بکات، دەگات بە ئەنفال. بەڵام لەساتێک لەساتەکاندا

گـۆڕانکاریـەکـانی دونیـای دەرەوە هـەمـوو شـتـێکی لێئـاوەژوو دەکـاتەوە و ئـیـدی بۆ بەعس کـەمـێک درەنگە پرۆژەکانی بەپێی خەونە شەڕانگێزەکانی تاسەر بەئەنجام بگەیەنێت.

لێـرەدا سـەدام، ئەو سـەرکردەیەی زەعامـەتی لە یەزدانەوە پێبـەخـشـراوە و مـیراتـگری پێغـەمـبـەر و خـەلیـفـەکانە و خـاوەنی دەسـەڵاتێکی پیرۆزە و خـۆی بە سـەرکردە و خـەلیـفـەی هـەمـوو سـونی و شـیـعـەیەک دەخاتەڕوو، دەکەوێتە ناو کێشەی «پیرۆز - چەپەڵ»ـەوە، ئەو هاوکێشەیەی هەمیشە خاڵێکی گەورەی جیاوازیی فیکریی شیعە و سونی بووە. خەلیفە و سەرکردە لە ئەندێشەی شیعەدا ئەو پیاوە نورانیە رۆحانیەیە کە دوورە لە هەموو چەپەڵێتییەکی دونیایی و خاوەنی سیمایەکی پیرۆز و عەقڵێکی کاملە. هەموو نهێنییە ئاسمانییەکان و شـەریعـەتـەکان دەزانێت. خـۆی تەرخـانکردووە بۆ خـزمـەتـی رەعیـەتەکـەی و بەجێـهێـنانی ئەرکی پیـرۆزی شـوانێـتی. ئەمـە بە سـەدام حـسێن قـبـوڵناکـرێت، بۆیە دەکەوێتـە دژایـەتیکردنی شـیـعـەکان و لەناوبردنی زەعیمـەکانیـان. ئەوێک کـە بەتەواوی نوقـمی چەپەڵێتـیـەکانی دونیـا و گەمـە دڕندانەکانی دەسـەڵات بووە، بەو ئایدیۆلۆجیـا ئاییـنیـە سـونیـە تەبریری بۆدەکرێت، کـە سـەرکردە دەتوانێت -یان ناچارە- هـەندێکجـار بەلای چەپەڵێـتی دونیـادا لابدات لەخـزمـەتی پیـرۆزی و لایـەنە پیـرۆزەکـەی دەسـەڵاتدا، بێـئـەوەی هیچ لـە پیـرۆزیی کەمببێتەوە. ئەو فانتازیا ئایدیۆلۆجییەی سونی دەڵێت: «سەرکردە دەکرێت تەنها هەر پیرۆز بێت؛ وەگەر بووە چەپەڵ (مـدنس)، ئـەوا نابێت وا وێنـای بکەین؛ بەڵکو دەبێت ددان بە پیـرۆزییـدا بنێین. چونکە کـاتێک چەپەڵ لەخزمەتی پیرۆزدا بێت، ئەوا بەپێویست دەگۆڕێت بۆ پیرۆز»(١٦).

بەعس ئەنـفـال و جـێنۆسـایدی هـەرتـەنـهـا دژی کـورد نـەکـردووە، بەڵکو دژی هـەمـوو کـەمـایـەتیـە ناعـەرەب و نائیسلام و ناسونیـەکان. هەرچەندە دابەشکردنی خەڵکی عێراق بۆ کەمـایەتی و زۆرایەتی کارێکی زۆر سەخت و ئاڵۆزە، کـە بەعس زۆر وریـایانە ئاگـای لەمـەبووە و مـامـەڵەی لەگـەڵ کـردووە و کـاری تیـاکـردووە. لەسـەر بنچینەی نەتەوایەتیـەوە عەرەب یەکەم و کورد دووەم زۆرایەتییە، کە بەعس هـەمـیشـە هـەوڵی پچـووککردنەوەی داوە. لەسـەر ئـاسـتی ئاییـنیـشـەوە ئیـسـلام زۆرایـەتیـیـەکی گـەورەیە، کـە بەشـێکی زۆری کـورد و هـەروەها شیـعـەکانیش سەر بەو زۆرایـەتییەن. بەڵام لـەسەر بنچینـەی مەزهـەبییـەوە، ئەوا شیـعـە زۆرایەتییـە. لەلایەنی زمـانیشـەوە کوردی دووەمین زمـانی گەورەیە کە ژمـارەیەکی زۆری خـەڵک لـەعێراقدا بە لەهجـە جیـاوازەکـانی قـسـەدەکـەن. کـاتێک بـەعس دەیەوێت دەوڵەتـێکی یەکـپـارچە و یەککولتـووری لەمـە درووست بکات، جگە لە ئایدیۆلـۆجیـا ناسیـۆنالییـەکـەی پێوویسـتی بە ئایدیۆلۆجیـایەکی ئاینیش دەبێت، بۆ ئەوەی سـەدام حـسێن بتوانێت ببێتـە خەلیفەیەکی عەرەبی ئیسلامی هەم شیعە و هـەم سونی و سەرکردەیـەکی ئیسلامی هـەم کورد و هـەم عەرەب و هـەر کەمایەتیەکی تری ئێتنیی ئیسلام و باوکی هەموو خەڵکی عێراق بەکەمایەتییە ئایینییەکانی تریشەوە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە سەدام لەلای کورد هـەر ئەو ناشیـۆنالیستە راسیستەیە کە دەیەوێت کورد قڕبکات و لای شیعەش ئەو خەلیفە سونیـەیە کە رێگرە لە بەردەم هاتنەدیی خەونە یۆتۆپیەکانی شیعە و بەڵکو دەیەوێت هـەمـوو شـیـعـە و کـولتـووری شـیـعی لەناوبـەرێت. رەنگـە یەکـێک لە تـەکنیکەکـانی بەعس بۆ

چارەسەرکردنی گرفتی زۆرایەتی و کەمایەتی، بەبەعسیکردنی هەموو عێراق بێت بۆ دروستکردنی زۆرایەتیەکی یەکجار گەورەی سیاسی– ئایدیۆلۆجی، بەنیازی سەپاندنی کولتووری بەعس بەسەر هەموو کۆمەڵگای عێراقیدا، کە ئەمە یەکێکە لە نەخشە هەرگیز سەرنەگرتووەکانی بەعس؛ چونکە نەک هەر نەتوانرا هەموو عێراق بکرێت بە بەعسی ـ هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک بە رێگا و تەکنیکی جیاواز ناچارکران ـ بەڵکو زۆربەی ئەوانەشی بەزۆر دەکران بە بەعسی هەر تەنها بەناو ئەندامی حیزبی بەعس بوون و هەرگیز چالاک نەبوون.

شیعە و ئەندێشەی شیعی بۆ سەدام زۆر ترسناک بوو. نەک هەر لەڕووە سیاسیەکەیەوە و ترسی دەوڵەتی شیعەمەزهەبی ئێران، بەڵکو لەڕووە ئایدیۆلۆجیەکەشیەوە، کە لە فانتازیای کۆمەڵایەتی شیعەدا سەرکردە دەبێت حەتمەن خاوەنی پیرۆزییەکی پوخت بێت و لەهەموو گوناهێک بەریبێت. وەک گوتمان لەئەندێشەی شیعەدا سەرکردە ئەو مرۆڤە کامڵەیە کە خاوەنی حیکمەت و دانایەتیی رەهایە و لەڕاستیدا زۆر لەو وێنە تۆباویەی مەهدیی مونتەزەر دەچێت کە رۆژێک لەڕۆژان دەردەکەوێت و عەدالەت و پاکی بۆ دونیا دەگێڕێتەوە. رەنگە ئەمە فۆبیایەکی بۆ سەدام دروستکردبێت و تووشی حاڵەتێکی وا پارانۆیی کردبێت کە هەرچی زیاتر ئیمکانی بوونە واقعی ئەو خەونە دێرینەی شیعەی لەپێشچاو بەرجەستە بووبێت؛ خەونی دەست بەسەرداگرتنەوەی بەغداد، کە وەک «محمد الجویلی» دەڵێت سیمبۆڵێکی گرنگی مێژوویی خەلافەتی عەباسیی سونیە. کەواتە بۆ لەخۆدوورخستنەوەی هەر مەترسییەکی ئاییندەیی دەبوو شیعەکانیش پەردەوازە بکرێن و سەرکردەکانیان لەناوببرێن.

شیعەکان یۆتۆپیست بوون و سەدام ئایدیۆلۆجیست. ئایدیۆلۆجیاش وەزیفەیەکی ئیدماجیی هەیە، بەمانای توانای تێکەڵکردنی بیرۆکە جیاواز و دژبەیەکەکانی هەیە؛ تێکەڵکردنی پیرۆز و چەپەڵ، بەومانایەی کە چونکە ئایدیای سەرکردەی پیرۆز و دوور لەهەموو چەپەڵێتی و پیسییەکی ئەمدونیایی بیرۆکەیەکی یۆتۆپی و بەڵکو وەهم و خەیاڵە و پراکتیککردنی لەمدونیایەدا و خۆپاراستن لە چەپەڵیتی دونیا مەحاڵە، لەبەرئەوە دەبێت تەسلیمی ئەمری واقع ببین بە پەسەندکردنی چەپەڵیش لەپاڵ پیرۆزدا، بەمەرجێک چەپەڵ لەخزمەتی پیرۆزدا بەکاربهێنین. ئەمە ئەو ئەرکی تێکەڵکردنەیە لەلایەن ئایدیۆلۆجیاوە کە یۆتۆپیا بەپێچەوانەی ئەمەوە هەرچی زیاتر جەغد لەسەر خۆپاراستنی سەرکردە دەکاتەوە لە چەپەڵیتی دونیا و مانەوە لەبازنەی پیرۆزیدا. ئایدیۆلۆجیا دەڵێت کە تەنها یەزدان خۆی مافی لێپرسینەوەو سزادانی سەرکردەی هەیە لەودونیا. بەڵام لەمدونیا سەرکردە مافی لێپرسینەوە و سزادانی خەڵک و ئۆمەتی هەیە، چونکە شوانێتی کردەیەکی پیرۆزە و دیاریی یەزدانە بۆ سەرکردەکان و هەرچەندە سەرکردە بەناچاری بچێتە ناو چەپەڵێتیەکانی دونیاوە، هەر پیرۆزە و بەشێک لە خواوەندێتی تیادایە؛ کە خوا خۆی شوانی هەموو بەشەرە و سەرکردەش لەسەرزەمین و لەمدونیایەدا ئەو رۆڵە پیرۆزەی ئەو پراکتیک دەکات لە شوانێتیدا و رەعیەتیش هیچ چارەیەکی نییە جگە لە ملکەچکردن بۆی؛ کە بەمانای ملکەچکردن بۆ خواوەند و شەریعەتەکانی، ئەگەرنا هەر سەرپێچیەک لەلایەن

(خەڵک/ ڕەعیەت)ـەوە بەرامبەر سەرکردە، بە سەرپێچی بەرامبەر یەزدان و کوفر و نیفاق لێکدەدرێتەوە و شایستەی قورسترین سزایە، کە لەحاڵەتێکدا گەر بگاتە ڕادەی ئاشوب و تەگەرەخستنە سەرڕێگای پرۆسەکانی شوانێتی سەرکردە و بوونەهۆی پارچەپارچەبوونی ئۆمەت، ئەوا ئەو سزایە دەگاتە ڕادەی کوشتنی بەکۆمەڵ و تەفروتوناکردنی ئەو تایەفە، قەبیلە، گروپ و نەتەوەیەی سەرپێچیدەکات. بەمانای ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی. لێرەدا دەبینین کە کوشتن و ڕاووڕوتکردن و تالانی، وەک خودی سیاسەت و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەسەلات و پاراستنی دەسەلات کردەیەکی ئەمدونیایی و چەپەڵە؛ بەلام ئایدیۆلۆجیا پێمان دەڵێت کە خواوەند مافی ئەوەی بە سەرکردە بەخشیوە بەناچاری ئەو چەپەڵە ئەمدونیاییە لەخزمەتی پیرۆزیی دەسەلاتدا بەکاربهێنێت. تەنانەت ئێرانی ئیسلامیی شیعی مەزهەبیش ناچارە بەو ئایدیۆلۆجیایە کاربکات، چونکە بەبێ ئەو ئایدیۆلۆجیایە مەحاڵە دەسەلاتێکی ئەمدونیایی لەسەر وێنەی دەسەلاتی ئاسمانی دابمەزرێنرێت.

دەسەلاتی تۆتالیتێر هەمیشە پێویستی بە ئایدیۆلۆجیایەکە بۆ پتەوکردنی دەوڵەت و پاراستنی دەسەلاتەکەی و بەرفراوانکردنی؛ بۆ بەخشینی خەرمانە (هالة)یەکی پیرۆز بە سەرۆک و کردنی بەو قارەمانەی بێ ئەو ژیان مەحاڵە و هەمیشە مەملەکەت لەبەردەم هەڕەشەی بێگانە و دوژمندایە و نیشتیمان بێخاوەن دەبێت؛ ئەو خەلیفەیەی بێ ئەو کوفر و نیفاق بەرپادەبێت؛ ئەو شوانەی بێ ئەو مێگەل و ڕەعیەت پەردەوازە دەبێت؛ ئەو باوکەی بێ ئامادەیی ئەو شیرازەی خێزان تێکدەچێت و براکان دەچن بەگژیەکدا و خوشکەکان بەرەلادەبن. ئایدیۆلۆجیا پێمان دەڵێت کە ئێمە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دوژمنانێکداین کە تەماحیان لە خاکمان کردووە؛ بۆیە پێویستمان بە سەرکردەیەکی بەزەبر و جەربەزەیە کە یەکمانبخات و بەڕێوەمانبەرێت، نەوەک تووشی ئاژاوە ببین لەناویەکدا و دوژمنان زەفەرمان پێبەرن. ئێمە هەمیشە پێویستمان بەوە کە بمانپارێزێت لە دوژمنان. بەلام یۆتۆپیا و ئەندێشەی یۆتۆپی هەمیشە بەدوای سەرکردەی ئەڵتەرناتیڤ و کۆمەڵگا و واقعی ئەڵتەرناتیڤدا دەگەڕێت؛ واقعێکی پاک و دوور لە چەپەڵێتی و سەرکردەیەکی دڵسۆز و دادپەروەر کە بتوانێت عەدالەتی کۆمەلایەتی بەرپابکات. بۆیە دوامەودای فانتازیای یۆتۆپیایی دەگاتە داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و نەمانی دەسەلات. وە هەربۆیەش هەمیشە ڕۆشنبیر و یۆتۆپیستەکان ڕەمەترسیین بۆ دەسەلاتە تۆتالیتێر و دیکتاتۆرەکان.

ڕۆشنبیر پێویستی بە زەمینەیەکی کۆمەلایەتی هۆشیار و پێشکەوتوو هەیە؛ کۆمەڵێک کە لێیتێبگات و بتوانێت گفتوگۆی لەگەڵ بەرقەرار بکات؛ بەڵکو ئەو هەوڵی بەدەستهێنان و بەئەنجامگەیاندنی کۆمەڵگایەکی وا دەدات: کۆمەڵگای ناو فانتازیای خۆی. بۆیە هەمیشە یۆتۆپیانە بیردەکاتەوە. وەلەڕاستیدا ڕۆشنبیر بەبێ یۆتۆپیا و بیرکردنەوەیەکی یۆتۆپیانە ناتوانێت بەردەوامی بە ئیبداع و بیرکردنەوەی خۆی بدات؛ فانتازیای تووشی ئیفلیجی دەبێت، یان لەباشترین حاڵەتدا دەبێتە ئایدیۆلۆجیستێک. بەلام سیاسی هەمیشە پێویستی بە زەمینەیەکی ڕاوەستاو (ڕاکد)ی ناهۆشیار هەیە بۆ هێشتنەوەی واقعی حاڵ وەک خۆی و گەشەنەکردنی

لەڕادەبەدەری ئابووری و پێشنەکەوتنی ڕۆشنبیری تاڕادەی هۆشیاری؛ هۆشیارییەک کە دەسەڵات و شەرعیەت و مەوقعیەتی دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە. وە لەدوادەرەنجامدا پێشنەکەوتن و نەگۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کە هەرگیز نەگاتە رادەی کرانەوە و بەمەدەنیبوونی کۆمەڵگا و ئازادبوونی تاکەکەس و پەیوەندییەکانی کەسان و دەرکەوتنی توانا تاکەکەسییەکان و هتد... بۆیە هەمیشە سیاسی لە زەمینەی ئایدیۆلۆجیادا کاردەکات بۆ یەکخستن و یەکپارچەکردنی هەموو کۆمەڵگا و کۆکردنەوەی لەژێر یەک دەسەڵاتی سەرتاپاگیر و هەتا بۆی بکرێت تۆتالیتێردا. کوشتنی یۆتۆپیا و کردنی بە دروشم و بەنامۆکردنی ئایدیاکان و بەدۆگمکردنیان، یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی ئایدیۆلۆجیا. بەمانایەکی دی گرنگترین کاری سیاسی لە پرۆسەی سیاسەت و کاری حیزبایەتی و حوکم کردندا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات و پتەوکردنی و بەسەراسەری کردنی، گۆڕینی یۆتۆپیایە بە ئایدیۆلۆجیا.

نوخبەی دەسەڵاتدار لە خۆرئاوا و بەتایبەتی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا سەیری خەڵک و کۆمەڵگا وەک مێگەل دەکات و خۆشی وەک شوان و پرۆسەی حوکم کردنیش وەک شوانکارێتی. بەڵام گرفت لەوەدایە کە لە فانتازیای خەڵکیشدا هەمان وێنە هەیە بۆ خودی کۆمەڵگا و سەرکردە و نوخبەی دەسەڵاتدار. وە ئەو وێنایەیە کە ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتدار و نوخبەی خاوەن دەسەڵات ـ هەرچەندە سەرکردەکان و حیزبە حاکم و دەسەڵاتدارەکانیش بگۆڕێن ـ هەوڵدەدەن بیهێڵنەوە و بەدیوی ئەودیویشدا نوخبەی رۆشنبیر هەوڵدەدات بیگۆڕێت.

هۆشیاری گەورەترین مەترسییە بۆ دەسەڵات و دەوڵەت، چونکە هۆشیاری کاتێک بگاتە ئاستێکی زۆر بەرز، بوون و نەبوون و پێوویستی و پێوویستنەبوونی دەسەڵات و دەوڵەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کۆمەڵێکی هۆشیار بیر لەوە دەکاتەوە کە پێوستیی بە شوانێک یان نوخبە و گروپێکی دەسەڵاتدار نییە وەک مێگەل بیباتبەرێوە، بەڵکو پێویستی بە دەزگایەک هەیە کاروبارە خزمەتگوزارییەکان بەرێوەبەرێت و خزمەتی خەڵک بکات. ئەوکاتە خەڵک بۆیان دەردەکەوێت کە هەر بەخۆڕسک مێگەل نین و هەمیشە لە کۆمەڵگایەکی داخراودا شوانێک چاودێرییان بکات، بەڵکو ئەمە لەئەنجامی ناهۆشیارییاندا بەسەریاندا سەپێنراوە. ئەوکاتە ئیدی هەست بەوە دەکەن کە بەڕاستی پێویستیان بە کۆمەڵگایەکی کراوە هەیە؛ پێویستیان بە دەزگا و دامەزراوی مەدەنی هەیە کە تیایدا پەیوەندییەکان ئازادبن و منداڵەکانیان بەشێوەیەکی شایستەی مرۆڤ پەروەردەبکرێن، نەک وەک سەربازی پاشەڕۆژ و سوتەمەنیی جەنگە بێهودەکانی دەسەڵات و پارت و رێکخراوە سیاسییەکان. کۆمەڵێکی هۆشیار هەرچی زیاتر داوای قوتابخانە، زانکۆ، رێکخراو و دامودەزگا پەروەردەیی، زانستی، هونەری و ئەدەبییەکان دەکات، نەک سەربازگا، بارەگای حیزبی، حوجرە و مزگەوت و کڵێسا. کەواتە هۆشیاری ئاستێکە مرۆڤ تیایدا هەرچی زیاتر یۆتۆپیانە بیردەکاتەوە و بەڵکو هەوڵی بەواقعکردنی یۆتۆپیا دەدات.

بەعس هەمیشە هەوڵیداوە جگە لە سەرکوتکردنی ڕۆشنبیران، لاوانیش سەرکوت بکات؛ چونکە لەڕاستیدا بۆچوونەکان و ڕوخساری هەر سەردەمێک هەرزەکاران و لاوان دیارییدەکەن... ئەوە هەرزەکارانن کە ڕۆحی سەردەم دادەڕێژن؛ ئەوانن شتەکان دەگۆڕن و سەردەم بەرەو پێش دەبەن و سیمای نوێی پێدەبەخشن. یەکێک لەهۆکانی دواکەوتویی ئێمەو نەگۆڕانی کۆمەڵگای ئێمە، یان بەلایەنی کەمەوە خاوێتیی ئەو پرۆسەیە، ئەوەیە کە ڕێگا بە هەرزەکاران و لاوان نادرێت بەئازادی تەعبیر لەخۆیان بکەن و بەپێی خواستەکانیان هەڵسوکەوت بکەن و بیربکەنەوە؛ بەڵکو هەموو شتێکیان بەزۆر بەسەردا دەسەپێنرێت. بەعس زۆر بەچڕی لەم لایەنەدا کاریکردووە، بەڵام خودی کۆمەڵگا و باوکان و دایکان و مامۆستایان و سیستمی پەروەردە و پیاوانی ئایینی و تەنانەت پارت و ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش لەم پرۆسەیەدا بەشداربوون. کاتێک لاوان مۆدێلی پانتۆڵەکانیان دەگۆڕی بۆیان دەدڕێنرا و کاتێک قژیان درێژ دەکردەوە یان بە مۆدێلی نوێ دەیانتاشی، سەریان سفر دەکرا و ئەتک دەکران. کاتێک کچانی لاو تەنورەی کەمێک کورتتریان لەوەی ڕێگای پێدرابوو لەبەردەکرد، تێزابیان پیادەکرا.

بەعس جۆرە ئۆتۆمۆسفێرێکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ سیاسی وای بۆ کۆمەڵگای عێراقی دروستکردووە، کە مرۆڤ تیایدا، مەگەر زۆر خۆڕاگربێت، ئەگەرنا هەموو سیفات و سرووشتێکی بەربەریەت و شەڕانگێزی و خووڕەوشتە نامەدەنی و ناعەقڵانیە دێرینەکانی تیا زیندوودەبێتەوە. ئەو کولتوورەی بەعس وویستوێتی بیسەپێنێت، ئەو کولتووری شەڕانگێزێتی و پالامارداناەیە؛ کولتووری وەحشیگەری، کە لەهەموو ساتەکانیشدا هەوڵی داوە بەپێی سوود و مەرامەکانی خۆی بیبزوێنێت. ئەمەش کاتێک پڕمەترسیتر دەبێت کە بەپاڵپشتی مەرجەعێکی پیرۆز ڕەوایەتیی پێدەبەخشرێت. دروستبوونی ئەم ئۆتۆمۆسفێرە هەم دەرەنجام و هەم بزوێنەری پرۆسەی زاڵبوون و سەپاندنی تەواوەتی دەسەڵاتە بەسەر کۆمەڵگای عێراقیدا، لەڕێگای داخستنی هەموو دەرگاکانی عێراق و پتەوکردنی سنوورەکان، هەرچی لەتوانادابێت؛ کە ئەمەش عێراق دەکاتە زیندانێکی گەورەی داخراو و دەورەدراو بە جەنگ و کێشە سیاسییەکان. نەبوونی سەفەرکردن و ڕێگای دەربازبوون، ڕێگا قاچاخەکان نەبێت، کە زیاتر بۆ کورد مەیسەربوو؛ هەرچەندە ئەوانەش دوای تەواوبوونی جەنگی عێراق و ئێران و دوای ئەنفالەکان، ئیدی تاڕادەیەک بەتەواوی هەمووی داخران و تادەهات دەرچوون لەو وڵاتە تەلبەندکراوە زەحمەتتر دەبوو. هەروەها شێواندنی ئابووری بەشێوەیەک کە تەنها لەڕێگای لایەنگری و دڵسۆزیی تەواوەوە بۆ دەسەڵاتی بەعس دەکرا بە پارە و سامانی زۆر بگەیت و سامانەکەت پارێزراوبێت. بەمانایەکی دی هیچ کەس ئابووری تایبەتیی خۆی نەبوو، بەڵکو هەمیشە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەژێر کۆنترۆڵ و لەدەستی دەسەڵاتدا بوو، کە لەهەر ساتێکدا دەتوانرا دەستی بەسەردا بگیرێت. نائەمنی و نەپارێزراویی ژیان، بەتایبەتی بۆ کەمایەتییەکان و بۆ کورد و بۆ هەموو ئەوانەی دڵسۆزی سەدام حوسەین و ڕژێم و دەسەڵاتی بەعس نەبوون. نەبوونی بواری هەناسەدان بۆ لاوان کە بەئازادی سەردەمی هەرزەکاری و لاوێتییان بەسەربەرن، بەڵکو دەبوو هەموو لە سەربازیدا بە لاوێتی پیربن. مەگەر تەنها بۆ منداڵانی نوخبەی

دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی پایەبەرزی ناو رژێم و پارتی بەعس، کە هەموو ناوەند و زەمینەیەکی خۆشگوزەرانییان بۆ فەراهەم بوو. هەموو ئەمانە و زۆر شتی تر حاڵەتێکی دەروونیی وای بۆ کەسان دروستکردبوو، کە ژیان لایان بێهودە و بێمانا ببێت؛ کەسانی نۆرۆتیک و خودپەرستیان لێدەربچێت و زۆربەی کەسان تەنها بیر لەبەرژەوەندیی خۆیان بکەنەوە و ئەو بەرژەوەندییەش تەنها و تەنها بەپشتی دەسەڵاتە سەرتاسەرییەکەی بەعس و دڵسۆزبوون بۆی، دەپارێزرا. بەڵکو لەڕاستیدا هیچ بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی بوونی نەبوو، وە تەنها یەک بەرژەوەندی هەبوو کەدەبوو بەهەموو بیپارێزن، ئەویش بەرژەوەندیی سەدام حوسەین و خێزانەکەی و ئەو نوخبەیەی دەوروبەری بوو. جگە لەمانە دروستکردنی کێشە و رقوکینەی نەتەوایەتی و عەشایەری و خێڵایەتی لەنێوان کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانی تردا و لەنێوان خێڵە جیاجیاکانی ئەو نەتەوە و کەمایەتی و کولتوورە جیاوازانەدا. دروستکردنی کێشەی خوێناوی و دوژمنایەتی لەنێوانیاندا؛ زیندووکردنەوە و هاندانی گەشەکردنی بیروبۆچوونە عەشایەری و خێڵەکیەکانی وەک شەرەف و مورووەت و تۆڵە و سەندنی خوێن و هتد... بۆیە کاتێک دەکەونە پەلاماردانی یەکدی، بەوپەڕی دڕندەیی و بێبەزەییانە دەجەنگن و یەکدی تالانی و تەفروتونا دەکەن. تەنانەت ئەم کولتوورەی بەعس؛ کولتووری تالانی و قڕکردن، لەڕێگای جاشەکانەوە و زۆر کەسانی تریشەوە کە لە شەڕکردنەکانیاندا بۆ سەدام حسێن فێری قڕکردن و تالانی بوون، دوای راپەڕین تەشەنە دەکات بۆناو حیزبە کوردیەکانیش، کە لەڕاستیدا خۆشیان زۆربەیان خاوەنی پشتخانێکی خێڵەکین. بەڵکو تەنانەت لەشەڕەکانیاندا لەگەڵ یەکدی زۆر بێشەرمانە هەموو تەکنیکە جێنۆسایدییەکانی بەعسیان بەکارهێنایەوە؛ هەوڵدانی جدی بۆ قڕکردنی یەکدی و بەشێوەی زۆر وەحشیانە کوشتنی ئەندامانی یەکدی و تەشویهکردنی لاشەکان؛ تالانیکردنی یەکدی؛ دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامان و راگوێزانی ئەندامانی یەکدی و تەنانەت هەواداران و خێزانەکانیشیان.

هەروەها ئەو شێوە راهێنانەی سەربازان لە سوپای عێراقیدا؛ ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی ماوەی خزمەتیان تەواو نابێت و چەندان ساڵ بەردەوام دڕندایەتییان پێ تەلقیندەکرێت و هەموو هەستە جوانە ئینسانییەکانیان لێزەوت دەکرێت؛ بەڵکو ئینسانییەت و جوانی ژیان و عیشقی ژیانیان پێ لەبیردەبرێتەوە و مەرگپەرستییان فێردەکرێت. بەتایبەتی سەربازان کە لەو سوپایەدا تەواو کەرامەتی ئینسانییان دەڕوشێنرێت و کاراکتەریان تێکدەشکێنرێت و دەسڕێتەوە؛ دەروونیان بەردەوام لەژێر ئەشکەنجە و فشاردا نەخۆش دەخرێت و رۆحیان تەواو مەسخ دەکرێت. وە لەڕاستیدا سەربازی عێراقی (بەهەموو روتبەکانییەوە) بەتایبەتی ئەوانەی لە چەند ساڵێک زیاتر لە سوپادا دەمێننەوە و زۆر تایبەتتریش ئەوانەی پیشەیان میلیتاریستە و ئەوانەش کە زۆر دڵسۆزن بۆ سوپا و نیشتیمان، جگە لە مەسخێکی دەروونی و رۆحی هیچی تر نین؛ ئینسانیەتیان بەتەواوی سڕاوەتەوە. ئەمانەن کە زۆر دڕندانە و بێبەزەییانە، تەلقینکراو بە بیری تۆڵە، بەردەدرێنە ئەو خەڵکە بێدەسەڵات و بێتاوانەی بەزۆر تاوانیان بۆدروستدەکرێت لەلایەن یاسا و دەسەڵاتە نۆرۆتیک و پارانۆئیدەکانەوە، کە تەنانەت زەندەقیان لە خەڵکی بێچەک و مەدەنییش چووە؛ لە ژنی بێدەسەڵات و بێکیانی

کورد و منداڵ و پیاوە پیرو پەککەوتەکان؛ جوتیار و رەشورووت و شوانەکان و تۆڵەی کردارێکیان لێدەکەنەوە کە هەرگیز ئەنجامیان نەداوە. گوایا ئەم کوردە بێتاوانانە تاوانباری سەرەکین؛ چونکە خێزان و کەسوکاری کوردە یاخیبووەکانن و پاڵپشت و هاندەریانن. گەر ئەمانە نەمێنن و ئەو ناوچانە پاکسازیبکرێن، ئەوا یاخیبووەکان شکستدەهێنن و خودبەخود لەناودەچن؛ بەمەش ریشەی یاخیبوون لەبن دەردێت... ئەمەیە ئەو شێوە بیرکردنەوە سیاسییە پارانۆئیدەی کە بۆ بەلۆجیکی پیشاندان و رەوایی بەخشین بەو پرۆسەیە، بەرگێکی ئایینی دەکاتەبەری و پیرۆزیی پێدەبەخشێت، بۆئەوەی هەرچی زیاتر سوپا و جاش و پیاوە دڵسۆزەکانی هانبدات بۆ تۆڵەسەندنەوە لە یاخیبووان و ریشەکێشکردنی یاخیبوون و پاراستنی نیشتیمان لە پارچەپارچەبوون و پاککردنەوەی لە کوفر و دووبەرەکی.

کاتێک لە وولاتێکدا دیموکراسییەت نەبوو؛ کاتێک کۆمەڵ هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو؛ دەزگای مەدەنی بوونی نەبوو؛ هەموو دامودەزگاکان دەوڵەتی و میلیتاری بوون و لەدەستی دەسەڵاتێکدا بوون، تەنانەت پیشەسازی و سەرچەمی سەرچاوە گرنگە ئابوورییەکانیش؛ کاتێک کۆمەڵگا بەتەواوی نامەدەنی بوو؛ کاتێک هیچ چاودێرییەکی کۆمەڵایەتی بەسەر دەسەڵاتەوە نەبوو؛ ئەندامانی کۆمەڵ بەشدارنەبوون لە دەسەڵاتدا و دەوڵەت دەزگایەکی تەواو جیابوو لە کۆمەڵ و تۆتالیتێر و تەواو باڵادەست بوو بەسەر کۆمەڵگادا، ئەوا هەر گروپێک و نوخبەیەک ئەو دەسەڵاتە و حوکمکردن بگرێتەدەست؛ هەرکەسێک دەوڵەت بەدەستبهێنێت، بێگومان زۆر ئازادانە و بەوپەڕی تواناوە هەوڵی هێنانەدیی مەرام و خواست و بیروبۆچوونەکانی خۆی دەدات؛ چ ناسیۆنالیستی بێت، چ ئیسلامی، چ کۆمۆنیستی، چ خاوەنی هەر ئایدیۆلۆجیایەکی تربێت، کە لێرەدا ئایدیۆلۆجیا تەنها رۆڵی رەوایەتیبەخشین بە دەسەڵات و پاراستنی دەبینێت. کاتێک بەعس و سەدام حسێن ئەو دەسەڵاتە رەهایە دەگرنەدەست، بەڵکو بەزۆر داگیری دەکەن و ئەتک (اغتصاب)ی دەکەن، گەورەترین خەونی ئەم پارتە تاسەر ئێسقان ناشیۆنالیست و راسیستە کۆمەڵگایەکی پیوور (خالص)ی عەرەبی ئیسلامییە، کە شوناسێکی زۆر ئاشکرای هەبێت و پاشانیش نیشتمانێکی یەکگرتووی عەرەبی (کە سەدام سەرکردەی بێت). زۆر بەسادەیی یەکێک لەو هەنگاوانەی بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پێویستە، لابردنی ئەو کۆسپەیە لەرێگای خۆیدا کە «کورد»ـە؛ ئەو مۆتەکەیەی سەدان ساڵە بەسەرسنگی ناشیۆنالیستە عەرەب و فارس و تورکەکانەوەیە. ئاواتی بەعسیش هەمیشە ئەوەبووە کە عێراق وولاتێکی عەرەبی ئیسلامی و خاوەنی مۆرک و شوناسی تایبەتی خۆی بێت. ئەمەش، کاتێک بەعس سەیری هەموو ئەزموونەکانی پێش خۆی دەکات، چ لە عێراق و چ لە ئێران و تورکیا و چ لە سوریا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، تەنها و تەنها لەناوبردن و دوورخستنەوەی مەترسیی کوردە، بەشێوەیەک لەشێوەکان؛ جا ئاخۆ لەرێگای لەناوبردنی کولتوور و زمانییەوە، یان پەرشوبڵاوە پێکردنی، یان قڕتێخستنییەوە بێت. هەموو ئەزموونەکان دەڵێن کە کورد دەبێت بەشێوەیەک لەشێوەکان جێنۆساید بکرێن؛ هەروەک چۆن هیتلەر و نازیزم لە هۆڵەکۆستدا بەرامبەر جولەکە و قەرەجەکان کردی.

کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا و لەچوارچێوەی وولآتێکدا بژییت کە سەدام حسێن حوکمی بکات، سەدامێک کە خەونی گەورەی سەرکردایەتیکردنی رەعیەتێکی هەرچی گەورەترە لە کۆمەڵگایەکی یەککولتووریدا، کە کولتووری بەعس بێت و هەموو چەپڵە بۆئەو لێبدەن و گۆرانی بۆئەو بڵێن و سروودی نیشتیمانی بۆ سەرکەوتنە وەهمیەکانی ئەو بخوێنن، کە هەر تەنها گیروگرفت نانەوە و دروستکردنی قەیران لای ئەو سەرکەوتنە؛ ئەوا سەرسوڕهێنەر نییە گەر گروپێک نەچنە سەر رێگای ئەو بەر ئەنفال و جێنۆسايد بکەون، بەتایبەتی کاتێک مەرجەعێکی وا بەهێزیش هەبێت پشتی پێببەستێت کە لەلایەن کۆمەڵگاوە و بەڵکو لەلایەن بەشێکی گەورەی جیهانەوە باوەڕپێکراوە؛ ئەو ئایدیۆلۆجیا ئیسلامییەی لە تەفسیریدا بۆ ئیسلام و قورئان، زۆر بەسادەیی دەڵێت بێبڕوایان کاتێک هیچ چارەیەک نەما لەگەڵیان بۆ ئەوەی بێنە سەر رێگای راستی، دەبێت لەناوببرێن.

١٩٩٩

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- Jack Nusan Porter, 'Genocide and Human Rights', A Global Athnology. Edited with an Introduction by 'Jack Nusan Porter' (University Press of America, Inc.1982), p. 307.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٢.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٣.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٤.

٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٥.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە١٣٣,

٧- هەمان سەچاوە. لاپەڕە ٦,

٨- Roger W. Smith, "Human Destructivess and Politics: The Twentieth Century as an Age of Genoside" , in: "Genocide and the Modern Age\ Ethiology and Case Studies of Mass Deth", edited by: Isidor Wallimann and Michael N. Dobkowski (New York- Westeport, Connecticut- London: Greenwood Press, 1987), P.21.

٩- Kurt Jonassohn and Frank Chalk, "A Typology of Genocide and some

Implications for the Human Rights Agenda", in: "Genocide and the Modern Age", P. 12.

١٠- هەمان سەرچاوەی ژمارە (١)، لاپەڕە ٣١١

١١- Kanan Makiya, "Verzwegen Wreedheid", (Amsterdam, Bulaaq, 1993), P. 163-١٦٤.

١٢- بۆنموونە ئیسرائیل لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەن ئەمریکا و زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپییەوە، نەک هەر ڕێگای پێدەدرێت، بەڵکو هاوکاریش دەکرێت بۆ گەشەپێدانی چەکە قورس و کۆمەڵکوژەکانی. لە گومرگی فڕۆکەخانەکانی هۆڵەندا و بەڵجیکا و ئەڵمانیادا، لەهەموو یاسا و مەرجە گومرگیەکاندا و بەڵکو لە مەرجە تەکنیکیەکانی فڕۆکەدا بۆ فڕین و بەردەوامبوونی لە سەفەرەکەیدا دوای ترانزێت، ریزپەڕ (استثناء) بۆ فڕۆکە ئیسرائیلیەکان دەکرێت، کە زۆرجار ئەو چەک و مادده پڕمەترسیانە دەگوێزنەوە کە بۆ درووستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ بەکاردێن، بەتایبەتی کە لەئەمریکاوە دێن و ترانزێتی ئەم وولاتانەیان هەیە. لەوەدەچێت هاوکاریی زۆر چڕ و لەڕادەبەدەری هۆڵەندا و ئەڵمانیا، تەنانەت هەندێکجار لەبواری سەربازی و مەسەلەی ئەمنییشدا، پەیوەندیی بەو هەست بەکەموکوڕی و شەرمکردنەوە بێت بەرامبەر جولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیل، وەک گەردن ئازایی و وویژدانی خۆ ئاسوودەکردن لە هۆڵەکۆست و لەو تاوانانەی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەرامبەر جولەکەکان لەلایەن ئەڵمانیا و هۆڵەنداوە کراوە. بێئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کە ئیسرائیل چیدی ئەو قوربانییەی هۆڵەکۆست و جێنۆساید نییە، بەڵکو ئێستا خۆی ئەو جەلادەیە کە جێنۆساید پراکتیک دەکات بەرامبەر فەلەستینیەکان.

لەیەکێک لەو حاڵەتانەدا کارەساتیکی گەورە لە هۆڵەندا ساڵی ١٩٩٢ ڕوویدا. فڕۆکەیەکی بوێنگی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی ئیسرائیلی "EL AL" کەلەئەمەریکاوە هاتبوو، لە فڕۆکەخانەی "Schiphol" لە ئەمستەردام بۆ ترانزێت نیشتەوە. فڕۆکەکە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کۆمەڵێک ماددەی ترسناکی درووستکردنی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ و تەنانەت دەوری سێسەد کیلۆ یۆرانیۆمیشی پێبووبێت. کەچی سەرەڕای ئەوەی فڕۆکەکە گیروگرفتی تەکنیکیشی هەبوو، ڕێگای پێدرا بەردەوامی بە سەفەرەکەی بدات، چونکە نەدەبوو دوابکەوێت. ئەوەبوو هەرلەگەڵ هەستانیدا، لەئاسماندا دووان لە ماتۆڕەکانی لەکارکەوتن و لە هەوڵدانیدا بۆ گەڕانەوە بۆ فڕۆکەخانەکە و دووبارە نیشتنەوە، خۆی دا لەیەکێک لە ساختومانە هەرە گەورە سەکەنیەکانی گەڕەکێکی ئەمستەردام بەناوی گەڕەکی «بایڵمەر Bijlmer». ئەوەبوو ساختومانەکە، کە دەیان ماڵی تیادابوو، بەتەواوی وێران بوو، خەڵکێکی زۆری تیا مرد کە تائێستاش بەتەواوی نازانرێت چەندە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکەی لەوێدا دەژیان و ئەوانەی لە کارەساتەکە ڕزگاریان بووبوو، چەندان ئاگرکوژێنەوە و کارمەندانی فریاکەوتنی سەرەتایی و چەندان ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و خەڵکانی تریش، هەموو تووشی نەخۆشی و ئەعرازی فیزیۆلۆجی و سایکۆلۆجی بوون، کەچی بەردەوام لەهەموو لایەنێکەوە ئەوە دووپاتدەکرایەوە کە فڕۆکەکە هیچ ماددەیەکی زیانمەندی تیانەبووە، تائەم

دواییانە، شەش ساڵ پاش کارەساتەکە، زۆر شت ئاشکرابوو. هێشتا لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن بۆئەوەی بەتەواوی بزانرێت ئەو بارە بیست تەنییەی فڕۆکەکە چیبووە و کێ ئاگادار بووە و کێ راستیەکانی شاردۆتەوە و هۆی رووداوەکە بەتەواوی چیبووە. ئەمە ئێستا یەکێک لە بابەت و کێشە ئاکتوئێلەکانی هۆڵەندایە. زۆر بەئاشکرا کارمەندانی فڕۆکەخانەی «بروسل»یش دەڵێن کە بەڵجیکاش مەترسی ئەوەی هەیە تووشی کارەساتێکی وابێت؛ بەمانای فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بەئازادی و بێچاوەدێری، تەنانەت گەر گیروگرفتی تەکنیکیشیان هەبێت، فڕۆکەخانە و ئاسمانی بەلجیکی بەکاردەهێنن.

١٣- ئێریک فرۆم، «ایا انسان پیروز خواهد شد؟- حقیقت و افسانه در سیاست جهانی»، ترجمە: عزت الله فولادوند. (انتشارات مروارید،١٣٦٢ھ.ش.)، لاپەڕە ١٨٥.

١٤- محمد ارکون، «الفکر الاسلامی»، ترجمة: هاشم صالح. لاپەڕە ٦١.

١٥- محمد ارکون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣٨.

١٦- محمد الجویلی، «الزعیم السیاسی فی المخیال الاسلامی- بین المقدس و المدنس»، الموسسة الوطنیة للبحث العلمی، دار سراسر للنشر، تونس، اکتوبر ١٩٩٢. لاپەڕە ١٩٨.

هەندێک سەرچاوەی تر:

* قورئان.

* تفسیر الجلالین.

* امیل توما، «الحرکات الاجتماعیة فی الاسلام».

* Tahia Al- Ismail, "Het Leven van Mohammed", vert. uit het Engels: Miriam Lammers, (Zoetermeer, Oase, cop. 1997).

# لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن

## (لێکۆڵینەوەیەک لە سەرچاوەکانی ئەنفالدا)

**بەختیار عەلی**

«نە بگری، نە پێبکەنە، تێبگە»
«سپێۆنۆزا»

«لە هەموو شتێک تێبگەیت،
مانای ئەوە نییە لە هیچ خۆشبیت»
«ئیرش کێستنەر»

**پێشەکی**

١ـ بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال، تەنیا یەک ڕێگامان لەپێشدەمدایە، ئەویش ڕێگای تێگەیشتنە لە «بەعس». بەبێ ناسینی بەعس ناتوانین ئەنفال بە کۆی دیاردە مێژوویی و کۆمەلایەتی و دەروونییەکانی دیکەوە گرێبدەینەوە. ئەنفال هەر سەرچاوەیەکی هەبێت، هەر ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی یان ئایدۆلۆژیی هەبێت، پێشتر ئەو هۆکارانە بە هەناوی بەعسیزمدا ڕابوردوون و لە نێوەندی ئەو هەناوەدا شێوەیەکی نوێ و مۆرکێکی تازەیان وەرگرتووە و بوونەتە بەشێک لە کولتووری بەعس. بۆیە گەر بشمانەوێت لە سەرچاوە دوور و دێرینەکانی ئەنفال بگەین، پێشوەخت دەبێت لە کارکردنی بەعس و شێوەی مامەڵەکردنی بەعس لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا تێبگەین، چونکە بەعسیزم دیاردەیەکە، سروشت و مۆرکی هەموو ئەو دیاردانەی تر دەگۆڕێت کە بەنێویدا گوزەردەکەن.

٢ ـ خوێندنەوەی ئەنفال، چەندە خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژی، سیاسی، کولتورییە، بەهەمان ئەندازە خوێندنەوەیەکە لەو ئەگەرە ئەخلاقییە جیاوازانەدا کە بۆ داهاتوو لەپێشدەمماندایە. قسەکردن لەسەر ئەنفال، قسەکردنە لەسەر ئەخلاقی سیاسیانەی پاشەڕۆژ.

بەبێ وردبوونەوەیەکی قووڵیش لە ئەنفالدا، داڕشتنی هەموو پرۆژەیەکی سیاسی بۆ پاشەڕۆژ، نەوەکو تەنها کەموکورت و ناکاملە، بەڵکو دروشمبازی و کلێشەسازیەکی ڕووتە، بەم مانایەش تەنیا ڕێگایەک بەرەو داهاتوو، ئەو ڕێگایەیە کە بەناو تێگەیشتن لە ئەنفالدا تێدەپەڕێت.

٣ ـ تێنەگەیشتنی ئێمە لە ئەنفال پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە لەدایکنەبوونی «بەعسناسی»یەوە وەکو زانستێک. بەعسناسیش دەبێت لە هەناوی کۆمەڵناسییەکی نوێوە بێتەدەرێ، بەر لەوەی بەعسناسییەکی ڕاستەقینە بێتەدونیاوە پێویستیمان بە کۆمەڵناسییەکی بەرفراوان هەیە کە بەئاشکرا سیفەتە کۆمەلآیەتی و مێژووییە جیاوازەکانی ئەم سی ساڵەی دوای لەگەڵ سیفەتی قۆناغەکانی ڕابوردوودا تێکەلآونەکات و لەناو یەکدا نەیانتوێنێتەوە. هەموو تێکەلآوکردنێکی قۆناغی بەعس بە قۆناغەکانی تر، دەشێت ببێتە مایەی ڕاکردن لە بینین و جیاکردنەوەی سیفەتە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە لەناو هەندێ چەمکی گشتیدا، کە دەکرێت لە سەردەم و ڕۆژگارەکانی دیکەشدا ببینرێن. واتە بۆ دامەزراندنی «بەعسناسی» پێویستیمان بە داڕشتنی زانستێک هەیە کە بەعس و مێژووە خوێناویەکەی بە هەموو خسوسیاتەکانیەوە دەستنیشانبکات و مۆدێلی بەعسیانە لەناو مۆدێلە باوەکانی دیکەی دەوڵەتدا نەتوێنێتەوە.

٤ ـ بزربوونی «بەعسناسی» تەنها مایەی بزربوونی «ئەنفالناسی» نییە، بەڵکو هۆیەکی گەورەی تێکچوون و شپرزەبوونی پەیوەندی ئێمەیە بە کۆی جیهانەوە، چونکە ئەم بزربوونە ئاوێنەی نووشوستی هەوڵەکانی قوربانییە بۆ دەرچوون لە بازنەکانی جەلاد، هەروەک چۆن ئاوێنەی بێتوانایی قوربانیشە لە دەربازبوون لە تەونەکانی ئەو.

٥ ـ زیانە ترسناکەکانی تێنەگەیشتن لە بەعس زیاتر لە ئاستی ئەخلاقیدا دەردەکەوێت. دروستبوونی سیاسەتێکی بێئاکار و دوور لە ڕەوشت، دەرەنجامی فەرامۆشکردنی هەموو جۆرە هەوڵێکە بۆ دامەزراندنی سیاسەتێک کە لەسەر قووڵبوونەوە بەندبێت لە ماهییەتی بەعسدا. تێنەگەیشتن لە بەعس، مانای مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەکو بوونەوەرێکی ئاسایی و قەوارەیەکی سیاسی سروشتییانە، مانای قەبوولکردنی گوناهەکانی وەکو گوناهی ئاسایی و تێپەڕ، یان لە باشترین حاڵەتدا دامەزراندنی شەڕێکی بێ فیکر و بێ ئاسۆ لەگەڵیدا.

٦ ـ خۆدزینەوە لە «بەعسناسی» لەڕاستیدا خۆدزینەوەیە لە خۆناسینیش، چونکە دامەزراندنی تێڕوانینێکی کۆنکرێت و ئاشکرا بۆ بەعس، واتە دامەزراندنی تێڕوانینێکی کۆنکرێت و ئاشکراش دەربارەی وەزیفەکانی خۆمان.

تا پتر لە ناسینی بەعسدا قووڵببینەوە، پتر ئەرکەکانمان گەورەتر دەبێت، پتر دەبێت بەرەنگاریمان چالاکتر و عەقلانیانەتر بێت. «بەعسناسی» لە قووڵاییدا بیرکردنەوەیەکی قووڵە دەربارەی مانا و وەزیفەکانی بوونی ئێمە لە جیهانێکدا کە بەعسی بەرهەمهێناوە، کاتێکیش خۆمان لەو ناسینە دەپارێزین، مانای خۆمان لە ئەرکەکانمان دەدزینەوە... بەعسناسی ئاوێنەیەکە لەنێویدا تەنیا جەوهەری بەعس لەبەردەم مەحەکدا نییە، بەڵکو مرۆڤایەتی و ئاکاری ئێمەش لەبەردەم تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندندایە.

٧ـ بزربوونی «بەعسناسی» و «ئەنفالناسی» دوو ڕاستی دیکەش بەرجەستەدەکەنەوە کە یەکەم: ونبوونی هەستە بە لێپرسراوێتی لەلایەن ڕووبەرێکی گەورەی ڕۆشنبیریی ئێمە و خۆلادانێتی لە هەموو کێشە گەورەکان. دووەم: ئەم بزربوونە نیشانەی ئیفلیجی ڕۆحی بەرگرییە لە قووڵایی ئەم ڕۆشنبیرییەدا، بەجۆرێک بتوانین بە هێزی ئەو هەستە و بە دینامیکیەتی گیانی بەرگریکردن، کەرەستە مەعریفییەکان بەجۆرێکی ئەوتۆ کاریگەر بەکاربهێنین لە ڕێگایانەوە بگەینە تەفسیری نوێ و تێگەیشتنی نوێ بۆ دیاردەکان. دونیاناسین بەشێکی گەورەیە لە پرۆسەی بەرگری هەر نەتەوەیەک لە خۆی. بە داخەوە مێژووی ئێمەش مێژووی لەیەکدابڕانی خەباتی بەرگرییە لە هەوڵی دونیاناسین.

**بەعس و دەسەڵات**

خاڵی جەوهەری لە هەموو تەفسیرکردنێکدا بۆ بەعس، ئەوەیە لە سروشتی پراکتیککردنی بەعس تێبگەین بۆ دەسەڵات، چونکە جەوهەری بەعس وەکو سیستمێکی سیاسی ناوازە، پابەندی شێوەی بەگەڕخستنێتی بۆ دەسەڵات.

ئەوەی کە شوێنی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر بەعس، بەشێوەیەکی یەکلایەنە و تاک ڕەهەندانە پشتدەبەستن بە تەفسیرکردنی بەعس لەڕێگای دۆزینەوەی ڕەگوڕیشە مێژووییەکانی بەعس و پەیوەندی سیستمی بەعس بە شێوە دەسەڵاتە عەرەبی و ئیسلامییە دێرینەکان یان بەعس دەبەستنەوە بە سیستمی ستەم و دیسپۆتی ئاسیاویانەوە، یاخود بەشێوەیەکی میکانیکی دیوە فاشیستیەکەی ناو ناسیۆنالیزمی بەعسیانە گرێدەدەنەوە بە فاشیەتی ناو ناسیۆنالیزمەکانی دیکە، یان بێ وەستان بەرابەر خسوسیاتی بەعس، بەربەریەتی مۆدێرنە دەکەنە بەر بەربەریەتی بەعس. هەڵبەت کە گومانی تیا نییە کە بەعس ڕژێمێکی فرە سەرچاوەیە و لەزیاد لە کانگایەکەوە سەرچاوەیگرتووە، گومانی تیا نییە کە

بەعس بە جۆرێک لە جۆرەکان درێژبوونەوەی پێکهاتێکی مێژووییە و ڕیشەشی لەناو شێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالیستیانەی پۆست کۆلۆنیالیدا هەیە و دووریش نییە لە کاریگەری مۆدێلی ستالینیانە، هەروەکو چۆن کەمتەرخەمیشینەکردووە لە بەکارهێنانی چەکەکانی مۆدێرنەدا.

من گومانیشم نییە لە بایەخی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە بەراوردکاریانە، کە مۆدێلی بەعسیانە بە مۆدێلێکی ئاینی، یان مارکسی، یان ناسیۆنالیستیانە دەشوبهێنن، بەڵام گومانێکی قووڵم هەیە دەرهەق بە سنووری ئەو مەنهەجانە و ئەو ئاقارانەی کە دەیگەنێ، پێشمەوایە کە لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە لە «بەعس» دەبێت لە سەرەتاوە لە خوێندنەوەی بەعسەوە دەستپێبکات، وەکو دیاردەیەکی تایبەت بە جێگایەکی تایبەت و سەردەمێکی تایبەت. بەعس نمونەیەکی تایبەتییە، هیچ تیورییەکی تایبەت لە بنەڕەتدا لەسەر بەعس کارینەکردبێت و لە ڕەفتاری ئەوەوە هەڵنەقوڵابێت ناتوانێت لەسەر بۆچوونی گشتگیر و عمومییەوە، یان تەنها لەسەر ڕۆشنایی هەندێ چەمکی تیورییەکانی دیکەی دەسەڵاتەوە «بەعس» وەکو یەکەیەکی لەیەکنەترازاو تەفسیربکات. بەکورتی وادەبینم کە بۆ تێگەیشتن لە بەعس دەبێت لە بەعسەوە خۆی دەستپێبکەین، نەک لە مۆدێلێکی تیورییانەی دەرەوە، دەبێت لێگەڕێین بەعس خۆی وەکو دیاردە و سیستم چەمکە تیورییەکانمان پێشکەشبکات، واتە سەرەتا بەعس وەکو کۆمەڵێک ڕوداو و دیاردە و دەرکەوتە و ڕەفتار ببینین و لێگەڕێین ئەو ڕوداو و دیاردانە قسە و بەڵگەنەوویستی خۆیان بدرکێنن و خۆیان ئاشکراکەن، نەوەکو هەوڵبدەین پێشوەخت هەندێ زاراوە و چەمک دابەزێنین و ڕوداوەکان لەسەر ڕۆشنایی ئەو چەمک و زاراوانە تەفسیربکەین.

ئەوەی لە مێژوویی دەسەڵاتی بەعسدا کاریگەرە، ئەوەیە کە دەسەڵاتی بەعس لەسەرەوەڕا ملکەچی قازانجەکانی هیچ توێژ و تاقم و چینێکی کۆمەڵایەتی بەرین نییە. بە مانایەکی دیکە: ١ـ بوونی بەعس لە سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدا ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی ئابوری چینێکی تایبەتی نییە. ٢ـ ڕەنگدانەوەی هاوپەیمانییەکی دەستەجەمعی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی خوارەوە نییە کە دواجار لە سروشتی دەوڵەتدا خۆیان سیستماتێزەکردبێت. ٣ـ شێوەیەکی تەقلیدیانەی دەسەڵاتیش نییە کە حوکمی بە پشتاوپشت بۆ مابێتەوە و وێنەیەکی دێرینەی دەسەڵات بەرهەمبهێنێتەوە.

بەکورتی دەسەڵاتی بەعس جۆرە دەسەڵاتێکە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە هیچ یەکێ لەو پنتانەی دیکەی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵەوە نییە، کە دەڵێم پەیوەندی ئۆرگانی مەبەستم جۆرە پەیوەندییەکە کە ئەگەر یەکێ لە جەمسەرەکانی ئەو پەیوەندییە تووشی قەیران هات، ئەوا

بەدڵنیاییەوە جەمسەرەکەی دیکەش تووشی قەیران دێت. بۆ نمونە: بەعس دەرەنجامی باڵادەستی و گەورەبوونی هەندێ توێژ نییە لە ڕیزەکانی بورژوازییەتی عێراقیدا، واتە خورافەتە وا زەنبکەین کە بەعس نوێنەری بورژوای عێراقییە. بەعس لە هەموو ساڵانی حوکمڕانی خۆیدا و تا ئەمڕۆش، بورژوازییەتی گۆڕیوە بۆ مەیدانێکی گەمەکردن، بۆ مەیدانی پراکتیککردنی دەستەڵات. بەعس و سەرکێشییە ترسناکەکانی، بەعس و وێرانکارییەکانی بۆ بونیادی ژێرەوەی کۆمەڵگا، تێکشاکاندنی بێسنوری بۆ هەموو ئەو بوار و دەروازانەی کە دەچنەوە سەر ڕێگای گەشەی ئابوری، تەواو پێچەوانەی ئەو خواستانەیە کە بۆرژوای عێراقی گەر زمانی هەبایە و دەستگای ئازادی خۆی هەبایە دەکرا هەڵگرێبێت. ئابووری لە عێراقدا، لە ساڵانی سەرهەڵدانی فاشییەتدا وەکو ڕژێمێکی تەواو باڵادەست و ئۆرگانیزەکراو، وەکو هەموو سیستمە تۆتالیتار و فاشیستەکانی دیکە، قۆناغێکی زێڕین دەژیی، بەعس وەکو نازییەکانی ئەڵمان، توانای دروستکردنی ئابورییەکی پتەوی هەبوو، ئەگەرچی هەرگیز عەقڵانییەتی سیستمی نازی بەراوردناکرێت بەو سیاسەتە بێپلانەی بەعس. بۆ نمونە نازییەکان لەماوەیەکی کەمدا ئابورییەکی پڕبەرهەم و بەهێزیان دروستکردبوو، فرانز نۆیمان لە کتێبی «بیهیمۆس» دا دەڵێت، توانای ئابوری ئەڵمانی لەوکاتەدا شوێنی سەرسامییە، سیستمی نازی کێشەی بێکاری نەهێشت، گەشەیەکی ئابوری گەورەی وەدەستهێنا، پیشەسازیی قورس گەشەیەکی گەورەی کرد، توانا ئابورییەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە چوونە ژێر چەتری پێداویستەکانی جەنگەوە، نرخی شمەک سەرکەوتوانە کۆنترۆڵکرا. ‹١› هەڵبەت بەعسیش ڕستێک سەرکەوتنی ئابوری گەورەی بەدەستهێنا، ئەگەرچی ئەو تا دواچرکەش بە پارەی نەوت پێداویستییەکانی جەنگی ڕاییدەکرد، بەڵام تا ئەندازەیەکی گەورە سەردەمی بەعس بۆ زۆربەی خەڵکانی عێراق، سەردەمی گەشەیەکی ئابوریی ناوازە بوو. بەڵام لە دواجاردا ئەوەی کە لە سیستمی بەعسدا گرنگە، ئەوەیە کە گەشەی ئابوری نابێت هەوێنی دروستبوون و گەورەبوونی هێزی کۆمەڵایەتی و ئابوریی بێت لەدەرەوەی چاوەدێری بەعس، بێگومان باڵادەستی ئابوری نەوتیش کارێکیکرد کە پارەدارەکان بکەونە ژێر ڕەحمەت و بەزەیی بەعسەوە، نەوەکو بەعس بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ئەوان.

ئەوەی بەسەر بورژوای عێراقیدا دێت، ڕەنگدانەوەیەکی ڕەهاو بێسنوری ئەو ویستانەیە کە بەعس هەڵگرێتی، ئاڕاستەی فشار لەم سیستمەدا لە بورژوازییەت و قازانجە چینایەتییەکانی ئەوەوە نییە بۆسەر بەعس، بەڵکو بەپێچەوانەوە فشار هەمیشە لە بەعسەوەیە بۆسەر بورژوازییەت. لێرەدا چین فورمەلای دەوڵەت ناکات، بەڵکو دەوڵەت بەڕەهایی فۆرمەلای چین دەکات. ئەم دۆخە ئابورییەش مانای ئەوەی کە هێزی بورژوازییەت لە ئاستی بازرگانی یان

پیشەسازیدا «واتە شوێنی لە سیستمی بەرهەمهێناندا»، ناتوانێت ببێتە مایەی دابینکردنی هێزی سیاسی، دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە لە هەندێک ئاست و هەندێک قۆناغدا تێکەڵاوبوونێکی بەرچاو نییە لەنێوان قازانجەکانی بەعس و هەندێ توێژی تایبەتی بورژوازییەتدا، بەو مانایە نییە کە بەعس خۆی نابێتە مەڵبەندی دروستکردنی دەوڵەمەندەکان و ڕکێفکردنیان، بەڵکو دڵنیام کە بەعس دەوڵەمەندەکان دروستدەکات، لە هەناوی خۆیدا گەورەیاندەکات و لەبری وەلائیش بۆ قازانجە ئابورییەکان وەلائیان بۆ حیزب بەسەردا دەسەپێنێت و ناشهێڵێت وەکو چین گەڵاڵەببن. لێرەوە هەتا کارگەرانیش بەهەمان ئەو دەستورەی کە نۆیمان لە ئەڵمانیای نازیدا دەستنیشانیدەکات، ئەو توندو تیژییەی دەرهەقیان دەکرێت، ڕەنگدانەوەی مەوقیعیەتیان نییە لە سیستمی بەرهەمهێناندا، بەڵکو چەوساندنەوەکەیان لە ڕووی سیاسییەوە دەستنیشانکراوە‹٢›. لە عێراقی بەعسیشدا سیاسەت بە پلەی یەکەم جۆرێتی چەوساندنەوەکان دیاریدەکات، ئەگەر یەکگرتنەوەش لە نێوان ستراتیژەکانی بەعس و بۆرژوازییەتدا هەبێت، ئەم یەکگرتنەوەیە لە هیچ قۆناغێکدا بەو مانایە نایەت کە لوژیکی کارکردنی بەعس ڕەنگدانەوەی لوژیکی قازانجەکانی ئەو چینەیە... بەو مانایەی کە قەیرانەکانی بازاڕ و بازرگانی و پیشەسازی ببێتە قەیرانێکی بزوێن بۆ ئەم چینە تا لەدەرەوەی دەسەڵاتدارێتی بەعس بۆ ئەلتەرناتیفی تر بگەڕێت. بەعس لە بنەڕەتدا بواری نەداوە هیچ بونیادێکی ئەوتۆ دروستببێت کە قازانجەکانی ئەو چینە لە شێوە و قاڵبێکی کۆنکرێتدا بەرجەستەبکات، بچوکترین دەرفەتیشی بۆ گەڵاڵەبوون و زەقبوونەوەی هۆشیاری بورژوازیەت جێنەهێشتووە کە بتوانێت لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە ئایدۆلۆژییەی کە دەوڵەتی عێراق بە بالآی هەموو توێژ و تاقمەکان بڕیوێتی، زمان و ستراتیژ و نیگای خۆی دروستبکات. لێرەوەیە ناکرێت بەعس بە هەڵقولآوی پێکهاتێک بزانین کە هەر بەعس خۆی نەیهێشتووە ببێتە پێکهاتێکی کاریگەر و کامڵ و بەڕووخسار، چونکە بەعس هەر لەسەرەتاوە دەزانێت کە بەبێ کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان، بازرگانی، نرخ، ‹٣›ئەستەمە بتوانێت ئارەزووی مرۆڤە ئاساییەکان بەجۆرێک کۆنترۆڵبکات، کە دواتر بەدووکەوتنی بەعس و بەدووکەوتنی ئارەزووەکانیان ببێتە یەک شت،

بە دیوێکی دیکەشدا، بەعس هەڵقولآوی هەڵبژاردنێکی ئازادانەی بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەلآیەتی نییە، کە دەسەلآتە کۆمەلآیەتیەکانی دیکە ڕۆڵیان لە فۆرمولاکردنیدا هەبووبێت، خورافەتێکی بێمانایە وا تێبگەین بەعس لە هیچ ساتێکدا لەژێر فشاری پیاوانی ئاینی، پیاوانی زانست، کارمەندان و پسپۆراندا بووە. خورافەتێکی گەورەیە واتێبگەین ئەو تەشریعاتانەی بەعس پیادەیکردووە، ڕەنگدانەوەی ململانێیەکی دەسەلآتە لە خوارەوە. دەشێت

لە زۆر وێستگە و لە زۆر بڕیاردا، هەندێ توێژی کۆمەڵایەتی سوودیان لە تەشریعاتەکانی بەعس وەرگرتبێت، هەندێ جار ئەو توێژانە سەر بە بەشە کۆنزەرڤاتیڤەکە بووبن، هەندێ جاریش سەر بە توێژەکانی خوارەوە بووبن، بەڵام دواجار ئەو تەشریعاتانە نیشانەی کۆنترۆڵی بەعس بوون لەسەر هەموو ڕوداوەکان، نەوەکو نیشانەی فشاری توێژ و چینەکانی خوارەوە لەسەر بەعس.

ئەگەر لەو تەفسیرانەوە بڕوانین دەتوانین بڵێین؛ «بەعس» سیستمێکە لەو ڕۆژەوەی کە دەسەڵات دەگرێتەدەست، خۆی بەتەنیاو تا ئەندازەیەکی گەورە دەبێتە دروستکەر و خولقێنەری ڕوداو «حدث». بەعس سیستمێکە، هیچ ڕوداوێک لە دەرەوەی نەخشەو پرۆگرامی ئەو ڕوونادات. مەبەستم لە ڕووداویش، هەموو ئەو پێشهاتانەیە کە دەشێت کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر کۆی سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە هەبێت، واتە بەباش یان بە خراپ شێوە و ئاڕاستەی کارکردنی سیستمەکە دەگۆڕن یان دەیچەسپێنن.
بەعس خوازیارە لە سیستمی خۆیدا جگە لە خۆی، جگە لە ناوەند و سەرکردەکانی خۆی هیچ «ڕووداوسازێک ـ خالق الحدث»ی دیکە نەبێت.
«ڕووداو، دروستکردنی ڕوداو، ڕوداوساز»، ئەم کۆمەڵە ووشەیە هەندێ کلیلی سەرەتاییمان پێدەدەن بۆ خوێندنەوەی دەسەڵات لە عێراقدا. بەعس، دروستکردنی ڕووداوو ڕووداوسازی بۆ خۆی مۆنۆپۆڵدەکات، فەلسەفەی سەرەکی لە دەسەڵاتی بەعسدا ئەوەیە کە چالاکی هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکان و توانایان لەسەر دروستکردنی ڕوداو بگەیەنێتە نزمترین و بچوکترین ئاست، بەپێچەوانەشەوە توانای خۆی لەسەر مۆبیلکردنی هەموو کۆمەڵگا بۆ بەرپاکردنی ڕوداوە گەورەکان دەگەیەنێتە بالاترین ئاست. مێژووی فەرمانڕەوای بەعس مێژووی دەرکردنی ژیانە لە ڕەوتە سروشتییەکەی خۆی و زەمەنی تەقاندنەوەی ڕوداوە سەیر و یەک لە دوای یەکەکانە.

گرنگترین ڕوداو لە دنیای بەعسدا ئەوەیە کە «بەعس خۆی فەرمانڕەوایە»، ئەم ڕوداوە لە فەرهەنگی بەعسدا شوێنێکی سەنتراڵ و ناوەندی هەیە کە هیچ ڕوداوێکی تر جێگای ناگرێتەوە، لای ئەم تاقمە شاڕوداوی مێژوو ئەوەیە کە ببنە فەرمانڕەوا. گرنگی ئەم ڕوداوەش لەوەوە دێت کە لەپشت ئەم ڕوداوەوە هەڵومەرجی سڕینەوەی هەموو هێزەکانی دیکە لە ئەگەرێکی شاردراوەوە دەبێتە حەقیقەت و بەعسیەکان خۆیان دەبنە تاکە ڕووداوساز.
«ڕووداوی گەورە و ڕووداوسازی گەورە» دوو زاراوەی سەرەکین لە تێگەیشتنی بەعسدا لە مێژوو.

من لەم سەرەتایەوە دەمەوێت زەمینە بۆ سەلماندنی دەرەنجامێکی سادە خۆشبکەم، ئەویش بریتیە لەوەی کە بڵێم بەعس لەو سیستمانەیە تەنیا بە تەفسیری هەرەمیانە بۆ دەستەڵات تەفسیردەکرێت. مەبەستیشم لە تەفسیری هەرەمیانە ئەوەیە کە ناوەند و ڕۆڵی سەرکردە لەم سیستەمەدا بە ئەندازەیەک گەورە و باڵایە کە ئەستەمە بتوانین لە هیچ بەشێکیدا لە سروشتی دەسەڵات تێبگەین بەبێ دیاریکردنی پەیوەندییەکانی بە ناوەندەوە یان بەسەری هەرەمەوە. ئەم دەرەنجامە کە دەشێت زۆر سادەبێت، کاریگەری ئێجگار ترسناکی هەیە لەسەر سەرجەمی پێکهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی دەشێت هەموومان بەجۆرێک لە جۆرەکان هەستمان بە ڕەهایی توانا و دەسەڵاتی سەرۆک کردبێت لە ڕژێمی بەعسدا، بەڵام تا ئەمڕۆ کەسمان لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو کۆنترۆڵکردنە قسەمانەکردووە، لەسەر دیاردە و بەرەنجامەکانی بەقووڵی نەدواوین.

ئەلیاس کانیتی لە گووتەیەکیدا دەڵێت «فەرمان لە زمان کۆنترە، ئەگینا سەگەکان تێینەدەگەیشتن» ‹٤›. سەرۆک لە عێراقدا پیاوێک نییە، کە وەکو بەعسییەکان خۆیان بانگهێشتی بۆ دەکەن، بیەوێت «کەشتییەکەمان بە سەلامەتی بگاتە کەنار»، بەڵکو ئەو پیاوەیە کە دەمانگێڕێتەوە ناو سیستمێکی ملکەچی کوێرانە، سیستمێک تیایدا وەکو سەگەکەی کانیتی بژین، واتە هەتا بێ بەکارهێنانی زمان لە فەرمانەکان تێبگەین و جێبەجێیانبکەین. ئەو سیفەت و هێزەی سەدام حوسەین بەخۆی دەبەخشێت، پرۆسەیەکی هەمە لایەنەیە، کە تیایدا سەرۆک هەموو دەسەڵاتەکان دەخاتە چنگی خۆیەوە. نموونەی سەدام حوسەین وەکو هەموو سەرۆکە تۆتالیتارەکانی دیکە، لەسەر مۆنۆپۆڵکردنی موتڵەقی دەسەڵات وەستاوە. ئا لێرەشدا بەراوردکردنێکی خێرای نێوان هیتلەر و سەدام گەلەک سوودبەخشدەبێت، هیتلەر لە سیستمی نازیدا ئەو سەرۆکەیە کە باڵاترین یاسادانەر و باڵاترین فەرماندە و باڵاترین قازییە، ئەو سەرۆکی حیزب و سوپا و میللەتە، لە کەسی خۆشیدا دەسەڵاتی دەوڵەت و میللەت و بزوتنەوە سیاسییەکەی بەرجەستەدەبێت ‹٥›. سەدام حوسەینیش هەمان شێوە یەکەم یاسادانەر و یەکەم فەرماندە و یەکەم قازی و حاکمی وولاتیشە، سەرۆکی هەموو شتێکیشە کە دەکرێت سەرۆکایەتیبکرێت. ئەو ڕوداوسازی یەکەمە، کە هەموو سرووتەکان و نمایشەکانی دەسەڵات بەکاردەهێنێت تا مەزنی خۆی و پچوکی ئێمە بەرجەستەبکات. ئەم سیفەت و هێزەی سەدام حوسەین بەخۆی دەبەخشێت، باشترین زەمینەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە کلێشەکانی دەسەڵات. وەستان و ڕۆیشتن و دانیشتن و قسەکردن و دەرکەوتنەکانی هەموویان کۆمەڵێک نمایشن کە پێشتر لە ڕووی هونەری و سینەماییەوە نەخشەیان بۆ کێشراوە‹٦› لەم باسەدا بە داخەوە بواری ئەوەمان نییە کە لەو سیستمە دەلالیە گەورەیە بکۆڵینەوە کە لە پشت

نمایشــەكـانی دەســـەڵاتـەوەیە، بەڵام دەتوانین بڵـێین كە بـەبێ هێـزی ســەرتاپاگـیـری ســەرۆك ئەسـتـەمـە، یەكـەم / دەسـەڵات ببێتـە هێزێك كە مرۆڤـەكانی دی تا دوا ئەندازە لە مرۆڤـایەتی ڕووتبكاتەوە. دووەم / دەسـەڵاتە لۆكاڵەكان ببنە ئەو جـەسـتـە پاشكۆو بێكاراكتەرەی، كە بەبێ وێنەو ئیلهامی سەرۆك ماهییەت و توانای ئیداری خۆیان لەدەستبدەن.<٧>

## ناوەند و سێبەرەكانی

كـاتێك دەڵێم «بـەعس سیسـتـمێكە بەبێ ڕەچاوكردنی ڕۆڵی گەورەی سـەركردە مـاهییـەتی دەسەڵاتی تیا تۆێكارناكرێت»، مەبەستمە بڵێم، بەپێی ئەم تێزەیە، هەموو وێنەكانی دەسەڵات لە هـەمـوو كایە جیاوازەكاندا درێژكراوەی وێنەیەكی سەرەكی و مۆدێلێكی جـەوهـەری دەسـەڵاتن لە ناوەندا. لەمـجـۆرە سیسـتـمـەدا وێنە و مـۆدێلێكی سـەنترالی دەسـەڵات هـەیە كە هـەموو وێنە و مـۆدێلەكانی دیكەی دەسـەڵات بە ڕاستـەوخـۆ و ناڕاستـەوخـۆ لەژێر كاریگەری ئەو دەرناچن. لەمـجـۆرە سـیـسـتـمـەدا هـەمـوو كردەیـەكی دەسـەڵات وەكو تەعبیـركردن لە ئیرادەی دەســەڵاتی یەكـەم دەكـەوێتـە ڕوو، بـەم پێیـەش كردە و سـتـراتیـژییـە ناوخـۆییـەكـانی ناو هیچ كـایەیەكی لۆكـاڵ، تـەعبیـر لە پێداوویسـتیـە ناوخـۆییـەكانی ناو ئەو كـایـانە ناكـەن، تەعبیـر لە ئیـرادەی دەســەڵات ناكـەن لەو هـەرێمـە تایبـەت و بچوكـانەدا، بەڵكو تەعـبـیـرن لە ئـامـادەگی و قورسایی دەسەڵاتی ناوەند.

لەم جۆرە سیستمەدا سڕینەوەی كاراكتەری دەسەڵاتـە لۆكاڵەكان، تەنیا لەوەدا نییە كە ئەو دەسـەڵاتـانە دەبێت سـتـراتیـژی دەســەڵاتی ناوەند پیـادەبكـەن، بەڵكو لـەوەدایە كـە ئیـرادەی دەسـەڵاتی سـەرۆك یاخـود «ناوەند» دەبێتـە هێزێكی خـورافـیـانە كە هـەرچییـەك لە پەراوێزی ئەودا بەرهـەمـبێت، دەبێتـە دەركـەوتەیەك لـە دەركەوتەكـانی ئەو. لە عێراقی بەعسدا، كێشەكە تەنیا لە سیستمی ملكەچی دەزگا و پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكاندا نییە بۆ بەعس، بەڵكو گرفتەكە گەلێك نازكتر و ترسنـاكترە. ترسنـاكی بەعس تەنیا لەوەدا نییە كە وەكو دەسەڵاتەكانی دیكە سـیـسـتـمـێكی دڵڕەقـانەی كۆنترۆڵكردن و دیسـیـپلینكردن پیـادەدەكـات، بەڵكو لەوەدایە كـە دەیەوێت هـەموو ووزە و جوڵەی ناو ئەو سیستمە بۆ خۆی پاوانبكات. لێرەوە وا دەردەكەوێت كە هـەموو پرۆسـەكانی كـاركردن و بەرهـەمـهێنان و داهێنان لەم سیستـمەدا لە كانگایەكی یەكەمی كــاركـــردن و بەرهـەمـــهـــێنـان و داهـێنـانـەوە هـەڵدەقـــوڵێن كـــە ئیـــرادەی بەعـس و سـەركـردایەتییـەكـەیەتی. ئـەم ئارەزووە بۆ پاوانكـردنی هـەمـوو كـردارەكـان، سـەرچاوەی لەو ئارەزووە وەرگـرتووە كە پێـشـتـر باسـمكرد، ئارەزووی بوون بە دروسـتكـەری یەكـەمی هـەمـوو گۆڕانكارییەكان و بە ڕوداوسازی مەزن.

لە عێـراقی بەعسـدا، کە شـاعیـرێک شـیـعر دەنووسـێت، ئیلهـامی لە کانگایەکی گەورەی ئیلهامەوە بۆ هاتووە کە دەسەڵاتی بەعسە. یاریزانێک لە گۆڕەپاندا چالاکی و زانین دەنوێنێت و گۆڵ تۆماردەکات، تەعبیر لە بەهرەی خۆی ناکات، بەڵکو تەعبیر لە ئیرادەی ئەو کانگایە دەکـات کـە هێـز و ئیلهـامـی بە یاریزانـەکـان بەخـشـیـوە. کـە زانایـەک دۆزینەوەیەکی نوێ دەدۆزێتـەوە ئەم دەسکەوتە پەیوەندی بە بلیـمەتـی و زیرەکی دۆزەرەوەکە نییـە، بەڵکو لەسـەر ڕۆشنایی ئـەو هەلومـەرجـانەدا تـەفسـیـردەکرێت کـە ناوەند خـوڵقـاندویەتی. هـەڵبـەت بۆیە ئەو نمونانـەم هێنایـەوە تا ئاشکرابێت کـە بـەعس هەمـوو ووزەکـان پاواندەکـات، هـەتا ئەو ووزە و کردارانەش کە ڕاستەوخۆ کردەی سیاسیانەنین.

لەڕژێمی بـەعسدا هەمـوو پراکتـیکێکی گـرنگی ناو کـایە لۆکاڵەکـان، وەکو دەرکـەوتەیەکی ڕاسـتـەوخـۆی ئیـرادەی دەسـەڵاتی ناوەند نیـشـاندەدرێتـەوە، لێـرەدا دەسـەڵاتی نـاو بوارە جیاجیاکان هیچ کارێکیان نییە جگە لەوەی گەورەیی و ئامادەیی و ئیرادەگەریی دەسـەڵاتی ناوەند بەرجەستەبکەن. لێرەدا هەموو دەرکەوتەکانی دەسـەڵات، سێبەری یەک ئیرادەن و بەبێ ئەو بوونیان نییە، دەسەڵاتی یەکەمیش سەرچاوەی هـەموو هێز و توانـا و دەرکەوتەیەکە کە لە دەسەڵاتە پچوکەکانی خوارەوە دەردەچێت و بەبێ ئەو وێنە سەنترال و یەکەمەی دەسـەڵات، کە هەڵبـەت وێنەی سـەرۆک خۆیەتی هەموو ئەو کایانـەی تر ئیفلیج و بێبـەرهەم دەمێننەوە. بەم لۆژیک و تێڕوانینەش جیهان بەبێ ئەو پنتە یەکەم و سەرەکییەی دەسەڵات، بەرهووت و پچووک و بیابانە.

بۆئەوەی لە بەعس تێـبگەین، دەبێت لە دوو تەوەری سـەرەکی کـارکـردنی بـەعس تێـبگەین، یەکەمـیان: کـاریگەری بەعسـە لەسـەر کایە پچوک و لۆکاڵەکـانی دەسەڵات، واتە کـاریگەری بەعس لەسـەر ئەو جـۆرە دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیانەی کە سروشـتێکی سیـاسی زەقیـان نییـە. دووەمیش: کاریگەری بەعس لەسەر چارەنووسی فەردەکان و چۆنێتی یاریکردنی ئەو سیستمە بە پەیوەندی فـەرد بـە ژیان و مـەرگی خۆیەوە. پێشـمـوایە هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی تیوریانە لەگەڵ کێشـەی بەعسدا، ئەگەر ڕوبەرێکی بەرین بۆ ئەو دوو تەوەرەیە تەرخاننەکات، کەموکورت و ناکامـڵ دەمێنێتـەوە. من لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەردەوام دەگـەڕێمـەوە سـەر ئەو دوو تەوەرەیە، هەندێجار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و هەندێجاریش ناڕاستەوخۆ، واتە پێموایە کە تایبەتمەندی بـەعـس لـەڕێـگـای ئـەو دوو تـەوەرەیـەوە لـە هـەر ڕێـگـایـەکـی دی زیـاتـر ئـاشـکـرادەبـێت. وەک تێبینیەکیش خوازیارم کە خوێنەر هۆشیـاربێت بەرامبـەر ئەو ڕاسـتیـەی کە من لەم ووتارەدا لەدوای دارشـتنی تێـزەیـەکی جـیـاو سـەربەخـۆ نیم بۆ دەسـەڵات، بـەڵکو لەدوای دۆزینـەوەی تایبەتمـەندێتیەکانی بەعسم وەکو سیسـتمێک، لێرەدا من تیـوەرەیەکی نوێم نییـە بۆ دەسـەڵات،

بەڵکو هەوڵدەدەم ئەو خاڵانە ببینم کە وادەکەن دەسەڵاتی بەعس دەسەڵاتێکی تایبەتمەندبێت و تێکەڵاوی مۆدێلەکانی دیکە نەبێت، واتە مەنهەجی من لێرەدا پراکتیککردنی تیوریی نییە، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو دەرەنجامەیە کە لە تایبەتمەندی بەعسەوە هاتوون و ئەو تایبەتمەندیەشیان دروستکردووە.

**کایەی سێبەر**

مەبەستم لە کایەی سێبەر، یان کایەی وەهمی ئەو کایەیە کە ناتوانێت پشت ئەستور بە ڕەگەز و ستراتیژ و هێز و نەخشەکانی ناوخۆی، کاراکتەری خۆی بونیاد بنێت.

لە عێراقدا، ئەگەر لە واقیعی حاڵی دەسەڵاتە لۆکاڵەکان بڕوانین، دەبینین کە ئەم دەسەڵاتانە، لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا... ئاستی پەروەردەدا بێت، یان ڕاگەیاندن، یان سوپا یان لە بواری ئابوری و کەرتەکانی خزمەتگوزاریدا بێت، بەگشتی سەربەخۆیی خۆیانیان دۆڕاندووە و هیچ هێزێکی ڕابەری ناوخۆیی لەم کایانەدا نەماوە کە پشت ئەستور بە پێویستییەکانی کایەکە خۆی، پراکتیککردنی دەسەڵات بە ئاقارێکی دیاریکراو ئاڕاستەبکەن. لە سایەی بەعسدا هەموو شێوەکانی دەسەڵات هەیبەتی خۆیان، ئاڕاستە و مانای خۆیان لەدەستدەدەن و دەبنە پاشکۆیەکی بێ ڕەنگ و بێ کاراکتەری بۆ تاکە سەرچاوەی دەسەڵات کە بەعس و سەرکردایەتییەکەیەتی.

لە عێراقدا زانکۆکان، قوتابخانەکان، دەستگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، کەرتە ئابوری و ئیدارییەکان، بەدەر لە دەرخستنەوە و بەرجەستەکردنەوەی ئامادەگی دەسەڵاتی بەعس، وەزیفەیەکی دیکەیان نییە، ئەم بوارانە تا ئەندازەیەکی گەورە سیفەتی کایەی تایبەتی دەسەڵاتیان ونکردووەو زەبری کوشندە بەر پێکهاتی وەزیفی و مانایان کەووتووە. ئەم تێکچوونەی کایەکانی دەسەڵات، گەلێ ئاستی ترسناکی بەخۆیەوە گرتووە... لێرەدا بەخێرایی تیشکدەخەمە سەر هەندێ لەو شێواندن و تێکشکاندنە گەورانەی کە کایەکانی دەسەڵاتیان گۆڕیوە بۆ کایەی سێبەر:

یەکەم: دروستکردنی دۆخێک کە تیایدا بگونجێت و ڕەوابێت، کەسانی دەسەڵاتداری ناو کایەیەک لە دەرەوەی کایەکەوە بهێنرێت و بکرێنە دەسەڵاتدار و ڕابەری یەکەم... وەک دەبینین لەم سیستەمەدا دەشێت مامۆستایەکی سەرەتایی ببێتە سەرۆکی زانکۆ، پۆلیسێک ببێتە وەزیری پەروەردە، گۆرانیبێژێک ببێتە بەرپرسیاری ڕاگەیاندن، ئەفسەرێکی پچوک ببێتە وەزیری بەرگری. لەم حاڵەتەشدا کایەکان ئەو داینەمۆیە وندەکەن کە دەیانگۆڕێتە سەر کایەی

ڕاستەقینە. بە مانایەکی تر زانکۆکان ئەو داینەمۆیە دەدۆزێن کە دەشێت بیانکاتە زانکۆی ڕاستەقینە، ڕۆژنامەکان ئەو زەمینەیە لەدەستدەدەن کە دەشێت بیانکاتە ڕۆژنامەی ڕاستەقینە و کەرتە ئابورییەکان ئەو نەخشە و پلانە وندەکەن کە دەشێت بیانکاتە کەرتی بەرهەمهێن.

دووەم: ئەم کایانە ستراتیژ و مانا و وەزیفەی خۆیان دەدۆڕێن و فەرمانی سەرەکیشیان دەبێتە کارکردن لەناو ئەو ڕوداوانەدا کە بەعس دروستیاندەکات، لەناو شەپۆل و تەوژمی ئەوڕوداوە جیاوازانەدا کە بەعس پێشیاندەهێنێ، لە ناو دەریای جەنگە بێشومارەکانی بەعسدا هەموو کۆمەڵگا دەبێت سەرقاڵی یەکخستنی ئیقاعی ژیانی خۆی بێت لەگەڵ ئیقاعی جەنگەکانی ڕژێمدا. ڕۆژنامەکان لە عێراقدا بەردەوام دەبێت لەسەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانە ئایدۆلۆژیانەدا کە بەعس بێ نەخشەیەکی پێشوەخت ئاوەژویاندەکاتەوە، خەریکی گۆڕینی گووتارەکانیان بن. کەرتەکانی خوێندن دەبێت بەردەوام ئامادەگی ئەوەیان تیابێت لە کەرتی بەرهەمهێن بۆ قوتابییەوە ببنە کەرتی بەرهەمهێن بۆ سەرباز و جەنگاوەر. کەرتە ئابورییەکان دەبێت خەریکی گونجاندنی ستراتیژی ناوخۆیی خۆیان بن لەگەڵ ئەو تێکدان و نائارامییەی بەعس لە ژیانی سیاسی و ئابوریدا دروستیدەکات. لەمجۆرە کەش و هەوایەشدا نەوەک کایە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ئیفلیجدەبن، بەڵکو نواندنی هەر چالاکییەکی ئازاد دەبێتە کارێکی ئەستەم.

سێهەم: «سەرمایەی ڕەمزی» لە کایەکاندا چیتر پابەندی کارکردی کایەکان خۆیان نین، واتە مەرجەعییەتی دابەشکردنی نازناو و پلەوپایە لە دەستی دەسەڵاتی ناو کایەکاندا نییە. ئەگەر لە ستراکتوری ئیداری ڕژێمی بەعس وردببینەوە، دەبینین کە لەم سیستمەدا سەرمایەی ڕەمزی پرۆفیسۆرێکی زانکۆ پچوکترە لەو سەرمایە ڕەمزییەی کە لێپرسراوێکی حیزبی دانراو لە زانکۆدا هەیەتی. یان سەرمایەی ڕەمزی ئەفسەرێکی بەعسی پلەنزم، باڵاترە لە سەرمایەی ئەفسەرێکی باڵا... بە مانایەکی تر، بەعس وادەکات کە «هێز» لە هەموو کایەکاندا پابەندی ئەوە نەبێت کێ لەناو خودی کایەکەدا بە توانایەو بەهێزە، کێ داهێنەرەو کێ داهێنەر نییە، یاخود کێ لەناو خودی سیستمەکەدا و لەناو کایە لۆکاڵەکەدا لە ململانێی دەسەڵاتدا پێشەنگی بەدەستدەهێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەعس هێزی ناو کایەکان بە ڕەهایی و بێ هیچ چەندوچوونێک گرێدەداتەوە بە خۆیەوە، لەم ڕژێمەدا باشترین پرۆفیسۆر ئەوە نییە کە باشتر بیردەکاتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە زیاتر لە بەعسەوە نزیکە، باشترین نووسەر ئەوە نییە کە باشتر دەنووسێت، بەڵکو ئەوەیە باشتر بۆتە بەعسی. لەم سیستمەدا ئەوانە بەهێزن، کە بەعس دەیەوێت بەهێزبن. لێرەدا ڕۆڵی کایەکان لە بەخشینی هێزی ڕەمزی و واقیعیشدا تا دوا پلە نزم و ڕۆڵی بەعس لە بەخشینی ئەو هێزەدا تا دوا پلە باڵایە.

ئەم دەستێوەردانە کوشندەیەی بەعس لە کایەکان و لە سیستمی کارکردنیان کۆی بوارە پچوک و لۆکاڵەکانی گۆڕیوە بۆ کایەی پەشۆکاوی دەسەڵات. کە باس لە کایەی سێبەر دەکەم، لەڕاستیدا باس لە دۆخێک دەکەم کە هەموو پنتەکانی هێز لە کۆمەڵێکدا دەبنە دەزگای تەنفیزی بۆ کۆمەڵێک یاسا و تەشریع کە بە تەواوەتی لە ئامانجەکانی ئەو کایانە بەدوورە. ئەم گۆڕانکاریانەش سیستمی کارکردنی دەسەڵات لەو کایەو ئاستانەدا دەخاتە بەر مەترسی گۆڕانکاری گەورە، بەهۆی دەستێوەردانێکی بەردەوامی دەرەکییەوە، ئیدی ئەم کایانە لەوە کەوتوون ململانێیەکی سروشتیان تێدا ئەنجامبدرێت، یان پەرەسەندنێکی سروشتی بژین. لێرەدا مەبەستم لە ووشەی «سروشتی» ئەو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەیە کە کایەیەک بەهۆی جوڵەی ڕەگەزەکانی ناوخۆیەوەو پەیوەندیدار بە کۆمەڵێ کاریگەری دەرەکییەوە دەبزوێنێت. هەڵبەت هیچ دەسەڵاتێک لە هیچ کایەکدا، سەربەخۆ و جودا و بەدوور نییە لە کاریگەری دەسەڵاتە سیاسی و ئابوری و ئایدۆلۆژییەکانی دەرەوە، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان بزاوت و گەشە لەژێر کاریگەری پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، لەگەڵ حاڵەتێکدا کە هێزێک لەدەرەوە هەموو کاراکتەرو ماناو ڕەمزو وەزیفەکانی کایەیەک بۆ ستراتیژی خۆی و بۆ دەرکەوتنەوەی خودی خۆی لەو ڕەمزو ماناو وەزیفانەدا کۆنترۆڵبکات. کایەی سێبەر، کایەیەکی ئاوێنەییە لەبری ئەوەی جەوهەری خۆی بەرجەستەبکات، سیما و قورسایی و بوونی دەسەڵاتێکی دیکە بەرجەستەدەکات... ئاوێنەییە چونکە لەپێناوی نیشاندانەوەی دەسەڵاتێکی دیکەدا لێرەیە، جۆرە کایەیەکە کە دەسەڵاتی خۆی تا دوا ئەندازە پچوکدەبێتەوە تا گەورەیی و مەزنی دەسەڵاتی ناوەند بەرجەستەبکات.

لە سیستمی بەعسدا، هەموو دەسەڵاتدارە پچوکەکانی خوارەوە دەبێت تا دوائەندازە بچنەوە ناو خۆیان تا گەورەیی و مەزنی سەرۆک و سەرکردایەتی بێتەدەرێ و بەرجەستەببێت، دەبێت هەمووان تا دوا ئاست نزمببنەوە تا گەورەیی سەرۆک و نوێنەرەکانی دەربکەوێت، دەبێت کایەکان دەستبەرداری پرۆژەکانی خۆیان بن تا پرۆژە گەورەکانی سەرۆک سەربگرێت، دەبێت هەمووان ئامادەگی ئەوەیان تیابێت کە بڕوابهێنن کە مانای هەموو شتەکان لەبەردەم مانای پرۆژە و نیاز و نەخشەکانی سەرۆکدا پچوکە.

لەڕاستیدا دروستکردنی جۆرە کایەیەکی لەمجۆرە کارێکی ئاسان نییە، واتە «بەعس» تەنیا لەڕێگای تیرور و کوشتنەوە ناتوانێت کایەکانی دەسەڵات بگۆڕێتە سەر کایەی سێبەر، بەڵکو پێویستی بە کۆمەڵێ میکانیزمی ئێجگار ئاڵۆزی بەڕێوەبردن هەیە. گەمژەییە دڕندەیی بەعس هەر بە دڕندەیی خۆی تەفسیربکرێتەوە. ڕاوەستانی گووتاری سیاسی ئێمە لە ئاستی وەسفکردنی بەعسدا بە دڕندە، نیشانەی دڵسۆزی ئەم گووتارە نییە بۆ قوربانییەکانی بەعس،

بەڵکو نیشانەی نەزانین و بێتواناییەتی لە تێگەیشتنی بەعسدا، ئەوە ئیفلیجی مەعریفییە کە وادەکات درندەیی بەعس هەر بە خودی درندەیی تەفسیربکرێتەوە.

بەعس ڕێگای تایبەتی دەگرێتەبەر بۆ گۆڕینی کایە لۆکاڵەکان بۆ کایەی سێبەر، لێرەدا گرنگ قسەکردن نییە لەسەر درندەیی، بەڵکو گرنگ بینینی ستراکتوری درندەییە.

گرنگترین هۆکار بۆ دروستکردنی کایەیەکی پەشێویی دەسەڵات، بریتیە لە تێکشکاندنی پەیوەندی نێوان باڵادەست و ژێردەست لە کایەکاندا. بەعس لە هەموو پانتاییەکدا پتر لە پنتێکی بەهێزی دەسەڵات دروستدەکات. کلیلی گەورەی کۆنترۆڵکردن لای بەعس چاندنی یەک دەموچاو نییە، وەکو نوێنەری هەمیشەیی و نەگۆڕی دەسەڵاتی ناوەند، بەڵکو بەپێچەوانەوە دروستکردنی دەسەڵاتی دیکە لەبەرامبەر سەرکردە پچوک و بەرێوەبەر و فەرمانبەر و ئیدارییە باڵاکاندا یەکێکە لە ستراتیژە گەورەکانی ئەم ڕژێمە، من پێموایە کە ستراتیژی ئەم ڕژێمە دروستکردنی سەدامی پچکۆلە پچکۆلە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەعس دەیەوێت سەرکردە پچوکەکانی خوارەوە، هەرگیز جورئەتی خۆشوبهاندنیان نەبێت بە سەدام. لێرەوە گۆڕینی بەردەوام و لادان و ترساندن بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو سەرکردە لۆکاڵەکان. کەسی فەرماندار لە کایەیەکدا، تەنیا لە سەرەوە کۆنترۆڵ و چاودێریناکرێت، بەڵکو لەلایەن چەندین دەست و چاوی دیکەوە لە بواری کارکردنی خۆیدا کۆنترۆڵدەکرێت. بەرێوەبەرەکانی خوارەوە تەنیا لەلایەن وەزیر و بەرێوەبەرە باڵاکانەوە ناخرێنە بەر لێپرسینەوەوە، بەڵکو دەوڵەت هەرلە دەوروبەری خۆی چەندەها چاوەدێری پچوکتر و ترسناکتری بۆ داناون کە گەورە و پچوکی ڕەفتارەکانیان سانسۆردەکەن.

ئەگەرچی سیستمی دەسەڵات لە کۆی ڕژێمەکەدا لەسەر نەخشەیەک دروستکراوە کە تیایدا ئاراستەی فشار تەنیا لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، کەچی لە بوارەکانی ژێرەوەی دەسەڵاتدا، لە کایە لۆکاڵەکاندا فشار لە خوارەوە بۆ سەریشەوە بەئاسانی دەبینرێت، هەڵبەت ئەم فشارە فشارێک نییە بۆ ڕزگاری، فشاری خۆئازادکردن و خاوکردنەوەی زەبروزەنگی دەسەڵات نییە، بەڵکو فشارێکی دیسپلینکراوە کە مەبەستێتی دەسەڵاتدارانی ناو کایە لۆکاڵەکان دڵنیابن کە مان و نەمانیان پابەندی گەمەیەکە کە دواجار خۆیان ڕۆڵێکیان لە دیاریکردنی ئاراستەکەیدا نییە. بەعس وادەکات دەسەڵاتدارەکانی خوارەوە لە ترسێکی هەمیشەیی کەوتن و دابەزینداین و دڵنیابن ئەو دەسەڵاتەی هەیانە لە کانگایەکی دیکەوە دێت. بەعس لە دروستکردنی ئەو ململانێیە پچوکانەی دەسەڵاتدا، لۆژیکی کارکردنی کایەکان و هەرەمیەتی دەسەڵات و ڕیزبەستنی توانا و پلەوپایەکان ڕەچاوناکات، بەڵکو زۆربەی کات ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتدارانی ناو کایەکان، کەسانێکن کە لە بنەوە هەڵدەبژێردرێن. بەعس هەمیشە کەسانێک لە خوارەوە

دەهێنێت و وەکو ئەڵتەرناتیڤی فەرمانبەر و سەرکردە لۆکاڵەکان دەیانخاتە ڕوو، لەم ڕێگایەشەوە کایەیەک دروستدەکات کە گۆڕانکارییەکانی ناو کایەکە پەیوەندییەکی بە کارکردنی خودی ئەو کایانەوە نییە. وەکو چۆن ئەتمۆسفێرێکی سایکۆلۆژی ئەوتۆ تایبەتیش دەخولقێنێت کە لەڕێگایەوە پنتە جیاواز جیاوازەکانی دەسەڵات بکەونە جەنگی تێکشکاندن و وێرانکردنی یەکتر، لەم جەنگەدا کەسی باڵادەست لە ترسێکی هەمیشەیی دۆڕاندایە و کەسی ژێردەست و پچوکیش لە خەونێکی ڕەهای گەورەبوون و بەرزبوونەوەدا دەژی، هەردوو لاش دەزانن کە چارەنووسی ئەو گەمەیە لەدەست کەسیاندا نییە. ئەمجۆرە سیاسەتە وادەکات میکافیللیەت تەنیا چەکی سەرۆک و ئەمیرەکان نەبێت دژی نەیارەکانیان، بەڵکو دەبێتە مەنتیقی زاڵ لە هەموو پەیوەندییەکانی دەسەڵات و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بەعس کە کایەکان تووشی شپرزەیی و ململانێیەکی ناعەقڵانی دەکات، لەودیو ئەو جەنگەوە مەبەستێتی هەموو بەرەکان لەو ڕاستییە تێبگەن کە هەموان لەبەردەم دەسەڵاتی ناوەندا تا دوا ئەندازە بێدەسەڵاتن. چاندنی هەستێکی قووڵ بە بێدەسەڵاتی لە هەموو دەسەڵاتدارێکی پچوکدا، وایلێدەکات پتر و پتر ببێتە بوونێکی بێقەوارە و سێبەر، لەم جۆرە دۆخانەشدا دەسەڵاتدارانی پچوک ڕوونتر تێدەگەن کە خەنیبوونیان بە دەسەڵات تەنیا «مەکرەمەیەکە» و هیچی تر. بە واتایەکی تر دەسەڵاتدارە پچوکەکان دەبێت بە هیچ شێوەیەک «کاراکتەری خۆیان» و ئەو دەسەڵاتەی کە سەرۆک و حیزب خەڵاتیکردون تێکەڵاونەکەن، دەبێت دڵنیابن ئەو هێزەی لە پانتاییەکانی خۆیاندا هەیانە، پەیوەندییەکی بە تواناو هێزو لێهاتوویی و لێوەشاوەیی خۆیانەوە نییە، بەڵکو ئەوە ڕەحمەتی هێزێکی ترە و بە شێوەیەکی کاتی لەلای ئەوان بارگەی خستووە.

دەسەڵاتداران دەبێت تێبگەن کە ئەوان کاراکتەریان نییەو تەنیا نوێنەری کاراکتەرێکی دیکەن. لەم سیستەمەدا دوو ڕۆڵی گەورە هەیە، کە یەکەمیان ڕۆڵی سەرۆک و دەسەڵاتدارەکانی ناوەندە، فەرمانی گەورەی ئەم ڕۆڵەش ئاڕاستەکردنی کۆی سیستمەکەیە، ڕۆڵی دووەمیش کۆی کۆمەڵگایە بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانییەوە، فەرمانیان وەرگێڕانی فەرمانەکانی سەرۆک و سەرکردایەتییە بۆ کردەوە، بەمانەیەکی دیکە ئەستەمە لە جەوهەری بەعس تێبگەین ئەگەر لە سیستمی «التوجیە و الترجمة » تێنەگەین، کە دوو ووشەی سیحراوی ناو هەمو سیستمی ئیداریانەی بەعسن.

گەر ڕوونتر لەو هاوکێشەیە بڕوانین، دەزانین کە «کایەی پەشێویی دەسەڵات»، ئەو کایەیە کە تیایدا دەشێت لە هەر ساتێکدا پەیوەندییەکان بەبێ بوونی لۆژیکێکی ئاشکرا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەڵبگەڕێنەوە، لە سیستمی بەعسیشدا دروستکردنی ئەو جۆرە هەڵگێڕانەوە و

کۆدێتا پچوکانە واقیعێکی ڕۆژانەیە کە هەموو بوار و کایەکان بەخۆیانیەوە دەبینن.

بۆنمونە: بەعس لە سیستمی سەربازیدا، هەرگیز ئەفسەرە باڵاکانی بۆ پراکتیککردنی دەسەڵات ئازادنەکردووە، بەردەوام لە هەموو یەکەیەکی سەربازیدا، چ گەورە و چ پچوک پتر لە چەند پنتێکی جیاوازی دەسەڵاتی چاندووە، هەڵبەت ئەم فراوانکردنەی سەرچاوەکانی دەسەڵات کە کەم تا زۆر لەگەڵ سیستمی ڕیزبەستنی پلەوپایەی سەربازییدا تەبانییە، هەر لێرەوە زۆرجار ئەفسەری «توجیە سیاسی» یان ئەفسەری موخابەرات دەسەڵاتیان لە ئەفسەرە باڵاکان زیاتربووە. بەردەوامیش ئەفسەرانی پچوک بە خێرایی لە خوارەوە بەرزکراونەتەوە و کراونەتە جێگری ئەو ئەفسەرە باڵایانەی کە کوژراون یان لابراون یاخود پچوککراونەتەوە.

ئەم جۆرە ڕەفتارە، تەنیا لە سنوری سوپادا گیرینەخواردووە، بەڵکو کەرتەکانی دیکەش هەمان حاڵەت ژیاون، بۆنمونە: لە کەرتی ئابوریدا، ڕۆژێک لە ڕۆژان بەعس بوارە ئابورییە گرنگەکانی بۆ یاسا و لۆژیکی ململانێی بازاڕ بەجێنەهێشتووە. ئەو بەردەوام هەموو دەوڵەمەندەکانی لەو ڕاستییە ئاگادارکردۆتەوە کە سەروەت و سامانیان لەژێر ڕەحمەتی سەرۆک و حیزبدایە، ئەوەی هەیانە موڵکی سەرۆکەو هەر کاتێکیش پێویستیکرد دەبێت بکرێتەوە بە فیدای سەرۆک، ڕووتکردنەوەی بەردەوامی دەستەیەک لە بازرگان و پارەدارانیش لە سامانەکانیان و بەرزکردنەوە و دروستکردنی دەوڵەمەند و بازرگانی نوێ، شێوازێکی سەرەکی ڕەفتاری بەعس بووە. هەموو بازرگان و دەوڵەمەندەکانی عێراقیش دەیانزانی کە جودا لە ململانێکانی بازاڕ، دەشێت لە هەموو ساتێکدا ببنەوە بە پیاوێکی ئاسایی و لە هەموو شتێک ڕووتبکرێنەوە. هەڵبەت ئەم حاڵەتەش کایەیەکی پەشێو و بێبەرهەم دروستدەکات کە سامان و موڵکییەت یاسایەکی تایبەتی نایانپارێزێت و کاراکتەر موڵکداریش کاراکتەرێکی نادیارە کە تەنها بۆ هەندێ دەسکەوت و قازانجی خێرا کاردەکات.

بەعس لە مێژووی خۆیدا زوو زوو پاکسازی گەورە گەورە ئەنجامدەدا، ئەم پاکسازیانە بریتین لە لەناوبردن و پاککردنەوەی دەسەڵاتدارو کەسایەتییە بەهێزەکانی ناو کایەیەک و دانانی خەڵکانی نوێ و کەسانی تازە لەجێگایان، ئەو پاکسازیە گەورانە تەنها بوار و دەزگا و کایە گرنگەکانی وەکو سوپا و حیزب و کەرتی بازرگانی ناگرێتەوە، کە هەرچەند ساڵ جارێک بە لێشاوی گەورە، زۆربەی کەسایەتییە سەرەکی و کارا و ئەکتیڤەکانیان دەکرێت بەداردا، بەڵکو دادەبەزێتە ناو بوارەکانی دیکەشەوە. ستراتیژی سەرەکی بەعس لە بواری ئیدارەکردنی کایە لۆکاڵەکاندا ستراتیژی «دەرکردن، گواستنەوە، پلەدابەزاندن، کوشتنە»، بەعس لە ساڵانی فەرمانڕەوای خۆیدا هەموو بوارە ئیدارییەکان دەخاتە ناو پرۆسەی ئاڵوگۆڕێکی خێرای دەموچاوەکانی دەسەڵاتەوە، لەم پرۆسەیەدا دەشێت زوو زوو هاوکێشەکانی دەسەڵات و

دابەشـبوونی هـێز لە بوارە جـیـاجـیـاکـاندا بـگۆڕێت، واتە ئەوەی کـە ئەمـڕۆ فـەرمـانداری ناو کـایەیەکە بـەیانی دەبێـتە ژێردەست و بەپێـچەوانەشـەوە، ئەم دۆخـە وادەکات بیـرۆکراسـیـەتی باڵادەست لە عـێـراقـدا، بیــرۆکـراسـیــەتی تـەکنیـککاران و ئـیـدارییــەکـان نەبێت، بەڵکو بیـروکـراسـیـەتی حـیـزب بێت، ئارەزووی حـیـزب ئـەوە دیاریدەکـات کـە کێ بەڕێوەبەرە و کێ ئەفـســەری باڵایە و کێ دەوڵەمــەندە و کێ بەڵێندەرێکی گـەورەیە و کێ بـازرگـانـە. دەکـرێت ئەمـجۆرە سـیـستـمـەی بەڕێوەبردن ناوبنێین بەڕێوەبردن لـەڕێگای هەڵتـەکاندنی توندەوە، یان لەڕێگای «شۆک ـ صدمة»ـەوە. لەڕاستیدا تێگەیشتن لەم خاڵە و دیاریکردنی ڕەگەزەکانی لەناو جیـهانبینی بەعسدا، لەنـاو ڕەفتـاری بەعسدا، گرنگە تا لە ڕیشـەکانی ئەنفالیش تێبگەین، چونکە ئەنفـال لە جـەوهـەریدا گـەیشـتـنی ئەو کـرداری «شـوک ـ صـدمة» دروسـتکردنـەیە بە ئاسـتێکی ئێجگار نائاسـایی و خـوێناوی. ئەوەی کە لە سـەرەتاوە بە ڕوداوسـازیـی ناومنا، لە ڕاستیدا بریتییە لە سازکردنی ڕوداو لە ڕێگای هەڵتەکاندنی بێڕەحمانەی هەموو ئەو کایانەوە کـە بەعس دەیکات بە بواری گـەمـەی خـۆی، ئەنفـالیش ئاوێنەی ئـەو ڕاسـتـییـەیە کـە بەعس خـوازیاری ئەوەیە کـە کۆی مێژوو لەڕێگای شـۆکـەوە دروسـتبکاتەوە، واتە ئەنفـال لە دیوێکدا ڕەنگدانەوەی ئەو شـێـوازە ئیـدارییەیە کـە بـەعس لە ســەرەتاوە لەگـەڵ خـۆیدا هێناویەتی، وە درێژکراوەی ئەو شـێوازەیە کاتێک لە ئاسـتە پچوکەکانەوە گوازراوەتـەوە بۆ ئاسـتی ئێجگار باڵا.

### بەعس و سیستمی کۆنترۆڵکردن

بەعس دەیەوێت هـەمـوو جیـهـان بکاتە ئاوێنەیەکی گەورە، ئاوێنەیەک کـە جگە لە وێنەی خـۆی هیچ وێنـەیەکی دیکەی لەسـەر نـەبێت. ئەو دەیەوێت بگـاتە هـەمـوو جێگاکـان، بگاتە نـاو هـەمـوو ژیانەکـان و سنـووری هـەمـوو جـوگـرافـیـاکـانیش بـبـەزێنێت. ئەو شــەیدای بوون و ئامـادەگی خـۆیەتی و هـەمـوو پێشـهـات و کـارەسـاتێکیش دەخـاتە خـزمـەتی ئەو شـەیداییـە. ئەو دەیەوێت بخزێتـە نێو هـەموو جێگاکان، بگاتە کەلەبەرە پچـوک و ڕوبەرە فراوانەکان، ببێت بە بەشێک لە حکایەتە وردەکـان و سـەربووردە گەورەکانیش، ببێـتە ڕەگەزێکی گرنگی پێکهاتی سـیاسـیانەی جیهان و بشبێتە بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە پچـوک و پەراوێزییەکان، دەیەوێت لەیەک کاتدا وێنـەی لەســەر پەردەی هـەمــوو شــاشــەکــانی دونیــاو لـەســەر هـەمــوو دیوارە ڕوخــاوەکــانی نیشتمانیش بێت. هیچ کەناڵ و دەرگاو دەروازەیەکیش نامێنێت بەکارینەهێنێت. ئەو لە هـەموو جێگایەکدا دەڕوێت و لە هـەموو ڕێگایەکەوە سـەردەردەهێنێتـەوە، ئەو لە گیانی شـاعیرەکان و لە تێکســتی نووســەرەکــانـەوە ســەردەردەهـێنێــتــەوە، بڕیـاری داوەرەکــان لە دادگـا کــەناڵێکی

دەرکەوتنی هەیبەتی ئەون، ئاوازی ئاوازدانەرەکانیش ڕێگایەکن بۆ ستایشی ڕەونەق و جەلالی ئەو. ئەو وەکو چۆن کاریگەری لەسەر شێوازەکانی جەژنکردن، عەشق، پەیوەندی دایکان و بابان و منداڵان هەیە، ئاوەهاش کاریگەری لەسەر فیکەی حەکەمەکان هەیە لە کاتی یاریدا.

بەعس شەیدای ئەوەیە کە لە هەموو پانتاییەکدا ڕوداوێک سازبکات کە لەپشت ئەو ڕوداوەوە مێژووی کەسەکان و شتەکان و هەرێمەکان چیدی نەگەڕێنەوە سەر ڕەوشی جارانیان. کۆنترۆڵ لای بەعس، تەنیا چاودێری و سزانییە، بەڵکو هەڵتەکاندن و تێکشکاندنە، گۆڕین و ڕۆچوونە بۆ ناوەوەی شتەکان. بەعس پرۆسەی گۆڕانکارییە گەورەکان لە ئایدۆلۆژییە شۆڕشگێڕەکان قەرزدەکات، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو دەتوانین بڵێین کە ڕژێمەکانی لە جۆری بەعس تەنیا لەو قۆناغانەدا سەرهەڵدەدەن کە میللەتان و شارستانییەکان چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی گەورەن، هەر لەسەر خەونی گۆڕانکاری گەورەش دەتوانن شەرعییەتبدەنە هەڵتەکاندنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپاکردنی جینۆساید و پاکاوکردنی ئەتنی.

بەعس وەکو دەوڵەتە مارکسیستییەکان، لەدوای سڕینەوەی قۆناغەکانی پێشوو و شێوە دەسەڵاتەکانی دیکەیە، لەدوای دروستکردنی مرۆڤێکی دیکەیە، بەڵام بەوەدا بەعس ئامانجێکی ئایدۆلۆژی کۆنکرێت و بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری داڕێژراو و نەگۆڕیی نییە، بەپێچەوانەی کۆمۆنیزمەوە بواری گەمەی خێراو گۆڕانی خێراو پێچکردنەوەی گەورەی هەیە. بەعس بەهۆی ئەو گۆڕان و پێچکردنەوە خێرا خێرایانەوە دەتوانێت مێژوویەکی فەنتازیانەتر وەگەڕبخات، کردەکانی خۆی پتر بە سەمبولی جۆراوجۆر باربکات، لە هەموو قۆناغێکیشدا لەناو ئایدۆلۆژیا باوەکاندا ئاسانتر شەریک و دۆست دەدۆزێتەوە. دواجاریش ئەو شەیدای هەستکردنە بە قورسایی و هێزی خۆی، ئەو هێز وەرگرتنە هەندێجار ڕاستەقینەیەو هەموو فشارو توانای خۆی دەخاتە مەیدان تا ئەو هێزە بە ئاراستە وێرانکەرەکەی بخاتەگەڕ، هەندێجاریش تەنیا وێنەیەکی سومبولیانەو فەنتازیایەکی ئایدۆلۆژییە. لەدوا ئاستیشدا ئەوەی لای بەعس گرنگە ئەوەیە کە کاریگەری بوونی خۆی ببینێتەوە. ترسناکترین سات لای بەعس ئەو ساتەیە کە چیدی ناتوانێت خۆی لەسەر نەخشە گەورە و پچوکەکان ببینێتەوە. ترسی هەرە گەورەی بەعس لەو پەراوێزانەیە کە دەستی پێیان ناگات. ترسی گەورەی لەو ڕابەرە پچوکانەیە کە هێشتا دەسەڵاتیان نەبۆتە بەرجەستەکەری دەسەڵاتی ئەو. ترسی لەوکەسانەیە کە بوونی خۆی لە نەزمی ڕۆژانەی ژیانیاندا نابینێتەوە، کە سەیری پێکهاتنی کۆمەڵایەتییان دەکات فەنتازیاکانی خۆی نادۆزێتەوە... لێرەوە ستراتیژی گەورەی بەعس سڕینەوەی هەموو پەراوێزە نامۆکانە، لەم سیستمەدا پیاوی بێلایەن کە دەیەوێت ژیانی تایبەتی خۆی بژی، هەر بەهەمان ئەندازەی چەکدارێکی ئۆپۆزیسیۆن شوێنی بڕوایە، لە سیستمی بەعسدا پانتاییەک نییە ناوی

ژیانی تایبەتیی بێت. لە دیدی ئەم ڕژێمەدا، نابێت لە چواردەوری ئەو، هیچ ژیانێک و سیستمێک و پێکهاتێک هەبێت کە لێمانڕوانی سەنگی بوون و قورسایی کاری ئەو نەبینینەوە، نابێت پەراوێزێک هەبێت مێژووەکەی بەشێوەیەکی قەسری تێکەڵاوی مێژووی بەعس نەبووبێت.

هەڵبەت ئەمجۆرە سیستمە کە دان بە سنوور و ئازادی و پەراوێزی تایبەتیدا نانێت، پێویستی بە سیستمێکی زۆر تایبەتی کۆنترۆڵکردنیش هەیە. لەگەڵ بەعسدا هەڵەیە وائێبگەین کە لەڕێگای چەمکی «چاودێری» و «سزا» یان «قەسوەت» و «توندوتیژیی»ـەوە دەتوانین لەم دەوڵەتە بگەین، چونکە بەعس دواجار لە وێستگەی ملکەچیدا ناوەستێت، ملکەچی و گوێڕایەڵیش دەروازەی لێخۆشبوون نین، کێشەکەش ئەوە نییە کە گەر گەمەکانی بەعسمان وەکو خۆی کرد، یان ڕێساکانیمان نەشکاند ئیدی بەو کردارە سەلامەتی خۆمان زامنکردووە. ئەو بەوە لێمانانابورێت کە نۆرمەکانی ئەو و وێنەکانی ئەو بۆ مرۆڤی«نۆرمال ـ ئاسایی» قەبوڵبکەین. ئەو یاسایەکی نییە بۆ جیاکردنەوەی «ئاسایی» لە «نائاسایی» تا لە ڕوانگەیەوە نائاساییەکان لە سیستمێکی تایبەتی چاوەدێری و سزادا کۆنترۆڵبکات. لەڕاستیدا مرۆڤی ناو سیستمی بەعس لە دونیایەکدا دەژی کە گەمەی نێوان دەسەڵات و ژێردەستەکان لەوەدا ناوەستێت، بڵێین کەسان لەم سیستمەدا لەژێر زەبری چاوەدێری و ترسی سزادان. «کۆنترۆڵ» لە عورفی بەعسدا مانای ملکەچی نییە بەتەنیا، بەڵکو مانای نەبوونی هیچ ڕێسایاک لە مامەڵەکردن و ڕێکخستنی پەیوەندی سەردەست بە ژێردەستەوە«یاخود دروستتر قسەبکەین، پەیوەندی بەعس بە هاووڵاتیانەوە» و قبووڵکردنی ژێردەستیش بۆ ئەو دۆخی ڕێسانەبوونە.

نازیزم یان کۆمۆنیزم یان توندڕەویی ئاینی، هەر یەکەیان کەتەلۆگێکی ئاشکرای عیرقی یان چینایەتی یان ئاینیان هەیە و پاکاوکردن«تطهیر»ـەکانیان لەسەر ڕۆشنایی ئەو کەتەلۆگەدا ئەنجامدەدەن. بەڵام کێشەکە لە عێراقدا جۆرە سڕینەوەیەکی عیرقی نییە، لەسەر تەرزی پاکاوکردنی جوولەکەکان لە سەردەمی نازییەتدا، هەزارەها کورد خۆیان لە ئەنفالدا بەشدارن، ئەگەر چی ڕاستەوخۆش لە ساتی کۆکردنەوەی قوربانییەکاندا بە ئاشکرا نەیانزانیبێت، چی دەکەن، لەو کاتەدا کە سەدام ئەنفالدەکات لەهەمان کاتدا بە بەرگی کوردییەوە دێتە سەر تەلەفزیۆنەکان، بەڵام ئەنتیسامیزم لە کەلەپوری نازییدا، مرۆڤەکان لەسەر ڕۆشنایی خوێن دابەشدەکەن، لەم دابەشکردنەشدا جووەکان، نوێنەری خوێنێکی پیسن، گۆبلز لەسەر جووەکان دەیگووت : « گەر هات و یەکێک بە قامچی کەوتە کوتانی سەروڕوخساری دایکت، تۆ دەڵێیت: سوپاس قەیدی چییە، ئەویش مرۆڤێکە، نا ئەو مرۆڤ نییە، جووەکان گەلەک خراپتریان دەرهەق بە ئەڵمانیای دایکمان کردو تائەمڕۆش دەیکەن، ئەوان ڕەگەزی ئێمەیان گڵاوکرد، توانای ئێمەیان داتەپان، نەریتی ئێمەیان هەڵتەکاند، هێزوتاقەتی ئێمەیان

تێکشکاند» ‹٨›، ئەمە جگە لەوەی کە ئەنتیسامیزم بەشێکی گەورەیە لە کولتوورێکی کۆن و تەمەندرێژ. لە فەلسەفەو ئەدەبی ئەڵمانیدا، جگە لە لیسینگ، گۆتە، شێلینگ، هیگڵ، دەگمەنن ئەو نووسەرانەی کە بەئاگا یان بێئاگا، هێرشیان نەکردۆتە سەر جووەکان. ‹٩› بۆ نمونە زۆر لە یاسا ئەڵمانییەکان مۆرکی ئەو دژایەتییەکردنە قوڵەی جووەکانی پێوەدیارە، ژنهێنان لە ئەڵمانیای نازییدا، دەبایە ڕەچاوی هەموو مەرجەکانی پاکڕاگرتنی خوێنی بکردبایە، بەبێ پشکنینێکی پزیشکی ورد و بەبێ «ڕەگەزدۆزی ـ الفحص العرقی» ژنهێنان ئەستەم بوو‹١٠›، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا هاندانی ژنهێنان و شووکردنی کورد بە عەرەب دیاردەیەکی بەرچاوبوو، لە ڕاستیدا بەعس لە هەوڵی بێووچانیدا بۆ لاوازکردنی ڕەگەزە ئەتنییەکانی کورد، ڕەهەندێکی عیرقی نییە، ئەو زمانەش کە هیتلەر و گۆبلز و نازییەکانی دیکە بەکاریاندەهێنا، بە زەحمەت لە ئەدەبیاتی بەعسدا دەیدۆزیتەوە، ئەدەبی عێراقیش، ئەدەبێکی دژەکورد نەبووە، ئەگەرچی لێرەو لەوێ نمونەی ناشیرینیشمان هەبێت. لێرەوەیە کە من پێموایە پاکاوکردنی کورد، دەبێت تەنیا لە ڕێگای سیستمی دەسەڵات و «پاکژکردنەوەی فەزای سیاسییدا لە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی دیکە» تەماشابکەین، نەک لەسەر ڕۆشنایی کینەی عرقی یان دامەزراندنی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی بێگەرد، یان پاکژکاری چینایەتی یاخود دینی. لە ڕاستیدا نەبوونی ئەو کەتەلۆگە بەهیچ جۆرێک مانای بوونی ڕەهەندێکی مرۆڤدۆست نییە لەلای بەعسییەکان، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ئەم بێکلێشەییە، جەوهەری دڕندەیی بەعس دیاریدەکات. بەعس لە فەزای ئیشکردنی خۆیدا، ئاسایی و نائاسایی جیاناکاتەوە تا لە هەڵبژاردنی قوربانییەکانی خۆیدا ئازادبێت، تا هیچ کلێشەیەک نەبێت ژێردەستەکان بۆ پاراستنی خۆیان ڕەچاویبکەن.

کێشەکە لەگەڵ بەعسدا نە کێشەی نەتەوەیە، نە کێشەی عرقێکی تایبەتی گلاوە، نە کێشەی کافر و موسڵمانە، بەڵکو کێشەی دەسەڵاتێکە کە نایەوێت بەهانەیەکی تایبەتی بۆ کوشتن دابڕێژێت، چونکە نایەوێت خودی ئەو بەهانەیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم کوشتن و هەڵبژاردنی قوربانییەکانی دیکەدا.

هەموو سیستمێکی دەسەڵات، فەردەکان بەپێی پابەندبوون یان یاخیبوون بە هەندێ دەستووری تایبەتییەوە هەڵدەسەنگێنێ، نزیکی فەردەکان لەو دەستورانەش وادەکات وەکو کەسانی ئاسایی و هاووڵاتی باش سەیربکرێن، تا سنورەکانی دەستووریش ڕونتر و ئاشکراتربن، هاووڵاتیان پتر دەتوانن تێبگەن، چۆن دەکرێت ببنە کەسێکی ئاسایی، کۆمەڵیش پتر دەتوانێت گوناهبار و بێگوناه لەناو خۆیدا جیابکاتەوە. لە سیستمە زۆر سەرەتاییەکاندا کە یاسا نووسراوەکان لەگۆڕێ نین، سیستمێکی سەرەتایی پابەندبوون «ولاء» حوکمدەکات. کێشەی گەورەی بەعس ئەوەیە کە ڕژێمێکە نە بەپێی سیستمە سەرەتاییەکانی پابەندبوون و

ولاء حوکمدەکات و نەبەپێی دەستورێکی ئاشکرا کە داوای هەندێ ڕەفتار و مانا و بەها لە هاووڵاتی بکات. یەکێ لەو کێشە گەورانەی کە بەعسییەکان لە عێراقدا تووشیاندەبێت ئەوەیە کە نازانن چۆن بەعسی بن، واتە نازانن بەعسی بوون دەبێت چۆن بێت، تا ئەوان لەسەر ڕۆشنایی ڕەچاوکردنی یاساکانیدا ژیان و سەلامەتی خۆیان مسۆگەربکەن. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بەعس بەردەوام کۆمەڵێ کردار و ڕەفتار و داواکاریی نییە لە بەعسییەکان تا جێبەجێیبکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەعس لە هەر سیستمێک زیاتر فەردەکانی خۆی بە داواکاری باردەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هیچ یەکێک لەو فرمانانە و هیچ جۆرە دڵسۆزییەک و هیچ جۆرە ستایشێکیش بەس نییە تا بەعسییەک بکاتە کەسێک، کە ژیانی زامنبێت، ئەگەر بەعسیبوون ببێتە هۆیەک بۆئەوەی هاووڵاتیان نەکوژرێن، مانای خودی بەعسیبوون بۆتە ڕێسای سەلامەتی، بەڵام ئەوەی لە عێراقدا بەرچاوە ئەوەیە کە بەعسییەکان ئەگەر پتر لە دەستە و تاقمەکانی دی لێیان نەکوژرابێت، ئەوا کەمتریان لێ نەکوژراوە. بە واتایەکی دیکە پابەندبوون و وەلائی حیزبی یان خێڵەکی، گەرەنتی هیچ شتێک ناکات... دواجاریش پیاوان و جەنگاوەرانی ڕژێم چەندە دڵسۆزبن، چەندە هەموو وویست و بەرنامە و نەخشەکانی ڕژێم جێبەجێبکەن، ئەو کردارانە هیچیان مانای ئەوە نییە، بتوانن شەوان ئاسودە و بێترس بخەون.

کۆنترۆڵ لە کولتوری بەعسدا لەسەر دوو چەمک بەندە: یەکەمیان ئەوەیە، کە دەبێت هەموو هاووڵاتییەک دڵنیابێت، هیچ جۆرە ملکەچی و پابەندبوون و دڵسۆزییەک بەس نییە بۆ پاراستنی. دووەمیش ئەوەیە، هەرگیز بەدوای هیچ تەفسیرێکی لۆژیکی و مەعقولدا نەگەڕێت بۆ مانەوە و مردنی خۆی. بەعس تەنها لەم ڕێگایەوە دەتوانێت ڕووبەڕە فەردییەکان و پەراوێزە تایبەتییەکان داگیربکات، هەرکاتێک هاووڵاتیان زانیان دەبێت چی بکەن، تا دەوڵەت لێیان ڕازیبێت، ئەوکات دوای ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێکرد، ڕووبەرێک لە ژیان دەمێنێتەوە کە دەتوانن لەویادا پادشا و بڕیاردەربن و خۆیان ئازادانە خاوەنی ژیانی خۆیان بن. بەڵام کە هاووڵاتی نەیزانی چۆن دەبێتە هاووڵاتییەکی ئاسایی، نەیزانی چۆن لە مەترسییەکان خۆی بپارێزێت، ژیانی دەبێتە ترس و پەشۆکانێکی بەردەوام. کۆنترۆل لەم سیستمەدا ژیان دابەشدەکاتە سەر دوو بەش، یەکەمیان: ئەوەیە کە دەبێت نیوەی ژیانت سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانە بیت کە بەعس دەیسەپێنێت بەسەرتدا، ئەو فەرمانانەی کە کۆتاییان نییە. دووەمیش: ئەوەیە چاوەڕوانی ئەو شێوە مردنە بکەیت کە ئەو بۆت هەڵدەبژێرێت... هاووڵاتی نۆرمالیش لای بەعس ئەو پیاوەیە کە هەموو فرمانەکان جێبەجێدەکات و ناشڵێت «مەمکوژە». کە زانیشی دەکوژرێت، هەرگیز ناپرسێت «بۆ؟»

**هەندێک تێبینی دەربارەی پەیوەندی بەعس و مۆدێرنە**

هەڵبەت دەسەڵاتێک کە بەو جۆرە کاربکات، دەسەڵاتێکی ئێجگار سەرەتاییە. بە ئاڕاستەی وێرانکردنی کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و شکاندنی ڕۆڵی پۆزەتیفی دەسەڵات لە پێکهاتی کۆمەڵایەتیدا کاردەکات. کارەساتی گەورەش ئەوەیە ئەم سیاستە لەلای بەعس دەبێتە سروشتی سەرەکی، دەبێتە ئەلتەرناتیڤی ڕەفتاری ئاسایی و سروشتیانە، لەپشت ئەم جۆرە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنەشەوە خولیایەکی گەورە هەیە بۆ دروستکردنی جۆرە مێژوویەکی دیکە.

بەعس لە ئەدەبیات و ڕاگەیاندنی خۆیدا بەردەوام خۆی بە تۆفانێک دەشوبهێنێت کە هەڵدەکات و ڕوخساری شوێنەکان و کاتەکان دەگۆڕێت، ئەو ڕژێمێکە دەیەوێت دوای تێپەڕینی لەتەنیشت شتەکانەوە شوناسی خۆیان و پێکهاتی خۆیانیان لێبستێنێ و شوناسێکی تر و ژیانێکی تریان بداتێ، نابێت شتەکان دوای ئەوەی بەرپەنجەی بەعس دەکەون وەکو خۆیان بمێننەوە. لەپشت هەموو ئەم گەمەیەشەوە بەعس بۆ جیهانێک دەگەڕێت کە بەهەر لایەکدا ڕوانی وێنەی خۆی ببینێتەوە، دەیەوێت جێپەنجەی خۆی لەسەر هەموو شتەکان ببینێت، خوازیارە کاریگەری خۆی لەسەر هەموو لەشەکان بدۆزێتەوە. بەکورتی ئەو دەیەوێت جیهانێکی نوێ سازکات، شتەکان بەناو خەلیقەتێکی دیکەو گەردون بەناو بەرپاکردنێکی نوێدا ببات. ئەو بۆ دابڕاندنی دونیای خۆی دەگەڕێت لە دونیاکانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەو ئارەزووە بەجۆشەشدا بیرۆکەیەکی کۆنکرێتی دەربارەی یۆتۆپیاکانی خۆی لانییە. یۆتۆپیاکان و ئایدۆلۆژیاکانیشی بەهانەی سازکردنەوەی ئەو زیندووبوونەوە نوێیەن، جەنگەکانی بەهانەی دەستێوەردانی جیهانن تا شتەکان لە دوای ئەو ڕەنگێکی دیکەیان هەبێت. ئەو هەموو شتەکان لە جێگای خۆیان هەڵدەتەکێنێت، بەڵام بەرەو کوێ؟ بەعس لێرەدا چارەنووسەکان و ئاڕاستەکان ڕەچاوناکات، گرنگ نییە بەرەو کوێ، بەڵکو گرنگ تاقیکردنەوەی هێزی خۆیەتی لەسەر لەقاندنی شتەکان. ئەو جیهانێکی مەبەستە کە بتوانێت ڕۆژانە هێزی خۆی تیا تاقیبکاتەوە، لابورێکی مەبەستە ڕۆژانە کارلێکی تواناکانی خۆی لەگەڵ شتەکاندا ببینێت. دونیایەک کە ببێتە شاهیدی دەسەڵاتی ئەو. دەبێت خەڵکانی سنووری دەسەڵاتی ئەویش، کەرەستەو بابەتی تاقیکردنەوەکانی ئەوبن. لێرەوەیە بەعس وڵاتێکی نوێی دەوێت کە هیچ دەسەڵاتێک نەتوانێت فەزایەکی سیاسی ئازادی هەبێت، مرۆڤێکی نوێشی دەوێت کە هەڵگری هێز و توانای بەعس بێت، لە هەمان کاتیشدا کوشتە و قوربانی خودی ئەو هێزەش بێت.

بەعس ئەم ڕوانینە تا سنوورەکانی خورافەت گەورەدەکات، لە هەموو قۆناغێکیشدا پێیوایە دەتوانێت چۆنی بوێت یاری بە مـەعـدەنی شـتـەکـان بکات، پێـیـوایە دەکـرێت ئازادبێت لە فـەنتـازیاکـردنـدا، ئەو فـەنتـازیای جـوگـرافـیای تـازەو فـەنتـازیـای مـرۆڤی نوێ و ملـکەچی نوێ دەکات. تا ئەو شوێنەش کە فەنتازیا فاشیستییەکانی بەعس پەیوەندی بە ژیانی هاوولاتیان و دانیشـتـوانی عێراقـەوە هەیە، جیـهانـی دەرەوە تەواو چاوپۆشـی لەم ڕژێمـە دەکـات، بەڵام کە بەعس گەمـەکەی خۆی دەباتە دەرەوەی سنوورەکانی عێراق، کە دەگاتە ئەو ئاسـتەی بڕوابکات کـە دەتـوانێت دۆخی ئـاسـایی هـەمـوو شـتـەکـانی دەرەوەش بلەقـێنێت، ئا لەویادا جـیـهـان لەبەرامبەر فەنتازیاکانی بەعسدا هەڵوێستەدەکات و هەڵوێست وەردەگرێت.

بەڵام چی وادەکات بەعس بگاتە ئەو بڕوایەی کە دەتوانێت، یاری بە هەمـوو شتـەکان بکات، چی چەکی فـەنتازیاکردنی ئەو جیهانە تازەیە دەداتـە بەعس؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیـارە ناتوانین خـۆمـان لە دادگـاییکردنی مـۆدێرنە لابدەین. مـۆدێرنـە بە هەمـوو هـێـزە گـەورە و توانا بێسنوورەکانییەوە دەرگایەکی نـائاسایی و گەورە لەبەردەم بـەعسـدا دەخـاتە سـەرپشت، ئەوە مۆدێرنەیە کە هۆکانی بونیـادنانی سوپایەکی گەورە و دەوڵەتێکی نوێ دەداتە بەعس کە هێزی سـەرەکـیین بـۆ فـەنتـازیاکـردنی سـیـاسـی و هـۆی سـەرەکین بۆ ڕکـێـفکردنی شـتـەکـان و دروستکردنی ڕوداوی گەورە.

بۆ ئەوەی جیـهان ببێتە ئەو ئاوێنەیەی کـە لەڕێگایەوە بەعس خۆی دەبینێتەوە، دەبێت بەعس سـوپایەکی گـەورەی هـەبێت کـە زەبری لەسـەر گـیـاندارو بێگـیـانەکـان دەربکەوێت. دەبێت ڕاگـەیاندنێکی سـەرتاپگیـری لـەبەردەسـتـدابێت کـە جـیـهـان پڕبکات لە وێنە و سـەمـبـول و گـووتارەکـانـی ئەو. دەبێت دەوڵەتێکی نوێی هـەبێت کـە هەمـوو چەمکەکـانی ژیان بـخـاتە ژێر چنگی خـۆیەوە. ئەم سێ ئاسـتـەش تەنـها مـۆدێرنەو شـێـوەکانی و هێزەکـانی دروسـتیـدەکەن. مـۆدێرنەیە کـە «تەلەفـزیۆن» دەبەخـشـێـتـە بەعس، کـە هـەڵبـەت لەلای بەعس تـەنیـا ئامـێـری خۆنیشـانـدان نییـە، بەڵکو ئامێری خۆبینینەوەشـە، بەعس لەڕێگای تەلەفزیۆنەوە تەنیا خۆیمان نیشاننادات، بەڵکو لەهەمان کاتدا لەڕێگای چاو و هەست و نەستەکانی ئێمەوە دووبارە وێنەی خـۆی دەبینێـتـەوە. ئەو لەڕێگای تەلەفـزیۆنەوە لەناوەوەمـاندا سـەوزدەبێت و دووبارە لە قـوڵایی گیـانماندا تەماشـای وێنەکانی خۆی دەکـات. بەبێ مۆدێرنە ئەسـتەمە بەعس بتـوانێ ئاوێنەیەک بەرامـبـەر گـیـانمـان دابنێت و لـەو ئاوێنەیـەوە بوونی خـۆی نـیـشـانی ئێـمـە بـدات و دواتر لە کـاریگەری ئامادەگی و هەیبەت و سـوڵتـانی خۆی بڕوانێت لەناوماندا. بەعس تەلەفزیۆن وەکو کەرەستەیەکی خۆبینینەوەو خۆتەماشاکردن بەکاردەهێنێت. تەلەفزیۆن دواجار لای ئەو بەتەنیا ئامێرێکی سەر بە مۆدێرنە نییـە، بەڵکو ئاوێنەیەکی سیحـراوییە، کە تەنیا یەک فـەرمانی هـەیە،

ئەویش کۆنتـرۆڵی عەقڵ و خـەیاڵ و ئارەزوو و وویسـتـەکانە. بەڵام لە چەک و تەلەفزیۆن گرنگتر، ئەو دەزگا گەورانەیە کە هەمـوو ڕووەکانی ژیانیـان خسـتۆتە ژێر ڕکێفی خـۆیان. لێرەدا زۆر گـرنگە ئـەوە زیادبکەم کـە قـسـەکـردن لەسـەر ڕۆڵی مـۆدێرنە هەرگـیـز بەو مـانـایە نـیـیـە کـە مۆدێرنکردن لێرەدا مۆدێرنکردنی پێکهاتی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، بەڵکو

بەعس دەوڵـەتێکە شـەیدای پەلکشان و بڵاوبوونەوەیە، هـەڵبەت ئاسایـیـە کە ببینین دەوڵەت بۆ هـەر لایەنێکی ژیان دەزگای تایبەتی دامـەزراندووە، بەڵام دەزگاکانی بەعس ئەوەندەی نوێنەری ڕکێفکردنی حیزبن بۆ کۆی ژیان، نوێنەری وەزیفەکانی دەوڵەت نین. بەعسیەکان کـە دەسەڵات دەگـرنـە دەست، دەوڵـەتێکی لاوازیان بۆ بەجـێـمـاوە، بـە کـۆمـەڵی دەزگـای پچـوک و لاواز و بێکاریگەرەوە، دەوڵەتێک کـە ناتوانێت کـۆنتـرۆڵی ژیان و کـۆمـەڵگا بکات، ناتوانێت بچـێـتـە پەراوێزەکانەوە و کارێک بکات فەردەکان پابەندبن و گروپەکان لەڕێگای ئەوەوە شێوەی خۆیان وەرگرن. دەوڵەتی عێراقی پێش بەعس دەوڵەتێکە لە شـارەکاندا توێژێکی چکۆلانەی فەرمانبەرو مـامۆسـتـا و پـۆلیسی هەیە و ناتوانێت گـاڕانی گـەورە و گـردبوونەوەی سـامـدار و کـەرنەڤـالی بەشکۆ سازبکات. جەسـتـەی ئەو دەوڵەتە لەوە پچوکترە بتوانێت خـۆی وەکو قـەوارەیەکی مەزن بخـاتـەڕوو و کـاریگـەری سـیـحـراوی لـەسـەر گـەل جـێـبـهـێـڵـێت... دەوڵەت پێش بەعس هـەیە و ئامـادەیـە، بەڵام نـاتوانێت هەمـوو دیمەنـەکـان بگرێت و هەمـوو ڕوداو و پێـشـهـاتەکـان کـۆنتـرۆڵبکات. ناتوانێت زەبرێکی ئەوتۆ بخـاتـە سـەر ژیان کـە لەبەردەمـیـدا هەمـوو پێکهـاتە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە تێکبشکێن.

بەعس کە دەبێتـە فـەرمـانڕەوا، دەزانێت کە پێـویسـتـە جـۆرە دەوڵەتێکی دیکە دروسـتبکات، بۆئەوەی دەوڵـەتێکی دیکەش دروسـتـبکات دەبێت دەزگـاکـانی بە هـەمـوولایەکـدا گـەشـەبکات، دەبێـت دەزگـاکـانی پەلبکێـشـنە ناو هـەمـوو کـونج و کـەلەبەرەکـانی ژیانـەوە، دەبێت هـەمـوو هـاووڵاتییەک بە سـەدەها داوی جۆراوجۆر و گرێی کوشندەوە بە دەوڵەتەوە گرێبدرێنەوە.

بەعس لەسـەرەتاوە مـۆدێلی دەوڵەتێکی تۆتالیتـاری لە سـەرایە، هەڵبـەت ئەم مۆدێلە بەڕای من تەنیـا لەو هەلومـەرجـەوە هەڵناقـوڵێت کـە دەوڵەتی پۆست کـۆلۆنیـال دوای ڕزگـاری خـۆی تیـا دەبینێـتـەوە و تیـایدا ناچارە بـۆ پێکهاتی «دەوڵەت ـ نـەتەوە» کاربکات و لەو پێنـاوەشـدا دەبێت گـروپە ئەتنییەکانی تر بتـوێنێتـەوە، بەڵکو ئەم دەوڵەتە لە پاڵ خـواسـتـە تایبـەتییـەکانی خـۆیدا، ئارەزوویەکی قـووڵی پـەلکشـان و گـەورەبـوونی هـەڵگرتووە کـە هـەلومـەرجـەکـانی مـۆدێرنکردن زەمینەی بـۆ خـۆشـدەکەن. لە عـورفـی شـۆڕشگێڕەکـانیـشـدا بووە بە بـاو کـە دوای سـەرکـەوتن دەبێت دەوڵەتێکی سـەرتاسـەر و بەهێـز دامەزرێنن، ئەم عـورفـە تەنیـا عـورفی مـارکسیـستـەکـان نـیـیـە، بـەڵکو هـەتا گـۆبلـزیش دەیگووت : «کـۆتایی شـۆڕش دەبێت هـەمـیـشـە دەوڵەتێکی

تۆتالیتاربێت، دەوڵەتێک کە دەخزێتە هەموو پانتاییەکانی ژیانی گشتییەوە» ‹١١›، تیوریستی گەورەی نازییەکان، کارل شمیت، لە ساڵی ١٩٣٢دا لە موحازەرەیەکدا بە ناوی « دەوڵەتی بەهێزو ئابووری تەندروست» باس لە دوو مۆدێلی جیاوازی تۆتالیتارییەت دەکات، یەکەمیان مۆدێلی ڕۆمانی، ئەوی دیکەشیان مۆدێلی جێرمانی. لە مۆدێلی ڕۆمانیدا دەوڵەت هەموو بوارەکانی ژیان دەخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە، دەخزێتە ناو هەموو چالاکییە ئینسانییەکانەوە، بەڵام لە دەوڵەتی جێرمانیدا، بە پێچەوانەوە دەوڵەت دەزگایەکی سیاسی بەهێز دادەمەزرێنێت و کەرتی ئابوری لەو مۆنۆپۆڵکردنە بەدوور دەگرێت ‹١٢›، هەڵبەت گومان لەوەدا نیە کە دەوڵەتی نازی و دەوڵەتی بەعسیش لەسەر شێوە مۆدێلی ڕۆمانی دامەزراون.

بەعس دەیەها بەڕێوەبەرایەتی گەورە و نوێ دادەمەزرێنێت. چەندەها زانکۆ دەکاتەوە. چەندەها کارگە و کەرتی ئابوری و خزمەتگوزاری دادەمەزرێنێت. بێئەوەی ئەم دەزگایانە لەڕووی ئیداری و ئابورییەوە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبێت، یان دەزگای بەرهەمهێنبن. ئەم دەزگایانە لە دواجاردا بەشێکن لە جەستە گەورەکەی دەوڵەت، دەبن بە ڕوبەرێک کە لەڕێگایەوە بەعس تەماشای مەزنی و گەورەیی خۆی دەکات. ئەو هەڵاوسانە ئیدارییە ترسناکە، ئەو بێبەرهەمییە کوشندەیەی کارگەکان، ئەو زیانە بێسنورانەی کە کەرتەکانی خزمەتگوزاری لە ئابوری دەدەن، ئەو هەموو کادێرە بێئیش و بێچارەنووسەی کە زانکۆکان بەرهەمیاندەهێنن... نیشانەی ئەوەن کە بەعس لەپشت هەموو ئەو شتانەوە بۆ شتێکی دیکە دەگەڕێت. بەعس دواجار دەوڵەتێکی دەوێت کە بە ئەندازەیەک گەشەیکردبێت، هەموو شتەکانی دیکە لەخۆی بگرێت و بوار بۆ هیچ پەراوێزێکی ئازاد نەهێڵێتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە وویستی پەلکشان و بڵاوبوونەوە بەسەر هەموو وەزیفە سروشتییەکانی دەوڵەتدا زاڵدەبێت. دەوڵەت دەبێتە دەزگای کۆکردنەوە نەوەکو دەزگای کارکردن و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و خزمەتگوزاری. من ئەم پرۆسەیە ناودەنێم «لەشسازی».

لەشسازی: بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لەشێکی بەرجەستە دەداتە دەوڵەت، واتە پرۆسەی بونیادنانی جەستەیەکی گەورەیە لە دەزگای جۆراوجۆر، پەلکشانی دەوڵەتە بۆ هەموو ڕوبەرەکان و لکاندنی هەموو تەنەکانی دیکەشە بە تەنی دەوڵەتەوە... لەشسازی دەرکەوتنی هەموو شتەکانە وەکو بەشێک لە دەوڵەت. لە پرۆسەی لەشسازیشدا وەزیفەی هەموو بوارەکان ئەوەیە کە بەکۆ، گەورەیی و تازەیی و زەبەلاحی دەوڵەت نیشانبدەنەوە. لە دواجاریشدا خودی ئەم پرۆسەیە تەعبیر نییە لە گەشەی سروشتی کۆمەڵگا، بەڵکو تەعبیرە لە گەشەی ناسروشتی دەوڵەت. بە مانایەکی تر، پرۆسەی لەشسازی تەعبیر لە گەورەیی پیشەسازیی و ئابوریی و بازرگانی ناکات، بەڵکو تەعبیر لە قەبەبوونێکی ناماقوڵی دەوڵەت دەکات. لەم پرۆسەیەدا

دەسـەڵات گـەر بەردەوام تەنی نوێ نەخـاتـە سـەر جـەسـتـەی خـۆی، ناتوانێت بـژی، یان تووشـی پەشـۆکـانێکی گـەورە دەبێت لە وێناکردنیدا بۆ خـۆی. لێرەوە دروسـتـبـوونی وەزارەتی وەهـمی، زۆربوونی کـارگـەی بەزیان، ئاخنینی ئیـدارەکـان بە فـەرمـانبـەری بێکار و پاسـیف، دیاردەی سەرەکی ناو حوکمڕانی بەعسە. کە دواجار بە دروستبوونی گاڕانێکی کۆنترۆڵکراو دواییدێت. بەڵام دەبێت بشـزانـین، ئەم پرۆسـەیە لە دواجـاردا مـەبەسـتی گـەورەکـردن و وردکـردنەوەی ڕووبەرەکانی دەسـەڵاتە. بەعس تەنـها دەزگـای زۆر دروسـتناکـات، بەڵکو ژمـارەی شـارەکانیش زیاددەکات. بەعس بۆئەوەی تەنی نوێ بخوڵقێنێت، ژمارەیەک شـارۆچکە دەکاتە شـار. دواجار کە کوێتیش داگیـردەکات، خـواسـتێـتی بیکاتە بەشـێک لە تەنی خـۆی. لەڕاسـتیـدا لە مەسـەلەی لکاندنی کوێتدا بە عێراقەوە ئەستەمە بتوانین بەڕوونی لەم سەرکێشییە گەورەیە تێبگەین، گەر لەو پرۆسـە فـراوانەی لەشـسـازی تێنـەگـەیشـتـین کـە لـە سـەرەتادا لە ناوەوەی عێـراقـدا هـەمـوو تەنەکـانی دیکەی لکاندووە بە تەنی دەوڵـەتەوە. لە کـێـشـەی کـوێـتـدا، عـێـراق چەندەها جـار ئاماژەیدەکرد کە ئامادەیە سامانەکانی کوێت لەگەڵ ئـەوانی دیکەدا بەشبکات، چونکە خاڵێکی گەورە لەو داگیرکردنەدا ئەوەبوو، بەعس پارچەیەکی دیکەی دەوویست بۆسـەر ئەو جەسـتەیەی کە دەبایە بەردەوام لە گەورەبووندا بێت.

هـەڵبـەت ئەم پرۆسـە سـتراتیـژییە بەبێ هێزەکانی مـۆدێرنە پیـادەنەدەکرا، ئەو کـایانەش کـە بەعس دەیکاتە بواری دروسـتکردنی تـەنی تازە و دەزگـای نوێ، کـۆمـەڵێک بوارن کـە دواجـار مۆدێرنە دروستیکردوون. بەڵام دەبێت ڕوون و ئاشکرا لامان دیـاربێت کە بەکـارهێنانی بەعس بۆ دەسکەوت و هـاندەر و کاریگـەرەکانـی مۆدێرنە، بەکـارهێنانێکی خـورافـیـیـە. بەعس دواجـار لەپشت تازەکردنەوەی پەیکـەری دەوڵەت و کۆمـەڵگاوە، بۆ وێنەیەکی خـورافی دەگـەڕێت، وێنەی جەسـتـەیەک کە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە و لە هـەموو شوێنێکیـشدا ژیان ڕکێفدەکات. گەر بە قـووڵیش بڕوانین ئەنفـال لە جـەوهـەری ئەو پرۆسـانە دوورناکـەوێتـەوە. ئەنفـال سـڕینەوەیەکی ترسـناکی ئەو ڕووبەرانـەیە کە نابنـە بەشێک لـە تەنی دەوڵەت، ڕیشـەکێشکردنی ئەو دونیـایە کـە نایەوێت بەئـاسـانی ببێتـە بەشـێک لە دونیـای بەعس، قڕانکردنی ئەو جـەسـتـانەشـە کـە نابنە پارچەیەک لە جەستەی ئەو.

**سەرباز و مرۆڤی ئیدیال لە دیدی بەعسدا**

بەعس بـۆئەوەی فـەنتـازیاکـانی خـۆی بهـێنێـتـەدی، دەبێت دونیـایەکی نوێ دروسـتـبکات، بۆئەوەی دونیـایەکی نوێش دروسـتبکات، دەبێت مـرۆڤێکـی نوێ بسـازێنێت. ئەو مـرۆڤـەش کـە

بەعس بە بەرزەنمونەی مـرۆڤی دەزانێت، دەبێت مـەرجـەکـانی ئەو سـیـسـتـمـە قـەبوڵبکات، ویستـەکانی جـێبەجـێبکات، سـەرکێشـیـەکانی بژی، لە هەمـان کـاتیشـدا هـێزی دەوڵەت و سـوتـەمـەنی ئارەزووەکـانی ئەویش بێت. واتە بەعس بۆ مـرۆڤـێک دەگـەڕێت، کـە لەیەککاتدا دەسـەڵاتی ئەو بەرجەستـەبکاتەوە و مادەیەکی ئـاسان و سووکیش بێت بۆ فەنابوون، ئیرادەی ئەو دەرخات و خۆی ئیرادەی نەبێت، جـەستەی ئەو بەرجەستەبکات و خۆی سێبەربێت، مەزنی ئەو ئاشکراکات و خۆی پچوک بێت.

سـەرباز تـاکە مۆدێلێکی مرۆڤە کـە دەتوانێت ئەو ناکـۆکـییـە گـەورانە کۆبکاتـەوە، سـەرباز پیاوێکە دەتوانێت هاوشان بە پچوکی و ناچیزی خۆی، ببێتە کەرەستەیەکی بەکار بۆ هێزێکی گەورە، دەتوانێت ئیرادەیەکی جەنگاوەرانەی مەزن بەرجەستەبکات و خۆیشی ئیرادەی نەبێت، دەتوانێت فـەرمـانـەکـان جێبەجێبکات و پرسـیـارەکانیشی شـەرعییـەتیـان نەبێت. هەر لەبەر ئەمـەشە بـەعس دەیەوێت هەمووماـن بکاتە سـەرباز. لەڕاسـتیدا شـەیدایی بەعس بۆ سـەرباز و عەشـقی بۆ کۆکردنەوەیان، نیشـانەیەکی ئەو نرخـە گەورە و سـەمبـولییـە کە ئەو پێیبـەخشـیوە. سـەرباز لە کـولتـووری بەعسـدا مرۆڤـێکی ئیدیالە، ئەگـەر بەعس ئەفرۆدویتی هـەبێت، ئەوا لە شێوەی سـەربازدایە. بەعس گۆڕەپانەکان پڕدەکات لە پەیکەری سەرباز، کتێبەکان پڕدەکات لە ستـایشـیـان، سـەردیوارەکـان پڕدەکات لە وێنەکـانیـان. بەکـورتی بەعس هەمـوو توانا و ووزە ئەدەبی و هونەرییەکان دەخاتە خزمەتی دروسـتکردنی وێنەیەکی ئیدیال و بڵند و شاعیریانە بۆ ســـەرباز، چونکە ئـەو مــۆدێلـەی دەســـەڵات کـــە بـەعس ڕەچاویدەکـــات، ئەو وویســـتـــانـەی پەروەردەیدەکات، ئەو جەنگانەی پلانی بۆ دادەنێت، بەبێ سـەرباز نایەتەدی.

سـەرباز لە ڕژێمی بەعـسـدا ئەو پیـاوە نییـە کە لـە سـیـسـتـمـەکانی دیکەدا، لە تەمـەنێکی دیاریکراودا بـە پرۆســـەی ئامــادەکــردنێکی تایبــەتیــدا دەڕوات و بـۆ جــەنـگ و بەرگــری تەیاردەکـرێت، بەڵکو کـاراکـتـەرێکی دیکەیەو مـانای دیکەی لـەگـەڵ خـۆیدا هـەڵگرتووە. بەعس لەڕێگای سـەربازەوە جـۆرە کـاراکـتـەرێکی تایبـەتی بـەسـەر هەمـوو کـۆمـەڵگادا دەسـەپێنێت. سەرباز بریتییە لەو پیـاوەی کە بەعس لەسـەر قاڵبەکانی خۆی دروستیدەکات. ئەو پێویستی بە یەکێکە کە توانای کووشتنی لەوپەڕیدا بێت، تا بێباکانە هەموو جەنگەکانی بەعس سازبکات، توانای مردنیشی هەر لەوپەڕیدا بێت تا بیسەلمێنێ هەموو گەمەکان بەپێی نـەخشـەکانی بەعس دەکـات. سـەربـاز ئەو کـەســەیە کـە دەبێت تـا دوا ئەندازە ســادییــانە ڕەفـتـاربکات و تا دوا ئەندازەش مـاسـۆشـییـانە بژی. تا دوا پـلە مـەترسـی دروسـتـبکات و بشـتـوانێت تـا دوا پلە لە مەترسیدا بژی. واتە نابێت هەستی ئەخلاقییانەی بەرامبەر ژیانی کەسانی تر و بەرامبەر بە چارەنووسی خۆی هەبێت.

ئارەزووی بەعس بۆ کۆکردنەوەی سەرباز، ئارەزوویەکی نائاساییە، ئارەزوویەکە تەواو دوورە لە عەقڵ و تێگەیشتنەوە. بەعس لەکاتی ئاشتیشدا، دەستبەرداری سوپا گەورەکانی خۆی نابێت. لەم کاتەشدا کە توانای لەسەر ژیان و پوشتەکردنەوەی سەربازەکانی تا دوا ئەندازە هاتۆتەخوار، هەر سووره لەسەر پاراستنی و هێشتنەوەی سەدان هەزار کەس لەڕیزی سوپادا. هەڵبەت ناتوانین تەنیا بە ووشەگەلی وەکو«بەرگری، ترس، ئاسایش» ئەم حاڵەتە تەفسیربکەین... سەرباز تەنها بەرگریکەر یان جێبەجێکەری فەرمانەکان نییە، بەڵکو جەوهەری سیستەمەکەیە. تا ژمارەی سەربازەکان گەورەتربن بەعس باشتر خۆی دەبینێت، باشتر خۆی دەگەیەنێتە ناو ژیانە فەردییەکان و ناو ڕوبەرە تایبەتییەکان. بوون بە سەربازیش تاکە ڕێگای ڕاستەقینەی سەلماندنی ملکەچێتی و پابەندبوونە بە ڕژێمەوە. سەربازی لێرەدا فەرمانێک یان وەزیفەیەک نییە، بەڵکو ئەو شێوە پەیوەندییەیە کە هاووڵاتیان بە دەوڵەتەوە گرێدەدات. بەعس بۆ مرۆڤی زانا یان داهێنەر ناگەڕێت، نمونەی باڵای ئەو سەربازە. هەموو کەسێک دەبێت قابیلیەتی بوونە سەرباز لە خۆیدا بەرجەستەبکات. گرنگ نییە تۆ لە ژیانی خۆتدا چیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لەپاڵ شتەکانی دیکەدا کاراکتەری سەربازت لەناو خۆتدا پەروەردەکردبێت. دەبێت ئامادەبیت بکوژیت و بمریت، چونکە تەنیا لە حاڵەتی سەربازدا تۆ دەبیتە ئەو کەسەی کە بەعس دەتوانێت ڕوون و بێکێشە بتبینێت. دواجاریش بەعس دەیەوێت هەموو ئەو سنوور و فاسیلانە هەڵگرێت کە پیاوی مەدەنی لە سەرباز، دەزگا مەدەنییەکان لە دەزگا سەربازییەکان، کۆمەڵگا لە سەربازخانە جیادەکاتەوە. هەر بەپێی ئەم بڕوایەش لە ڕژێمی بەعسدا نووسەران، شاعیران، دکتۆرەکان، ئەندازیاران، پرۆفیسۆران، هەموو دەبێت ببنە سەرباز، چونکە تەنیا لەو ڕێگایەوە بەعس دەتوانێت وەکو درێژکراوەیەکی جەوهەری و ڕاستەقینەی خۆی بیانبینێت، تەنیا لە جلی سەربازییدا دەتوانێت دڵنیابێت کە ئارەزووی کوشتنیان لەنێو خۆیاندا چاندووە و کە مردیشین نایانەوێ بپرسن بۆ؟ بەعس مرۆڤێکی دەوێت کە توانای ئازاردان و ئازارچەشتنیشی هەبێت، گەورەترین توانا لە دیدی بەعسدا ئەو دوو توانایەیە، توانای کوشتن و مردن لەیەککاتدا، شتەکانی تر و سیفەتەکانی تر لەچاو ئەو دوو سیفەتەدا بێبایەخ و پەراوێزیی و بێمانان.

بەڵام سەرباز بۆ هێندە گرنگە؟ ئەو هێزەی سەرباز بەرجەستەیدەکات، هێزێکی تایبەتی خۆی نییە، هێزێکە لە کانگایەکی دیکەوە وەریگرتووەو ئەو تەنیا نێوەندێکی گوازتنەوەیە لەنێوان جەبەروتی دەوڵەت و جەستەی قوربانیدا.

بە دیوێکی دیکەدا سەرباز خۆی قوربانییە، مادەیەکی ئامادەیە بۆ کوشتن و فەنابوون، سووتەمەنییەکی گرنگی جەنگەکانی بەعسە، واتە بەعس لە کەسی سەربازدا ئەو مەخلوقە

دروستدەکات کە تێکەڵەیەکی گەورە و ترسناکە لە جەلاد و قوربانی... سەرباز مەخلوقێکە لە یەککاتدا دەتوانێت جەلادیش بێت و قوربانیش بێت. بەعسیش دەیەوێت هەموومان لەیەککاتدا جەلادیش بین و قوربانیش بین. ئەو تەنیا جەلادی قبوڵ نییە، چونکە چەند دڕندە بین لە جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی بەعسدا، دەبێت هێندەش تەیار و ئامادەبین بۆ مەرگە ناوەخت و نابەجێکانی بەعس. تەنیا قوربانیشی قبوڵ نییە، چونکە ئەگەر قوربانی لەوێستگەیەکی ژیانیدا نەبێتە جەلاد ئەوا لە مەنتیقی بەعسدا، هێشتا کاراکتەری خۆی دانەڕشتووە.

**بەعس و کۆمەڵگای کورد**

بەعس لە یەکەم ساتەوە لە کوردستاندا کێشەی گەورەی تووشدێت. ئەو هەر لە یەکەم پێکدادانەوە تێدەگات کە لەپێشدەم کۆمەڵگایەکدایە ئاسان نابێتە بەشێک لە تەنی ئەو و لەپێشدەم خەڵکێکدایە کە ماوەیەکی زۆری دەوێت تا دەبنە سێبەرێک لە سێبەرەکانی ئیرادەی ئەو. کە قوڵتریش دەڕوانێت ئاشکرا تێدەگات کە مرۆڤی کورد ئاسان لە فەردێکی ئازادی ناو سروشتەوە هەڵناگەڕێتەوە و ببێتە سەرباز. بەعس هەر لە سەرەتاوە بۆ داڕشتنی سیاسەتی کۆنکرێت و چالاک دژ بەو کۆمەڵگایە، جیاکارییەکی گرنگ لەنێوان ئەو تەکنیکانەدا پەیدادەکات کە بەرابەر شار و بەرابەر بە گوندەکان دایدەڕێژێت.

بەعس لەو ڕژێمانەیە کە هەر لە سەرەتاوە دژایەتییەکی قوڵی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەکات و بایەخی گەورە دەداتە خەڵکانی شار و شارنشینان. ئەو سیاسەتە لە کوردستاندا لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراقدا چەندان قات زیاتر زەقدەبێتەوە. بەعس کە دێتە سەرکار جەنگێکی کوشندەی بە پاشماوە لە ڕژێمەکانی دیکەوە بۆ جێدەمێنێت. بنکەی ئەو جەنگەش لە دەرەوەی شارەکان و لە هەرێمە سەختەکانی دەرەوەدایە. ئەم سەرەتا دژوارە واقعێک بەسەر بەعسدا دەسەپێنێ کە سیاسەتی لەناو شارەکاندا جودابێت لەگەڵ سیاسەتی لەگەڵ گوندەکاندا. لەڕاستیدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەعس هیچ جۆرە نەرمی و نازکییەک لەگەڵ شارییەکاندا نیشاندەدات، بەڵکو بەو مانایەیە کە بەعس پاشەڕۆژی خۆی لەناو شارەکانی کوردستاندا ڕوناکتر دەبینێت، نەوەکو لە گوندەکاندا... ئەو دەزانێت کە ئەو ڕێگایانەی بەرەو ناو کۆمەڵگای کشتیاریی کورد دەڕوات چەندەها جار سەختتر و خوێناویترە. بەعس لەو کۆمەڵگایەدا ڕووبەڕووی شێوەیەکی دیاریکراوی دەسەڵات دەبێتەوە، دەسەڵاتێک کە شێوە و ڕەگوڕیشەی لەناو مێژووەوە هاتۆتە دەرێ، دەسەڵاتێک کە ڕامکردن و گۆڕینی بەجۆرێک لەگەڵ مۆدێلی بەعسیانەدا بگونجێت کارێکی دژوارە. ئەم دەسەڵاتە لە چوارچێوەی هەرێمە داخراوەکاندا گەورەبووە، بەستنەوە و گرێدانی بە دەسەڵاتە ناوەندەکانەوە کارێکی ئاسان نییە، لادان و

پەکخستنی ئەو دەسەڵاتە لۆکاڵانەش، لە هەرێمە سروشتیەکانی خۆیاندا هەر کارێکی دژوارە، واتە ئەستەمە ئەو جۆرە دەسەڵاتە خێڵەکیانە وەکو دەسەڵاتی ناو دەزگاکان بکرێنە دەسەڵاتی سێبەر و پاشکۆ و بەهەمان چەشنی دەسەڵاتی ناو کایە وەهمیی و پەشێوەکانی شار مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لەلایەکی دیکەوە بەعس ناتوانێت لە گوندەکانی کوردستاندا چەکە نوێکانی خۆی بەچالاکانە بخاتەکار، بۆ نمونە: تەلەفزیۆن بۆ کارتێکردن و دواندنی خەڵکی ژینگە کشتیارییەکانی کوردستان چەکێکی گرنگ نییە، دەزگاکانی دەوڵەتیش بەئاسانی ناتوانن بگەنە ئەو هەرێمە عاسیانەو ئیدارەو تەدارەکی خۆیانی تیا سازکەن. کێشەی هەرە گەورەش ئەوەیە کە وەلائی جوتیاری کورد لە خێڵەکەی بترازێت بۆ ئەو پێکهاتە سیاسی و حیزبییە تازانەیە کە لە خودی کۆمەڵگای کوردیدا سەریانهەڵداوە. کاتێک بەعس دەگاتە سەرکار، پێکهاتی سیاسی کوردی مێژوویەکی باشی بڕیوە و سیستەمێکی قوڵی وەلائی لە کۆمەڵگای کوردیدا چاندووە کە بەئاسانی هەڵناکەنرێت، لێرەوە بەعس بەئاسانی دەستیناگاتە جوتیارەکان. هەرکاتێکیش بیەوێت نزیکببێتەوە دەیەها بەربەستی کوشندە لەپێشدەمیایەتی. لەکاتێکدا شارەکانی کوردستان لەژێر ڕکێفی ئەودان و ئاسۆکانی کۆنترۆلکردنیان ڕوناکترە، هەر لەبەرئەو هۆیەش بەعس خوازیارە واقعێکی «ئۆردوگایی ـ شارئاسا» بۆ جوتیارەکانیش دروستبکات، جیاوازی نێوان شار و لادێ، جیاوازی نییە لە نێوان دوو شێوەی جیاواز لە خەڵکی کورددا، بەڵکو جیاوازییە لە نێوان دوو ئاستی کۆنترۆڵکردن و ملکەچیدا، ئەوەشی ئەو جیاوازیانە نەبینێت واتە خۆی لە ئاستی جیاوازی نێوان مردووەکان و زیندووەکاندا کوێردەکات. بەڵام دوور لەو بەربەستە جوگرافی و کۆمەڵایەتی و سیاسیانە کە بە کۆ کاریگەری و هێزی چەکەکانی بەعس لە کوردستاندا سنووردارددەکەن، کاراکتەری جوتیاری کوردیش، بەربەستێکی دیکەیە لەبەردەم دروستکردنی ئەو مرۆڤە ئیدیالەدا کە بەعس بۆیدەگەڕێت. جوتیاری کورد بەئاسانی نابێتە سووتەمەنی جەنگەکان و مادەیەکی ئاسان و ئاسایی فەنابوون نییە. ئەم مرۆڤە کاراکتەرێکی دیاریکراوی هەیە، بە ئاسانی سیستەمی دسپلینکردن و دەستەمۆکردن قەبوڵناکات. ناشتوانێت لەیەککاتدا جەلاد و قوربانی بێت. ئەو تا ئەندازەیەکی زۆر بە عورفی جەنراڵەکانی بەعس کێویی و ڕامنەکراوە، لە ژینگەیەکی تایبەتییەوە هاتووە و گیانی ئەو ژینگانەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەزموونێکی قووڵی لەگەڵ دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکاندا نییە. پێکهاتی دەرونی و عەقڵی بەئاسانی لەگەڵ مۆدێلە مۆدێرنەکانی پەیوەندی ژێردەست و سەردەستدا تەبانایەتەوە. لێرەوە بەعس بێهودە هەوڵدەدات کە لەبری پەیوەندی (ئاغا ـ ڕەنجدەر)، پەیوەندی (ئەفسەر ـ سەرباز) بەسەر ئەو مرۆڤەدا بسەپێنێت. بێگومان جگە لەوانە بەعس دڵنیاشە لەوەی کە ژینگە و جیهان و

تێڕوانینی ئەو جوتیارانە ڕوبەرێکی سۆسیۆلۆژی نادیارە و ئەو نەیتوانیوە دەستبخاتە سەر نهێنی و شفرە قوولەکانی. دەشزانێت یادەوری ئەو جوتیارانە، یادەوەرییەکی تایبەت و نەخوێنراوەیە و بەئاسانی سەمبول و ناوەڕۆکەکانیان ڕیشەکێشناکرێت.

هەڵبەت بەعس لەبەرامبەر ئەم هەموو کێشە واقیعییەدا، لەبەردەم ئەم هەموو تەوەرە دژوارانەی جیاوازی و جیابوونەوەدا، لەبری ئەوەی سیاسەتێکی واقیعیانە بونیادبنێت، کەچی دەستبەرداری نەخشە گەورەکانی خۆی نابێت، بەردەوامدەبێت لەسەر پرۆژەکانی بەرپاکردنی جیهانی نوێ و سازکردنی خەلیقەتی تازە. لێرەوە پرۆژەی بەعس دەبێتە پرۆژەی سڕینەوەی هەموو پێکهاتی کشتوکاڵی کورد و تێکشکاندنی تەواوەتی ئابوری گوند، بەڵام پیادەکردنی ئەو پرۆژەیە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت بەعس وەکو هەموو سیستمە تۆتالیتارە شەڕپەروەرەکان زیاد لەبەرەیەکی جەنگ دەکاتەوە، بەعس کاتێک تێدەگات کە هەڵگرتنی ئەو بەربەستە گەورانە، لەڕێگای دەستورە ئاساییەکانی شەڕەوە ئەستەمە، بڕیاری سڕینەوە و ڕیشەکێشکردنی هەموو ئەو جیهانە دەدات. بەعس سیستمێکە هەر یاریزانێک ڕێساکانی ئەوی قەبوڵنەکرد، هەوڵی لادان و لابردنی دەدات. بەم مانایە ئەو ناتوانێت پتر لە شێوازێکی هەبێت، پتر لە زمانێکی هەبێت، زیاد لە هۆیەکی ڕۆچوون و نزیکبوونەوەی هەبێت بۆ ناو شتەکان، زیاد لە کەرەسەیەک بەکاربهێنێت بۆ نزیکخستنەوەی نیچیرەکانی لە داو و تەپکەکان، ئەو یەکجار یاساکانی گەمەکە «کە لەسەر نەبوونی یاسا بەندە» ڕادەگەیەنێت و دواتر دەیەوێت هەموو ئەو پێکهات و ناوچە و گروپە بەشەریانەی کە ئەم یارییەیان قبوڵ نییە بکاتەدەرێ و لەڕێگای توندوتیژییەکی لە ئەندازە بەدەرەوە بیانهێنێتە ناو ئەو شوێنانەی سەر تەختی شەترەنجەکە، کە هەر خۆی دیاریکردوون. بەعس لە یاریکەرێکی شەترەنج دەچێت کە دەیەوێت هەر خۆی یاری بۆ بەرامبەرەکەشی بکات. ئەو لە هەر جێگایەکدا نەیتوانی بڵێت: ئەمە بەشێکە لە تەنی من و ئەمە پارچەیەکە لە جەستەی من، لە هەر جێگایەکدا ڕوانی و نەیبینی مرۆڤەکان ئامادەن بۆ ئەوەی ببنە کەرەستەی یاریەکە، دەیەوێت کۆی ئەو ژینگەیە بەئەندازەیەک بپەشۆکێنێت، تا کۆی پێکهاتەکە دواجار یاساکانی ئەو قەبووڵبکەن.

بەعس لەبەرامبەر واقیعی کوردیدا، ئەو سیاسەتانە ناگرێتەبەر کە ئەگەرەکانی لەناو خودی ئەو واقیعەوە بەرهەمدێن. ئەو سیاسەتی خۆ گونجاندن لەگەڵ واقعی کوردیدا ناخاتە ناو بەرنامەوە، ئەو ڕاستەوڕاست بەرەو وێرانکردنی کۆمەڵگای گوندنشین دەڕوات و بەرەو پیادەکردنی پرۆژەی ڕاگوێزان هەنگاودەنێ. لەڕاستیدا ئەنفال بەدیوێکدا، درێژکراوەی سیاسەتی سڕینەوە و شکاندنی ئەو پەراوێزانەیە کە دەسەڵاتەکان و پێکهاتەکانی نابنە

سێبەر، شکاندنی ئەو دونیایە کە هەر لەدووی کاراکتەر و ئیرادەی خۆیەتی. بەعس دەیەوێت ژینگەیەک لابدات و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ سازبکات. دەیەوێت گوندەکان بڕۆن و پێکهاتێکی هیولایی، بێشێوە جێگایانبگرنەوە. هەڵبەت هەڵەیەکی دژوارە تێبگەین کە بەعس لەپشت ڕاگوێزانەوە، خوازیاری گۆڕینی کۆمەڵگای کوردییە، بۆ کۆمەڵگایەکی شارنشین و مۆدێرن. لەڕاستیدا بەعس هەرگیز لە خولیای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا نییە لە کوردستان، بەڵکو مەبەستی بەعس دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بە مۆدێرنە کۆنترۆڵکراوە، کۆمەڵگایەک کە بە چەکەکانی مۆدێرنە ڕامبکرێت، دەستەمۆبێت و بخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە. بەعس، ڕاگوێزان بە هەنگاوێکی جەوهەری دەزانێت بۆ دەستەمۆکردنی کۆمەڵگای کورد. ڕاگوێزان تەنیا گوازتنەوە نییە لە شوێندا، تەنیا کۆچپێکردنی خەڵکانێک نییە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر، بەڵکو هەوڵدانی سڕینەوەی دونیایەک و دروستکردنی دونیایەکی دیکەیە. ڕاگوێزان ئاڕاستەی کۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەکرێت و هەموو ژینگەی کۆمەڵایەتی هەڵدەتەکێنێت. بەعس لەڕێگای ڕاگوێزانەوە، درێژەدەداتە سیاسەتی دروستکردنی کایەی پەشێو. ڕاگوێزان لە جەوهەردا پەشۆکانێکی ژینگەیی قووڵە کە لەدوای ئەو، نە مرۆڤەکان مرۆڤی جارانن و نە پێکهاتی کۆمەڵایەتیش هەمان پێکهاتە.

بەڵام «پەشۆکانی ژینگەیی» چییە؟

پەشۆکانی ژینگە بریتییە لە پرۆسەی ئاوەژووکردنەوەی نرخە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسییەکان. لەڕێگای ئاوژووکردنەوەی پەیوەندی بەشوێنەوە.

بەعس لەڕێگای ڕاگوێزان و ئەو پەشۆکانە ژینگەییەوە کە دەیخاتەوە، مەبەستێتی، هەندێ گۆڕانکاری قووڵ لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی کوردیدا پیادەبکات. کە هێڵە گشتییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشاندەکەم:

**١ـ تێکشکاندنی شێوە باوەکانی دەسەڵات**

دەسەڵاتی کوردیانە، بەمانا باوەکەی، دەسەڵاتی ئەو ئاغا و بەگزادە و شێخانەیە کە لە گۆشەی چیاکاندا و لە تاریکی دۆڵەکاندا دوور لە ڕۆشنایی دونیا ڕەنگیگرتووە و گەردگیربووە «تبلور». ئەم دەسەڵاتە ستراکتۆرێکی قایمی هەیە، تا پەیوەندییەکانیش لە چوارچێوەی خێڵ و ژینگەی گوند و هەرێمی دیاریکراودا بمێنێتەوە، شکاندنی ئەستەمە. بۆیە بەعس بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە خێڵەکییەکان، بۆ شکاندنی پابەندێتی «جووتیارو پاڵەکان» بە «بەگزادەکان»ـەوە، بۆ گۆڕینی دەسەڵاتدارە خێڵەکییەکان بۆ دەسەڵاتێکی پاشکۆ و سێبەر، لەبری ئەوەی جەنگ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەدا بکات و هەوڵبدات لە شوێنی خۆیاندا لەیەکدیان

بترازێنێت، ڕاستەوخۆ پەلاماری هەموو ئەو ژینگەیە دەدات کە بەکۆ پایەکانی ئەو جۆرە دەسەڵاتەیان ڕاگرتووە. بەعس دەیەوێت لەڕێگای سڕینەوەی ئاسەواری هەموو ژینگە کۆمەڵایەتییەکە، ئاسەواری دەسەڵاتە تەقلیدییەکان بسڕێتەوە. «ڕاگوێزان» دروستکردنی فەزایەکی نوێیە بۆ پەیوەندی دەسەڵات لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی کوردیدا، بەعس لە فەزای ڕاگوێزاندا ئاسانتر پنتی دەسەڵات دروستدەکات، ئاسانتریش دەسەڵاتە تەقلیدییەکان لە هەموو چەک و هەیبەت و هۆکارەکانیان ڕووتدەکاتەوە، لە نیشتەجێ نوێکاندا، تاکە شێوەی هەیبەت و دەسەڵات، ئەوەیە کە ناوەند دەیبەخشێت، ئاغا و سەرەک خێڵەکان چیتر شکۆیان لە خۆیانەوە هەڵناقوڵێت، ڕاستە ڕابوردوویان هەمیشە سەرمایەیەکی مەزنە، بەڵام بەعس هەلومەرجێک دروستدەکات کە ئەو سەرمایەیە بەبێ دانپیانانی ئەو هیچ مانا و قورساییەکی نەبێت. هەر لێرەوە بەعس لەپاڵ بایەخیدا بەو سەرەکخێلانە و لەپاڵ هەوڵی نەپساویدا بۆ دروستکردنی جۆرە پەیوەندییەکی نوێی دەسەڵات کە تیایدا ئەوان برێک لە شکۆی جارانیان بپارێزن و بەعسیش کۆی گەمەکەی خۆی بێ هیچ خەوشێک پیادەبکات. هەوڵدەدات بەردەوام لەناو خودی خێڵەکاندا، لەناو هەرەمی دەسەڵاتی ناو پێکهاتی عەشایەریانەدا، پنتی تازەی دەسەڵات دروستبکات. دروستکردنی پیاوانی نوێ، پیاوانی بەهێزو بەنفوس، کە بەهۆی پابەندبوونیان بە دەوڵەتەوە، هێزی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەدەستدەهێنن، دیاردەو ئامانجی هەرە مەزنی دوای ڕاگوێزانە. بەعس دوای ڕاگوێزان لە هەموو جێگایەکدا، لە هەموو خێڵێکدا، لەپاڵ دەسەڵاتە تەقلیدییەکاندا، کۆمەڵێ دەموچاوی تازە دروستدەکات کە بوونیان مایەی مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر هەیبەت و مانەوەی دەسەڵاتە دێرینەکانی خێڵ. ئەم دەموچاوە تازانە ڕاستەوخۆ هێز لە دەوڵەتەوە وەردەگرن، تواناشیان هەیە کە ببنە پۆلی تازەی هێز و ببنە خاوەنی شەوق و ڕەونەق و هەیبەتی تازەی دەسەڵات.

بەعس لەپشت ئەم گەمەیەوە تەنیا مەبەستی ئەوە نییە کە ئەڵتەرناتیف بۆ دەسەڵاتە تەقلیدییەکان دروستبکات، بەڵکو خوازیاری گۆڕینی سروشتی دەسەڵاتە. لە گوندەکان پەیوەندیی باو و باڵادەستی دەسەڵات، پەیوەندیی «ئاغا ـ ڕەنجبەر»ە، بەڵام وەکو پێشتر گووتم بەعس دەیەوێت ئەو شێوە پەیوەندییە تێکبشکێنێت و شێوەیەکی نوێی پەیوەندی بخاتەگەڕ، کە پەیوەندی «ئەفسەر ـ سەرباز»ە. ڕاگوێزان هەوڵدانێکی ئەفسانەیی و نەپساوە، بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای کورد بۆ کۆمەڵگایەک کە هاوکێشەی «ئەفسەر ـ سەرباز» قەبوڵبکات. پێکهاتی «فەوجە خەفیفەکان»یش پێکهاتێکی گرنگی قۆناغی گواستنەوەیە لەنێوان هەردوو پۆلی ئەو دوو شێوە دەسەڵاتە جیاوازەدا. «فەوجە خەفیفەکان» تێکەڵکردنی سیستمی خێڵەکییە بە سیستمی سەربازیی، گونجاندنی خێڵە لەگەڵ ئیقاعی سوپادا و نزیککردنەوەی شێوازی

سوپاشە لە نەریتەکانی خێڵ. ئەم فەوجانە نە میلیشیایەکی تەقلیدی خێڵن و نە یەکەیەکی ڕاستەقینەی سوپان. بەعس لەڕێگای ئەم پێکهاتەیەوە، یەکەمین مەشق و یەکەمین ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆی لەڕێگای گۆڕینی مرۆڤی کورددا بۆ مرۆڤێکی سەرباز ئەنجامدەدا. هەروەها فەوجەکان ژینگەیەکی گونجاون بۆئەوەی دەسەڵاتی تازە لەپاڵ دەسەڵاتی ئاغاکاندا دروستبکرێت، چونکە نابێت لەیادمانبچێت کە پەشۆکانی ژینگەیی لەڕاستیدا دروستکردنی پەشۆکانە لە دابەشبوونی هێزدا. بەعس لەڕێگای فەوجەکانەوە خێڵەکان دەکاتە پانتاییەکی دابەشکراو، پانتاییەکی والا لەبەردەم چاندنی هێزی نوێدا. بەعس لەماوەیەکی کەمدا توانی زەبری گەورە لە دەسەڵاتی تەقلیدییانەی خێڵ بوەشێنێت و بە جۆرێکی نوێ بونیادیبنێتەوە، تا لەگەڵ ئامانجی هەرە گەورەی بەعسدا بگونجێت، کە ئەویش ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکە کە تیایدا هەموو هێزەکان لە هێزی حیزب و سەرۆکەوە سەرچاوەبگرن. هەڵبەت تێکشکاندنی دەسەڵاتە تەقلیدییەکەی خێڵ تەنیا لەبەرئەوە نییە کە دەسەڵاتێکی وەفادارتر و بچوکتر لە خێڵدا سەوزببێت، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە هەر خودی ستراکتوری دەسەڵات لە خێڵدا بەجۆرێکی دیکە فۆرمەلابکاتەوە، بەجۆرێک بوون و مانەوە و مانای لە خودی خێڵەوە سەرچاوە نەگرێت و لە دەوڵەتەوە هەڵبقوڵێت. واتە پەشۆکان و تێکدانی ژینگەی کۆمەلایەتی لە جەوهەردا دەرهێنانی پێکهاتە مێژوویی و سروشتییە کۆنەکانە ڕووەو پرۆسەیەکی ئالۆز، پرۆسەی لە «دەزگادان یان بە موسسەکردن». بەعس خێڵەکان لە ئامێزی سروشت دەردەهێنێت و دەیانگۆڕێت بۆ کەرتێک لەناو دەزگاکانی خۆیدا، خێڵەکان دەبنە باڵێک لە باڵەکانی سوپا و سەرەکخێڵەکان دەبنە کاراکتەری پچوکی ناو دەزگاکانی ئاسایش. ئەم حاڵەتە تەواو جودایە لەگەڵ ئەو وەلائە کۆن و دێرینەی سەرەکخێڵەکان بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یان ئیمپراتۆریەتی ئێرانیدا هەیانبوو، چونکە پرۆسەی لە «دەزگادان» دواجار بەرەو هەڵوەشاندنەوەی خێڵ هەنگاودەنێت. لە دواجاریشدا مەبەست لەم پرۆسەیە تێکشکاندنی هەموو شێوەکانی دەسەڵاتە لەناو کۆمەلگای کوردیدا. بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە ترسناکە وونەکەین کە بەعس تەنیا دژ بە دەسەڵاتی سیاسی کوردی کارینەکردووە، بەڵکو بەعس لەدواجاردا بەنیازی هەڵوەشاندنەوەی هەموو شێوەکانی دەسەڵات لەم کۆمەڵگایەدا دەستبەکاربووە.

۲ ـ چاندنی پێکهاتی نوێ

پەشۆکانی ژینگەیی تەنیا وێرانکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ئازاد نییە، بەڵکو وێرانکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو سەرچاوەکانی ئابوریی ئازادیشە. بەعس لەڕێگای

ڕاگـوێزانەوە هەوڵدەدات هـەمـوو کـەناڵـەکانـی ئابوریی کـوردی کـە «کشـتـیـاریی و بازرگـانی قـاچاخ»ـە کۆنـترۆڵبکات، چونکە دڵنیـایە تا ئەو کـەناڵە ئابوریـیانە بمـێنن، ڕامکردنی مـرۆڤی کورد ئەسـتەمە. بەعس برسـیکردنی مـرۆڤی کورد بەڕێگایەکی گرنگی دروسـتکردن و چاندنی نوخبەی تازە دادەنێت، بەبێ دروستکردنی بومەلەرزەیەکی ئابوریی کە ڕیشـەی هەموو پێکهاتە ئابوریی و کـۆمـەڵایەتیـیـە تەقلیـدییـەکـان بشـکێنێت. چاندنی نوخـبـەی تـازە لە پێکهـاتێکی کۆمەڵایەتی نەگۆڕ و دێرینەدا کارێکی ئاسان نییە.

هەڵبـەت «خـەفـیـفـە» تاکـە پێکهـاتـی نوێ نـیـیـە، بەڵکو لـەناو ئەو پەشـۆکـانە سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتیـیـەدا، شـێـوە نوخـبـەیەکی دیکە سـەرهـەڵدەدات کـە ڕاسـتـەوخـۆ سـوود لە جـەنگە سیاسییەکانی بەعس وەردەگرێت، سوود لەو تەکنیکانەی بەعس وەردەگرێت کە بۆ وێرانکردنی دونیای کورد خستوێتیەگەڕ، ئەم نوخبەیە دەبێتە سەرەڕمێکی گرنگ لە جەنگەکانی دەوڵەتدا، بەڵام خـودی ئـەم نوخـبـەیـە سـەددەرسـەد بەرهـەم و دەرەنجـامـی ئەو هەڵومـەرجـەیە کە جـەنگی بەعس و کورد دروستیکردووە. ئـەم نوخبەیە لە کوڕانی هەڵهاتوو و یاخی حیزبە کوردییەکان و لە منداڵانی سـەرکـەش و بێـوەفـای عـەشـایەرەکـان دروسـتـبوون، هـەندێکیـشـیـان کـەسـانی بێکاراکتـەر و نووشـوسـتـخـواردووی ئاووهەوا کۆمـەڵایەتییـە تایبـەتیـەکەی شـارن. ئەمـانە ئەو نوخبـەیەن کە سـاڵانێک یاریکردن و ئەمبـەروبەرکردن لەنێوان حـیزبە کوردییـەکاندا، هـەمـوو هەسـتـێکی پابەندبوون و ئینتـیـمـاکـردنی تێـدا سـڕیوونەتەوە. ئەوانە ئەو خـەڵکەن هێندە بازبازێنی سیاسـیـان کردووە دواجـار هەسـتـیـان بۆ هیچ گـروپێکی سیـاسـی و ئەخـلاقـێکی سیاسـی نەماوە. بوونەتە دەسـتـەیەکی یاریکەر، بێسیـما، بێئـایدۆلۆژیا و بێپەیوەند، کە دواجار سیاسـەت وەکو جۆرە چـەتەییەکی نوێ تـەماشـادەکەن. هەندێک لەوانە پەیوەسـتـەکانی خـۆیان لەگەڵ خێڵەکانیشیاندا دۆڕاندووە، واتە بـوونەتە کەسانێک کە چیدی نە ئینتمایان بۆ پێکهاتی سیـاسـی کورد و نە بۆ پێکهـاتە خێڵەکییەکەی نییـە... ئەمانە خـڵتەی حـیزبی کوردی و خڵتەی لاوازبوونی خێڵن. پاشـەڕۆی هەڵە سیـاسییـەکانی ناو بزاوتی کوردایەتی و پاشـەڕۆی کزبوونی سیـستـمی وەلائی خێڵـەکیین. کـەمێکیـشـیـان لەناو ئەو توێژە شارییـەدا گەورەبوون کـە هـەرگیز پەیوەسـتێکی ڕاسـتەقینەیان بە هیـچ شـتێکەوە نەبووە. بەعس لەم پاشـەڕۆ جیاواز جیاوازانەدا هێـزێکی نوێ دروسـتـدەکات. ئـەمـانە دەکـاتە داردەسـتێکی گرنگ بۆ بڕین و کردنەوەی دەرگـای شـوێنە تاریکەکـان و ئاشکراکردنی نهێنییـە قـووڵەکـان و زمـانە شـاردراوەکـەی مـرۆڤی کـورد. بەعس ئامـێـز بۆ ئەم سـیـمـا بێکاراکـتـەرانە دەکاتەوە و مژدەی هـێـز و دەسـەڵات و سـامـان و گـەورەبـوونیـان پێـدەبەخـشـێت، دەسـتـیـان لەئاست ژیـانی هـاووڵاتیـاندا بەرەڵادەکـات. ئەم نوخبـەیەش سـەرچاوەی هێز و ژیانی ناو حیزبی لەدەستداوە و بەچاوی خۆیشـی هەلاهەلابوون

و لاوازی و بێدەرەتانی خێڵەکان دەبینێت، لەدەریشەوە ناتوانێت لەناو هیچ کەناڵێکی ئابوریی ئازاددا نیشتەجێبێت، بۆیە بێ هیچ بیرکردنەوەیەک دەوڵەت بە دوا پەناگا و گرنگترین پەناگاش لەقەڵەمدەدات. ئەستەمە بەعس بەبێ ئەم نوخبەیە «کە کەرەستەیەکی خولقاندنی سام و تۆقاندنی ئێجگار گەورەشە» ڕەشەکوژییەکانی پیادەبکات. بەعس بەبێ ئەم چاندنە قووڵە، بەبێ ئەم نوخبە تایبەتە ناتوانێت جیهانی کورد بەدرێژکراوەی جیهانی خۆی بزانێ. ئەو دەزانێت، کە بوونی ئەوان لەناو ئێمەدا چ کاریگەرییەکی کوشندەی هەیە. ئێمە لەواندا تەنی بەعس دەبینین و هەست بە هەناسەکانی دەکەین. لەڕێگای ئەوانەوە بەعس پێماندەڵێت کە داگیرکردنی سوچ و پەراوێزەکانی کۆمەڵگای ئێمە کۆتاییهاتووە و چیتر هەموو ئەم کۆمەڵگایە بەشێکە لە جیهانی تارماییەکانی ئەو و پارچەیەکە لە ئیمپراتۆریەتی ئەو. ئەو نوخبەیە دەبنە ئەو بەشە لە لەشی کورد کە تەواو لەسەر نەزمی ئاهەنگەکانی دەوڵەت دەجوڵێنەوە. ئەوان خودی بەعسن و وەکو ئەو ڕەفتاردەکەن. وەکو پێشەنگێکی نوێش ئەرکیان ئەوەیە کە هەموومان لەسەر ئەو ڕەفتارانە ڕابهێنن. لەڕێگای ئەم نوخبەیەوە، بەعس پێماندەڵێت کە ئەو چیتر پیاوێکی بێگانە نییە، بەڵکو ئەو بۆتە بەشێک لە بوونی ئێمە، دەکرێت لە ئاوێنەکاندا سەیری خۆمان بکەین و ئەو ببینین. بەعس چیتر لەشێکی نامۆ نییە، بەڵکو هەر لەشی خۆمانە و ژینگە و بزاتەکانی گۆڕاوە. لەڕێگای ئەم نوخبەیەوە، لەڕێگای ئەم ئاوێنە تازەیەوە بەعس پێماندەڵێت کە ئیدی ئێمە ئەوین و ئەویش ئێمەیە. حەقیقەتێک کە دواتر ڕۆڵێکی ترسناک دەبینێت لە ستراکتوری ئەنفالدا.

**٣. پەشۆکانی ژینگە ـ پەشۆکانی بڕوا**

پەشۆکانی ژینگەیی، پەشۆکانی پەیوەندیشە بە وێنەکانی دەسەڵاتەوە.

جوتیاری کورد جگە لە یەزدان کە تاکە سەرچاوەی ڕەهای هێز و شەرعییەتە، هیچ هێزێکی دیکە ناناسێت کە ماڤی ئەوەبداتە خۆی کۆنترۆڵی ژیان و مردن بکات. تەنیا یەزدان هەیە کە حوکمەکانی بێ چەندوچوون شەرعین و هەرچییەکیش کە ئەو بۆمان دیاربکات، چەند تاڵبێت، مانادار و قەبوڵکراوە. لە دونیای مرۆڤی کورددا هیچ شەرعییەتێک ناچێتە ئاستی شەرعییەتی یەزدان. بالادەستی یەزدانیش بەسەر چارەنووسی فەردەکاندا مافێکی یەزدانییە و ناچێتە سنوری مافەکانی مرۆڤەوە، هەرگیزیش مرۆڤ بۆی نییە دەسەڵاتی خۆی بە دەسەڵاتی یەزدان بشوبهێنت و لە سنوری دەسەڵاتی ئەو نزیکببێتەوە. کاتێک کە حوکمڕانێکیش ئەو سنورە دەبەزێنێت و شەرعییەتی کردارەکانی خۆی دەخاتە سەروو شەرعییەتی یەزدانەوە، سنوری ئەو پەرژینە دەبڕێت کە نابێت هیچ مرۆڤێک لە

پەیوەندییەکانیدا بە خەڵکانی دیکەوە ببیرێت. بەڵام کێشەی گەورەی بەعس ئەوەیە کە خۆی وەکو خودایەکی دونیایی دەخاتەڕوو، شەرعییەتێکی ڕەهاو بێ چەندوچوون دەداتە یارییەکانی خۆی، بەعس دڵنیایە کە مرۆڤی کورد لە مێژووی دوورودرێژی خۆیدا سیمای ستەمکاران و زۆردارانی زۆر بینیوە، بەڵام ڕووبەڕوو دەموچاوی ئەو هێزە ئەفسانەییە تازەیەی نەبینیوە کە دەتوانێت هەموو شتەکان کۆنترۆڵبکات. ڕاگوێزان لەبنەڕەتدا دەرهێنانی مرۆڤی کوردە لەو سیستمە قووڵەی بڕوا، کە تیایدا تەنیا خودا سەرچاوەی شەرعییەتە، بەرەو سیستمێک کە تیایدا شەرعییەتی دەوڵەت لە شەرعییەتی خودا کەمتر نییە. دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی بەعس، جۆرە وێنەیەکی تازە و نەبینراوی دەسەڵاتە. لەوەوبەر جەنگ لەگەڵ دەسەڵاتدا یاسای خۆی هەبووە، هەمیشەش جەنگاوەرانی کورد و جوتیارە شەڕکەرەکانی توانیویانە بچنە جێگای ئەوتۆ دەستی دەوڵەتی نەگاتێت. هەمیشە پەراوێزێک هەبووە کە دەوڵەت نەیتوانیوە دەستی پیابگات، بەڵام دروستکردنی دونیایەک کە دەوڵەت بگاتە هەموو شوێنەکان و بگاتە هەموو پەراوێزەکان سیمایەکی تازە دەداتە دەوڵەت. بەعس دونیایەک دروستدەکات کە هەرچۆنێک بجوڵێینەوە لە سنورەکانی دەرناچین. جیهانێک کە دەرەوە و ناوەوەی تیا نییە، بەڵکو تەنیا ناوەوەیە و دەرەوەی تەنیا بۆ مردووەکانە «هەر لێرەوە هەڵهاتن لە عێراق و دەرچوون لە سنوری مەملەکەتە ترسناکەکەی بەعس، لای زۆربەمان نیشانەی لە دایکبوونێکی تازەبوو». ئەم وێنە ترسناکەی دەوڵەت لە چەندین سنوردا لە وێنەی خالیق نزیکدەبێتەوە. مرۆڤی کورد تەنیا خودای وەکو ئەو چەترە گەورەیە بینیوە کە هەر چۆنێک بجوڵێینەوە دواجار هەر لەژێر ئەو چەترەداین... ئەوە تەنیا یەزدانە کە مرۆڤ ناتوانێت لە مەلەکوتەکانی دەرچێت. بەڵام بەعس لەپشت ڕاگوێزانەوە مرۆڤی کورد دەگوازێتەوە بۆ دونیایەک لەو ڕەنگە، بۆ جێگایەک کە هەرچۆنێک جوڵاینەوە هەر لەژێر چەتری بەعسداین. هەرچۆنێک ڕەفتارمانکرد لەژێر چاوانی ئەوداین. وەک چۆن دەسەڵاتی یەزدان پەراوێزی فەرامۆشکراوی نییە، وە ناکرێت بڵێین بستێک هەیە لە گەردوندا دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی خودا، ئاوەها بەعسیش دەیەوێت سیستمێک لە عێراقدا پیادەبکات کە هیچ گیانلەبەرێک نەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو. ڕاگوێزانیش دواجار بەڵگەی ئەوەیە کە بەعس دەتوانێت جڵەوی هەموو کەسەکان و کۆنترۆڵی هەموو شوێنەکان بکات. ئەم سیاسەتە مەترسییەکی گەورەی خستە دڵی هەموو کوردەوە. دروستبوونی دەیەها هەزار جاش لەماوەیەکی کەمدا ڕەنگدانەوەی ئەو ترسەیە. ڕەنگدانەوەی دروستبوونی بڕوایەکی نوێیە بە لەدایکبوونی هێزێکی سەرتاسەریی تازە کە پەراوێزێکی ئازادی جێنەهێشتووە. لەدایکبوونی نیوملیۆن جاش لە ماوەیەکی کورتدا، نیشانەی بەرزکردنەوەی ئاستی ملکەچی بوو بۆ دەوڵەت بۆ ئاستی ملکەچی بۆ یەزدان.

ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە ڕاگوێزان پیادەیکرد، ئەو بومەلەرزە قووڵانەی کە لە جەستەی کورددا خستیەوە، سەرەتایەکی گرنگ و پێویست بوو بۆ ئەنفال. یان بەمانایەکی تر ئەنفالەکان قۆناغێکی دیاریکراو و شێوەیەکی دیاریکراوی خودی پرۆژەی ڕاگوزاتنە. بەعس لەڕێگای ئەنفالەوە زنجیرەی مافە بێسنورەکانی خۆیمان پتر و پتر پێڕادەگەیەنێت. ئەو تەنیا مافی ئەوەی نییە کە لە زەوی و کێڵگە و گوندەکان هەڵمانبکەنێت، بەڵکو مافی ئەوەشی هەیە کە بمانێرێت بۆ جەهەنەم. ئەو تەنیا دەسەڵاتی دەرهێنانی ئێمەی نییە لە پەناگا سروشتییەکانی خۆماندا، بەڵکو دەسەڵاتی دانانی کۆتاییەکی ڕەهاشی هەیە بۆ ژیانمان.

لێرەوە هەوڵدەدەم کە بگوێزمەوە بۆ ناو جەوهەری باسەکەم، باسی سەرچاوەکانی ئەنفال وەکو ڕووداوێک ناوازە و تایبەت کە لە قۆناغێکی دیاریکراوداو لە فەزایەکی دیاریکراودا ڕودەدات. سەفستەیەکی بێمانایە گەر بڵێین، ئایا ئەگەر ئەو فەزا سیاسییە تایبەتییە نەبایە، ئەنفال ڕویدەدا؟ ئایا بزاوتی کورد بەو جۆرە هەڵسووکەوتی نەکردبایە ئەنفال ڕویدەدا؟ ئایا شەڕی عێراق ـ ئێران نەبایە، ئەنفال ڕویدەدا؟ لە ڕاستیدا ئەو جۆرە پرسیارانە کەم و زۆر هیچمان بۆ ڕووناکەنەوە، وەڵامەکانیشیان هەرگیز ناتوانێت بابەتی و دروست بێت، چونکە چ ئەو ڕوداوانە و چ ئەنفال هەموو لەسەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێن، کە ئەویش جەوهەری بەعسە وەکو سیستمێکی سیاسی، نە دەکرێت ئەنفال لەو ناوەندە دەربهێنین کە تیا ڕودەدات، نەدەکرێت ڕوداوەکانیش بەجیا لە ئەنفال بخوێنینەوە، نە دەکرێت ئەنفال لە جەنگی عێراق ـ ئێران دابڕین، نەدەکرێت جەنگی عێراق ـ ئێرانیش لە ئەنفال دابڕین، چونکە لە دواجاردا هەردووکیان، درێژکراوەی یەک مێژووی سیاسیین و بەرهەمی یەک تێگەیشتنی تایبەتین لە جیهان. لەم باسەدا من جەغتدەکەمە سەر خاڵێکی جەوهەریی، ئەویش کۆی ئەو ئەتمۆسفیرە سیاسییەیە کە لەساتی ئەنفالدا هەیە و چۆنێتی ئیشکردنی بەعسە بەو هاوکێشە تایبەتیانەی خۆی لەو ئەتمۆسفیرەدا. هەڵبەت من پێشتر بۆیە ئەو پێشەکییە کورتەم دەربارەی چۆنێتی پراکتیزەکردنی بەعس باسکرد، چونکە پێموایە ئەنفال لە کۆی ئەم سیستمە دانابڕێت، هەروەها ئەنفال لە سروشتی بەریەککەوتنی یەکەمی نێوان بەعس و کوردیش جیاناکرێتەوە. ناکرێت لە ئەنفال تێبگەین بێئەوەی لەو خواستە قووڵەی بەعس تێبگەین بۆ خوڵقاندنی مرۆڤێکی دیکە کە تا دوائەندازە کەمتەرخەمبێت بەرامبەر بە ژیان. ناشتوانین لە بێدەنگی مرۆڤی کورد تێبگەین بەرامبەر ئەنفال ئەگەر لە ستراکتوری ئەو شۆکە تێنەگەین کە بەعس لە هەناوی ئەم مرۆڤەدا دروستیکردووە. بۆیە پێموایە قسەکردن لەسەر ئەنفال بەبێ قسەکردن لەسەر ماهیەتی دەسەڵات لای بەعس، بێمانایە. قسەکردنیش لەسەر بێدەنگی کورد بەبێ

قسەکردن لەسەر کۆی ئەو ئەتمۆسفێرەی کە پەیوەندی نێوان جەلاد و قوربانی دروستیکردووە، هەر کەموکورت و نابەجێیە.

**ئەنفال و سەرچاوە نهێنییەکانی لە سیاسەتی بەعسدا**

لێرە بە دواوە لەسەر هەندێک خاڵی تایبەتی قسەدەکەم کە پابەندە بە ڕیشە نادیارەکانی ئەنفال و ئەو مەبەستە قووڵ و نەبینراوانەی کە لە پشتێتی، هەڵبەت لێرەدا من قسەم لەسەر ڕیشە ئایدۆلۆژی و دینییەکانی ئەنفال نییە، چونکە من بە بۆچوونێکی ئێجگار سادە و ئاشکرای دەبینم، گەر ئەنفال بە تەنیا بگێڕینەوە بۆ هۆیەک، یان هەندێ هۆی کە پێشوەخت لای هەمووان ئاشکران و گومانی لەسەر نییە، بۆ نمونە گێڕانەوەی ئەنفال بۆ ململانێی نێوان دووجۆر لە ناسیونالیزم، بە ئەندازەیەک ڕوونە کە ڕەنگە قسەکردن لەسەری دواجار جگە لە بەرهەمهێنانەوە و دووبارەکردنەوەی ڕاستییە بەرهەمهاتووەکان زیاتر هیچی تر نەبێت. هەروەها گێڕانەوەی ئۆتۆماتیکی ئەنفال بۆ ئایین و فیکری دینی، نەوەکو خۆدزینەوەیە لە خوێندنەوەی بەعس، بەڵکو گواستنەوەی گوناهەکانی بەعسە بۆ ملی ئاین کە من پێموایە لە جەوهەردا خۆی یەکێک لە قوربانیەکانی بەعسە.

بۆئەوەی بچینە ناو سەرچاوە قووڵەکانی ئەنفالەوە، دەبێت جورئەتی ئەوەمان هەبێت لە هەموو جێگایەکدا بۆ هۆکانی بگەڕێین، هەموو چەمک و لایەن و دوورییەکانی ببینین. دەبێت هیچ پانتاییەک جێنەهێڵین، چونکە ئەو مێژووە هیچ پانتاییەکی پاکی تیانییە کە بخرێتە سەروو گومانەوە، ڕاستە شاتاوانباری ئەم گوناهە، دیکتاتۆریەتەکەی سەدام حسەینە، بەڵام ترسناکترین شت ئەوەیە کە گوناهبارکردنی سەدام حوسەین ببێتە پەردەیەک بۆ پاککردنەوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە سەدام حوسەینی دروستکردووەو زەمینەشی بۆ سیاسەتەکانی خۆشکردووە، لەگەڵ ئەنفالدا دەبێت هەموو یەکێک لە ئێمە توانای ئەوەمان هەبێت، دادگاکان ببەینە ناوەوە. لەدوای ئەنفال مافی خۆمانە گومان لە هەموو شتەکان بکەین، مافی خۆمانە سەرجەمی ئەو قۆناغە و ئەو پێکهاتە سیاسییە بخەینە ژێر پرسیارەوە.

ئەنفال سەرەتای بیرکردنەوەیە لە جیهانێکی دیکە. خودی ئەم کارەساتە گەورەیە، شەرعییەتی ئەوەمان پێدەدا، هەموو دەمامکەکان لابەرین و هەموو دیاردەکان لەسەر ڕۆشناییەکی دیکەدا ببینین. ئەنفال وامان لێدەکات چیتر لە ڕابوردوو نەبوورین. وادەکات بیر لە جیهانێکی دیکە بکەینەوە بە چۆنایەتییەکی دیکەوە. لەدوای ئەنفال، ڕابوردوو تەنیا قۆناغێک نییە لە مێژوودا، کۆمەڵگاش پێکهاتێکی دیاریکراو و ستراکتۆری پێکەوەژیانی

کۆمەڵێک خەڵک نییە، بەڵکو ڕابوردوو و کۆمەڵگاش پێکەوە قەسابخانەیەکی ترسناک دروستدەکەن. لەدوای ئەنفال جەنگ دژی ئەم پێکهاتە باڵادەستەی ئەمڕۆ، جەنگ دژی ئەم چۆنایەتییەی ئەمڕۆ تەنیا جەنگی دید و بیر و بۆچوونێک نییە دژی بیروبۆچوونێکی دیکە، بەڵکو جەنگە لەپێناوی خودی ژیاندا. لەدوای ئەنفال تێدەگەین کە جەنگ نابێت تەنها لەپێناوی مانەوەدا بێت، بەڵکو دەبێت لەپێناوی ماناکانی مانەوەدا بێت، مانەوەیەک کە لەسنووره سەلبییەکانی ملکەچی دەردەچێت و دەبێتە جەنگێکی گەورە لە پێناوی شەرەفی زیندوێتیدا، چونکە ئیدی ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین کە ئەم دونیایەی ئێستا ناتوانێت نە مانەوە و نە ماناکانی ژیان بپارێزێت. بەواتایەکی دیکە کۆی ئەم پێکهاتە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی ئەمڕۆ، لە هەر دوو فەرهەنگەکەدا، فەرهەنگی جەلادو فەرهەنگی قوربانی، ناتوانێت خودی ژیان بپارێزێت. ئەنفال پێماندەڵێت بۆئەوەی نەمرین، دەبێت دەستکاری خانە وردەکانی ناو ئەم کولتووره بکەین. لەدوای ئەنفال دەبێت بەجۆرێکی دیکە بیر لە مانەوە بکەینەوە. بەجۆرێکی دیکە لە مەنتیقی جەلاد و قوربانی بڕوانین. هەڵبەت یەکێ لە درۆ ترسناکەکان ئەوەیە، کە ئەنفال بە کردەیەکی نامەنتیقی تێبگەین. واتە وەکو کردەیەکی نابەجێ و ناوەخت و هەڵە وێنایبکەین کە لەساتێکی تایبەتیدا لەدەست کۆمەڵێ پیاوکوژ دەرچووە و بەرهەمی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ توانا و دەرفەتەکانی خۆی. کاتێک دەڵێین ئەنفال نامەنتیقییە و دژی لۆژیک و سیستم و هزرە، مانای دەمانەوێت بڵێین، ئەنفال لە سروشتی ئەو سیستم و تێڕوانینەوە نەهاتووە کە جیهانی ئێمە و جیهانی جەلادەکانی پێکەوەگرێداوە. ئەمە وێستگەیەکی نابەجێیە و بە لێبوردن و دڵفراوانی ڕێبەزێدەکریت، واتە بەکورتی دەشێت لەدوای ئەنفال بەبێدەستکاریکردنی هیچ شتێک، ژیان ڕەوتی سروشتی خۆی وەربگرێتەوەو بچێتەوە دۆخی جارانی. لەکاتێکدا ئەنفال بەرهەمی کارکردنی سیستمێکە، دەرەنجامی گەڵاڵەبوونی کولتوورێکە لە فۆرمێکی بەرجەستەدا، گەیشتنی هەریەک لە کورد و دوژمنەکانیشێتی بە جۆرە پەیوەندییەک، کە بەرهەمی ڕۆژو هەفتەو ساڵ نییە. بۆئەوەی لە مەنتیقی ئەنفال تێبگەین دەبێت لە مەنتیقی بەعس تێبگەین وەکو سیستمێک و لە مەنتیقی خۆمان تێبگەین وەکو گاڕانێکی بێدەنگ. کە یەکێک دەڵێت ئەنفال نامەنتیقییە و دەکرێت بە ووشەگەلی وەکو خوێنمژ و دڕندە تەفسیربکرێت، واتە جەوهەری ئەو جیهانەی ئێمە تیا دەژین، جەوهەری ئەو کۆمەڵگا سیاسییەی کە فەرمانڕەوایە، جەوهەرێکی پاکە و دەشێت لە عەیب و خەوشەکانی پاکبکرێتەوەو ببێتەوە سیستمێکی گونجاو. لەکاتێکدا ئەنفال بریتییە لە بەرهەمی کارکردنی ئەم سیستمە سیاسی و ڕۆشنبیرییە باڵادەستە لە کامڵترین و ڕۆشنبیرترین شێوەدا.

بۆئەوەی لە ئەنفال تێبگەین دەبێت هیچ هۆیەک نەپەڕێنین، چونکە ڕەفتارەکانی بەعس وەکو دەسەڵات لەناو مەنتیقی گشتی دەسەڵاتدا نیشتەجێ بووە. ڕاستە بەعس ساتەوەختێکی تایبەتە، بەڵام سەرهەڵدان و بەردەوامی ئەو چۆنایەتییە تایبەتییە، لەپێش بەعس و لەدوا بەعسیشەوەن. ئەوەی وادەکات بەعس بتوانێت «ئارەزووی کوشتن» تا دوائەندازە گەورەبکات، کۆی ئەو دیدەیە کە هەموومان بۆ ژیان هەڵمانگرتووە. مەنتیقی ئەنفال لە قبوڵکردنی ئێمەوە هاتووە بۆ یاساکانی ئەو یارییەی کە بەعس گەمەی لەسەر دەکات. ئەوەی قسەکردن لەسەر ئەنفالیش دەکاتە قسەکردنێکی پڕ مەترسی، ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ بەعس وەک خۆی ماوە، یاساکانی یارییەکەش هەر یاسا کۆنەکانن، جەستەی قوربانییەکان و هۆشیاریشیان لەجاران بەدترە.. بە مانایەکی بەرفراوانتر دەبێت ئەنفال ئەو هۆیە بێت کە لە پاڵ دادگایکردنی رژێم و تاوانەکانیدا، ببێتە هەوێنی دادگایکردنی هەمووان، ببێتە زەمینەی دادگایکردنی ئەخلاقیانەی تاکەکان بۆ خۆیان، ببێتە بەهانەی پێداچوونەوەی هەریەکەمان بۆ ئەخلاقیاتی تایبەتی خۆی.

لێرە بەدواوە باسەکە ئەکەمە دوو تەوەرەی گەورە. لە یەکەمیاندا، قسە لەسەر ڕیشەکانی ئەنفال دەکەم لە کولتووری بەعسدا، لە دووەمیشدا، قسە لەسەر بێدەنگی کورد دەکەم، دڵنیاشم هەریەکێکی لەم تەوەرانە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت.

**١ـ ئەنفال وەکو تێرکردنی چاوەڕوانی «ژێردەستەکان»**

جۆرج ئۆرێل، لە یەکێ لە «ووتارە چیرۆک ئامێزەکانیدا»، بە ناونیشانی «تەقەکردن لە فیلێک» بە ووردی ئەو هاوکێشە سایکۆلۆژییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە کەسانی سەردەست و بندەست لە کۆڵۆنییەکاندا کۆدەکاتەوە. جەوهەری ئەو نووسەرەی «ئۆرێل» ئەوەیە کە داگیرکەر بەردەوام لەسەر نەزمی چاوەڕوانی داگیرکراو هەڵوێست وەردەگرێت. داگیرکەر بەرلەوەی هەڵوێست وەربگرێت سەیری پێشبینی و چاوەڕوانییەکانی کەسانی داگیرکراو دەکات. بەم مانایە رەفتاری داگیرکەر یان دەسەڵاتدارانی باڵادەست تا ئەندازەیەکی گەورە، پابەندی پێشبینی و چاوەڕوانی کەسانی بێدەسەڵاتە.‹١٣›

هەڵبەت تا مێژووی داگیرکردن درێژتر و تا پەیوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو ئاڵۆزتربێت، سیستەمی چاوەڕوانییەکان ئاڵۆزتر و تێکەڵاوتر دەبێت. جەوهەری سیستەمی پێشبینیکردن لای کەسی بندەست، وەکو ئەو سیستەمە نییە کە دوو کەسی ئاسایی، لە کاتێکی ئاسایدا دایدەمەزرێنن، دوو پیاوی یەکسان لە هێز و لە مافدا، چاوەڕوانی دەرکەوتەی ترسناک و غەدری لەناکاو لە یەکدی ناکەن، بەڵام مێژووی مرۆڤانی کۆیلە و بندەست، مێژووی ترس و قەلاچۆکردنە، کۆیلە پیاوێکە بەردەوام لە چاوەڕوانی مردندا دەژی. چاوەڕوانییەکانی

کۆیلەش، ئاستەکانی ترس و شێوەکانی ملکەچی بەرجەستە دەکات، کەسی داگیرکەریش بەردەوام بە دوای ئەو خاڵانەدا دەگەڕێت کە وێنەیەکی ڕونتری دەربارەی ترس و سلۆکییەکانی داگیرکراو پێدەبەخشێت، بەردەوام لەوە دەپرسێت، کە داگیرکراو، لەچی سڵدەکاتەوە، بەچی سوژدە دەبات و چۆن فەرمانەکان قەبوڵدەکات؟ باڵادەستان دڵنیان، سەرکەوتن و ماناوەیان، پابەندی ئەو وێنەیەیە کە بۆ خۆیانی دروستدەکەن.

داگیرکەر وێنەیەک بۆ خۆی دەکێشێت، کە دواتر کەسانی بندەست دەبنە کۆیلەی ئەو وێنەیە و کۆی پەرچەکدارەکانیشیان دەبێتە وەڵامێک بۆ ئەو وێنەیە. پیاوانی بندەست لەسەر ڕۆشنایی ئەو وێنەیەدا، چاوەڕوانییەکی تایبەت پەروەردەدەکەن، تێرنەکردنی داگیرکەریش بۆ ئەو چاوەڕوانییە، دەشێت بە زیانی کوشندە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەیبەتەی کە دروستیکردووە. بۆ نمونە: ئەگەر داگیرکەر خۆی وەکو هێزێکی خوێناوی و تۆڵەسێن و سزادەر وێناکرد، بەڵام دواتر لە کۆمەڵێ هەڵوێستی گرنگدا ئەو وێنەیەی شکاند بە دڵنیایەوە دواتر توشی نووشوستی گەورە دێت.

بەعسیش بە درێژایی مێژووی بیست ساڵی بەر لە ئەنفال جۆرە چاوەڕوانییەکی تایبەتی لە ئێمەدا چاندبوو، ئەو هەمیشە وێنەی ڕژێمێکی تۆڵەسێن و زەبروەشێن و بێرەحمی بۆ خۆی کێشابوو، هەموو کردەکانی بەرگری و هەموو چالاکییەکانی شەڕکردنی بە سزای کوشندە و کوێرانە وەڵامدابووەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا بۆ ساتێکیش چییە، بەرگریکردن و جەنگی ڕزگاری نە وەستابوو. لە ڕۆژانی شەڕی عێراق و ئێراندا، بەرگری و زەبری هێزە کوردییەکان بۆ دەوڵەت، کێشەیەکی کوشندەی بۆ بەعس خوڵقاندبوو، بەعس ڕۆژانە بە کردەی دڕندانە و ڕەشەکوژی کوێرانە وەڵامی ئەو چالاکییانەی دەدایەوە... خودی ئەو دۆخی بەرگری و تۆڵەیە بە ئەندازەیەک ترسناک و خوێناوی بوو کە لە ناخی هەریەکێکماندا چاوەڕوانی کارەساتی سامناکتری چاندبوو. بەر لە ئەنفال ئێمە هەموو چاوەڕوانی تۆڵەیەکی ترسناکمان دەکرد، واتە ئەنفال بەرلەوەی لەسەر زەمینی واقیعدا ڕوویدات، لەناو چاوەڕوانییەکانی ئێمەدا ڕوویدابوو، بەرلەوەی کارەساتەکە بگاتە چڵەپۆپەی خۆی، هەموومان ترسەکەی ژیابووین. ڕوودانی ئەنفال لەناو ئێمەی بندەستدا هەژان و ڕاچەنینی دروستنەکرد، نەبووە شۆکێکی «صدمة» گەورە، ئێمە هەموو ئەوانەی لە ئەنفالدا نەبووین، لە بری ترس، ئاسوودەبووین، ئاسوودەیی ئەوەی کە کەسانی دیکە قوربانی ئەو تۆڵە و سزا چاوەڕوانکراوە بوون. «ئەنفال» لە ڕەوتێکی سروشتیدا هات، هەنگاو بە هەنگاو گەورەبوو، بەر لەوەی دەبکەوێت هەموومان نیشانەکانیمان دەبینی، گوێمان لە ترپەکانی بوو، دەمانبینی دێت و چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد بزانین شمشێرەکانی بەر چ گەردنێ دەکەوێت.

ئەنفال دواجار یەکگرتنەوەی وێنە و چاوەڕوانییەکانی ئێمە بوو لە حەقیقەتی بەعس خۆیدا.

بەعس رژێمـێکە لە زەلیلتـرین سـاتدا، نایەوێت وێنەی دەوڵەتی پڕ جـەبەرووت و نەبەزیو بدۆڕێنێت، نایەوێت وێنەی تێکشکێنەرێکی تێکنەشکاو لە خۆی داماڵێت، هیـچ دەرفەتێکیش لە بندەستی دەرناچێت، بێئەوەی سـەرلەنوێ وێنەی دەوڵەتێکی شـەڕکەر و نەبـەزیو و تێکشکێنەر بەرهەمنەهێنێتەوە. ئەو سـەرەتا ترسـێکی قووڵ لە هەناوی ئێمـەدا سـەوزدەکات، ترسـێک کە ساڵ دوای سـاڵ دەبێتە سیستمێکی چاوەڕوانیکردن و بیرکردنەوەو تێڕوانین و رەفتـارکردن. ئیدی لە هەنگاوەکانی دیکەدا، بەر لەوەی هیچ شتێک بکات، تەماشـای ناوەوەی ئێمـە دەکات... ئەو دوای ئەو ترسـەی ناوەوەی ئێمـە دەکەوێت، چونکە لە رێگای ئەو ترسـەوە جـەوهـەری خـۆی دەبینێتەوە، لە رێگای ئەو ترسەوە هەست بە سـەنگی خۆی دەکات، هـەستدەکات کە هێنانەدی ئەو پێـشبینییـە ترسناکانە، یەکێک لە رێگاکانی گـۆڕینی ئەو کۆمـەڵگایەیە بۆ قـەوارەیەکی سـێبـەر و پاشکۆ. بەعس وەکـو هەمـوو سـیسـتـمـە تۆتالیـتـارەکـان، دەزانیـت بچـوکـتـرین خیانەتکردن لە وێنەی خـۆی دەشێت بە گەورەترین کارەسات بشکێتەوە. ئەنفال لەم ڕەوتەدا، هەوڵێکی نەپسـاوە بۆ نیـشـاندانی تۆڵەیـەکی خـوێنین دەرهـەق بە هەمـوو ئەوانەی سـاتێک لە ساتەکان ئەو هەیبەتەیان لکەدارکردووە. ئەو دەزانێت کە ئێمە چاوەڕوانی تۆڵەیەکی گەورەین، چاوەڕوانـی قـڕانکردن و زیندەبەچاڵکردن و سـەرونگوونکردنـین، ئەنفـالیش تەبا لـەگـەڵ ئەو چاوەڕوانییەدا دێتەپێشێ. لە عورفی بەعسیشدا هەر تۆڵەیەکی کەمتر لە ئەنفال بە زیانی کۆی ئەو سیستـەمەی دەسەڵات دەشکێتەوە، بۆیە لە ڕاستیدا بـەعس ئەنفال بۆ ئەوە پیادەناکات تا توشی شـۆک«صـدمة»مـان بکات، بەڵکو تەواو بـە پێـچـەوانەوە، تا توشی شـۆکـمـان نەکـات و خیانەت لە چاوەڕوانییەکانمان نەکات.

لێرەدا سـەردەست «وەکو ئۆرێل ئاماژەیپێکردووە» تەواو لەسـەر رۆشنایی ترس و چاوەڕوانی داگیرکراوەکاندا دەجوڵێتەوەو ڕەفتاردەکات.

لێرەدا دەبێت بڵێم کە بڕێکی ئەو ترسـە تەنها لە وەحشیـەتی بەعسەوە هەڵنەقوڵابوو، بەڵکو سلۆکی و بەرچاوتاریکی بزاوتی سیاسی کوردیش، کە لە نێوان «هەڵهاتن و تەسلیمبوونەوە و بەرگریدا»نەیدەتوانی ڕێگایەکی ئاشکرا و کۆنکرێت هەڵبژێرێت، هۆیـەکی دیاری گەورەبوونی ئەو ترسـە بوو. بزاوتی سـیـاسی کـورد، بەشـێـوەیەکی خـۆویست بێت یان لـەژێر فـشــاری سـەربازی و لەبەرناچاریدا بێت، توشی پاشـەکشێی ترسناک بووبوو، هاوڵاتیـیـە سادەکـانی کـورد پشـتـیـان چۆڵ و بێپـەناگـا مـابوونەوە، ئەم دۆخـە سـامناکـە پتـروپتـر ئەو ترسـەی سـەوزدەکردو ئاویدەدایەوە. لە رێگای ئـەنفـالـەوە بەعس بە ئێمـەی گـووت، کـە بە بێ شـۆڕش گـەمـەکـان چ ئاڕاسـتـەیـەکی خـوێناوی وەردەگـرن، بە ئێـمـەی گـووت گـەر جـەنگ، جـەنگی

تێکەڵاوبوونی ڕاستەوخۆی جەستەی ئێمە و دەوڵەت بێت، دەرئەنجامەکانی چییە و چۆن دەکەوێتەوە. ئەنفال تەنیا نیشاندانەوەی تۆڵە نەبوو، بەڵکو ئامـاژەکردنێکی ڕاستەوخۆ بوو، بۆ جەوهەری پەیوەندی بەعس بە هەموو کەرتە بچوک و بندەستەکانەوە، ئەو کورتکراوەی ئەو دۆخەیە کە بەعس لە ڕێگایەوە سەیری پەیوەندی خۆی و دونیا دەکات.

**٢ ـ ئەنفال وەکو گرێدانەوەیەکی ڕەهای سیاسەت بە مەرگەوە**

«بەعس» دەیەوێت، لە هەر جێگایەکدا ژیان هەبوو، دەستی بەسەردا بگرێت و بە زەبر و توندوتیژی دەرگاکانی بشکێنێت و بچێتە ناوەوە... «دەستبەسەراگرتنی ڕەهای ژیان»، ئەوە دروشمی سەرەکی بەعسە. گرنگترین شت لای ئەم ڕژێمە، ئەوەیە کە سوچێک لەم جیهانەدا نەمێنێتەوە بۆ ئازادییەک، پێچەوانەی ویستەکانی دەوڵەت بێت.

بەڕای من، دەستبەسەراگرتنی ڕەهای ژیان، تەنیا کۆنترۆڵکردنی دەزگا ئۆرگانییە گرنگەکانی کۆمەڵگاو ئابوری نییە، بەڵکو دروستکردنی ئەو ئەتمۆسفیرە ڕەشەیە، کە هیچ کەسێک نەتوانێت بیر لە هیچ ڕوبەرێکی پچوکی ژیانی خۆی بکاتەوە، بە بێئەوەی بەعس بخاتە ناو ڕەوتی بەرنامەکانی خۆیەوە. دەستبەسەراگرتنی ڕەهای ژیان، بریتییە لە شۆڕبوونەوەیەکی قووڵ بۆ ناو هەموو چەمک وبەشە نهێنی و تایبەتی و پەیپێنەبراوەکان.

لە سایەی بەعسدا، سێبەری ئەم سیستمە، تەنیا لە ناو ئۆردوگا سەربازی و ژوورەکانی ئەشکەنجە و دەزگا مەدەنییە گەورەکاندا نابینرێت، سێبەری ئامادەیی سەرۆک، تەنیا لەسەر دیوارەکان و لە ناوەندی شەقامەکاندا نییە، بەڵکو ئەم جانەوەرە فرەسەر و فرەدەست و فرەچاوە، خزاوەتە هەموو جێگاکان، دزەیکردۆتە ناو بچوکترین و نهێنیترین شوێنەوە. بەعس لە گەشتی کشان و داگیرکردن و گەورەبوونیدا، دزەیکردۆتە ناو ئیقاعی شیعرەکانەوە، دزەیکردۆتە ناو دەنگی شاعیرەکان و لەرەی گەرووییانەوە، چۆتە ناو سیستەمی تەعبیر لە شتە بچووکەکان و بە چەندین شێوە گۆڕیونی. بەعس بۆتە هێزێک کە ئەو جڵەوی کار و بەهرەی ئاوازدانەران و شێوەکاران دیاریدەکات، بەعس لەم گەشتەدا، دەچێتە ناو ڕۆحی دادگاکان و بە ویستی خۆی دەیانجوڵێنێت، دەچێتە ناو فیکەی داوەرەکان لە گۆڕەپانی یاریدا و براوە و دۆڕاو دیاریدەکات، دەچێتە ناو سیستەمی تاقیکردنەوەی قوتابیان و لەوێدا پرسیارو پلەو چارەنووسەکان دەستنیشاندەکات. لە عێراقی بەعسدا هیچ گەنجێک ناتوانێت بیر لە ژنهێنان بکاتەوە، بێئەوەی بەعس و جەنگ و ماڵوێرانییەکانی نەخاتە بەرنامەوە، هیچ عاشقێک ناتوانێت بێترس لە تەپوتۆزی شەڕ و سیاسەت و مەرگ بیر لە ئەزمونێکی سافی عاشقانە بکاتەوە. بەعس شۆڕبوونەوەیەکی گەورەیە بۆ ناو پانتاییە بچوکەکانی ژیان.

هەڵبەت ئەم شۆڕبوونەوەیە، ئەم دزەکردنە قووڵە، میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم جۆرە شۆڕبوونەوەیە، ئەگەر لەچەند شێوەیەکی دیکەدا دەرنەکەوێت و جەبەروتی خۆی لە هەندێ ئاستی دیکەدا دەرنەخاتەوە بە ئاسانی نابێتە سیستەمێکی سەرتاپاگیری ترس.

هاوولاتیانی ژێر سایەی بەعس دەزانن مانەوەو ئامادەیی بەعس بەسە بۆ ئەوەی بەیانی ڕوداوێکی نائاسایی و ترسناک ڕووبدات، ڕووداوێک کە ئاراستەی هەموو شتەکان ئاوەژووبکاتەوە، بەعس خۆی وەکو هێزێکی سیاسی وێناکردووە کە لە هەموو ساتێکدا دەتوانێت هەموو پلانە بچوک و تایبەتییەکان تێکبشکێنێت، جەوهەری بەعس دروستکردنی فەزایەکی گەورەی چاوەڕوانییە، چاوەڕوانییەکی دوورودرێژی ڕوداوی گەورە، چاوەڕوانی پەلاماری لە ناکاو، چاوەڕوانی هێرشێک کە پێشتر هیچ نیشانەو بەڵگەو بەهانەیەکی نەبووە.

ئێمە نازانین بەعس لە چ ساتێکدا و لە چ شوێنێکەوە و بۆچی دەردەکەوێت، ئەو گەمەیەک دروستدەکات کە گەمەی «لە چاوەڕوانیکردنی هەمیشەیی بەعس»دایە، گەمەیەک کە لە هەر شوێنێکی دونیادا بین ناتوانین لە داواکانی دەربازبین. بۆئەوەی ئەم گەمەیە، ئەم ترسە قووڵە کە وەک ترس وایە لە قەدەر، ببێتە ڕاستیەکی ڕۆژانەو بەرجەستە، بەعس لەسەر نەخشەکان کاردەکات. ئەو بۆ ئەوەی ئەو ترس و تاریکی و چاوەڕوانییە پڕبکات لە تەمومژو تەلیسم و دوودڵی، لەسەر تۆپۆگرافییەکانی شوێن و لەسەر دابەشکردنی ڕووبەرەکان کاردەکات، نەخشەی شارەکان و شوێنەکان دەستکاریدەکات، ئەو بە بێ دروستکردنی دوو جیهانی جیاواز ناتوانێت ترس و چاوەڕوانییەکی قەدەرئاسامان تیابچێنێت.

بەعس دونیا دەکاتە دوو بەش، یەکەمیان: ڕووبەرێکی تاریکی موتڵەق. دووەمیان: ڕووبەرێکی ڕوناکی موتڵەق.

شوێنی تاریک: جیهانی تاریکی، جیهانە تایبەتی و نەبینراوەکەی بەعسە، دونیای دیوارە ئەستوورەکانە، کە هیچ شتێک، هیچ چیرۆکێک بەئاسانی لەودیو بەربەستەکانەوە دزەناکاتە ئەمدیوەوە، هیچ نەخشەوپلانێک بەر لەوادەی خۆی نایەتەدەرەوە. ژێرزەمینە تاریک و نادیار و نەزانراوەکانی ئاسایشە کە کەس بە دروستی نازانێت دەکەوێتە کوێوە، شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی جەلاد و قوربانییە، شوێنی بە لاوەنانی هەموو ڕێسا ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و مێژووی وئاینییەکانەوە، بەعس لەو ژێرزەمینە تاریکانەدا، لەو ڕووبەرە نادیاریانەدا هەموو یاسا ئاسمانی و زەمینییەکان دەخاتەلاوە و جگە لە یاساکانی خۆی کار بە هیچ یاسایەکی دی ناکات، ئەم شوێنە تاریکانە، شوێنی دەسەلاتی ڕەهای بەعسن کە بێشەرمکردن لە هیچ ڕێگرێک دەموچاوی خۆی ئاشکرادەکات. شوێنی تاریک، شوێنی ڕووتبوونەوەی بەعسە، شوێنی گەمەکردنێتی.

شـوێنی تاریک: دیواری حـامـیـیـەکـانـە، تەلبـەندی دووردوودرێژی سـەربـازگـەکـانـە، ئەو بەربەستانەیە کە جەستەی بەعس لە جەستەی جیهان جیادەکاتەوە. لە عێراقدا هەرکەسێک بێنەخشە و زانینێکی پێشوەخت، لە تەلبەندەکانی ئەو شانشینەی بەعس نزیکببێتەوە، کەسێکی گومانلێکراوو بەدنیازە. کەس بۆی نییە بزانێت چی لە پشت ئەو دیوارانەوە هەیە، بەعس عێراق پڕدەکات لە تەلبەند، پڕیدەکات لەو زەوییە دابڕاوو جیاکراوەو دوورە دەستانەی کە تەنیا لە دوورەوەو لەسەر ڕێگا گشتیەکانەوە دەتوانین تەماشایانبکەین.

شوێنی تاریک: ژووری نهێنی و داخراوی بەڕێوبەرەکانە کە هیچ کەس نازانێت چ پلان و نەخشەیەکی تیادەکێشرێت، کەس بۆی نییە، کاغەز و دیکۆمێنت و نهێنیەکانی بزانێت. شەقامە قەدەغەکانە، کە لە ناوەڕاستی شارەکاندا جەستەی بەعس لە پانتایی و ڕووبەری ئاسای شار جیادەکەنەوە، هەزارەها هەکتار زەوی حەرامکراوە کە نابێت کەس پێیانتێبخات، سەدەها گۆڕستانی نهێنییە کە قوربانییەکانی بەعسیان لە خۆیانگرتووە، چاویلکەی رەشی پاسەوانەکانە کە تاریکایی پشت جامەکانیان، ڕەنگدانەوەی تاریکی ناو هەناوی رژێمە، ماشێنە جام ڕەشەکانە کە کەس بۆی نییە بزانێت چی تیایە، سەری قوربانییەک یان لێپرسراوێکی بە ویقاری دەوڵەت.

بەعس هەمیشە لە هەوڵدانێکی ترسناکدایە بۆ تەلیسماویکردنی جیهانی خۆی و دروستکردنی دنیایەکی نەبینراو، بەڵام ئەگەر بەودیویشدا بروانین دنیاکانی دیکە دەخاتە بەر تیشک و ڕۆشنایی. شوێنی ڕوناک لەم دابەشکردنەدا، هەوڵدانێکە لەلایەن بەعسەوە بۆ ئەوەی هەموو ڕووبەرەکانی دەرەوەی خۆی ببینێت. ئەو چۆن میکانیزمێکی بەربڵاو دەخاتە کار تا شوێنی تاریک دروستبکات، هەوڵێکی نەپساویش دەدات، تا هەموو پانتاییە تاریکەکانی دەرەوەی خۆی ڕۆشنبکاتەوە.

شوێنی ڕوناک: هەموو ئەو ڕوبەرانەیە کە بەعس بەقووڵی دەچێتە ناویانەوە تا نهێنییەکانیان دەربخات و ڕیشەکانیان بپشکێنێت، لەم ڕێگایەشدا دونیای دەرەوەی خۆی پڕدەکات لەو پیاوانەی کە گیرفانیان پڕە لەو تەسجیلە چکۆلانانەی هەموو شتێک لەدەرەوە تۆماردەکەن. هەموو گەڕەگ و کونجێک پڕدەکات لەو چاوانەی کە تەنیا ڕۆڵیان پاسەوانیکردنە بۆ بەعس. بەعس دەیەوێت ببینێت... دەیەوێت بکشێتە ناو هەموو خانەکان و چاوڕوونانەش تەماشای هەموو لایەن و ڕەهەندەکان بکات. بەعس گوندەکان ڕادەگوێزێت، تاباشتر ببینێت... درەختی باخچەکان لەناو شاردا دەبڕێتەوە تاباشتر بیبینێت... هۆڕەکانی باشوور ووشکدەکاتەوە، باغەکانی خورما لە بنەوە ڕیشەکێشدەکات، دارستانەکانی کوردستان دەسوتێنێت، دەشیەوێت ڕوونتر ببینێت، بەڵام خولیای بینین و ڕۆشنکردنەوە، تەنیا لەو سنوورەدا

ناوەستێت کە بەعس لە قۆناغێکی دەسەڵاتیدا فەرمانبدات، کە هەموو ماڵێک بەرپرسیارە لە گڵۆپەکەی بەردەرگای خۆی و هەموو خانوویەک دەبێت لە ئێوارانەوە گڵۆپێکی داگیرساوی لەبەر دەرگادا هەبێت، بەڵکو دەگاتە هەندێ ئاستی دیکە، ئاستی ڕۆچوون بۆ ناو نیازە شاردراوەکان و ژێرەوانکێکانی ناوی ناوەوە.

بەعس زیندانە نهێنییەکان پڕدەکات لە کۆمەڵێ کەس کە هیچ وەخت بەڵگەیەکی تاوانیان پێنەگیراوە گوناهباریان بسەلمێنێت، بەعس خۆی گوناهەکان دادەتاشێت، خۆی گومانەکان دروستدەکات و پەروەردەیاندەکات، بەعس نایەوێت بەڵگەکانی تاوان ببینێت، بەڵکو دەیەوێت ناوەوەی مرۆڤەکان ببینێت. ئەو لە ئەشکەنجەدا نایەوێت بەڕاستیەکی دیاریکراو بگات، بەڵکو دەیەوێت ناوەوەی کارەکتەرەکان ڕۆشنبکاتەوە، ئەو دەیەوێت بگاتە خەونەکان، دەیەوێت نیازە شاردراوەو گوناهە نێژراوەکان دەربهێنێتەوە. ئەشکەنجەدان لە کولتووری بەعسدا، درێژکراوەی ئەو سیستەمی ڕۆشنکردنەوەیە، کە دەیەوێت ئاسۆکانی بینین فراوانتربکات. بە مانایەکی تر بەعس توانای فەرمانڕەوایکردن، دەبەستێتەوە بە توانای بینینەوە، لێرەدا ئەشکەنجەدان دەبێت بە بەشێک لە هێزی بینین و لە توانای دەرهێنان و دەرخستنی ناوەڕۆکی قووڵاییەکان.

ئەم دۆخە کۆمەڵگایەکی بەڵەک و پەڵەپەڵە دروستدەکات، لەلایەک بەعس بۆی هەیە پێبخاتە هەموو شوێنێکەوە، لەلایەکی دی کەس بۆی نییە هیچ لاپەڕەیەکی مەلەفێک لە مەلەفەکانی ئەو هەڵبداتەوە، یان دەرگایەکی داخراوی ئەو بکاتەوە. ئەو بۆی هەیە بگاتە هەموو کونجێک و هیچ کەسی دیکە بۆی نییە، بگاتە خوێندنەوەی شوێنە تاریکەکانی ئەو. ئەو بۆی هەیە خەونەکانمان ببینێت، بەڵام بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئەو، هەموو بەتەنیا و دوور لە چاودێری هیچ کەسێک فەرمانی لەسەر دەدرێت.

شاردنەوەی موتڵەقی نیاز و مەبەستەکان، گۆشەیەکی بنچینەیی کولتووری سیاسی بەعسە. گەورەکردنی ڕووبەرە تاریکەکان و زیادکردنی پانتاییە قەدەغەکان، لە دواجاردا تەمێکی ڕەش دەخاتە سەر هەموو نیازەکانی دەوڵەت... گرنگترین شت لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە کەس نەزانێت، دەوڵەت چی هەیە، چی دەکات و چی نیازە، واتە نەزانێت بەیانی چی ڕوودەدات، لە سیستەمی بەعسدا، بەیانی موڵکیەتی تایبەتی ئەوە. تا تاریکەکانیش چڕتر و گەورەتربن پتر هەستدەکەین کە ئێمە لە جیهانێکداین، جەوهەرەکەی لەسەر «نەبوونی دڵنیایی» دروستبووە. ئەم دونیا تاریکە کە هەمیشە هەستێکی قووڵمان بە ترس تیادەبزوێنێ، لە هەمان کاتدا هەموو ترسە دەروونییەکانی منداڵی زیندودەکاتەوە. ترسی منداڵ لە جێگا تاریکەکان هۆکەی ئەوەیە کە نازانێت دەبێت چی لەو زوڵمەتە بێتەدەرێ، بەعس ئەم ترسە

دەگـۆڕێتــەوە ســەر نـەریتـێکی سـیـاسـی، لەگـەڵ بەعـســدا بەردەوام دەبێت بتـرسـین لەوەی تاریکییـەکـان قـووتمانبـدەن و لـە دەهلیـزەکـان نەیەینـە دەرەوە، هەمـوو پانتـاییـەکی تاریک هەڕەشـەیەکی گەورەیە لە ئارامی و ژیـان، ئێمـە لەبەردەم ئەم ڕووبەرانەدا هەمیشـە چاوەڕوانی ئەوەین، درندەکان لەو تاریکیانەوە بێنەدەرێ ژیانمان وێرانبکەن.

پیاوی ئاسایی لە رژێمی بەعسدا، پیاوێکە هەمیشە لە پرسیاری ئەوەدایە کە ئایا ئەو ئازادە یان گیـراوە. هەڕەشـەی گـرتن و مـردن، پابەندی ئەو ئەتمۆسـفـیـرە گـشـتـیـەیە کـە بەعس دروسـتـدەکـات، ئەو پرسـیـارە، پرسـیـارێکی رۆژانەیە، پابەنـدی جـووڵە و بزاوت و هـاتووچۆ ئاساییـەکانی خـەڵکە، بەعس ئەم دابەشکردنە تۆپۆگرافییـە لە نێوان شوێنی تاریک و روناکدا، دەگوازێتەوە بۆ ناو سـتراکتوری ژیان، دەیگۆڕێتەوە سەر دوودڵییەکەی قووڵ لە نێوان شانسی ژیان و شـانسی مردندا. ئەو تەنیا لە ڕێگای کوشـتنەوە، حوکمنـاکات، بەڵکو ژێردەسـتەکانی خۆی دەخاتـە ناو هـاوکێشـەیەکی قـورسـی هیـوا و نائومـێدییـەوە. ئەو نمونەیـە گەلێکی جیـاواز دەخاتە بەردەسـتمان. هەنـدێجار، قوربانیـەکان لەبەر هۆی زۆر بچوک و بێمانا بە خـراپترین و درندانەترین شێوە پارچەپارچەدەکرێن، هەندێجاریش خەڵکانێک لەوسـەری ئەوسەری دەهلیزە تاریکەکانی بەعسەوە، لە ژوورەکانی لەسێدارەدانەوە دەگەڕێنەوە ودێنەدەرێ. کلیلی سەرەکی کۆنتـرۆڵکردنی بەعس، ئەم گەمـەی تـرس و ئومـێدەیە، لێرەوە سـیـاسـەت لە عێـراقـدا دەبێـتـە سـازدانی گـەمـەی ژیان ومـەرگ، وە بەرخـسـتنی تەمـاحی ژیان و هـەڵاوسـاندنی تـرسـی مـردن. هەتا لێبوردنە یەک لە دوای یەکەکانی بەعس، میکانیزمێکی تری گەورەکردنی ئەو سنوورانەیە کە شـانسی ژیان و شـانسـی مـردن تیـایاندا یاریدەکەن. لێبـوردنەکانی بەعس، بریتی نییـە لە دڵسافبوونەوە و فراوانکردنی ڕووبەری «تسـامح» لە پەیوەندییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکاندا، بەڵکو بریتـییـە لە چاندن و قووڵکردنەوەی هەسـتکردن بە نادیاری و ناڕۆشنی چارەنووسـەکان. بەعس لە ڕێگای لێبوردنەوە هێزی ئەفسانـەئاسای خۆی لەسـەر بەخشـینی ژیان و زەوتکردنی دەخاتە ڕوو، لێبوردنەکانی بەعس ئاوێنەی تواناکانی بەعسن لەسەر کۆنترۆڵ، نەوەکو لەسەر بەخشـین و دڵپاکی.

ئەنفال «وەکو پرۆسـە» گەورەکردنی هـەمان گەمەیە، ئەگەر جەوهـەری ژیانی تاکەکان و خـەڵکە سـادەکان لەژێر دەسـەڵاتی بەعسـدا، ترسێکی هەمیشـەیی و هەڵواسـرانێکی بێئـەندازە بێت لە نێوان ژیان و مـەرگدا. ئەنفـال، گـواسـتـنەوەی هـەمـان دوودڵی و ڕاڕاییـە بۆ سـەر چارەنووسی نەتەوەیەک بە گشتی.

لەدوای ئەنفالەوە، ترسـەکە ترسێکی فەردی نییە، سڵکردنەوە نییە لە گوناهە شەخسییەکان، بەڵکو ترسـە دەرهـەق بە فـەنابوونی دەسـتـەجـمعی. لێرەوە ئیـدی کێشەکە کێشـەی لەناوبردنی

تاکەتاکەی فەردەکان نییە، بەڵکو کێشەی سڕینەوەی ڕەگەزێکە لەسەر ڕووی زەوی. لە ڕێگای ئەنفالەوە بەعس دەیەوێت کورد وەکو نەتەوە، هەمان ئەو ترسە بژی کە تاکەکان وەکو مرۆڤی لەیەکدی جودا تیا دەژین. بۆیە لەدوای ئەنفالەوە ناشێت بیر لەوە بکەینەوە کە دەشێت ژیان لەگەڵ بەعسدا ڕەوتێکی ئاسای وەربگرێتەوە.

لەدوای ئەنفالەوە، بە ئەندازەیەکی ترسی فەنابوون تێکەڵ بە ژیان دەبێت، کە لەپچوکترین و نادیارترین خانەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە، بە مانایەکی تر ئەنفال تەنیا هەڵوێستێکی سیاسی و سەربازیانە نییە، بەڵکو تەعبیرە لە سروشتی ژیان لە سیستەمێکدا کە ناتوانێت سیاسەت لە مەرگ جیابکاتەوە.

**٣ ـ ئەنفال وەکو ئاهەنگێکی غەریزانە**

ئەنفال لە دیدی بەعسدا لە چەمکی بەرپاکردنی «جیهانێکی نوێ» جیاناکرێتەوە، هەموو سیستمە فاشیستییەکانیش بە ناوی ڕۆحی نوێگەری و سەرهەڵدانی سەردەمێکی تازەوە شەرعییەت دەدەنە تاوانەکان، نازیستەکانیش کاتێک کتێبی هەموو نووسەرو داهێنەرە گەورەکانی دونیایان دەسووتان، بەهانەیان ئەوەبوو کە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا ناگونجێت، مارکسییەکانیش لە سۆڤێتی جاراندا هەر بە هەمان بەهانەوە، شاعیرانیان دەنارد بۆ سیبریاو تابلۆکانیان بە لێشاو توڕدەدایە زبڵخانەکان. کێشەی سەرەکی لەم مەسەلەیەدا ئەوەنییە کە دەوڵەت لە بیروڕای نەیارانی دەترسێت، بەڵکو ترسی گەورەی پشت ئەم تاوانانە ئەوەیە، کە لە ساتەکانی ئارامی دڵنیایی و بەرقەراریدا ڕوودەدات.

ئەنفالیش لە شکۆمەندترین ساتەکانی بەعسدا ڕوودەدات، کە بەعس دەستدەداتە ئەنفال، لە دۆخێکی لاوازو شپرزەدا نییە، پایەکانی حوکم لەهەرکات سەقامگیرتر و جێگیرترن، بەعس لەوپەڕی هێز و دەسەڵات و هەیبەتیایەتی. عێراق لە رۆژگاری ئەنفالدا، وڵاتێکی لاتەریک و دابڕاو نییە، بەڵکو لە پەیوەندیەکی بەهێز و ستراتیـژیدایە لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییە گرنگەکان و پەیوەندی گرنگیشی بە سۆڤیەتی داڕوخاو و بە خۆرئاواوە هەیە، بەغداد لەو سەردەمەدا سەنتەرێکی سیاسی و فەرهەنگی هەموو جیهانی عەرەبە، شوێنی کۆڕ و کۆبونەوە و سەردانی سەرانی عەرەب و هونەرمەندان و رۆشنبیرانیشە. بەغدا، دەرگایەکی والایە بۆ چەندەها رۆشنبیری جیهانیش کە یەکێکیان دەڕوات، یەکێکی دیکەیان لە ئوتێلە گەورەکانیدا دادەبەزن. جەنگی عێراق، ئێران لە کۆتاییدایە و ئاسۆکانی سەرکەوتنی سوپای عێراق لەبەرەکاندا دەبینرێت، هێزەکانی ئێران توشی نووشستی پەیتاپەیتاو گەورە بوون. ساڵانی درێژی شەڕیش عێراقی گۆڕیوە بۆ دەوڵەتێکی بەهێز لە ڕووی ئیداری و سەربازی و

پیشەسازی جەنگییەوە. بە مانایەکی تر ساتەکانی پێش ئەنفال، ساتی ترس نین لە هەرەس، تا توندوتیژییەکی گەورە و چاوترسانێکی گەورە پێویست بێت بۆ ڕاگرتنی پایەکانی حوکم، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەعس لە سەقامگیرترین ڕۆژانی فەرمانڕەوایی خۆیدا، ئەنفال ئەنجامدەدات.

بەعس لە ساتی ئەنفالدا دەبینێت، کە ئیمپراتۆریەتەکەی تەواو لەوە نزیکبۆتەوە، ببێتە بونیادنەری جیهانێکی نوێ، ئەو دوژمنانی دەرەوە و ناوەوەی تێکشکاندووە، سەفەری درێژی ساڵانی جەنگ بە سەرکەوتن دوایهاتووە، ئەو بە هەرلایەکدا دەڕوانێت، جگە لە وێنەی خۆی، جگە لە شکۆی خۆی هیچ تر نابینێت، هەر لەو ڕۆژانەدا صدام حسێن، دەکەوێتە کردنەوەی پێشانگا تایبەتیەکانی وێنە و نیگاری خۆی و دەکەوێتە ناو تێرامانێکی سۆفیستانەوە لە شکۆی خۆی، ساتی ئەنفال، ساتی گەیشتنی بەعسە بە ترۆپکی خۆئەڤینی «نەرسیسیەت»....
بەعس لەو کاتەدا لە قۆناغێکدایە کە هەموو جووڵەیەکی خۆی، هەموو ڕووداوێک کە بەدەستی سیاسەتمەدار و ئەفسەرەکانی ئەو ڕوودات، بە ڕۆژێکی مێژوویی و بە مایەی شکۆ دەزانرێت.
ئەو ڕۆژانە، لەدیدی بەعسدا، ڕۆژانی بەهادارن، چونکە لەو کاتەدا بەعسیەکان، هەرچییەک ئەنجامبدەن، موبارەک و ناوازەیە.

ساتەکانی بەر ئەنفال، ئەو ساتانەن کە بەعسیەکان هەستدەکەن پێیانخستۆتە ناو خەلیقەتێکی تازە و جیهان بەرەوئەوە دەچێ ببێتە سێبەرێک لە سێبەرەکانی گەورەی و مەزنییان، گەیشتن بەو پلەو پایەیەش، شایستەی ئەوەیە مێژوو بکاتە ئاهەنگێکی گەورە... بەعس لەگەڵ دەرکەوتنی تارمایی بەرقەراربوون و سەرکەوتندا، دەیەوێت ڕۆژەکانی ساڵ بکاتە ڕۆژانی ئاهەنگی یەک لەدوای یەک، لێرەوە ئەنفال بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان بەردەوامی ئەو ئاهەنگەیە کە بەعس بۆ سەرکەوتنی سازدەکات.

بۆئەوەی پتر لەومەبەستە تێبگەین، پێویستە، ئاوڕێک لە جەوهەری پێناسەی کەسی بەعسی بدەینەوە، ئایا کەسی بەعسی خۆی کێیە؟ هەڵبەت کەسی بەعسی وەکو پێشتر گوتم، پیاوێک نییە کە بتوانێت لە زەبر و گورزە ناوەختەکانی بەعس خۆی بپارێزێت، بەعسی بوون هیچ وەخت مانای دڵنیایی و ئاسوودەیی ناگەیەنێت، بەڵکو تا ئەندازەیەکی گەورە بە پێچەوانەوە، بەعسیەکان تا زیاتر بە پلەوپایەکاندا بەرزببنەوە، پتر ئەگەرەکانی لەناوبردنیان زیاددەکات... کەواتە چی وادەکات سەدان هەزار عێراقی عەرەب و کورد ببنە بەعسی؟ هەڵبەت لە پاڵ ئەو تەماحە مادییەدا کە بەعس دەیخاتە بەردەمی هەندێک لە ئەندامەکان، بەعسیبوون کردنەوەی دەروازەیەکی گەورەیە بۆ تێرکردنی غەریزەکان. بەعسی بەوە لە خەڵکی ئاسایی جیادەکرێتەوە کە شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە بەئاسانی دەتوانێت غەریزەکانی خۆی تێربکات. لە

ڕاستیدا گرێدانەوەی دەسەڵات بە سێکسکردن و ڕابواردنەوە، کولتوورێکە لە زەمانی خەلافەتەوە ماوەتەوە یاخود دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی دروستبوونی خێڵی باوکسالار، بەعسیبوون لە عێراقدا، تەماحێکی ئاشکرابوو بۆ ئازادبوونی بەعسییەکان لە کۆتوپێوەندە غەریزییەکانیان، بانگەشەیەکی نهێنی و ناڕاستەوخۆ بوو بۆ مرۆڤی سادە کە بوونی بە بەعسی، شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت کە تیایدا ئاسانتر دەتوانێت ئارەزووە نهێنیەکانی خۆی تێربکات.

هەموو ئەو پیاوانەی لە عێراقدا دەبوونە بەعسی، دەیانزانی ئیدی لەو ساتەوە توانایەکی زیاتریان هەیە، سێکسبکەن و بکوژن... بە واتایەکی دی، بەعسیبوون هەلاوسانێکی گەورەی توانای کوشتن و سێکسکردن بوو.

ئەوەی بوو بە مایەی بە بەعسیبوونی سەدان هەزار خەڵک، نە سیحری ئایدۆلۆژیای بەعس بوو، نە سیحری کاریزمای صدام حسێن، کە بەش بە حاڵی خۆم پێموانییە سەدام حوسەین وەکو سەرکردەیەک هێزێکی کاریزمی بەرچاوی هەبێت، چونکە دوو سیفەتی هەرەگەورەی کاریزما بەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵک و هێزی ئیقناعە کە هیچیان لە سەدام حوسەیندا نین، لێرەوە تێکەڵاوکردنی خەسڵەتەکانی دیکتاتۆر بە خەسڵەتەکانی سەرۆکی کاریزمی ئیشکالێکی مەنهەجی گەورە دروستدەکات، بە هەرحاڵ ئەمەیان بابەتی من نییە، ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە ئاماژە بۆ ئەوەبکەم کە بڕێکی گەورەی سیحری بەعسیبوون سیحری ئازادکردنی شەهوەتەکانە، ئەو بایەخدانە گەورەیەی بەعس بە ئاهەنگ و ئاهەنگگێڕان، سرووتێکی گەورەی گەرمکردنی غەریزەکان و هەوڵدانێکی ڕۆژانەی لاوازکردنی کۆتوپێوەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەر ئەو غەریزانە بوو. بەعس لە ڕێگای ئاهەنگەکانەوە بەعسیبوونی دەگۆڕی بۆ جۆرە پەیوەندیەکی ئیرۆتیکی و سیکسوالی بە جیهانەوە، خەڵاتی بەعسیەکان لەسەر بەعسیبوونیان، نە ئازادی قسەکردن، نەئازادی سەفەر، نەئازادی داهێنان و بیرکردنەوە بوو، بەڵکو ئازادی کوشتن و سێکسکردن بوو، بەعسی ئەو پیاوەیە کە بۆ کوشتن و سێکسکردن ئەو سانسۆرە کۆمەڵایەتی و یاساییەی لەسەرنییە کە لەسەر هاووڵاتیانی دیکەیە، ئاهەنگەکانیش تەعبیرن لەو ئازادییە، تەعبیرن لەو گەشە سێکسییەی کە بەعسیبوون دەیبەخشێت.

ئاهەنگیش لە دونیای بەعسدا، دوو جۆرە:

جۆری یەکەمیان، ئاهەنگی سەر شەقامەکانە، ئاهەنگی ئاشکرای بۆنە سیاسییەکانە، ئاهەنگەکانی تێکرژانی ژنان و پیاوانە، میکانیزمی سەرەکی دروستکردنی گاڕانی گەورە و تواندنەوەی قەوارە بەشەرییەکانە لەناو یەکتردا، بەجۆرێک فەرد لە لێپرسراوێتییە

تایبەتییەکانی خۆی دەبێتەوە و دەکەوێتە پەتا و هیستیریایەکی دەستەجەمعییەوە، کە تیایدا هەموو ڕێگرە ئەخلاقیەکان کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر ڕەفتارکردن نامێنێت، لێرەوە دەشێت ڕاشکاوانە بڵێین کە لە ڕاستیدا خولّقانی هیستیریای دەستەجەمعی لەسەر شەقامەکان، وەکو چۆن پەیوەست و تواندنەوە و وونبوونی تاکەتاکەی مرۆڤە عێراقییەکان لە گاڕانێکی یەک شوناس و یەک ڕەنگدا بەرجەستەدەکات. لەهەمان کاتدا ئەو خەڵاتە ئیرۆتیکیەشە کە ئەو تاکانە چاوەڕوانیدەکەن.

جۆری دووەمی ئاهەنگەکان، بینراونییەو لە پێش چاوی خەڵکەوە ئەنجامنادرێت، بەڵکو چێژێکی دڕندانەیە کە تەنیا نوخبەی دەسەڵاتدار و فەرمانبەرە باڵاکانی ئاسایش و سوپاو موخابەرات تامیدەکەن. ئەم چێژەیان چێژی تایبەتی جەلادەکانە و ئەوان لە تاریکیدا و لە پشت دیوارە ئەستوورەکان و لە ژێرزەمینە نهێنیەکاندا ئەنجامیدەدەن. ئەم ئاهەنگەیان، ئاهەنگی کوشتن و پەلاماردان و لاقەکردنی قوربانییەکانە، ئاهەنگی ئەشکەنجەدان وکوشتنە، لە ڕێگای ئەم ئاهەنگانەوە بەعسییە گەورەکان پتر تێدەگەن کە تا چ ئەندازەیەک لە کوشتن و سێکسکردندا ئازادن.

لەم جۆرە ئاهەنگەدا بە ئەندازەیەک مانای بەعسیبوون بە نەشوەی کوشتن و سێکسکردن تێکەڵاودەبێت، کە ئیدی ئەستەمە خودی بەعسیبوون لە پانتایی پراکتیکردنی غەریزیانە جیابکەینەوە. ئەنفالیش گەیشتنی ئەو یارییە غەریزییە بە باڵاترین شێوە، ئەنفال ئاهەنگێکی کۆگەلیانەی سوپاو حیزبە کە تیایدا کوشتن و لاقەکردن و ئەتککردن دەگاتە ئازادترین ئاستی و کەسی بەعسی لە هەموو مێژووە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکەی دەبێتەوە. هەڵبەت ئەنفال وەکو کوشتنێکی بێ هۆ و بێ بەهانە، ئاوێنەی گەیشتنی بەعسە بە باڵاترین پلەی خۆئەڤینی، لەساتی ئەنفالدا بەعس خۆی وەکو هێزێکی مەزن دەبینێت، کە توانای هەیە مێژوو ئاوەژووبکاتەوە، لێرەوە پێیوایە کە ئەم مەزنی و شکۆیە دەبێت تادوا سنوور ئازاد بێت، ئەو بوونی خۆی بە بوونێکی ڕیزپەڕ و ناوازە دەزانێت، لێرەوە مافەکانیشی هەر ڕیزپەڕ و ناوازەن و ڕۆژەکانیشی هیچی ڕۆژی ئاسای نین. ئەنفال بەبێ خودمەستییەکی «الانبهار بالذات» گەورە ئەنجامنادرێت، لە ساتی ئەنفالدا دەبێت جەلاد بە ئەندازەیەک بە خۆی و گەورەیی خۆی سەرسامبێت و بە ئەندازەیەکیش قوربانی ناشرین و بچوککردۆتەوە، کە بواری ئەوەی بۆ دەرەخسێنێت پاککردنەوەی و ڕیشەکێشکردنی بە سرووتی وەک ئاهەنگ ئەنجامبدات.

ئەنفال، ئاهەنگە نەوەکو جەنگ، ئاهەنگی سەرکەوتنی سیستەمێکە کە لە غرورترین ڕۆژەکانی خودئەڤینی «النرجسیة» خۆیدا دەژی، ئاهەنگە چونکە گەیشتنی خودێکی نەخۆشە،

بەوەی کە لە سارسامبوونیدا بە خۆی مافێکی موتڵەق دەداتە خۆی. «مافم هەیە بەختەوەر بم، کەواتە مافم هەیە بکوژم» بەعس بە ئەندامەکانی دەڵێت، ئێوە بەعسین و فەرمانڕەوان کەواتە مافتان هەیە بەختەوەر بن، مافی بەختەوەریش لە کولتوری بەعسدا لە مافی کوشتن جیاناکرێتەوە... بەعسییەکان، سازدانی ئەنفالیان وەکو بەشێک لە مافەکانی خۆیان سەیردەکرد، هەر لێرەشەوەیە کە ئەو کارەساتە مرۆڤانە گەورەیە، هیچی لە ویژدانی جەلادەکاندا دروستنەکرد، هەڵبەت ئەوەی کوشتن بە بەشێک لە مافی سروشتی خۆی بزانێت، دواتر وەرگرتنی ئەو مافە بە ناهەق لەقەڵەمنادات، هەمان جۆر ئەنفال کاریگەریەکی ویژدانیانەی نەگەتیڤی لای هیچ کەسێک دروستنەکرد.

ئەنفال ئاهەنگێکە لە تاریکیدا، کوشتنێکە بێبەربەست، لەگەڵ ئەنفالدا بەعسییەکان دەگەنە ئەو شێوەیەی کوشتن کە دەکرێت ناویبنێین، «کوشتنی ئیدیال». قوربانییەکانی ئەنفال، کۆمەڵێ کەسن کە ناتوانن بچوکترین بەرگری نیشانبدەن، ناتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننە ئەودیو گۆڕەکانیان، ئەم قوربانیانە لەوە لاوازترن بتوانن لە هیچ ڕێگایەکەوە، بەزەیی جەلاد، یان سەرنجی جیهانی دەرەوە بۆ خۆیان رابکێشن. پیاوکوژەکان، پرۆسەیەکی دوورودرێژی خۆجوانکردنیان پیادەکردووە، پرۆسەیەک کە لەناویدا هەموو سیفەتەگەورەکانی جوانی و هێز و رەسەنی و دادپەروەری و نەمریان بۆ خۆیان پاوانکردووە، بەودیویشدا دونیای قوربانی، دونیایەکە بە وێنەی ناشیرین و ئاماژەی دزێو قاندراوە، کوردەکان، لە دیدی بەعسدا، پیاوانی بچوک، خائین، تێکدەر، سەرەتایی و دڕندەن، لێرەوە لەناوبردنیان ئەرکێکی ئاسای و شەرعییە. کوشتن و لەناوبردنی ئەم جۆرە مرۆڤانە، نەوەک گەورەیی و پاکی بەعسییەکان بریندارناکات، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ئەنفال لە فەزایەکدا ئەنجامدەدرێت، کە تیایدا جەلاد لەدوای تاوانەکەی پتر هەست بە دڵنیای و ئاسوودەیی و دادپەروەری خۆی دەکات، لێرەوە بەعس لەدوای ئەنفالەوە بە توندی دەکەوێتە هەڵگرتنی گووتاری دادپەروەری و یەکسانی و نەهێشتنی پێوانەی دوولانە «المعاییر المزدوجة». قسەکردنی بەعس دەربارەی دادپەروەری لەدوای ئەنفال، گەورەترین بەڵگەیە، کە ئەم رژێمە توانای هەیە، چەندین جار پتر پرۆسەی لە ئەنفال ترسناکتر دووبارەبکاتەوە. ئەم ڕاستییە ناکۆکانە، ئاوێنەی ئەو ڕاستییە گەورەیەن کە بەعس ئەنفال وەک جۆرە ئاهەنگێکی دەستەجەمعی سازدەکات، ئاهەنگێک کە پیاوەکانی ئازادانە تیایدا بەبێ بەربەست و بەبێ سنور دەکوژن. ئەنفال تێرکردنی ئارەزووی کوشتنە، ئارەزوویەک کە ساڵەهای ساڵ لەناو خوێن و دەماری مرۆڤە سادەکانی عێراقدا گەورەکراوە، هەموو تێرکردنێکی ئارەزووش، لە جیهانی بەعسدا لە شێوەی ئاهەنگدا دەشکێتەوە.

ئێمـە تا ئەمڕۆ دێكۆمـێنتێكمـان لەبەردەسـتدا نیـیە، تا بزانین بەعسـییەكـان چۆن چۆنی قـوربانییـەكانیـان تیـربارانكردووە، بەڵام لە كـردەیەكی بێ سـنووری پەلامـاردان و ئەتككردن دڵنیـایـن. دواجـاریش ئەنفـال، ئامـاژەیەكی ڕاسـتـەوخـۆیە بۆ ئـەو سـیـسـتـەمـە ئامـوزشـی و كـۆمـەلایەتیـیـەی بەعس، كـە زەمـیـنـەی ئەوەی خـۆشكرد مـرۆڤـی عـێـراقـی لە هەمـوو لابەلابوونەوەیەكدا ووزەیەكی سـەرسـوڕهێنەری دڕنـدایەتی و وێرانكردن دەربخـات، ئەم ڕووەی بەعس، لـە هـەمـوو لایەكـانی ژیان و لە هەمـوو دوژمنەكانیـشـیـدا دەردەكـەوێتـەوە، بەداخـەوە گۆڕینـی جەنگ و كوشـتار بۆ ئاهەنـگ، كەم و زۆر لە كولـتووری سیـاسـی كوردیشـدا دەبینرێت. بەعس لەناو هەمـوو مـرۆڤێكدا دڕندەیەكی بچوك دروسـتدەكات، لـەو ڕێگایەشـەوە دڕنـدایەتییـە گـەورەكـانی خـۆی سـوك و بێـدەنگ تێـدەپەڕێت و لە قـووڵایدا شـەپـۆلێكی گـەورەی ترس و پێـداچوونـەوە دروسـتـناكـات، هەربۆیەش لـەسـەرەتـای سـەرەتاوە گـووتم، هەڵوێست لـە ئەنفـال هەڵوێسـتـێكە لـەو دڕندە چكۆلانـەیەی نـاو دەرونی خـۆشـمـان كـە بـەعس چاندوێتی و گەورەیكردووە، هـەر وەك چۆن هەڵوێستیشـە لە پاشـەڕۆژ. بە دڵنیـایشـەوە، ئەوەی تێـڕوانینی ڕادیكالانەی لەسـەر پاشـەڕۆژ نـەبێت، نـەبوونی ئەو تێـڕوانینـە بەڵگەیەكی گـەورەی نەبـوونی تێگەیشـتنە لە ئەنفـال. واتە بـەرلەوەی بیـر لە پاشـەڕۆژ بكەینـەوە، دەبێت پێـشـتـر بە قـووڵی بیرمان لەو دنیایە كردبێتەوە كە ئەنفالی دروستكرد.

**٤ـ ئەنفال وەكو تەواوكردنی پرۆژەی كوشتن**

لەم بەشـەدا، درێژەدەدەم بە هـەمـان ئەو تێزەیەی كە لە بەشـی پێشـوودا ، باسم لێوەكرد.

لەبەشـی ڕابوردوودا گـووتم: «ئەنفـال تێـركـردنـی ئارەزووی كـوشـتـنـە». بەڵام چی وادەكـات، تێـركردنی ئەو ئارەزووە، لەو سـاتەدا، سروشـتێكی خوێنای بە خـۆیەوە بگرێت؟ بۆ دروست لەو سـاتەدا دەبێـتـە كـۆكـوژییـەكی ترسـناك؟ بۆ تەنیـا لەگـەڵ ئەنفـالدا ئەم ئارەزووە سـنورە تەسكەكانی خۆی دەبەزێنێت و دەبێت بە پرۆسـەی لەناو بردنی دەیان هەزار كەس؟

ئەنفال، نیشـانەی سـەركەوتنی بەعسـە، بەڵام لە جەوهـەری ئەم سـەركەوتنەدا، كەموكورتییەك هەیە كە پاڵ بەسـەرانی ئەم دەوڵەتەوە دەنێت، بەو شێوە خوێناوییە تەعبیر لە سەركەوتن بكەن. كە دەڵێم ئەنفال تێركردنی ئارەزووییەكە، واتە لە هەمـان كاتدا دەڵێم، ئەو ئارەزووەی كە ئەنفال تێریدەكات، پێشـتر تووشی نوشووسـتییـەك هاتووە و دواتر ئەم كارەسـاتـە بۆ پڕكردنەوەی ئەو برینە رۆحی و دەرونییە سـەرهەڵدەدات كە ئەو تێكشكانە دروستیكردووە.

گـەر بگەڕێینـەوە بۆ كەشـوهەوای بـەر لە ئەنفـال، بۆ ئەتمۆسـفـیری ژیـان لە سـاڵانـی بەر لە قەومانی ئەنفالدا، گەلێك ڕاستی گەورەمان بۆ دەردەكەوێت.

بەر لە ئەنفال، ڕژێم ڕۆژانە غەریزەی کووشتن دەوروژێنێت، شەوانە تەلەفیزیۆنەکانی دەوڵەت، وێنەی کوژراوە لەتوپەتەکانی جەنگ نیشاندەدات، بینینی وێنەی هەلاهەلابوونی مرۆڤ، دەبێتە وێنەیەکی ئاسایی و ڕۆژانە.

لە پشت ئەم وێنەیەوە بەعس، مرۆڤەکان تەنیا بۆ جەنگ ئامادەناکات، بەڵکو وێنەی کوشتن و مردنیش دەگۆڕێت بۆ وێنەیەکی ئاسایی. لە پشت کۆی ئەم ئەتمۆسفیرەشەوە، بەعس مەبەستێکی ستراتیژی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە دوژمن لە شێوەی لاشەیەکدا ببینین. نیشاندانی بەردەوامی لاشەی پارچەپارچەی دوژمنان، لە نەستی هەموو یەکێکدا ئەو وێنەیە دروستدەکات، کە دوژمن مانای لەشێکی هەلاهەلا، دوژمن مانای ئەو پیاوەی کە نابێت لە فۆرمی ئاسای ژیان و زیندواندا بمێنێتەوە، دوژمن مانای پرۆژەی پارچەپارچەکردن. ئەم وێنە دووبارە و سەدبارەیەی لەشی کوتک کوتی دوژمن، وادەکات، لاناوبردن و پاککردنەوە و پارچەپارچەکردنی دوژمنان، هەرچۆنێک بن و هەرچیەکیان کردبێت، شەرعی بێت.

بەعس لەو سەردەمەدا، ڕۆژانە ئارەزوویەکی قووڵی هەلاهەلاکردنی لەناو بەعسییەکان و سەربازە ئاساییەکانیشدا دەچاند، بە جۆرێک ئیدی دەبایە بیرکردنەوە لە دوژمن و بیرکردنەوە لە وێرانکردن و هەلاهەلاکردن پێکەوەگرێبدەین. ئەم ئارەزووە کە میدیاکانی دەوڵەت ڕۆژانە سەوزیاندەکردەوە، دەبایە لەبەرەکانی جەنگدا ببایەتە گەرمی و حەماسەتێکی دڕندانە بۆ هەڵکووتانە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و خواردنیان بە زیندوێتی. ئەم پرۆسەیەش لە کولتووری بەعسدا تەنیا نیشاندەرەوەی ئازایەتی و نەبەردی بەعسییەکان و سوپاکەیان نییە، بەڵکە هاوتایە بە شکۆو ئیرادە تۆفانییەکەی بەعس.

لای بەعس هەمیشە لە تەنیشت تاج و شکۆی شکۆدارانەوە، کەلاکێکی کەوتوو هەیە، کە کەلاکی دوژمنە.

لە فەرهەنگی بەعسدا، شکۆی سەرۆک و لاشەی دوژمنان لە یەکدی جیاناکرێنەوە. چونکە دوژمنی هەلاهەلا، مرۆڤ نییە، بەڵکو جانەوەرێکە و خۆی لە شێوەی مرۆڤدا نیشانداوە و ئێستاش کەوتنی و ئەتککردنی و سووکایەتی پێکردنی، هەلێکە بۆ گێڕانەوەی ئەو مەخلۆقە ڕموزن و دەعجانە بۆ فۆرمە ڕاستەقینەکەی خۆی، فۆرمی جانەوەر و مێروو.

بەعس تا بۆی بکرێت، وێنەی «پێنان بە لاشەی دوژمن» و «شێواندنی ڕەنگی مردنی» ئەنجامدەدات، لە پشت ئەو شێواندن وسووکایەتیەشەوە، بەعس پێماندەڵێت، کە دوژمنانی ئەو هەمیشە لاشەیەکن کە ئاماژە بۆ مەخلوقێکی نیمچە ئاژەڵ دەکەن. وروژاندنی ئەم وێنەیە و بیرکردنەوە سەیرانە دەربارەی دوژمن، لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا دەگاتە چڵەپۆپە و هەر لە مەیدانی ئەو جەنگەشدا تووشی نوشووستیەکی قووڵ دێت.

لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا، ئەو وێنە ئەفسانەییەی کە رژێم بۆ خۆی دەکێشا، وەکو هێزێکی ئەوتۆ بە هێـز کـە کـەس ناتوانێت خـۆی لەبـەردابگرێت تووشی شکانێکی بەرچاو دەبێت. بە درێژایی هەشت ساڵ شەڕ، بەعس چەندەها جار لەبەرەکانی جەنگدا تێکدەشکێت و جەنگ لەبەری ئێرانەوە دەگوازرێتەوە ناو خاکی عێراق و لە هەندێ قۆناغدا، عێراق تووشی نوشووستی ئێجگار ستراتیژی دەبێت. ئەو تێکشکانە ستراتیژیانەش بە کۆ لەسەر تێرکردنی ئەو غەریزە سەرەتاییەی بەعس، کە ئارەزووی کوشتنە ڕەنگدانەوەیەکی بینراوی هەیە. ئەگەر چی بەعس ڕۆژانە مرۆڤی عێراقی و سەربازەکان بۆ کوشتن ئامادەدەکات، بەڵام ئەم وویستە لەبەرەکانی جەنگدا بەر بەربەستی گەورە و ئەستور دەکەوێت و تێرکردنی دەبێتە کارێکی دژوار.

بەرەکانی جەنگ، بەرەی ترس و تەهلوکە ومردنن، سەربازە عێراقییەکان و بەعسییە گەورەکان، کاتێک دەچنە بەرەکانی شەڕ، تێدەگەن کە دوژمن نێچیرێک نییە، چاوەڕوانی دەمی خەنجەرەکانی ئەوان و لولەی تفەنگەکانیان بکات، بەڵکو دوژمنیش پیاوێکە کە شەڕ دەکات و دەکوژێت، واتە ئەو وەهمەی کە دوژمن تەنیا دەشێت ببێتە کەلاکێکی هەلاهەلا هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە ترسێکی ڕاستەقینە.

تەنیا لە بەرەکانی شەڕدا دەردەکەوێت کە شەڕکەرەکانی بەعسیش، دەشێت هەڵبگەڕێنەوە ولە «قەعقاع» و «عەدنانە» وە ببن بە پیاوی ترسنۆک و لاشەی پارچەپارچە و کوت کوت. بەعسییەکان و سەربازەکان زوو تێدەگەن، کە بەرەکانی جەنگ شوێنێک نییە کە ئاسان غەریزە تێرنەکراوەکانی کوشتن و پارچەپارچەکردنی تیا ئاسوودەکەن، بەڵکو دەزانن تاکە کارێکی قارەمانانە خۆپاراستن و هەڵهاتن و خۆشاردنەوەیە.

بەرەکانی جەنگ، لەبری ئەوەی ببنە شوێنی تێرکردنی ئارەزووی وروژێنراوی کوشتن، دەبنە شـــوێنی چەپاندنی ئەو ئارەزووە، کـــە دواتر رژێم ناچاردەکـــات، بۆ دەربازبوون لە نوشووستییەکی گەورە، پەلاماری چەکی کۆکوژ و دوورهاوێژ و دوورکوژ بدات، کە هەڵبەت ئاشکرایە ئەو چەکانەش بە جۆرێکی ناڕاستەوخۆ وسنوردار ئارەزووی کوشتن تێردەکەن.

دەوڵەت لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا، ڕوون و ئاشکرا دەبینێت، کە فەلسەفەی سەربازی عێراقی بریتییە لە ڕاکردن و مانەوە و خۆپاراستن، دەشزانێت ڕووی ترسناکی ئەو غەریزە وروژێنراوانە، دەشێت بگەڕێتەوە و بە شێوەیەکی تراژیدی دژی دەسەڵاتی خۆی بکەوێتە کار. لێرەوە تێرنەبوونی ئارەزووەکانی کوشتن لە ڕۆحی بەعسییەکاندا، دەبێتە گرێیەکی دەرونی و رۆحی و سیاسی، کە دەبێت دەرفەتی دیکە و بواری تر بۆ تێرکردن بدۆزێتەوە.

ئەگـەر چـی عێـراق بەهـۆی چەکی کـیمـیـاوی و مـووشـەکـە دوورهـاوێژەکـانـەوە توانی زەبری کوشنده لە ئێران بوەشێنێت، بەڵام لەناوەوە، توانای کوشتن و غەریزەی وێرانکردنی گڕگرتوو، وەکو خـۆی بێ تێربونێکی ڕاستەقینە مایەوە، ئـەگەر چی هـاوکێشـەکانی جەنگ بەر لە ئـەنفال ئەوەیان نـیشـانـدەدا، کـە ئێـران بەرەو قـایلبـوون بە مـەرجـەکـانـی ئاگربەست ملدەنێت، بەڵام هێشـتـا وویسـتـی وێرانکردن لە ناوەوەی ئەم ڕژێمـەدا هـەر برسی بوو، ئەنفـال ئەو ڕاسـتـیـیـە ترسناکەی دەرخست کە لای بەعس گرنگ مـاناکانی مـردن نییە، گرنگ دەلالەتە سـەربازیی و سیـاسـییـەکانیشی نییە، بەڵکو خـاڵی جـەوهـەری لای بەعس فۆرمی مـردنە، لای بەعس کووشـتن هونەرێکی کـە دەبێت لە دەرەنجـامی کـارکـردنی خـودی دەست و پەنجـەی جـەلادەوە هـاتبـێت لەسـەر مـادەی هونەرەکـەی کە لە شـی قـوربانـییـە. جـەنگ تەواو بوو، بەڵام سـوپا دڕندەکـەی بەعس، هێشتا ئازادانە دڕندایەتی خۆی نیشانـنەدابوو، ئاگربەست نزیکدەبووەوە و هێشتا ئەم سوپایە، نێچیرێکی ئەوتۆی دەستنەکەوتبوو، ئازادانە وانەکانی کوشتن و قڕانکردنی بەسەردا ئەزمـونبکات، ئالێـرەوە ئەنفـال، تـەواوکـردنـی ئەو پرۆسـە ناتەواوە و تـێرکـردنـی ئەو ئارەزووە شـەڕانگیزانـەیە کە ڕەوتـی جـەنگ بوارینـەدەدا بە ئاسـانـی تێـربکرێت. ئاشکرا بوو کـە ئیـدی مـەیدانـەکـانـی جــەنگ شــوێنـی چەپاندنـی ئەو ئارەزووەن و پێـویسـتــە دەروازەیەکی دیکە و ڕێگایەکی نوێ بدۆزرێتەوە، ئەنفالیش ئەو دەروازەیە بوو کـە لە ڕێگایەوە، پیـاوکـوژانی بەعس، مۆڵی ئەو شەڕانگێزیەتەی ناو خۆیان لەیەک ئاهـەنگی ترسناکدا خـاڵیـدەکردەوە، ئەوەی جەنگی عێراق– ئێران دەرفـەتی پێنەدا، لە ئەنفالدا بەرجەستە بوو. ئەو قڕانکـردن و ڕیشەکێشکردنەی کە جەنگ راسـتـەوخـۆ تێرینەکرد، لە ئەنفالدا تێربوو. لە ئەنفـالدا، جەلاد و قـوربانـی ڕووبەروو بەرامـبەر یەک دەوەسـتن، ئەم بەرامـبەر یەکدی وەستـانە، وەکو ڕاوەسـتـانی دوو جـەنگاوەر نییە بەرامـبەر یەکتری، بەڵکو ڕاوەسـتـانی دوو کەسـە، کە یەکێکیان دڵنیایە کە هـەموو قـودرەتی لە دەسـتـایە و ئەوی دیکەشـیـان دڵنـیـایە، هیـچـی لە چنگدا نـیـیـە، بـەعس لە بنەڕەتدا خـوازیاری ئەوەبوو، ئیـقـاعی جەنگ، لە جـەنگی بەرامـبـەری دوو جـەنـگاوەرەوە بگۆڕێتـەوە سـەر شـانۆی بەرەنگاربوونەوەی جەلاد و قوربانی، ئەو خوازیار بوو، کە دواجـار جەنگ ببێتە ئەو ئاوێنەیە کە تیایدا شوناسی ئەو وەکو دەسەڵاتدارێک بکەوێتـە سـەرووی هـەموو شـوناسـەکانی دیکەوە، بەڵام گــۆڕەپانـەکــانی جــەنگ دەرفــەتی ئـەوەی نەڕەخـســـان کــە بەعس لەژێر جلی ئـەفـســـەر و سـەربازەکانییـەوە، پێسـتی جـەلادانەی خـۆی دەربخـات و بیخـاتە ڕوو، لـە کـاتێکدا لای بەعس هـەموو جەنگەکان بۆ ئەوەی کە ئەو جەوهـەرە ببێتە جەوهـەرێکی ئەکتیڤ، واتە بۆئەوەی پێستی جـەلاد حـەقیـقـەتی خـۆی ئاشکرابکات. ئەنفـال ئەو ئاهـەنگەیە کـە کە تیـایدا بەعسـیـیـەکان لە هـەمـوو بەرگـەکـانی دیکەیان ڕووتدەبـنـەوە و تـەنیـا وەکـو جـەلاد لێـرەدا دەوەسـتن و دەمـێننەوە.

دەبایە ئەنفال دروستبکرێت، تا ئەو کەموکورتییەی جەنگ دروستیکرد، پڕبکرێتەوە، تا ئەو جەلادەی کە لەژێر یۆنیفۆرمی سەرباز و جەنگاوەر و نیشتمانپەروەردا خۆی شاردۆتەوە، بتوانێت خۆی ڕووتبکاتەوە. ئەنفال تەواوکردنی پرۆسەیەکە، کە وەحشەتی جەنگ نەیهێشتبوو تەواوببێت.

**٥ ـ ئەنفال و کۆتایهێنان بە چیرۆکەکانی مەرگ**

گومان لەوەدا نییە کە شەهید، پێکهێنێکی گەورەی کولتووری سیاسی و نیشتمانی ئێمەیە، بەڵام وێنەی شەهید تەنیا وێنەیەکی پیرۆز نییە، بەڵکو لەهەمان کاتدا وێنەی ئەو مردنەشە کە خاوەنەکەی دەکاتە قارەمان. شەهید قارەمانێکی قارەمان بزوێنە کە دەبێتە مایەی دروستکردنی چەندان شەهیدی دیکە.

شەهید بە ئاسانی نابێتە شەهیدێکی گرنگ و لە خۆڕاش ناتوانێت خۆی لە مردووەکانی دیکە جیابکاتەوە، بەڵکو بۆئەوەی ببێتە شەهید، ڕێگایەکی تایبەتی هەیە دەبێت ببڕێت، بێگومان لە وولاتی ئێمەشدا مردن ئەگەر کاراکتەری خۆی نەبوو، ئەوا بە دڵنیایەوە بە ئاسانی لەناو مردنە ئاساییەکانی دیکەدا ووندەبێت، تا کاراکتەری مردووەکانیش بەهێزتربێت، یادچوونەوە و داپۆشین و وونکردنیان ئەستەمترە، بۆیە هەموو شەهیدبوونێک، چیرۆکێکی تایبەتی هەیە، کە کارەکتەری خۆی پێدەبەخشێت و لە مەرگەکانی تری جیادەکاتەوە.

بەشێکی گەورەی سیحری شەهیدبوون، لەسەر ئەوە بەندە کە ئایا ئەم کردارە تاچ ئەندازەیەک دەتوانێت ببێتە چیرۆکێکی کاریگەر. سیمای شەهید و قوربانیدانە پیرۆزەکەی بەردەوام لە ڕێگای حیکایەتێکەوە هەڵدەگیرێت و دەماودەمدەکات... هیچ شەهادەتێکیش ناتوانێت بەبێ چیرۆکێکی گەورە لە یادەوەریماندا بمێنێتەوە، گەر لە حەسەن و حسێنیشەوە بیگرین تا دوا شەهید، تێدەگەین کە شەهادەت لە بنچینەدا هاوشانی چیرۆکێکە کە فەنتازیا و خەیاڵەکانی ئێمە تێردەکاتەوە و تینوتاوێکی نوێیان دەداتێ.

بەوەدا کە شەهیدەکان، هەمیشە لە جیهانێکی پارچەپارچە و شەڕانیدا ژیاون و جەنگیانکردووە، دەبێت ماڵێکیان هەبێت، واتە دەبێت سەرچاوەیەکیان هەبێت بۆ چیرۆک، سەرچاوەیەک کە سەربوورد و کارەساتی مردنیان لە قاڵبێکی دیاریکراودا دادەڕێژێت، واتە دەبێت مەرجەعێکی گێڕانەوەیان «مرجع سردی» هەبێت، کە لە مەرگی ئەوان چیرۆکێکی ویژدانی یان جۆشبزوێن و خرۆشێنەر سازدەکات. هیچ شەهیدێک نییە، بتوانێت ببێتە کەسێکی نەمر، گەر سەرچاوەیەکی حیکایەتبێژانەی نەبێت و حکایەتخوانێکی تایبەتی کارەساتەکەی نەپارێزێت، بۆیە دەکرێت بڵێین چارەنووسی شەهیدەکان تا ئەندازەیەکی زۆر

پابەندی ئەوەیە، کە چ سەرچاوەیەکی کارامە و زیرەکانە دەبێتە دروستکەری چیرۆکەکەیان.
تا کۆمەڵگا پارچەپارچە و ناکۆک بێت، شەهیدەکان زیاتر وزیاتر لەوە دەکەون شەهیدی هەمووان بن و بەردەوام سنوری ئینتیماکردنیان بچوکتر و بچوکتر دەبێتەوە و دەبنە شەهیدی تایبەتی، شەهیدی گروپ، شەهیدی حیزب، شەهیدی خێزان.
لە ژینگە ناکۆکەکاندا ئەو سەرچاوەیەی کە شوناس بە شەهید دەبەخشێت، حکایەتخوانێکی گشتی نییە، کە لە ڕێگای چیرۆکەکەیەوە تەعبیر لە دەنگ و سۆزەکانی هەموو نەتەوە بکات، بەڵکە حیکایەتخوانێکی دیاریکراوە، کە شوناسێکی سیاسی تایبەتی بۆ شەهید دادەتاشێت، ئەو حیکایەتخوانەش بەشدارییەکی گرنگ دەکات، لەوەی شەهید لە موڵکییەتی نەتەوەوە بچێتە سەر موڵکییەتی حیزب و خێڵ و خێزانە بچوکەکان.

ئەو شەڕە کوشندە و قووڵەی کە لە شەستەکانەوە لە کوردستاندا دەتەقێتەوە، کارێکدەکات کە هەستمان بۆ هەموو چیرۆکەکانی مەرگ نەبزوێت و هەریەکێک لەئێمە، تەنیا گوێ لە هەندێ چیرۆکی شەهادەت بگرین و هەندێکی دیکەیان فەرامۆشبکەین. بەمانایەکی تر، شەڕی ناوخۆ کارێکدەکات کە هەر شەهیدێک سیمای نەبوو، نەبێتە شەهیدێکی ڕاستەقینە کە بتوانین شانازی پێوەبکەین، بیخەینە ڕوو، وێنەکەی بەرزبکەینەوە و بە موڵکی خۆمانی بزانین.
فەرهەنگی حیزبایەتی، شەهیدبوونی گێڕایەوە بۆ چیرۆکێک کە حیزب و دەستگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی، حکایەتخوانەکەیەتی... هەر شەهیدێکیش کە حیکایەت، سیمای پێنەبەخشی، زەمینەوەی مانەوەی بۆ سازنەکرد، ڕەهەند سەمبوولییەکانی گەورەنەکرد، ئەوا دوای پرسەکەی لە بیردەچێتەوە.

لە چیرۆکەکانی شەهیدبووندا، هەمیشە پاڵەوان سیمایەکی دیاریکراوی هەیە، ڕووداوێکی دیاریکراوی لە پشتە، کردەیەکی قارەمانانەی ئەنجامداوە، ڕابوردوویەکی ڕۆشنی هەیە، تۆمارێکی گەورەی  یادگار و یادوەری جێهێشتووە کە پڕە لە زنجیرەیەکی گەورە لە یاداشت و بیرەوەری بچوک بچوک. ئەگەر ئەو تۆمارەش نەبێت، کە دەبێتە بەشێکی تەواوکەر بۆ چیرۆکی شەهیدبوون، شەهید ماڵێک بۆ خۆی نادۆزێتەوە.
لەگەڵ ئەنفالدا، بەعس وێنەی قارەمانانەی مردن و چیرۆکی شەهیدبوونە پڕ لە شکۆکان پارچەپارچە دەکات، ئەنفال جۆرە مەرگێک دەهێنێتە ناو کولتووری سیاسی ئێمەوە کە لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازییەکانی ناو ئەو کولتوورەدا تەبانایەتەوە. وێنەی ئەنفالکراوەکان، لەگەڵ هیچ کلێشەیەک لەو کلێشانەدا ناگونجێت، ئەنفال ئاوەژووکردنەوەی چیرۆکی شەهیدبوونە، هەوڵدانە بۆ شکاندنی پیرۆزی مەرگ، بە گۆڕینی ئاڕاستە و شێوەکەی.

ئەنفالییەکان، ئینتیمایەکی سیاسیان نییە، ئەوان نە پارتین و نە یەکێتین، نە شیوعین، نە ئیسلامین. تەنیا شوناسێکی گەورە بە دەستیانەوە بێت کوردبوونە، هیچ دەستە و تاقمێکیش ناتوانێت بە موتڵەقی وەکو بەشێک لە خۆی سەیریانبکات، لێرەوە ئەنفال دروستکردنی پچڕانێکی قووڵە لە نێوان وێنەی مەرگ و سەرچاوەکانی چیرۆکدا لە ژینگەی سیاسی ئێمەدا... ئەنفالییەکان ئەو کەسانەن، کە مەرگیان ناکرێتە چیرۆک، چونکە هیچ کانگایەکی حکایەت لەم کۆمەڵگایەدا، ئەوان بەبەشێکی خۆی نازانێت. جگە لەم حاڵە، لەناو خودی کۆکوژی ئەنفالدا، کۆمەڵێک سیما هەیە کە لەگەڵ توانا و سروشتی چیرۆکە کۆنەکانی مردندا ناگونجێت. بەر لە ئەنفال، خەیاڵی ئێمە پڕە لە وێنەی شەهیدە جیاوازەکان کە تاک تاک یاخود بەگرووپی بچکۆلە شەهیددەبن و شەهیدبوونیشیان ئاشکرایە و هۆکار و سۆنگەکانی شاردراوە نییە. واتە شەهید دەموچاوێکی هەیە، ناوێکی تایبەتی هەیە کە گرێدەدرێتەوە بە ڕوداوێکی تایبەتییەوە، بەم مانایەش دواجار چیرۆکەکانی شەهادەت، چیرۆکی چارەنووسی کەسێک یان چەند کەسێکە کە کاراکتەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەیە. بەڵام گەورەیی ژمارەی ئەنفالکراوان کارێکدەکات، کە دروستکردنی یەک سیما و یەک وێنە لەو هەموو شەهیدە ئەستەم بێت، لێرەوە ئەنفالکراوان دەبنە حاڵەتێک کە لە توانای چیرۆکە کۆنەکانی مەرگدا نییە، بیگرێتە خۆی و چەمکەکانی کۆبکاتەوە.

بەعس لەگەڵ ئەنفالدا تەنیا جۆرێک لە شەهید دروستناکات کە سەرچاوەیەکی نییە بیکاتە چیرۆکێکی نەمر، بەڵکو شەهیدێک دروستدەکات کە سیمای نییە و دەموچاوێکی نییە تا چیرۆکەکان بیگرنە خۆیان. بەعس لە ڕێگای ئەنفالەوە، جۆرە ڕووداوێکیش دەسازێنێت، کە ئەویش ئاسان ناکرێتە چیرۆک، ئەنفال ڕووداوێکە کە شوێنێکی ئاشکرای نییە، کاتێکی ئاشکراو تەواوی نییە، ڕوودان و چۆنێتی و شێوەی قەومانی ئاشکرا نییە، ئا لێرەدا «بەعس» ڕووداوێکمان دەداتێ کە لە نغرۆبوونی لەناکاوی زەوییەک دەچێت بە هەموو سەر نشینەکانییەوە، لێرەوە بایەخدان و ڕاوەستان لەسەر تاکەکان نەوەک هەر شیاو نییە بەڵکو ئەستەمیشە.

بەعس تەنیا دەستکاری فۆرمی مردن ناکات، بەڵکو دەستکاری چیرۆکەکانی مردنیش دەکات.

بەکورتی ئەنفال روداوێکە، کە سیستمی دروستکردنی رەمزە مێژوویەکانی ئێمە، لەوە لاوازترە بتوانێت بیگۆڕێتەوە سەر ڕەمزێکی ویژدانی و سیاسی گەورە، هۆکەشی ئەوەیە کە شەهیدبوون لە فەرهەنگی ئێمەدا، شەهیدبوونی قارەمانێکە کە دەموچاوێکی هەیە، وێنەیەکی هەیە هەڵدەواسرێت، گۆڕێکی هەیە کە دەچینە سەری، ڕۆژێکی مردن و سەعاتێکی

شـەهیـدبوونی هـەیـە کـە چلە و سـاڵانەی تیـا دەگرین. بەڵام کـە مـەرگێک نەتوانرا لە وێنەیەکدا کـۆبکرێتـەوە، ئینتـمـایەکی بدرێتێ، کـاریگەییـەکی ئەوتۆ لەسـەر ویژدان و ڕۆح جێنـاهێـڵێ. شـەهیـدەکـان وەکو فـەرد، هـەمـیشـە دەبنـە قـارەمـان، بەڵام مرۆڤ گـەلێکی بەژمـارە زۆر کـە بە بێدەنگی دەچنە قـەسـابخـانەکان و بەر چەقۆی قـەسـابەکـان، ناخـرێنە ناو وێنەی قـارەمـانەوە، بەعس دەزانێت کە شەهادەت لە دواجاردا دروستکردنی قارەمانە. مردنی پێشـمەرگەو زیندانە سـیاسـیـەکـانیش لەدواجـاردا پرۆسـەیەکی بەردەوامی جـۆشـدانەوەی خـەبات و گـەورەبوونی خودئەڤینی و غروری نەتەوایەتی ئێمەیە، دەزانێت کـە شـەهیدەکان وێنەیەکی مـەرگ دەخولقێنن کە لە دواجـاردا شـانازی ئێمە بە خـۆمانەوە گەورەتر و گـەرەتر دەکات، بۆیە لە پشت ئـەنفالەوە وێنەیەکی دی مـەرگ دەخـولقێنێت کـەوەکو نابێتـە داسـتـانی نەبەردێتی و قـارەمـانێتی، بەڵکو بەهیچ شـێـوەیەکیش ناتوانین شـانـازی پێوەبکەین. لەسـاتـی ئەنفالدا، بەعس دڵنیـامـاندەکـات لەوەی کـە ئـیدی ئەو ڕۆژە هـاتووە کـە چـیدی شـانازی بە خـۆمـان و کـوژراوەکـانەوە نـەکـەین... ئەنفال، ساتەوەختی تێکشکاندنی غرور و شانازی قوربانییەکانە، بە قوربانیبوونی خۆیانەوە.

بەعس لە پشـت کـۆکـوژیی ئەنفـالەوە، وێنـەی دوژمنێکی ترسنۆک دروسـتـدەکـات کـە هـەڵبـەت درێژکراوەی وێنەی ئەو دوژمنە هەلاهەلایەیە کە ساڵانی پێشتر پروپاگەندەی بۆ دەکرد.

ئەنفـالییـەکان خـەڵکێکن کـە نە لە حـاڵەتی بەرگریدا دەکـوژرێن، نە لە سـەنگەرەکانی شـەڕدا، تەنیـا ئەم دوو جۆرە مەرگـەش لەلای ئێمـەی کورد بە پلـەی یەکەم مەرگـی پیرۆز و قارەمـانانەن. لێـرەوە ئەنفـال لەبری هەسـتکردن بە شـانازی، هەسـتکردنە بە ترسنۆکـی و بە شکست. سـتـراتیـژی ئـەنفـال درێژکـراوەی هـەمـان سـتـراتیـژی هـەرەسـە کـە ئـەویش خـولقـاندنی یادەوەرییـەکی شـکسـتـخـواردووە، هـەوڵدانە بـۆ ڕوونکردنـەوەی مـەرگ لـە هـەمـوو ڕەهـەندە ئەفسانەییەکانی و گرێدانەوەی بە قووڵی بە شکستێکی سیاسی و ڕۆحییەوە.

ئەنفال ئاوەژووبوونەوەی چیرۆکی مەرگە، لە داستانێکی پڕ سـەرەوەری و پڕ قارەمانێتییەوە، بۆ داسـتـانێکی دیکە کـە وێنەی نەتەوەیەک دەکێشـێت، کە وەک مێگەل بە بێدەنگی ڕرووەدەکاتە قەسـابخـانەکان و هیچ نالێت، وێنەیەک کە ناتوانین بیخـەینە هیچ چیـرۆکێکەوە و بەردەوامیش لەهەوڵی ئەوەداین لە یادیبـەرینەوە، چونکە تەواو دژی ئەو وێنە تەقلیدیەیە کـە وەکو میللەتێکی قـارەمان و جـەنگاوەر بۆ خـۆمانی دەکێشـین «خاڵێک کـە دواتر دێمـەوە سەری».. ئەنفـال لەیەک کـاتدا کـۆتایهـێنانە بە چیـرۆکی مـەرگە پیرۆزەکـان و کـۆتایهـێنانیشـە بە ئـەفسـانەی نەتەوەی کـۆڵنـەدەر و خـۆبەدەسـتـەوەنەدەر، بۆ دروسـتکردنی نـەتەوەیەک کـە وەکـو سـەدام حـوسـەین دەیگووت : «لە مێش لاوازتر».

**٦- ئەنفال و تاقیکردنەوەی ژیان و زیندوێتی لە جەستەی کوردیدا**

بەعس خولیایەتی بگاتە داڕشتنی شێوە کۆمەڵگایەکی پارچەپارچە، کە بەشەکانی ئاگایان لەیەکتری نەبێت. کۆمەڵگایەکی پڕ لە دیوار و بەربەست کە بوارنادات، دەنگی هیچ بەشێکی ئەو کۆمەڵگایە، بگاتە بەشەکانی دیکە. لە کۆمەڵگای بەعسدا شتێک نامێنێتەوە ناوی «هاودەردی کۆمەڵایەتی بێت». لەم کۆمەڵگایەدا هیچ گروپ و تاقمێک بۆی نییە ئاگای لەوانی دیکەبێت، دروستکردنی هوشیاری و هاودەردیی، دەرهەق بە کێشەکانی یەکدی لەم سیستەمەدا ئەستەمە. شارەکان ئاگاین لەیەکتر نییە، گوندەکان ناتوانن کۆمەکی یەکدی بکەن، کرێکاری کارگە جیاوازەکان بە ئەندازەیەک لەیەکتر دوورن، دروستبوونی هوشیاریەکی دەستەجەمعی دەرهەق بە کێشەکان، بۆتە ئەفسانە. بەعس لە سەرتاسەری عێراقدا، پرۆسەیەکی جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی گەورە پیادەدەکات کە تیایدا تۆوی دوژمنایەتی لە نێوان بەشە جیاوازەکاندا دەچێنێت. دروستکردنی ڕق و دوژمنایەتی لە نێوان خەڵکانی شارەجیاوازەکاندا، لە نێوان خەڵکانی پایتەخت و شارەکانی دیکەدا، لەنێوان فەرمانبەران و کرێکاراندا، لەنێوان شاری و گوندیدا، لەنێوان کورد و عەرەب وتورکدا، لەنێوان شیعە و سونیدا، دەبێتە فەلسەفەی سەرەکی ڕژێم، بەعس کۆمەڵگایەک دروستدەکات کە هیچ بەشێکی هەواڵی بەشەکانی دیکە نازانێت و سۆزی بۆ ئەوانی دیکە نییە.

ئەنفال تاقیکردنەوەیەکی گەورەی ئەو دابەش دابەشبوونەیە، ئەنفال دەبێتە نیشاندەر و تەرمۆمەتری ئەو لەیەکدی دابڕانە، لە ڕێگای ئەو کۆکۆژییەوە، بەعس بڕی ئەو کەمتەرخەمییە قووڵە دەپێوێت کە لە هەناوی دونیای ئێمەدا خەوتووە، قڕانکردنی دەیان هەزار کەس و بێلایەنی و کەمتەرخەمی ملیونەها دەرهەق بەو تاوانە، نیشانەی ئەستوری دیوارە ناوخۆییەکانی ئەو کۆمەڵگایە... بەعس جەستەیەکی کۆمەڵایەتی دروستدەکات کە توانای پەرچەکرداری جەمعی تادوا ئەندازە بچوکبۆتەوە، ئەنفال نیشانەی مردنی هاودەرییە لە کۆمەڵگایەکدا، کە بۆتە پێکهاتێکی دژ بە هەموو ڕۆحێکی کۆمەڵایەتی... بەعس لە پێناوی گۆڕینی جیهاندا بۆ زنجیرەیەک کایەی وەهمی، هەموو پێکهاتی کۆمەڵایەتی ئێمە هەڵدەوەشێنێت و «کۆمەڵگایەکی دژە کۆمەڵگا» دروستدەکات، کە دواتر شێوەی کۆنکریتی ئەو کۆمەڵگایە پتر لە شەڕی ناوخۆ و پێکهاتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا دەردەکەوێت.

بەعس دەیەوێت نیشتمانێکی بێدەنگ بسازێنێت، بێدەنگیش نیشانەی ئەوەیە کە جەستەی ئێمە لەسەر هەمان ڕیتمی جوڵاندنەوەی بەعس سەمادەکات. بێدەنگی ئێمە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە بە ئەندازەیەک یاریەکەمان قبوڵە، کە چیتر هیچ پەرچەکردارێکی دژ نیشاننادەین. بەعس عاشقی بێدەنگییە، تەنها دەنگێک کە دەیەوێت بیبستێ و گوێی لە دەنگدانەوەکانی بێت،

دەنگی خۆیەتی، ئەو لە هەموو جێگایەکدا بڵندگۆ گەورەکان بەرزدەکاتەوە تا لە ڕێگای دەنگ و سەداکانییەوە دووبارە گوێی لە دەنگی خۆی بێت و دڵنیابێت ئەو بەشێوەیەکی ڕەها کۆنترۆڵی جەستەی کۆمەڵایەتی کردووە. ئەنفالیش لەدواجاردا، دروستکردنی پانتاییەکی دیکەی بێدەنگە کە دەبێتە نیشاندەری ئەوەی کە کورد چیدیکە توانا و ئارەزووی هیچ پەرچەکردارێکی نییە. ئەنفال پێویست بوو، تا بەعس ببینێت کە هاواری قوربانییەکان ، هیچ هاوارێکی دیکە دروستناکات، تا دڵنیابێت، هیچ زریکەیەکی مردووەکان، ناگاتە ئەودیو گۆڕەکان و هیچ زیندوویەک نە هێزی ئەخلاقی نە تاقەتی جەستەیی وەڵامدانەوەی مردووەکانی نییە.

ئەنفال ئەو کۆکوژییە گەورەیەیە کە لە ڕێگای قڕانکردنی بەشێکی ئەم کۆمەڵگایەوە دەیسەلمێنێت کە بەشەکانی دی ئەم کۆمەڵگایە بوونەتە بەشێک لە سیستەم و بوونەتە ئەو پێکهاتە پچوک و سێبەرانەی بەعس لەسەرەتاوە خۆی بە وەستا و مامۆستایان دەزانێت.

ئەنفال ئەو قەدەرەیە کە هەر یەک لە جەلاد و قوربانی دڵنیادەکات، کە پێکەوە یەک گەمەدەکەن و قوربانیش بۆتە تەواکەرێکی گەورەی جەلاد.

### هۆیەکانی فەرامۆشکردنی کورد بۆ ئەنفال

ئەمڕۆ دە ساڵ زیاترە ئەم کارەساتە ڕوویداوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمتەرخەمیمان دەرهەق بە ماناکانی، دەرهەق بە چارەنووسی خێزانەکانیان، دەرهەق بەو مافانەی قوربانیان کە هێشتا لەگەردنی ئێمەدا جێماوە، لە نزمترین ئاستدایە.

بێدەنگی کورد دەرهەق بە ئەنفال بێدەنگییەکی ئاڵۆزو نائاساییە، بێدەنگییەکە بەجۆرێکی ترسناک جەوهەری کۆمەڵگای ئێمە ئاشکرادەکات، لەودیو ئەو بێدەنگییەوە ڕاستی سامناک خۆی پەناداوە، جیهانێک خۆی شاردۆتەوە گەر بێتە زمان، هەموو گەمەکان تیایدا دەبنە گەمەی خەتەرناک. جیهانی ئەودیو ئەم خامۆشییە، تەنیا جیهانی بێباکی نییە، بەڵکو جیهانێکە تاوان تیا دەدرەوشێتەوە.

هەر نەتەوەیەک کارەساتێکی ترسناکی لەوجۆرەی بەسەردا بێت، بەهانەیەکی ڕاستەقینەی نامێنێت بۆ گەشبینی، بەهانەی نامێنێت بۆ ئارامی. لەدوای ئەنفال دەبایە ستراکتوری سیاسی ئێمە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا بهاتایە، سەیرکردنمان بۆ ژیان گۆڕانکاری قووڵی بە خۆیەوە بدیبایە، کەچی ئەنفال تێپەڕی و بووشە بەهانەیەکی ترسناک بۆ هەموو هێزە تەقلیدی و سامناکەکان تا بیکەنە کاڵایەکی سیاسی نوێ، بیکەنە کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەفسانەکان. گەرچی ڕاپەڕین دەبایە یەکەم هەنگاوی ڕاستەقینە بایە لە ڕێگای بینینی ڕووە دۆزەخییەکانی ئەو واقیعەی ئەنفالی قەبوڵکردووە، بەڵام موخابن ڕاپەڕین بووە بەهانەی

گەشبینی. ڕاپەڕین لەوساتەدا نەمرد کە سیاسییەکانی کورد، کوردستانیان کردە ئەو کێکە بەتامەی کە پارچەکانی تەنیا خاوەن دەستە خوێناوییەکان دەیخۆن، بەڵکو ئەو ساتە مرد کە نەیتوانی ماناکانی ئەنفال بکاتە ئەو ڕێگایەی کە هەموومان پێکەوە تیایدا بەرەو ئاستێکی ئەخلاقی نوێ سەرکەوین. ڕاپەڕین دەبایە سەرەتای پرسیار بووایە لە هەموو ئەو شتانەی کە دۆڕاندومانە، سەرەتای ڕوانین بووایە لە زیانە مانەوییەکان، لەو برینانەی بەعس لە ئینسانییەتماندا دروستیکردووە. لە دوای ڕاپەڕین دەبایە بەرلەوەی بیر لە دەستەکەوتەکان بکەینەوە، بیر لەوەبکەینەوە، بەعس چی لە قووڵاییماندا جێهێشتووە، بەر لەوەی بیر لە داهاتووی گەش بکەینەوە، بیر لەو دەعجان و ڕمووزنانە بکەینەوە کە لە خوێنی هەر یەکێکماندا جێماوە، بەرلەوەی بیر لە یارمەتی دەرەوە بکەینەوە، بیر لەو کۆمەکەبکەینەوە کە ناسینی خۆمان و بەعس دەتوانێت پێشکەشمانبکات. ڕاپەڕین ئەو ڕۆژە مرد کە زمانێکی نەدۆزییەوە بۆ وەسفکردنی ڕابوردوو، ئەوکاتەش چۆنایەتی خۆی دۆڕاند کە نەیتوانی چۆنایەتی ڕابوردوو و ئەنفالەکان دیاریبکات، بە فەرامۆشکردنی ئەنفالەکانیش ئەو بوو بە منداڵێکی لاڵ و بێ زمان.

کە باس لە بێدەنگی دەکەم دەرهەق بە ئەنفال، باس لەوە ناکەم کە میدیاو ڕۆژنامەگەریی حیزبی ئێمە، ئەنفالی نەگۆڕیوەتە سەر کالایەکی ڕۆژنامەگەری و نەیکردۆتە ووشەیەکی بێماناو کلێشەیی کە تێهەڵکێشی هەموو وتار و گووتار وستون و دروشمێکی خۆی دەکات. لەڕاستیدا ڕاگەیاندنی حیزبیانەی ئێمە کەمتەرخەمیناکات لە بەکارهێنانی ووشەی ئەنفال وەکو ووشەیەکی بێمانا کە هیچ نابزوێنێت، چونکە گۆڕینی ئەنفال بۆ ووشەیەکی کلێشەیی سوکایەتییەکی قووڵە بە هەموو ئەو مانا ترسناکانەی کە ئەنفال هەڵگرێتی. گۆڕینی ئەنفال بۆ کالایەکی بەمەسرەف لە بازاڕی ڕادیۆو تەلفزیۆن و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، کەمکردنەوەیەکی ترسناکە لە هەموو ئەو مانا ڕۆحی و ویژدانی و کولتووری و سیاسیانە، کاتێک ئەنفال دەکاتە مادەیەک بۆ داتاشینی دروشم، زیانێکی ترسناک لە هەمو مانا و نرخە ویژدانییەکانی دەدات.

ئەنفال ئەو ووشە ترسناکەیە، کە تەنیا لەگەڵ گووتنی ڕاستییە گەورەکاندا دەبێت بەکاربهێنرێت.

کاتێک باس لە ئەنفال دەکەین، دەبێت ڕاستەوخۆ لە دروشم و ڕۆحی حیزبایەتییەوە بگوازینەوە بۆ ئاستێکی دیکە، دەبێت بڕوانینە ئەو ڕیشە قووڵانەی کە وادەکات لە وولاتی ئێمەدا سیاسەت لە مەرگ جیانەبێتەوەو سیاسییەکانیش بتوانن ئازادانە بکوژن و حیزب بێسنور ماف بداتە خۆی. ئەنفال دەبێت ئەو دەروازەیە بێت کە لە پشتییەوە بیر لە دەسەڵاتی حیزب و سنوری ئەو دەسەڵاتە بکەینەوە، بێدەنگنەبوون لە ئەنفال واتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو

ستراکتورەی دەسەڵات کە بەعس لە کۆمەڵگای ئێمەدا چاندویێتی. مانای دووبارە دابەشکردنەوەی هێز لەم کۆمەڵگایەدا، بەجۆرێ هێزی حیزب و هێزی سەرکردە بە کۆمەڵێک سیستمی کاریگەری سانسۆر ئابڵۆقەدرابن.

دوای ڕاپەڕین ستراکتوری سیاسی ئێمە ئامادەیی تیانەبوو کلێشە بەعسییەکان بەجێبهێڵێت، حیزبە کوردییەکان کولتووری لاوازکردنی نەیاران و نیشاندانی دیموکراتییەت وەکو مەکرەمەیەکی سیاسی بووە ستراتیژی سەرەکیان، قەبووڵکردنی کۆمیدیانەی حیزبی کوردی بۆ هەندێ گەمەی دیموکراتییەت، لەوەوە هاتبوو کە دەیانوویست ئەو پەراوێزە پچوکانەی قسەکردن و نووسین وەکو مەکرەمەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆیان بخەنەڕوو، تا ئەمڕۆش لە دونیای سیاسی ئێمەدا، ئەگەر دیاردەی پچوکی ئازادیش هەبێت، هێزە سیاسییە کوردییەکان ئەو ئازادییانە وەکو مافی بێقەیدوشەرتی هاووڵاتیان ناسەلمێنن، بەڵکو ڕاشکاوانە وەکو بەشێک لە مەکرەمەی خۆیان تەماشایدەکەن. بۆیە دەتوانین بڵێین، ڕاپەڕین نەیتوانی سیستمی مافەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بگۆڕێت.

تا ئەمڕۆ هەر لەسەر ئیقاع و میکانیزمەکانی کارکردنی بەعس، هێزە کوردییەکان هەموو مافە ئاساییەکان وەکو بەرەکەت و بەخشندەیی خۆیان تەماشادەکەن، نەک وەکو کۆمەڵێک ماف کە کەس نابێت بەریلێبگرێت و سنوری بۆ دانێت. تائەمڕۆش دەسەڵاتدارانی ئێمە جیهانێک وێنادەکەن کە هەرچییەک لەوێدا هەیە بەرهەمی ئەوان و دەستکردی هێزو بلیمەتی ئەوانە. بۆ ئەوەی لە کولتوری ئەنفالیش دەرچین، دەبێت لەو جیهانە دەرچین کە تیایدا هەندێ لەسیاسییەکان وا دنیامان بۆ وێنادەکەن کە دنیا و مافەکان پاشکۆی هێزی خولقێنەرانەی سیاسییەکانە. بێدەنگنەبوون لە ئەنفال، مانای بێدەنگنەبوون لەو جیهانەی کە مافەکانی ئێمە، وەکو پاشکۆی ستراتیژو بەرەکەت و دڵگەورەیی هەندێک سیاسی تەماشادەکرێت.

بێدەنگبوون لە ئەنفال، بێدەنگبوونە لە کۆمەڵگایەک توانای نییە سیاسییەکانی خۆی بباتە بەر دادگا. هاتنە قسە لەئاست ئەنفالدا، مانای هاتنە قسەیە لە ئاست هەموو تاوانەکاندا، هەر لێرەشەوەیە کە ڕوبەرێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە، لەبری ئەوەی خۆی دادگا بۆ ئەنفالچییەکان دابنێت، چاوەڕوانی دادگایەکی دەرەکییە، چونکە دانانی هەر دادگایەکی لەوجۆرە، کردنەوەی مەلەفی تاوانیشە لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

بێدەنگی ئێمە دەرهەق بە ئەنفال، ڕەنگ و سیمای زۆرە، لەسەرووی هەموویانەوە بێدەنگییە دەرهەق بە گوناهباران و نەخشەکێشان و جێبەجێکەرانی ئەنفال، ئێمە دەبایە لەیەکەم ڕۆژەوە دادگایەکی غیابی بۆ گوناهبارە گەورەکانی ئەنفال دابنێین. کاتێکیش نامانەوێت ئەو دادگایە دابنێین مەسەلەکە ئەوەیە کە نامانەوێت زەمینە بۆ کولتووری دادگایکردنی سیاسییەکان

خۆشبکەین. بێدەنگبوون لە ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ قەبوڵکردنی ئاسایی کوشتن لە ژیانی ڕۆحی و سیاسی ئێمەدا.

بێدەنگی ئێمە لە ئەنفال، بێدەنگییە لە گوناهبارانی کورد، بێدەنگیشە لە تاوانە پچوکەکانی دیکە. بەڵام لە پاڵ کەمتەرخەمی کوشندەی سیاسییەکاندا، کەمتەرخەمییەکی ترسناکی ڕۆشنبیرانیش دەبینرێت. نەبوونی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ ئەنفال، نەبوونی هەتا یەک لێکۆڵەرەوەی تایبەتیش بۆ ئەنفال، دیاردەیەکی سەرەکی ژیانی ڕۆشنبیری ئێمەیە.

لێرە بەدوا هەوڵدەدەم ڕەگەقووڵەکانی ئەم فەرامۆشکردنە وردتر بخەمە بەر لێکۆڵینەوەوە.

ڕاستە سیاسییەکان ترسێکی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانیان هەیە لەوەی کە قسەکردن لەسەر ئەنفال ببێتە قسەکردن لەسەر جەوهەری تاوان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵام لە پاڵ ئەم ترسە ڕاستەوخۆیەدا هۆی دیکەش زۆرە بۆ بێدەنگی، کە بەمجۆرە کورتیاندەکەمەوە.

**١ـ ئەنفال و زمان**

ئایا لە توانای زماندا هەیە، تەعبیر لە کارەساتێکی وەکو ئەنفال بکات؟ ئایا ناکرێت خودی ئەو بێدەنگییەی کە دەرهەق بە ئەنفال هەیە هۆکەی پچوکی خودی زمان بێت لە پێشدەم کارەساتە ترسناکەکاندا؟ ئاخۆ تاکوێ زمان دەتوانێت بەشداربێت لە ڕۆشنکردنەوەی قووڵایی تراژیدیایەکی وەکو ئەنفالدا؟

کێشەی هەرە گەورە لەوەدایە، کاتێک ئێمە باس لە ئەنفال دەکەین، باس لە چەندەها ئاستی جیاجیای فیکر و ژیان دەکەین، باس لە ڕیشە تاریکەکانی شەڕپەروەریی دەکەین لە ڕۆحی مرۆڤدا، مێژووی ژانپەرستی دەنووسینەوە لە کولتووری خۆماندا. بۆ ئەوەی ئەو فەرمانەش بگاتە ئامانجی خۆی ناچارین یەکە یەکە ترس و ئازاری قوربانییەکان بپشکنین، تایبەتمەندێتی مردنەکانیان ببینین، سیمایان وونـنەکەین، چارەنووسیان لە ناو یەک حکایەتی گشتییدا نەکەین بەژێرەوە.

زمان ئەوکاتە دەبێتە کەرەستەیەکی خیانەتکار کە ناچێتە ژێرباری وەسفکردنی هەموو مردنەکان. کە وردەکاری چارەنووسە جیاکان و ڕەنگی دووبارەنەبووەوەی مردووەکان لە ناو یەک ئینشای گشتیدا ووندەکات، کە دەبێتەکەرەستەی قسەکردن لەسەر مردن بە مانا گشتی و دیارینەکراوەکەی، بەو مانایەی کە وێستگەیەکی گشتییەو هەمووان پیادەڕۆین. زمان لەم وەسفە سیاسییە بەرینانەدا بەرلەوەی ژانی مردووەکانمان نیشانبداتەوە، وێنەیەکی گشتی مردنمان بۆ دەکێشێت، وێنەکی گشتی ترس و ئازارمان بۆ دەکێشێت، وەسفێکی سەرتاسەری دیمەنە ترسناکەکانمان بۆ دەکات، لە پشت ئەو بابەتەشەوە هەموومان بە ناچاری دەکەوینە

قسەکردن لەسەر پرۆسەی مردنێکی گشتی، دەکەوینە دوان لەسەر شتێک کە بە ئەنفال ناونراوە، شتێک کە ناونانی دەبێتە پەردەپۆشیەکی ترسناک بۆ قسەکردن لەسەر چارەنووسی هەزارەها هەزار کەس کە بە دڵنیاییەوە تواناکانی زمان و دەسەڵاتی نووسین لەوە پچوکترە بتوانێت یەکە یەکە بە جیهانی تاریکی هەر یەکێکیاندا بچێتە خوارەوە و لە وێکانەدا، لەو جێگایەی ڕۆحی مرۆڤ تێکەڵ بە تراژیدیاکانی مێژوو دەبێت، تایبەتمەندی هەر هەناسەیەک و ئازاری ناو هەر دەمارێک و قریشکەی ناو هەر گەرویەک لە قووڵایی خۆیدا بگرێت و بۆمان بگوازێتەوە.

لە دواجاردا قسەکردن لەسەر ئەنفال قسەکردنە لەسەر مردن، بەڵام لە گەڵ ئەنفالدا، چەندە لەبەگەرخستنی زماندا کارامەبین، ئەستەمە زمان بمانگەیێنێتە سەر حەقیقەتی ئەو ترس و ئازارە جیاواز جیاوازانەی کە قوربانییەکانی ئەنفال هەریەکەو بە جیا هەستیانپێکردووە. بۆیە دواجار کە باس لە ئەنفال دەکەین دەبێت ئەوەمان لە پێشچاو بێت کە باس لە حەقیقەتی ئەنفال ناکەین وەکو ترسێک و ئازارێک کە قوربانییە تاکەکان، قوربانییە بێ فریادەرەسەکان لەبەردەم گۆڕەکانی خۆیاندا چەشتوویانە، بەڵکو باس لە وێنەیەکی مردن دەکەین کە خۆمان لە کۆی دیمەنەکان دامانتاشیووە، وێنەیەک کە لە ڕاستیدا وێنەی هیچ مەرگێک نییە لە مەرگە ڕاستەقینەکان.

دارشتنی وێنەی گشتی و داتاشینی ووشەی سەرتاسەری کە لە یەککاتدا بۆ وەسفکردنی ژمارەیەکی زۆر لە شتی جیاواز بەکاربێت، یەکێکە لە ڕەهەندە سیحراوییەکانی زمان، کە ئەستەمە زمان بەبێ ئەو سیفەتە مانای هەبێت یاخود بوونی هەبێت، ئەبستراکتکردن جەوهەری زمانە، بەڵام لەگەڵ کارەساتێکی وەکو ئەنفالدا، کاتێک باس لە ڕۆڵی زمان دەکەین، خودی ئەم هێزە تەجریدییەی ناو زمان دەبێتە نیشانەی بێهێزییەکی ترسناک، چونکە لێرەدا چاوەڕوانین کە زمان لە تەجریدکردنی مردنەوە بمانگوازێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی.

کاتێک زمان دەتوانێت تەعبیر لە ئەنفال بکات، کە توانای هەبێت قەدەری یەکەیەکەی ئەنفالکراوەکان لەو وێنە گشتییە جیابکاتەوە کە وەکو کلێشەیەکی مەرگ لەلای ئێمە چەسپیوەو بگاتە سەر خسوسیەتی قووڵی هەر مەرگێک بەتەنیا، بگاتە سەرخسوسیەتی قووڵی هەر پیاوکوژێک بەتەنیا، بگاتە خوێندنەوەی مێژووی ئەو چرکەیەی کە جەلاد و قوربانی بێدەنگ بەرامبەر یەکدی دەوەستن و جگە لە مردن هیچی دیکە بەیەکەوە نایانبەستێتەوە، بگاتە سەر مانای هەناسەی هەر مردنێک کە بێگومان جیاوازە لە هەناسەکانی دیکە. لێرەدایە دەتوانم بڵێم کە بەشێکی بێدەنگی دەرهەق بە ئەنفال پابەندی ڕەهەندە وجودییە قوڵەکانی ئەم تراژیدیایەیە، پابەندی ئەو ڕوبەرە ترسناکانەیە کە دەکەوێتە ئەودیو سنوری زمانەوە.

ڕوبەڕێک هەیە لە ئەنفالدا دەکەوێتە ئەو دیو سنوری تەعبیر و ئەو دیو سنوری زمانەوە. زمان ناتوانێت بگاتە ناو ئەزمونی ئەوانەی کە چیتر تەنیا لە سمبولێکی گشتی مردندا نەبێت، ناکرێت ئامادەبکرێنەوە، لێرەدا زمان لەبەردەم دڕندەییدا دەوەستێت و دەکەوێتە تێڕامانێکی تیوریی و گشتی و بە ناچاری باز بەسەر چیرۆکی چارەنووسە جیاواز جیاوازەکاندا دەدات. وەحشیگەری ئەنفال بە ئەندازەیەکە مردن لە قەوارە ئاساییەکەی دەکاتەدەرێ و دەیکاتە دیاردەیەک کە چیتر زمان ناتوانێت ئابلۆقەیبدات و وەسفییبکات.

لێرەدا کێشەکە تەنیا ئەوەنییە کە توانای تەعبیر ناگاتە ئاستی کارەساتەکە، بەڵکو ئەوەشە کە زمان وەکو چەکێکی ستاتیکی بۆ شەڕێکی وەها ترسناک و دزێو مانای نامێنێت، واتە بێمانایە بە ستاتیکای زمان، شەڕ لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەدا بکەین کە نەخشەی بۆ ئەنفال کێشاوە. ئەگەر زمان وەکو چەکێکی دۆزینەوەی حەقیقەتیش ببینین، حەقیقەتی ئەنفال لە حەقیقەتی ئاشکراکردنی تاڵترە، واتە هەر ڕاستییەک کە لەسەر ئەنفال دەیڵێین لە خودی ئەنفال پچوکترە.

ئەم قسانەم بەو مانایە نییە کە شەرعییەت بداتە بێدەنگبوون لە ئەنفال، بەڵکو بەو مانایەیە کە هەرگیز وا زەننەکەین کە دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ببینە خاوەنی تێکستێک یان زمانێک کە بتوانێت دوا سنور بۆ مانا قووڵ و ئەبەدییەکانی ئەم کارەساتە دابنێت. ئەنفال ڕوداوێک نییە ئێمە بتوانین وەسفییبکەین یان زمان بتوانێت وەسفییبکات، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ئەنفال ئەو ڕوداوەیە کە لەپشتییەوە زمان دەبێت دووبارە بۆ مانا و جەهەر و ئاراستەی خۆی بگەڕێت، زمان ئەستەمە بتوانێت ئەنفال وەسفبکات، بەڵکو ئەوە ئەنفالە وەکو خاڵێکی دیاری مێژووی ڕۆژهەلات کە دەتوانێت دووبارە زمان وەسفبکاتەوە.

بەرەنجامێک لەم سەرەتایەوە دەستمانکەوێت ئەوەیە کە تێبگەین؛ لەڕاستیدا هەوڵێکی بێهوودەیە وەسفکردنی ئەنفال و تەعبیرکردن لە ئەنفال بخەینە ئەستۆی ئەدەب و هونەر، داهێنان چەندە گەورەبێت هێشتا ناتوانێت قەناعەتمان پێبکات کە توانیوێتی تەعبیر لەو کارەساتەبکات، من دڵنیام خەڵکانێکی زۆر ئەرکی تەعبیرکردن لە ئەنفال و زیندوو ڕاگرتنی ئەو کارەساتە بە وەزیفەی ئەدەب و هونەر تێدەگەن، هەر ئەم حاڵەتەشە کە چەندەها نووسەر تووشی قەیرانێکی ویژدانی دەکات گەر بێت و شتێک بۆ ئەنفال نەکەن، جێگای داخیشە بەهۆی ئەم فشارەوە زۆرجار کاری لاواز و ناشایستە دەکرێت و ناوی ئەنفالی لێدەنرێت، تابلۆی دزێو دەکرێت و بە ئەنفال ناوزەددەکرێت، تێکستی لاواز دەنووسرێت و ئەنفال دەکرێت بە پاسپۆرتی پەڕینەوەی بۆ ویژدانی خوێنەر، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکانیشدا تاکە تێبینیەک کە خوێنەران و ڕەخنەگران دووبارەیدەکەنەوە ئەوەیە کە «کارەکە هەقی کارەساتەکەی نەداوە».

لە ڕاستیدا هەندێ جار ئەوە گوناهی نووسەرەکان و هونەرمەندەکان نییە کە ناتوانن لە کارێکدا یان تێکستێکدا ڕۆحی کارەساتێکی وا بەرجەستەبکەن، بەڵکو گوناهی ئەو وەزیفە دژوارەیە کە بە هەڵە لە ئەستۆیان گرتووە، گوناهی ئەو باوەڕەیە کە تۆ پێتوابێت دەتوانیت کووشتنی هەزاران مرۆڤ بکەیتە یەک کار یان یەک تێکست و ئیدی ئاسوودە دانیشیت.

دڵنیام کە خوێنەر ئێستا دەڵێت، کە پەیوەندی نێوان کارەسات و زمان هێندە دژواربێت، ئایا چارەی ئەو دژوارییە بێدەنگبوونە؟ ئایا من دەمەوێت بە نووسەران بڵێم کە واز لە ئەنفال بهێنن و توخنی ئەو جۆرە بابەتە نەکەون و لەسەری نەنووسن؟ ئایا نووسین لەسەر ئەنفال بە بێهوودە دەزانم؟ بێگومان کە کۆی بۆچوونەکان بە هەڵە بخوێنینەوە دەشێت ئەو جۆرە پرسیارانە درووست ببێت، بەڵام بێگومان قسەکردن لەو ئاڵۆزییەی کە ئەنفال بە زمانەوە گرێدەداتەوە مانای ستایشکردنی بێدەنگی نییە لەسەر ئەنفال، بەڵکو دروستکردنی نیگایەکی قووڵترە بۆ ئەو پەیوەندییە.

لای من ئەنفال خۆی هێزێکە، بکەرێکە ئەگەرچی زمان ناتوانێت کۆیبکاتەوە، بەڵام ئەو دەتوانێت کەرەستەیەکی ڕاڤەکردنەوە بێت بۆ دونیا، واتە ئەگەرچی ئەنفال خۆی بە تێکستێک تەعبیری لێناکرێت، بەڵام دەبێت بە کاریگەری ئەو لەسەر سەرجەمی دیدی ئێمە بۆ دنیا تەعبیری لێبکرێت. لێرەدا من داوای بێدەنگی ناکەم دەرهەق بە ئەنفال، بەڵکو داوای ئەوە دەکەم کە هێزی ئەنفال هێزی دووبارە بونیادنانەوەی جیهانبینی بێت. واتە پرسیارەکە ئەوەنییە کە تابلۆیەک بکەین ناوی ئەنفال بێت، بەڵکو ئەوەیە کە چۆن لەسەر ڕۆشنایی ئەنفالدا، جارێکی دیکە هەموو ژیان بخوێنینەوە. دەکرێت دەیەها تێکست بنووسرێت و ناوی ئەنفالیشی بخرێتە سەر، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ یەک لەو تێکستانە جگە لە پەیوەندییەکی ڕوکار و سادە لەگەڵ ئەنفالدا هیچی دیکەیان نەبێت، بەڵام دەکرێت تێکستێک بنووسرێت بێ ئەوەی باس لە ئەنفال بکات توانای دەرخستنەوەی کاریگەری ئەنفالی هەبێت لەسەر ژیان و جیهانبینیمان.

هەڵەی هەرە دژواری ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە کە کێشەی ئەنفال کورتدەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتەکە، ئەنفال دەکاتە کێشەیەک کە نووسەران و شێوەکاران بیکەنە زەمینەی تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆیان لەسەر تەعبیرکردن، ئەمەش ئەو دیوەیە لە پەیوەندی ئەنفال و زمان کە زمان هەمیشە تیایدا دۆڕاوە. لەکاتێکدا کە دەبێت چەقی قورساییمان لەسەر ئەوەبێت، دوای ئەنفال چۆن ژیان و سیاسەت و ئەخلاق و خۆمان ببینینەوە، واتە وەزیفەی تێکستەکان ئەوەنییە کە تەنیا لە ناو جوغزی ڕوداوەکەدابمێننەوە و

لەویادا گیربخۆن، بەڵکو ئەوەیە کە جارێکی دی لەودیو ڕوداوەکەوە تیشک بخەنە سەر ماهییەتی ژیان، سەر مانای پێکەوەژیان و لێبوردن، سەر مانای ڕاست و درۆ لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا، سەر کاراکتەری مرۆڤی سادەو ڕۆلی لە دروستکردنی فاشییەتدا، سەر بونیادی ئەو دنیا تەقلیدییەو کاریگەری لەسەر ئەخلاقی قوربانی و جەلاد. ئەوەی لە پەیوەندی ئەنفال و زماندا گرنگە ئەوەیە کە زمان کەناڵی وێناکردنی ئەو تراژیدیایە نییە کە هەموو وێنەکانی وێنەی کەموکورت و نوقستانن، بەڵکو کەناڵی لەدایکبوونی ئەو دونیابینییە تازەیەیە کە ئەنفال دەیسەپێنێت. کێشەی زمانی ڕۆشنبیریی ئێمەش ئەوە نییە کە بە تەنیا ناتوانێت تەعبیر لە ڕودارەکە بکات، بەڵکو ئەوەیە کە لە پشتییەوە تەواو هەستدەکەیت کە ئەنفال هیچ شۆک«صدمة»ێکی گەورەی لە سەر دونیابینی ئێمە دروستنەکردووە. قەیرانی گەورەش ئەوەنییە کە ئەدەب و شێوەکاری کوردی تائێستا ئەو تێکستە موعجیزەیەی بەرهەمنەهێناوە کە تەعبیر لە ئەنفال بکات، بەڵکو قەیرانی گەورە ئەوەیە کە تائەمڕۆ ئەنفال ئەو هەستەی لادروست نەکردوین کە بە شێوەیەکی دیکە لەسەر ژیانی دوای ئەنفال قسەبکەین. ئەنفال کەوەکو گورزێکی کوشندە لەسەر دیدو خەونەکانمان دەرنەکەوێت، نابێتە سەرەتای دونیایەکی تر، چونکە تاسەرەتای ویژدانی دوای ئەنفال دەرنەکەوێت، سەرەتای تێکستی دوای ئەنفال دەرناکەوێت. ئەمڕۆش وەزیفەی فیکر و زمان ئەوەیە کە لەسەر ژیان دوای کارەساتێکی وەکو ئەنفال قسەبکات، لەسەر ئەو ئەخلاقە نوێیە قسەبکات کە ئەم کارەساتە دەیسەپێنێت. واتە کێشەکە لێرەدا کێشەی تەعبیر نییە، بەڵکو کێشەی بەرهەمهێنانەوەی ئەو شۆکەیە لە دیدێکی خەملیوی دیکەدا. ئەنفال دیمەنێک نییە، وەسفیبکەین، بەڵکو جۆرە ڕوناکییەکی تایبەتییە کە دەبێت چاوێکی تایبەتیمان هەبێت تاببینین جیهانی دوای خۆی بە چ ڕەنگێک ڕەنگکردووە، واتە زمان ناتوانێت ئەنفال وەسفبکات، بەڵکو ئەنفالە کە دەتوانێت زمانی جیاجیا دروستبکات، گەڕان بە دوای تێکستێکدا بۆ ئەنفال ئەفسانەیە، بەڵام گۆڕینی هەموو تێکستەکان دوای ئەنفال ئەرکێکی ئەخلاقی سەر شانمانە. هەموو تێکستەکانیش لەبەردەم ئەنفالدا لە پەراوێزدان، بەڵام ئەنفال لە هەموو تێکستەکاندا دەبێت لە ناوەندا بێت. واتە ئەدەب و هونەر ناتوانن تەعبیر لە ئەنفال بکەن، بەڵام ئەنفال جیهانێکی دیکەو کۆمەڵێک ڕاستی دیکە لەبەردەم ئەدەب و هونەردا دەکاتەوە، کە بەر لەو کارەساتە دەرکەوتنیان ئەستەم بوو. ئەنفال خۆی وەسفناکرێت، بەڵام زمانێکی وەسفی دیکە دروستدەکات. ئەوەی کە لەواقعی ئێمەدا ترسناکە هەڵنەهاتنی ئەو زمانە تازەیەیە، ئەوەی لە ئەدەب و هونەری ئێمەدا شوێنی گومانە، نەتەقینەوەی توانا بێسنوورەکانی تەعبیرە کە شتەکان لەسەر ڕۆشنایی هوشیارییەکی تراژیدیی نوێدا ببینێت.

فەرامۆشکردنی ئەنفال، چەندە ئاراستەی خودی قوربانیەکان دەکرێتەوە، هێندەش ئاراستەی ئەو زمانە دەکرێتەوە، کە دوای ئەنفال دەیەوێت جیهان لەبەر تیشکێکی دیکەدا ببینێت... بێدەنگی دەرهەق بە کارەسات و دەرهەق بەو زمانەی دیکە کە لەودیو کارەساتەوە هەڵدەستێتە سەرپێ، یەک بێدەنگییە. بێدەنگی دەرهەق بە تراژیدیاو، دەرهەق بەو ستاتیکایەی چیتر تراژیدیای قبوڵ نییە یەک بێدەنگییە.

ئەم جۆرە تێڕوانینە هەڵقوڵاوی هەموو ئەو پرسیارە ترسناکانەیە کە هەموو کولتورێک، دوای کارەسات ڕووبەڕوویدەبێتەوە، ئەو ڕستە بەناوبانگەی ئەدۆرنۆ کە گووتی: «دوای ئاوشفیتز شیعرنووسین بەربەریەتە»، کە بێگومان خوێندنەوەی فرەشێوەی بۆ کراوە، بەشێکە لەو کولتووری گومانەی کە دوای کارەسات دەبێت دروستببێت، لەڕاستیدا من لە زۆر ڕووەوە ئەو دەرەنجامەی ئەدۆرنۆم قەبووڵ نییە، ڕەنگە مەسەلەکە لە بنەڕەتدا ئەو دوو فەزا کولتوورییە تەواو جیاوازە بێت کە دەشێت لە نێوان کوردێکی دوای ئەنفال و نووسەرێکی دوای ئەشفایتزدا هەبێت، ئەدۆرنۆ لە قووڵایدا باس لە ئەستەمی پرۆسەی ناونانی ئاوشفیتز دەکات،‹١٤› بەڵام لای ئەدۆرنۆ پەنجەی تاوانبارکردن ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئەو ڕۆڵە پڕ لە درۆ و نیفاقە دەکرێت کە دەشێت ئەدەب و هونەر بیبینن، کاتێک وەکو نێوەندێکی یادبردنەوە دەبنە دینێکی جێگر، ئەدۆرنۆ باس لە تەکنیکی یادبردنەوە و ڕۆلی شیعر و هونەر دەکات لەو پرۆسەی یادبردنەوەیەدا،‹١٥› هەر لێرەشەوە شیعر و بەربەرییەت دەخاتە هاوئاستی یەک. لە ڕاستیدا جێگای خۆیەتی تەواو لەسەر تەکنیکەکانی یادبردنەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا قسەبکەین، کە بێ گومان ئەدەب و هونەریش تا ئەندازەیەکی باش تیا بەشدارن، کە هیوادارم ڕۆشنبیرانی دیکە هەبن ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ.

**٢ـ ئەنفال و خۆئەڤینی «النرجسیە»**

پرۆسەی خۆ جوانکردن، بەشێکی گرنگی مێژووی گروپی ئێمەیە، ئێمە چ وەکو نەتەوەو چ وەکو تاقمە سیاسییە جیاوازجیاوازەکان، مێژوویەکی درێژمان لەگەڵ خۆجوانکردندا هەیە، ئەگەرچی لەبەردەم دەرەوەدا قوربانین، بەڵام بەردەوام لە بەردەم ئاوێنەکانی خۆماندا هەر کاتێک بمانەوێت خۆمان پێناسەبکەین، ئێمە نەتەوەی «مەردان»ین، قارەمانەکانی کاوەین، شێرانی مەیدانین، هەڵمەتبەر و سەنگەرشکێنین، لەڕاستیدا فەرهەنگی ستایشیکردنی کورد بۆ خۆی بە ئەندازەیەک دەوڵەمەندە کە پێویستی بە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، ئەم خود بە قەشەنگ بینیە، ئەم قارەمان تاشییە بەئەندازەیەک تێکەڵ بە کولتووری سیاسی ئێمە بووە کە بۆتە بەشێک لە کاراکتەر و مێژوومان.

لەناو ئەم بۆمــاوە دێرینەدا، وێنەی مــەرگ، شــوێنێکی گــرنگی داگــیــرکــردووە. مــەرگ دروســتکەری قــارەمــانــە، ئەوەی کــە دەکــوژرێت بە کــوژرانــی شــانازییــەکی تر دەخــاتــە ســەر شانازییەکانی ئێمە، مردووەکان ئێمە جوانتردەکەن، وادەکەن بەبێ مردن نەتوانین شانازی بە ژیانەوە بکەین. وەکو لەوەوبەر باسمکرد، چیرۆکی مەرگ چیرۆکی قارەمانییە، مردووەکان ئیرادەی ئێمە لەسەر بەرگری و کۆڵنەدان بەرجەستەدەکەن، بەڵام ئەنفال ئەو وێنەیە دەگۆڕێتە سەر وێنەیەکی تاڵ، مردن لە ئەنفالدا، مردنی نەتەوەیەکە کە بە بێدەنگی دەمرێت، ئەنفال لە قووڵایدا دانانی کۆتاییەکە بۆ وێنەی نەتەوەی قارەمان، وێنەی ئەو نەتەوەیەی کە کوڕەکانی دەکوژرێن و تفەنگەکان هێشتا بەدەستیانەوەیە، ئەنفال دروستکردن و چەسپاندنی وێنەی نەتەوەی مێگەل و بێدەنگە، بەواتایەکی دیکە پێکانی خۆئەڤینی و خۆویستی مرۆڤی کوردە بۆ خۆی و چاندنی خۆنەفرینییە، هەوڵدانە بۆ سەوزکردنی قێزکردنەوەیەکی کاریگەر بەرامبەر خود، لە دوای ئەنفال کولتووری جوانیگاریی و سەرسامبوون بە خود و بەخودمەستی کۆتاییدێت و برینێکی قووڵ دەکەوێتە سەر شکۆی ئەو قارەمانەی کە بە هەزارەها بێ بەرگری ودەستەوەستان مردنێک دەمرن کە مردنێکی جەنگاوەرانە نییە. لەگەڵ ئەنفالدا بەعس پێماندەڵێت مردنی جەنگاوەرانە کۆتاییهات و ڕۆژگاری مردنی دەستەجەمعی دەستپێکرد کە تیایدا چارەنووسی بەهێزترین شەڕکەر و لاوازترین منداڵ هیچ جیاوازیان نییە، ئەنفال وێنەی نەتەوەیەکی ترسنۆک جێدەهێڵێت کە بەبەرچاوی خۆیەوە هەزارەها ڕۆڵەی ڕاپێچدەکرێت بۆ مردن و ئەو هیچ ناڵێت، لەگەڵ هیچ نەگووتنیشدا کۆتایی سەردەمی زێرینی قارەمانان دەستپێدەکات.

ئێمە هەر کاتێک بیر لە ئەنفال دەکەینەوە بە ناچاری بیر لە قەساب و مێگەلیش دەکەینەوە، بە ناچاری بیر لە شکست دەکەینەوە، شکستێک کە قوربانییەکانی لە جەنگێکی دەستەویەخەدا نەکوژراون، بەڵکو قوربانییەکانی بە بێدەنگییەکی قووڵەوە خۆیان داوەتە دەست ئیرادەی جەلاد، لێرەدا چیتر مردن بەشێک نییە لە ستاتیکای ژیان، مردن ناتوانێت ببێتە شانازی، ناچێتە خانەی جوانییەوە، ئەم مردنەیان واناکات پتر خۆمان خۆشبوێت، بەڵکو وادەکات پتر نەفرەتبکەین، کەمتر لەبەر ئاوێنەکاندا بوەستین، قووڵتر بیر لەو ئیفلیجییە بکەینەوە کە چیتر قارەمانەکان ناتوانن بیبەزێنن، ئەم مردنەیان مردنی قارەمانەکان نییە، بەڵکو مردنی ئەو پیاوانەیە کە ڕووبەڕوو سەیری مردن دەکەن و ناتوانن هیچ بڵێن.

لە ئەنفالدا مردووەکان فریای حسابکردنی وێنەی مردنەکەیان ناکەون، فریای پێوانەکردنی شەرەف و زەلیلی ناکەون، فریای هەڵسەنگاندنی مانای تراژیدیاکەیان ناکەون، بەڵام ئێمەی زیندووان، هەموو سەرو پارچەیەکی ئەو ترسنۆکییەمان بەردەکەوێت، کاتی ئەوەشمان هەیە،

بەقـووڵی لە پچـوکی و زەلیلی و پوچبـەهایی خـۆمـان بڕوانین، ڕۆژگـارێکی درێژیشـمـان لەبەردەستدایە بۆئەوەی هەر کاتێک مردنی بە کۆمەڵی ئەوانمان یادهاتەوە، شەرم لە سیمای خۆمان بکەین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وێنەی مردووەکان جوانتر و پڕ غرورتریان دەکرد، ئەنفال سەرەتای شـەرمێکە کـە لەگەڵ خۆئەڤینییدا ناگونجێت، دوای ئەنفال بە ئاسانی ناتوانین خۆمان خۆشبوێت. بەڵام ئایا حیزبی کوردی دەتوانێت بەو شەرمەوە بژی، ئایا شەرمێکی وا بەردەوام و قووڵ لەگەڵ ڕۆحی ئەودا دەگونجێت کە ڕەفتاری ئافرەتێکی هەیە بێ میکیاجی تازە ناژی، ئایا دەتوانێت قورسـایی ئەو شـورەییـە هەڵگرێت، نووسـەری گـەورەی ئەڵمـان شتێڤان هایم، لە چیرۆکێکی قەشەنگدا، بە ناوی «چیرۆکی ڕاستەقینەی کارتۆتێکی پارتی سـۆسـیـال ناسـیـۆنالیـزم» بە جـۆرێکی قـەشـەنگ باس لە توانای مـرۆڤ دەکـات لە دوورخستنەوەوی تاوانەکان لە ئەستۆی خـۆی، لە کاتی تاوانە گەورەکاندا کە ژمارەی پیاوکوژان گەورەیە و ژمارەی قوربانییەکانیانیش گەورەیە، هەر تاوانبارەو دەتوانێت گوناهەکە بخاتە سەر ئەستۆی ئەوانی دیکە، شتیڤان هایم پێیوایە لە حەوت ملێۆن ئەندامی حیزبی نازی، کاتێک دێینە سەر گەڕان بەدوای گوناهبـاراندا، هەر ئەندامەو تاوانەکە لە ملی خۆی دەکاتەوەو دەیخاتە سەر ئەستۆی شەش ملێۆن و نۆسەدونەوەدونۆ هەزارەکەی دیکە، ئەمەش دەرفەتێکی گەورەیە کە کەس هەست بە تاوان نەکات. کەس جوانی خۆی نەشێوێنێت. ‹١٦›

هەڵبەت بۆ ئێمەی کورد شورەییەکە ڕەنگێکی تری گرتووە، ئەگەر شورەیی جەلاد بە زەحمەت پاکبکرێتەوە، شورەیی قوربانی ئاسانتر پاکدەکرێتەوە، شورەیی قوربانی، شورەیی شکستە، شورەیی مێژوویەکە لە غرور و خودئەڤینی، شەرمی سەد ساڵ ڕاگەیاندنی جەنگە تا مەرگ، بەڵام ئەنفال دێت و وێنەی نەتەوەیەک نیشـاندەدات کە بەپەڕی بێدەنگی تەسلیمی جەلادەکەی دەبێت. لێرەدا قوربانی کە هەڵدەستێتەوە کە هوشیاردەبێتەوە کە دەیەوێت دوبارە خۆی ڕێکبخاتەوە، ناچارە ئەم ڕوداوە تەنیا لە سنوری دڕندەیی دوژمندا وێنابکات، هەوڵدەدات زیانەکانی ئەم وێنەیە بەر ڕوبەرە گرنگەکانی نیگاری خۆی نەکەوێت. بێدەنگی لە ئەنفال لە ئاستێکی گەورەدا، پرۆسەی خۆجوانکردنە، پرۆسەی پاراستنی خودئەڤینییە، کەمکردنەوەی قورسایی شورەییەکە کە کورد نایەوێت بەشی خۆی بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەنفال تەنیا شکستێکی سیاسی و کۆمەلآیەتی و سەربازی نییە، بەڵکو سەرەتای سەوزبوونی گومانێکی قووڵە دەرهەق بەو وێنە کلاسیکییەی «کوردی جەنگاوەر» و«کوردی قارەمان». کە تا ئەمڕۆ حیزبە کوردییەکان پێویستیان پێیەتی. «لێرەدا من مەبەستم ئەوەنییە کە ئەنفال بەکاربهێنین بۆ شکاندنی کەرامەتی نەتەوایەتیمان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کەرامەتی نەتەوایەتی ئێمە ئەوکات لەبەردەم مەترسیدایە کە بەشی خۆمان لە تاوانی ئەنفال نەخەینە ئەستۆی خۆمان.»

ڕاپەڕین زەمینەیەکی خێراو کوتوپڕی خوڵقاند، کە کورد بتوانێت، ئەو وێنە کلاسیکییەی خۆی زیندووبکاتەوە. ئەو خودئەڤینیەی کە زامدار بووبوو گەشەپێبداتەوە. هەستانەوەی دوای ڕاپەڕین ئەو زەمینەیەی خۆشکرد کە کورد ئیدی بەهانەی گەورەی بەدەستەوەبێت، هەموو ئەو ڕەگەزانە لابخات کە وێنەکەی لکەداردەکەن، پرۆسەکە لێرەدا وەدەستهێنانەوەی بڕوایەکی پتەو نییە بە خود کە دوای دەرەنجامگیریەکی ورد وەرگیرابێت، چونکە خودی ڕاپەڕین بەدەر نییە لە شکستی گەورەی وەکو ڕەوەکە، بەڵام دوای پیادەبوونی دەسەڵاتی کوردی پرسیارکردن لە حەقیقەتی سیمای خۆمان، پرسیارکردن لە بەرپرسیاری خۆمان، پێداچوونەوەی ئەو بەشە لە مێژوومان کە بە قووڵی شکستمان بیردەخاتەوە، پرۆسەیەکی ماقوڵ و ویستراو نەبوو. سیاسەتی کوردی بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست لەگەڵ یەکەم سەرکەوتنی گەورەی خۆیدا، دەفتەری ئەو زامانە بکاتەوە کە غروری بریندارەدەکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵێکی ترسناک درا بۆ سەرخستنی ڕەهەندە ئاهەنگسازەکان بەسەر ڕەهەندەکانی پرسیار و پێداچوونەوە و خوێندنەوەدا.

لە جەنگدا سەرکەوتووەکان کەمتر بیر لە ویژدان دەکەنەوە، کەمتر دەیانەوێت ئاهەنگەکان و چنینەوەی دەسکەوتەکان تێکەڵ بەو وێنانەبکەن کە شکۆیان بریندارەدەکات. بۆیە دەبایە ئەنفال لە یادکرێت، بکرێتە کلێشەیەکی بێناوەڕۆکی ناو میدیاکان، بکرێتە دروشم، تا زیاتر ئەو وێنەی قارەمانە بریندارنەکات کە ئێمە ناتوانین دەستبەرداریببین. ئێمە لە ئەنفال بێدەنگبووین تاچیتر ئەو پاڵەوانەی کە لە ناوماندایە شەرمنەکات، چونکە ئەو قارەمانە تاکە وێنەیەکی سەرەکییە کە بەبێ ئەو ئەستەمە بتوانین مانایەک بدەینە مێژووی خۆمان.

**٣ـ ئەنفال و شارسالاریی**

بۆ ئەوەی زیاتر لە هۆکانی بێدەنگی کورد تێبگەین لە ئەنفال، دەبێت پتر لە جێگای ئەوانە بکۆڵینەوە کە ئەنفالیان بەسەردا دێت؟ ڕاستە ئەنفال لە دواجاردا ئاڕاستەی بوونی هەموو کورد دەکرێت، بەڵام لە دوا دەرەنجامدا ناتوانین دوای ئەم تاوانە گەورەیە بڵێین کە زیندووەکان و مردووەکان وەکو یەکن. چونکە کە وامان گووت مانای ئەو سیاسەتی جیاکردنەوەو دابەشکردنەمان نەبینیوە کە بەعس بە قووڵی هەوڵیداوە پیادەیبکات. بەعس پەراوێزترین و فەرامۆشکراوترین خەڵکی کوردستان ئەنفالدەکات، ئەو خەڵکەی کە لە سیناریۆی گەمەکانی دەوڵەتدا جێگایاننابێتەوە.

ساڵانی بەر لە ئەنفال، ساڵانی گەورەبوونی شاری کوردییە، دروستبوونی ڕۆحی شارچێتی، یەکێکە لە سیما زەقەکانی ئەو بیست ساڵەی دەکەوێتە پێش ئەنفال، لەم قۆناغەدا

جیاوازییەکانی نێوان شارو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی، پتر بەرجەستەبووە. هوشیاری شارنشینان بە خۆیان وەکو یەکەیەکی تایبەتیتر و دەوڵەمەندتر و شارستانیتر، زیاتر گەلاڵەبووە. لەم قۆناغەدا شارەکانی کوردستان، بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕێن تا بەکاریبهێنان بۆ شانازی و بە خۆوەنازین، بە ئەندازەیەک جۆرە ئینتمایەکی خێلەکیانەی نوێ بۆ شار سەرهەڵدەدات، کە لەگەڵ وێناکردنیدا بۆ وێنەی خۆی، پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەگرێتە بەر کە بە کەمکردنەوەیە لە نرخی هەموو ئەوانەی دیکە دەستپێدەکات کە خەڵکی شارنین. لە حەفتاو هەشتاکاندا، وەکو ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی گەشەی ئابوری عێراقیش، شار توێژو تاقمی نوێی بازرگانی و ئیداری و سیاسی بەرهەمهێناوە کە دەرفەتی ئەوەدەدەن دابەشبوونێکی کولتووری گەورە لە نێوان کولتووری شارنشینان و کولتووری گوندنشینیاندا بەرهەمبێت. ئەمە جگە لەوەی کە شارەکانی کوردستان بوونە تاکە جێپێی سەرەکی ڕژێم، کە تیایدا هەزاران کەس لە ناو دەستگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتدا مۆبیلبوون.

یەکێ لە سیفەتە سەرەکییەکانی کولتووری شار ئەوەیە کە تا ئەندازەیەکی زۆر بە شانازییەکی نائاساییەوە دەڕوانێتە خۆی و بە چاوێکی کەم سەیری دونیای پەراوێزی خۆی دەکات. ئەم بالادەستییەی کولتووری شار، تەنیا هاوڕێ نییە بە پچوککردنەوەی کاراکتەری جووتیار، تەنیا کۆڵەکەشی دروستکردنی هوشیارییەکی میللی بەربلاو نییە کە تەشەرو توانج لە پیاوی لادێیی دەگرێت، بەڵکو لەم قۆناغەدا، گووتاری ڕۆشنبیری ئێمەش تا ئەندازەیەکی گەورە دەبێتە گووتاری شار و ئەدەبی نوسراوی ئێمە دەکەوێتە ئاستێکی دیکەوە کە کێشەکانی خەڵکی گوند تا ئەندازەیەکی گەورە پاشەکشەدەکەن. لە نێوان زمانی سیاسی و ئەدەبی ئێمەشدا لەلایەک و ئاستی هوشیاری خەڵکی گونددا دیوارێکی گەورە دروستدەبێت کە کاریگەریەکی ترسناک دەکاتە سەر توانای ڕۆشنبیرانی لادێ لەسەر تەعبیرکردن لە ژیانی خۆیان. لە دوای ڕوانگەوە ڕۆشنبیری ئێمە دەبێتە ڕۆشنبیری شار، گووتارەکانی ئەم ڕۆشنبیریەش تا ئەندازەیەکی زۆر جگە لە تەعبیر لە خواستەکانی مرۆڤی شار و نیشاندانەوەی گۆشەنیگای ئەو بۆ جیهان هیچی تر نییە. لەم قۆناغی ئاڵوگۆڕە مێژووییەشدا، چ ئەدەب و ڕۆشنبیری ئێمە، چ تاقمێکی کۆمەڵایەتی گەورە لە خەڵکانی گوندنشین و چیانشین زیانێکی گەورەیان بەردەکەوێت، لە سەرێکەوە ڕۆشنبیری ئێمە دەبێتە ڕۆشنبیریەکی مۆنۆپۆڵکراو بۆ خەڵکانێکی دیاریکراو، کە ناتوانن زمانحاڵی هەموو توێژو تاقمە کۆمەڵایەتییەکان بن، لەسەرێکی دیکەشەوە ئەو توێژو تاقمانە لەو چەکە ڕووتدەکرێنەوە کە بە زمان و شێوازی تەعبیریان بگووترێت ئەدەب یان فیکر. من ئەم دیاردەیە بە یەکێک لە هەرە تاڵترین کۆمیدیاکانی مێژووی خۆمان دەزانم، ڕۆشنبیری ئێمە دروست لەو ساتە تاڵەدا دەبێتە

ڕۆشنبیری نوخبەیەک لە خوێندەوارانی شار، وە دروست لەو ئان و زەمانەدا دەبێتە ئاوێنەی نیگای خەڵکانێکی نوێگەر کە هەست بە گرنگی نوێکردنەوەی زمانی خۆیان دەکەن، کە لە هەمان ساتدا کۆمەڵگای تەمەن هەزار ساڵەی گوندەکان تووشی ڕەشەبایەکی تراژیدی هاتووەو لە هەرکات زیاتر پێویستی بە زمانێکی تەعبیری باوەڕپێکراو هەیە. ئەدەبی ئێمە لەسەرەتای حەفتاکانەوە تا ڕادەیەکی باش پشتدەکاتە کێشەی خەڵکانی گوند و چیتر نە جیهانی لادێیەکان، نە کاراکتەریان، نە کارەساتەکانیان، ئەو بابەتە سەنتراڵ و ناوەندییە نین کە خەیاڵی ئەدەبی و ئیبداعی ئێمە بجوڵێنێت، هەڵبەت ئەم قسەیەم بەو مانایە نییە کە ئیتر کاراکتەری جووتیار یان ئاغا، یان بابەتی تەقلیدی دڵدارییەکانی لادێ، تەواو لەسەر شانۆ ووندەبن، بەڵکو مەبەستم لەوەیە کە ئەو بابەتانە یان بە ڕۆحی قۆناغی پێشتر دووبارەدەبنەوە، یان بە دیدی ڕۆشنبیرانی شارو بەها فیکری و ئەخلاقییەکانیان دەخرێنەڕوو. واتە لەو ساتەدا کە گوندنشینانی کورد پێویستیان بە زمانی تەعبیرکردنە لەو تراژیدیایە، دروست لەوکاتەدا زمانی تەعبیریان لێدەسێنرێتەوە. ئەم تراژیدیایە کارێکدەکات، ئەو زمانە دەرکراوە، لەدەرەوەی ئەڵقەی ڕۆشنبیرانی کورد و لە دەرەوەی مینبەرە ڕەسمییەکانەوە، بۆ مینبەری دیکە بگەڕێت، کە وەکو ئەلتەرناتیفی دیکتاتۆریەتی زمانە نوێکان و بابەتە نوێکان بیخاتە ڕوو، ڕۆشنبیری ئاینیش وورپایانە ئەو دەنگە دەرکراو و خنکێنراوە دەگرێتە ئامێزو بە ئاڕاستەی خۆی ئاڕاستەیدەکات.

لەگەڵ هەڵاوسانی شارەکاندا، لەگەڵ کۆبوونەوەی سەدەها هەزارکەسدا لەسەر ڕووبەری پچوک و گەمارۆدراوی شار، شارنشینان دەبنە ئەو توێژە ئەرستۆکراتەی کە هەمیشە زیاترو زیاتر کولتوورێکی ڕقاوی و شێوێنەر بۆ خەڵکانی گوند وێنادەکەن. لە کۆتای هەشتاکاندا وێنەی لادێی، لە خەیاڵی میللی خەڵکانی شاردا، وێنەیەکی دزێوە، بە دڵنیاییەوە ئەوەی بشگەڕێت دەتوانێت لەم قۆناغەدا، سەدەها نوکتەو گوزارەی ناشیرین دەرهەق بە خەڵکانی لادێ بدۆزێتەوە. وێنەی خەڵکانی لادێ لەو قۆناغەداو لەوانەیە تائەمڕۆش، وێنەی پیاوێکی قازانج پەرست، بێوەفا بۆ خاک، جاش، پارەپەرست، نەفامە. ئەم وێنەیە بە ئاگا یان نائاگا لە ئەنجامی دووبارەبونەوەی بەربڵاوەوە، لە ئەنجامی نەبوونی دەنگێکی لادێی ڕەسەن کە مێژوی ئەو ئازارە قووڵانە بنووسێتەوە، لە ئەنجامی سەروەری ڕوانینی «شارسالاریی» یەوە، کارێکدەکات کە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا قوربانییەکانی ئەنفال، نە پێش ئەنفال و نەدوای ئەنفال دەنگێکیان نەبێت لە ناو کولتووری ئەرستۆکرات و یەک نیگای ئێمەی شاریدا، پێشبینی مەرگیان بکات، یاخود دوای ئەنفال پاشبینی کارەساتەکەیان بکات.

داگرتنی خەڵکی گوند بۆ ناو شار لە پلەی پەراوێزییان کەمناکاتەوە، تراژیدیا گەورەکانیش کارێکناکات کە ڕۆشنبیری ئێمە گووتارێک بەرهەمبهێنێت، قسەکەری تراژیدیاکەیان بێت. واتە بێدەنگی لە ئەنفال لە ئاستێکدا پەیوەندیی هەیە بە سیستمی گووتارەکان لە ڕۆشنبیری کوردیدا کە گووتاری هەندێک توێژی خوێندەوار یان نیمچە خوێندەواری شارە، ئەم گووتارەش دەنگی گووتارەکانی دیکەو دەنگی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کپکردووە، ئەم بێدەنگییە جگە لە نیشانەیەکی ئاشکرای بێدادییەکی قووڵ لە سیستمی گووتارەکاندا هیچی تر نییە، لە سیستمی ئێستاکێی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، شارسالاریی و باڵادەستی دیدی شارنشینان و ڕۆشنبیرەکانیان بە ئەندازەیەک زاڵە کە گووتارەکانی دیکەی تووشی ئیفلیجیکردووە، لەدەرەوەی دەنگی خوێندەوارەکانی شار کە هەموو بوارەکانی میدیاو ڕاگەیاندنیان داگیرکردووە، کۆمەڵگای ئێمە بۆتە کۆمەڵێک ڕووبەری گەورە گەورە لە پانتایی پەراوێزیی و بێدەنگکراو. شارسالاریی لە بنەڕەتدا هیچ نییە جگە لە پیادەکردنی کولتوورێک کە تیایدا دونیا لە دیدی خەڵکانی ڕۆشنبیری شارو چینی ناوەندی ناو شارەکانەوە دەبینرێت. شارسالاریی سەندنەوەی ماڤە لە دەنگی هەزارەها هەزار کەس کە بتوانن گووتاری دانپیانراوی خۆیان هەبێت، دەنگی تایبەتی خۆیان هەبێت کە تەعبیر لە تراژیدیای ئەوان بکات.

بێدەنگی لە ئەنفال لە جەوهەریدا سەدای بێدەنگییەکی قووڵی دیکەیە کە لە ڕۆحی ئەم کۆمەڵگایەدا بەرقەرارە، نیشانەی گۆڕانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکەمانە بۆ کەسانی بێدەنگ، بێدەنگییەک کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سالاریی کەسانێک کە ناتوانن دەنگی هەموو کۆمەڵگابن، بەڵام لەهەمان کاتدا بوارنادەن دەنگە خنکاوەکان بە ئەزموونی سادەی خۆیانەوە، بە زمانێک کە دەشێت نە زمانی سیاسەت بێت، نە زمانی فیکر، نە زمانی شیکاربێت نە زمانی تیورە، تەعبیر لە تراژیدیای خۆیان بکەن، واتە هەڵە نییە گەر بڵێین ،ئەنفال زمانێکی نەدۆزییەوە بۆ قسەکردن و شکاندنی بێدەنگی لەبەرئەوەی بەر لەوەی بەعس ئەنفالکراوان دەربکاتە دەرەوەی ژیان ،ئێمە قوربانییەکانمان دەرکردبوونە دەرەوەی هەرێمەکانی قسە و تەعبیر.

فەرامۆشکردنی ئەنفال نیشانەی ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە توانای نییە گوتاری پەراوێزەکانی خۆی بخوێنێتەوە، هەوەکو چۆن نیشانەی زاڵبوونی ڕەهەندێکی کولتووری تایبەتیشە بەسەر گوتارو قسەو دەنگ و توانای بەرهەمهێنانی بەشەکانی تری ئەم کۆمەڵگایەدا.

**٤. ئەنفال و پڕۆژەی ناکاملّی نەتەوە**

ئەنفـال نیـشـانـەیـەکی گـەورەی هـەرەسـی گـووتـاری مـانـەوەو ئـیـفلـیـجـی ئـەم گـووتارەیـە لە بەرهـەمـهـێنانی ئەو هـێـزە کـۆمـەڵایەتـیـەی کـە بـتـوانـێت، تەنیـا لـە ڕێگای سـتـراتـیـژی خۆپاراستنەوە، بگاتە ئەنجام. هەرەسی گووتاری مانەوە تەنیا لەوەدا نییە کە مەرگدۆستی ناو ئەم گووتارە، لە قۆناغی ئەنفـال و شەڕی ناوخۆدا لەبری ئەوەی ببێتە مـایەی جەنگ بۆ ژیان، بووە مایەی جەنگ بۆ مەرگ، لەبری ئەوەی ببێتە چەکی خۆپاراستن بووە چەکی خۆوێرانکردن، بەڵکو بێدەنگی لە ئـەنفال پتر قەیرانی قـووڵی ئەم گووتارەی بەرجەسـتەکرد، ئەنفـال سەلماندی کـە ڕەهەندە ژیـانـدۆسـتـەکـانی گـووتـاری مـانـەوە تەواو هەرەسـیـهـێناوەو گـۆڕاوەتە سـەر کەمتـەرخەمییەکی قووڵ، ئەوەشی سەلماند کە مـانەوە لە ژیانی سیاسی ئەم قۆنـاغەدا مانەوەی نەتەوە نیـیـە، بەڵکو مـانـەوەیەکی سنوردارترو پچـوکتـرە کە ناتوانێت هەڵگری هیچ مـانایەکی نەتەوەیی بێت. لێرەدا ترس لە مەرگی نەتەوەوە گۆڕدراوە بۆ ترس لە مـەرگی «من»ـە پچـوک و پەراوێزییـەکان، گۆڕاوە بۆ سیاسەتی پاراستنی پانتایی پچـوکترو لۆکاڵتر، گووتاری مانەوە لێرەدا دەبێتە مـایەی خولقاندنی سیاسـەتێکی هەلپـەرستـانە بۆ پاراستنی خـود، دەشـبێتـە مـایـەی کـەمـتـەرخـەمـیـیـەکی قـووڵ دەرهـەق بە چارەنووسـی دەسـتـەجـەمعی، لەم ئـاسـتـەشـدا جەوهەری دروشمی «یان کوردستان یان نەمان» کە گووتاری سەرەکی ئەم سیاسەتەیە دەبێتە دروشـمی «ژیان بـۆ من، مـەرگ بۆ نەتـەوە» کـە ئـاشکرایە لـە دوای ڕاپەڕینـەوە بۆتە بزوێنـەری سـەرەکی سـیـاسـەتی زۆربەی گـروپە کـوردەکـان، ئەگـەرچی تـا ئێـسـتـا لێرەو لەوێ پـزیسکی کڵپەیەکی ئیرادەگەری ناسیونالیست هەر دەبینین.

گـووتاری مـانـەوە ئەوکـات لەبـەردەم سـتـراتـیـژی دوژمندا تێکدەشکێت و ڕەهەندە پچـوک و لاوازەکانی دەردەکەوێت کاتێک ئەتمۆسـفیرێکی سیاسـی ئەوتۆ سەهەڵدەدات کە ژیانی هەموو کـوردێک پابەنددەبێت بە بەشـداریکردنیـەوە لە مـەرگی ئـەوانی دیکـەدا و خـودی گـووتاری مـانەوەش دێت وشـەرعـیـیـەتدەداتە ئەو بەشـداریکردنە. هـەرەسی گـووتاری مـانـەوە لەوەدا بەرجـەستـەدەبێت کە سـەرەکیترین گووتاری ناسیۆنالیزمی کوردییـە، بەڵام ناتوانێت لەبەردەم مـەترسـییـەکانـدا، نەبێتـە پارێزەری ڕوبەرە پچوک و بەرتەسکەکان و ناتوانێت دەسـتبـەرداری ڕەهەندە نەتەوەییەکانی نەبێت. یەکێ لە سیفەتە سەرەکییەکانی هەموو ناسیونالیزمێکی کامڵ دروسـتکردنی ڕەمزی دەسـتەجـەمعییـە بۆ سەرتاپای نەتەوە و بۆ سەرتاپای قۆناغەکان، بەڵام کاتێک ناسیونالیزمی کورد نووشستی دەهێنێت لە گۆڕینی ئەنفالدا بۆ بابەتێکی نەتەوەیی و ڕەمزێکی سەرتاسـەری، کە ئەنفال دێت و کـاریگەریەک لەسـەر سیسـتمی ناوەوەی کۆمـەڵگای کـورد جێنـاهێڵـێت، کـە هـەسـتێکی سـەرتـاسـەری و هـاوبەش دروسـتـناکـات لە نێـوان پارچە

جیاوازجیاوازەکانی ئەم نەتەوەیەدا، لێرەدا لە هەرجێگایەکی دیکە زیاتر نووشوستی ناسیۆنالیزمی کوردی بەرجەستەدەبێت. ئاشکراشە کە ڕاپەڕین نەیتوانی ئەو جەستەیەی بەعس هەلاهەلایکرد، جارێکی دی لەیەک نزیکبکاتەوە، نەیتوانی لێکدابڕانەکان بخاتەوە دۆخی جارانی، ئەنفال تاکە فورسەت بوو لەبەردەم ناسیونالیزمی کوردیدا تا کارەسات بگۆڕێتە سەر هەوێنی دروستکردنەوەی هاودەردییەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەربڵاو، بەڵام کاتێک حیزبە ناسیونالیستەکان ئەنفال ناکەنە ئەو هەوێنە مەعنەوییەی کە دەشیا هەمووومان لەدەوری یەکمانبگرتایەتەوە، ئەمە تەنیا کەمتەرخەمییەکی لاوەکی و تێپەڕ نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە قسەکردن لەسەر ئەنفال بەناچاری قسەکردنیشە لەسەر ستراتیژی پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردی، بێدەنگبوونیش لە ئەنفال بێدەنگییە لەو ستراتیژیەتانە. ناسیونالیزمی کوردی نایەوێت لاپەڕەکانی مێژووی خۆی هەڵبداتەوە، چونکە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە مانای گەڕانە بەدوای سیاسەتێکی نوێدا بەرامبەر دوژمنان، مانای پشکنینی ڕێگایە بۆ وەدیهێنانی هەستێکی نەتەوەیی گەورەتر لە هەستی ئینتمابۆ حیزب، مانای هەڵسەنگاندنی مێژووی حیزبەکان بە خودی دروشمەکانی ناسیونالیزم، مانای جیاکردنەوەی ئەندام و شەڕکەرەکان لە سیستمی وەلائی حیزب و خێڵەوە بۆ سیستمێکی دیکە کە تیایدا هاودەردی لەگەڵ نەتەوەدا لە هاودەردی لەگەڵ مان و نەمانی حیزبدا گەورەتربێت. حیزبی کوردی بە درێژایی مێژووی خۆی، پێماندەڵێت کە مانەوەی ئەو لە هەمانکاتدا مانەوەی نەتەوەشە کە ئەویش نەما ئەوا کوردیش نامێنێت، بەڵام ئەنفال ئەو پێوەرە گەورەیەیە کە ئیفلاسی دروشمە سیاسییەکانی ئەم ناسیونالیزمە حیزبییە ئاشکرادەکات، کاتێک دەبینین حیزبە کوردییەکان لەوە شەرمنترن هەتا داوای ئێسقانی قوربانییەکانی نەتەوە بکەن.

کە ناسیونالیزم لە دۆخی پاشەکشەدابێت لە ستراتیژە گەورەکانی خۆی، ئیدی ناچارە پێبنێت، بەسەر ئێسقانی قوربانییەکاندا. کاتێک ناسیونالیزمی ئێمەش دەکەوێتە دۆخی دەستبەرداربوون لە ماڤی زیندووەکان، بە دڵنیاییەوە لە هەمانکاتدا، دەکەوێتە دۆخی فەرامۆشکردنی ماڤی مردووەکانیش. کاتێک ئارەزوویەکی نامێنێت باس لە ئازادی بکات بۆ زیندووەکان، لەهەمان کاتدا ئارەزوویەکیشی نامێنێت باس لە مانای مردووەکان بکات.

ئەنفال تەنیا لەوکاتەدا ماڤی ڕاستەقینەی خۆی پێدەدرێت، کە بزاوتی ناسیونالیزمی کوردی هێزێک بەرهەمبهێنێت لەدەرەوەی حیسابە بەرتەسکەکانی سیاسەتی ئەمڕۆ یان سبەی، ئازارەکانی کورد بەسەرەتای ئەو مافە بزانێت کە ناکرێت ببێتە بابەتی دانوستان.

ناسیونالیزمێک کە ناتوانێت ناسیونالیزم بێت و ناتوانێت لەترسی ئەو سیاسەتە ئیقلیمییەی کە تا بینەقاقا خۆی تیانوقمکردووە، دروشمەکانی خۆی بەرزبکاتەوە، ناتوانێت

باس لە ئەنفالیش بکات، چونکە ئەنفال ئەو بابەتەیە کە دەمانباتە سەر گۆڕینی هەموو ئەخلاقیاتی سیاسی. ئەوەی ترسی هەبێت لەبەرزکردنەوەی دروشمەکانی خۆی، بە دڵنیاییەوە ناتوانێت قسە لە مانای قوربانییەکانی خۆشی بکات. واتە بێدەنگی لە ئەنفال بە دیوێکدا بێدەنگی ناسیونالیزمێکی ترسنۆکە، کە نایەوێت ئەنفال بخەینە بەر باس تا لە دەرەنجامە گەورەکانی خۆی بپارێزێت. لەم ساتەدا هیچ گروپێکی کوردی جورئەتی ئەوەی نییە کە تەحەمولی دەرەنجامە سیاسییەکانی ئەنفالبکات. چونکە جەوهەری هەر سیاسەتێکی ڕاستەقینەی کوردیانە دوای ئەنفال، دەبێت گواستنەوەبێت لە پاراستنی گروپ و تاک و بوارە لۆکاڵەکانەوە بۆ پاراستنی سەرجەمی قەوارەی نەتەوەیی ئێمە.

**دوا ووشە**

گومانی تیا نییە کە لەدوای ئەنفالەوە واقیعی سیاسی عێراقی و کوردیش بە ناشیرینترین قۆناغیدا دەڕوات، سیفەتە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە، تەنیا جەنگ و پێکدادانی سەربازی نییە، بەڵکو ئەو فەسادە گەورەیەیە کە هەموو ئاستەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەی گرتۆتەوە. ئەنفال سەلماندی کە ئێمە کۆمەڵگایەکین پێناسەیەکمان نییە بۆ پیاوچاک و دڕندە، پێناسەیەکمان نییە بۆ مرۆڤدۆستی و بەربەرییەت، پیاوکوژ لە وڵاتی ئێمەدا دەتوانێت بە ئاسانی هەر ئایدۆلۆژیاو ئینتمایەکی سیاسی بوێت بیکات بە پەردە، چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە پێناسەیەکی سیاسی و ئەخلاقی و قانونیمان نییە بۆ پیاوکوژ. کۆمەڵگای ئێمە تا ئەمڕۆ جیددی نییە لە گەڕانیدا بۆ پێناسەی تاوان، تەمومژێکی گەورە مانای تاوان و تاوانکارانی داپۆشیوە، ئەم تەمتومانە بێسنورە، بۆتە تەمتومانێکی ترسناک لەدەوری مانای هەموو شتەکانی دیکە، بۆتە ئاڵۆزی لەدەوری مانای پاکی و پیسی، جوانی و دزێوی، دادپەروەری و درۆ. من پێموایە هەر کۆمەڵگایەک لەدوای کارەساتێکی وەکو ئەنفال، گەر بێت و قیامەتێکی ئەخلاقی لە خۆیدا بەرپانەکات، مانای هەموو ئەو فەرهەنگەی کە هەیەتی، مانای هەموو ئەو ووشانەی کە بەکاریاندەهێنێت دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر کۆمەڵگایەک بتوانێت لە دوای کارەساتێکی وا بە ئارامی سەربخاتە سەر سەرین و بخەوێت، ئەوا لە پشت هەموو دەنگێکەوە لە دەنگەکان، لە پشت هەموو گووتەیەک و نووسراوێکەوە، شتێکی دیکە دەشارێتەوە.

لەم دە ساڵەی دواییدا تاوانی ئەنفال ئەو شا تاوانەیە کە بۆتە چەتری تاوانە پچوکەکان، هیچ درۆیەک نییە لەم دەساڵەدا کرابێت و ڕیشەکەی بە جۆرێک لە جۆرەکان نەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگی لە ئەنفال، بێدەنگی دەرهەق بە ئەنفال هێزێکی ئەفسانەیی بەخشی بە سیاسییەکان،

تا بتوانن هەموو ڕاستییەکی دیکە بشارنەوە، هەموو گوناهێک چەندە گەورەبێت مەکیاجیبکەن، هەموو شتێک چەندە بەبەهابێت بێمانایبکەن، هەموو جوانییەک چەندە نازدار بێت بیکوژن...فەرامۆشکردنی ئەنفال، پیاوێکی لە واقعی ئێمەدا جێهێشتووە کە مێژوو بە کایەی تاڵانییەکی گەورە دەزانێت، پیاوێک کە لە بنەڕەتدا لێپرسراوێتی نییە بەرامبەر ئەو شتانەی کە لە چوار دەوری ڕوودەدەن، لێرەوە لەباربردنی ڕاپەڕین جگە لە درێژکراوەیەکی گەورەی ئەنفال زیاتر هیچی تر نییە، چونکە ئەستەمە کەس بتوانیت لە ئەنفال بێدەنگ بێت و دواتر زمانێک بدۆزیتەوە داوای مافەکانی نەتەوەی پێبکات، شەڕی ناوخۆ کە بەهەڵە بەشەڕی خودکوژی ناودەبرێت، جگە لە شەڕی بێباکی و کەمتەرخەمی پیاوانێک زیاتر هیچی تر نییە کە دڵنیان کە سیاسەت بۆتە گەمەیەکی بێئەندازە ئازاد، لە دوای ئەنفالەوە سیاسییەکانی ئێمە تێگەیشتن کە سیاسەت یارییەکە لەسەر هیچ دەستورێک ناڕوات، ئەو دەستورە نەبێت کە ئەوان وێنایدەکەن.

بێدەنگی لە ئەنفال، بێدەنگییە لەو گەمەیەش کە تیایدا لە نێوان جەلاد و قوربانییدا ڕێگایەکی سێهەم نییە. هەرلێرەشەوە مافێکی سروشتی و مرۆڤانەی خۆمانە کە لەگەڵ هەموو ئەو کولتوورو دنیایەدا نە گونجێین کە ئەنفالی سازکردوە، ئەو فەرهەنگەمان قەبوڵنەبێت کە ئەنفالی قبوڵکردوە، ئەو نەوانەش بخەینە ژێرگومان کە ئەنفال پرسیاری گەورەی تیا دروستنەکردن. بۆیە بەبێ پرۆژەیەکی گەورەی تازەگەریش دەربازبوون لە ڕۆژگاری ئەنفال نەک تەنیا ئەستەمە بەڵکو خەوێکی نەزۆکیشە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1-Franz Neumann, Behemoth-1997.S.272

٢ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل.٢٧٣

٣ ـ فرانز نۆیمان ئەم دیاردەیە بە «ئابووری فەرمان» ناودەنێت، لای نۆیمان تەوەرە گرنگەکانی ئەم جۆرە ئابوورییە لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە. آـ چالاکی ڕاستەوخۆی دەوڵەت لە کەرتی ئابوریدا. ب ـ چالاکی ئابوری حیزب. ج ـ کۆنترۆڵکردنی نرخ. د ـ کۆنترۆڵکردنی پارەوەگەڕخستن «الاستثمار» و قازانج. ه ـ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی دەرەوە. وـ کۆنترۆڵکردنی کار. «ه. س. پ ٣٤٨». ئاشکرایە ئەم سیفەتانە بە ئاشکرا لە ستراکتوری بەعسیشدا هەیە.

4- Elias Canetti - Masse und Macht.1980. S.357

5 - Behemoth. S .115.

٦ـ لە کتێبی ناوبراودا « پەراوێزی ٤ » کانیتی بە وردی باس لەوە دەکات کە وەستان، دانیشتن، شانددان، نووشتانەوە، ئەژنۆدادان، دوورو نزیکی لە خەڵک، فەزای دەوروبەر، ئاراستەکردن، ڕێکخستنی کات، لە جەوهەری ئەو سیستمە پڕ لە ماناو ئاماژەیەدایە کە دەسەڵات پێویستی پێیەتی بۆ مەزنی خۆی. دەکرێت ئەم سیفەتانە وەکو کەتەلۆگێکی سەرەتایی سەیربکەین بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی سیمیائیانە بۆ ڕەفتارەکانی سەدام حوسەین. «هـ. س.پ. ل ٤٥٩ تا ل٤٨٤»

٧ ـ بەخشینی سیفەتی خودایانە بەسەرۆک یان پادشاکان، سیفەتێکی کۆنی دەسەڵاتە، فرانز نۆیمان کە باس لە کانگاکانی ئەم دیاردەی سەرۆک ـ خوداییە دەکات، دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە تۆتالیتارییە ئەوروپییەکاندا دەگێڕێتەوە بۆ ڕیشە خۆرهەڵاتییەکانی و دەڵێت : «ئەسکەندەری گەورە ئەو وێنە خۆرهەڵاتییەی سەرۆکی بۆ ئەوروپا گواستۆتەوە»« بڕوانە ، فرانز نۆیمان ل ١٢٦»، ڕەنگە ئەم بۆچوونە زەمینەیەکی باش بێت تا مێژووی سەرۆک ـ خودایی سەدام حوسەین هەر لە کولتووری عێراقی و خۆرهەڵاتی کۆندا بدۆزینەوە.

8 -Erich cramer, Hitlers Antisemitismus und die Frankfurter Schule, S. 29

9,10,11,12 - Behemoth. S.144, 147,76,77.

13 - George Orwelle, Imm Innern des wals. S.25

14 - Hermann. L.Gremliza. Literatur - Nr.22 .1997 -1998.

15 - Nationalsozialismus und Moderne. S.243.

16 - Stefan Heym, Gesammelte Erzählungen. S. 136

# دەوڵەتی هەرزەکار و ئایدۆلۆژیای قەیران

## هۆشەنگی وەزیری

ئەوەی ســـەیری هەردووبەری نەخـــشـــەی ســـیـاسی عـێـراق بکات، بەری دەوڵەت و بەری ئۆپۆزیسێۆن و بیەوێت لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ لە بەرز و نزمییەکانی ئەم نەخشەیە بکۆڵێتەوە، بێگومان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری زۆر گەورە دەبێتەوە، کە پتر لە هەر شتێک لاسەنگبوونی مەفهومی دەوڵەت لە عێراقدا دەیوروژێنێت، بەتایبەت دوای ئەو هەموو قەیرانە یەک لەدوای یەکەی کە زەبری توندی لە بنەما سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دەوڵەتە وەشاند. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ، لەم قەیرانە نێودەوڵەتیەدا، عێراق نوشوستیهێناوە؟ واتە ئاخۆ عێراق وەکو دەوڵەت کەوتۆتە ناو جوگرافیای «نا- دەوڵەت»ـەوە، دوای ئەوەی کە ڕاست و چەپ، سەرتاپای جەستەی ئەم قەوارە سیاسییە لەسەر نەزمی هێڵە پان و درێژەکان دیاریکراوە، دەسەڵاتی ناوەند لە زۆربەی شوێنەکاندا تا ڕادەیەکی بەرچاو لاوازبووە، ئەمە جگە لە گەشت و سەیرانی جەنراڵەکانی تورک و سوپاکانیان، یان سەردانی جارەجارەی پاسدارانی ئێرانیش. ئاشکرایە کە عێراق کەوتۆتە قۆناغێکی نازکی مێژووە قەیراناویەکەی، کە تیایدا دەکرێت باس لە تەماهیبوونێکی قووڵ بکەین لە نێوان جەستە جیۆسیاسیە پارچەپارچەکەی «بەو مانایەی کە هەموو کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت، لە سیاسەت، ئابوری و کۆمەڵگا، لە بەر ڕەشەبای کەوتن و پارەپارە بووندان» لەگەڵ چەمکی قەیراندا وەکو سیستمێکی دیاریکراوی هەڵوەشان و لەیەکدی ترازان.

تەماهیکردنی پێکهاتی دەوڵەت لەگەڵ قەیراندا، دیاردەیەکە کە بە دڵنیاییەوە زادەی ئەم ساتە وەختە نییە، کە ئاشکرایە بۆتە شاساتی قەیران، بەو مانایەی کە تەنیا میکانیزمەکانی قەیران، جڵەوی بونیادی دەوڵەت و ئۆپۆزیسێۆن و سروشتی بزاوت و بیرکردنەوەیان دەکات، بەڵکو ڕەگوڕیشە مێژووییەکەی ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ کۆی مێژووی سیاسی لە عێراقی نوێ و هاوچەرخدا، بە تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزرانی دەوڵەتی نوێی عێراقی و ئەو سیاسەتانەی کە دواتر حکومەتە یەک لە دوایەکەکان گرتویانەتە بەر.

گەر ئاوڕ لە مێژووی نوێی عێراق بدەینەوەو تەماشایەکی خێرای ڕەوتی گەشە پڕ لە خوێنەکەی بکەین، ئەوا دەبینین کە سروشتی ڕوداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و شێوەی ئەو

ئاڵوگۆڕە خێراخێرا سەربازی و سیاسیانە کە ڕوویداوە، بەڵگەیەکی بێهاوتایە کە هەر لەسەرەتاوە قەیران جڵەوی مێژووی ئەم دەوڵەتەو گەشە پێچاوپێچەکەی کردووە. لەو کاتەوەی کە ناوچەکەی ئێمە وەکو هەویرێک پەنجەی سوپا سەرفرازەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەکەم یاری پێدەکرد، لەو کاتەوەی کە سوفرەی دابەشکردنی جوگرافی ڕاخرا، ئیدی دەوڵەتی عێراق ئارامی سیاسی بەخۆیەوە نەبینی و کەوتە گێژەنی ئاڵوگۆڕە خێراخێراکانی دونیای سیاسەت و ئایدۆلۆژیاوە، ئیدی لەو کاتەوە ڕەشەبای قەیرانە ناوەکی و دەرەکییەکان یاری بە کۆڵەکە لەرزۆکەکانی ئەم دەوڵەتە دەکەن، بە ئەندازەیەک دەتوانین بڵێین کە قەیران بۆتە بناغەی ئایدۆلۆژیانەی سیاسەتی دەوڵەت و پەیوەندییە فرەجەمسەرەکانی. قەیرانەکانی ناوەوە لەسەر شێوەی ڕاپەڕینە یەک لە دوای یەکەکانی خەلک و بزاوتە میللیە گەورە و سەرتا سەرییەکاندا دەرکەوت دژی داگیرکەرانی ئینگلیز و حوکمی پاشایەتی، « مەلیک غازی لە ساڵی ١٩٣٦دا کوژرا، کوڕەکەشی فەیسەڵی دووەم و خێزانەکەی لە ساڵی ١٩٥٨دا لە ساتێکی هیستریادا بەدەستی یەکێ لە ئەفسەرەکان کوژران. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لیژنەیەک لە ئەفسەرە ئازادەکان خەریکی گفتوگۆ بوون لەسەر چارەنووسی و دەیانوویست وەکو مەلیک فاروق دوای شۆڕشی یۆلیۆ بینێرنە دەرەوە، شایەنی باسە کە ئەو ئەفسەرە پاش ماوەیەک بەهۆی پەرکەم و هەرەسی دەروونییەوە، خودکوژی کرد». مێژووی عێراقیش پڕە لە کۆدێتا « کە لە فەرهەنگی جەنراڵەکاندابە شۆڕش ناوزەددەکرا، لەم پەنجا ساڵەی دوایدا عەبدولکەریم قاسم یەکەمین کۆدیتایانی بە ناوی شۆڕشی چواردەی تەموزەوە ڕاگەیاند و دواتریش ساڵانی شەست ساڵی ڕستێک کۆدێتای یەک لە دوای یەکە تادەگەینە سەر وەلاوە خستنە ئارام و سپییەکەی سەدام حوسەین بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی١٩٧٩دا. ئەمە جگە لە جەنگی کورد و نائارامی بەردەوامی ناوچە شیعییەکان.

ئەوەی لێرەدا شایستەی ئاماژەپێدانە، ئەوەیە کە ئەمڕۆ قەیران لە ڕووبەرە پچوک و پانتاییە سنوردارەکانی خۆیەوە گواستویتییەوە بۆ کۆمەڵێک چەمکی گشتی و چەند ڕووبەرێکی فراوانتر و کاریگەری لەسەر دەرەنجامی سەرتاپاگیرتر هەیە. ئەوەی لەم دەرفەتەدا تیشکی دەهاوینە سەر ئەو قەیرانەیە کە تێڕوانینی سەدام حوسەین بۆ دەسەڵات و سیاسەت و ئیدارەکردنی دەوڵەت دروستیکردووە.

دەکرێت کە قەیرانەکانی عێراق پێش سەدام حوسەین پتر بە قەیرانی دەسەڵات بشوبهێنین، کە هەمیشە ململانێکانی لە نێوان دوو پۆلی سەرەکیدا ڕوویدەدا، سیاسیەکان لە لایەک و عەسکەر لە لایەکی دی، یاخود لە نێوان عەسکەر و عەسکەردا بوو، واتە ململانێکە لەدەوری دەسەلات و کورسی فەرمانڕەواییدا بوو. دەبێت بشلێین کە ئەگەرچی ئەم کۆدیتاو گۆڕانکارییە

خێراخێرایانە کاریان لەسەر دۆخی دەوڵەت هەبوو، بەڵام کاریگەری ئەم ململانێیانە بە قووڵی نەدەکشایە ناو پێکهاتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکە و لەسەر ئاستی جەماوەریش تراژیدیای زۆر ترسناکی نەدەخستەوە، واتە ئەگەرچی گەمەی کۆدیتا یەک لە دوای یەکەکان قەیرانێکی بۆ شوناسی سیاسی دەوڵەت دروستکردبوو، بەڵام دەوڵەت لە عێراقدا هێشتابڕێک ئارامی کۆمەڵایەتی و ئابوری بە خۆیەوە دەبینی. وەلێ کاتێک سەدام حوسەین هاتە سەرکار، قەیرانەکە لە قەیرانی دەسەڵاتەوە بووە قەیرانی جوگرافیای دەوڵەت و جەستەی دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا تووشی گەشەو ئاوسانێکی گەورە هات.

ئەم جۆرە قەیرانە نوێیە زیاتر چاوی لەسەر جوگرافیای دەرەوەی سنوری دەوڵەت بوو، هەر بۆیە دەبایە لەدەرەوەڕا بۆ مەیدانی تایبەتی بگەڕابایە بۆ کارکردن و ئاگرکردنەوە. بەم شێوەیە حکومەتەکەی سەدام کەوتە سیاسەتی هەڵشاخان بە وولاتانی دراوسێدا و کەوتە تاوانبارکردنی هەموو گەلانی دراوسێ کە گوایە یەکێکیان هەوڵی سازکردنی کۆدێتای داوە و ئەوی دیکەیان شۆڕشەکەی خۆی بۆ عێراق ڕەوانەدەکات و تەماحی لە خاکی عێراقە...هتد. هەموو ئەو هەوڵانەش دەڕژانە خانەی تەقەلاکردنەوە بۆ دورخستنەوەی قەیرانەکان لە ناو ماڵەوە بۆ ئەودیو سنور، تا لەو ڕێگایەوە دەرگاکان لە ڕووی سوپادا داخات، نەبا درێژەبدەنە گەمە شیرینەکەی خۆیان، گەمەی کۆدێتا بەسەر کۆدێتادا. بۆ ئەم سیاسەتەش جەنگ لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە باشترین پەردەپۆشی بوو. دیارە سەدام بۆ ئەوەی جەنگیش بکات دەبایە سوپایەکی بەهێز و کۆمەڵێک دەزگای گەورەی جەنگیی هەبێت کە لە دواجاریشدا دەبایە سەری هەموو داوەکان لەدەستی سەدام خۆیدا کۆتایی پێ بهاتایە. سەدام بۆ جێبەجێکردنی ئەو نیازە بڕی هەرە گەورەی سامانی عێراقی خستە خزمەتی کڕینی چەک و تەقەمەنییەوە و بە زۆر و بە خۆویست دەستیکرد بە هێرشێکی گەورەی سەربازگیری لە ڕیزی خەلکی عێراقدا، لە کاتی شەڕی کەنداودا ژمارەی سەربازەکان لە عێراقدا گەیشتە نزیکی ملیۆنێک کەس. دیارە ئەم پرۆسەی سەربازگیرییە، ئاسەواری گەلەک ترسناکی لەسەر کۆمەڵگای عێراقی جێهێشت و کردییە کۆمەڵگایەکی ڕاچەنیو کە بەردەوام لە حاڵەتی ئامادەباشدابێت و تاکەکانی هەمیشە بە جۆرێکی ئینفعالی ڕەفتاربکەن. لێرەوە عێراق لە دەوڵەتێکی دەسەڵات شپرزەوە بووە دەوڵەتێک کە جوگرافیایەکی ناجێگیر و دەستگایەکی سەربازی هەڵاوساوی هەیە، قەیرانیش لەم دەوڵەتەدا بووە پێداویستییەکی ستراتیژی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەت و خەلک و پەیوەندیە دیبلۆماسییەکانی دەرەوەدا.

بەمجۆرە قەیران لە ڕۆژگاری سەدام حوسەیندا، سروشتێکی جیای بە خۆیەوەگرت لە چاو قەیرانەکانی دیکەدا. لێرەدا چۆنێتی قەیران و هەڵگیرسانی و ئاڕاستەی و شوێنی، گۆڕانی

بەسەرداهات، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر قەیرانەکانی ئەم قوناغە، دەرەنجامی ترسناکی لەسەر پێکهاتی کۆمەڵایەتی هەبوو، قەیران لەم قۆناغەدا خۆی ڕێکدەخات، ڕیشەدادەکوتێت، گوتاری تایبەتی خۆی دەبێت، دەزگا و ئامێری تایبەتی دروستدەکات کە ئەختەبووت ئاسا پەلدەکووتنە ناو هەناوی جەستەی عێراقییەوە. گوتاری قەیران لێرەدا دوو ئاستی جیاواز و ناکۆک لە خۆدەگرێت، لەلایەکەوە ئەم گوتارە بە ئاستە رووکەشەکەیدا ووتەزای «دەروازەی خۆرهەڵات» دەکاتە بنەمای سەرەکی بۆ خۆدەرخستن و کەوتنەڕوو، دژایەتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و چاوچنۆکی ناسیونالیزمی فارسی و پاراستنی عروبە و ناسیونالیزمی عەرەبی دەکاتە دروشم. ئاستەکەی تریش ئاستێکی شاردراوە و جەوهەریترە، کە پابەندە بە خواستی ڕژیمی عێراقییەوە بۆ بینینی ڕۆلی پۆلیسی ناوچەکە بە مەبەستی پاراستنی قازانجەکانی خۆرئاوا، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی کە جەنگی دژی ئەمریکا و شەیتانە پچکۆلەکانی تر ڕاگەیاندبوو. بە ڕادەیەک کە ماوەیەک لەوەوبەر تاریق عەزیز لە دانیشتنێکدا لەگەڵ بێکەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکای جاران گووتی: « کە عێراقییەکان هەشت ساڵ لە بری لاوانی ئەمریکا شەڕیان لەگەڵ ئێراندا کرد»

ئەگەرچی ئەم گوتارە بە هەموو دیوێکدا ناکۆکە، لەلایەک ئاڕاستەی هەستی ناسیونالیزمی عەرەبی دەکرێت و لەلایەکی تر ئاڕاستەی ئەمریکا دەکرێت، بەڵام هەر دوو جەمسەرە جیاوازەکە لە یەک خاڵدا یەکدەگرنەوە کە دواجار مەبەستی سەرەکی لەم گووتارە قایمکردنی ئەرکانەکانی دەوڵەتی مەرکەزییە. سەدام لەسەرەتاوە خەیاڵی سەرۆکایەتی عەرەبی لەسەری خۆیدا پەروەردەدەکرد، هەڵبەت ئەو هەستە بەربڵاوەی شکست و نەبوونی پاڵەوانی فریادەرەس و ڕزگارکەر بۆ جەماوەری عەرەب یارمەتییەکی گەورەی سەدامی دا، بە تایبەت ئەو کولتوورە غەیبییەی ئەو جەماوەرە پشتی پێدەبەستێت، بەردەوام پێویستی بەو جۆرە قارەمان و فریادەرەسە غەیبیانە هەیە، کە بتوانن ئیسرائیل فڕێبدەنە دەریاوە. گوتاری ئایدۆلۆژی سیستمی عێراقیش، گوتارێکی حەماسی بوو ئاڕاستەی ئاستە حسییەکانی مرۆڤی عەرەبی دەکرا، بۆ وروژاندنی هەستی دەستەجەمعی و زیندووکردنەوەی ڕەمزە ئەفسانەییە خەوتووەکانی ناو یادەوەری ئەو فەردانە کاریدەکرد.

لە پێناوی دروستکردنی ئەو قارەمانە عەرەبییە وونەدا، وە بۆ داڕشتنی گوتارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی ئەوتۆ کە لەگەڵ ڕەهەندەکانی قەیراندا بگونجێت، دەبایە سەدام هەموو ڕێگرە گەورەکانی بەردەم ئەم گووتارە بسڕێتەوەو. سەرەتا سەدام لە ناو خودی حیزبەکەیەوە دەستیپێکرد و ژمارەیەکی گەورە لە بەرپرسیارانی حیزبی بە تۆمەتی نۆکەری بۆ سوریا

پاککردەوە، پێشتریش قەسابخانەیەکی گەورەی بۆ کۆمۆنیستەکان سازکردبوو کە لە ساڵی ١٩٧٣وە لەگەڵ بەعسدا چووبوونە ناو بەرەیەکی سەرتاسەرییەوە و دواتر هێدی هێدی بەعس بارەگاکانی گۆڕیبون بۆ جۆرە بنکەیەکی دیکەی حیزبی بەعس، بەر لەمانەش سەدام شەڕێکی ماڵوێرانکەری دژی کورد سازکردبوو، لەگەڵ سەرەتای دژایەتیکردنی ئێرانیشدا کەوتە جەنگەوە دژی شیعەکان و بە هەزارەهایانی گرت و لە هەموو سەروەت و سامانێک رووتیکردنەوەو فڕێیدانە ئەو دیو سنورەکانەوە بە بەهانەی ئەوەی کە ئەسڵیان ئێرانییە، دیارە ئەمەش بە ئامانجی دارشتنی گوتارێکی ناسیونالیستیانەی بێگەردی عەرەبی بوو، کە لە هەندێک رووەوە هاوشێوەی گوتاری کەمالیانەیە لە تورکیا. ئەم پاکسازیانە بە پلەی یەکەم شوناسی کوردی، شیعی، کۆمۆنیستی گرتەوە کە هەر سێکیان بە سێ پۆلی دژی گوتاری عەرەبی، سونی، بەعسی سەیردەکران، ئەم دژایەتیەش لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی و لەسەر ئاستی نەتەوەیی و مەزهەبیش، غەزەلێکی سووک و کاڵوکرچ بوو بۆ هەستی بریندراری فەردی سادەی عەرەبی، کە لەم گوتارەدا گەڕانەوەیەکی دەبینی بۆ شکۆی سەردەمانی جیهاد دژی سەلیبیەت. بەعس لە سەرەتاوە چەمکە ناسیوناليستییەکانی ئەم گوتارەی گەیاندە سنوری فاشییەت و تۆتالیتارییەت، سەرەتای ساڵانی هەشتا ئەم گووتارە ناسیۆنالیستییە کەفکردووە، تا ئەندازەیەکی بێمانا هەڵاوسانی بە خۆیەوە بینی، کاتێک یەکەم: بەر شوناسی ناسیونالیستی فارسیانە کەوت، دووەم: کاتێک میسر دوای کامپ دیفید سەرکردایەتی و ناوەندێتی دونیای عەرەبی لەدەست دا و بنکەی کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە قاهیرە گوازرایەوە. لەم هەلومەرجەدا سەدام هەموو گەنجینەکانی کولتووری ئیسلامی هێنایەوە دەرەوەو کردیە خۆراکی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی، بە ئومێدی بوونە سەنتەر و بەدەستخستنی پێشینەیی لە دونیای عەرەبدا. رژێم لەم گەمەیەدا ناوگەلێکی وەکو قەعقاع و سەعدی کوڕی وەقاز وخالیدی کوڕی وەلید و حامورابی و نەبوخوز نەسری زیندووکردەوە بە مەبەستی ئەوەی تەماهییەک لە شوناسدا دروستبکات لە نێوان ئەوان و سەدام حوسەیندا کە دژی مەجوسەکان شەڕدەکات. ناسیونالیستە عەرەبەکانیش بەغدادیان وەکو دڵی عروبە و سەدامیان وەکو سەرکردەکەی تەماشادەکرد، میدیای دەوڵەتەکانی کەنداویش لە ترسی ئێران بایاندایە سەر گوتنەوەی هەمان ئاواز.

ئەم وەهمە خاڵی سەرەتاو کۆتایی ئەو قەیرانە گەورانەیە کە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو بیست ساڵەی رابوردوودا هەژاند، ئەمە جگە لەوەی کە دەزگا زەبەلاحەکانی دەوڵەت کەوتنە دروستکردنی تەماهییەکی گەورە لە نێوان «دیکتاتۆر و نیشتمان»دا، لە پێناوی تێپەڕاندنی ئەو ڕستە درێوەی کە دەڵێت «ئەگەر سەدام گووتی، مانای عێراق گوتوویەتی».

ئاشکراشە دەرەنجامەکانی ئەم سیاسەتە مێژوویەکی ڕەشە لە کوشتن و تیرۆری گەورە دژی کورد و ئەنفالکراوەکانی، دژی شیعە و شوناسە دانپیانەنراوەکەیدا، وە دژی پێکهاتی ئابوری و بنەماکانی.

ئەگەر بە قووڵیش لەم گووتارە بڕوانین دەبینین لە ناوەوە یەک جەمسەر کۆنترۆڵیدەکات کە بەرهەمی عەقڵیەتێکی هەرزەکارانەیەو دوا مەبەستی ئەوەیە کە ناوەندێکی ئەبەدی و نەگۆڕ دروستبکات کە لە کەسی سەدام حوسەیندا کۆدەبێتەوە و ئەرکیشی ئەوەیە کە ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پارسەنگی هێزەکان بپارێزێت، گومانیشی تیا نییە کە زۆر هۆکاری ناوەوە و ئیقلیمی، بەتایبەتیش بونیادی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بواری بۆ دروستبونی ئەم گوتارە خۆشکردووە کە خۆرئاوا لە ساڵانی شەڕی عێراق ـ ئێراندا بە گەورەیی پیادەیانکرد و گوتیانەوە، دیارە ڕاگرتنی سەدام حوسەین وەکو تاکە کەسێک کە دەتوانێت پێشڕەوی شۆڕشی ئێرانی ڕابگرێت، کۆمەکی خۆرئاوای بۆ سەدام دژی ئێران مسۆگەرکرد، کە دواتر بە هەوکردنێکی گەورەی خودی سەدام حوسەین دواییهات، لە دوای شەڕی دووەمی کەنداویش، مەترسی دابەشدابەشبوونی عێراق و هاتنە سەرکاری ئۆپۆزیسیۆنێکی پارچەپارچە وایکرد سەدام حوسەین جارێکی تر تاکە کەس بێت گەمەکە ڕابگرێت، ئەوەبوو لێپرسراوێکی ئەمریکی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق ڕاستەوخۆ گووتی «شەیتانێک کە دەیناسین، بۆ ئێمە چاکترە لە فریشتەیەک کە نایناسین».

ئەمەیە جەوهەری ئەو سیاسەتە نوقستانەی کە هیچ کامڵییەکی عەقڵانی تیانییە. هەر گوتاری ئەم قەیرانە یەک لەدوای یەکانەشە کە ئەمڕۆ عێراقی گەیاندۆتە دۆخی «نا ـ دەوڵەت» و سەروەری سیاسی زامدارکردووەو جەوهەری سیاسەتی دەرەوەشی پوچکردۆتەوە، ئەو سیاسەتی سازکردنی قەیرانەی کە دەوڵەتی عێراق لە ماوەی دەسەڵاتی سەدامدا گرتویەتییەبەر، بەڵگەیەکی گەورەیە کە دەزگاکانی ئەم دەوڵەتە هێشتا ناکامڵ و هەرزەکارن و نەگەیشتونەتە قۆناغی کامڵبوون.

# هونەر و «یادکردنەوە»

پێشەکییەک بۆ دوان لە پرۆژەی

«٥٠٠٠ پۆرترێت، ٥٠٠٠ شەهید»ی رێبوار سەعید

**رێبوار سیوەیلی***

بۆ شەماڵ عومەر، پێشکەشە...

**ماناکانی یادکردنەوە**

(١)

لەبەردەم هەمـوو پرۆژەیەکی هونەریدا بـۆ یادکردنەوەی «تراژیدیـا»، پرسـیارێک هـەیە دەبێت بیکەین: ئایا دەشـێت لـە رێگەی هـونەرەوە، یادی ئەو شـتـە بکەینەوە، یان ئەو شـتـە پیشـانبدەینەوە کەخۆی نادات بەدەست پیشـاندان و یادکردنەوەوە؟ بەمـانایەکی تر، ئایا هونەر دەتوانێت ببێتە پانتاییەک بۆ یادکردنەوەی تراژیدیایەک، کەتیایدا بە هەزاران مرۆڤ بوونەتە قووربانی و چیدی وەک مـرۆڤ لەئارادا نەمـاون؟ ئایا چ دەربڕینێکی هونەری دەتوانێت ببێتە پانتـاییـەک بۆ یادکردنـەوەی گیـانی شـەش ملیـۆن یـەهوودی و قـەرەچ و هۆمـۆسـێکسـیـواڵ و مەعلوول و کۆمۆنیست، کە لەلایەن نازییەکانەوە سـووتێنران وکووژران؟ یاخود چ بەرهەمێکی هونەری لەرێگەی زمـان و ئیمکانەکانی دەربڕینی خـۆیەوە دەتوانێت ملیـۆنان کـەس بهێنێتـەوە دەنگ، کـە بوونە قـوربانیی سـتـالینیزم؟ پاشـان کـامـە یادکردنەوە دەتـوانێت ببـێتـە دەربڕی تراژیدیای ئـەو هـەزاران کـوردانـەی لە ئەنفـال و هـەڵەبجـەو شـەڕی چـەکـداریدا، لـەلایەن بەعسیەکان و هێزە کوردییەکانەوە سەریانناوەتەوە؟

بەمـانایەکی دیکە، دەکرێت گومـانمان ئاراسـتـەی زمـان خـۆی بکەین و بپرسین: ئایا کـاتێک دەگوترێ «یادی تراژیدیای هەڵەبجە»، چی لەمانای وشەی یاد لەو رستەیەدا تێدەگەین؟

رەنگە نزیکترین مانـا بۆ ئەم وشەیە بریتیبێت لە بیرهێنانەوە و زیندووکردنەوەی رووداوێکی لەرابردوودا قـەومـاو، لە چوارچێـوەی ئیـمکانیـەتەکـانی «ئێـسـتـا»ی دەربڕیندا و بەپێی بەرێوەچوونی سـارمـۆنیـایەکی بڕیار لەسـەر دراو، کەئێمـە لە رێگەیەوە دەمـانەوێت سـووپاس و ئەمەگ و داوای لێبووردنی خۆمـان بە قووربانییـەکان رابگەیەنین. لێرەیشـەوە ناوەرۆکی وشـەی

«یاد»، جۆرێ لە بەردەوامیی وەردەگرێت. چونکە بۆی هەیە ڕووداوێک لەهەموو «ئێستا»یەکی ژیانی مرۆڤەکاندا بەپێی بەڕێوەچوونی سارمۆنیایەکی بڕیار لەسەر دراو؛ شایانی زیندووکردنەوە و یادکردنەوە بێت. یاخود دەشتوانین بڵێین، لەبەرئەوەی «ئێستا»ی ئێمە ناتوانێت بڕیاردەربێت لە «ئێستا»ی نەوەکانی داهاتوودا، ئەوە بۆی هەیە ئەو ڕووداوەی ئێمە بەشایانی زیندووکردنەوەی دەزانین، لە«ئێستای دواڕۆژ»یشدا، هەمان گرنگیی بۆخۆی بەدەستبهێنێت. چونکە لەڕاستیدا ئێمە ناتوانین لەجیاتی نەوەکانی داهاتوو داوای لێبووردن لە قوربانییەکان بکەین و پێزانینی خۆمان لەئاست ئەو ئەرکە پیرۆزەدا دەرببڕین کە ئەوان جێبەجێیانکرد. هەر نەوەیە بەناوی خۆیەوە ئەمکارە دەکات و بەشێوازی خۆی، پەیوەندیی لەگەڵ قوربانییەکاندا دادەمەزرێنێ.

کەواتە بەم مانایە، چەمکی یادکردنەوە ناتوانێت «دوا یادکردنەوە» بێت، یاخود دواهەمین داوای لێبووردنی ئێمە بێت لەئاست ئەوانەدا کە گیانی خۆیان بەختکرد.. چونکە هەموو یادکردنەوەیەک، هەموو زیندووکردنەوەی تراژیدیایەک، بەشێکیشە لەپرۆسەیەکی دووبارەکردنەوە، کە تیایدا ئێمەو قوربانیەکان ڕوو بەڕووی یەکتر دەبینەوە. بەڵام بۆچی هەر نەوەیە هەڵدەستێ بەم سارمۆنیایەو بەئەرکی خۆی دەزانێت لەگەڵ قوربانییەکاندا ڕووبەڕوو ببێتەوە؟ ئایا شتێکی زیاتر لەودیو ئەم یادکردنەوەوە هەیە، بێجگە لە جەختکردنەوەی ئێمە و ڕێزدانانمان بۆ ئەو شتەی نەوەکانی پێشتر تا ئاستی گیانفیدایی و خۆ بەقوربانیدان بەپیرییەوە چوون؟ بێگومان هیچ شتێکی ئەوتۆ نییەو تاقە هاندەرێک هەر ئەوەیە کە ئێمە لە ڕێگەی ئەو سارمۆنیایەوە بەمردووەکان بڵێین: سوپاس کە ئێوە گیانی خۆتان لەپێناوی ئامانجی هاوبەش و خاک و ژیانی ئێمەدا بەختکرد. ئێمە ئێوەمان لەیاد نەچووە و مەرگی ئێوە نەبۆتە هۆی مردنی ئێوە لە ژیانی ئێمەدا، بەڵکو مەرگی ئێوە هەمیشە لەژیانی ئێمەدا ئامادەیە و ئێمەش ئامادەین لەپێناوی بەرزیی کارەکەی ئێوەدا، بەردەوامبین لە خەباتکردن.

بەم پێیەش یادکردنەوە جۆرێک لە بەردەوامیی دەسەپێنێ، واتە ئێمە بەردەوام ئەبێ یادبکەینەوە تا هەستنەکەین بۆ دواجار داوای لێبووردنمان کردووە و بۆ یەکجارەکی قەرزی قوربانیەکانمان داوەتەوە. چونکە ئەم هەستکردنە هەنگاوی یەکەمە بۆ پسانی پەیوەندی لەنێوان ئێمەو مردووەکاندا، لەنێوان ژیانی ئێمە و ناوەڕۆکەکەیدا کە بە مەرگی ئەوان پڕ دەبێتەوە...

(٢)

ئایا ڕۆڵی هونەر بەگشتی و هونەری شێوەکاری بەتایبەتی، لەبەردەم ئەم سارمۆنیای دووبارەکردنەوەیەدا چییە؟ پێش ئەوەی هیچ شتێ لەمبارەیەوە بڵێم، حەز ئەکەم ئەو وتەیەی فەیلەسووفی ئەڵمانی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ)، بەبیری خوێنەر بهێنمەوە کە گوتویە: لەدوای «ئاوشویتس»ـەوە تازە ناتوانرێت هیچ شیعرێک بنووسرێت.. بێگومان ئادۆرنۆ کەسێک نییە گوێی بۆ نەگیرێت و ڕەنگە خودی ئەم وتەیە دەمی چەندین شاعیریشی بەستبێت کە ویستویانە لەدوای ئەو تراژیدیایەوە شیعر بنووسن. یاخود ویژدانی زۆر لەو شاعیرانەیشی نارەحەتکردبێت کە وێڕای وتەکەی ئادۆرنۆش، هەر بەردەوامبوون لە شیعر نووسیندا.. لێرەدا باسی ئەوە ناکەین ئایا پاش ئەو ڕووداوەی ئادۆرنۆ ئاماژەی بۆ دەکات، شیعر نووسرا و کێ نووسی؟ یان بۆچی تازە شیعر بەتێگەیشتنە ئادۆرنۆییەکەی نەنووسرا..؟ بەڵکو دەمەوێت بۆ ساتەوەختێک گوتەکەی ئادۆرنۆ بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژمەوە تاکو بتوانین لە سایەیدا، پرسیاری ئێستای خۆمان لەمەڕ تراژیدیاوە، بەمجۆرەی خوارەوە بکەینەوە: ئایا لەدوای کارەساتە گەورەکانی ئەم سەدەیەوە، هونەری شێوەکاری توانی ئەو ڕەنگ و زمانی دەربڕینە بدۆزێتەوە کە بۆ کێشانی تابلۆی تراژیدیاکان پێویستی پێیان هەبوو؟ بەمانایەکی دیکە دەکرێ بپرسین: ئایا هونەر توانی ئەو شیعرە بە تابلۆ بکێشێت کە ئادۆرنۆ پێی وابوو تازە بە وشە تەعبیری لێناکرێت؟

(٣)

یەکەم خەسڵەتی هونەری شێوەکاری لەم سەدەیەدا ئەوەیە کە وازیهێناوە لەوەی کۆمەڵگا لەو ڕەسمەدا بنوێنێ، کە خودی کۆمەڵگا دەیەوێت خۆی تیا ببینێتەوە.. هونەرمەند چیدی خۆی ناکاتە کۆیلەی دەسەڵاتی میکانیزمەکانی تێزگەلی وەک: «هونەر ڕەنگدانەوەی ژیان و کۆمەڵە و هونەرمەندیش خزمەتکاری کۆمەڵگایە». هەندێک ئەمە بە بێ هەڵوێستی هونەرمەند لە ئاست دنیایەکدا دەزانن، کە بۆخۆی تیایدا دەژی و بەبەرچاویشییەوە کارەساتەکان ڕوودەدەن. هەندێک دەڵێن ئەمە بچووکبوونەوەی ئاسۆکانی بینینی هونەرییە و داخرانی یەکجارەکی دەرگای هونەرە بەڕووی جیهاندا.. بەواتایەکی دیکە، ئەم بارودۆخە بەدابڕانی ئەو پەیوەندییە لێکدەدەنەوە کە هەمیشە وەک پەیوەندییەکی بەڵگەنەویستی نێوان هونەر و کۆمەڵگا، لێکدەدرایەوە. وەک دەگوترێ، تازە هونەر باسی واقیعی کۆمەڵگا ناکات، چونکە ئەو هونەرەی لە ئەبستراکتبووندا «تجرید»، بۆ هونەربوونی خۆی بگەڕێت؛ ناتوانێت لەگەڵ واقیعدا لە

پەیوەندیدا بێت.. هەروەها ڕەخنەگرەکانی هونەر دەڵێن، هونەر بۆتە کۆدێکی داخراو، وەک زمانێکی لێهاتووە کەتەنیا هونەرمەندەکان لەناو خۆیاندا دەتوانن پەیامەکانی بکەنەوە و لێیتێبگەن.. ئەمەش ڕەخنەیەکە بەپلەی یەکەم بەرەو ڕووی ئەو پرۆژە گەورەیە بۆتەوە کە دەوڵەتی ئەڵمانیا دەیەوێت ساڵی١٩٩٩ لە بەرلین، بۆ یادی پەنجاساڵەی قووربانییەکانی «هۆڵەکۆست»ی بکاتەوە و پارەیەکی خەیاڵیشی تێدەچێت. ڕەخنەگرانی ئەم پرۆژەیە هەموو ئەو پێشنیارانەی لەپێشبڕکێی پرۆژەکەدا بەشدارییانکردووە، بەکاری «تەجریدی» ناودەبەن کە ناتوانن لەسەر تراژیدیای هۆڵەکۆست هیچمان پێبڵێن.. هەربۆیەشە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە کولتوورییەکانی ئەڵمانیا، لەوانەش «گۆنتەرگراس»، داوایان لەدەوڵەت کردووە تا پەلە لەو پرۆژەیە نەکرێت؛ کەلەواقیعدا دەبێت وەک داوای لێبووردنی گەلی ئەڵمان بێت لەو قووربانیانە.. بەلای ئەو کەسایەتیانەوە، ئەو یادکردنەوەیە، پێش هەموو شتێک یادکردنەوەی «شەرم»ێکە و دەبێت ئەو کارە هونەرییەش کە بۆ ئەم یادە تەرخاندەکرێت گەیەنەری ڕەهەندی شەرماوی ئەوتاوانە بێت کە لەئاست قوربانییەکاندا هاتە ئەنجام. ڕەخنەگرەکان دەڵێن: شەرمی کووشتنی یەهودییەکانیش ئەوەندە گەورەیە، کەپرۆژەیەکی تەجریدی ناتوانێت تەعبیری لێبکات..

ئایا بەڕاستی هونەر هێندە گۆڕاوە، هێندە دەرگای بەسەر خۆیدا داخستووە و لەکۆمەڵگاو فەزای گشتیی ژیانی مرۆڤ دوورکەوتۆتەوە، کە نەتوانێت وەڵامی کێشە فیعلییەکانی کۆمەڵگا بداتەوە، یان لە وەڵامدانەوەیاندا بەشداری بکات؟

هەر وەڵامێکی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، نابێت ئەو ڕاستیەش لەبیربکرێت کە پێماندەڵێت، گۆڕان لە هونەردا هاوشانیشە بەگۆڕان لەتێگەیشتنی هونەردا بۆ دەوروبەری خۆی. دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ژیانی مرۆڤیش لەم سەدەیەدا، بە پێچەوانەی سەدەکانی ڕابردووەوە؛ دەوروبەرێکی سادەی خاوەن هارمۆنی نییە، وەک ئەوەی لەزۆربەی تابلۆ و دیمەنە هونەریەکانی سەدەکانی پێشوودا دەیبینین. بەڵکو واقیعی ژیانی مرۆڤ لەم سەدەیەدا، بەهۆی هەردوو جەنگی جیهانیی و هەموو ئەو ڕووداوانەش کەئەم دووجەنگە و برەودان بە تەکنەلۆژیای شەڕ بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا سەپاندیان و تائێستاش دەیسەپێنن؛ لەمێژوودا بوو بەواقیعێکی ئاڵۆزی پڕ گرێی بێوێنە.. چیدی هونەر نەیدەویست تێگەیشتنێکی سادە و شەففاف لەسەر ئەو واقیعە ئاڵۆزە بەرهەمبهێنێت کە قەیران و کارەسات جڵەویدەکەن و هەتا ئێستاش «ڕووداو» تیایدا ناتوانێت ڕووداو بێت، ئەگەر لەهەمان کاتدا لە «تراژیدیا»دا نغرۆ نەبووبێت. لێرەوە، ڕەنگە بەئەبستراکتبوونی هونەر پەیوەندییەکی توندی هەبێت بەو ئەرکەوە کە هونەر لەبەردەم جیهانی پڕ تراژیدیادا، بۆخۆی لەپێشچاوگرتووە. واتە ئەرکێک کە ڕێگە

بەهونەرمەند نادات بەهۆی پێشاندانەوەی میکانیکیانەوە، بەهۆی «بەئاوێنەکردنی» بەرهەمەکانی خۆیەوە، لەنرخی تراژیدیانەی جیهان کەمبکاتەوە. چونکە ئەمە لەدوا جاردا کەمکردنەوەی بەهای کێشەو تراژیدیاکانەو مامەڵەکردنێکی بێ مەیلانەیە لەگەڵ ڕووداوەکاندا وەک ڕووداگەلێک، کەدەکرێت بکرێنە «تابلۆ»، بکرێنە «شیعر» و بشکرێنە «فیلم»و هتد..

بەڵام هونەرمەندێک کە نەیەوێت ئاڵۆزیی واقیع لەناو بەرهەمەکانیدا سادەبکاتەوە، هونەرمەندێکە تراژیدیای خۆی لەناو هونەردا دەخولقێنێ. واتە لەو ئاستەدا مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا ناکات کە «دەکرێت ببنە مۆتیڤی بەرهەمەکانی». چونکە ئەو هونەرەی بەوجۆرە پەیوەندی خۆی بە واقیعەوە بدۆزێتەوە، دەبێت هەمیشە لەسەر ڕێگای چاوەڕوانی هاتنی کارەسات و تراژیدیاکان بوەستێت، تاکو بتوانێت مۆتیڤەکانی خۆی لێوەبهێنێت.. ئەم هونەرە هونەرێکە، لەجەوهەردا خۆزگەی «ڕوودانی بەردەوامیی تراژیدیاکان» هەڵدەخوازێت، نەک هەنگاو دەنێت بۆ خولقاندنی تراژیدیا لەهونەردا، تا بیکاتە ڕێگر لەبەردەم ڕوودانی تراژیدیا لە واقیعدا.. ئەو هونەرمەندەی لەسەر ڕێگای کارەساتەکان چاوەڕوانە، هونەرمەندێکە چێژ لەمەیدانەکانی شەڕ و ڕژانی خوێنەکان دەبینێ، چونکە دەیانکا بە «بابەت» و لەو ڕێگەیەشەوە بەردەوامی بەچالاکییەکانی خۆی دەدات.. واتە بۆخۆی بابەتێکی نییە، ڕوانینێکی لەسەر تراژیدیا نییە تا لەڕێگەیەوە نەفرەتی هونەر لەواقیع و ڕەتکردنەوەی بکاتە ئامانجی خۆی..

بەداخەوە ئێمە لەدوای هەموو تراژیدیاکانمانەوە، ئەو هونەرمەند و شاعیر و نووسرانە دەبینینەوە کە ڕۆژگارێک لەسەر ڕێگاکان بە خۆزگەیەکی شاراوەی ناو دڵیانەوە، چاوەڕێی هاتنی تراژیدیاکان بوون.. باشترین نموونەشم بۆ ئەم قسەیە ئەو هەموو یادیکردنەوە بەلێشاوەی تراژیدیای هەڵەبجەیە لەهەموو بوارەکانی دەربڕینی هونەری و سیاسی ئێمەدا. وەک ئەوەی هەڵەبجە تراژیدیایەک بێت بشێت لەچەند دەربڕینێکی شیعریی زەقدا، یان بەهۆی بەکارهێنانی چەند ڕەنگێکی خەمگین لە تابلۆداو چەند سروودوگۆرانیی نۆستالیژیانە و چەند درووشمێکی هاندەری خوتبەییانەوە، ئاوا بەڕوونی و شەففافی تەعبیری لێبکرێت و ئەمەش سارمۆنیای یادکردنەوەی ئێمە بێت بۆ ئەو کارەستەمان.

(٤)

بەڵام دەبێت دووبارەبیکەمەوە کە ڕەنگە هیچ یادکردنەوەیەک نەتوانێت شایانی ئەو تاوانە بێت کە بەرامبەر مرۆڤایەتی دەکرێت. وە ڕەنگە لە بونیادی هەموو تراژیدیا و تاوانەکاندا جۆرێ لە ڕەتکردنەوە و ئینکارکردنی پرۆسەی «یادیکردنەوە»ش هەبێت. ڕەنگە جەریمەکان

بۆیە ڕوودەدەن تا بەڕوودانی خۆیان پێشمان بڵێن کە ناکرێت ببن بە بابەتێ بۆ یادکردنەوە، هەر بەڕاستیش هیچ یادکردنەوەیەک ناتوانێت باسی هەناسەی مناڵێکی سووتاومان بۆ بکات...

بۆیە دڵنیام لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا «بیرەوەری زیندوو»ی ئێمەی کورد لەسەر تراژیدیای هەڵەبجە دەمرێت. چونکە لە ئێستادا «دەزگاکانی یادکردنەوە»و ڕۆژنامەنووس و ستوونووس و هەڵوێستخوازەکان، هەموو شتێک دەکەن تاکو بەهۆی ڕستەو دەربڕینە کلێشەییەکانیانەوە؛ مانا تراژیدییەکانی هەڵەبجە دابدۆشن و بۆنەو موناسەبەکانی خۆیانی پێ بەڕێخەن.. واتە مانای تراژیدیانەی ئەو کارەساتە لە دووبارەکردنەوەی کلێشەیی بەردەوام و سادەدا، بکوژن. بەڵام ئێمە وەک میللەتێک، کە لەسەردەمی قەیرانی مانەوە بەگشتی و بەتایبەتیش قەیرانی پێکهێنان و هەبوونی ناسنامەی نەتەوەییماندایین، پێویستییەکی سەختمان هەیە بەدروستکردنی بیرەوەرییەک تا لەسەر ئاستی دوورمەودا، یارمەتیمانبدات لەیادکردنەوەی تراژیدیاکانماندا. ئەمەش تاکو ئەو«بیرەوەرییە دوورمەودا»یە بتوانێت نەوەکانی داهاتوو بە هەڵەبجەوە ببەستێتەوە، کەلەهامان کاتیشدا بەستنەوەیانە بە ئێستای ئێمەیشەوە.. چونکە لەڕووی مێژووییەوە، «یادکردنەوەکان» ئەو پێویستییەن کە بەتووندی بەستراون بە ئاگایی مرۆڤەوە لەسەر سازدانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی. واتە قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی و پرسیارگەلی وەک ئەوەی: «ئێمە کێین؟ و خاڵی تراژیدیای هاوبەشمان چییە؟»، مەرجی هەبوونی یادەوەرییە هاوبەشەکان دەسەپێنێت. وەک ئەوەی لەحاڵەتی ئەڵمانیادا، لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەیەوە دەیبینین. ئەگەرچی ڕەنگە کردنی قەیرانی ناسنامە لە ئەڵمانیادا بە نموونە بۆ قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؛ نموونەیەکی تەواویش نەبێت. بەڵام دەشێت لەبەر تیشکی ئەویاندا پتر ئەمەیان ڕوونبکرێتەوە. چونکە هەڵەناکەین گەر بڵێین: ئەگەر دیواری بەرلین نەڕووخابا، لەوانەبوو هەرگیز لە ئەڵمانیدا باسی یادکردنەوەی هۆڵەکۆست نەکرابایە و گەلی ئەڵمانی لەسەر ئەو بنەمایەوە بۆ خاڵی هاوبەشی خۆی نەگەڕابایە. لێرەدا قەیرانی ناسنامەیە کە وادەکات نەتەوە سەمبوولەکانی خۆی دروستبکات، یاخود یادیانبکاتەوە. دیارە خاڵی هەرە دیاری جیاواز لەنێوان نموونەی ئێمەو نموونەی ئەواندا ئەوەیە، کە گوناه و شەرم لەئاست تراژیدیای کوشتنی یەهودی و قەرەج و خەڵکانی تر، دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو ئەڵمانیای خۆر هەڵات و خۆر ئاوا. هەربۆیەشە یادکردنەوەکەی ئەوان بە پلەی یەکەم یادکردنەوەی تاوانبارە بۆ قوربانی و داوای لێبوردن و پیشاندانی شەرمێک لەئاستیدا. لەکاتێکدا ئێمە وەک قوربانی خۆمان مەحکومین بەوەی یادی تراژیدیاکانی خۆمان بکەینەوە. چونکە هێشتا بەرپرسیارەکانی تراژیدیای ئێمە

لەئاستێکی شارستانی و ئاگاییەکی کەلتووری ئەوتۆدا نین کەچاوەڕێیان لێبکەین، داوای لێبوردن لە قوربانییەکانی ئێمە بکەن و یادیانبکەنەوە.. یاخود شەرمی تاوانەکەیان قبووڵبکەن و وادەمانپێبدەن کە هەرگیز کاری وەها دووبارەناکەنەوە.. لەبەر ئەوە یادەکانی ئێمە، یادی خاوەن قوربانییە بۆ قوربانییەکانی خۆی، نەک یادی تاوانبار بێت بۆ قوربانیکراو..

بەم پێیەش پرۆسەی بەسێمبوولکردنی ئێمە بۆ تراژیدیاکەمان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو بەسێمبوولکردنەدا کە دەشێێت ڕۆژێک لەڕۆژان، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی وڵاتی ئێمە بەناوی نەتەوەی خۆیانەوە پێیهەڵسن و بەڕەسمی ددان بەتاوانی خۆیاندا بنێن لەبەرامبەر قوربانییەکانی ئێمەدا.. دان پیانانێک، ئەوەتا دەوڵەتی ئەڵمانیا بە بۆنەی تێپەڕینی پەنجا ساڵ بەسەر هۆڵەکۆستدا، پڕۆژەی دەکات و لەشوێنگەی نەتەوەی تاوانبارەوە، ڕووبەڕووی قووربانی دەبێتەوە..

(٥)

لەڕاستیدا، سارمۆنیای یادکردنەوەکان سەر بە نەریتێکن کە نەتەوە پێویستی پێیەتی بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی سیاسی خۆی. یادەکان لەلای ئێمە یادی سەرکەوتن لەتراژیدیاکاندا بەهۆی بەسەمبوولکردنی قووربانییەکانەوە. چونکە قووربانییەکان ئەوانەن کە لەپێناوی هەمووماندا و لەپێناوی نەتەوەدا گیانیان لەدەستداوە. پەیامی هەموو یادکردنەوەکان ئەوەیە کە پێماندەڵێت: نەتەوە هەمیشە شایانی ئەوەیە خۆمانی بۆ بکەینە قووربانیی. بەم پێیەش یادی قووربانیەکان دەبێت یادێک بێت کەبتوانێت سەرلەنوێ نەتەوە کۆبکاتەوە و یەکیبخات. چونکە لەلۆژیکی یادکردنەوەکاندا، هەمیشە زیندووەکان قەرزارباری مردووەکانن بەوەی یەکبگرن و بەوکارەش ئەمەگداری خۆیان بۆ مردووەکان پیشانبدەن. هەمان لۆژیک پێماندەڵێت مرۆڤ لەپێناوی هەرشتێکدا بمرێت، لەدواجاردا لەپێناوی نەتەوەدا مردووە و هەر لەبەر ئەوەیشە کەمردووەکان وەک «قارەمان»ی نەتەوە ناویاندەبرێت. هەموو قارەمانێکیش بەو حوکمەی ئەندامێکی نەتەوەیە، دەبێت وەک «تاکەکەس»ێک یادبکرێتەوە. ئەگەرچی ئەم پرنسیپە لە مێژوودا هەمیشە پەیڕەویلێنەکراوە. چونکە لەسەردەمانێکدا، گوتاری یادکردنەوە، نیشانەو سیفەتی «قارمان»ی تەنیا بەپێشەواکان، خاوەن پلەو پایەکان، ئەسحابەکان و قەدیسەکان و سوارچاکەکان دەبەخشی.. هەر لەبەر ئەوەیش تەنیا ئەمانەی بەشایانی یادهێنانەوە دەزانی.. بەڵام وردە وردە لەگەڵ زیادبوونی پێویستی نەتەوە بەلەشکری قارەمانەکانی، مەودای یادکردنەوەکانیش بەرفراونکران و ناونیشانی قارەمان بە

«بێسەروشوێنەکان، نەگەڕاوەکان و بێناوەکان» و پاشانیش بە «سەربازی نەناسراو» بەخشرا..

لەم قۆناغە تازەیەی میکانیزمی یادکردنەوەکانیشدا، نەدەبوو هیچ «کەسێ» لەبیربکرێت کەگیانی خۆی لە پێناوی «هەمووان»دا بەختکردووە: هەموو ژەنراڵێک سەربازێکە و هەموو سەربازێکیش ژەنراڵێک.. لێرەیشەوە، «تاکە قوربانی»ی وەک دابینکەری ژیان و بەردەوامیی نەتەوە لە زەمەنی داهاتوودا تەماشایدەکرێت و هەر لەبەر ئەوەش نابێت مەرگی تاکە قوربانی لەبیربکرێت. یادوەری نەتەوە، کاتێ دەبێتە یادوەرییەکی چالاک کە بتوانێت مەرگی هەموو قارەمانەکان لەخەیاڵی هەموو زیندووەکاندا، بە زیندوویی و نەمری ڕابگرێت. بەمجۆرەش زیندووەکان دەبن بە داوەر بەسەر مردووەکانەوە و مەرگی ئەوان لەڕوانگەی «ئێستا»ی خۆیانەوە دەنرخێنن. دیارە لەم بارەشدا مەترسی ئەوە لەئارادایە کە یادکردنەوەکە، هاندەرە بنەماییەکەی خۆی بدۆڕێنێ و ببێتە هۆی یەکخستنەوەی زیندووەکان بەمەبەستی خوڵقاندنەوەی تراژیدیا و تۆڵەسەندنەوە، نەک یادکردنەوەی وەک بابەتێ کەنابێت دووبارە بکرێتەوە.. ئەمەش لەکاتێکدا ڕوودەدات کەداوەریکردن و نرخاندنی زیندووەکان بۆ مردووەکان، «نەمرکردنی مردووەکان»، دەکاتە ئامانجی خۆی. واتە ئەو کاتە ڕوودەدات کەزیندووەکان هەموو یەکیانگرتووە و بەیەک دەنگ هاواردەکەن: «نابێت مردووەکان لەبیربکرێن و خوێنی ئەوان نابێت بە فیڕۆبڕوات».

ئەم ڕستەیە هەنگاوی یەکەمە بۆسەندنەوەی جڵەوی سارمۆنیای یادکردنەوەکان لەدەستی گشت بەشداربووەکان و کۆنترۆڵکردنێتی لەلایەن گرووپێکەوە کەدەیەوێت لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیدا، بەناوی «گشت»ەوە بدوێت و لەپێناوی «هەموو قوربانییەکان»دا بێتە دەنگ. بێگومان ڕێک لەم بارودۆخەشدایە کە قوربانییەکان وەک ئەو قارەمانانە بەنەتەوە دەناسێنرێنەوە کە لەژێر خاکەوە، لەناو گۆڕەکانی خۆیانەوە و بەتامەزرۆییەوە «چاوەڕێی خۆ بەکووشتدانی ئەندامەکانی تر دەکەن». چاوەڕێدەکەن زیندووەکان بەمەرگ و خوێنڕشتنی خۆیان بێنە پێشەوە و ئەو تراژیدیایە بەرهەمبهێننەوە کەقارەمانەکانی پێشووی لەخوێنی خۆیاندا گەوزاند.. واتە لێرەوە مانای تراژیدیا لەنموونەیەکەوە کەدەیەوێت دووبارە «نەبێتەوە»، دەبێتە «سەرمەشقێ بۆ دووبارەکردنەوە». لێرەشەوە، مانای یادکردنەوەکانیش دەگۆڕێت و لەوەدا خۆی بەرجەستەدەکات کە بتوانێت ببێتە سەکۆیەک و موناسبەیەک بۆئەوەی زۆرترین ژمارە لەگەنجان کۆبکاتەوە و بەرەو گۆڕەپانی جەنگیان بنێرێت، تا بەناوی بەرگریکردن لەبەرژەوەندی گشتی نەتەوەو هتد؛ «بەڵام لەڕاستیدا بۆ پارستنی بەرژەوەندی ئەو گرووپەی جڵەوی ڕابەریکردنی گرتۆتە دەست»، خۆیان بەکوشتبدەن... ئەم شێوازەی یادکردنەوەیەمان

بە کاریگەرترین شێوە لە میانەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان دەوڵەتی بەعس و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا بینی. بەتایبەتی کاتێ هەر موناسەبەیەک لە«یادی شەهیدانی قادسیەی دووەم»دا، هاوشانیش بوو بەزیادبوونی ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کە لەژێر کاریگەری حەماسیانەی سارمۆنیای یادکردنەوەدا، ئامادەبوون جێگەی کوژراوەکان بگرنەوە. یاخود هەموو سارمۆنیای ڕۆژانی هەینی کە تیایدا یەکێ لەئایەتوڵاکان خوتبەیدەدا، هاوشانیش بوو بە هەڵایساندنی ڕۆحی خۆبەکوشتدان لەلای سەدان هاوولاتی و ئامادەییان بۆ ڕۆیشتن بەسەر ئەڵغامەکانی بەرەی جەنگدا..

(٦)

بەردەوامیدان بەجێبەجێکردنی سارمۆنیای یادکردنەوە، بە شێوەیەکی پتەو پەیوەندی هەیە بەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیای شەڕەوە. ئەزموونەکانی ڕابردوو پێماندەڵێن: هەتا تەکنەلۆژیای شەڕ لەپەرەسەندندا بێت، پرۆسەی یادکردنەوەش بەو مانایەی باسیکرا«واتە یادکردنەوەی تاکە قوربانی»، مانای خۆی لەدەستدەدات. چونکە برەوی تەکنەلۆژیای شەڕ هاوشانیشە بەزیادبوونی ژمارەی قوربانییەکان، بێسەروشوێنەکان و سەربازە نەناسراوەکان. ئەنجامەکانی ئەمەش لەو ڕاستییەدا دەرکەوتوون کە پێماندەڵێت: سارمۆنیای یادکردنەوەی ئەو هەموو هاوولاتیانە، کارێکی ئاسان نییە. ئاسان نییە یادی هەموو ئەو سەربازە ونبووانە بکرێتەوە کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژی جەنگ لەشەڕی کەنداودا نازناوی قوربانی پێبەخشین. چونکە لەشکرێک هەمووی بووە سەربازی ون.. لێرەشدا هەر بۆمان ئاشکرانابێت کەئامانجی تەکنەلۆژیای شەڕ هەر تاکەکەس ناکاتە بابەتی وێرانکاری خۆی، بەڵکو زەبری خۆی ئاراستەی حەشامات و دەستەو گرووپە گەورەکان دەکات.. لەقوربانییەک زیاتری دەوێت. بەڵکو سنووریش دادەنێت بۆ بەرنامەی سارمۆنیای یادکردنەوەکان و کارێک دەکات ئاسان نەبێت یادی ئەو هەموو سەربازە نەناسراوو و قووربانییە بێسەروشوێنانە، بکرێتەوە.

لێرەیشەوە سارمۆنیای یادکردنەوە پێدەنێتە قۆناغێکی نوێی ژیانی خۆیەوە: قۆناغی «بێمانایی یادکردنەوەکان»! چیدی قوربانییەکان ناتوانن بەهۆی مەرگی خۆیانەوە ببنە نموونەی مانای تراژیدیاکان و مەرگی خۆیان بەرز بکەنەوە بۆ ئاستی بەرگریکردن لەداهاتووی نەتەوە. چونکە «مانای مەرگ» بەهۆی دووبارەبوونەوەی شەڕەکان و فراوانی ڕووبەرەکەیان و درێژخایەنییەکەیانەوە، کەوتۆتە بەر گومانێکی سەخت. مەرگی قوربانییەکان و ڕزینی جەستەیان لەناو وێرانەکانی بەرەی پێشەوەی جەنگدا، چیدی بەس نییە بۆ

یەکخستنی زیندووەکان و کۆکردنەوەیان لەبەرەکانی دواوە.. بەواتایەکی تر، لەم سەردەمەدا یادکردنەوەکان هەوڵدانن بۆ ئینکارکردن و داماڵینی مانا لە مەرگی قوربانییەکان.. «چ مانایەک لە خۆتەقاندنەوەی بەلێشاوی سەربازە ئێرانی و عێراقییەکاندا هەبوو؟ چ مانایەک لە شەڕی یۆگۆسلاڤیا و شەڕەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بدۆزینەوە؟». هەموو ئەمەش پێماندەڵێت: لەم سەدەیەدا گوتاری سیاسی وەک گوتارێکی سەردەستە لەڕێکخستنی هۆکانی بەرپابوونی جەنگ و تەقاندنەوەی توانا وێرانکەرەکانی، ئێمەی بەرەوڕووی بێمانایی مەرگ کردۆتەوە. چونکە بەهۆی گەشەی بەردەوامیی تەکنەلۆژیای شەڕ و تاقیکردنەوەیەوە لەناو بەرەکانی جەنگدا، گۆڕانێکی نەوعی لە شێوەی «کوشتن و شێوەی خۆ بەکوشتدان»دا، هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش لەو سارمۆنیای یادکردنەوانەدا ڕەنگیداوەتەوە کە داوای وەڵامێک دەکەن بۆ مەرگی قوربانییەکان، بەڵام خۆیان هیچ وەڵامێکیان پێ نییە.. وەک ئەوەی هیچ دەربڕینێک نەبێت بتوانێت مانا بەخودی کارەسات و تراژیدیاکان بدات و تەعبیریان لێبکات. پێموایە هەر ئەمەش یەکێک لەمەبەستەکانی گوتەکەی (ئادۆرنۆ) بێت کەپێشتر ئاماژەم پێکرد..

بەڵام ئەگەر گوتاری سیاسی «مەرگی قوربانی» و «مانای تراژیدیا»ی کارەساتەکانی لەسایەی تەکنەلۆژیاکانی شەڕدا گەیاندبێتە ئاستی «بێمانایی»، ئایا گوتاری ئیبداعی چ مامەڵەیەک لەگەڵ مانای تراژیدیادا دەکات و ئایا لەدەربڕینە هونەریەکاندا مەرگی قوربانیی چۆن بەرجەستە بووە؟ بەمانایەکی تر، ئایا هونەر لەڕێگەی یادکردنەوەوە مانایەکی تر دەبەخشێتە مەرگی قوربانییەکان و توانای هەیە بەجۆرێکی جیاواز پەیوەندی زیندووەکان بە مردووەکانەوە دەستنیشانبکات؟

لێرەوە دەمەوێت ڕاستەوخۆ باس لەپرۆژەیەکی هونەری بکەم کە ڕەنگە سەبارەت بەتراژیدیای خۆمان و مەرگی قوربانییەکانمان لەوەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەمان نزیکبخاتەوەو مانایەکی دیکەش بداتە چەمکی یادکردنەوە.

**پیشانگای**

**(٥٠٠٠ پورترێت، ٥٠٠٠ شەهید)**

**«بابەتی هونەر هەر بایی ئەوەندە هونەرە کە واقیع نییە»**

**فەیلەسووفی ئیسپانی: جۆزێ ئۆرتیگا گاسێ، ١٩٢٥**

(٧)

ئێستا دوای ئەوەی چاوێکمان خشاندەوە بەماناکانی چەمکی یادکردنەوە و هەندێک لەو گۆڕانانەمان ئاماژەپێکرد، کە لە ژێر کاریگەری گوتاری جیاواز و قۆناغی جیاوازدا بەسەریدا هێنراون، دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی سەرەتا. واتە بۆ هونەر وەک پانتاییەکی یادکردنەوە و وەک زمانێ بۆ دەربڕینی مانای تراژیدیا. بۆ ئەم مەبەستەش دەمەوێت سەرنجێکی کورتی نمونەیەکی کۆنکرێتی کارێکی هونەری بدەم، کە «یادکردنەوەی تراژیدیای هەڵەبجە»یە لەپرۆژە شێوەکارییەکەی «ڕێبوار سەعید»دا(*)

لێرەوە دەمەوێت لەپرسیارێکی سادەوە دەستپێبکەم، کە دەکرێ بەمجۆرەی خوارەوە دایبڕێژمەوە:

ئەو جەوهەرە چییە لەم بەرهەمەی ڕێبوار سەعیدی هونەرمەند دا، بوارمان دەداتێ جیایبکەینەوە لە لێشاوی ئەو بەرهەمانەی کە بۆ تراژیدیای هەڵەبجە بەرهەمهاتن و هانماندەدات بەشێوەیەکی جیاواز بیخوێنینەوە؟

ئەوی ڕاستی بێت ئەوە چەند ساڵێکە هەوڵدانێکی بەردەوام لەناو ڕۆژنامەگەری و بواری ڕاگەیاندنی کوردیدا لەئارادایە بۆ باسکردنی هونەرێ بەناوی «هونەری کوردستانی»و پێدەچێت هونەری ڕێبواریش لەچوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا سەقامگیرکرابێت. بەم مانایەش هەمووومان ساڵ بەساڵ چاوەڕێی ئەو بەرهەمانە لە ڕێبوار و هونەرمەندەکانی وەک ئەو دەکەین، کەچەخت لەسەر ئەم پێناسەیە بکەنەوە و زیاتر بیسەلمێنن. وەک ئەوەی بترسین لەوەی، نەکا ڕێبوار ئاراستەیەکی«ناکوردستانی» لەهونەرەکەیدا بگرێت، یاخود خوای نەخواستە شەیتان بچێتە بن کلێشەیەوە و ئەم هونەرمەندە لە کورد هەڵگەڕێتەوە. لە کاتێکدا هونەرمەندێک بەڕەنج و ماندووبوونی بەردەوام، خۆی دروستدەکات ئێمە هیچمان دیارنین و خۆمانی لێ تێناگەینین، بگرە ڕێگرەکانی لەبەردەمدا قوتدەکەینەوە، بایکۆتیدەکەین و هتد.. کەچی کاتێ ناوبانگ دەردەکات هەموو بەهی خۆمانی دەزانین و بگرە ئەوەتا بەهۆی پێناسەکانیشمانەوە بۆی، دەمانەوێت کۆنترۆڵیشیبکەین. من پێموایە کۆکردنەوەی کارەکانی ڕێبوار لەژێر سەردێڕی «کوردستانی»دا، نەک هەر بەرهەمهێنانی پێناسەیەک نییە بۆ هونەر، بەڵکو یەکێکە لەو شێوازانەی لەپانتایی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەرهەمی هونەری بەهۆیەوە کۆنترۆڵدەکرێت، کەئەمەش پێش هەمووشتێک هەژاری ئێمە لەبواری ڕەخنەی هونەریدا دەردەخات. چونکە ئەگەر مەبەست لە چەمکی کوردستانی ئەوەبێت کەجیهان و مۆتیڤی ناو تابلۆکانی ڕێبوار بەپلەی یەکەم، جیهانێکە بۆ بینەری کورد ئاشنایە، ئەوە زۆر لە ڕاستی دوور

نەکەوتوینەتەوە. بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کەئەو بەرهەمانە «ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤی کوردن»، ئەوە بەهەڵەدا چووین.

کاتێ دەڵێین جیهانی ناو تابلۆکانی ڕێبوار بۆ بینەری کورد ئاشنایە، ئەوە پەنجەمان خستۆتە سەر خاڵێک کەڕێبوار بۆخۆی بەشێوەیەکی ئاگایانە کاری بۆ دەکات، پێناسەیدەکات و لەڕووی تیۆریشەوە بەرگری لێدەکات. بەرهەمەکانی ڕێبوار، لەو کاتەدا کە سەفەری بەردەوامیی ئەون لەدنیای ڕەنگ و کەشفکردندا؛ ئەوە هەوڵدانی ئاگایانەشین بۆ سازدانەوەی «هونەریانە»ی ئەو جیهانە پڕ لەتراژیدیایەی بەپلەی یەکەم بۆ بینەری کورد ئاشنایەو بەشێکە لەواقیعی ڕۆژانەی. بەڵام جیهانی ناو تابلۆکان جیهانی ناو واقیعی ژیانی مرۆڤی کورد نین، بەڵکو جیهانی ناو تابلۆکان خۆیانن. هەربۆیەشە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر هونەری ڕێبوار تەنیا لەچوارچێوەی پێناسەکەی سەرەوەدا بچوکبکەینەوە و لەواقیعی کوردیدا بۆ ماناو دەلالەتی کارەکانی بگەڕێین.

بێگومان بەمانایەک لەماناکان، هونەری ڕێبوار هونەرێکی کوردستانیە، چونکە لەپشت هەموو شەپۆلی ڕەنگ و بزاوتنی فڵچە و هێڵەکانەوە، ڕێبوار بۆخۆی وەک «کوردێک» ئامادەیە. ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو ناتوانێت وەک «ناکوردێک» بێت و ناسنامەیەکی دیکە بۆخۆی دروستبکات. هەر بۆیەشە ترسی هەڵگەڕانەوەی ڕێبوار لە کورد، ترسێکی بێمانا و زیادەیە و نیشانەی ئەوەیە ئێمە وەک میللەتێک لە قەیراندابن و بەردەوامیش پێویستمان بەوەیە جەخت لەسەر هەبوونی خۆمان تەنیا وەک قەوارەیەکی سیاسی چەوسێنراوە بکەینەوە و لەڕێگەی چەمکە سیاسیەکانەوە ئەو وەسفانە لەسەر خۆمان بەرهەمبهێنینەوە کە تیایدا چەوسانەوە دەبێتە حاڵەتێکی چێژبەخش. چونکە بەڕاستی زمانی سیاسی بەوهۆیەوە کەعەقڵییەتێکی ڕاڤەکارانەو ڕەخنەیی لەپشتەوە نییە تاجورئەتی خۆخوێندنەوەمان بداتێ؛ ئەوە هەمیشە مەیلی هەیە لەناو دەستەواژە وەسفی و بەزەیی ئامێزەکاندا کوردبوونەکەمان بەرهەمبهێنێتەوە. کاتێ تاکە زمانیش بۆ قسەکردن لەسەر هەمەڕەنگییەکانی کۆمەڵگایەک دەبێتە زمانی سیاسی، ئەوە هیچ یەکێ لەو چالاکیانەی لەکایەهەمەڕەنگەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا ئەنجامدەدرێن، نابنە خاوەنی زاراوەو زمانی سەربەخۆی خۆیان. لێرەیشەوە گوێنادەینە چۆنایەتی بەرهەمی هونەرمەند و ڕۆشنبیرەکانمان وەک بەرهەمی سەربەخۆ کە پێشئەوەی بکەونە کایەی سیاسیەوە، سەربەکایەی داهێنانی هونەرین و هەردەبێ لەپەیوەندی لەگەڵ یاساکانی ئەم کایەیەشدا ڕەوایەتی خۆیان بەدەستبهێنن نەک بەوەفاداریان بۆ کایەی سیاسی.

ئەم تێکەڵکردنە لەهەمان کاتدا تێکەڵکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمە هونەرییەکانیشە. واتە قوربانیدانە بە چۆنایەتی لەپێناوی چەندایەتیدا. چونکە گرنگ ئەوەیە بەرهەمە هونەرییەکان لەڕووی چەندایەتییەوە ژمارەیان زۆر بێت، تاکو ئێمە بەردەوام بۆ نەیارەکانمانی بسەلمێنین کە هەین و کولتووریشمان هەیە و شتی تریش.. ڕەنگە هەر زاڵبوونی ئەم تێڕوانینەش وایکردبێت، کەلەژیانی کۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام جۆرێ لەبەرهەمی هونەری بەلێشاو لەزیادبووندا بێت، بەبێ ئەوەی ئەو زیادبوونە ببێتە هۆی دەوڵەمەندبوون و فراوانکردنی مەعنەویانەی ژیانی ئێمە!

لەم قەیرانەدایە کەئاگایی و هەستیاریی ستاتیکیانەی هونەرمەند، ئاستی ئاگایی سیاسی ئێمە ڕەتدەکات و بەو دەستخۆشانەو پێناسانە قەناعەتناکات کە لەدەرەوەی کایەی هونەر و پرنسیپەکانی ئەزموونی خوڵقاندنی بەرهەمی هونەری، وەک بارانی ڕەحمەت بەسەریا دەبارێن! کەواتە بەردەوامبوونی هونەرمەند نیشانەی پشتگیریکردنی گوتاری سیاسی نییە بۆهونەر، کەلەهەمان کاتیشدا پارسەنگی هەڵسەنگاندنی زاڵە لەسەر بەرهەمی هونەری.. ئەگەر وابوایەو وەسفی گوتاری سیاسی پارسەنگبوایە بۆ ئاشناکردنی هونەر بەکۆمەڵگای ئێمە، ئەوە دەبوو ئێستا ژیانی ئابووری هونەرمەندەکانمان بەجۆرێکی دیکە بوایە. لەڕاستیشدا ئەگەر هونەرمەندەکانی ئێمە«لەوانەش ڕێبوار»، بەنیازی فرۆشتنی تابلۆکانی «بەکورد» بەردەوامبووایە، ئەوە لەمێژبوو ناچارمان کردبوو هونەر جێبهێڵێت و خۆی فێری کاسپیەکی تر بکات!

کەواتە بەردەوامیی ئەو، نیشانەی ملکەچی ڕێبوار نییە بۆ ئەو پێناسانەی کە گوتاری سیاسی بەئاماژەکردن بۆ واقیعی کوردی لەسەر هونەر بەرهەمیاندەهێنێت. هێندەی ئەوەی بەردەوامییە لەسەفەرە هونەرییەکەی خۆیدا.. هەتا دێت ئەو سەفەرەیش مەترسیدارتر دەبێت و خەمەکانی هونەرمەند زیاددەکات. ڕێبوار لەلایەکەوە، بەردەوام خەمی «بەهونەرکردنی» تابلۆکانی دەخوات،«واتە دەیەوێت بەرهەمەکانی پێش هەموو شتێک هونەر بن و»، لەلایەکی تریشەوە خەمی چڕکردنەوە و ڕەنگاوڕەنگکردنی ئەو پێناسەیە دەخوات کە بۆخۆی دەیەوێت لەڕێگەی هونەرەوە بۆ جیهان و«جیهانی مرۆڤی کورد»بەتایبەتی بەرهەمیبهێنێت.. ئەمەش بەواتای ئەوەیە، بەردەوامبوونی ڕێبوار بۆ ئیسپاتکردنی«هونەر بوون»ی بەرهەمەکانی، خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەنزیکبوونەوەی ئەو لەو پێناسەیەی کەدەیەوێت بۆ جیهانی ئێمەی بکات و لەهەمان کاتیشدا بەهۆیەوە گوتارێکی سەربەخۆ و زمانێکی تایبەت بۆ هونەر بەرهەمبهێنێت. ئالێرەشدا ناتوانم بڵێم کام خەمەی ڕێبوار لەپێشترە: ئایا لەدوا ئەنجامدا «جیهانی مرۆڤی

کـورد»و تراژیدیاکـانی، تابلۆکـانی ڕێبـوار دەکـەنە تـابلۆی هونـەری؟ یاخـود مـانـای ژیان و تراژیدیا لـەتابلۆکـانی ئەودا، پتـر لەجـیـهـانی واقـیـعمـان نزیکدەخـاتەوە و نهـێنیـەکـانیمـان بۆئاشکرا دەکات؟

(٨)

یەکێک لە ئەرکـەکـانی «ڕەنگ» بریتـییـە لـەدروسـتکردنی تەبـایی و ئارامی و هـاوسـەنگیی لەژیانـی مـرۆڤـدا. ئـەگـەر ئەمــە ڕاست بێت، ئەوە دەتـوانین بەلەبـەرچاوگـرتنی گـرنگیی ڕەنگ لەهونـەری ڕێبـواردا، بۆ وەڵامی ئەو پرسـیـارەی سـەرەوە بڵـێین: هونەری ڕێبـوار بە تـایبـەتی لەپێشانگـای یادی «هەڵەبجە»دا، پێدەچێت نەک ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤی ئێمە نەبێت، بەڵکو هەوڵدانێکی زیرەکانەش بێت بۆ خولقاندنەوەی ئەو هاوسەنگی و ئارامییەی ئێمە لەتراژیدیای هەڵەبـجـەدا، لە دەسـتـمـاندا و لەوێش بە دواوە بۆیەکـجـارەکی لێی بێـبـەشکراین. بەڵام ئەو هاوسـەنگییـەی ڕێبـوار ئیشـی بۆ دەکات هەر لەپێناوی یادکردنەوەدا نییـە، بەڵکو لە پێناوی بەرزکـردنەوەشـیـیـەتی بۆ ئاسـتـە جیـاوازەکـانی دەربڕینـی هونـەری. «دەم و چاوەکـان»ی ناو تابلـۆکـانی ڕێبـوار مـردوونین و تەمـاشـامـاندەکـەن، هەر بۆیەشـە نامـانخـەنە گـریان؛ بـەڵکو ئارامیـمان پێدەبەخشن. تەماشـاکردنی ڕووخسـارەکان نامـانخاتە غایەڵەی مـەرگـەوە، بەڵکو ژیانمان لەلا خۆشەویستدەکات. هەر ئەمـەیشـە خاڵی خۆ جیاکردنەوەی ڕێبوار لەسـەرجـەمی زمـانی ئەو ئەدەبیـات و وتـاری سـیـاسـی و فـیلم و شـانۆنامـانەیش، کـە لەدوای تراژیـدیای هەڵەبجە، بۆ یادکردنەوەی ئەو تراژیدیایە بەرهەمهاتن و هەتا ئێستاش بەرهەمدێن...

بەشێکی زۆری ئەو بەرهـەمـانە، لـەجیاتـی ئەوەی دەلاقـەیەک لەبەردەم مـرۆڤی کوردا بکەنەوە تابتوانێت سەرلەنوێ بەردەوامبێت و ژیانی خۆشبوێت، ئەوا ناچاریدەکات بەردەوام لەماتەمیدا بمێنێتـەوە و تازیـەبار بێت.. لەجـیـاتی ئەوەی هێـزی ژیاندۆسـتـیـمـان پێ ببـەخـشن، خـۆڵی مـەرگمان بـەسـەرا دەبارێنن. بەڵام خاڵی جیاکارە لەیادکردنەوەکەی ڕێبواردا، ئەوەیە کە ئەو بەڕووخـسـار و چیرۆکی پشـتـەوەی ڕووخـسـارەکـانی، کـە پڕن لـەبەسـەرهـاتی ژیانی مـرۆڤی ئاسـایی؛ خـۆی لەو شـەپۆلە هونەرییـە جیاکردۆتەوە کە ئەوە سـاڵانێکە بەناوی «یادکردنەوەی تراژیـدیای هـەڵەبـجـە»وە، ناهێـڵـێت ئێـمـەی کـورد لـەژووری تازیەکـەمـاندا هـەسـتـینەوە و هەناسـەیەکی کامەرانی هەڵکێشین.. پێنج هـەزار ڕووخسارەکەی ڕێبوار بانگهێشتنی ئێمەیە بۆ پـەیوەندی بەسـتن لـەگـەڵ پێنج هـەزار چیـرۆک و بەسـەرهـاتدا.. ڕێبـوار خـۆی دەکـاتە حـەکایەتبێـژێک تا بە حـەکایەتە ڕەنگینەکانی پێنج هـەزار فرسـەخ ترسی مردنمان لەسـەردا

بکوژێت و بایی ئەوەش بەهاوسەنگی و تەبایی ژیانمان ئاشنابکاتەوە. یادکردنەوەی تراژیدیای ئێمە لەم پرۆژەیەدا، پەیوەندی بەستنە لەگەڵ مانای مەرگی قوربانیدا وەک مەرگێک کە چیدی نابێت دووبارەببێتەوە. مەرگی قوربانی «نمونەیەکە» نەک «سەرمەشقێک». ئەمەش بەوەی کە ئێمەی زیندوو سارمۆنیای یادکردنەوەکانمانبکەینە سەرەتایەک بۆ «مانابەخشین» بە ژیان، نەک «نەمرکردنی مەرگ»..

* * *

ڕەنگە هەر ئەمەش خاڵی پێکگەیشتنی خوێندنەوە فیکریەکانی زۆر لەنووسەرە تازەگەرەکانی ئێمەو خوێندنەوە ستاتیکیەکەی ڕێبوار بێت، واتە ئاگایی و ئاوڕدانەوە لەخاڵی «باوەشکردنەوە بۆ ژیان لە هونەر و ڕاڤەکردنی فیکریانە»دا، ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی لەواقیعدا مافی ژیانت لێدەسەنرێتەوە. من ئەم خاڵە ناودەنێم «هاوچەرخیبوون» کەلەهەمان کاتیشدا بەڵگەیە لەسەر تێکهەڵکێشبوونی چارەنووسی گوتاری فیکری و گوتاری ستاتیکی لەخوێندنەوەیاندا بۆ کۆمەڵگاو لەڕەخنەیاندا بۆ گوتاری سیاسی ئێمە.. چونکە لەکاتێکدا گوتاری سیاسی نرخی ئەم پرۆژەیە بەوەدا هەڵدەسەنگێنێ، کەئاخۆ هەڵەبجە چۆن لەکارەکانی ڕێبواردا «ڕەنگی داوەتەوە؟»؛ ئەوە خولیای خوێندەوە ستاتیکیەکان و ڕەخنەییەکانی ئێستای ڕۆشنبیرە تازەگەرەکانی ئێمە ئەوەیە، گۆڕانێک لەدیدی ئێمەدا بۆ ژیان و هونەر و بەشداربوونی هونەر لەیادکردنەوەکاندا بهێننەدی.. واتە لەکاتێکدا کە گوتاری سیاسی هەموو مانای بەرهەمی هونەری لە وەفاداریدا بۆ ئامانجە سیاسیەکان بچووکدەکاتەوە، ئەوە خوێندنەوە هاوچەرخەکان بانگهێشتنماندەکەن بۆ چوونە ناو جیهانی بەرهەمەکان و ئاشکراکردنی دەلالەتە شاراوەکانی ناویان.. ئەو دەلالەتانەی پێش هەمووشتێک بەهای کارەکان وەک کاری هونەری سەربەخۆ و وەک ئەنجامی ئەزموونی ستاتیکی هونەرمەند لەدنیادا، دەسەلمێنن..

ڕێبوار لەم پرۆژەیەیدا ئەوەی سەلماندووە کە دەکرێت «هونەر» لەخوێندنەوەی بۆدنیادا، خۆی لەدەسەڵاتی خوێندەوەی گوتاری سیاسی ڕزگاربکات و ئەو نرخانە ڕەتبکاتەوە کەئەو گوتارە لەسەر پرنسیپە غەیرەستاتیکیەکانەوە، پێیدەبەخشن.. چونکە ئەوە ڕاستە، کەڕێبوار سەرجەمی پرۆژەکەی لەپیشانگایەکدا«خستۆتە ڕوو» بەڵام خستنەڕووی کارەکان بەمانای «ئاشکراکردن»ی نهێنیەکانی داهێنانی ستاتیکی نییە. نیازی ڕێبوار لەکردنی «تراژیدیای هەڵەبجە» بەسەرچاوەی پرۆژەکەی و پیشاندانەوەی لەپیشانگایەکدا، هەر ئەوە نەبووە کەیادی

ئەم کارەساتە بکاتەوەو بمانخاتەوە بەردەم هەمان تراژیدیا. بەڵکو نیەتی ئەوەش بووە کە پێمانبلێت، ئەو چۆن تایبەتمەندیی خۆی ئەدات بە هەڵەبجە و لەهونەردا بەرهەمیدەهێنێتەوە. واتە ئەو لەرێگای تراژیدیای هەڵەبجەوە، تراژیدیای هونەر و تراژیدیای خۆیمان بەیاددەهێنێتەوە. واتە ریوایەتێکی دیکە لەسەر ئەو بەشەی مێژووی ئێمە بەرهەمدەهێنێتەوە کەتەواو جیاوازە لەو وەسفە ساکار و بەزەیی بزوێنانەی بەردەوام گوتارە سیاسیەکان چەندبارەی دەکەنەوە.. بەراستی یەکێکیش لەخەسڵەتە سرووشتییەکانی هەموو تراژیدیا گەورەکانی وەک هەڵەبجە و ئەنفالیش ئەوەیە، کەلەچەندین شێوازی ریوایەتکردن و بەرهەمهێنانەوەدا بەرجەستە دەبنەوە.

ئێستاش بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە سادەکەمان کەگوتم: «ئەو جەوهەرە چییە لەم پرۆژەیەی رێبواردا، کەبوارمان دەداتێ جیای بکەینەوە لە لێشاوی ئەو بەرهەمانەی بۆ تراژیدیای هەڵەبجە بەرهەمهاتن و هانماندەدات بەشێوەیەکی جیاواز بیخوێنینەوە؟»، دەتوانم بڵێم: ئەو جەوهەرەی بەپلەی یەکەم هانماندەدا بۆ قسەکردن و راڤەکردنی ئەم پرۆژەیە، بریتییە لەپێویستیی بەرهەمهێنانی «ریوایەتێکی رەخنەیی و فیکری» بۆ هەمان تراژیدیا.. چونکە تەنیا کاتێ بەدەربرینی هەمەرەنگ و بەئاستی جیاجیا دەکەوینە ریوایەتکردن و یادکردنەوەی تراژیدیاکانمان؛ ئەوە مانای مەرگی قوربانیەکانمان لە«بێمانایی»یادکردنەوە ساکارەکانی ناو ستوونی رۆژنامەو خوتبە سیاسیەکان و دەزگاکانی یادکردنەوە، رزگاردەکەین و ناوەرۆکێکی دیکە بە چەمکی یادکردنەوە دەبەخشین..

لەندەن: ٤ ی ١٩٩٨

پەراوێز:
(*) ئەمەش وەک بەشداریکردنێک لەو ئێوارەکۆرەدا، کە(شەماڵ)ی هونەرمەند لەسەر پرۆژەکەی (رێبوار) لە لەندەن، رۆژی ٢٥ی ٨ی ١٩٩٨سازیکرد.

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ یۆست هیلتەرمان

## ئامادەکردنی: ئاراس فەتاح

ڕەهەند: ئەنفال دەتوانرێت بەسیستمێک لە کۆشتن و بە پێکهاتەی پلانێکی سیستمەتاتیزەکراو لە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵی کورد لەقەڵەمبدرێت. دەتوانن بە کورتی لەسەر چونێتی کارکردن و ئاستەکانی پیادەکردنی ئەم پلانە بدوێن؟

**هیلتەرمان**: ئەنفال چەند عەمەلیاتێکی (ئۆپەراسیۆنێکی) سەربازی بوو کە لە لایەن چەندان کەرت یان یەکەی ناو سیستمی بەعسەوە پیادەکرا. کەرتە سەربازییەکان، ئیستخباراتی ئەمنی سەربازی، پارتی بەعس و چەندان کەرتی تایبەتی تریش. ئەمانە بە گشتی هەموو پێکرا لە پیادەکردنی ئەو جینۆسایدە بەشداربوون.
ئەوەی ڕوویدا بریتیبوون لە مانەی خوارەوە: لە هەشت قۆناغدا چەکی کیمیاوی لەو ناوچانانەدا بەکارهێنرا کە لەناو خانەی زۆنی قەدەغەکراودا خۆیان دەبینییەوە. بەم جۆرە فشار بۆ دانیشتوانی ئەو گوندانە هێنرا تاوەکو خۆیان بگەیەننە سەر شەقامەکان. ئەم مرۆڤانە لەوێوە ڕاپێچکران بۆ «نێوەندەی ڕاگواستنەوە»، لە پاشانیشدا بەرەو مەرکەزەکانی جەیشی شەعبی لە کەرکوک پەلکێشکران. لەوێشەوە لەلایەن کەرتی تایبەتی ترەوە، لەناو ماشێن و ـــ پاصی کێلۆنکراو و پەنجەرەڕەشکراودا بەرەو ڕۆژئاوای عێراق دەگوازرێنەوە. لە باکورەوە بۆ باشووری بیابان دەگوازرێنەوە. لەوێشدا پیاوەکان و لەزۆربەی حاڵەتەکایشدا ژنان و منالەکانیش ڕەمیدەکرێن، دەکوژرێن و بە بلدۆزەر مردووچاڵیان دەکەن. بە تەقدیراتی ئێمە نزیکەی سەد هەزار (١٠٠٫٠٠٠) کەس لە پیاو و ژن و منال، کە زۆربەیان مەدەنی بوون، بە شێوەیەکی سیستێماتیکی دەکوژرێن.

ڕەهەند: ئێوە لە ڕێگای ڕێکخراوەکەتانەوە (HRW) هەوڵدەدەن، سەدام حوسەین بە تاوانی «بەکۆمەڵکوشتن» بە دادگا بدەن. ئەوەندەی من ئاگادارم، بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پێویستیتان بە کۆمەکی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک دەبێت، بۆئەوەی بتوانن شکات لە ڕژێم یان دەوڵەتی عێراق بکەن. دەتوانن پێمان بڵێن تا ئێستا لەو کۆششکردنەتاندا گەیشتوونەتە کوێ؟

**هیلتەرمان**: ئێمە بۆ ئەم مەبەستە، واتە لە پێناوی ئەوەی مەسەلەی ئەنفال بگەیەنێنینە دادگای نێونەتەوەیی، لەگەڵ چەند حکومەتێکدا چەندان گفتوگۆی جدیمان کردووە. لە دووتوێی هەوڵەکانماندا ڕوونبووەوە کە هیچ دەوڵەتێک ئامادەنییە بەتەنها ئەم مەسەلەیە لەئەستۆبگرێت. هەر یەکێک لەو حکومەتانە لە لایەن خۆیەوە، ئەوە بە باش دەزانێ کە لایەنێک بێت لە کوالیسیۆنێکی گەورە، تاوەکو موجازەفەی ئەم مەسەلەیە لەسەر خۆی کەمبکاتەوە و تێچوونیشی (لەڕووی داراییەوە) لەگەڵ ئەوانی تردا دابەشبکات. هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە هەوڵماندا تەحالوفێک دروستبکەین کە ئامادەبێت مەسەلەیەکی لەم جۆرە قبوڵبکات. دیارە ئەوان خواستی ئەوەیشیان هەبوو کە دەوڵەتێکی ئەورووپیش لەو تەحالوفەدا بەشداربێت، بەڵام ئێمە هیچ دەوڵەتێکی ئەورووپیمان نەدۆزییەوە کە ئامادەی ئەم کارە بێت. سەرەڕای ئەوەش ئێمە پێویستیمان بە هاریکاری سیاسی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە. دیارە ئەمریکا لەبەر هەندێ هۆکاری یاسایی ناتوانێت ئەم مەسەلەیە لە ئەستۆبگرێت، بەڵام ئەوان دەتوانن پشتیوانی ئەم مەسەلەیە بکەن. ئێمە تاوەکو ئێستا بە تەنها موافەقەتی شەفەوی ئەمریکامان هەیە، واتە هێشتا نەچۆتە سەر ئاستی عەمەلی.

**ڕەهەند: ئایا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەوڵەکانتان کەم تا زۆر لەبەر نەبوونی خواست، یان وویستی سیاسی فەشەلی هێناوە؟**

**هیلتەرمان**: ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستە. من لەو بڕوایەدا نیم کە هەوڵەکانمان سەرتاپا فەشەلی هێنابێت. ئێمە بەردەوامدەبین لە کۆششەکانمان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. بەڵام دیارە ئەوە ڕاستە کە ئێمە تاوەکو ئێستا هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆمان بەدەستنەهێناوە، چونکی خواستی سیاسی تەواو بوونی نییە. هەربۆیە دەبێت ئێمە ئێستا خۆمان پتر ماندووبکەین بۆئەوەی وویستی سیاسی دروستبکەین. من وایدەبینم کە دوو ئیحتیمالمان لەبەردەستدایە. یەکەم، یان ئەوەتانێ دۆخی سیاسی لە ناوەوە دەگۆڕێ، لێرەشەوە ڕێگەمان بۆ خۆشدەبێت کە ئێمە بەڵگەیەکی زۆرتر کۆبکەینەوە؛ ئەمەش وادەکات کە سەرنجی جیهانی بۆ ئەم مەسەلەیە گەورەتر بێت و لەوێشەوە زەمینەی ئەوە خۆشدەبێت کە بتوانین ئەو کەسانەی لێپرسراوی جینۆسایدەکەن شکاتیان لێبکەین، بیانبەینە بەر داردگا و بە سزای خۆیانیان بگەیەنین.
ئیحتیمالی دووەم ئەوەیە، کە دۆخی سیاسی نێونەتەوەیی بەو ئاراستەیەدا بەرەو گۆڕان بچێت کە بۆ دەوڵەتێکی یان چەند دەوڵەتێکی ئەورووپی ئەو مەسەلەیە ئەوەندە جێگای سەرنجڕاکێشان دەبێت، بۆئەوەی ئەم مەسەلەیە بگەیەننە بەردەم دادگا. لەوانەشە ئەمریکا ئەم

مەسەلەیە بە (خیار) هەڵاوێردێکی باش ببینێت، بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بۆ سەر سەدام حوسەین بهێنێت و بیخاتە شوێنگەی بەرگرییەوە (موقع دفاعی)، لەبەرئەوەی ئەوان هەروا بە ئاسانی ناتوانن سەدام بۆردومانبکەن، چونکی ئۆپۆزیسیۆنێکی گەورە لە ئاستی جیهانیدا هەیە کە دژ بە بۆردومانکردنە. تاوانبارکردنی عێراق بە جینۆساید و شکاتکردن لێی لەسەر ئەو بناغەیە، دەتوانێت فشارێکی گەورە بۆ سەر عێراق بهێنێت.

**ڕەهەند: پرۆژەی (ئێندایت ـ Indict) کە لەلایەن چەندان کەسایەتی و لایەن و ڕێکخراوانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دروستکراوە، بە ئامانجی ئەوەی سەدام حوسەین بە تاوانی «تاوانبارێکی جەنگ» بدرێتە دادگا. دیارە ئەم پرۆژەیە لە ئەمریکا و ئینگلستان کەم تا زۆر پشتیوانی پەیداکردووە و پێشوازی مەعنەوەی لێکراوە... ڕای ئێوە بەرامبەر ئەم پرۆژەیە چییە، ئایا واینابینین کە ئەم پرۆژەیە پتر نرخێکی ڕەمزی هەیە وەک بوونی بە واقیع؟**

**هیلتەرمان**: من لێرەدا حەزدەکەم زۆر بە ڕوونی پشتیوانی خۆمان بۆ پرۆژەی (ئینداێت) ئاشکرابکەم. لە ڕاستیدا ئێمە پاڵپشتی پرۆژەی ئینداێت دەکەین، بەڵام موتابەعەی ناکەین، چونکی خواستی ئەم پرۆژەیە دروستکردنی (تریبوونالّ ـ دادگا)یەکی نێونەتەوەییە بۆ مەحکومکردنی سەدام. بۆئەوەی ئەم تریبونەش بێتەکایەوە، دەبێت (نەتەوە یەکگرتووەکان) بڕیاری لەسەر بدات. دیارە ئەمەش بە بۆچونی ئێمە کارێکی مەحاڵە، چونکی بڕێک لە ئەندامانی (مەجلیسی ئاساییش) ئامادەی پشتیوانکردنی پرۆژەی لەوجۆرە نابن. لەوانەیە ئەمریکا و ئینگلستان ڕەزامەندی خۆیان بۆ کارێکی لەجۆرە دەربڕن، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە فەرەنسا و ڕوسیا و چین دژ بەم جۆرە پێشنیارە (مافی فیتۆ) بەکاردەهێنن و پووچیدەکەنەوە. بەتەنها لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئێمە (ڕێکخراوەکەمان) لای خۆمانەوە بڕیارماندا کە پلان بۆ هەندێ داخواز و ئامانجی سنووردار و واقیعی بکێشین، چونکی لەڕووی پراکتیکییەوە گەیشتن پێیان ئەگەرێکی گەورەترە لەوەی کە پرۆژەی (ئیندایت) کاری بۆدەکات. بۆیە خواستی ئێمە ئەوەیە کە لە دادگای نێونەتەوەیی شکاتی جینۆساید بکەین. دیارە ئێمە خەمی جۆرەکانی تری (تاوان ـ جریمة)یش دەخۆین، وەکی (تاوانی جەنگ)، بەڵام لەو بڕوایەداین کە ئەمەیان ناچێتەسەر. بە پێچەوانەشەوە بۆ ئەوەی بتوانیت لای دادگایەکی نێونەتەوەیی شکاتبکەیت پێویستت بە (مەجلیسی ئاساییش) نابێت، بەڵکو دەوڵەتێکت پێویست دەبێت کە بە کاری ئەو شکاتکردنە هەڵسێت. لەڕاستیدا لەم دواییەدا بۆمان ساغبووەوە کە زیاتر لە یەک دەوڵەتمان پێویستە، چونکی ئێمە دەبێت یەکێتییەک پێکبهێنین،

ئەمەشمان تاوەکو ئێستا بۆ نەڕەخساوە. بە مانایەکی تر نەک بە تەنها بۆ (ئێندایت)، بەڵکو بۆ ئێمەش هەروا کارێکی ئاسان نییە کە سەدام حوسەین پەلکێشی بەر دادگا بکەین.
من دەمەوێت جارێکی تر بەتوندی ئەوە دووبارەبکەمەوە کە ئێمە پشتیوانی پێکهێنانی تریبونێکی نێونەتەوەیی دەکەین، لێرەشەوە پاڵپشتی پرۆژەی (ئێندایت)ین. دیارە ئەم پرۆژەیە تاوەکو ئەمرۆ سنووردارە و هاریکاری لە ئینگلستان و ئەمریکا بۆ دروستبووە، بەڵام وەکی دی بە پلەی سەرەکی ڕەمزییە.

**ڕەهەند: لە پاش داڕوخانی سیستمی بلۆکی ڕۆژهەڵات چەمکگەلێکی وەک ئاشتی، دیموکراسی، ئازادی... هتد لە خیتابی سیاسیدا بوون بە خواستێکی نێونەتەوەیی. پاش داگیرکردنی کویت لە لایەن ماشێنی سەربازی سەدام حوسەینەوە بۆ ماوەک لە ڕووی پراکسیسەوە باس لە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی نوێی نێونەتەوەیی دەکرا... دەکرێت ئەمرۆ پاش هەموو ئەو تاقیکردنەوە تاڵانەی ناوچەکە لەوە بدوێین کە عەقڵییەتی پێش جەنگی سارد هەر بەردەوامە؟**

**هیلتەرمان**: گومانی تێدا نییە کە ئەمە پرسیارێکی گەلێک گرنگە. پێش پەنجا ساڵ، واتە پاش هۆلۆکۆست و جەنگی جیهانی دووەم کۆمەڵەی دەوڵەتی نێونەتەوەیی چەند یاسایەکی نێونەتەوەیی پێکهێنا. یەکێک لەوانە بڕیارەکانی جنێف و جینۆساید بوو. ئەم یاسایانە پیادەکران (دیارە بەرامبەر بەوەش هەندێ جار زۆر بە قورسی بریندار کران، بەڵام هەموو کەسێک دەزانێت کە بڕیارگەلێک هەن بە ناوی بڕیارەکانی جنێفەوە و چەندان کەسیش بە تاوانی بریندارکردنی بڕیارەکانی جنێفەوە مەحکومکران. بەرامبەربەوەش بە پێچەوانەوە بڕیارەکانی جینۆساید پیادەنەکران، ئەگەرچی لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا چەندان جینۆساید لە وڵاتی جیاجیادا پیادەکراون، سێ حاڵەتیش لە دە ساڵی ڕابردوودا ڕوویداوە؛ ساڵی ١٩٨٨ لە عێراق، لە بۆسنە و یۆگسلاڤیای ئەوکات و ڕوانداش لە ساڵی ١٩٩٤ دا جینۆساید پیادەکراون. شتێکی زۆر ناڕەحەتکەرە کە تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ ئەوەی بڕیارەکانی جینۆساید پیادەبکرێن، هیچ هەنگاوێک نەنرا بۆ وەدووکەوتن و مەحکومکردنی لێپرسراوانی ئەو جینۆسایدانە بەپێی بڕیارەکانی جینۆساید. من لەو بڕوایەدام کە جۆرە حاڵەتێکی لەو شێوەیە مانای بەگۆڕکردنی ڕەوایەتی و متمانەی ئەو دەزگا و کەرەسانە دەگەیەنێت، گەر بڕیارەکانی پیادەنەکرێن. لێرەوەیە کە من نیگەران و بێهیوا و تووڕەم لەوەی کە ئێمە نەمانتوانی بۆ حاڵەتێکی وەکی حاڵەتی کوردان ئامادەگی سیاسی بڕەخسێنین بۆئەوەی بیگەیەنێنینە بەردەم دادگای نێونەتەوەیی.

ئێمە هەوڵدەدەین قەناعەت بە حکومەتەکان بهێنین کە ئێمە نامانەوێت عێراق سزابدەین. لەوانەیە ئەمە لە بەرژەوەندی ئەوان بێت. بەرژەوەندی ئێمە لەوەدا نییە عێراق سزابەین، لەبەرئەوەی حکومەتەکەی خراپە یاخود بابەتی لەو جۆرە، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێت داوەریکردنی سەکردەکانی عێراقە و گەیاندنیانە بە سزای یاسایی خۆیان، چونکی ئەوان بە بڕوای ئێمە بە پیادەکردنی جینۆسایدێک هەڵساون. ئێمە ئەمەمان گەرەکە، تاوەکو (تەعویز) بە قوربانییەکان بدرێت، ئێمە دەمانەوێت ئەوە روونبێتەوە کە چی بەسەر چارەنووسی قوربانییەکان هاتووە. لە پێش ئەمانەشەوە خواستی ئێمە ئەوەیە کە لە داهاتوودا رێگە لەبەر جینۆسایدێکی تر بگرین. گەر ئێمە نەتوانین بەرامبەر بە حاڵەتی کوردان و حاڵەتگەلێکی وەکی بۆسنەو رواندا رووبەڕوونەبینەوە و رانەوەستین و نەڵێین "نەخێر"، ئەوا ئیتر ناتوانین گەرانتی ئەوە بدەین کە لە شوێنی تر رێگە لە کارەساتی لەو جۆرە بگرین. بۆ نموونە لە کۆسۆڤۆ لەوانەیە دروستبێتەوە، لەوانەیە لە بوروندی و چەندان وولات و شوێنی تردا دووبارە ببنەوە. ئایا ئەمە ئەو جیهانەیە کە ئێمە دەمانەوێت تیایدا بژین؟

رەهەند: رژێمی عێراق وەک ئاشکرایە لە کۆششی ئەوەدایە کە جارێکی دی بە هەر شێوەیەک بووە بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و رەوایەتی رابردووی وەربگرێتەوە. سیاسەتمەدارانی عێراقی دووبارە لە سەفەری مەکۆکی ناو وولاتاندان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. گەر ئەم هەنگاوانە لە داهاتوودا ببن بە واقیعێکی سیاسی نوێ، ئایا دەتوانرێت بگوترێت کە ئەنفال پرۆژەی مەرگێکی تەواونەبووە؟

**هیلتەرمان**: ئەنفال هێرشێکی سەربازی بوو کە لە دووتوێی جەنگی عێراق ـ ئێراندا پیادەکرا و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەستراوی ئەم جەنگە بوو. بێگومان لە هەمان کاتیشدا بەشێک بوو لە سیاسەتێکی بەرفراوانتری بەعس بەرامبەر بە هەموو کورد. دیارە سیاسەتی خاپورکردنی گوندەکان، بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان دەچنە ئەو خانانەی کە لە پێش جەنگدا پیادەکران، بەڵام جەنگی عێراق و ئێران ئەم سیاسەتەی هێرشی (حەملەی) ئەنفالی خێراتر کرد. لە کاتێکدا کە کورد لە کاتی جەنگدا رۆڵێکی بەرچاوی لە بێهێزکردنی زیاتری حکومەتی مەرکەزی دەبینی، ئەوکاتە بڕیاری ئەوەدرا کە دەبێت چارەسەرێکی بنبڕانە بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە. دۆزینەوەی ئەو چارەسەرەش لە عەمەلیاتەکانی ئەنفالدا بەرجەستەبوو. ئەوەی ئێمە لە خواستی شکاتکردنەکەماندا گەرەکمانە بیگەینێ، ئەوەیە کە ئێمە گەرەنتیمان بۆ کوردان دەوێت. چونکی تاوەکو ئەو کاتەی کە ئەم رژێمە دەسەڵاتی بەدەستبێت، لە هەوڵی

ئەوەدا دەبێت بەردەوامێتی بەو پلانە بدات و درێژە بەو عەمەلیاتانە بدات. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕژێمی عێراق هەمیشە و بە میتۆدی جیاجیا لە کۆششی ئەوەدایە کە دژ بە ناسیۆنالیزمی کورد بجەنگێت. ئەم جۆرە سیاسەتەش بە پێوانەی نێونەتەوەیی جێگای قبوڵکردن نییە. بۆ نموونە شیاوە کە جارێکی دی بە جینۆسایدێکی دی هەڵسێتەوە یان ئەگەر چەکی کیمیاوی لەبەردەستدا بێت، دووبارە بەکاریدەهێنێتەوە. ڕژێمی عێراق ترسناکترین و ناڕەواترین (ناشەرعیترین) میتۆدە بەکاردەهێنێت، وە گەر بۆی بلوێت جارێکی دی بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ــ بۆ نموونە لە حاڵەتی پۆلپۆتدا جارێک شتی وا ڕوویدا ــ، ئەگەری هێرشبردنە سەر کوردان لەئارادادەبێت. ئەم ترسە بە هەمان شێوەش بەرامبەر بە گروپەکانی تر ڕاستە. لە ڕاستیدا بیرکردنەوە لەم حاڵەتە گەلێک ناڕەحەتم دەکات.

ڕەهەند: **جگە لە پرۆژەی (ئێندایت) چ ڕێکخراو و دەستە و حیزبێک لە کۆششی لەو جۆرەدان کە شکات لە ڕژێمی عێراق بکەن؟**

**هیلتەرمان**: هەروەکو گوتم پرۆژەی ئێندایت کە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی لە خۆگرتووە، موبادەرەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام لەبەر ئەو پێکهات و بەرژەوەندییە سیاسییانەی کە لەناو (مەجلیسی ئاساییش)دایە، شانسی بەئەنجامگەیاندنی لە ئاستی نەبووندایە.... لەو چرکەساتەی کە (مەجلیسی ئاساییش) دادگاییکردنێکی لەو ئاستە قبوڵبکات، ئەوا کۆی دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.... لە لایەکی ترەوە سەرانی کورد خۆیان هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەناوە بۆ ئەوەی ئەنفال بکەن بە بابەتێکی تایبەت. ئەوان لە ئاستی دیبلۆماسیدا هیچ هەنگاوێکی وایان نەناوە کە شایستەی باسکردن بێت، بۆئەوەی مەسەلەی ئەنفال بەرەو پێشەوە ببەن. من لەو بڕوایەدام سەکردەکانی کورد پتر چاوەڕێی ئەوەدەکەن کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەگشتی شتێک دژ بە حکومەتی عێراق بکات، لە کاتێکدا ئەوانیش بەرژەوەندییان لەوەدا نییە کە لە پێناوی جینۆسایددا دژ بە ڕژێم شتێک بکرێت. من وای دەبینم کە تاوەکو ئێستا بۆ سەرانی کورد ڕوون نییە کە شکاتکردنیان لە ڕژێم لەسەر بناغەی تاوانبارکردنی بە جینوحۆساید چ قورساییەکی نێونەتەوەیی وەردەگرێت... لە کاتێکدا ئێمە بینیمان کە لەسەر بناغەی تاقیکردنەوەی جووەکان لە جەنگی جیهانی دووەم ئەم جۆرە شکاتکردنە چ مانایەک وەردەگرێت. گەر ئەوان پێیان بزانیبایە کە بەدەستهێنانی شتێک لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی چ مانایەک لەخۆدەگرێت، ئەوکاتە دەستیان دەکرد بە قسەکردن و دوان لەسەر ئەوەی کە ئەنفال (لە ڕاستیدا) فیعلەن چییە!

ئێمە لای خۆمانەوە گرنگی زۆر بەوە دەدەین کە لەسەر ئەو مەسەلەیە گفتوگۆبکەین. من ئێستا دەتوانم بۆ لای حکومەتێک بمەوێت، بڕۆم و بپرسم: ئەوان دەتوانن چی بۆ مەسەلەی ئەنفال بکەن... ئەوانیش لەوەڵاممدا دەڵێن: تۆ لەسەر چی قسەدەکەیت! من کاتێک لەوان بپرسم: ئایا ئێوە چیتان بەرامبەر بە جینۆسایدی کوردان پێدەکرێت، ئەوان وا بیردەکەنەوە کە ئەمە پروپاگەندەیەکە و هیچی تر. بۆیە بەڕای من سەرانی کورد کۆمەڵێک کاری سەرەتایی و بنەغایەیی هەیە کە دەبێت بیکەن، ئەوان دەبێت بە ڕوونکردنەوەی ئەوە دەستپێبکەن کە ئەنفال چییە. هەروەکو دوێنێ لە کۆنفرانسەکەدا هێمام بۆکرد، ئەمە یەکەم کۆنفرانسە من تیایدا بەشداردەبم کە لەسەر ئەنفال بگیرێت و بە تەنها یادکردنەوەی هەڵەبجە نەبێت... ئەمە یەکەم کۆنفرانسە کە تایبەت بێت بۆ بابەتی ئەنفال. من بەشبەحاڵی خۆم بەم جۆرە کارانە گەلێک خۆشحاڵم. کوردەکانی دەرەوەی کوردستان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کە هەردووکیان زانیارییەکی باشیان لەسەر ئەنفال هەیە، لێپرسراون لەوەی ئەم زانیارییانە تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت بڵاوبکەنەوە و بگەیەننە جێگای مەبەستەکان. بۆ ئەم مەسەلەیەش بەتەنها گرنگ نییە کە بە کوردی لەسەر ئەو مەسەلەیە بنووسرێت، ـ بێگومان زۆر گرنگە کە کورد بۆخۆی بەو کارە هەڵسێت ـ بەڵکو زۆر گرنگیشە کە ئەم زانیارییانە لەناو ئەو وڵاتانەی کە کوردە ئاوارەکان تیایدا دەژین و نوێنەری خۆیان هەیە، بگەیەنرێتە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و لەگەڵ لێپرسراوانی حکومەتی ئەو وڵاتانە قسەبکرێت. ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە، ئەوان دەبێت بزانن کە ئەو حکومەتانە ئامێزیان بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە نییە، بۆیە دەبێت زۆر بە حەزەرەوە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە هەڵسوکەوت بکەن.

**ڕەهەند: ئەوەی ئاشکرایە حکومەتی عێراق مەسەلەی ئەنفالی نەشاردۆتەوە وەکی ڕووداوێک، بەڵام حیکایەتی ئەو بۆ ئەنفال چیرۆکێکی ترە. ئەوان باس لە ڕاپێچکردنی هەزاران کەس دەکەن، بەڵام ئەوە ڕووناکەنەوە کە چارەنووسیان چی بەسەرهاتووە. ئایا چۆن دەتوانرێت حکومەتی عێراق ناچاربکرێت کە دان بە چارەنووسی ئەو کوردانەدا بنێت و لەوێشەوە کوشتنی بەکۆمەڵی کورد ساغبکرێتەوە؟**

**هیلتەرمان**: من لەو بڕوایەدام کە حکومەتی عێراقی بە هیچ شێوەیەک دان بەو تاوانەی نانێت. بەلایەنی کەمەوە بەرامبەر بە ڕای گشتی جیهانی ئەمە ناکات. لەوانەیە بە کوردەکان بڵێت: «ئەنفالکراوەکان لەیادکەن، ئەوان جارێکی تر ناگەڕێنەوە ناوتان»، بەڵام ئەوان بە هیچ شێوەیەک بەرامبەر بە دادگایەکی نێونەتەوەیی یاخود لە (دێنهاگ) یان لە تریبونێکی

نێونەتەوەیی دان بەو تاوانانەی (جریمة) نانێت. ئێمەین ئەوانەی کە دەبێت ئەوە بسەلمێنین. ئێمە لەسەر بناغەی دوکۆمێنتەکان دەتوانین ئەمە ساغبکەینەوە، لەسەر بناغەی گۆڕەدەستەییەکان دەتوانین ئەمە ساغبکەینەوە، ئەڵبەتە لەکاتێکدا کە دۆخ لە عێراقدا بگۆڕێت، ئەوکات دەتوانرێت بەدوای ئەو گۆڕانەدا بگەڕێین، بدۆزرێنەوە، لاشەکان دەتوانرێت فەحسبکرێن. دەتوانرێت شەهادەی ئەو کەسانە بەکاربهێنرێت کە ڕزگاریان بووە. بەم بەڵگانە دەتوانرێت تاوانی جینۆساید ساغبکرێتەوە. دیارە ناتوانرێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت تا سەدام پێتان بڵێت: «بەڵێ، من ئەمەم کرد».

**رەهەند: ئێوە لەو بڕوایەدان کە ئەوەندە کەرەسە لەبەردەستدا بێت، تا بتوانرێت تاوانی جینۆساید بسەلمێنرێت؟**

**هیلتەرمان**: بەڵێ. ئێمە بڕوای تەواوەتیمان بەوە هەیە کە دەتوانین حاڵەتی جینۆساید بسەلمێنین. دیارە ئێمە لاشەکانمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئێمە کەم تا زۆر دەزانین کە لەکوێدا لەچاڵنێردراون. لە ژێر زروفی تایبەتیدا دەتوانرێت تەکنەلۆژیای ساتەلایت بەکاربهێنرێت بۆئەوەی دەستنیشانی تەواوی شوێنی گۆڕەکان بکرێن. ئێمە خاوەنی چەندان شایەتی واقیعی ئەنفالین، خاوەنی هەزارەها دۆکۆمێنتین، چەند گۆڕێکیشمان لەبەردەستدایە، ئەگەرچی هەموو ئەو گۆڕانە تایبەت نین بە گۆڕی ئەنفالکراوەکان، بەڵام یەکێک لەو گۆڕانە گۆڕی ئەنفالکراوەکانە.

**رەهەند: بەڕای ئێوە چی دەتوانرێت بکرێت بۆ ئەو کوردانەی کە لە ژیان ماونەتەوە و لە ئەنفال ڕزگاریان بوو؟**

**هیلتەرمان**: یەکەم شت، کە تاوەکو ئێستا پشتگوێخراوە و بەڕای من لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە، کە سەرانی کورد بەو مرۆڤانە ڕابگەیەنن و پێیان بڵێن کە عێراق بەوانی ڕاگەیاندووە کە ئەنفالکراوەکان چیدی ناگەڕێنەوە و کوژراون. ئەمە لە ڕووی یاساییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. بۆ نموونە ئافرەتێک، کە پیاوەکەی ئەنفالکراوە و هیچ شتێک لەسەروسۆراغی نازانێت، نازانێت ماوە یان مردووە، ئەم ئافرەتە ناتوانێت جارێکی تر شوو بکاتەوە. بۆیە ئەرکی لێپرسراوانی سیاسی کوردە کە ئەم مەسەلەیە لە ڕووی یاسایی و بە بڕیاری سیاسی ڕوونبکەنەوە. چونکی ئەو ئافرەتانە لە کاتێکدا کە مردنی پیاوەکانیان لە ڕووی یاساییەوە

پێڕادەگەیەنرێت، بەشێکی ژیانیان بۆدەگەڕێتەوە، واتە دەتوانن شووبکەنەوە و منالَیان ببێت... هتد، دەتوانن بڕیار لەسەر ئیرسی خۆیان بدەن، واتە مولَکی پیاوەکانیان. ئەمە کارێکی زۆر گرنگە بۆئەوەی ئەو مرۆڤانە لە دەستخەڕۆیی ڕزگاریان بێت. لایەنەکەی تر ئەوەیە کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەبێت وازلەوەبهێنن کە کەسەکانیان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڕێنەوە. ئەو مرۆڤانەی کەسیان ئەنفالکراوە دەبێت ئەو توانایە دروستبکەن کە لاپەڕەیەکی تازە لە ژیانی خۆیان هەلَبدەنەوە. ئەوان لەبەر ئەوەی بڕوایان وایە کە ئەو کەسانەیان دەگەڕێنەوە، نە دەتوانن پرسە بۆ بگرن نە دەشتوانن شیوەنیان بۆ بگێڕن، لەکاتێکدا تەندروستترە کە پرسەبگرن و شیوەن بۆ مردووەکانیان بگێڕن، وەک لەوەی بۆ هەمیشە لە پرسەو شیوەنکردندا بن. من لە سەرکردە کوردەکان تێناگەم بۆچی تاوەکو ئێستا بەم کارە هەلَنەساون. چونکی لە دیدی مندا ئەم جۆرە هەنگاوانە دەبێت بێ چەندوچۆن بەئەنجامبگەیەنرێن. شتێکی تر کە کورد دەتوانێت بە ئەنجامیبگەیەنێت، ئەوەیە کە داوای تەعویزات لە عێراق بکەن. داوای تەعویزاتی دارایی لە عێراق بۆ کەس و کاری قوربانییەکان بکەن. لە چوارچێوەی پرۆگرامی نەوت بۆ خواردن پارەیەکی زۆر وەلادەخرێت بۆ کاروباری چاککردنەوە و چەندان شتی تر، بەشێکی ئەم پارەیە دەتوانرێت بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان خەرجبکرێت.

ڕەهەند: ئایا یەکێکی وەکو تەیمور دەتوانێت کاریگەری هەبێت؟

**هیلتەرمان**: ئۆ بەلَێ. ئەو دەتوانێت وەکو شاهیدێکی ئەنفال کاری پێبکرێت.

ڕەهەند: ئایا دەکرێت لە لای دادگای ئەوروپی بۆ مافی مرۆڤ لە ڕژێمی عێراق شکاتبکرێت؟

**هیلتەرمان**: نەخێر. بەلاَم وەکی هاونیشتمانییەکی تورکی، واتە کوردێک کە هاونیشتمانییەکی تورکییە دەتوانێت شکاتەکەی خۆی بگەیەنێتە دادگای ئەوروپی، لەکاتێکدا کە نەتوانێت لە تورکیا بە مافی ڕەوای خۆی بگات. ئەوکات ئەوان لەو شکایەتە دەکۆلَنەوە و لەوانەیە قبولَی بکەن. لەم سالاَنەی دواییدا چەندان حالَەتی لەم جۆرەمان هەبوو، کە دادگای ئەوروپی لە دەولَەتی تورکی بڕیاری تەعویزاتی بۆ کوردان دەرکردووە. ئەمە دەتوانرێت بە ئیحتیمالێک لەقەلَەمبدرێت. بەلاَم دیارە هاونیشتمانییەکی کوردی عێراق ئەم مافەی نییە، چونکی دەولَەتی عێراق ئەندام نییە.

ڕەهەند: ئەی ئایا بواری ئەوە هەیە کە دادگایەکی نێونەتەوەیی مەسەلەی ئەنفال لەخۆبگرێت؟

**هیلتەرمان**: ئەمەشیان بە نەخێر. جۆرە دەزگایەکی لەو بابەتە نییە، گەر دادگایەکی نێونەتەوەیی پێکبهێنرێت، وەکی ئەوەی کە لەم مانگەدا لە (ڕۆم) بڕیاروایە بڕیاری درستکردی بدرێت، ئەوا دەشێت وەکی ئێحتیمالێک ببینرێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم دادگایە بەرامبەر ئەو حاڵەتانە بەرپرسیار دەبێت کە لە داهاتوودا دێنە پێشێ، نەک بۆ ئەو حاڵەتانەی کە بەسەرچوون. واتە بۆ دواڕۆژ تەرخاندەکرێت. ئەمەشیان پێدەچێت نەتوانێت یارمەتیمان بدات.

(........)

ڕەهەند: ئەودۆکومێنتانەی (بەڵگەنامانەی) کە تاوەکو ئێستا لای (HRW)ن چییان بەسەردێت؟

**هیلتەرمان**: دۆکومێنتەکان لە ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ بران بۆ ئەمریکا. (HRW) هەموو ئەو دۆکومێنتانەی لە نێوان هەردوو ساڵی ١٩٩٤ - ١٩٩٢ دا دیراسەکردووە و خستوینەتە سەر (CD) «سیّ دێ» و ئەمساڵیش هەموو کارەکانی تەواودەبێت. ئێمە تاوەکو ئێستا (٧٦) دانە (CD)مان دروستکردووە. هەرچی نوسخە ئۆریگیناڵەکان (ئەسڵییەکانی) دۆکومێنتەکانیشە پارتە کوردییەکان لە سەرەتای ئەم ساڵدا دایان بە زانکۆ کۆلۆرادۆ/بۆڵدەر. ئەم زانکۆیە ئەرشیڤێکی گەلێک چاک و نایابی هەیە، کە دەتوانرێت لەوێدا باش بپارێزرێن. زانکۆی ناوبراو هەڵدەستێت بە توێژینەوە لە ناوەڕۆکی دۆکومێنتەکان و وەرگێڕانیان و پاشان دخرێنە بەردەست بۆ بڵاوکردنەوە ڕاگەیاندنیان. گومانی تێدا نییە کە ئەمە پرۆژەیەکی گەورەی لێکۆڵینەوەیە. ئێمە سێتێکمان لەو (CD)یانە داوە بە زانکۆی ناوبراو. ئەوانیش دەیانەوێت بیدەنە ئینتەرنێت، بۆئەوەی گەر هەر کەسێک خواستی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ئەنفال هەبێت، ئەوا دەتوانێت ڕاستەوخۆ لە ئینتەرنێتەوە ئەو زانیارییانەی وەرگرێت. ئەمە گۆڕانێکی زۆر گرنگە. بە هەمان شێوەش هەردوو پارتە کوردییەکەش (ی.ن.ک و پ.د.ک) نوسخەی تایبەتی ئەو (CD)یانەیان دراوەتێ. ئەوەندەی من ئاگادارم یەکێتی ئەو (CD)یانەی گەیاندۆتە سلێمانی و بۆ پارتی نازانم. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە بەکاوەخۆ ئەم زانیارییانە دەگاتە ڕای گشتی. ئەمەش کارێکی زۆر باشە، چونکی ئێمە تاوەکو ئێستا هەموو ئەو شتانەمان نییە بۆ ئەوەی شکاتکردنەکەمان ببەینەوە. لەو دۆکومێنتانە هێندە شتی تیایە، بە تایبەت بۆ کورد دەبێت ببێت بە جێگای تێبینی و تێڕامان. ئەوەندە زانیاری لەو دۆکومێنتانەدا هەیە کە دیارە

ئێمە هەموویمان تاووتوێ نەکردووە، بۆ نموونە لەسەر حاڵەتی لەسێدارەدانی تاکە کەسەکان لە زیندانەکانی وەکی ئەبوغرێب و هەولێر و چەندان جێگای تر. ساڵانی ساڵ خەڵک لە عێراق لە سێدارەدراون و زۆرجاریش کەسوکارەکانیان بەتەواوەتی نازانن چارەنووسیان چی بەسەرهاتووە. بەتایبەت بۆ خەڵکی کورد زۆر گرنگە کە ئەم زانیارییانەیان دەستکەوێت. زانکۆی هەولێر دەکرێت بکرێت بە سەنتەری ئەو ئەرشیڤانە و تیمێکی لێکۆڵینەوە دروستبکرێت بۆ ئەوەی دەرئەنجامی پشکنینەکانیان لە ڕۆژنامەکان بڵاوبکەنەوە. هەر کەسێکیش زانیاری زیاتری گەرەک بێت، بتوانێت بچێت بۆ زانکۆ و بۆخۆی تەماشای دۆکومێنتەکان بکات. ئەمە کارێکە کە مرۆڤ دەتوانێت بەئەنجامیبگەیەنێت. دووەمیش بۆ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زانستین زۆر مەتریالی گرنگ لەو دۆکومێنتانەدا هەن کە ئەوە ڕوون دەکەنەوە دەوڵەتێکی پۆلیسی وەکی عێراق چۆن کاری کردووە، بە تایبەت لە ڕووی ئیداری و بیرۆکراتییەوە. لە ڕاستیدا لەناو ئەو دۆکومێنتانەدا مەتریالێکی زۆر گرنگ و بە کەڵک هەن کە لە ڕوی زانستەییەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت.

ڕەهەند: بێجگە لە ئەنفال چ دۆکومێنتێکی تر لە ناو ئەو مەتریالانە دەبینرێن.

**هیلتەرمان**: کاتێک دەچیت بۆ ئەرشیڤی (FBI) چیت دەستدەکەوێت، دەشێ چیت بەرچاو بکەوێت؟ بێگومان دۆکومێنتگەلێک کە تایبەتن بە چالاکییەکانی ئەو دەزگایە، بۆ نموونە حیساباتی مەعاش. تۆ چاوت بە دەیان دۆکومێنت دەکەوێت کە لەسەر مەعاش و پشووەرگرتن. لە لایەکی ترەوە ڕستێک موزەکەرە دەبینیت کە تایبەتن بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی کاروباری ناوخۆی ئیدارەکان. مرۆڤ چاوی بە چەندان دۆکومێنت دەکەوێت لەسەر چالاکی لێپرسراوەکان. بەگشتی هەموو ئەو شتانە دەبینرێت کە دەوائیری پۆلیسی لەخۆیانگرتووە. لەوانەیە لە ئەمریکا شتێکی تر بێت وەک لە عێراق، بەڵام گەلێک تەبایی دەبینرێت. گومانی تێدا نییە کە لە عێراقدا گەلێک بەرفراوانترە، ئەو دۆکومێنتانە باس لە ڕووداوگەلێک دەکەن کە زۆر بە ڕوونی مافی مرۆڤی تێدا بریندارکراوە. بۆ نموونە بە درێژی و بە ووردی باسی خاپوورکردنی گوندەکانی تێداکراوە. زانیاری زۆری تێدایە کە تایبەتە لەسەر جاسوس و کەسانی بەکرێگیراو کە بۆ دائیرەی ئەمن کاریان کردووە و زانیارییان لەسەر کۆمەڵگای کوردی کۆکردۆتەوە، بە تایبەت زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی کە وەکی کەسانی دژ بە ڕژێم لەقەڵەمدراون. لە جەوهەردا فایل لەسەر هەموو کەسێک هەیە، چونکی هەموو کەسێک بە دوژمنێکی دوارۆژ تەماشاکراوە. هەندێ لەو دۆکومێنتانە لاپەڕەیەک لەخۆدەگرن و ڕستێک

پرســـیـــارن، هەندێکی تریان گـــەلێک ئەســـتـــوورن و جـــاری واش هەیە کـــە لە کـــۆتـایی لێـپـرسـینەوەکـانـدا کـەسی ناوبراو لـەسـێـداره دراوه. هەروەها گـەلێک هێـمـاکـردن لەو دۆکومێنتانەدا هەن کە چەکی کیمیاوی بەکارهێنراوه. بە کورتی لەباسکردن نایەت، چونکی شتەکان ئەوەنده زۆر و بەرفراوانن.

**رەهەند: ئایا تۆ خۆت تاوەکو ئێستا تووشی هیچ گیروگرفت و هەڕەشەیەک بوویت؟**

**هیلتەرمان**: نەخێر، تا ئێستا ڕوبەڕووی هیچ هەڕەشەیەک نەبوومەتەوه.

**رەهەند: هەڵسوکەتتان لەگەڵ بابەتی ئەنفالدا بە تەنها ئەو چەندان ملیۆن لاپەڕە دۆکومێنتانە نییە، بەڵکو لە پشت ئەم لاپەره مردووانەوە چەندان بەڵگەنامەی زیندووی مردنیش هەیە. چ هەستێکی خودیتان بۆ ئەنفال هەیە؟**

**هیلتەرمان**: ئەڵبەتە پەیوەندی کەسیی من لەلایەک لەگەڵ گەڵ ئەو دۆکومێنتانەیە و لە لایەکی ترەوه لەگەڵ ئەنفال خۆیەتی. هەرچی پەیوەندی بە دۆکومێنتەکانەوە هەیە ترسناکییەکەی لەوەدایە کە بە زمانێکی ووشکی بیرۆکراتی نووسراوەتەوە. ئەم جۆرە نووسینە لە جەوهەردا زۆر وەحشەتناکە. وەحشەتناکییەکەی لەوەدایە کە ئەم مرۆڤانە دەتوانن بە جۆرێکی وا دوورەپەرێزانە دەربارەی ئەو ڕووداوانە بنووسن لە کاتێکدا خۆیان تیایدا بەشداربوون، خۆیان بەشێکی ئەو ڕووداوانە بوون. تۆ لەکاتێکدا ئەو دۆکومێنتانە دەخوێنیتەوە توشی شۆک (سەدمە) دەبیت لە چۆنێتی نووسینی بیرۆکراتییانەی ئەو ڕووداوانە و ئەو مەسافانەی کە تاوانباران لەگەڵ قوربانییەکان دروستیدەکەن. ئەوەی کە من لە ڕووی سۆزو هەستەوە پتر دەجوڵێنێ ئەو شـــەهادانەی شـــاهیدەکـانی ئەنفـالە، چونکی ئەوانە بۆخـۆیان قـوربانی ئەو وەحشـەتەن و باس لە جەهەنمێک دەکەن کە بۆتۆ ناڕاستەخۆیە. ئەو کردانەی کە ڕژێم پێیهەڵساوە، هەندێ جار لە ڕادەبەدەر وەحشەتناکن. مەسەلەکە بەتەنها ئەوە نییە کە مرۆڤێک دەکوژرێت، بەڵکو ئەو شێوازە دڕندایەتییەیە کە ئەو مرۆڤە پێیدەکوژرێت. یان چۆن مرۆڤ بریندار دەکرێت ـ گوێگرتن لەم کارەساتانە ئەوەندە سەختە، کە ئاستی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاو هەلکردن لەگەڵیا گەلێک گران دەکات.

**رەهەند: تاوەکو ئێستا چەند شایەتتان هەیە؟**

**هیلتەرمان**: بە تەواوەتی نازانم. ئێمە هەمیشە باسمان لە (٣٥٠) شایەتی حاڵ (شاهد عیان) کردووە. بەڵام ئەمانە زۆر جۆراوجۆرن. زۆربەیان کەسانی ڕزگاربووی ئەنفالەکانن، هەروەها پێشمەرگە، یاخود چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکاندا کردووە بۆئەوەی تێبگەین ئەو عەمەلییاتانە چۆن پیادەکراون. دەتوانرێت بگوترێت کە بە گشتی (٣٥٠) شایەتمان هەیە.

**ڕەهەند: ئایا چاوپێکەوتنتان لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە کە بەشداربوون لە ئەنفالەکان.**

**هیلتەرمان** بەڵێ ئێمە لەگەڵ چەند کەسێکدا قسەمان کردووە. بۆ نموونە من لەگەڵ هەندێ موستەشاردا دوواوم. بەڵام ئەوان ڕاستی تەواوەتیان بۆ نەگێڕامەوە. ئەو دوو یان سێ موستەشارەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردن، دەیانگوت کە لەو کاتەی کە ئەنفالەکان کراون ئەمان لەو ناوچانە نەبوون. من لەو دۆخەی ئەو کاتەدا ئەوەندە کاتم بەدەستەوە نەبوو، تاوەکو بتوانم لە دروستی و نادروستی ئەو ئیدیعایانەی ئەوان بکۆڵمەوە. بە گشتی ئەو چەند زانیارییانەی کە لەوانەوە وەچنگم کەوتن ئەوەندە بە سوود نەبوون. من هەروەها چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ وەفیق سامەڕائی لە لەندەن کرد. هەروەکو دەزانن ئەو لە سەردەمانی ئەنفالدا سەرۆکی دائیرەی ئیستخباراتی سەربازی بوو. ئەو چەند زانیارییەکی سەرنجڕاکێشی لەسەر ئەنفال دامێ، کە زۆر پێویستم پێبوو. بەڵام هەستی من ئەوە بو کە ئەویش زۆر شتم لەسەر ڕۆڵی خۆی لە ئەنفال لێدەشارێتەوە. بێگومان چاوەڕوانکراوبوو، چونکی ئەو نایەوێت گومانی «تاوانی جەنگ» لەسەر خۆی دروستبکات.

**ڕەهەند: لە دەرئەنجامی کارکردنی چەند ساڵەتان لەناو ئەو دۆکومێنتانەدا، چ وێنەیەکتان لەسەر دەوڵەتی عێراق لەلا دروستبووە؟**

**هیلتەرمان**: کە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی پۆلیسییە. بەڵام ئەمە موفاجەئە نییە، چونکی ئێمە ئەو ڕاستییەمان پێش ئەوەش دەزانی. واتە ئێمە پێویستیمان بەو دۆکومێنتانە نییە بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنین. بەڵام ئەوەی کە ئەو دۆکومێنتانە ڕوونی دەکەنەوە ئەوەیە کە چۆن دەوڵەتێکی پۆلیسی لە ڕێگای ترسەوە خۆیڕادەگرێت. هەر لێرەوەیە کە کتێبەکەی کەنعان مەکییە ناونیشانێکی زۆر سەرنجڕاکێشەری هەیە: «کۆماری ترس»، چونکی ئەو دەوڵەتە بە تەنها لە ڕێگای ترسەوە کاردەکات. تاکە ڕێگایەک بۆئەوەی ژیانت ڕزگاربکەیت ئەوەیە کە دەبێت لەناو ئەو گەمەیەدابیت، تۆ دەبێت ئەوە نیشانبدەیت کە ئەو فەرمانانەی کە پێتدەدرێت بێچەندوچۆن

جێبەجێیانبکەیت. گەر بەم کارە هەڵنەسایت، ئەگەرێکی گەورە هەیە کە بۆخۆت ببیت بە قوربانی. گەر پێیان گوتی دەبێت دوژمنەکانی دەوڵەت بکوژیت، جگە لە جێبەجێکردنی ئەو فرمانە هیچ بوارێکی ترت لەبەردەستدا نییە، ئەگەرچی تۆ خۆت نەتەوێت مرۆڤ بکوژیت. تۆ دەبێت ملکەچی فەرمان بیت و دەربارەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانیشت دەبێت ڕاپۆرت بنووسیت. گەر بەم کارە هەڵنەسیت، ئەوا خۆت لە ڕیزی مردووانداییت. زۆر بە ڕروونی لەناو دۆکومێنتەکاندا ئەم شتانە دەتوانیت بخوێنیتەوە. بۆنموونە چاوت بەم جۆرە ڕاپۆرتانە دەکەوێت: ئێمە ئەمڕۆ، لەسەر فەرمانی ڕۆژی ...... بە کیتابی ژمارە ...... ئەم خائینانەمان هەڵواسی ...... یەک، دوو، سێ، چوار... هتد. لاشەکانیشیان لە ...... لەچاڵنران. ئیمزا ...... ئەمە بەڵگەنامەیەکە بۆ سەران کە ئەو فەرمانانە جێبەجێ کراون. ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە ڕاپۆرتی تریان بڵند دەکردەوە لەسەر چۆنێتی لەناوبردنی یاخیبوان. هەر لایەنەو دەبێت دڵسۆزی خۆی بە گەورەیی ژمارەی لەسێدراوەکان بەیانبکات. هەر یەکێک لەم جومگانە دەبێت ڕاپۆرتی دڵسۆزی بنووسن و ئەوە بسەلمێنێ کە سەقاڵی ئەو کێشانەن. ئەمە ئەو شێوە بیرۆکراتییەیە کە دەوڵەتێکی پۆلیسی کارپێدەکات و دەشیسەلمێنێ کە دەوڵەتێکی ئاوها چۆن کاردەکات.

**ڕەهەند: چ شتێکی تر هەیە کە حەزبکەن لەسەری بدوێن؟**

**هیلتەرمان:** ئۆه، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ئەوەندە قسەم کردووە، کە نازانم کەی و لە کوێ چیم بە کێ گوتووە.

**ڕەهەند: ئێمە دوێنی لەسەر فیکرەی دروستکردنی مۆزەخانەیەکی تایبەت بە ئەنفال گفتوگۆمان کرد، کە تیایدا دۆکومێنت و شەهادەی تری تێدا بپارێزرێت...**

**هیلتەرمان:** ئەمە فیکرەیەکی زۆر باشە. ئەم جۆرە فیکرانە دەبێت هەرچۆنێک بووە، جێبەجێبکرێن. بەڵام موبادەرەی ئەم فیکرەیە دەبێت لەلایەن کورد خۆیەوە بکرێت. ئێمە وەکو (HRW) دەتوانین پشتیوانی ئەم هەنگاوە بکەین. دیارە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتەکان بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لایەنی کوردی خۆی پێیهەڵسێت. مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ مۆزەخانەی هۆلۆکۆست پەیوەندی ببەستێت، چونکی لەلای ئەوان بێگومان فیکرەی ئەوە دەستدەکەوێت کە مۆزەخانەیەکی لەوجۆرە دەبێت چۆنچۆنی بێت. من جارێکی تر دەڵێم نووسین لە گۆڤارە

کوردییەکان بەس نییە. مرۆڤ دەبێت هەنگاوی لەوە زیاتر هەڵنێت. پێکهێنانی مۆزەخانەیەک بۆنموونە فیکرەیەکی زۆر باشە، تاوەکو یادی ئەنفال بە زیندوویی بهێڵرێتەوە.

تێبینی: شایانی باسە، لەبەر کورتی کات، لە دووتوێی کۆنفرانسی ئەنفال لە شاری ئەمستردام، ناچاربووین ئەم چاوپێکەوتنە لە دوو ڕۆژدا لەگەڵ (یۆست هیلتەرمان)دا بگێڕین. ڕۆژی یەکەمیان بەتەنها بووین و ڕۆژی دووەمیشیان لەگەڵ (ئینگا ڕۆگ)ی ڕۆژنامەنوس و کاک (مەریوان وریا قانیع)دا پێکرا درێژەمان بە پرسیارەکانمان دا. چاوپێکەوتنەکەش بە زمانی ئینگلیزی گێڕدرا و من و ئینگا ڕۆگیش هەڵساین بە وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی. (ئاراس فەتاح)

# گفتوگۆیەک لەگەڵ سوزان مەیسێلاس

**خاوەنی ئەلبومی «کوردستان لە ژێر سێبەری مێژوودا»**

## ئامادەکردنی: هیوا قادر
## و. لە ئینگلیزییەوە: مەریوان قادر

هیوا: بەدەستخستنی ماتریاڵەکانی کتێبەکەت، دەیسەلمێنن کە دووچاری دژوارییەکی زۆر بوویتەتەوە. بیرۆکەی ئەم ئەلبومە چۆن لەلای تۆوە سەرچاوەی گرت. کێن ئەوانەی کە یارمەتیانداویت بۆ بەدەستخستنی ماتریاڵەکان، بەتایبەتی زۆر لەو فۆتۆیانەی کە تائێستا نەبینراون؟

**سوزان**: بیرۆکەی ئەم ئەلبوومە لەوکاتەوە لەلام گەڵاڵەبوو کە من ئەوکات وەک وێنەگرێک لە کوردستانی عێراق کارمدەکرد. سەرەتا سەردانی کوردستانی ئێرانم کرد، ئەوەبوو لەوێوە لە سنور پەڕیمەوەو لە دەوروبەری مانگی چواری١٩٩١دا خۆم گەیاندە کوردستانی عێراق.
هەتا ئەوکاتەش کە وێنەی ئۆردووگای پەناهەندەکانم گرت هیچ زانیاریەکم نەبوو دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و عەمەلیاتی ئەنفال. هەرچەندە من دەربارەی ئەم ڕووداوانە هەندێ زانیاریم خوێندبۆوە. بەڵام بینینی ئەو دیمەنانە بۆ من زۆر دراماتیکی بوو. یەکەم پەرچەکرداری منیش تەنها ئەوەبوو وێنەی دێهاتە وێرانکراوەکان بگرم. وەکو پێویستیش ئەو سەفەرەم تەنها بۆ پێنج ڕۆژ بوو چونکە ماوەی فیزەکەم لە ئێران تەواو دەبوو.
بۆ هاتنی ئەم سەفەرەش ناچاربووم بێمە ئێران و لەوێوە لە سنور بپەڕێمەوە بۆ عێراق، دەشبوو لە ماوەی پێنج ڕۆژدا عێراق بەجێبهێڵم؛ لەبەرئەوە چونە ژوورەوەیەکی دراماتیکی بوو. من زۆر سەرسامبووم بە بینینی ئەو کوردانەی کە بەشداری ڕاپەڕینەکەیان کردبوو. ئەو کوردانەی سووربوون لەسەربەرەنگاری و مانەوە لە خانووە ڕوخاوەکانیاندا، لەبری ئەوەی خانووەکانیان چۆڵبکەن و ڕوبکەنە هەندەران و ببنە پەنابەر.
بۆ ئەوەی بە کورتی باس لە دروستبوونی بیرۆکەی ئەم کارە بکەم. مەسەلەکە ئەوەنەبوو ڕۆژێک دوای لە خەو هەستان بێم و بڕیاری کارکردن لەسەر ئەم پرۆژەیە بدەم. ڕەنگە زیاتر هۆی ئیسارەبوونم بووبێت لەکاتی سەفەری دووهەم و سێهەمم بۆ کوردستان کە لەگەڵ ڕێکخراوی

چاودێریکردنی مافی مرۆڤ کارمدەکرد، بە تایبەت لەبەشی بەڵگەنامە «دۆکۆمێنت»دا.
هەڵدانەوەی گۆڕە کۆمەڵکوژیەکان هەموو پرسیارەکانی ڕابردووی بەرەوڕووکردمەوە؛ بەو مانایەی بۆچی ڕوویدا؟ چۆن و بۆچی عەمالیاتی ئەنفال ڕوویاندا؟ چ ویستێک لە پشتی قڕکردنی یەکجاری کوردەکانەوە بوو لە کوردستانی عێراق. هەڵبەت وەڵامدانەوەشی لە کاتی ئێستادا ناکرێت چونکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە دەربارەی ڕابردوو.
دەستمکرد بە چاوپیاخشاندن بەهەندێ لەو وێنە کۆنانەدا کەلای خەڵکی پارێزرابوون، هەندێک لە وێنەکانی وێنەی «بەرزانی» و «شێخ مەحمود» بوون. لێرەوە «فزولیەتێکم» تێدا دروستبوو دەربارەی مێژوویەک کە هیچم لەبارەیەوە نەدەزانی. ئەم پرۆژەیەش سەرجەم بەهاوکاری کۆمەڵێ کورد لە ناو کوردستاندا و کوردانی هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا بەئەنجامگەیەندرا. مەبەستیشم لە هاوکاری ئەوەیە کە چەندەها جار پێشنیارم بۆ کراوە لە لایەن «حەسەنی قازی و ئەمیری حەسەن پور و عومەری شێخ موس و کەندالٚ نەزان» و زۆر لێپرسراوی کەلتوری جیاواز جیاوازی تر کە خەڵکی هەموو ناوچەکانن. واتا ئەو کەسانەی کە زانیاریان دەربارەی ئەم مێژووە هەیە یاخود ئەو کەسانەی کە ئاگاداری شوێنی پاراستنی دۆکومێنتەکانی ئەم مێژووەن.
خاڵی هەرەگرنگیش بەلای منەوە ئەوەبوو ئەگەر بێگانەکان «خۆرهەڵاتناسەکان» هاتبن بۆ کوردستان «وەکو بیستوومانە»، چیان لەو کارانەکردووە کە ئەنجامیانداوە. وە ئەم دیکۆمێنتانە لە کوێن؟ بۆ نموونە لە ئەرشیفی وڵاتانی وەک سوید، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمەریکا.
بەشی گەورەی کارەکەشم گەڕانبوو بەدووی لێکۆڵینەوەی نوێ و کەسایەتییە گرنگەکانی ڕابردوو کە لەم بوارەدا کاریانکردووە. ئەمانەم چنگخست. هەندێکجاریش بەبێ بەرنامە بەناو ئەرشیفەکانی سەردەمی ئێستادا گەڕاوم بەدووی دۆزینەوەی هەرچ شتێکدا سەبارەت بەم مەسەلەیە. هەروەها بەناو کتێبخانەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکی و ئەرشیفی نیشتیمانیشدا گەڕاوم.
کەس ئاگادارنەبوو، وە کەسیش لێکۆڵینەوەیەکی نەکردبوو بەتایبەت لە بەشی وێنەگرتندا. لەوانەیە هەندێک کەس ئاگاداری کارەکانی «هنری فیلد»بووبن لە ساڵانی سیەکاندا، بەڵام من ئاگادارنەبووم. بەڵام ئایا ڕەخنەگرەکان چەندە ئاگاداری کاری ناو ئەو کتێبە بوون، لەوانەیە نەیانبینیبێ و هەندێکیشیان هەر نەیانبیستبێت. کاتێک کە چوومەوە بۆ کوردستان من ئەو کارەم لەگەڵ خۆم بردەوە. هەڵبەت من پێش ئەوەی بێم بۆ سوید لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا چەند سەفەرێکم کردووە بۆ کوردستان. بە شێوەیەکی سەرەکیش چووم بۆ

کوردستانی عێراق کە هاتوچۆکردن تیایدا بۆ من ئاسانتربوو. بەتایبەتیش سالآنی (٩٣/٩٢) پێش بەرپابوونی شەڕ.
لەوێ دەمتوانی سەردانی مالآن بکەم و سەیری وێنەی ئەلبومەکانیان بکەم. هەندێ لەو وێنانە کەلای ئەوان هەبوو لای منیش هەبوو کە لە ئەرشیفی ولآتانی ڕۆژئاواوە هێنابووم. هەروەها لەوێ پێشنیاری ئەوەشیان بۆ کردم کە پێویستە من هەندێ لە کەسایەتی تری کورد لە ئەورووپا ببینم.
بۆیە دەشلێم ئەم پرۆژەیە کارێکی دەستەجەمعی بوو، چونکە بێ یارمەتی ئەو هەموو خەڵکە کارەکانی من بەئەنجامنەدەگەیشت. هەروەها یارمەتی ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە پێش من هاتبوون بۆ کوردستان، لەگەڵ یارمەتی مێژوونووسانی کورد. هەروەها هەندێ کەسایەتی ڕۆژئاواش لەوانە: «مایکل ئەندۆرسن» کە یارمەتیەکی زۆریدام لە هەڵسەنگاندنی کارەکەمدا، وەک «حەسەنی قازی» خۆی ئاگادارە و بۆ ماوەی دوو سێ هەفتە بەیەکەوە لێرە لە چەند شاری سوید سەردانی زۆر لە ماڵە کوردەکانمان کرد و تەماشای زۆر ئەلبومی بنەماڵە کوردەکانمان کرد. واتا لە کلتورو جوگرافیای جیاوازدا، خەڵکانێک کە بەشداریان لە بەشی جیاوازی ئەم مێژووەدا کردووە. من بۆخۆم هەمیشە ئامادەبووم بۆ بینینی خەڵکانی زیاتر. چونکە لەو بڕوایەدابووم لە ژێر هەربەردێکدا کارو نهێنی گرنگتر بدۆزمەوە. زۆر زەحمەتبوو ئەم کارەش جارێ لێرەدا ڕابگرم، بەلآم ئێستا هەر ئەوەندە توانرا کە بەرهەمی شەش ساڵ هەوڵدان لێرەدا بخەمەڕوو.

**هیوا: تۆ وێنەیەکی زۆر جەرگبڕی «پاڵەوانە شکستخواردووەکان و مەسیحە شەهیدەکانی» کوردت کۆکردۆتەوە. ئەم وێنانەش چەندە ئازارمدەدەن، هێندش تووڕەمدەکەن لەبەردەم دووبارەبوونەوەی قۆناغە مێژوویەکانی ڕابردوو لە ئێستادا. ئەلبومەکەت دەیسەلمێنێت کە من خاوەنی «قارەمانی سەرکەوتوو»نیم. مێژووی من زنجیرەیەک لە نوشوستییە یەک بەدوای یەکەکانە؛ ئەمەش هێندەی تر من ڕەشبیندەکات. دەکرێت بزانم گەشبینیەک لەلای تۆ هەیە کە سەرچاوەکەی لە تێگەیشتنی تۆوەبێت بۆ عەقڵیەتی ئینسانی کورد. یان پەیامی تۆ هەر ئەوەیە بەم ئەلبوومەت هەستی کەسێکی خۆرئاوا بوروژێنیت.**

**سوزان**: هیوادارم پەیامەکەی من لەوە ئاڵۆزتربێت. چونکە من تەنها بیر لە کورد ناکەمەوە وەک قوربانی. بگرە وەک جەنگاوەر دەیانبینم، کە نەک تەنیا بەچەک لە پێناوی پاراستنی کولتووری خۆیاندا دژ بە زلهێزێک دەجەنگن، لەوانەیە پەیامی کتێبەکەم بیرخستنەوەیەکبێت بۆ دژواری

ئەم ئەرکە قورسە. من لەوباوەڕەدام کە زۆر کەس ئاگاداری ئەو هێزانەنین کە بەردەوام دژ بە کورد کاردەکەن.
چۆن دەتوانی گەشبینبیت!؟ من دەزانم زۆر کورد هەن کە دەڵێن تەماشای «بۆسنیا» بکە، لەوانەیە سنوورەکانی ئێمەش گۆڕانی ئاوای بەسەردابێت.

بێگومان من باسی گەشبینی ناکەم. من باسی شتێکی قووڵتر دەکەم کە پەیوەندی هەیە بە بەدەستهێنانەوەی ڕابردووەوە. بەشێک لەم مەسەلەیەش چەوساندنەوەی ڕابردووە، تێگەیشتن لە ڕابردوو، هەستێکی مەزنتر دەدات بە کورد، کە ئەوان کێن؟ هەرچەندە تێگەیشتنیش لە ڕابردوو دڵنیامانناکات سەبارەت بە داهاتوو « ئەگەر لە مەبەستم تێگەیشتبیت». کەس نازانێ لە داهاتوودا چی ڕوودەدات. نازانم چۆن بیڵێم... مەبەستم ئەوەیە من هەوڵدەدەم لەگەڵ دوو کۆمەڵگادا بدوێم، ئەوانەی زۆر چاک کورد دەناسن و ئەوانەش کە کەمترین زانیاریان هەیە دەربارەی کورد. ئەوانەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان نییە سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوان تەنها خاوەن هەستن و هیچ شتێکی تر نازانن، خاوەن هەستن بەرامبەر بە تراژیدیاکانی کورد. بەڵێ تراژیدیا و تۆمەتخستنە پاڵ کورد.

من لەو باوەڕەدام ڕوون و ئاشکرا دەزانن کە چیتر ڕوودەدات، هەروەها دەزانن ئەو هەستە چییە کە لە ناخەوە کورد هاندەدات. لەهەمانکاتیشدا خەڵکی ڕۆژئاوا دەتوانن بەم شێوەیە لە خۆشیان تێبگەن. من هیوادارم ئەمە ببێتە جۆرێک لە هوشیاربوونەوەو پرسیار لە خۆکردن سەبارەت بە ڕۆڵی ڕۆژئاوا دەربارەی کێشەی نوێنەرایەتیکردن و سووربوونی کورد لەسەر مافەکانی. هیوادارم کەسێک وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.
گەشبینیەکەی من لەو لایەنەوەیە کە دەبێت ئیتر خەڵکانی ڕۆژئاوا دەستبەکاربن و بزانن کە کاریگەریان هەیە لەسەر ژیانی میللەتی کورد. لەهەمانکاتیشدا هیوادارم گەشبینی کورد لە شانازیەکانیەوەبێت بۆ سەرفرازبوون.

**هیوا: بەڵام من ماندووبووم لەبەردەم وێنەی تراژیدیاکانم لەبەردەم خۆرئاوادا. چونکە تا ئێستاش وێناکردنی کورد لە عەقڵی خۆرئاوادا تەنها وێناکردنی قوربانیەکە یان جەنگاوەرێکی چەک بەدەست. چیتر کاتی ئەوە نەهاتووە ئێوە خۆتان سەرقاڵی ئەو ڕەهەندانەی تر بکەن کە لەپشتی وێنەکانەوەن.**

**سوزان**: من لە نیازت دڵنیانیم. ئایا تۆ دەڵێیت ئەوە گرنگە یان نا بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا کە وێنەی

«قازی محەمەد» ببینن بە هەڵواسراوی؟!

هیوا: بەڵام خۆرئاوا تەنها وەک وێنەی قوربانیەک دەمانبینێت.

**سۆزان**: من کێشەکە بەم شێوەیە دەبینم. دوو ڕێگا هەیە بۆ باسکردنی ئەم مەسەلەیە؛ هەڵبەت من لە پرسیارەکەت تێدەگەم. بەرگی کتێبەکەم بۆ نموونە «وێنەی پێشمەرگەیەکە». بەڵام من ئەڵێم ئەگەر تۆ ئەو «١٠ هەزار» وێنەیەت ببینیایە کە من دیوومن، کە گەورەترین سەرسوڕمان لەوەدایە بزانە چەندیان وێنەی پێشمەرگەن!؟ نموونەی ئەو وێنانەش کە خەڵکی پیشانیاندەدام هەمووی وێنەی جەنگاوەر و پێشمەرگە بوون، یاخود بەلایکەمەوە زۆربەی زۆریان وێنەی خۆیان بوو بەجلوبەرگی پێشمەرگایەتیەوە، هەموانیش پێش هەر وێنەیەکی تر دەیانوویست ئەو وێنانەم پیشانبدەن.!

ئەمەش وادەکات پرسیاربکەیت؟ کێن ئەوانە، بۆچی تەنها کامیرا بۆ وێنەگرتنی پێشمەرگە لە کوردستاندا بەکاردەهێنن. لەڕاستیدا دەکرێت ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی کورد خۆیی بکەیتەوە.

من لەو باوەڕەدام کێشەی دروستکردنی هاوسەنگی لە کتێبەکەدا لەوەدایە، بۆنموونە تۆ سەیری چەند وێنەی ماڵی «موکریانی و مەحمودەفەنی» بکە کە بەشانازییەوە وەستاون و چۆنیش توشی «پەرچەکرداردەبن» لە پیشاندانی تاکە پێشمەرگەیەکدا. قورسایی مێژوو زۆر مەزنە. کاتێک دێین باسی دووبارەبوونەوەی مێژوو دەکەین، کاتێک کە وێنەی «شێخ سەعیدی پیران» دەبینین بە هەڵواسراوی، پاشانیش وێنەی «قازی محەمەد» دەبینین بە هەڵواسراوی، ئەم دووبارەبوونەوەیە گرنگە بۆ تێگەیشتن، نەک لەبەر ئەوەی کورد قوربانین بەڵکە لەبەرئەوەی ئەمە وەک ڕاستیەک بەسەر سەرکردە کوردەکاندا هاتووە. دەبێت ئەو پەیوەندی و کاریگەرییە ببینین لە ناو دووبارەبوونەوەی مێژووەکاندا. ئەمە جگەلەوەی کە هەندێ لایەنی کلتووری تر هەبوون کە پێمخۆشبوو زیاتر باسیانبکەم، بەڵام من زیاتر پشتئەستوربووم بەو وێنانەی کە خەڵکی خۆیان گرتبونیان و بەهۆی ئەوانەوە چنگمدەکەوتن.

لەوانەیە «حەسەنی قازی» لەیادیبێت کە لێرە پێکەوە وێنەیەکمان بینی، چونکە ئەویش لە ماوەی ئەو دوو سێ هەفتەیەدا کە سەردانی ماڵە کوردەکانمان دەکرد لەگەڵم بوو هەموو شتێکی بینی، لەوانە وێنەیەکی «سولەیمانی موعینی» بوو کە دوای کوژرانی لە نێردیوانێکیان بەستبوو. حەسەن دوای چاپبوونی کتێبەکە ڕەخنەیلێگرتم کە ئەو وێنەیەم دەرهاوێژراوە، تەنها ئەسەفێکی حەسەنیش ئەو وێنە تراژیدییەی «موعینی» بوو کە دەبوولە ناو ئەلبومەکەدابوایە. خۆشم ئەوە بە نوقسانییەک دەزانم کە ئەلبومەکە ئەم وێنەیەی تێدانییە.

ئەزانی کە کتێبێک هەیە دەربارەی کوردستان کە پڕە لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ سەبارەت بە کلتورو ئەنتۆلۆژیای کورد. ئەمە ڕاستیە کە لایەنێکی گرنگی ژیانی کوردەواری دەردەخات، بەڵام من لەو باوەڕەدام ئەمە وەڵامی پرسیارەکەی من ناداتەوە .. ئەنفال بۆ؟

پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئەمە بۆ ڕوویدا، بۆ وێرانکردن و کوشتن و چەوساندنەوەی بەکۆمەڵ ڕویاندا؟! ئەمە بە وێنەیەک وەڵامنادرێتەوە، لە پیشاندانی وێنەی چا خواردنەوەیەکدا یان نانکردنێکدا دەرناکەوێت، تەنها ئەمە بەسنییە.

**هیوا: وەک ڕۆژنامەنووس و فۆتۆهەڵگرێکی دەرەوەی دنیای کوردی پڕۆژەی ئەم ئەلبومەت جێگای ستایشە. بەڵام ئایائەم کارەت هەڵهاتنێک نییە لە کۆمەڵگا پۆستمۆدێرزمەکەی خۆت بۆ دۆزینەوەی لەزەتێکی تر بە خۆفڕێدانت بۆ ناو جەرگەری تراژیدیاکانی کورد. ئایا تۆ چەند ئەو قۆناغە پۆسمۆدێرنیزمەی خۆت بەتاوانبار دەزانیت لەبەردەم بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی تراژیدیاکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی؟**

**سوزان**: نەخێر، سەرنجبدە ئەمەیە کێشەی جیاوازی شێوەی بەکارهێنانی ووشە. من بۆ ماوەی «دە» ساڵ لە ئەمەریکای لاتین ژیام پێش ئەوەی بچم بۆ کوردستان. ئەوەی کە من کردم لەوێ تۆمارکردنی گۆڕانکاریەکان و تەنگژەی ئەو ناوچەیەبوو. من لەو باوەڕەدانیم سەرنجڕاکێشانی من بەرەو کوردستان لەو شێوازی لەزەت وەرگرتنەوەبووبێت بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییە خێڵەکیەکەی.

من لەو باوەڕەدام کە ناونیشانی کتێبەکە دەریدەخات، ناونیشانەکە کوردستانە نەک کورد. ئەم ناونیشانەش بەو شێوەیەی کە من تێیدەگەم هێما بۆ شوێنێک دەکات کە لەوانەیە یان لەوانەنییە بونێکی بەرجەستەیی ناوخۆیی هەبووبێت. گەرواشبێت ئەوا وەکو شوێنێک خەڵکەکەی پەیوەندیەکی سۆزداریان لەگەڵیدا هەیە. یان کێن ئەوانەی سەر بەو ناوچەیەن. بۆ نموونە ئەو سەدهەزار کوردەی لە ئیسرائیل کە خۆیان دەناسێن لە کوردستانەوە هاتوون بەشێوەیەکی گشتی ئەمە بۆ من گرنگە وەک چۆن ئەو کوردانەی سوید دەبینم کە هێشتا هەندێکیان .... تەنانەت یەکێکیان سەرۆک خێڵە و تا ئێستاش سەرۆکی خێڵەکەیەتی لە کوردستانی تورکیا، بەڵام لە سوید دەژی.
تێگەیشتن لە ئاڵۆزی پێناسەی کوردبوون، تەنانەت هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لێی تا ئێستا نەزانراوە. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پەیوەندی نێوان «شوناس و ئینتما» لەسەر میللەتی

کورد ئەمە پڕۆژەکەی من بوو. من لەو باوەڕەشدانیم کە ڕەگەزەکانی «پۆسمۆدێرنیزم» لە هونەردا تەحەدای پرسیاری تۆمارکردن بکەن.

**هیوا: بۆئەوەی لەو واقورمانە دەرتبێنم، نموونەیەکت بۆ باسدەکەم. هەفتەی پێشوو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (ئۆلبرایت) کاتێک لە دانیشتنێکدا قسەیدەکرد، وێنەیەکی عومەری خاوەر «کە سمبولی هەڵەبجەیە» لە پشتیەوە هەڵواسرابوو. ئاوڕی دایەوەو ووتی: سەیری ئەو «ئافرەتە»!! بکەن کە ئەو منداڵەی لە باوەشدایە، ئەمە وێنەیەکی تراژیدیاکانی سەدام حوسێنە کە بەسەر کورددا هێناوە. ئایا ئەم هەڵوێستە سەرپێیانە و کردنی تراژیدیای کوردی بەهۆکاری درێژەپێدانی سیاسەتی ئەمەریکی لە ناوچەکەدا جێی شورەیی نییە؟**

**سوزان**: بێگومان من لەگەڵتام. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تراژیدیاکان نابێت نەزانرێن. جیاوازیەکەش لەوەدایە کە ئێمە لەکوێ دەژین، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر ئاشکرایە.
من لەوباوەڕەدام کە کێشەی کورد لە ڕۆژئاوادا ئەوەیە کە تائێستا نەناسراوە. بەشێک لەو خورپەیەی کە توشمهات لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارەمدا ئەوەبوو چەندن ئەوانەی کە تا ئێستا لەسەر کورد نووسیویانە؟ بەڵام لەوەناچێت ئەمە هیچ کاریگەرییەکی هەبێ لەسەر تێگەیشتنی گشتی و ئاگاداربوون لە مەسەلەی کورد. چەند بوون ئەو ڕۆژئاواییانە، یان ئەو سویدیانەی کە دوێنێ شەو لە ژوورەکەدا بوون « سۆزان مەبەستی ئەو چالاکییانەیە کە بەناوی هەفتەی کوردییەوە لە ستۆکهۆڵم سازکرا». ئێوە بیست هەزار کوردن لە ناو کۆمەڵگەی سویدیدا. ئایا ئێوە ئێستا ڕۆڵێکی کاریگەرتان هەیە لە تێکەڵبووندا لەگەڵ ئەکادیمیەکان و پەرلەمانتارەکان و هەروەها لەگەڵ ئەو «١٢» کەسە سویدییەی لە هۆڵەکەدا بوون؟!
لەوانەیە کورد بیست هەزاریشبن لە ئەمەریکا، بەڵام هێندە بەس نییە ساڵی جارێک لە هۆڵێکدا لە «گۆنگرەی نیشتمانیدا» ببینرێن. بۆیە کاریگەری کۆمەڵگاکەتان لە ئەمەریکا حسابی بۆناکرێت، جگە لەلای هەندێ لێپرسراونەبێت لە واشنتۆن. ئەمە ڕاستییەکە کە دەبێت باسبکرێت. بەڵێ من لەگەڵتام لەوەدا، بگرە شەرمەزارم؛ هیوابڕاوم لەوەی تەنها یەک وێنەی عومەری خاوەری هەڵەبجەیان هێنابێت بۆ سەرنجراکێشان. بەهەمانشێوە ئەو کوردەی کە لەسەر ئۆتۆبانەکە ئاگرلەخۆیبەردەداو دەقیژێنێ بۆ ئەوەی سەیریبکەن.
بەڵام لەو باوەڕەدام کە ئەمە واقیعەکەیە .. لەهەمانکاتدا زەحمەتە بۆ من بە پردێک ئەم دوو کولتوورە بەیەک بگەیەنم.

**هیوا: ئەو فاکتەرانە چین، کە ڕێگرن لەبەردەم پیشاندانی «ئەنفال» لەبەردەم ڕای گشتی جیهانیدا. دەکرێت هەندێ لە هۆکانی نهێنی بەرنامەڕێژی کارەکە خۆبێت؟ یان بەدیوێکی تردا ئەوە کوردە کە خاوەنی قوربانییەکانی ئەم تراژیدیایەیە. دیسان لای حیزبە کوردیەکانیشەوە خەمساردیەکی زۆر هەیە لە لێپێچینەوەو بەدووداگەڕانیان بۆ ئەم مەسەلەیە. ئێوە پێتانوانییە بێدەنگی بەرامبەر ئەنفال کارئاسانییە بۆ دووبارەبوونەوەی ئەم تراژیدیایە؟. بۆ ئێوە لەم ڕووەوە ڕووی دەرەوەی سیاسەتی جیهانیش پیشاننادەن بەتایبەتی ئەمەریکا لەبێدەنگبوونیدا بەرامبەر بە ئەنفال؟**

**سوزان**: من وایتێدەگەم کە لە ڕۆژنامەی ئەمەریکی دا دەنگوباسی باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیا بەرچاوناکەوێت. هەر لەبەر هەمان هۆشە کەباسی ئەنفالەکانی «۸۸ و۸۹»یان نەکردووە. هێزە جیۆپۆلەتیکەکان بەلایانەوە باش نەبوو کە تاوانەکانی سەدام بخەنە بەرچاو، بەتایبەتیش دوای شەڕی عێراق و ئێران. هەورەها بەهۆی بوونی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا و هەروەها بەرژەوەندی تایبەتی ئەمەریکا خۆی بۆ هێشتنەوەی تورکیا وەک هاوپەیمانێکی بەردەوام، ئەمانە هەموو وایانکردووە کە چاو لە ئەنفال بپۆشرێت.
بەڵام لە ڕۆژنامەی ئەمەریکیدا بابەتێکی گرنگ لەلایەن «شۆڕش ڕەسوڵ»ەوە بڵاوبۆوە کەکاتی خۆی زۆر بەوردی دەربارەی ئەنفال بەڵگەنامەکانی تۆمارکردبوو. بەلای منەوە ئەمە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگە. وە شۆڕشیش وەک بەشداربوویەکی کاری لێپێچینەوەی دوکۆمێنتەکاندا پێشوازیلێکرابوو، بەڵام دۆکومێنتەکانیش جێی پرسیارن.
بۆ مەسەلەی لایەنی شێواندنی نوێنەرایەتیکردنیش لەوانەیە ڕۆژئاواییەک کە هیچ نازانێت بۆ کاری لێپێچینەوەقبوڵبکرێت وەک لەوەی کە یەکێک خۆی بەشداری ڕووداوەکانی کردبێ. بەلای منەوە ئەمە لە کتێبەکەدا کلیلی ڕووداوەکانە. هەتا «پیتەر گالبریەت» (Peter Galbraith) یش کە لەگەڵ کۆمیتەیەکدا لە نوێنەرانی «سەنێتی ئەمەریکی» چوو بۆ کوردستان، بایەخێکی گرنگی پێنەدرا.
ئەوەبوو دواتر ڕێکخراوێکی چاودێری مافی مرۆڤ کە خۆشم لەگەڵیان بەشداربووم کەوتە دۆکۆمێتکردنێکی دورودرێژی ئەو ڕووداوانەی کە بەرچاویان کەوتبوو لەسەر ئەنفال. بەڵام هێشتا لە ڕێژەیەکی زۆر کەمی ڕووداوەکان ئاگادارن. سەرەڕای ئەو کتێبە بڵاوکراوانەش هێشتا خەڵکێکی زۆر کەم شتێک لەسەر ئەنفال دەزانن.

**هیوا: بەڵێ من بەشێک لەو کتێبانەم بەرچاوکەوت. بەڵام ئەو چەند «طن»ە دۆکۆمێنتەی کە لە ئەمەریکا هەیە بۆ لێیبێدەنگن و بڵاوناکرێتەوە؟**

**سوزان**: بەڕاستی وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە لە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ وەربگیرێت. چونکە ئەوان هەستاون بەکاری دۆکۆمێنتکردنی ئەنفال، هەروەها کتێبێکیشیان چاپکرد و بڵاویشکرایەوە. بەڵام ئەوان نەیانتوانی کە وڵاتێک پەیدابکەن تا ئامادەبێت لەهێنانەکایەی مەسەلەی جینۆساید لە «هاگ» لە «هۆڵەندا». ئەم کارەش پێویستبوو بکرێت. بەڵام ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ناتوانێت ئەم کارەبکات چونکە ئەوان تەنها ڕێکخراون و پێویستە وڵاتێک کە ئەندامی «مەجلسی ئەمن» بێت بەم کارە هەستێت.
ئەگەربێت و چاو بە مێژووی شەش حەوت ساڵی ڕابردوودا بگێڕین دەبینین ڕووداوەکانی یوگسلافیاو بۆسنیا بایەخێکی یەکجار زۆری پێدرا لە جیهاندا. چونکە مەسەلەی جینۆساید لە بۆسنیا خێرا گەیەندرایە هاگ «لاهای».

**هیوا: تۆ لەوبڕوایەدایت زیندووکردنەوەی دیکۆمێنتەکانی ئەنفال لە ڕۆژی پێویستدا ببێتە هۆکارێک بۆ لێدانی سەدام حسێن لەلایەن ئەمەریکاوە؟**

**سوزان**: گەر ئەمە لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕوویبدایە کارێکی سودبەخش دەبوو. بەڵام باوەڕناکەم ئەمە مەسەلەکەبێ. چەندجارێک باسیان لە کێشەی کورد و سەدام حسێن کردووە. بەڵام لە ڕاستیدا باوەڕناکەم دۆکۆمێنتەکانیان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنابێت.
نازانم ... من ئەم دیمەنە بە گەورەتردەبینم لە سەدام لە کاتی ئێستادا؛ چونکە کێشەی کورد لە سەدام و تەنها وڵاتێک گەورەترە.

**هیوا: چەند ساڵێک لە نیکاراگوا بوویت، چەند سەفەرێکی کوردستانیشت کردووە، جیاوازی کوردستان و نیکاراگوات چۆنبینی؟**

**سوزان**: کوردستان و نیکاراگوا لە زۆر لایەنەوە جیاوازن. پێش هەموشتێک بۆ نزیکەی پەنجا ساڵە تاکە شتێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی ئەوێ ئەو سیستەمە دیکتاتۆرییە بووە کە لە بەرامبەر هەموو چین و توێژەکانیدا پیادەکراوە. ئەوان ئەو جوگرافیا هەڵکەوتووەی کوردستانیان نەبووە، بەڵام لە مێژووی تایەفەگەریدا لایەنی لەیەکچوویان لەگەڵ کوردستاندا هەیە، بوونی بۆچوونی جیاوازیش لەلایەن بزوتنەوەی سیاسییەکانەوە، خاڵێکی لێکچوونی ترە، هەروەها ستراتیژی جیاوازیش هەبوو بۆ چۆنیەتی ڕوخاندنی «سۆمۆزا». ئیدی هەر لە تێگەیشتنی بۆرژوازیانەوە بیگرە تا تێگەیشتنی توندڕەوانە. بێگومان دەتوانین هاوتایی و لێکچوونی ئەو

جۆرە بزوتنەوانەش لە کوردستاندا ببینین. بۆ نموونە کارەساتی کوردەکان بۆردومانەکانی سۆمۆزای هێنایەوەیادم ... بۆمباش نازانێ بەرکوێ دەکەوێت و هیچ جیاوازیەکناکات لە نێوان خەڵکانی سەربەملا یان ئەولا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکەکە کۆببێتەوەو یەکبگرێت. کە لەوانەشە ئەم یەککگرتنە بەوجۆرە بەربڵاوە ڕووینەدایە ئەگەر سۆمۆزا بەوشێوەیە بەرامبەریان نەجوڵایەتەوە.
بەهەمان شێوەش خەڵکێکی زۆر لە کوردستان ڕووبەڕووی هەڵاتنبوونەوە و ژیانی مەنفایان هەڵبژارد، ئەمەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاریگەری خۆی هەبوو.
سەندەنیستاو نیکاراگوایەکان سەرکەوتوبوون و نەدۆڕان، ئەمڕۆش لەبارودۆخێکی باشدان و بوونەتە هێزێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ژیانی سیاسی نیکاراگوادا.

**هیوا: لە سیمیناری دوێنێ ئێوارەدا ئاماژەیەکت بەوەکرد پرۆژەی ئەم ئەلبومە لێرەدا ناوەستێ و زنجیرەی تری بەدواداد‌یت، دەکرێت هەندێ زانیاری تری لەسەر باسبکەیت.**

**سۆزان**: کاتێک کتێبەکە تەواوبوو هەستمکرد ئەمە هەموو ئەوشتانەنین کە پێویستە بووترێن، دەکرێت بابەتەکە لەمە زیاتر بەخۆوەبگرێت و زۆر شت هەیە کە هێشتا باسنەکراون. من نەمویست ئەم کتێبە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بڵێت کە ئەمە مێژووە، لە ڕاستیشدا ئەمە تەنها بەشێکە لەو مێژووەی کە مەبەستمانە.
بۆیە بیرۆکەی (Web Site) ـ وێب سایت ـ لە پێناوی فراوانکردنی دیالۆگدا دەربارەی مێژوو هاتەکایەوە.

هیوادارم بەهۆی ئەوەوە ڕووداوی «شەخسی» زیاترمان دەستکەوێت. ئەو جۆرە (Email) «نامەی ئەلکترۆنی» کە دەنێررێت بۆ «ویب سایت»ـەکە جۆرێکن لە چیرۆکی زۆر تایبەتی ژیانی هەندەران کە دوورە لە پرۆژەی کارکردنی کتێبەکەوە. چونکە کتێبەکە دەربارەی «کوردستان» و ئومێدەکانی ناو کوردستانە لە کاتێکی تایبەتدا. بەڵام «وێب سایتەکە» بۆخۆی فرسەتێکی جیاواز دێنێتەئاراوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەسەرهاتە شەخسییەکان. لەوەش دەچێت من زیاتر سەرقاڵی کاری «وێب سایت»ـەکەبم بەو هیوایەی دیالۆگێکی بەردەوام دروستبێت لەگەڵ هەردوو کۆمەڵگای کوردی و ڕۆژئاوادا. خەڵکی ڕۆژئاواش پێدەچێت زیاتر بابەتی مێژوییان لەلاهەبێت. چونکە تا ئێستا وێنەی مێژویی زۆرچاک هەیە کە کۆمەڵگای کوردی خۆی ئاگاداری نییە، ئەم بابەتانەش خزێنراوەنەتە ناو کۆکراوەی تایبەتی ئەو کەسانەوە. بۆیە هیوادارم ئەمە دەرهەق بە مێژوو، هانی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕکردنێکی بەردەوام بدات .

یەکێک لە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە ئەم کارەی منی بەهێزکردووە ئەوەیە کە ئەمە هەمووی کۆکراوەی مێژوی خەڵکانێکی جیاوازن کە لە بۆچوونە گشتیەکەدا بەشداریانکردووە و توانیویانە ببنە خاوەنی بەشێکی بچوکی ئەم کارە. هیوادارم کە لەم بەشداربونەشدا هەموومان کاربکەین چونکە ئەمە کارێکی زۆر سودبەخشە. وە بە پێچەوانەی لێکۆڵەرەوەکان کە زۆرجار ئەو بابەتانەی کە لایانە هەڵیدەگرن تا کاتی چاپکردنی. زۆر شتی تریش هەن کە لە داهاتوودا چاپدەکرێت ئەمانەش بەشداریکردنێکی کەمی تری ناو کتێبەکەن. ئەوەی گرنگیشە ئەو ڕۆحی بەشداربوونەیە کە پرۆژەکەی کردە پرۆژەیەکی تایبەت.

**هیوا: هیچ هەوڵی ناردنەوەی ئەم ئەلبومەت نەداوە بۆ کوردستان.**

**سۆزان**: بەڵێ؛ بەڵام هەمیشە بە دزییەوە. بەهۆی هەندێ کەسەوە کە بەترسەوە دەیبەنەوە کوردستان. بەڵام دڵنیام کە ئێستا کتێبەکە لە زانکۆی سلێمانی هەیە. هەروەها بە هۆی «سەناتی ئەمەریکی»ـەوە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر درا بەهەندێ لێپرسراوی تورک و بە کۆمیتەی داکۆکیکردن لە کوردە پەرلەمانتارەکان، بەڵام نەیانتوانی بیگەیەننە لەیلا زانا لە زیندان. سەبارەت بە ئێران دڵنیانیم کەس بردبێتیەوە، هەرچەندە ئاگادارم کە چەند کەسێک هەوڵی ئەوەیان داوە بیبەنە ناو ئێرانەوە، بەڵام نازانم تاچەندە سەرکەوتوبوون.

**هیوا: ڕێگەمان دەدەیت بەشێکی بچوکی کتێبەکەت وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری «ڕەهەند»دا بڵاویبکەینەوە.**

سۆزان: ئەمە کێشەیەک نییە، بەڵام هەندێ سەرچاوەی کتێبەکە ڕێپێگیراوە، دەبێت پێمبڵێیت چ بەشێکە، ئەمەش بەهۆی کێشەی یاسایی مافی چاپکردنەوەی کتێبەکەوەیە. بۆ هەندێ سەرچاوەی مێژویی گرفتێکی ئەوتۆنییە، بەڵام بەڵگەنامەی ڕەسمی دەبێتە گرفت. ئەگەر وەرگرتنی هەندێک لە وێنەکان بێت دەتوانین قسەی لێبکەین. چونکە چەند شتێک هەیە دەبێت ڕونیبکەیتەوە. با بڵێین ئەگەر بتەوێت دەقی هەندێک لە «گەشتە ئێستکشافیەکەی» «هینری فیلد» وەرگێڕیت، دەبێ قسە لەگەڵ «مۆزەخانەی فیلد» بکەیت. چونکە هەموو مافی چاپکردن و وەرگێڕانی تەنها بەم کتێبە دراوە، نەک کەسی تر.

**هیوا: دیارە خەڵکانێکی زۆرهەن لێرە لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم چاوەڕوانی بینینی**

سـلایدەکـانی تۆ و گـوێگرتنی لێت دەربارەی شێـوەی کـارکـردنت لەم پڕۆژەیەدا، با من لەوە زیاتر ڕێتلێنەگرم، زۆر سوپاس.

**سۆزان**: من زۆر خـەممە دەربارەی ئـەو گەشـبینی و ڕەشـبـینیـەی کەباسـتکرد. تـەنـها دەمـەوێت شـتێکت بۆ باسـبکەم کە بەلامـەوە گرنگە. ئافرەتێک دەناسم کە ڕێزێکی تایبـەتم هـەیە بۆی و ماوەیەکی زۆریشە لە بواری مافی مرۆڤدا کاردەکات. کاتێک کتێبەکەم دایە «کوردستان لە ژێر سـێـبـەری مـێـژودا»، چەند ڕۆژێک دوای ئەوە تۆمـارێکی لە ئامـێـری تەلەفـونەکـەمـدا بۆ بەجێهێشـتبـووم. کە دەڵێ: کتێبـەکە زۆر دڵی خـۆشـکردم. دڵخـۆشـبـوون ئەمـە ووشـەیەکی زۆر نائاساییە. ئەو بەم کارە دڵی خـۆشبووە، ئەمەش بەلایکەمەوە دانپیانـانە بەو خەباتە بێهودەیەی کە لەو سـەردەمـەدا کورد پێیـهەسـتـاوە. دڵخۆشـی ووشـەیەکی غـەریبـە بەلای منەوە، چونکە من لەکاتی دانانی ئەم کتێبەدا هـەسـتـم بە دڵخۆشـی نەکردووە، بەڵکە من دژی خەفەت جەنگاوم. وە زۆر خـەفـەتبـاریش دەبم کـاتێک بزانم کـتـێبـەکـەم تـەنـها دەربارەی تراژیدیا دەدوێت لەبری ئومێدبەخشـین، بەڕاستی ئەمە خەفەتبارمدەکات.
پرسیارەکانت زۆر چاک بوون. سوپاس.

* زۆر سوپاسی خۆشەویست کاک «حەسـەنی قازی» دەکەم کە سوزان مەیسـێلاس پێناساندم و دەرفەتی یەکتربینینمانی دروستکرد، هەروەها بەشداری ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ کردین و پرسیارەکانی منی بۆ سوزان وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

ناونیشانی کتێبەکەی «سۆزان مەیسێلاس»
KURDISTAN
IN THE SHDAOW OF HISTOTY
By Susan Meiselas
With Chapter Commentaries
By Martin Van Bruinessen.
Illustrtated. 388 pp. New York.
Random House. $ 100
ISBN 0-679-42389-3

بۆ سەردانی کتێبەکە لە تۆڕی ئێنترنێت دا ئەکرێ تەماشای ئەم ناونیشانەی خوارەوە بکرێت:

www.smeiselas @ compuserve. com

www. akakurdistan.com

هەرچ کەسێ خوازیاری بەدەستخستنی ئەم کتێبەی هەیە دەتوانێت بەم ناونیشانەی خوارەوە داوای بکات.

Zagros Media

Odinsjatan 6-8

41103 Jöteborj

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ د. کەمال مەزهەر

## ئامادەکردنی: شیلان ئەحمەد

پێشەکی

دەمێک بوو نووسینەکانی نووسەر و مێژوونوسی کورد، د. کەمال مەزهەر سەرنجی ڕاکێشابووم. هەر لەسەرەتادا کە دەستم بە خوێندنەوەی مێژووی هاوچەرخ کرد بە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی ئەو نووسەرە دەستمپێکرد. زۆرم حەزدەکرد لە نزیکەوە بیبینم و چەند پرسیارێکی ئاڕاستە بکەم بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەی کە لەم هەشت ساڵەی ڕابردوودا لەسەر ڕەوتی نووسین ڕویدا. ئەوەی زیاتر پاڵیپێوەنام ئەم چاوپێکەوتنە سازبکەم دوورکەوتنەوەی مامۆستا کەمال بوو لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد لەناو کوردستاندا. چونکە لەدوای ڕاپەڕینەوە نووسەر هیچ نووسین و بڵاوکراوەیەکی نییە لێرە. ئەو نووسین و بڵاوکراوانەی کە لەلای خۆشیەوە بڵاویدەکاتەوە بەدەگمەن دەگەنە ئێرە وە ئەوەی کە دەشگاتە بەردەستی خوێنەران، خوێنەر ئەو سودەی لێنابینێت. بۆیە هیوادارم بەم کارەم توانیبێتم خوێنەران و ڕۆشنبیران شادبکەمەوە بە بۆچوون و بیروڕاکانی ئێستای نووسەر.

شیلان ئەحمەد

ئەیلولی ١٩٩٨

شیلان: حەزدەکەین سەرەتا باسی ژیانی خۆتمان بۆ بکەی، لەکوێ و کەی لەدایکبوویت، باوکت چ کارە و چەند منداڵی هەبووە...؟

**کەمال مەزهەر**: لە ١٤ی شوباتی «١٩٣٧» لە ئاغجەلەر لە کەرکوک لەدایکبووم، بەڵام لە پێناسەکەمدا لەدایکبووی سلێمانیم. باوکم فەرمانبەر بوو، سێ خوشک و برایەکم هەیە، باوکم کە کۆچی دوایی کرد معاون شورتە بوو لە ساڵی «١٩٥٣» .

شیلان: چۆن مێژووت هەڵبژارد؟

**کەمال مەزهەر**: لە پۆلی دووی ناوەندی بووم مامۆستایەکمان هەبوو ناوی (حمەڕەش)بوو خەڵکی کۆیە بوو مێژووی پێدەوتینەوە، وانەکەی زۆر بەلەزەت دەوتەوە زۆر پاراو بوو، ئەو کاتە سەرەتای خۆشەویستیم بوو بۆ مێژوو. بەرلەوەش کە باسی (ئەمین زەکی بەگ) دەکرا وەک مێژوونووس زۆر سەرنجی ڕادەکێشام. ئەوەی ڕاستی بێت مامۆستا ئەمین زەکی بەگ دوورە خزمایەتیەکی هەبوو لەگەڵ دایکما. وە لە پۆلی پێنجی ناوەندی بووم دوو کتێبی مێژووم خوێندەوە هی دوو مێژوونووسی گەورە (د. مجید خدوری) وە (د. زکی صالح) کە ئەوەندەی تر حەزم لە مێژووکرد.

شیلان: باسێکی هەردوو دکتۆراکەت؟

**کەمال مەزهەر**: لەسەرەتادا چومە بەشی مێژووی کۆلێژی پەروەردە کە ئەوسا پێیان دەوت (دار المعلمین العالیة) لە خوێندندا زۆر باش بووم. لە پۆلی یەک لە کۆلێژی پەروەردە هەستمکرد کە دەبێ ڕووبکەمە مێژووی کورد ڕاپۆرتێکی زانستیم نووسی دەربارەی مێژووی کورد. لە پاش شۆڕشی گەلاوێژی «١٩٥٨» بە ساڵێک کۆلێژم تەواوکرد. دوای ئەوە لە ساڵی «١٩٦٠» چوم بۆ شورەوی. حوزەیرانی «١٩٦٣» دکتۆرای یەکەمم وەرگرت، تشرینی دووەمی «١٩٦٩» دکتۆرای دووەمم وەرگرت. دکتۆرای دووەمم لەسەر ناوک واتە (علوم) بوو، لە چەند وولاتێک ئەو بڕوانامەیە هەیە، لە ئینگلتەرا و ئەڵمانیا پێی دەوترێ خوێندنی دوای دکتۆرا. نامەی دکتۆرای دووەمم سێ بەرگە نزیکەی هەزار لاپەڕەیە دەنگێکی باشی دایەوە، چاپەمەنیەکانی سۆڤیەت لەسەریان نووسی وەپاش دە ساڵ کۆڕێکی ڕێزگرتنیان بۆ بەستم لە یەکێتی نووسەرانی عێراق لەوێ باسی ئەوەم کرد کە چۆن لە وولاتی شورەوی ئەوەی دەمویست لەڕووی زانستەوە لەبەردەمما بوو، گەورەترین کتێبخانە و سەرچاوەی دەگمەن و مەودای بڵاوکردنەوەی زۆر.

شیلان: سەرچاوەی جیاوازمان هەیە باس لە ڕەچەڵەکی کورد یاخود ئەصڵی کورد دەکەن، جەنابتان ئەصڵی کورد دەگەڕێننەوە بۆ کەی و چۆن پەیدابوون؟

**کەمال مەزهەر**: دەربارەی ڕەگەزی کورد وەک ووتت سەرچاوەی جیاواز و زۆرمان هەیە لە هەموان باشتر ئەمین زەکی بەگ بە شێوازێکی زانستی باسەکەی هەڵسەنگاندوە. شارەزایم لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ نەک لە مێژووی کۆن تەنها وەک ڕوناکبیرێ وەک شارەزایەک ئەوەندە هەیە کە ڕا و بۆچوونەکەی ڕۆژهەڵاتناسی گەورە (مینۆرسکی) دەربارەی ڕەگەزی

کورد کە لە ساڵی «١٩٢٧» لە ئەنسکلۆپیدای ئیسلام بڵاویکردۆتەوە، کە دەڵێ (میدییەکان باپیرە گەورەی کوردن )ئەو ڕایەم لە هەر ڕایەکی تر بەلاوە پەسەندترە، بەڵام نابێ ئەوەش لەیادبکەین کە بەر لە هاتنی میدیەکان بە هەزار ساڵ گەل و نەتەوەی تر لەناو خاکی کوردستاندا ژیاون وەک بوتیەکان و لۆلۆ و کاشیەکان و خوریەکان و... هتد کە هەڵبەت ئەوانەش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێت لەناو بۆتەی میدیەکاندا توابنەوە و بە هەموویان ئەم گەلی کوردەی ئێستایان دروستکردبێت. تەنانەت ئێستا پێموایە ڕوناکبیری ئەوتۆ هەیە کە ڕەگەزی کورد لە سۆمەریەکان کە کۆنترین دەستەی ناوچەکەن جیاناکەنەوە. هەرچۆن بێت ڕوناکبیری کورد هەقی خۆشیانە کە زۆر بایەخدەدەن بە ڕەگەزی کورد یان با بڵێین بە ڕابردووی نەتەوەکەیان ئەمە لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام گریمان کە مێژووی ڕابردووی کورد زۆر دێرین نییە یان با بڵێین دەوری ژیاری یان شارستانێتیان زۆر دیارنییە وەک نەتەوەپەرستانی گەلانی تر دەڵێن. بەڵام ڕاستیەک لەئارادایە کە ئیمڕۆ لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتەوەیەکی گەورەی «٣٠» ملیۆنی هەیە کە مافی ژیان و سەرفرازیان هەیە جا با ڕابردووی هەرچۆنێک بووبێت هەرچەندە لەڕاستیدا گەلی کورد خاوەنی ڕابردوویەکی پڕ لە شانازیشە.

**شیلان: نووسینەکانت هەمووی لەسەر مێژووی نوێیە وەک خۆت ووتت شارەزایت زیاتر لە مێژووی نوێدا هەیە بەڵام ئایا هەوڵتنەداوە نووسینت هەبێ لەسەر مێژووی کۆن؟ هەستدەکەم لەسەر ئەمارەتی بابان مێژوونووسمان کەمە کە لێکۆڵینەوەیان کردبێت، جەنابتان هیچ نووسینێکتان هەیە لەسەری؟**

**کەمال مەزهەر**: مێژوو دەریایەکی ئێجگار بەرفراوانە هەر کەسە دەتوانێت بە چەمکێکی ئەو مێژووەوە خەریکبێت. جاران کارێکی وا دەلوا کە بەسەرجەم و سەرانسەری هەموو ڕوداوەکانی ئەو مێژووە لە دێرزەمانەوە خەریکببیت بەڵام ئێستا ئەو کارە لەوێزەی کەسدا نییە. من بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا فریانەکەوتوم لە بەشێکی کەمی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد زیاتر بکۆڵمەوە. ئێستا بەچاوی خۆت کتێبخانەکەم دەبینی کە بریتیە لە هەزاران کتێب و سەرچاوەی هەمەجۆر کە بەشێکی زۆریان دەربارەی مێژووی کوردن و شتی زۆر دەگمەنیان تێدایە کە هەموویان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیە سەربارەی ئەو کتێبانەی دەیبینیت هەزارەها بەڵگەنامەی دبلۆماسی و شتی تری نهێنیم هەیە کە بەشی هەرە زۆریان دەربارەی کوردن وە بەشێکی زۆر لەو بەڵگەنامانە هی ئینگلیزەکانن بایەخی ئەو جۆرە بەڵگەنامانە بێئەندازەیە. جا من خەو بەو ڕۆژەوە دەبینم کە تیایدا فریابکەوم لەڕێگەی ئەو بەڵگەنامانەوە لە چەند لاپەڕەیەکی تری مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد بکۆڵمەوە.

لە نووسینێکی خۆمدا ووتومە وێنەی ڕاستەقینەی ڕابەرانی کوردی وەک بەدرخانیەکان و شێخ سەعیدی پیران و شێخی بەردەقارەمان و قازی موکریان و ڕابەرانی بارزان و ئەوانی تر وان لە دووتۆی ئەو بەڵگەنامانەدا ئەوەندە هەی دەتوانم بڵێم وەک مێژوونووسێک شانازی بە خەباتی نەتەوەکەمەوە دەکەم هەرچەندە ئەو خەباتەش بێ کەموکورتی و بێ هەڵە نییە، بەڵام ئەگەر ئەو خەباتە سەختە نەبووایە دەمێک بوو نەتەوەی کورد ببوو بە بەشێک لە ڕابردوو، من لەو قوژبنەوە سەیری مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد دەکەم ئەگینا سەرەتا لە هەر لایەنێکی تر زیاتر حەزم لە توێژینەوەی مێژووی کۆنی کورد دەکرد، تەنانەت بەشێک لە ووتارەکانی زووم بۆ ئەو لایەنەی مێژووی کورد تەرخانکراوە، کە چوم بۆ ووڵاتی شورەوی نیازم وابوو لەسەر مێژووی کۆنی کورد بنووسم بەڵام لەوێ خوالێخۆشبوان د. ڕەحیمی قازی و د. عەلی گەلاوێژ قەناعەتیان پێکردم کە بۆ ئیمڕۆی نەتەوەی کورد هەوڵبدەم.
لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی توانا بایەخم بە مێژووی بابانەکان داوە هەر سەرچاوەیەک دەربارەی مێژووی بابانەکان بێت هەوڵمداوە وەدەستیبهێنم.

شیلان: لە ڕابردوودا بە تەئسیری ئایدۆلۆژیا هێندێک بابەتی مێژوویت ساغکردۆتەوە وەک شۆڕشی بیست و ژیانی کوردی سۆڤیەت و بەشداری کورد لە کوشتاری ئەرمەندا. ئایا بەپێویستی نازانی ئێستا پیایاندا بچیتەوە و دەستکاریان بکەیت؟

**کەمال مەزهەر**: من شانازی بە نووسینەکانی خۆمەوە دەکەم هەمیشە هەوڵمداوە چەند بتوانم بێلایەنانە لە ڕوداوەکان بکۆڵمەوەو تەتەڵەیان بکەم، چونکە لەو باوەڕەدام بەو جۆرە دەتوانم خزمەتی گەلی کورد بکەم وابزانم هەر ئەو بێلایەنیەیە یان ئەو کیانە زانستیەیە کە کارێکی وایان کردووە نەک تەنها لای کورد بەڵکو لای غەیرە کوردیش مەقبوولبم، ڕەنگە ئاگاداربی کە ژمارەیەک لە بەرهەمەکانم کراون بە ئینگلیزی و فەرەنسی و فارسی و تورکی، تەنانەت بەرهەمی واشم هەیە کە لە دەرەوە بە پیتی لاتینی دیسان چاپکراونەتەوە وەک ئەو کتێبەم کە ناوی «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد»ە. وە زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەی کە ئەیدۆزمەوە بۆچوونەکانی ڕابردووم زیاتر دەچەسپێنن لەبەرئەوە لە هیچ نووسینێکم پەشیمانیم هەڵبەت بە پێی یاسای زانست نووسینی ئەمڕۆ لە نووسینی دوێنێ باشترە بۆیە ئەگەر بە بەرهەمێکمدا بچمەوە دوورنییە دەوڵەمەندتری بکەم، وە زۆر بەداخەوە مەودای ژیان زۆر کورتە هیچ نووسەرێک باوەڕناکەم هەموو ئەو شتانەی لە مێشکیاندایە یان پڕۆژەیان بۆ داناون فریابکەون بیان نووسنەوە.

شیلان: هەستناکەیت کە پەلە لە نووسینەکانتا هەیە؟

**کەمال مەزهەر**: بڕیاری ئەوە بۆ من نیە بۆ خوێنەرانە، هەمیشە هەوڵئەدەم نووسینەکانم لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوبن، لەوەتەی بووم بە قوتابی لە کۆلۆژی پەروەردە زۆربەی کاتم لە ناو کتێبدا بردۆتەسەر ئێستاش ڕۆژنیە بەر لە مەلابانگدان هەڵنەستم و دەستنەکەم بەکار. من ئەزانم زۆرکەس پەلە ئەکەن لەوەشا گلەییان لێناکرێ بەڵام من سەروەت و سامانێکی ئەوەندە زۆرم لەبەر دەستایە کە تاڕادەیەکی زۆر یارمەتیمئەدەن بەرهەمەکانم کامڵبن لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حوکمە هەر هی خوێنەرانە.

شیلان: تۆ زۆربەی کاتت بۆ مێژووی عێراق تەرخانکردووە بەردەوام سەرپەرشتی قوتابیانی خوێندنی باڵا دەکەی، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەتەواوی خۆت بۆ مێژووی کورد تەرخانبکەیت کە کەم کەس ئیشی تێدا دەکەن؟

**کەمال مەزهەر**: مێژووی کورد لەسەروو هەموو شتێکەوەیە بەڵام سروشتی کارەکەم کارێکی ئەوتۆی کردووە کە زۆربەی قوتابیەکانم خەریکی مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست بوون وەک مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێران و عێراق، هەمیشە ئاواتم ئەوەبووە کە دەرس بە قوتابیانی کورد بڵێمەوە، بەداخەوە دەرفەتی تەواوی ئەوەم بۆ هەڵنەکەوتووە کە لە هەندەران لە ساڵی ١٩٧٠گەڕامەوە تەنها یەک ساڵ ڕێگەم پێدرا لە بەشی کوردی کۆلیژی ئاداب دەرس بڵێمەوە، یەکێ لە قوتابیەکانم د. شوکریە ڕەسوڵ بوو دەتوانی لەو بپرسی کە ئەو قوتابیانە چەند بە پەرۆشبوون کە لە پۆلی چواریش هەر من مێژوویان پێبڵێمەوە.

شیلان: کتێبەکانی «قضایا دولیه فی شرق الاوسط و الطبقه العامله العراقیه و تاریخ ایران الحدیث و المعاصر و ثورة العشرین» ئەمانە پەیوەندییەکی وایان بە مێژووی کوردەوە نییە وە کاتێکی زۆریان بردوی، بۆچی؟

**کەمال مەزهەر**: خۆی شتێکی زۆر باشە گەر مێژوونووس بتوانێ لە چەند دەرگایەک بدات لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمداوە بەپێی توانا کە ئەو بابەتانەی دەربارەی کورد نین جێگە بۆ مێژووی کورد بکەمەوە تیایاندا، بەشێ لەو بەرهەمانەم وەک دەرس وتۆتەوە کە شتەکە کامڵبووە و بە پێویستم زانیوە نەفەوتێ بڵاومکردونەتەوە؛ سەرباری ئەوە من گەر بە ووردی دەربارەی

مکیاڤیلی بنووسم یان دەربارەی سیاسەتی وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبەتە بەوجۆرە سەرنجی خوێنەرانی کوردیش ڕادەکێشم هەر لەبەر ئەوەشە بەشێ لەو کتێبە عەرەبیانەی نووسیومن کراون بە کوردی، دوانیان کاک فوادی مەجید میسری کردونی بە کوردی «چینی کرێکارانی عێراق و رینیسانس» هەروەها چیرۆکنووسی بەناوبانگ کاک حسێن عارف ئەو کتێبەی کە لەسەر مکیاڤیلی نووسیبووم کردویەتی بە کوردی. خۆزگە هەموو ڕووەکانی ژیان وەها لەباربوایە بۆم کە بمتوانیایە سەرجەمی نووسینەکانم بۆ مێژووی کورد تەرخانبکەم، تۆ نابێت ئەوەت لەبیربچێت من مامۆستای زانکۆم وە لە زانکۆدا مەودای لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی کورد یەجگار تەسکە بە پێچەوانەی ئەدەب و زمان کە بەشی تایبەتیان بۆ تەرخانکراوە.

**شیلان: لە مێژە دەنگ هەیە کتێب لەسەر سمکۆ و کوردستان لە نێوان یەکەم و دووەم جەنگی جیهانیدا بلآوبکەیتەوە، بۆچی بلآویان ناکەیتەوە؟**

**کەمال مەزهەر**: گەلێ بەڵگەنامەی بایەخدارو ونم دەربارەی سمکۆی شکاک دۆزیوەتەوە، هەر بۆ وێنە لەم ڕۆژانەدا نامەیەکی دەگمەنی سمکۆم دۆزیەوە کە بۆ بابەکر ئاغای پشدەری نووسیوە، لەبەرئەوە یەکێ لە پرۆژەکانم دانانی کتێبێکی گەورەیە لەسەر سمکۆ ئەگەر تەمەن و ژیان دەرفەت بدەن.

**شیلان: بەم دواییە بەڵگەنامەی ئینگلیزیت دەستنەکەوتووە؟ وە ئایا ئیشیان لەسەر ئەکەیت؟**

**کەمال مەزهەر**: بە هەزاران بەڵگەنامەی بەریتانیم هەیە یەک لەیەک بەکەڵکترن، پڕن لە زانیاری دەگمەن و بایەخدار هەر دەربارەی بزوتنەوەکانی شێخ مەحمود یان سمکۆ بەسەدان بەڵگەنامەی بەریتانی هەیە، ئەو بەڵگەنامانە سامانێکی کەمهاوتان، هەندێ مێژوونووس پێیان وایە کە مێژووی ڕاستەقینە ئەو مێژووەیە کە پشت بە بەڵگەنامە دەبەستێ، من بەردەوام خەریکی ئەو بەڵگەنامانەم لە ڕێکخستنیان، لێکۆڵینەوەیان، تەرجەمەی بەشێکی زۆریان هەروا کارێکی ئاسان نییە. وە وێنەی ڕاستەقینەی زۆر لە نیشتمان پەروەرانی کورد وان لەو بەڵگەنامانەدا بۆ نمونە (ڤیڤیان هۆلد) کە سکرتێری نوێنەری بالآی بەریتانیا بوو لە عێراق لە ساڵی ١٩٣١ ڕاپۆرتێکی هێند نازداری دەربارەی شێخ مەحمود نووسیوە کە هیچ کوردێکی دڵسۆز نەیتوانیوە تا ئێستا شتێکی وا نازدار بنووسێ، ئەوە چەند ساڵێکە پێوەم کە

بڵاویبکەمەوە، بەڵام بەداخەوە سەرقاڵی دەرفەتی ئەو کارەی نەداوم، یان وێنەی سەید ئەحمەدی خانەقا و ڕەشید جەودەت و مەحمود جەودەت و سمایل بەگی ڕەواندزی و سمایل حەقی شاوەیس و تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حلمی و مەلا فەنی هەولێر و مەلای گەورەی کۆیەو گەلێکی تر لەو بەڵگەنامانە جێگەی شیاویان هەیە کە وامان لێدەکەن ئەو زاتانە زیاتر بناسین. نمونەیەکی سەیرت پێبڵێم ئەویش دەربارەی دیوانی «حەمدی»یە کە ماوەیەک لەمەوبەر لە فایلەکانی وەزارەتی کاروباری ناوخۆدا دۆزیومەتەوە کە بە دووردرێژی باسی ئەو شاعیرە گەورەیەمان دەکات کە چۆن لە کۆتایی بیستەکاندا یان لە سەرەتای سیەکاندا مەلا نەجمەدینی بەناوبانگ هەوڵی داوە چاپیبکات بەڵام ڕێگەی پێنەدراوە لەبەر ئەو سۆزی کوردایەتییەی کە لە شیعرەکانیدا هەیە، تەنانەت بەشێک لەو دێڕە شیعرانە لەناو فایلەکەدا کراون بە عەرەبی، باوەڕناکەم کەسێک لە شارەزایانمان ئاگاداری ئەو ڕاستیەبن. وە هەر لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا دەست و خەتی پیرۆزی ڕابەران و ڕوناکبیرانی کوردم دەستکەوتووە، ماوەیەک لەمەوبەر ئەو داخوازیەم دۆزیوەتەوە کە لەناوەندی بیستەکاندا ڕۆژنامەنووس و مێژوونوسی بەناوبانگ حسێن حوزنی موکریانی بەدەست و خەتی خۆی پێشکەشیکردووە.

**شیلان: بۆچی بایەخت بە بیرەوەری بەساڵچووەکان نەداوە وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی، لە کاتێکدا کورد بەشی هەرە زۆری بەڵگەنامەکانی خۆی لەدەستداون؟**

**کەمال مەزهەر**: زۆرم بایەخ داوە بە بیرەوەی، ئەوانەی تۆ پێیان دەڵێیت بەساڵاچووەکان. ساڵی ١٩٧٠ هەر کە گەڕامەوە یەکسەر دەستمکرد بە تۆمارکردنی بەشێک لە بیرەوەریەکانی سمایل حەقی شاوەیس و فواد مەستی و بەشێکیشم لە بیرەوەریەکانی ئیحسان نوری پاشا تۆمارکرد، سەربارى ئەوە گەلێک بە بیرەوەریەکانی لیوای خانەنشین «فواد عارف»ـە وە خەریکبووم وە بەرگی یەکەمی لەژێر سەرپەرشتی مندا ئامادەکرا، جگەلەوە ئێستا بە بەرگی دووەمی ئەو بیرەوەریانەوە خەریکم کە لە «٧» شریتدا تۆمارمکردوون. ئەمە چەند ساڵێکیشە بە بیرەوەریەکانی ئەحمەد موختار بابانەوە خەریکم کەپێموایە لەم چەندانەدا تەواویاندەکەم و بەرهەمێکی بەنرخ دەبێت بۆ مێژووی هاوچەرخی ڕۆژگاری پاشایی لە عێراق، بەشێک لەو بیرەوەریانەی من ئامادەمکردوون ڕۆژنامەی «الحیاة»ی لەندەنی زۆر بە بایەخەوە دوو ژمارەی خۆیدا بڵاویکردنەوە کە دوو لاپەڕەی گەورەی ئەو دوو ژمارەیەیان پڕکردۆتەوە. بڕوابکە لەوەزیاتر فریاناکەوم، من ئێجگار هەست بە ماندووبوون دەکەم، بەیانی نییە گوێم لە دەنگی مەلای مزگەوتەکانی بەغداد نەبێ، کە خەڵک دەچنە مزگەوت بۆ نوێژ منیش لە کتێبخانەکەی خۆمدا خەریکی نوێژکردنم بە تایبەتی بۆ مێژووی گەلی کورد.

شیلان: چۆن کوردناسانی بیانی هەڵدەسەنگێنی. ڕوس و ئەورووپی بۆچونی کامیان زانستی ترو واقیعی ترە؟

**کەمال مەزهەر**: کتێبێکی «تۆمابوا» کوردناسی فەرەنسی لەم چەندانەدا لە هەولێر بە عەرەبی چاپکراوە پێشەکی ئەو کتێبە من نووسیومە زۆر حەزدەکەم بیخوێنیتەوە چونکە وەڵامی ئەم پرسیارەتی تێدایە. ئێمە زۆر قەرزاری کوردناسانین جا ئەوان ڕوس بن یان ئینگلیز یان ئەڵمانی یان هەر میللەتێکی تر ئەوان خزمەتێکی ئیجگار گەورەی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلی کوردیان کردووە هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەوەشت وەبیردێنمەوە کە لە دوا ژمارەی ڕەنگین وتارێکم لەسەر ئەو فەرهەنگە نایابە بڵاوکردۆتەوە کە ئەندازیار «صلاح سعدلله» دایناوە لەوێشدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەخوێنیتەوە.

شیلان: لە کتێبی کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم کاتێ باسی کوشتاری ئەرمەن دەکەیت بەتایبەتی دیوە ڕەشەکەیت سەبارەت بە بەشداری کورد باسکردووە، لەمەشدا هەوڵتداوە ڕای پێشکەوتنخوازی خۆت دەربخەیت، لە کاتێکدا گەلی کوردیش دەوریان لە ڕزگاریکردنی ئەرمەندا هەبووە، بیرەوەریەکانی میجەر نوئیل ئەوانەی کە کراون بە کوردی و هەروەها ئەوانەی کە نەشکراون چەندین نموونەی لەسەر دەوری پیاوانەی کورد تێدایە؟

**کەمال مەزهەر**: لە ڕاستیدا مێژووی کورد بەهۆی کوشتاری ئەرمەن لە ڕۆژئاوادا زۆر شێوێندرابوو، من لەو بەشەی کتێبەکەی خۆمدا هەوڵمداوە بەپێی توانا هەموو ڕاستیەکان نیشانبدەم، ئێستاش بیرمە یەکێ لە مامۆستاکانم هاتەسەرم زۆر بە تورەیی لێی پرسیم: کەمال ڕاستە تۆ نووسیوتە کە کورد ئەرمەنیان کوشتووە؟ لە وەڵامدا پێموت: بەڵێ مامۆستا ڕاستە چونکە کورد ئەرمەنیان کوشتووە بەڵام وادیارە جەنابت کتێبەکەمت نەخوێندۆتەوە چەند خۆشدەبوو بە هەستێکی زانستیانە وەڵامی ئەو بەشەی کتێبەکەمت بدایەتەوە. من لەو بەشە بە دروستی ووتومە کە کورد داردەستێکی بێتوانابوو بەدەست تورکە شۆڤێنیەکانەوە، وە هەر لەوبەشەی کتێبەکەم بە دوورودرێژی باسی ئەوەم کردووە کە چۆن کورد هەمان کات داڵدەی گەلی ئەرمەنیان داوە، کێشەی خوێندەوارە هەست ناسکەکانمان ئەوەیە دەیانەوێ هەر بە شانوباهوی گەلی کورددا هەڵبدەن لە کاتێکدا کوردیش وەک هەموو گەلانی تری گێتی کەوتۆتە هەڵەوە، وە نابێ مێژونوس چاو لەو هەڵانە بپۆشێ تا یاریدەبدرێ بۆ دووپاتبوونەوەی؛ ئەوەی بۆ من شانازییە کە ئەو بەشەی کتێبەکەم بوو بە باسی نامەیەکی ماجستێری سەربەخۆ لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی.

**شیلان: ئایا ئەو هەڵانەی کورد لە مێژوودا تۆماریکردوون بەڕای جەنابتان دووبارە بوونەتەوە گەر دووبارە بوونەتەوە هۆی دووبارە بوونەوەیان چییە؟**

**کەمال مەزهەر**: هەموو هەڵەیەکی مێژووی بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، سەرباری ئەوە سەرنج دەربارەی هەڵە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت لەوانەیە ئەوەی بەلای منەوە هەڵەبێ لەلای یەکێکی تر وانەبێ، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەبێت مەبەستی سیاسی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی مێژوویدا تێکەڵ نەکرێت. لەوانەیە ڕابەرێکی سیاسی ناچاربێت هەنگاوێ یان چەند هەنگاوێ لەبەردەمی نەیار و دوژمندا پاشەکشێ بکات بۆ مەبەستێکی گەورە. هەر بۆ نموونە لینین لەو بڕوایەدابوو کە دەبێ لە ساڵی ١٩١٨ تەنازولێکی گەورە بدات بە ئەڵمانەکان و دەست لە نزیکەی ١٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی وڵاتی شورەوی هەڵبگرێ لە پێناوی پاراستنی دەستەڵاتی بەلشەڤیەکان، بە پێی بۆچوونی خۆی سیاسەت بێ مساوەمە نابێت تەنانەت پێغەمبەر گەلێ جار لە پێناوی ئیسلامدا مساوەمەی گەورەی کردوەو چاوی لە کوشتنی حەمزەی مامی پۆشی و دەستی خستە ناو دەستی ئەبوسفیان کە یەکە دوژمنی گەورەی ئیسلام بوو.
گرنگ ئەوەیە سیاسی تاکتیک بگۆڕێ لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بەڵام بە هیچ جۆرێ توخنی خاڵە سەرەکیەکانی ستراتیج نەکەوێت ئەمیان دەبێت نەگۆڕبێت.

**شیلان: بەڕای تۆ کورد لە چ سەردەمێکدا ئەوپەڕی دەستەڵاتی هەبووەو لەدەست خۆی داوە؟**

**کەمال مەزهەر**: کورد لە ڕابردوودا لە سەردەمی کۆندا وە لە سەردەمە ناوەنجیەکاندا هەمیشە دەستەڵاتی خۆی هەبووە، بوونیەکان بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی باشوری عێراقیان کردووە، میدیاکان لەگەڵ بابلیەکان دەستیان تێکەڵکردو ساڵی ٦١٢ ی پێش زاین تەخت و تاراجی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریان تەفروتوناکرد. کورد تا ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمین وەک هەموو گەلانی تر میرنشینی خۆی هەبووە، بەڵام بەختی کورد لە ئاستی جوگرافیادا نەیهێنا. لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە وە لە دوای ئەوەی نەتەوەپەرستانی گەلانی دراوسێی کورد دەستەڵاتیان وەرگرت لەوساوە گلۆڵەی ئەم گەلە کەوتە لێژی، پێموایە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕوسیا بۆ هەمووان خێریدایەوە تەنها بۆ کورد نەبێت، چونکە تەنانەت ئەوانیش ئامادەنەبوون دڵی دەستەڵاتدارانی ئەو گەلانەی کورد لەگەڵیاندا دەژیان لە خۆیان بڕەنجێنن. بەداخەوە خەباتی گەلان تابێت سەختتر دەبێت بۆیە هیچ گەلێک بێ دەستی

یاریدەو پشتگیری نەگەشتۆتە ئەنجام، جاری وا هەبووە ڕاپەڕینێکی گەورەی کورد ناوچەیەکی بەرفراوانی هەژاندووە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەدەگمەن ڕۆژنامە ئەوروپییەکان ئاوڕیانلێداوەتەوە.

**شیلان: ڕات بەرامبەر ئەو ناودارانەی خیانەتیان تۆمارکردووە لە مێژوودا لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان چییە؟**

**کەمال مەزهەر**: هەڵبەت ئەو کەسەی خیانەت لە مێژووی گەلەکەی دەکات حوکمی ڕای گشتی و مێژوو بەسەریدا ئاشکرایە، لێرەدا سەرگوزشتەیەکی فۆلکلۆری کوردیم وەبیردێتەوە کە لە ڕاستیدا ڕوویداوەو کاتی خۆی کوردەکانی وڵاتی شورەوی بۆیان گێڕامەوە پوختەی ئەو سەرگوزشتەیە ئەوەیە کە دەڵێ: (لە ڕاپەڕینەکانی کوردا دژی عوسمانیەکان کوردێک دەکەوێتە داوی خۆفرۆشییەوە بەڵام هەر زوو شۆڕشگێڕان دەستگیریدەکەن و لە گوندەکەی خۆی دەستدەکەن بە دادگاییکردنی، هەر یەکەی حوکمێکی بۆ پێشنیازدەکات، یەکێ دەڵێ؛ دەبێ هەموو لەشی لە هەنگوین هەڵسوین و لەبەر گەرمای ڕۆژدا بە درەختێکەوە بیبەستینەوە تا ئەوپەڕی ئازار بەدەست مێش و مەگەزەوە بچێژێ. یەکێکی تر دەڵێ؛ با لاقێکی ببەستین بە وڵاخێکەوەو لاقەکەی تری بە وڵاخێکی ترەوە و بەناو گوندەکەدا ڕای کێشین تا هەپرون بەهەپرون دەبێت، بەوجۆرە هەریەکەی جۆرە سزایەکی بۆ پێشنیازدەکات، لەناو هەمووواندا پیرەمێردێک دەڵێ؛ پێشنیازی من ئەوەیە کە هیچی لێنەکەین و بەرەڵایبکەین با بەسەر شۆڕی لەناوماندا بژی بەو مەرجەی ئیتر هیچ کەسێ لە ئێمە مناڵی خۆی بەناوی ئەوەوە نەنێت، واتە ناوەکەی لە نەوەی خۆمان حەرامبکەین ئەوە گەورەترین سزایە).

ئەوەندەش هەیە دەبێت مێژوونوس لە حوکمەکانیدا پەلەنەکات و ووردبین بێت و هەموو لایەنەکان هەڵسەنگێنێ پاشان حوکمی ڕەوای خۆی بدات. ساڵەهای ساڵ فەرەنسییەکان میرابۆیان بە نیشتیمان پەروەر دادەنا و بە پێچەوانەی ئەمیشەوە سەیری تالیرانیان دەکرد، کەچی دوای دەرکەوتنی هەموو بەڵگەنامەکان و ساغبوونەوەیان هەموو بەسەرهاتەکان و وێنەکە ئاوەژووبۆوە میرابۆ لە خانەیەکی نزم و تالیرانیش لە خانەیەکی بەرزدایە. باری میللەتی کوردیش ئێجگار ناسکە لەبەرئەوە دەبێ ئێمە لە حوکمەکانماندا هەموو ئەوو لایەنە قورسانە وەبەرچاوبگرین کە کار دەکەنە سەر ڕەوتی ژیانمان، واتە نابێت لە هەڵسەنگاندنماندا زۆر توندڕەوبین هەروەک چۆن ناشبێت چاو لە خیانەتی کەس بپۆشین. من لەم چەندانەدا وتارێکم دەربارەی موشیری حەمەی سلێمان بڵاوکردەوە لە وتارەکەدا ڕەخنەم

لە خۆم گرتووە چونکە بەوردی لە نامەی دکتۆراکەمدا دەوری ئەو پیاوەم هەڵنەسەنگاندووە ئەو پاشگەزبوونەوەشم لە خۆدانەبووە ئەنجامی دۆزینەوەی چەند بەڵگەنامەیەکی بایەخدار و پێداچوونەوەیەکی وردبوو بە حوکمی ڕابردووی خۆمدا کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە ڕوناکبییرە دڵسۆزەکانی کورد ئەو وتارەی منیان لاپەسەند نەبووە، جا لێرەدا دەمەوێت بڵێم هەموو دڵسۆزێ دەبێت دڵی بەوە خۆشبێت کورد خۆفرۆشێکی کەمتربێت چونکە بەداخەوە لەسەر خایەن و خۆفرۆش پەکماننەکەوتووە.

**شیلان: موشیری حەمەی سلێمان بە بیرەوەری زۆر کەس لەوانە ئەحمەد خواجە و ڕەفیق حیلمی لە شەڕی دەربەندی بازیاندا هاوکاری ئینگلیزی کردووە، دیارە ئەو هۆی سەرەکی شکانی شێخ مەحمەد نەبووە لەو شەڕەدا، خەڵک زیادەڕۆییان کردووە کە بە تاکە هۆی سەرنەکەوتنی شێخیان داناوە بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستیە کەمناکاتەوە کە ئەو خیانەتی لە میللەتەکەی کردووە، ئەو بەڵگەنامانە چین کە وای لێکردی بەرگری لە موشیر بکەیت و ڕەخنە لەخۆت بگریت؟**

**کەمال مەزهەر**: موشیری حەمەی سلێمان خۆفرۆش نەبووە، سەرکردەیەکی مامناوەندی هەمەوەند بووە و وەک زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی تر ڕەفتاریکردووە، بێگومان ئنگلیز هیچ پێویستیەکیان بە موشیر نەبووە تا بتوانن بەسەر شێخ مەحمود زاڵبن، ئەوان بە تۆپ و فڕۆکەو زرێپۆش هاتن، بە پلانی وردی ستراتیجی ڕەفتاریاندەکرد لەبەر ئەوە هێزەکەی شێخ کە بە چەکی کۆن و هەستی کوردایەتی هاتبوونە مەیدان توانی بەرگریبکات ئەوە بۆخۆی شتێکی گەورەیە، بەڵام ئەوە بە تەنها بەسنەبوو بۆ سەرکەوتن بەسەر هێزێکی گەورەی دوژمندا. بەڵگە نامەیەکم دۆزییەوە کە تیایدا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن موشیری حەمەی سلێمان لەگەڵ دەستەیەک سەرداری تردا ساڵی ١٩٣٠داوای مافی کوردیان کردووە ئەمە وایلێکردم عەوداڵی ڕاستیبم بۆ پاکانەکردن لەو پیاوە، تاکە شت کە لەوانەیە ڕەخنەهەڵگربێت ئەوەیە کە موشیری حەمەی سلێمان وەک دەڵێن گوایە ئەو شێخ مەحمودی بە ئنگلیز ناساندووە، بەڵام ئەوەش وانییە چونکە حاکمی گشتی بەریتانی «ولسن» دەڵێ من بە جلوبەرگدا زانیم ئەو پیاوە بریندارەی لای تاشە بەردەکەوە کەوتبوو شێخ مەحمود بوو.

ئێمە دەبێ هەر عەوداڵی ڕاستیبین وە پێویستە بە وردی شت بخوێنینەوە، دەبێ دڵمان بەوە خۆشبێ کە تۆمەتی خۆفرۆشی لە کوردێک دووربخەینەوە، زۆرکەس لە خوێنەوارەکانمان بە قووڵی و بە وردی ئەو وتارەیان نرخاندبوو وەک لیوا ڕکن نەجمەدین نەقشبەندی و د. فواد حەمە ڕەشید دوو وتاری پشتگیریان لەسەر وتارەکەی من بڵاوکردەوە، وە د. ذنون پیریاری کە

لە زانکۆی بەغداد مامۆستایە تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی هەرچەندە جاران دوژمنایەتیەکی زۆر هەبوو لە نێوان هەمەوەند و ئێمەدا بەلام وتارەکەی تۆم زۆر بەدڵبوو چونکە ویژدان حوکمی تیادابوو. موشیری حەمەی سلێمان نە باوکمە نە مامە، نە دیومە نە ئەیناسم بەلام فەرمانی مێژوو وابوو کە دەبێ بەرگری لە ڕاستیەکی وونبکەم.

نمونەیەکی ترت پێدەڵێم: عومەرخانی شکاک کە دایەپاڵ دوژمنانی قازی موحەمەد ڕۆژێک لەگەڵ نووسەری ئەمەریکی قازی دۆگ لاسدا گفتوگۆدەکەن، کابرای ئەمەریکی هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر قازی مەحمود و ژمارەیەکی تر لە ڕابەرە نیشتمان پەروەرەکان، عومەرخانی شکاک خۆی بۆ ناگیرێ و بە توندی بەرپەرچیدەداتەوە، دۆگلاس سەری سوڕدەمێنێ و پێیدەڵێ تۆ لەگەڵ ئێمەی یان لەگەڵ ئەوانی، ئەویش لە وەلامدا پێیدەڵێ قوربان کورد هەر کوردە. ئەمە لە خۆیدا پەندێکی گەورەیە، زروفی کورد ئێجگار سەختە و هەرگیز نابێ ئەوە لەیادبکەین، مامۆستا مەسعود مەحەمەد قسەیەکی زۆر نازداری هەیە دەفەرموێ: «من کوردم لامەقبوڵە تا ڕۆخی خیانەت» واتە هەر پێی لەم دیوەوەبێ ئەو هەر کوردە.

شیلان: خەڵکانی شارەزای زەمانی پاشایەتی بەخراپ باسی بەکر صدقی ناکەن و دەڵێن پرۆژەیەکی بۆ پاشەڕۆژی کورد پێبووەو لەم ڕووەوە گەلێک بەڵگەدەهێننەوە، کەچی تۆ دژی ئەو بیروڕایانەیت بۆچی؟

**کەمال مەزهەر**: بەکر صدقی سەربازێکی لێهاتووبوو، پیاوێکی ئازابووە، نکوڵی لەوەنەکردووە کە کوردە بە پێچەوانەی زۆر کەسی تر بەلام بەکر صدقی هەرگیزاو هەرگیز کوردایەتی نەکردووە بەڵکو چ خۆی و چ بەرقی برای بە حوکمی ئیشەکەیان بەشداریانکردووە لە دامرکاندنەوەی بزوتنەوەی ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد، زۆر سەیرە بەکر صدقی نیازی بووبێ بەهۆی سوپای عێراقەوە دەوڵەت بۆ کورد دابمەزرێنێ، ئەمە کام عەقڵ و کام مەنتق قبووڵیدەکا، ئێمە بە داخەوە لەبەرئەوە مێژوو زوڵمیلێکردووین دەرفەتی ئەوەمان بۆ هەڵنەکەوتووە بۆیە حەیرانی هەموو بەندو باوێکی لەوجۆرە دەبین، هەزار هەزار خۆزگە بەکر صدقی کوردایەتی بکردایە تاوەکو وتارو کتێبم لەسەر بنووسیایە. دووپاتیدەکەمەوە من مێژوونوسم مێژوو بەلامەوە زانستەو لێکدانەوەیە، هەڵسەنگاندنە، ئەنجام دیاریکردنە.

من هەوڵبدەم پاکانە بۆ موشیری حەمەی سلێمان بکەم ئەی ئاخۆ چیم بکردایە ئەگەر بەکر صدقی کوردایەتی بکردایە، لەگەڵ ئەوەشدا لای من بەکر صدقی هەر پیاوێکی گەورەیە و زۆریشم خۆشدەوێ چونکە هیچ کاتێک ئینکاری ئەوەی نەکردووە کە کوردە هەوڵیداوە بەپێی

توانا یاریدەی ئەفسەرە کوردەکان بدات، بەڵام ئەو لە ڕاستیدا عەرەبچێتی دەکرد نەک کوردایەتی من بە چرای ڕۆنگەرچەکەوە بەدووی ئەوانەدا دەگەڕێم کە بەدڵسۆزی کوردایەتیان کردووە.

**شیلان: هۆی تێکچونی بزوتنەوەو شۆڕشەکانی کورد دەگەڕێتەوە بۆچی؟ وەک لەناوچوونی ئەمارەتی بابان/ ڕوخانی کۆماری مهاباد/ تێکچوونی حوکمەتەکەی شێخ مەحمود/ هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول.**

**کەماڵ مەزهەر**: کورد لە کۆڕی خەبات هیچ درێغییەکی نەکردووە ڕۆژنەبووە ئەو گەلە دەستبەرداری سەنگەری خەباتبێت بەڵام بەداخەوە جوگرافیا لەگەڵ کوردا زۆر نەیاربووە، کوردستان لە شوێنێکی سەختی دوور لە دەریا هەڵکەوتووە، وڵاتەکەش هێند خۆش و دڵڕفێن و دەوڵەمەندە کارێکی وای نەکردووە لە ڕابردوودا وەک گەلانی تر بەرەو ناوچەکانی نزیک کوردستان بکشێن چونکە هیچ کاتێ هەستیان بەوە نەکردووە کە پێویستیان بە دەریا و دەرفەتە، ئەمە هۆیەکی سەرەکی سەرنەکەوتنی خەباتی کوردە لە ڕابردوودا. بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا هۆی سەرەکی ئەو سەرنەکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی زلهێزەکانی جیهان و شۆڤێنیەتی دەستە حوکمدارەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، لەوەتەی کورد لە کۆڕی خەباتدایە هیچ کاتێ تەرازوی هێز بەلای ئەودا نەشکاوەتەوە لە ڕابردووشدا کەس لەسەر کورد هەڵینەئەدا ئەگینا لە ڕاستیدا کوردەکە بۆخۆی درێغی نەکردووە، هەڵبەت ڕابەرانی کوردیش کەوتوونەتە هەڵەوە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ناتوانم ئەو جۆرە هەڵانە بەهۆی سەرەکی کەوتنی ڕاپەڕینەکانی کورد دابنێم، هەمیشە باری ئەو ڕابەرانە ئێجگار سەختبووە، ئێمە نابێ بە چاویلکەی ئەمڕۆ لەتەلاری ژیانی خۆمانەوە بڕوانینە خەباتی سەختی ڕابەرانی گەلی کورد. پێش ئەوەی تۆ بێیت بە نووسینی وتارێکەوە خەریکبووم لە وتارەکەمدا باسی نامەیەکی شێخ مەحمودم کردووە کە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٢ یان ١٩٣٣ ناردوێتی بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم ئەو نامەیەک تازە دۆزیوەتەوە، لە دڵی خۆمدا دەموت بریاو هەزارجار دڵی خامەی شێخی بەردەقارەمان بەر لە نووسینی ئەو نامەیە لە لێداندەکەوت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم ئاخۆ چەند کەس بەرگەی ئەو دەردەسەرییەی دەگرت کە لە مایسی ساڵی ١٩٣١ بەسەر شێخ مەحموددا هات دوژمنانی کورد پەتپەتێنیان پێکرد، هەر ڕۆژەی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەیانگواستەوە، سەرەتا لە ئور پاشان لە ناصریە دوای ئەوە لە حلە پاشان لە عانە، لە ڕمادیە تا سەرەنجام هێنایانە بەغداد و بەدەستبەسەری تا مایسی ١٩٤١

مایەوە، هەر لەناو ئەو بەڵگەنامانەی ئەو فایلەی کە سەرگوزشتەی دوورو درێژی ئەو ڕۆژە تاریکانەی شێخ مەحمود دەگێڕنەوە، بەڵگەنامەیەکی تێدایە باسی ئەوە دەکات چۆن بەچکە بێرەوشتەکانی شاری حلە بەهووهاوە دووی شێخ مەحمود کەوتوون کاتێک لەسەر یەکێ لە شەقامەکانی شار دیویانە. دیسان دەیڵێمەوە زۆر ئاسانە من لە کتێبخانەکەی خۆمدا دابنیشم و ئەو مێژووە هەڵسەنگێنم بێئەوەی خۆم لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو دەردو ئازارو بەسەرهاتانەبم کە ئەو ڕابەرانە دیویانە، ئەبێ مێژوونووس یان ڕوناکبیری ووردبین هەمیشە بە ویژدانەوە ڕوداوەکان هەڵسەنگێنێ و هەرگیزنابێت ئەوە لەیادبکا ئاخۆ خۆی دەتوانێت بەرگەی چەند لەو دەردەسەریە بگرێ کە ئەو ڕابەرانە دیویانە.

**شیلان: بەڕای جەنابت بیروڕای ئاینیی تا چ ڕادەیەک کاریکردۆتە سەر بزوتنەوەو شۆڕشەکانی کورد، ئایا بەرەوپێشبردوون یاخود بە پێچەوانەوە کارێکی سلبی هەبووە بۆ سەری؟**

**کەمال مەزهەر**: لەو بارەیەوە وتارێکم بڵاوکردۆتەوە لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق کە بەکوردی دەردەچێ بەناوی ئیسلامی سیاسی ئەو وتارەم لە چوار ژمارەدا بڵاوکردۆتەوە، زۆر حەزدەکەم ئەو وتارەم بخوێنیتەوەو پوختەکەی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە، هەرچۆنێبێت سەرنجی من وەهایە کە کورد بەدڵ بوونەتە موسڵمان وە بەدڵ خزمەتی شارستانێتی ئیسلامیان کردووە هۆی سەرەکی ئەم دەورە بەم جۆرە لێکدەدەمەوە: کە لەسەدەی «٦»ی پێش زاین دەوڵەتی میدیا ڕوخاو کورد دەستەڵاتی لەدەستداو بوونە گەلێکی چەوساوەی ژێردەستی ساسانیەکان کە لەگەڵیاندا زۆر خراپ بوون، موسڵمانەتی هەرچۆنێک بێت جۆرە برایەتی و یەکسانیەکی بۆ هێنان یا بابڵێین دۆخی کورد لە ژێر سایەی ئیسلامدا کەوتە بارێکی باشتر وەک لەوەی ڕۆژگاری ساسانیەکان، لەوانەیە ئەوە ڕەنگێکی زۆر دڵسۆزانەی کورد دابێتەوە بەڵام ئەوەی کە جێیداخە ئەوەیە وای هەستدەکەم ئیسلامیەکانی لای خۆمان کەمتر پەرۆشی مەسەلەی کوردن، بە پێچەوانەی ئیسلامەکانی تورکیا و ئیران و وڵاتە عەرەبەکان کە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئاینی ئیسلام نەتەوەکەی خۆیان بەرزبکەنەوە، دەبێ ئیسلامیەکانی کوردستانیش بەر لەهەرشت بیر لە نەتەوەی کوردو دواڕۆژی نەتەوەی کورد بکەنەوە.

**شیلان: پەیوەندیت بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکەوە کردووە لە ژیانتا؟**

کەمال مەزهەر: سەرەتای ژیانم چەپ ڕەوبووم لەگەڵ کۆمەنستەکاندا ئیشم دەکرد تا چووم بۆ خوێندنی باڵا لە وڵاتی شورەوی لەوساوە بەیەکجاری خۆم بۆ مێژوو تەرخانکرد هەرچەندە

دەزانم ژیان هەمووی سیاسەتە، یەکێکی وەک من ناتوانێ دوورەپەرێزبێت، هەمیشە کوردایەتیمکردووەو کوردایەتیدەکەم چونکە وانەبێت ناتوانم ڕێز لە خۆمبنێم ڕێزی خۆشم بۆ خۆم لەسەرە هەموو ڕێزێکی ترەوەیە.

شیلان: وەک پێشتر ئاماژەتپێدا ماوەیەکی زۆر لە شورەوی بوویت هەردوو دکتۆراکەت لەوێ هێنا، ئایا ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆتایی هەشتاکاندا بەسەر سۆڤیەتدا هات چۆنی دەبینی؟

**کەمال مەزهەر**: ڕوخانی وڵاتی شورەوی ڕوداوێکی ئیجگار گەورەو جەرگبڕە، ئێمە هەموو جاران چاوەڕوانی ئەوەبووین ڕژێمە سەرمایەدارەکان بروخێن، جێگەی داخە ڕژێمێکی سۆشیالیزمی وا گەورە لە پڕ ناوی لە ناو ناواندا نەمێنێ، ئەو مەسەلەیە زۆر قووڵە پێویستی بە لێکدانەوەی فکری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مێژووییە، من تا ئێستا چەند جارێک لە دەزگا ڕوناکبیریەکانەوە داوایان لێکردووم محاضرەی تایبەت لەسەر ئەو مەسەلەیە بڵێمەوە وە پێش سێ ساڵ لەمەوبەر لە عمان لە ئوردن داوەتی تایبەتی کرام بۆ محاضرەیەکی لەو بابەتە وە من هەندێ بۆچوونی خۆم هەیە لەو محاضرەیە ووتوومە لە ڕاستیدا دەبوو ئەو محاضرەیە لە نامیلکەیەکدا بڵاوبکەمەوە.

شیلان: تا ئێستا بیرەوەریەکانی خۆت نووسیەوەتەوە؟

**کەمال مەزهەر**: بەڵێ دیارە هەرکەسێ دەچێتە پایزی ژیانەوە بیر لەوە دەکاتەوە بیرەوەریەکانی خۆی بنووسێ، نیازمە ئەو بیرەوەریانە بەناونیشانی «لە پەراوێزی کوردایەتی دا» بنووسمەوە جگە لەوە ڕۆژنامەنووسێک هەیە بەناوی «فاروق عومەر» ئەویش دەیەوێ لە ڕێگای پرسیارەوە بیرەوەریەکانم تۆماربکات؟

شیلان: جگە لە نووسین و بڵاکراوەکانت چی تازەت بەدەستەوەیە؟

**کەمال مەزهەر**: دوو کتێبم هەیە ئامادەن بۆ چاپ بەڵام باری چاپ زۆر سەختە و جارێ دامناون، یەکێکیان لەسەر «خەباتی گەلی کورد لە ئێران تا کەوتنی کۆماری مهاباد» کە گەلێک بەڵگەنامەم دەربارەی ئەو مێژووە نووسیوە بۆیە پێموایە جێگەی خۆی بگرێ. سەرباری ئەوە کاتێکی زۆر بە بەڵگەنامە بەرینەکانی ڕۆژگاری پاشای عێراق دەبەمەسەر، شتی زۆر

دەگمەنیان تێدایە ئێستا بە نامەی دکتۆرای قوتابیەکەوە خەریکم کە ناوی «ئیسماعیل»ـە لەسەر شاری هەولێر دەنووسێ، لەبەر ئەو نامەیە گەڕامەوە بۆ بەڵگەنامەکانی خۆم پێش ئەوەی تۆ بێیت لەناو یەکێ لەو بەڵگەنامەیە کە قوتابیانی هەولێر لە ساڵی ١٩٣٠ شانۆ نامەیەکیان پێشکەشکردووە لەسەر صلاح الدینی ئەیوبی کە تیایدا بە شانازییەوە ئەو لایەنانەیان دەرخستووە کە قارەمانێکی بە ڕەگەز کورد بووە وە هەر لەناو ئەو بەڵگەنامانە ڕاستییەکی بایەخدارم دۆزییەوە کە ئەویش ئەوە دەردەخات کە دەستەیەک لە نیشتمان پەروەرانی کوردی هەولێر بەسەرۆکایەتی «عەلی مەحمودی کاکە خانی دزەیی» بە گەرمی لە دوا قۆناغی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود بەشداریانکردووە، یان ئەوەی کاتێک نوێنەری باڵای عێراق «المندوب السامي البريطاني في العراق» لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران «جعفر عسكري» لە مانگی ئابدا چونەتە کەرکوک و هەولێر و سلێمانی وە بە دوورودرێژی وتووێژیانکردووە دەربارەی مەسەلەی کورد، زۆر کەس لەوانە دیویانن پیاوانەو دڵسۆزانە قسەیانکردووە لەوانە سەید ئەحمەدی خانەقا و سمایل بەگی ڕەواندزی و مەعروف چاوک، موحەمەد بەگی جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف. ئێستا من کاتێکی زۆرم بەسەرپەرشتی نامەی ماجستێر و دکتۆرای شاگردەکانمەوە ئەڕوات تا ئێستا دەیان لەو نامانە بەسەرپەرشتی من تەواوبوون وە جێگەی شانازیمە کە «١٠» لەو نامانە تا ئێستا وەک کتێب چاپکراون، دوانیان دەربارەی «نوری سعید» و یەکێکیان دەربارەی «شيخ محمد رضا الشبيبي» کە لە لەندەن چاپکراوە، ژمارەیەکی تریشیان دەربارەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێرانە.

**شیلان: هەوڵت نەداوە لە دوای خۆت یەکێ پێبگەیەنیت کارەکانت تەواوبکات؟**

**کەمال مەزهەر**: لاوکی کوڕم کە ئێستا تەمەنی ٣٧ساڵانە و لە مۆسکۆ دەژی زۆر حەزیدەکرد مێژوو تەواوبکات، زۆر بەداخەوە من واملێکرد کە هەندەسە تەواوبکات پێموایە ئەوە یەکێکە لە هەڵەکانی ژیانم ئەگینا لەو باوەڕەدابووم لاوک مێژوونوسێکی باشی لێدەرچوایە.

**شیلان: چۆن ئەو کتێبە مێژوویانە هەڵدەسەنگێنی کە لەم هەشت ساڵانەی دواییدا دەرچوون وەک کورد و عەجەم، حکومەتی کوردستان هەردوو بەرگەکەی هاوار...؟**

**کەمال مەزهەر**: ئێمە ئیجگار هەژارین لە بەاری مێژوونوسیندا لەبەرئەوە دەرچوونی هەر نامیلکەیەک یان هەر وتارو کتێبێک دەربارەی مێژووی کورد دڵم خۆشدەکات، هەڵبەت

بەرهەمی بێ کـــەمــوکـــورت نیـــیـــە، بەڵام لایەنی چاکی ئەو بەرهەمـــانە زۆر زیاترن لە کەموکورتیەکانیان وە هەڵبەت هەموویان جێگەی شیاوی خۆیان دەگرن لە ناو کتێبخانەی کوردی، خۆزگە لەوەش زیاتر بەرهەمی مێژوویی بڵاودەکرایەوە.

**شیـلان: ئەی ئەم مـێژوونوسـانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ د. جەمـال ڕەشـید، عـبدالرقیب یوسف، موحەمەد ڕەسوڵ هاوار، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی.**

**کەمال مەزهەر**: پێمخۆشە ناوی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بخەیتە سەرەتاوە چونکە شیاوی ئەوەیە، کەسیان لەم بەڕێزانە لە بواری خۆیاندا درێغیاننەکردووە و خزمەتەکانیان بەلای منەوە گەورەیە و بە شانازییەوە لە کتێبی مێژوودا باسی هەمـوو ئەو ناودارانەو ئەوانەی تریشم بەڕێزەوە کردووە گەلی کورد پێویستی بە دەیان مێژوونوسی لێهاتوو هەیە.

**شیلان: پەیوەندی نێوان ڕوناکبیرانی کورد لە بەغداد لە دوای جەنگی کەنداوەوە چۆنە؟**

**کەمال مەزهەر**: ڕوناکبیری دڵسۆزو ڕێکوپێکمان هەیە، بەڵام باری سەختی ژیان کارێکی وایکردووە پەیوەندی لە نێوانیاندا بە ڕادەیەکی پێویست پتەونەبێت لەگەڵ ئەوەشدا زوو زوو دەنگی مەسعود موحەمەد و خەسرەو جاف و موحەمەدی مەلا کەریم و کەسانی تر لە دەزگاکاندا بەرزدەبێتەوە، بەداخەوە ئێمە بەهۆی دواکەوتنمان کەمێک خۆخۆرین، وتارێکم لە هاوکاریدا بڵاوکردۆتەوە بەناوی «دەردەکورد» بریا ئەو وتارەت دەخوێندەوە.

**شیلان: بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە بگەڕێیتەوە بۆ شارەکەی خۆت؟**

**کەمال مەزهەر**: لە ڕاستیدا زۆر حەزدەکەم بەڵام پێمـوایە جارێ لێرە زیاتر دەتوانم خزمەتی مێژووی کورد بکەم.

**شیلان: داهاتووی کورد چۆن دەبینی؟**

**کەمال مەزهەر**: لە تاریکترین ڕۆژدا هەمیشە ڕوناکبین بووم، چونکە بڕوایەکی پتەوم بە گەلەکەم هەیە؛ سەرباری ئەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بەرەوپێش دەڕوات، پێمـوایە گەلەکەمان وەک شاخ و داخی کوردستان خۆی پتەوە بۆیە هەر ماوەو هەر دەمێنێ.